MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

یۆنان هورمز

# بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کورستان دا

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:**

**ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل**

هەولێر – 2008

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کورستان دا**
- نووسینی: یۆنان هورمز
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- پیتچنین: محەمەد مەمەند
- بەرگ: موراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: (2694) ساڵی 2008
- نرخ: (4000) دینار
- چاپی یەکەم : 2008
- تیراژ: 1000 دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب** (342)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێرست


پێرست........................................ 3
سوپاس و پێزانین........................................ 4
ئەم کتێبەم:........................................ 5
پێشەکی........................................ 7
بەرایی........................................ 13
1- یەکەمین جار کە چوومە ناو شۆڕش........................................ 19
2- لە نێو دڵی شۆڕشدا........................................ 43
3- سۆریا........................................ 99
4- دان و ستاندن........................................ 129
5- 11ی ئازاری 1970........................................ 145
6- لە نێوان ((تەئاخی)) و ڕاگەیاندندا........................................ 165
7- سەرەتای زریان........................................ 185
8- هاوینێکی گەرم........................................ 201
9- دەوڵەتێکی بێ ئاڵا........................................ 223
10- هاوڕێم: قەیسەر........................................ 245
11- شێری کوردستان........................................ 257
12- نەورۆزی بێ گوڵ و گوڵزار........................................ 277
13- ساتمەی نیویورک........................................ 293
14- کۆتایی........................................ 311




## سوپاس و پێزانین


لە ناخی دڵەوە سوپاسی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە دەکەم کە لە دەرهێنانی ئەم کتێبە بەم شێوەیە یارمەتییان دام و هانیان دام:

مامۆستای مێژوونوس **جەرجیس فەتحوڵای پارێزەر** بۆ ڕێنوێنییە بەنرخەکانی کە لەو ڕێگایەوە لە ڕەوتی کتێبەکەدا پیت بە پیت و وشە بە وشە هاوەڵم بوو!

مامۆستا **حسێن حەیدەر** هاوڕێی ڕۆژنامەوان و نیگارکێشی بەهرەمەند و برادەری دڵسۆزم بۆ دووبارە خوێندنەوەی کتێبەکە و پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بەکەڵکی خۆی.

مامۆستا **ڕیمون برنو** هاوەڵی منداڵیم و برادەری تاراوگەم، بۆ دووبارە پێداچوونەوەی کتێبەکە و پێشکەشکردنی تێبینی برایانەی...

مامۆستای هاوڕێم **ئەدیب زرا** کە ئەگەر ئەو نەبوایە ئەم کتێبە ڕووناکی نەدەبینی، ئەو کاری پیت و لاپەڕە و بژار و ڕاستکردنەوە و ئامادەکردن و سازدانی بۆ چاپخانە، گرتەئەستۆ و ڕۆژانێك و بگرە چەند هەفتەیەك لە پێناوی ئەوەی بە پەسندترین شێوەدەربچێت شەونخونی لەگەڵدا کێشا.

هەروەها سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە هاوکارییان کردووم جا بە یەك تاکە وشەی هاندان یاخود تێبینیەکی ڕاگوزەریش بێت لەوانەی کە لێرەدا ناویان نەهاتووە. خوای گەورە فەڕی خۆی بە هەمووان ببەخشێ.

## ئەم كتێبەم:

**بۆ:** گیانی بارزانی نەمر کە بە قوربانییەکان و خۆنەویستییەکانی خۆی مەشخەڵی شۆڕشە گەورەکەی تا دوایین هەناسە هەڵگرت و لە پێناوی گەلەکەیدا شەهید بوو.

**بۆ:** هەموو ئەو شەهیدانەی لە پێناوی کوردستاندا مردن.

**بۆ:** شەهیدانی گازی کیمیاوی لە هەڵەبجە و شەهیدانی دەهکان و سۆریا و ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالە دڕندەگەرێتییە قێزەوونەکان.

**بۆ:** هەر فرمێسکێك کە لە چاوانی هەتیوان و بێوەژنانی شەهیدانی کوردستان، هەڵوەریوە.

**بۆ:** ئەوانەی لە پێناوی باوەڕی خۆیاندا چەوسانەوە و بە ناهەق لە نێو بەندیخانەکاندا پرزەیان لێبڕاو چاوەڕێی کەسێك بوون رزگاریان بکا.

**بۆ:** پێشمەرگە شۆڕشگێڕە سەرەتاییەکان هەڵگرانی دار و تفەنگی راوشکار کە هەڵیاندەکوتایە سەر تانك و زرێپۆشان.

**بۆ:** کوردستان بووکی خاوەن ئیمان کە کەوتە بەر دەستی دوژمنان و رەتی کردەوە خۆی بەدەستەوە بدا و شەرەفی خۆی پاراست.

**بۆ:** هەزاران لەوانەی بە بێدەنگی و حیکمەتەوە لە پشت هێڵەکانی دوژمنەوە کاریان کرد.

**بۆ:** هەر کەسێك کە نان و ئاو و پەنای یەك تاکە پێشمەرگەی داوە.

**بۆ:** هەموو ئەوانەی لە ژیاندا ماون و چارەنووسی خۆیان بۆ هەتاهەتایە بە دۆزی کوردەوە بەستۆتەوە.

**بۆ:** ئەوانەی بۆ بێ هەوار و تاراوگەگان دەربەدەر بوون و ئازاری جودایی و غەریبایەتی و دووریی لە کەس و کار و نیشتیمان دەچێژن...

**پێشکەش دەکەم.**

# پێشەکی

شەوێك لەشەوان، زەنگی تەلەفۆنەکەم زرنگایەوە تا ئەتمۆسفیر لە ڕێگەی خۆیەوە دەنگێکم بۆ بگوازێتەوە کە لەگەڵیدا ڕانەهاتبووم. خاوەنی دەنگەکە هەوڵی ئەوەشی نەدا یادگەم تاقی بکاتەوە وەکو هێندێك کەس لەوانەی کە چێژ لەو گاڵتەوگەپە وەردەگرن بۆ تاقی کردنەوەی ئەو توانایەم کە لە ناسینەوەی دەنگی خەڵکدا هەمە، کە لە لایەن خۆمەوە شانازی پێوەدەکەم، و هێندێك جاریش تەنگە تاوکردنم بەو پرسیارە باوەی کە دەڵێ: «دەمناسی؟». پاش ئەوەی تەئکیدی لە خۆم کردەوە دەستپێشکەریی کرد و گوتی:

- «من یونان هورمزم !

بەر لەوەی هەڵچوونم ئاشکرا ببێ بەسەر خۆمدا زاڵبووم و وەڵامیم دایەوە:

- ئەگەر تۆ ئەو یۆنانە بی کە من دەیناسم ئەوا وێنەکەت، کە لەسەر دیوارەکە هەڵواسراوە دوومەتر زیاتر لێمەوە دوورنییە.

من ئاماژەم بۆ ئەو وێنە فوتوگرافیە دەکرد کە زۆر شانازیم پێوە دەکرد و ماوەیەکی زۆرە هەڵمگرتووە، لە وێنەکەدا بارزانی لەسەر بەردێك دانیشتووە و پاسەوانەکانی دەورەیان داوە و خودی ئەم «یونان هورمز ەش، کە یەکێك لە وەرگێڕەکانی دەزگای شۆڕشی کورد بوو، لەبەردەمیەتی. ئەم وێنەیە چەند ڕۆژێك بوو لە لایەن ئەو بڵاوکەرەوەیەوە بۆم هاتبۆوە کە وای بە پەسند دەزانی بیخاتە پاڵ ئەو کۆمەڵە وێنەیەی ناو کتێبەکەی دوایی«زیارة اللماضی القریب» سەرەڕای هاتنی ناوی «یونان» لەناو کتێبەکەدا.

یەکێك لە هەڵاوردنەکانی زەمانە و ڕێککەوتە سەیرەکانی پاش ساڵی 1975 - ساڵی دادانەوەی پەردە بەسەر بەشێکی ئازاراوی لە بەشەکانی شۆڕشی کورد لە عێراق- لە یەکتری جیابووینەوە. لە ئێران —سەر زەوینی تاراوگەمان، پاش ساڵ و نیوێك نامەیەکی کورتی ئەوم پێگەیشت کە لە نامەکەوە زانیم گەیشتۆتە وڵاتە یەکگرتووەکان و بێ کۆڵ دان و بێ هەدادان کاردەکا و دەخوێنێ.



وەڵامی نامەکەیم دایەوە. بەڵام ئەو درێژەی پێنەدا و بەردەوام نەبوو. دووبارە پەیوەندیمان پچڕایەوە.

ئا ئەوەتا ئێستاکە دەنگی ئەو، دەریا و ئۆقیانووسان دەبڕێ و دەگاتەوە بەرگوێم، دەبوایە من، پاش ڕەوینەوەی حەپەسان و غافڵگیر بوون، لێی بپرسم چۆن توانیویەتی جێگاکەم و ژمارە تەلەفۆنەکەم بزانێ؟

گوتی: کتێبی «مهد البشرية» کە لێرە دووبارە چاپکرایەوە سەرنجی ڕاکێشام. ئەوە بوو پەیوەندیم بە بڵاوکەرەوەی کتێبەکەوە کرد و ژمارە تەلەفۆنەکەتم لەو وەرگرت.

ئەمە سەرەتایەکی نوێی پەیوەندییەکی دڵسۆزانە بوو کە لەسەر خاکی خوێناوی کوردستان لە ساڵی 1969 کاتێك کە نووسەری ئەم بیرەوەییانە هاتە ناو شۆڕشەوە، دامەزرابوو. ئەو لە پێشاندا لە ڕۆژنامەی «التاخی ، لە کاتێکدا کە هاوڕێی لە دەستچوو ساڵح یوسفی یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بوو، لە دواییدا لە پاش ڕێککەوتنی یازدەی ئازار لەسەردەمی سەرۆکایەتی مندا، لە دوایشدا لە سەردەمی کۆچکردوو دارا تۆفیقدا، یەکێك لە نووسەرانی ڕۆژنامەکە بوو.

لە بارەگای شۆڕشدا ئەو یەکێك بوو لە دڵسۆزان و سەردانیکەرانی هەمیشەیم. زۆری دەخوێندەوە، زانستی بەرفراوانی هەبوو، جیدی بوو، ماندوونەناس و دڵاوابوو.

بەوەی کە دنیا ڕووی لێناوە و هەروەکو هەموو بنەجێ بووانی ڕۆژئاوا لە ژیانێکی بەرز و دەوڵەمەندیدا گیرساوەتەوە، دڵشادی کردم. بەڵام ئەمە هێندەی ئەوە دڵشادی نەکردم کە پێی گوتم ئێستا سەرقاڵی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆمم لەبارەی شۆڕشی کوردەوە. ستایشی ئەو گیانەیم کرد کە ئاگری سووربوون لەسەر بیروباوەڕ تێیداخامۆش نەبۆتەوە، ماڵی دنیا و هەوڵدان لە پێناوی ساماندا لە بەدوادا چوونی پرسی فیکریی، بەشداربوونی ویژدانیی لە چارەنووسی نیشتیمانی باب و باپیراندا، لاڕێی نەکردووە.

گەرچی پێویستی پێ نەبوو، بەڵام هانم دەدا و ورەم بەبەردا دەکرد.

داوای ئامۆژگاری لێکردم. هەر بە نەریتی خۆم لەگەڵ هەر کەسێکدا کە داوای ئامۆژگاریم لێدەکا، من نەمدایە بەڵام ئەمەی خوارەوەم پێشنیارکرد:

گوتم: هەرچی بەبیرتدا دێ و هەرچی لە نێو دەروونتدا جۆش دەخوا بینووسە و پێنووسەکەت باخوو بەمەوە بگرێ و لەوە مەترسە گوزارشتێك بەسەرتدا تێپەڕێ یان سەرسامیی تێیدا داتبگرێت چونکە بۆ تۆ ئەوە باشترە کە خاوەنی یەك چاو بیت و لە وڵاتی نابینایاندا پاشا بیت وەك لەوەی چاوساغ بیت و لە دەوڵەتی چاوساغاندا بژیت!

بە سروشتی حاڵ بیرم بۆ ئەوە دەچێ کتێبێکی لەمبابەتە کە نووسەر پێشکەشی دەکا لە جیهانی نوسین لە بارەی شۆڕشی کوردەوە بە کارێکی بێهاوتا لە جۆری خۆی دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی یەکێك دێت و شتێکی هاوشێوەی ئەوە پێشکەش دەکا. لەو نوسراو و کتێب و نامانەی کە لە هەژمارکردن نایەن لەوانەی لەسەر شۆڕشی ساڵی 1961ی کورد کە بارزانی گەورە سەرکردایەتی کرد، لەوانەیە هەر هەموویان رانانێکی کاروباری مێژوویی و سیاسی و سەربازی و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان بووبن. توێژەری شۆڕش نوسراوێك نابینێتەوە کە سەرتاپای بۆ لایەنی عاتیفییانەی کەسێتی، مانای لایەنی رۆمانسی (رۆمانی، ئەگەر وەرگێڕانی وشەکە تەواو بێ) تەرخان کرابێ.

ئەوەی یۆنان لێمی داوا کرد، پێداچوونەوەی ئەوە بوو کە ئەو دەینوسێ، ئەمەش داوایەك بوو کە هەرگیز نەمدەتوانی رەتی بکەمەوە، جا ئەگەر بە هۆی پەیوەندی دڵسۆزانەشمانەوە نەبێ، بە هۆی لاپرسەنیمەوە بۆ ئاگاداربوون لەسەر یەکەمین بەرهەم کە لە بارەی شۆڕشی کوردەوە دەردەچێ.

ئەوە بوو ئاوای کرد. لە پاشان داوای دووهەمیشی خستە پاڵی کە میهرەبانیی و ژیرێتی تێدا بوو، پێی گوتم: ئەگەر زانیت شیاوی بڵاوکردنەوەیە، ئایا بە شایانی ئەوەی نازانی کە پێشەکییەك بۆ خوێنەرانی بنوسی؟

کتێبەکەم لە سەرووی پێشبینی خۆمەوە بینی. لە شێوازی نمایشکردنی و روون و رەوانیی هزر و بەهێزیی دەربڕینەکانییەوە، داواکەیم بە شەرەفێك بۆ خۆم زانی کە



پێشەکی بۆ بیرەوەرییەکانی بنووسم. جگە لە هێندێك راستکردنەوەی سووکی زمانەوانیی و جێگۆرکێیەکی سادە لە رێکخستنی زنجیرەی بەشەکانیدا، ئەو ئازایەتییەم لە خۆمدا بینییەوە کە بڵێم زمانی عەرەبییەکەی —کە زمانی دایکیش نییە- بە ئاوایەکە کە زۆر لە دانەران و نوسەرانی عەرەب لەم سەردەمەماندا ئێرەیی پێدەبەن. ئەمە پسوڵەی پاکانەی منە، داوەرییش لای خوێنەرانە.

هەمیشە زۆر لە کارەساتەکان و مەینەتییەکاندا لایەنێکی گاڵتەجاڕی و کۆمیدی تێدایە. شۆڕشە چەکدارییە توندوتیژەکان و لەوەی لە نێو رەوتی رووداوەکانی جەنگەکاندا بە هەموو کارەساتەکان و مەینەتییەکان و دڕندایەتییەکانییەوە، لایەنێکی گاڵتەجاڕی و کۆمیدی بە هەموو ئازار و ناسۆر و خەمۆکییەکانییەوە تێدایە، کە وەکو کانییەکی لە وشك نەهاتوو بۆ ئەدیبان و شاعیران و هونەرمەندان، لە پەیکەرتاشان و مۆسیقاژەنان و نیگارکێشان و کەسانی تر دەمێنێتەوە. ئەوانە بە دنەیەکی مرۆڤایەتیەوە کە بەربەست ناکرێ، بۆ نێو قوڵایی ئەو رووداوانە رۆدەچنە خوارێ تا کاروکردەوەیەك ئاشکرا بکەن کە لە گەوهەردا لە پۆلێن کردنەکانی زانایان و توێژەران و سیاسەتوانان و ستراتیژوانانی سەربازی جیاوازە و رووی ناشیرین و قێزەوون، رواڵەتی توندوتیژی ئەو کاروکردەوانە بخەنە روو، بەکاروکردەوەیەکی خاوەن کیرڤێکی رومانسی بێگەرد لە قەسیدەیەکی شیعری (داستان) یان وێنەیەك، یان پارچەیەکی گۆرانی، یان بیرەوەرییەکی کەسێتی. مەبەستیش لێی تەنیا دڵخۆشکردنی خوێنەر یان بینەر یان بیسەر نییە، بەڵکو بۆ وەرگێڕانی ئەو ئازارەیە کە لە نێو دەروونی هونەرمەنددا دەکوڵێ کە وەکو دەرسێك بۆ مرۆڤایەتی هوشیار لە ساتە وەختی ئارامی و لە سەرخۆبونیدا، پێشکەشی بکا. لە چەند کاتژمێرێکدا کە گڕکانەکانی لە زریانێکی سەرشێتانەدا نەتەقیونەتەوە کە لەو ساتەدا سەرکردایەتی خۆی دەداتە دەست کۆمەڵە شەڕخوازێك.

لە جیهانی ئەدەب و هونەردا کەلەپورێکی مەزنمان لە بەرهەمەکانی ئەو کەسانە هەیە کە لە نێو جەنگەی تەنگوچەڵەمەکانی ئەو کارەساتانەدا ژیاون یان لە نزیکەوە

چاودێرییان کردووە یان ئازار و کەسەرەکانیان چێشتوە، لە ژێر کۆمایی ژیلەمۆی ئاگربەربوونەکانیدا دەرسگەلێکی رەوان و نەمریان، بەهەموو هزرە بەرزەکانییەوە کە ئامانجی راستەڕێ کردنی دەروونی مرۆڤایەتییە، هێناوەتە دەرێ تا رێنیشاندەرمان بن کە جگە لە ئامرازی توندوتیژی و سەپاندنی ئیرادە بە زەبری هێز، رێ و شوێن و ئامرازگەلی دیکەش بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی مرۆڤ بوونیان هەیە.

من کتێبی بیرەوەرییەکانی رێزدار یۆنان هورمز لەم روانگەیەوە دەبینم، ئەمەش رای کەسێتی خۆمە، دەبینم زۆرانیش لە کەسانیتر بەشداری لەم رایەم دەکەن. ئەمە دەڵێم، و لە هەمانکاتدا ئەو پەندە کۆنە رۆمانییەشم لە بیرە: ((هێندەی ژمارەی مرۆڤەکان رای جیا جیا هەن)).

**جەرجیس فەتحوڵلا**
**کاترینوهولم – سوید**
20ی حوزەیرانی 1999

## بەرایی

کوردستانماڵی باوکی (ماڵەباب)ی هەر هاونیشتمانییەکی کوردستانییە جا لە هەر کوێیەك بێت. کوردستان ئەو سەر زەوینە مێژووییەیە کە کوردەکان و کەمینە نەتەوەییەکان، وەکو ئاشوری و تورکمان، بێ لەبەر چاوگرتنی جێگای دانیشتنی ئێستایان، تێیدا دانیشتوون. کوردستان ئەو گرێیەیە کە ئەو کوردەی لە هوڵەندا و لەندەن دادەنیشێ بەو ئاشورییەوە دەبەستێتەوە کە لە سوید و شیکاگۆ و بەغدا دادەنیشێ، چونکە نیشتمانی باوکی هەموویانە و ئیسکوپروسکی باپیرانی ئەوانی تێیدایە. کوردستان نیشتمانی هەموانە چونکە رابردوو و مێژووی ئەوان بەم خاکەوە پەیوەستە. ساڵی پار، پاش بیست و سێ ساڵ لە غوربەتی دوورە زێدیی لە تاراوگەی ئەمریکی، بۆ جاری یەکەم سەردانی کوردستانم کرد.

هەر کە گەیشتمە دیاربەکر هەستم کرد گەرمایی بەهەموو گیانمدا دێت و دەچێ. ئەو رۆژە بەفر دەباری.

ئەو تەپۆڵکەیەی نێوان دیاربەکر و ماردینمان بڕی و پاشان بە نارِەحەتییەوە دەشتی نێوان نسێبین و جەزیرەمان بڕی. ئینجا چیای سەرکەش و سپی و بریسکەداری جودیمان لێ بەدیارکەوت کە هەوروتەمێکی چڕ بە چوار دەورییەوە بوو. بە دیمەنی چیای بێخێر لە لای راستەوە و دەشتی بەرینی زاخۆ و رووباری خابور کە بە لە خۆبایبوونەوە بەوێدا تێدەپەڕێ، لێدانی دڵم بەپەلەکەوت. هەروەکو نەریتی خۆم کە لە سەردەمی منداڵیدا لە گوند بووم دەستم کرد بە ژماردنی ترۆپکی زنجیرە چیاکان و لە جامی ئوتومبیلەکەوە سەیری ئەوێم دەکرد هەروەکو چۆن لە کلاورۆژنەی ماڵە بچووکەکەمانەوە تەماشام دەکرد. هەروەکو پێشوو چۆن بوو هەر ئاوا مابوو، نەگۆڕا بوو، بەڵێ هەروەکو خۆی مابوو! لە سنوور پەڕیمەوە. بە چەپ و راستی خۆم دا ڕوانی تا کەس چاوی لێم نەبێ و



واگومان بکا کە سەرم لێشێواوە، ئەژنۆکانم نوشتانەوە و هەر ئەوەندە زانیم چەمامەوە، خاکی رزگاربووی کوردستانم ماچ کرد و سوپاسی خوای گەورەم لەبەرامبەر ئەم گەڕانەوەیە و چاو روون بوونەوەم بە بینینی نیشتمان بەسەری بەرز، بەجێهێنا.

ئەو رۆژەی کوردستانم بەجێهێشت بەڵێنم بەویش و بەخۆشمدا کە دووبارە بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی بە سەر چیاکانی بکەوم. بۆ ئەوەی بە هەوای پاك و گوڵاوینی سنگم پڕ بکەم، و خۆم لە رووبارەکانی هەڵکێشم تاگوناهو تاوانەکانم لە ئاوەکانیدا بشۆمەوە، بەو رێگایانەدا بڕۆمەوە کە پێشتر پێیدا رۆیشتووم، سەردانی ئەو گواندانە بکەم کە پێیدا تێپەڕیوم و رۆژێك تێیدا حەواومەتەوە.

بۆ ئەوەی بەهەر لاوێکی پێگەیشتوو بڵێم: ((ببورە، کە تۆم بەجێهێشت ساوایەکی شیرەخۆرە بووی!)) و بەهەر پیرەمێردێك بڵێم: ((تۆ لە تافی لاویدا بووی کە بەجێم هێشتی!)) و بۆ هەر کەسێك کە ئەم دنیای فانییەی بەجێهشتووە: ((تۆ لە ژیان و چالاکیدا بووی کە بەجێم هێشتی!)) و بۆ ئەوانەی کە بە گازی کیمیاوی و ئەنفال شەهید بوون: ((هەستن گەلەکەی ئێوە و کوردستان راپەڕیوە و بنیاتنەرانی دووبارە ئەوەی وێران بووە بنیاتی دەنێنەوە و ئەوەی دوژمن روخاندوویەتی چاکی دەکەنەوە!)) و لەگەڵ جوتیاراندا دەمەتەقێ بکەم و داوای لێبوردن و لێخۆشبوونیان لێبکەم چونکە لە رۆژی مەینەتدا بەجێم هێشتن. پاشان بەپێی پیادە ئەرکی حەج بۆ بارزان بەجێ بهێنم، مەزارە پیرۆزەکانی شۆڕش لەگەڵاڵە و ناوپردان و حاجی هۆمەران بەسەر بکەمەوە و چەپکە گوڵ لەسەر ئارامگای شەهیدەکانی دابنێم لەوانەی کە بە خوێنی خۆیان ئەمەیان بۆ من رەخساند.

ئوتومبیلەکە ئێمەی بەخێرایی بەرەو زاخۆ پاشان دهوك و لەوێشەوە بۆ هەولێر برد. وام هەست دەکرد وەکو ئەو بیست و سێ ساڵەی رابردوو بەندی بووم و وائێستا ئازاد کراوم و هەموو دنیا موڵکی منە. لەوە دەترسام لە خەونێکی قووڵ دابم. هەمیشە وەبیر خۆم دێنایەوە کە من نەخەوتووم و خەون نابینم.

بەلای دەیان گوند و شاراندا تێپەڕیم. هەر گوندێك بە لایدا تێدەپەڕیم وام هەست دەکرد گوندی خۆمە، هەر ماڵێکم بینی بە ماڵی خۆم دانا، هەر چیایەك بە چیای خۆم. هەر گردێك بە گردی خۆم، هەر جۆگایەك بە جۆگای خۆم، هەر درەختێك بە درەختی خۆم لەوانەی کە خۆم چاندوومە. هەر شتێکم لە کوردستان بینی وام زانی موڵکی منە و هی منە. باوەشم بە بێگاناندا کرد هەروەکو کەسوکاری خۆم بن. هەردوو قاچم بەرەو پێشەوە بە ئاوایەك دەڕۆیشتن هەروەکو بایەکی توند پاڵیان پێوە بنێ! حەزم دەکرد بچمە هەموو گوندێك و سەردانی هەموو شارێك بکەم و قسە لەگەڵ هەر مرۆڤێکدا بکەم هەروەکو کە کشتیار لەگەڵ کشتوکاڵ و درەختەکانی، و شوان لەگەڵ مێگەلەکەیدا دەکا. زۆر چیرۆکم گوێ لێبوو و بە بەسەرهاتەکانی خەڵکی گوندەکان سەرحاڵ بووم و سێ شەوی پڕ لە باران و بەفرانبارم لەگەڵ جوتیاراندا بەسەر برد. بەفر و قوڕ نەیاندەهێشت بچینە ژوورەوە و ئێمە پێڵاوەکانمان دادەنا تا بچینە نێو ژوورێکی گەرم و گوڕ کە بەرایەخی ساکار و هەرزان راخرابوون، لەو ژوورانەی کە لە ناوەڕاستیدا سوبای نەوتی لێ دانرابوو و لەو ژوورانە نەدەچوو کە ئێمە تێیدا گەورە بووین کە سۆباکانمان پارچە داری پارچەکراوی داری بەڕووی تێدا دادەنرا و دەسوتا تا پشکۆی سوور بەسەریەکدا دەکەوتنە خوارێ و گڕێکی شینی لێ بەرزدەبۆوە.

گەڕامەوە بۆ ماڵە باب و بیرەوەریم منی بردەوە یادی رۆژانی پێشمەرگایەتی. ئەم کتێبەش تەنیا مشێك لە خەرواری ئەو بیرەوەرییانەیە کە بیرەوەری و خەونێکی کورت و شریتێکی سینەمایی ناتەواوە کە پاڵەوانانی ئەم رۆمانە کورتە پێیدا تێپەڕیون کە دەمەوێ بیگێڕمەوە. پاڵەوانانی نێو ئەم بیرەوەرییانە خەڵکێکن لە هەموو چینە جیاجیاکان: حەجی مەحمود کادیری حیزبی گوندەکە، ئەحمەد حاجی بەرپرسی سنور، خمۆی موختاری گوند، پێشمەرگە سەرەتاییەکان کە چەکەکانیان دار و تفەنگی راوشکار بوو. شەهیدانی سۆریا و دەهکان، رۆژنامەوانەکانی کە سەردانی کوردستانیان کرد، وەزیرانی دەوڵەت، پیاوانێك کە لاوێتی خۆیان دانا، کشتیارانی سادە، ژنانێك کە بە هەموو شانازی و



دڵاواییەکەوە خواردنیان بۆ پێشمەرگە ئامادەکرد، حکومەتێکی زۆردار کە بە چاوی دوژمنانەوە سەیری رۆڵەکانی خۆی دەکا! بەڵام شانۆی رووداوەکانی ئەم بیرەوەرییانە چیاکان و شیوەکانی کوردستان، بەرەکانی شەڕ، بارەگاکانی هێزەکان و بەتالیونەکان، ئەشکەوتەکانی کوردستان، دار بەڕووەکانی مەزارگەکان و گۆڕستانەکان، نوسینگەکانی شۆڕش، سەفین، دەشتی هەولێر، ئاسۆس، کێوەڕەش، زۆزك، هەندرێن، گۆرەز، کۆرەك، مەتین، شیرین، دوکان، خەلیفان، گەلی چنارۆك، نرخەکەشی خوێنێکی یەکجار زۆر و ئارەقێکی زۆر لە فرمێسك و ماندووبوون و تەقەللا و هەوڵدانە لە پێناوی دۆزی کوردستان. چارەگە سەدەیەك لە ئاوارەیی و دەربەدەریی لە وڵاتانی غەریبایەتی هەر وەکو درەختێك کە لە خاکی خۆی هەڵکەنراوە و لە خاکێکی بەردەڵانی نامۆدا چێنراوە. گوشتی تازە و میوە و سەوزەی تەڕونوێ کە لە غەریبایەتی دەیخۆین لەبەرچاو جوانە بەڵام تام و بۆنی کوردستانی تێدا نییە، هەر دەڵێی گۆشت و میوەیەك دەجووین کە لە پلاستیك دروست کراوە!

ئەم کتێبە چەند مشتێکە لە ژیانی پێشمەرگەیەك کە لە شۆڕشی ئەیلولدا ژیاوە، بەشداری تێدا کردووە، بینیویەتی، بەدەستی خۆی کاری تێدا کردووە، تاڵی و شیرینییەکانی چێشتووە، بەشداریی لە سەرکەوتنەکان و نسکۆکانیدا کردووە، ئەم چەند دێڕانە هەوڵ دەدەن وێنەیەکی زیندوو لە واقیعی لادێی کوردستان بخاتە بەرچاو. ئەم کتێبە کتێبێکی بەڵگەنامەیی وشك نییە، بەڵکو ئەو کارەیە کە ئێمە پێی دەڵێین: ((سەرهاتی)) یان ((سەربوری)) وێنەگەل و دیمەنگەلێکن لەوانەی کە لەگەڵیاندا ژیاوم و بەرگوێم کەوتوون لەو کاروبارانەی کە لەمیانی ژیان و هاوبەشی بچووکم لە شۆڕشی کورد وەکو کادرێکی راگەیاندن، کارەکەی من وای دەخوازی کە سەردانی بەرەکانی شەڕ بکەم و لەگەڵ ئەو کەسەدا کە بەرپرسی سەربازی ئەو قۆڵەیە بەرنامەیەك ئامادە بکەم کە زۆربەی کات پێکهاتبوو لەوەی کە شان بە شانی مەفرەزەیەك دزە بکەینە نێو هێڵەکانی پێشەوە بۆ ئەوەی رۆژنامەوانەکە شایەتێکی زیندوو بێ لە سەر ئەو

واقیعەی کە لە شەڕێکی کردەوەیی و بۆمبارانی تۆپخانە و ئاسمانی بەسەر بەرەی شەڕدا ڕوودەدا، یان چوونە نێو شار و شارۆکە و گوندە داگیرکراوەکان و وێنەگرتنی ئەو دیمەنانەی کە بە ڕاستەقینەیی بەچاوی خۆمان لە ((ستەم وغەدر و دەستدرێژیی)) بۆ سەر ڕۆڵەکان و کچانی کوردستان دەیبینین. هەروەها پێدانی دەنگوباسەکانی شۆڕش و ئامانجەکانی و ئەو مەبەستانەی کە شۆڕش لە پێناویدا هەڵگیرساوە، بە ڕۆژنامەوانان. ئێمە هەر چەندێك لەبارەی شۆڕشی ئەیلول و دەستە خوشکەکانییەوە بنوسین هێشتا کەمتەرخەمین و نەمانتوانیوە بە ئەندازەی خۆی لەسەری بنوسین چونکە، هەروەکو کاك سامی لە پێشەکی کتێبەکەی ((من أوراقی))دا دەڵێ: ((کەم دەڵێین و کەمتریش دەنوسین)).

ڕێگاکان هەمیشە بە گوڵ و گوڵزار ڕانەخرابوون، هەرجار هەر ئەوەندە لە ڕێگای قیرتاوکراوی ڕەواندز دەردەچووم، دەبوایە لە مشوری بەکرێگرتنی ((وڵاخ))، ((ئێستر)) دابم بۆ هەڵگرتنی کامیرای تەلەفزیونی لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە، و ئەگەر ئەم کارەش فەراهەم نەبوایە، خۆمان ئەو کارەمان دەکرد... هێندێك جاران پێویست دەبوو لە سەرم کە بە درێژایی شەو و هێندێك جاریش سەرتاپای ڕۆژەکەش لەبەرەبەیانەوە تا خۆرئاوا بە نێو چەند ناوچەیەکدا بەپێ بڕۆم کە شارەزاییەکی تەواوم تێدانەبوو و پشت بە کەسانێك ببەستم کە مەرام و نیەتیانم نەدەزانی. ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر بێزاری دەکردم ئەو وەڵامە بوو کە دێهاتییەکان پێیان دەگوتم کاتێك لەبارەی دووریی گوندی داهاتوو لێمان دەپرسین کە دەیانگوت: ((ئەوەتا. ئەلێرەیە)). ئەوەبوو چەند کاتژمێرێك دەڕۆیشتین ئینیجا دەگەیشتین و ماندوویی و برسێتی و تینوێتیمان دەگەیشتە ئەو پەڕی سنووری خۆی.

یان لە شەوی شەوەزەنگدا دەڕۆیشتین. ئەم گەشتانە سەیرانێك نەبوون لە بارەگای سەرکردایەتییەوە بۆ بەرەکانی شەڕ، بەڵکو هێندێك جار یەك هەفتە بەپێ ڕۆیشتنی دەخایاند. زۆر جاران هێشتا نەگەڕابوومەوە بۆ ناوپردان ڕۆژنامەوانێکی دیکەم دەدی چاوەڕێی چوونی بۆ بەرەکانی شەڕ دەکرد. لە میانی ئەو گەشتانەدا لە نزیکەوە بە ژیانی پێشمەرگە و جوتیاران و کێشەکانیان و ئازارەکانیان ئاشنا بووم و



زۆرشتان فێربووم و بووم بە هاوڕێی زۆرێك لەوان. هەروەها لەگەڵ سەکردایەتیدا چونکە بەهۆی هەلومەرجی کارەکەمەوە لە پەیوەندییەکی بەردەوام دابووم لەگەڵیدا. بەزۆریش سەفەرەکانی خۆمان بەنهێنییەکی تەواوەوە ئەنجامەدەدا بۆ ئەوەی دوژمن لە ڕێگای سیخوڕەکانیەوە نەزانێ بۆ کوێ دەچین و کام ڕێگاوبانە لە چوون و هاتنەوەمان بۆ بەرەکانی شەڕ دەگرینەبەر.

ئەوەی لە توانامدا بوو لە پێناوی گەیاندنی دەنگی شۆڕش و ئاوات و ئامانجەکانی بۆ نێو هزری ڕۆژئاوا، کردم. لە پێناوی هەستان بەم کارە تەنیا زانینی زمان بەس نییە. ئەم کارە پێویستی بە ئاگاداری و زانیاری لەبارەی کولتور و نەریت و مێژوو و دابەکانی ڕۆژئاوا، سەرباری ئیمان و قەناعەتی تەواو بە ڕەوایی دۆزەکە، هەیە.

من هەست بە ئاسوودەیی ویژدان دەکەم چونکە پاژێك لە ئەرکی خۆمم بەرامبەر بە گەلەکەم بەجێهێنا. و ئەگەر ئەمڕۆش دووبارە داوای هەمان کارم لێبکاتەوە ئەوا بە شەرەفێکی مەزنی دەزانم و بێ ڕاڕایی ئەم داوایە، لە پێناوی بەرگری لە ماڵەباب، بەجێدەهێنم.

**یۆنان هورمز**

1

## یەکەمین جار کە چوومە ناو شۆڕش

ژوورەکەی یەکەمجارم لە کەمپی گەیلانی لە بەغدا یەك هەفتە پێشتر بەجێهێشت و ژوورێکی تازەم لە ناوچەی ئورفەلییە بەکرێ گرت. ئێواریێ هەستم بە ئارەزوویەکی زۆر بۆ سەردانی ئەو خێزانە کرد کە ژوورەکەی یەکەمجارم لێ بەکرێ گرتبوون بۆ ئەوەی لە حاڵ و وەزعیان ئاگادارم. هەر ئەوەندە کە چوومە ژوورەوە بەسەر سورمان و پرسیارەوە رووبەرووم بوونەوە:

- هەفتەی رابردوو چت بەسەرهاتبوو، ئایا گیرابووی؟

کابانی ماڵەکە لە حاڵێکدا بە روخساری خۆیدا دەماڵی بە دەنگێکی خامۆشەوە پێشی لێ بڕیمەوە:

- دەزانی، هاتنە ماڵەوە و ژوور بە ژوور ماڵەکەیان پشکنی و کەل و پەلەکانیان بەسەریەکدادا و بە دوای تۆدا دەگەڕان!

بەحەسرەتەوە وەڵامیم دایەوە:

- کێ بوون؟ و چییان دەویست، کەی هاتن، و ئێوە چیتان پێ گوتن؟

ژنەکە گوتی:

- ئەمن و ئیستیخبارات... پێمان گوتن کە تۆ سەری مانگ لێرە رۆیشتووی و نازانین لە کوێ دادەنیشی .. یا ویل.. ئێمە وامان زانی گرتوویانی...

لێدانەکانی دڵم بەخێرایی لێیاندا و هەر ئاوا بە پێوە وشك بوبووم و سەرەڕای پێداگری ئەوان ئامادە نەبووم دابنیشم. هەر هێندە ئەو چایەی کە بۆیان هێنابووم فرم کرد، بە خێرایی ماڵئاوایم لێکردن، بە رێگەیەکی دیکەدا رێگام گرتەبەر و بەرەو ژوورە نوێیەکەم گەڕامەوە. لە ناوچەی ئورفەلییە چوومە لای یەکێك لە ئەندامانی پارتی و پێم گوت:



- کاری من لە بەغدا تەواو بوو، ئەوانە بە هۆی کارکردنم لە «التـآخی» بەدوامدا دەگەڕێن. ئەم ئێوارەیە بەرەو کوردستان دەڕۆم.

پێی گوتم:

- بڕۆ و بیرمەکەوە، چونکە هێڵە حیزبییەکانمان شاراوەن، کەس هیچ شتێك لەبارەی ئێمەوە نازانێ پاش گوت و بێژێکی کورت پێم گوت:
- من پێم وانییە ئەوانە بە هۆی حیزبەوە بە دوامدا دەگەڕێن، بەڵکو بەهۆی کارکردنم لە رۆژنامەوەیە.

بەهیوای دیدارێکی تر باوەشمان بەیەکدا کرد و بەرەو گەراج کە لە عەلاوی حیللە بوو چووم.

دەسبەجێ بەرەو موسڵ دەرچووم و لەوێ لە ماڵی یەکێك لە خزمەکانم دوو رۆژ مامەوە بۆ ئەوەی رێگایەك پەیدا بکەم تا لەخاڵەکانی بازگەکان و پشکنین لەسەر رێگای زاخۆ دەرباز ببم. لە سەربان جێگایان بۆ ئامادەکردم و هەروەکو لە موسڵ نەریتێکی باوە شەربەیەکی بچووك ئاوم لە پەنای خۆمەوە دانا. هەر زوو چوومە نێو جێگاکەم. دەستم کردن بە لێڕامان لە ئاسمان و ملیۆنان ئەستێرەی زیوین و زێڕین کە هەردوو لێواری رێگای کاکێشانیان رازاندبۆوە. ئارامی شار، جگە لەو کۆمەڵە دەنگە کە لە مزگەوتەکانی نزیکی ئەوێوە دەهاتن، شتێکی دیکە نەیدەشڵەقاند. خۆم بە دەزگایەکی بچوکی ترانزیستۆرەوە نوساند بوو کە بەجۆرێکی زیندوو ئۆپەراسیونی نیشتنەوەی ئاسمانگەڕیی لەسەر رووی مانگ پەخش دەکرد. ماوەیەکی کەم پێش نیوە شەو، بێژەری دەنگی ئەمریکا بە رەسمیی نیشتنەوەی گالیسکە ئاسمانییەکە و یەکەمین هەنگاوی کە مرۆڤ لەسەر رووی مانگ لە شەوی 19ی تەموزی 1969دا داینا راگەیاند. جا لە بارودۆخی مرۆڤ لە عیراق رامام کە چۆن درۆ و دەلەسە و ژاوەژاوی حیزبی و عەقایدی هێشتا وەکو دەهۆڵ لە پێری ئێوارێوە بە بۆنەی تێپەڕبوونی یەکەمین ساڵوەگەڕی کودەتای بەعس و دەست بەسەرداگرتنی پیلانگێڕانەی بەسەر دەسەڵاتدا، لە نێو گوێدا دەنگ دەداتەوە، و چۆن ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی گەیشتۆتە سەر مانگ بەڵام ئێمە هێشتا لە

سەردەمی بەردین داین و دوژمنمان، بە چەك، بەناوی پێشکەوتنخوازی و رزگاربوونەوە راومان دەنێ.

وەزعی خۆمم بۆ یەکێك لە هاوڕێکانی باوکم، لەوانەی کە خاوەن بەرژەوەندی کۆمباین و تراکتۆر بوون لە ناوچەکە، و زەوی و زاریان لە جوتیارەکانی ئەوێ بەکرێ دەگرت و بەنیوەیی دەیچاند و دەیدوریەوە، راڤەکرد. ئەو بە گەورەیی و متمانەیەکی بەرزەوە گوتی:

- وەرە، دەمەوێ سەگێکی کوڕی سەگێك بێت و زاتی ئەوەبکا بتپشکنێ!

ورەم بەرز بۆوە ئەوەی زیاتریش متمانەی منی زیاد کرد ئەو هاوڕێیەم کەوای بەسەر جلەکانییەوە لەبەردەکرد و قەڵافەتی دەرەوەی هەر لە قەڵافەتی شێخێکی عەرەبی موڵکداری بەرێز دەچوو و خاوەن قەد و ورگ و قاقایەکی بەرزبوو. ئەو هێندێك جل و بەرگی چەور و ڕۆناوی دامێ تا هەروەکو شوفێرێکی تراکتۆر یان کۆمباین خۆبنوێنم. سواری ئۆتۆمبیلەکەی کە (پیکابێکی شین) بوو، بووین و بەرەو زاخۆ کەوتینە رێ. لە یەکەم خاڵی پشکنین کە دەکەوتە لای دەرگای سەرەکی ((مەجموعەی سەقافی)) لە لێواری باکوری موسڵ، نزیك بووینەوە. ئەم خاڵە بە ناوبانگ بوو بە بەد رەفتاریی و مامەڵەکردنی خراپی لەگەڵ ڕۆڵەکانی کوردستان.

کۆمەڵە دیمەنێکی غەمناك لەو ئۆتومبیلانە کەوتنە بەرچاوم کە کوردە هەژارەکانی هەڵگرتبوو لەوانەی کە بۆ گوند و شارۆکەکانی خۆیان دەگەڕانەوە و سەربازەکان جانتاکانیان دەگەڕان و کیسەی شەکر و چایان لێ دەدڕاندن و دەستیان بەسەر شیرینی و تەنەکە نەوتەکانیان کە کڕیبوویان دادەگرت و لاوەکانیان دەستگیردەکرد و بەدەست بەستراوی بەرەو سوپا رەوانەیان دەکردن. ئەمەش بەرێوەبردنی ئەو ئابلۆقە ئابورییە ستەمکارە بوو کە بەسەر کوردستاندا سەپاندبوویان. بیرەوەرییە قارەمانییەکانی شەهید هورمز مەلەك چەکۆ لە زستانی 1963 بە مێشکمدا هاتنەوە کاتێك کە بەدەست ئەم خاڵی پشکنینەوە وەتەنگ هاتبوو، ئەو لەگەڵ سێ کەس لە هاوڕێیانی لە هێزی ئاکرێ و شێخانەوە سواری ئۆتومبیلێکی ئاسایی دەبن و کاتێك لە بازگەکە نزیك دەبنەوە لە



ئۆتومبیلەکە خۆیان فڕێ دەدەن و پاسەوانەکان گوللەباران دەکەن و هەر هەموویان قەڵاچۆ دەکەن و بە ساغ و سەلامەتی دەگەڕێنەوە بۆ بارەگای یەکەکەی خۆیان لە چیای ئەلقوش.

هەروەها بیرم هاتەوە کە چۆن باوکم لەم خاڵی پشکنینە دووردەکەوتەوە و لە پشت گردوتەپۆڵکەکانی شوێنەواری نەینەوا لەسەر لێواری گەرەکەکانی فەیسەڵیە و زهور و دەرگەزلی و بەعویرە خۆی ون دەکرد و بەنێو رێگا خاکییەکاندا بە ئۆتومبیلە لاندروڤەرەکەی سەردەکەوت و دەهاتەوە خوارەوە و بەو بارەقورسەیەوە کە کەرەسە و کەل و پەلی وەکو هەگبەی فیشەك و قوماشی خاکی و پێڵاو و شەکر و چاو هەموو ئەو شتانەی کە بارەگای هێزی زاخۆ پێویستی پێ دەبوون، لە موسڵەوە بە یاساغی دەردەکرد.

راوەستاین، و ئینزیباتەکە داوای ناسنامەی لێکردم. ناسنامەیەکی بەسەرچووی قوتابخانەمدایە دەستی، ناسنامەکەی دامەوە و پاشان پرسیاری دەفتەری خزمەتی سەربازی لێکردم. منیش دەفتەرەکەم دایە بەڵام وادیاربوو خوێنەوارییەکەی باش نەبوو. چونکە دەفتەرەکە بە قەڵەمی سوور ئاماژەپێکرابوو ((متخلف عن أداء الخدمة العسكرية)). سەیرێکی وێنەکەمی کرد کە لە دەفتەرەکە درابوو و پاشان سەیرێکی خۆشمی کرد و هەڵیدایەوە ناودەستم و بە شوفێرەکەی گوت:

((اطلعوا)). ئۆتومبیلەکە کەوتە جوڵان و من هێشتا لە ترساندا هەناسەم راگرتبوو. پاش ئەم تاقیکردنەوە ترسناکە جارێکی دیکە توشی پشکنینێکی ورد نەهاتین. هاوڕێکەم دەستێکی بۆ سەربازە پاسەوانەکان رادەوەشاند و ئەوان بەربەستی بازگەکەیان لادەدا و رێگەیان بۆ ئاوەڵا دەکردین. تەنیا لە خاڵی کۆتاییی نەبێ یەکێك لە سەربازەکان کە سنگی بە نیشانگەلی سور و ئازایەتی رازابۆوەو پەتێکی بەسەر شانەوە بوو بەڵگەی ئەوەبوو کە لە هێڵی ((ئینزیباتی سەربازییە)). کلاشینکۆفەکەی بە دەستییەوە بوو، هاتە پێشەوە تا بزانێ کێ لە نێو ئۆتومبیلەکەدایە. دووبارە دەمارەکانم گرژبوونەوە و خۆم بە کورسییەکەوە نوساندبوو. هاوڕێکەم دەست پێشکەری کرد و گوتی:

- وادیاره ئەبو خەلیل تازە هاتۆتە ئەم بازگەیە؟

و پاکەتێك جگەرەی ڕۆسمانی دایە. سەربازەکە بەسەرسوڕمانێکەوە کە جێگای باوەڕی نەبوو تەماشایەکی کرد و بە لەپی دەستی بە ئۆتومبیلەکەیدا کێشا و قیژاندی:

- فەرموو، فەرموو یا شێخ.

بەربەستەکە هەڵدرایەوە، هەر کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەت دەربازبووین هاوڕێکەم لەسەر کورسییەکەی خۆی پاڵی لێدایەوە و سنگی دەرپەڕاند و بەشانازییەوە بە زاراوەی باوی موسڵاویانە گوتی:

- پێم نەگوتی ئەو خوێڕییانە ئیشیان ئاسانە؟ من چاکیان دەناسم. من بەس لە پۆلیس دەترسم. ئەوانە تولەی کوڕی تولەن. ڕێز حورمەتی پیاویان لانییە)).

ئینجا ڕەنگ و ڕووی ڕووخسارم کرایەوە و دانیشتنەکەمان تاکو گەیشتینە نێو گوند بوو بە کۆڕی گاڵتەوگەپ. دەسبەجێ باوکم و مامەکانم لە هۆکاری بەجێهێشتنی بەغدا ئاگادار کردەوە و پێم ڕاگەیاندن کە بڕیارمداوە بە شۆڕشی کوردستانەوە پەیوەست بم.

بەم جۆرە بەغدام بەجێهێشت و گەیشتمە سەر زەوینە ئازادکراوەکان بەر لەوەی بڕیاری دەستگیرکردنم لە کۆتایی تەموزی 1969دا جێبەجێ بکرێ. هێشتا تارماییەکانی سەردەمانی ڕەشی حوکمی یەکەمی بەعس کە پاش کودەتای هەشتی شوباتی 1963 هاتە حوکم، بەدرێژایی شەو و ڕۆژ بە دوای عیراقییەکانەوەیە. من یەقینم هەبوو کە چارەنووسی منیش هەمان چارەنووسی زۆران کەس لەو بێتاوانانە دەبێ کە لەو سەردەمەدا بوونە قوربانیی، بگرە لە نێو مێشکمدا وێنایەکی ئەوتۆ خۆی دەنواند کە منیش دەبم بە یەکێك لە قوربانییەکانی ئەو سەردەمە و بەتایبەتی ئەوانەی کە لە گۆڕەپانەکانی بەغدا بەداری سێدارەدا هەڵواسران ((لەوانەی کە فەسادیان لەسەر خاکی عیراق نایەوە)) هەروەکو کە ڕادیوی بەغدا بڵاوی دەکردەوە. هەروەکو عیراق ناوەندی جیهان بێ یاخود عیراق باس و بابەتی بەرودوای جیهان بێ و لەوێدا بەعس دوایین پەیامی



ئاسمان بێ. نایشارمەوە لەو ڕۆژەوەی کە بەعس خۆی بەسەر دەسەڵاتدا سەپاندووە مرۆڤ لە عیراقدا واهەست بەخۆی دەکا هەروەکو لە نێو دارستانێکی ئەفریقادا بێ و نازانێ کەی ئاژەڵێکی لە خۆی بەهێزتر هەڵمەتی بۆدێنێ تا تێکی بشکێنێ، بە تایبەتی ئەگەر پیاو لەبەرەی ئوپۆزیسیوندا بێ یاخود لە ئوپۆزیسیونێکی ناعەرەبی لە بابەتی کەمینەی کوردی یان ئاشوری یان تورکمانیدا بێ. تەنانەت زۆربەی هەرە زۆری عیراقییەکان ئەمڕۆکە خۆزگە بەوە دەخوازن بەڵکو میلی کاتژمێر بۆ دواوە بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی حوکمی نوری سەعید و پاشایەتی کە پیاوی سیاسی و تەنانەت کۆمۆنیستیش دەیتوانی لەبەردەم دادگاکاندا بەرگری لە خۆی بکا یاخود پارێزەرێك بکاتە بریکاری خۆی.

تووشی پیاوێکی ناوچەکە بووم و هانی دام بچمە ناو شۆڕشەوە. پێم گوت منیش هەر مەرامم ئەوەیە. بەڵام سەرەتا حەز دەکەم ماوەی هەفتەیەك لە نێو کەس و کارمدا بم. ئەو ڕۆژانە بەلای منەوە لە بیرناچنەوە و هەرگیز بیرەوەریم بەجێ ناهێڵن. ئەو ماوەیە هەلی دوایین دیداری من بوو لەگەڵ خێزانەکەم بەر لەوەی کە لەسەر دەستی ئەفسەری بەعسی عەبدولکریم محەمەد ئەلجحێشی ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆیان ببنەوە. لە ڕۆژی بڕیاردراودا دەمی ئێوارە لەگەڵ مەلا یوسف هاوڕێی دێرینی خۆم گوندەکەم بەجێهێشت. مەلا یوسف لەوانە بوو کە هەر لە سەرەتاوە چووبووە نێو ڕیزەکانی پارتی و ئەو لە کادیرە پێشکەوتووەکانی حیزب بوو و بەدڵسۆزی و ڕۆشنبیریی بەرزیی لە کاری حیزبیدا، دەناسرا، ئێمە بە هاوڕێیەتی عومەر شرناخی کە پاسەوانی دڵسۆزی مەلا یوسف بوو، ڕوومان کردە چیا. دەشتی سلیڤانیمان بڕی. ئێمە لە کاتی نیوەشەودا لەسەر جادەی گشتی نێوان موسڵ و زاخۆ لای گوندی باستکی بووین. بە ئارامی و بێدەنگییەوە گوندەکەمان بەجێهێشت و ئینجا کەوتینە ئەودیوی جادەکە و چووینە نێو ڕەزێکەوە و تالێمان تێر بوو و ئێمەش لێی تێر بووین بە هەموو ئەو گەردوتۆزوخۆڵەوە کە لەسەر هێشووەکانی نیشتبوو، ترێمان خوارد. پاشان کەوتینەوە ڕێ و بە ئاراستەی گوندی باڤیان بە چیادا سەرکەوتین و لە ئاوی

گوندەکە تێر ئاومان خواردەوە پاش ئەوەی کە گەروومان لە تینوێتیدا وشك بوو بوو و شەکەتیی پرزەی لە لەشمان بڕی بوو. دواجار بڕیارماندا لە گۆڕاییی دەرەوە لە نێو باخەکانی ئەو گوندە چیاییەدا بحەوین تا شەومان لێدەڕوا. بەرەبەیان بە زەرەی گوێدرێژان و وەڕینی سەگان و پێوەدانی مێشولان و هەتاوی سوتێنەری خۆر خەبەرم بۆوە و دەستم بە چاوگێڕان کرد تا سیماکانی گوندەکە ببینم کە لە نێوان ئاسمان و زەویدا هەڵواسرابوو و لە نێو رەوەزەکانی چیاکەدا ون بوو بوو و بەسەر دەشتی بەرینی سلێڤانیدا دەیڕوانی کە چۆڵ و بەجێهێڵراو بوو، چونکە ئامانجێکی ئاشکرای تۆپخانەی فەوجی چواری حکومەت بوو کە لە شارۆکەی ئەسها دامەزرابوو، خەڵکەکەی پەرتەوازە ببوون.

بەردەوام بووین لە رێ پێوان بەرەو بارەگای هێز کە پیاوێکی سەربازیی پلەیەك سەرکردایەتی دەکرد ناوی عیسا سوار بوو. لە پاشاندا قەدەر وایهێنا کە زیاتر ئەو سەرکردە سەربازییە بناسم. و کۆمەڵە پەیوەندییەکم لەگەڵیدا بۆ دروست ببێ کە تەنیا رێکەوت حوکمی خۆی تێدا گێڕا و لە پاشاندا لەبارەیەوە قسەدەکەم. لە کاتی خۆیدا جگە لە ستایش و بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئازایەتی و دەست پێشکەریی شتێکی دیکەم لە بارەیەوە گوێ لێنەدەبوو. لەوەی کە زانیاریم وەرگرتبوو ئەو لە دایکبوی گوندی سێڵکێ بوو کە دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای بارزان و ئەو لەگەڵ بارزانی لە رێ رۆیشتنە مێژووییەکەیدا بۆ یەکێتی سۆڤێت پاش لە ناوبردنی کۆماری مهاباد لە ساڵی 1947 بەشداربووە و ئەو کاتە کەم تەمەن ترین کەس لە شوێنکەوتوانی بارزانی بووە و تەمەنی نەگەیشتۆتە حەڤدە ساڵ. بارزانی سەرکردایەتی ناوچەی زاخۆی پێ دەسپێری کە لە ژێر فەرماندەیی ئەسعەد خۆشەڤی فەرماندەی سوپای یەکی شۆڕشگێڕ (لەشکری یەك) بوو. و هەر لەو ناوچەیەدا مایەوە تا پاش رێکەوتننامەی جەزائیر و کاتێك دەیویست بەرەو سنورەکانی ئێران بڕوا لە کەمینێکدا کە بۆیان دانابۆوە گیانی لەدەستدا. زۆر بەداخەوە ئەو چوارساڵەی کە پاش بەیانی 11ی ئازار هاتن هۆکارێك بوو بۆ لەنێودانی سومعەی ئەم پیاوە، دەنگوباس و هەواڵ لەبارەی کاروبارێکی نایاسایی و ناشەریفانە کە لە ناوچەکەی ئەودا ئەنجام دراو بەسەر زارو



زمانانەوە گەڕان، زۆر لە پایەی ئەوی هێنایە خوارەوە و گیانی دوژمنایەتی و تۆڵە ستاندنەوەی لە دەروونی ئەوانەدا کە ئازاریان بەدەست ئەم هەڵسوکەوتانەوە چێشتبوو چاند و و بایسی ئەو چارەنوسە غەمناکەش بوو کە تووشی هات. پاش خواردنی ناشتا لە یەکێك لە بارەگاکان رەوانەی لیژنەی ناوچەی زومار کرام. نازانم بۆچی منیان رەوانەی ئەوێ کرد چونکە لە رووی رێکخستنەوە من ئەندامی رێکخراوی حیزب لە رۆژنامەی (تآخی) بووم لە بەغدا. بەڵام لە رووی ناوچەوە سەر بە لیژنەی ناوچەی زاخۆ بووم. هەر لەو رۆژانەدا ناسیاویم لەگەڵ فازل میرانی لاودا پەیدا کرد کە ئەو کاتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی زومار بوو. چوار رۆژ لەوێ مامەوە، رۆژم لە بن درەختەکاندا بەسەر دەبرد و شەویش لەبەردەمی ئەشکەوتێکدا دەنوستم و چاوەڕێ بووم رەوانەی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانم بکەن. نامەیەکم لە بەرپرسی حیزب وەرگرت و بارەگام بەجێهێشت و بەداوێنی چیای بێخێردا رۆیشتم و پاش رۆیشتنی سێ کاتژمێر بەپێ گەیشتمە گەلی چنارۆك کە بارەگای لقی یەکی لێبوو. ئێوارە دیدەنی نعمان عیسا بەرپرسی لقم کرد و خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر هاتنم دەربڕی و بروسکەی بۆ گەلاڵە کرد و سەرکردایەتی گشتی لە هاتنم ئاگادار کردەوە. پاشان ئاماژەی بەوەدا کە چەند رۆژێك لە بارەگا بمێنمەوە تاکو مشورێکم لێ دەخوا. پاش چەند دیدارێك لەگەڵیدا و دەرکەوتنی تواناکانم لە نووسیندا پێی گوتم: ((بۆ لای ئێمە لە لقی یەك نامێنیتەوە من حەز دەکەم بڵاوکراوەیەکی دەوری بۆ ئەندامانی حیزب دەربکەم و تۆ دەکەم بە لێپرسراوی بڵاوکراوەکە)) داوای لێبوردنم لێکرد و پێم گوت کە حەزدەکەم بچمە گەلاڵە چونکە دەمەوێ هێندێك کاروبار هەیە ئەنجامیان بدەم. بەڵام ئەو سێزدە رۆژ لەگەلی چنارۆك منی هێشتەوە و لەوێ ناسیاریم لەگەڵ سەرکردایەتی لق بەتایبەتی شەعبان حەجی سەعید و مەلا سالح دا پەیدا کرد.

بارەگای سەرکردایەتی لقی یەك لە کەپرێکی گەورە پێکهاتبوو کە دارچنار و بەرووی گەورە سێبەریان بەسەردا کرد بوو و دەکەوتە نێو شیوێکی تەسکەوە و جۆگەلەیەکی بچووکی ئاوی سارد بەناویدا دەهات کە لە ئامێزی چیاکەوە لە کانییەك هەڵدەقولا. لە پشتەوەی بارەگا بە لای راست و بە لای چەپدا ماڵەکانی

ئەندامانی لق و پاسەوانەکانیان لە بن درەختەکان بڵاوببوونەوە. بەڵام کەرەسەی بارەگا لە ئامێرەکانی چاپەمەنی و رۆنیو و فایل و مێزوکورسی لە بەرامبەر ئەوێ لە نێو خێوەتێکی بچووکدا بوون. لە نزیك ئەوێوە خێوەتێکی تری لێبوو ئەنتێنەکانی بێسیمەکان لەسەرووییەوە بەرز ببونەوە کە بۆ کاری هەواڵنێری پەیوەندی راستەوخۆیان بە سەرکردایەتی و بارەگای هێزە نزیکەکانی وەکو هێزی دهۆك و ئامێدی و بارەگای ئەسعەد خۆشەڤی لە گوندی قومری، دەکرد. بارەگا بە کەپر و خێوەت و خانووە نزمەکانییەوە لە سادەترین بارەگای دیدەوانیی هاوینی کەم شکۆ تر بوو. لەوێ ترسێکم لە بارەی سەختی ژیانی ئەمانە لە هەل و مەرجی ساردی زستان و بەفر باریندا، بۆ هات. کاتێك کە زانیم لیوایەکی تەواوی سوپا بە تانك و تۆپخانەی قورسییەوە لە پشتی ئەو چیایە بە ئاراستەی باشور دامەزراوە، سەرسامی دایگرتم. هێندێك لە لوتکەکانی ئەم چیایە سەنگەری سوپا داگیری کردبوون بەڵام هێندێك لوتکەی دیکە پێشمەرگە پاسەوانییان لێدەکرد. پرسیارم لە یەکێك لە ئەندامانی لق کرد کە ئایا تخوبی نێوان ئەوان و سەنگەرەکانی سوپا ئەو قەد پاڵەیە کە بەرەو ئەو شیوە شۆڕبۆتەوە کە بارەگای تێدایە، وەڵامی دامەوە ((بەڵێ)). لە ئازایەتی ئەمانە و بەرەورووەوەستانی راشکاوانەی ئەوان لە رووی هێزێکی خاوەن قەوامی ئاوای حکومەت سەرم سوڕما.

کاتێك بینیان کە پێداگریی کردن لەگەڵمدا بێهوودەیە نعمان بڕیاریدا لەگەڵ نامەبەرێکدا کە بە ((تەتەر))[1] ناویان دەبرد، رەوانەم بکا.

تەتەر، نامە و نوسراوی رەسمیی حیزبی لە سەرکردایەتییەوە دەهێنا و هەروەها دەشیبردەوە.

ئێمە نزیکەی دە کەس پەیوەستبووی تازە بووین، بەرە بەیانی رۆژێکی ئاب لە بارەگای لقەوە، بەپێ بەرەو گەڵاڵە کەوتینەرێ. هێندێکمان ئەفەندی بووین و هێندێکی ترمان خەڵکی ناوچەکانی زومار و شەنگاڵ بووین. خەڵکی زومار لە عەشیرەتەکانی میران و موسارەشی بوون کە جل و بەرگی عەرەبی لەبەردەکەن و



(چەفیە و عەگال) دەبەستن، بەڵام بەخێرایی گۆڕییان و جل و بەرگی کوردی خاکی و جەمەدانی سووریان وەك بارزانییەکان و وەك شانازی کردنێك بەوەی کە ئەوانیش سەربەوانن، کردە بەرخۆیان.

لەگەڵ ئەو پەیوەستکردووە تازانەدا زۆر تێکەڵاو نەبووم، چونکە کەسانێکی گۆشەگیر بوون و هەر دەتگوت نایانەوێ لەگەڵ مندا تێکەڵاو بن. زۆر کەم لە نێوان من و هەرکام لەوان دیالوگ یان ئاخاوتنێکی جیدیی لەبارەی دوا رۆژەوە هاتە پێشەوە. شەو، هەرکامان بۆ ماڵێك بڵاوەمان لێدەکرد. بەڵام لە کاتی رێکردندا پێکەوە دەڕۆیشتین و گوێمان بە ئاخاوتن نەدەدا و بە زۆریش من لە دواوە و دوور لەو ئاخاوتنانەوە بووم کە لە نێوانیاندا دەکرا.

بەڵام جارێکیان لە یەکێکیانم پرسی:

- چی پاڵی پێوەنان خێزانەکانتان بەجێ بهێڵن و بە شۆڕشەوە پەیوەست بن.

بەدەم حەسرەت هەڵکێشانەوە کە سکاڵای لە حاڵی خۆیان دەکرد، وەڵامیدایەوە:

- وەکو دەزانی ئێمە لە ناوچەی سنوری دادەنیشین کە هاوتخوبی هێندێك لە هۆزە عەرەبەکانە و ماوەیەکی درێژ بە ئاشتی ژیاوین و پەیوەندییەکانی نێوانمان رۆژگارێك گەردێکی ئەوتۆی تێنەکەوتووە کە شایانی باسکردن بێت. بەڵام حکومەت لەم دوادواییانە هەوڵ دەدا هێندێك لە دراوسێ عەرەبەکانی ئێمە چەکدار بکا و هانیان دەدا دەست بەسەر زەوی و زارەکانمان دابگرن و ماڵاتەکانمان بدزن. ئێمەش بەمە رازی نابین و جگە لە بارزانی و شۆڕش پشتیوانێکی دیکەمان نییە.

بەخەمبارییەوە پێم گوت: ئەمە سیاسەتێکی رەگەزپەرستانەیە پێی دەگوترێ بە عەرەبکردنی زۆرەملێ کە دەرەتان نییە رابگیرێ یان لە ناوبرێ تەنیا لە رێگەی هێزەوە نەبێ.

لە رێگا پرسیارم لە ئیبراهیمی تەتەر کرد:

- رێگاکە چەند دەخایەنێ.

بە زەردەخەنەوە هەروەکو بلێی چاوەڕێی ئەم پرسیارە بوو، وەڵامیدایەوە:

- ئەمە لەسەر خۆمان راوەستاوە ئەگەر دەستوبردمان هەبێ بە یەك هەفتە دەگەین و ئەگەر بە رۆیشتنی ئاسایی بڕۆین ئەوا دە رۆژ دەخایەنێ.

ئەلێرە بیرم لەو خێراییە دەکردەوە کە ئەو مەبەستییەتی. ئایا مەبەستی خێرایی خۆیەتی کە ئەو هەر لە منداڵییەوە لە چیاکان لەسەری راهاتوەو و هەروەکو ئاسکی کێوی لەم بەردەوە بۆ ئەو بەرد بازیداوە، یان مەبەستی خێرایی ئێمەی خەڵکی شار و باژێڕانە؟

هەوا گەرم بوو، بەڵام خۆش و سازگار، ئێمە بەڕەتڵی تاکەوە بەدوا تەتەری رێبەرمانەوە دەڕۆیشتین و هەمو ئەو شتەی کە دەمانزانی ئەوە بوو کە ئێمە بەرەو رۆژهەڵات یان بەرەو باکوری رۆژهەڵات دەڕۆین. تەتەرەکە خاڵی کانیاوەکانی ئاوی خواردنەوەی دەزانی و لە هێندێك لە گوندەکان رادەوەستا تا لەگەڵ هاوڕێکانی خۆی لە دانیشتوانی ئەو گوندانە گوت و بێژیان لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بکا و هەروەها بە مەبەستی نان خواردنیش. پاشان دەست پێکردنەوەی رێ رۆیشتنی رادەگەیاند. ئێوارە گەیشتینە گوندێك کە هەموو دانیشتوانەکانی لە نێو دار بەڕووەکان لە دەرەوەی ماڵەکانیان بوون. ئەوان لە بۆردومانی فرۆکەکان دەترسان. ئەو گوندە ناوی تەحلاڤ بوو، دەکەوێتە بنارەکانی چیای سەرکەشی مەتینا. ژەمی شیو و ناشتامان نان و ماست بوو. لە بەرامبەر میوانداریی ئێمە لە لایەن ئەو جوتیارانەوە من زۆربەی جار هەستم بە گوناه دەکرد چونکە دەمزانی ئەوان باشترین خواردەمەنییەکی کە هەیانە پێشکەشی ئێمەی دەکەن و بەم کارەش لەدەمی منداڵە برسییەکانی خۆیانی دەگرنەوە. دڵاوایی ئەوان بە هەق منی شەرمەزار دەکردەوە.

بۆ بەیانی گوندەکەمان بەجێهێشت و بەسەر چیادا هەڵگەڕاین و پاشان بەرەو قەد پاڵی دووەمی مەتینا لە ناوچەی بەرواری باڵا سوڕاینەوە. ئەو هۆکارەی وایکرد کە بچینە بەرواری باڵا ئەوە بوو کە نەدەکرا لە رێگەی ئامێدییەوە تێپەڕین بەهۆی بوونی حکومەت و جاش لەوێ لەو ماوەیەدا. ماوەی دوو رۆژمان



بەپێ بەفیڕۆدا بۆ ئەوەی لەشار دووربکەوینەوە. نیوەڕۆ گەیشتینە گوندێکی ئاشوری کە بەکانی بەلاڤی ناودەبرا و لەوپەڕی جوانیدا بوو. ئەو گوندە بە دارگوێز و بەڕوو چواردەوری گیرابوو و دەکەوتە لای باکوری چیای مەتیناوە.

دانیشتوانی گوندەکە ژەمی نیوەڕۆیان بۆ هێناین کە هەروەکو باوە نان و ماست بوو. بە زمانی ئاشوری قسەم لەگەڵدا کردن. ئەوان باوەڕیان نەکرد کە من ئاشوریم، چونکە ژمارەیەکی گەورە لە کوردەکان لە ناوچەی بەرواری باڵا بە هەردوو زمانی کوردی و ئاشوری قسە دەکەن. بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە ئاشوریم کتێبێکم بینی کە زبوری داود پێغەمبەر بوو بە زمانی ئارامی کۆن نوسرابۆوە و بەرگی تێگیرابوو و بە لقی ئەو درەختەوە هەڵواسرابوو کە لە ژێری دانیشتبووین. کتێبەکەم بە دەستمەوە گرت و دەستم کرد بە خوێندنەوەی. ئەوان باوەڕیان هات و دەستیان کرد بە پرسیارکردن دەربارەی رەچەڵەك و بنەماڵە و شتی تریش جگە لەم پرسیارانە. بە ئەنقەست بە جۆرێکی تەم و مژاوییەوە وەڵامم دەدانەوە ئەمەش سەرسامی ئەوانی بە شۆڕش زیاتر بردە سەرێ کە نموونەی لەم بابەتەی لە ئامێزی خۆی گرتووە. پاشان گوندەکەمان بەجێهێشت.

ئێوارە لە گوندی موسەکا بووین و شەومان هەر لەوێ بەسەربرد. بەیانی ئەوێمان بەجێهێشت و بە نێو دۆڵێکدا کە یەکجار قووڵ بوو و ئاوێکی زۆری پێدا دەڕۆیشت رێگای خۆمان تەی دەکرد. ئەم دۆڵە بە شیلادزا کە مانای (شیوی دزان) دەگەیەنێ ناودەبرا و لەوێ گەیشتینە بارەگای پێشەوەی پێشمەرگە و پاش ئەوەی لە لای ئەوان نانمان خوارد بەجێمان هێشتن، لە رێگا تووشی کانییەك هاتین ئاوەکەی زۆر سارد بوو. لەوێ راوەستاین و خۆمان تێر ئاو کرد و دانیشتین تا کەمێك پشوو بدەین.

رێبەرەکەمان ئیبراهیم، پرسیاری لێکردین:

- هەرکێ بتوانێ یەك دەقیقە لەم ئاوەدا بمێنێتەوە دینارێکی دەدەمێ.

بەخێرایی وەڵامیدایەوە:

- من دەتوانم.

جلەکانم دانا و خۆم لە ئاوەکەدا نقوم کرد و بەڵام هەر هێندەی ئەهایەکی برد هاتمە دەرەوە و قژی سەرم رەق ببوو و پێستی سەرم سڕ بوو بوو.

ئیبراهیم هاواری کرد:

- دۆڕاندت چونکە تۆ تەنیا بیست و هەشت چرکە لە ئاوەکەدا مابییەوە!.

هاتمە دەرەوە لەسەرمان دانەقرچەم پێکەوتبوو. جلەکانم کە بە هۆی ئارەق کردنەوەی زۆر و پیسییەوە وەك تەختە رەق بوو بوو لەبەر کردەوە.

لە رۆیشتن بەردەوام بووین تا ئێوارە گەیشتینە سەر لوتکەی چیای مەتینا. لە نوختەیەك کە پێی دەڵێن سەری ئامێدی واتە ئەو لوتکەیەی کە راستەوخۆ دەکەوێتە سەر ئامێدی و لە بارەگایەکی دیکەی پێشەوەی پێشمەرگە چاوەڕێ بووین تا خۆرئاوابوو ئینجا بۆ نێو دۆڵێکی قووڵ شانەوشانی ئامێدی دەستمان بە شۆڕبوونەوە کرد تا گەیشتینە سەر کانییەك لە خوارەوەی دۆڵەکە و لەوێ دانیشتین تا کەمێك ماست و جاجیك بخوێن. لەو کاتەدا کە ئێمە لەو حاڵەتەدا بووین شریقەی تەقینەی تۆپ لە دووری سەد مەتر لە ئێمە کە لە سەنگەرەکانی سوپاوە بۆ سەر پێگەی پێشەوەی (پێشمەرگە) هاویژرا بوو، تەقییەوە. رێبەرەکەمان فەرمانی داینێ کە بڵاوببینەوە و بەرەو پێشەوە بڕۆین. پاش بیست دەقیقە کەوتینە دەرەوەی مەدای تۆپخانە و چووینە نێو ناوچەیەکی شاخاوی سەختەوە. سەرەڕای تاریکی، دارودرەخت و بەردەکانی دەوروپشتی خۆم دەدی. جارێك لە رێ دەردەچووم و جارێك بە وریاییەوە دەڕۆیشتم تا لە کاتژمێر دەی شەو تووشی کۆمەڵە خێزانێك بووین لە بن کۆمەڵە درەختێك، لە بانێکی بەرز بڵاوببونەوە و با لە هەموو ئاراستەیەکەوە هەڵیدەکرد و شەوەکەی سارد کردبوو. سەگەکانیان بە راونانمان بۆ پێشوازیمان هاتبوون. بەسەر گوندەکەدا کە بە سەرگەلی دەناسرا، دابەشیان کردین چونکە خێزانێك بە تەنیا نەیدەتوانی ئەو ژمارەیە بحەوێنێتەوە. نسیبی من کەوتە لای خێزانێکی نەدارا. ئێوارە نان و چایان پێشکەش کردم و بۆ بەیانیش ماستی هاتەسەر. ماستەکەم بە نەوسنیەوە خوارد و لەو دەمەشدا جارێکی تر هەستم بە قورسایی ئەو گوناهە لەسەر خۆم



دەکرد، چونکە گوێم لێبوو کابانی ماڵ بۆ ئەوەی کەمێك ماست بۆ خواردنی من لە ماڵی دراوسێیەکەیان قەرز بکا، پرس و ڕای بە مێردەکەی دەکرد. پاش چەند دەقیقەیەك گوێم لێبوو بۆ ئەم کارە لەبەر ژنی دراوسێکەیان دەپاڕایەوە تا قەناعەتی پێکرد و بە ئاسودەییەوە گەڕایەوە. هەڵوێستەکە هەڵوێستێکی یەکجار وەتەنگهێنەر بوو. تێگەیشتم کە هۆکارەکان لەسەرینی ئەو گەمارۆ ئابورییەیە کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنراوە و هەروەها حکومەت کشتوکاڵی ئەوان دەسوتێنێ و سەرچاوەی خۆراکیان لە بەین دەبا. پاشان گوندەکەمان بەجێهێشت و داگەڕاینە خوارێ بۆ نێو دۆڵێك تا بکەوینە نێو درێژەی هەردوو زنجیرە چیای گارا و مەتینا و بە لێواری رووباری زێی سەروودا دەڕۆیشتین. پاش ئەوەی کە بەسەر پردێکی تەختەیی هەڵواسراودا، کە هەروەکو جۆلانە بەرزدەبۆوە و نزم دەبۆوە پەڕینەوە تاگەیشتینە گوندێك بەناوی سوریا، کە دەکەوێتە نێو سنوری عەشیرەتی بارزان لەسەر لێواری هەردوو رووباری زێ و رۆشین. رۆشین بە نێوان هەردوو  عەشیرەتی بارزان و رێکاندا دەڕوا بۆ ئەوەی ببێتە سنورێکی سروشتی لە نێوان هەردووکیاندا. ئێمە شەوی خۆمان لەوێ بردە سەر. بەیانی بەسەر مەشکەوە لە رووبار پەڕینەوە و بەرەو بارزان درێژەمان بە رێگەی خۆماندا و لە رێگە مارێکی رەشی گەورەمان بینی، دوو کەس لەو پەیوەست کردووە نوێیانە هەوڵیاندا بیکوژن، بەڵام رێبەرەکەمان رێگەی پێنەدان و گوتی:

- کوشتنی ماری رەش لەناوچەی بارزان بە فەرمانی شێخ قەدەغەیە!

بە جۆرێك لە سەرسامیی و نامۆبینییەوە لێم پرسی:

- شێخ لەبەرچی ماری رەشی لێ دەرکردوە؟

پاش ئەوەی هەموو لە دەوری کۆبوینەوە تا گوێمان لە وەڵامەکەی بێ، گوتی:

- بارزانییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ماری رەش بە پێچەوانەی ماری خاڵدار، تەنیا لە کاتی بەرگریکردن پێوەدەدا. ئەوان بە جۆرێکی گشتی پارێزگاریی لە ئاژەڵی کێوی دەکەن و لەگەڵ ئاژەڵی ماڵییدا بە بەزەیین.

کاتی ئێوارە گەیشتینە بارزان کە هەردەم بۆ بینینی بەتاسەوە بووین و گۆرانیمان بەسەر تێکۆشانەکانیدا دەگوت. ئەلێرە ئەو سرودانەم وەبیرهاتنەوە کە رۆژانی مندالّیمان دەمانگوت:

**چوومە بارزانێ چەندی ئاڤایە　　　　هاتمە بارزانێ چەندی ئاڤایە**

**مەلایێ مەهاتووە وەکو شێرانە**

و بەهەق بارزان لەسایەی ئەو کارراستاییە حەکیمەوە کە شێخ ئەحمەد لە پەیوەندی لەگەلّ حکومەت و لەگەلّ شۆڕشیشدا کە براکەی خۆی، مەلا مستەفا سەرکردایەتی دەکرد، رەچاوی کرد بوو، ئاوەدان بوو. کاتێك لە بارزان بووین چەند جارێك وشەی ((خودان))مان گوێ لێبوو. لەپاشاندا زانیمان کە ئەم وشەیە ئەم ناوەیە کە وێرا بە ویقارێکی زۆرەوە بە شێخ ئەحمەد بارزانی دەگوترێ.

بارزان لە نۆرینی حکومەتدا بە رەسمیی بێلایەن بوو، بەلاّم بە دلّ و بە گیان لەگەلّ شۆڕشدا بوو. بەلاّم هەردوولایان حەزیان لەو بێلایەنیە رانەگەیەنراوە هەبوو. حکوومەت لە هێزی مەعنەوی بارزان و کاریگەریی ناڕاستەوخۆی وی لەسەر شۆڕشی کورد دەترسا، لەبەر ئەوە نەیدەویست بە تەواوی پالّی پێوەبنێ تابچێتە نێو باوەشی شۆڕشەوە، ئەمە لەبەر ئەوەی بارەگای شێخ ئەحمەدیش بوو، حکومەت هەرئاوا بەحالّی خۆیەوە رایگرتبوو و حەزی نەدەکرد هەل و مەرجی بارزانییەکان لەوە زیاتر کە هەبوو، بێ دەرەتان بکا. ئەم وەزعە تایبەتەی بارزان بە سوودێکی گەورە بۆ شۆڕش دەگەڕایەوە بەتایبەتی لە شکاندنی تەوقی گەمارۆی داسەپاوی ئابوری لەسەر کوردستان و ناوچەی بادینان بەشێوەیەکی تایبەتی.

پاش خواردنەوەی پیالّە چایەك لە تەکیەی شێخ ئەحمەد، بارزانمان بەجێهێشت. ئەم تەکیەیە هەروەکو خانێك وابوو هەموو رێبوارێك رووی تێدەکرد. لەوێ رۆژانە سێ ژەمە خواردن پێشکەش دەکرا و چەند شوێنێك بۆ مانەوەی شەو تەرخان کرابوو.هەروەها شەوانە رێبوار دەیتوانی لە کۆڕی شێخدا ئامادە بێت و



گوێ لە ئاخاوتنەکان و رێنوێنییەکانی و هەروەها یەکلاکردنەوەی نالێکییەکان و گوت و بێژکردن لەسەر شتەتازەکان لە کاروباری دنیا، رابگرێت. دەمی رۆژئاوا گەیشتینە ناوەندی ناحیەی بلە. من هەموو ئێوارەیەك لەگەلّ رێبەرەکەمان لەبارەی ئەو مەودایەی رێگاکەمان کە لە پێشمان ماوە، قسەو باسم بوو. شەو لە بلە ماینەوە و کەلوپەلی چایخانەکەمان کە لە حەسیر دروستکرابوو وەکو رایەخ بەکاردەهێنا. بەیانی هەرچی کە پێویستمان بوو لە جگەرە و کەلوپەل لە دوکانەکانی ئەوێ کڕی. یەکێك لە پەیوەست بووە تازەکان هەستی بە ئازار لە گەدەیدا دەکرد، رێبەرەکەمان بەرەو بنکەی تەندروستی ناحیەکە پێشمان کەوت و لەوێ ناسیاریمان لەگەلّ فەرمانبەری تەندروستی بنکەکە پەیداکرد کە یەهودی بوو و خەلّکی بەغدا بوو.

من سەرم سوڕما لەوەی کە تا ئێستا لە عیراق ماوەتەوە. ئەو لاوێك بوو لە سەرەتای ئەمەنیدا. ئەوەبوو دەرمانێکی گونجاوی دایە. پاشان روومان کردە گوندی رێزان و دروست بەرەو مالّی شێخ لوقمان کوڕی گەورەی بارزانی چووین. بەر لەوەی بچینە ژووری رێبەرەکەمان لە سەگەکانی شێخ ئاگاداری کردینەوە و پێی گوتین:

– ئەو سەگانە هێندەی ورچێك گەورەن!

چووینە نێو خانووەکە. بەهۆی ئەو گرێ دەروونییەوە کە هەر لە یەکەم جارەوە کە سەگ گرتبوومی، لە کاتێکدا کە پۆلی یەکی سەرەتایی بووم، بە چەپ و راستی خۆمدا لام دەکردەوە و چاوم لەو سەگە گەورانە دەگێڕا و خۆم لە ناوەڕاستدا گرتبوو. لەناکاو یەکێکیان دەستی بە وەڕین کرد بە دەنگەکەی هەوای ژوورەکە پڕ بوو! ناشتایان بۆ ئامادەکردین. ژەمێکی باش بوو لە پەنیری بەسیر و چا. پاشان بەهەورازدا کەوتینە رێ و گەلی سورمان بە ئاراستەی بێدارون بڕی تا ئێوارە گەیشتینە گوندێکی بچووك. ژمارەیەك خێزانی کەمی لێدادەنیشت، ناوی ژاژوکا بوو. شەو هەموومان لە مالّێکدا ماینەوە خاوەن مالّەکە پیاوێکی خاوەن ویقارڕ و کەمێك بەلای قەلّەویدا و پیاوێکی رووخۆش بوو، بێ ئەوەی هەولّی بۆ بدات نوکتە بەسەر زمانیدا دەگەڕا. زانیم کە ئەم پیاوە برای حەسۆ میرخان

ژاژۆکی فەرماندەی هێزی کاوەیە کە ئەو کاتە بارەگاکەی لە قەڵادزێ بوو. لە کاتی شەو، رادیۆی بەغدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ یەکێك لە (خاینان) پەخش دەکرد کە ناوی ((جەمیل داود کافروش)) بوو ئەم خاینە بەتێروتەسەلی لەبارەی چالاکییەکانی خۆی لە دەشتی هەولێر قسەی دەکرد. هەروەها لافی ئەوەی لێدەدا کە ئەو ئەفسەری هەواڵگریی بووە لە جوڵانەوەی کوردیدا لەو ناوچەیەدا بەڵام خۆی تەسلیمی حکومەت کردۆتەوە. من هەر لە دەنگەکەیەوە بێژەرەکەم ناسی کە (محەمەد سەعید سەحاف) بەرێوەبەری رادیو و تەلەفزیون کە لە بۆنەی گرنگ و دروستکردنی درۆ و فیشاڵی گەورەدا نەبوایە بەدەرنەدەکەوت. لە دڵی خۆمدا گوتم خەڵکی بەغدا چ داماون چونکە چی تەلەفزیون و ئامرازە گاڵتەجارییەکانی راگەیاندنی حیزبی بەعس پێیان رادەگەیەنێ باوەڕی پێدەکەن. محەمەد سەعید سەحاف ئێستا وەزیری دەرەوەی رژێمی عیراقییە.

بەرەبەیان لە باکوری شاری مێرگەسوورەوە درێژەمان بە رێگەی خۆماندا. ئێمە نەمانتوانی بچینە ناو مێرگەسوورەوە. چونکە حکومەتی تێدابوو ئەمەش ناچاری کردین بە ئاراستەی باکوردا بە دەوریدا بسورێینەوە و درێژە بە رێگای خۆمان بدەین. ئێوارە گەیشتینە نێو کۆمەڵەیەکی دیکە لەو خێزانانەی کە لە ترسی بۆردومانی ئاسمانی ماڵەکانیان بەجێهێشتبوو. لەوێش هەروەکو پێشان بەسەر ماڵەکاندا دابەشیان کردین. بەختی خۆم بەر خێزانێکی بەرێز کەوتم. خاوەن ماڵەکەی پیاوێك بوو ژیان بە تاقیکردنەوەی خۆی قاڵی کردبۆوە، و ببووە پسپۆر، لەبارەی سیاسەتی شۆڕشەوە گوت و بێژم لەگەڵیدا کرد و پێی گوتم:

- تۆ وابەرەو گەلاڵە دەچی و ئینشائەڵڵا لەوێ پێشوازیت لێدەکەن چونکە تۆ رۆشنبیری و کەسێکی بەسوود دەبی بۆ شۆڕش.

بەرەبەیان لەسەر کەش و هەوایەکی سامالٚ هەستام و خۆر، تیشکە زێرینەکانی خۆی بەسەر ترۆپکی چیاکانی دەوروپشتماندا کە یەکێکیان چیای هەڵگورد بوو و بەفر بە دەوری لوتکەکەیەوە بوو، دەنارد کە لە ئاسۆیەکی دوورەوە لە لای رۆژهەڵاتەوە دیار بوو و جوانییەکی وای هەبوو هیچی لە جوانی



چیای فوجی یابانی کەمتر نەبوو و هەمیشە لەسەر رۆژمێرەکاندا تەماشامان دەکرد. رێبەرەکەمان ئاماژەیەکی بۆ کرد و گوتی:

- دەبێ برۆین تا دەگەینە ئەو چیایانە چونکە گەلاڵە دەکەوێتە شیوەکانی ئەو چیایانەوە!

گوندەکەمان بەجێهێشت. کاتی نیوەڕۆ لە ژێر درەختێکی گەورەدا دانیشتین کە پێگەیەکی ستراتیژی هەبوو کە هەر دەتگوت بۆ خۆم لەوێ چاندوومە بۆ ئەوەی بەسەر حەوزی رەواندزدا بڕوانێ تا تەماشای ئەو رووداوانە بکا کە تێیدا روودەدەن. لە تەنیشت درەختەکە کۆمایەك بەرد بەسەریەکەوە کەڵەکرابوون هێندێك لە هاورێکانم هەوڵیاندا تێکی بدەن و یاریی پێبکەن. تەتەرەکە و گوتی:

- لە ساڵانی یەکەمی شۆڕشدا، نەریت وابوو کە پێشمەرگە سەرەتاییەکان کۆمایەك بەردیان بەسەر یەکەوە دەنا، تا بارزانی بۆ پشوودان لەسەری دابنیشێ و لەوەڕا پێشمەرگە نوێیەکان ئەو جێگایەیان وەبیربێتەوە کە بارزانی پشووی لێداوە. تکاتان لێدەکەم باوەکو خۆی بمێنێتەوە.

پاشان سلو باپیر کە یەکێك لە پەیوەست کردووە نوێیەکان بوو و تموحی هەبووشتگەلی زۆر لەبارەی شۆڕش و مێژووەکەیەوە بزانێ پرسیاری لێکرد:

- کاك ئیبراهیم لە بارەی رۆژانی یەکەمی شۆڕشەوە بۆمان بدوێ. ئایا لە پیادەڕەوی بارزانی لە بادینانەوە بۆ ئەو ناوچانە بەشدار بووی؟

- نازانم مەبەست چییە. سەرەتا کاروبار وەکو ئێستا نەبوو چونکە لەسەر دەست پێشکەری تاکە کەسی راوەستابوو. بارزانی بەهەموو لایەکی کوردستاندا دەستی کرد بە گەڕان تا گەیشتە ناوچەکانی دۆسکی و هانی شۆڕشگێڕانی دەدا و ورەی بەرزدەکردنەوە و لەهەر کوێیەك گیرسابایەوە لاوان لە دەوری کۆدەبوونەوە و بۆ هەر جێگایەك بچووبایە بە خۆیان و چەکە کۆنەکانیانەوە پێیەوە پەیوەست دەبوون. من یەکێك لەوانە بووم. دەستەیەکی گەورە لە شوێنکەوتووە دێرینە بارزانییەکانی لە پێشەوە دەڕۆیشتن تا رێگاکە بپشکنن. پاشان دەستەیەکی دیکە بەلای راستدا و هەروەها دەستەیەکی تر لە لای چەپەوە

دەرۆیشتن و هێزێکی تایبەتیش لەدواوە دەمایەوە و پارێزگاری لە پشتەوە دەکرد. لەبەردەم ئەو پێشڕەوی کردنەدا جاری واهەبوو بنکەکانی پۆلیس خۆیان بە دەستەوە دەدا و جاری واش هەبوو بێ شەڕ و شۆڕ. ئەم گەڕانەی ئەو گرنگییەکی خۆی هەبوو، چونکە لەو گەڕانەدا بوو سەرکردایەتی هێزەکانی بە ئەسعەد خۆشەڤی و عەلی خەلیل و عیسا سوار و حەسۆ میرخان سپارد.

محۆ چاڤشین کە پەیوەست بوویەکی دیکە بوو قسەکەی بڕی و پرسیاری کرد:

– ئەو ژمارە زۆر و گەورانە چۆن دەحەوێنرانەوە؟ باشە لە بارەی خواردن و خواردنەوەیانەوە چی؟

– بەسەر گوند و ئاواییەکاندا دابەش دەبوون، هەروەکو چۆن ئێستا ئێمە دابەش دەبین. حاڵمان بەو ئاوایە مایەوە تا ئیدی وایلێهات بنکەکانی پۆلیس و ئەشکەوتە گەورەکان کران بە بارەگا و نەخۆشخانە و نانەوا و ئەمباری شۆرش. پاشان شۆرش باجێکی داهاتی کەمی سەپاند کە بریتی بوو لە خەرمانی گەنم لە کاتی دروێنە. هەروەها باج لەسەر مێگەلی مالآت و ئەو توتنەی کە بۆ دەرەوەی کوردستان بۆ هەموو شارەکانی عیراق دەچوو، دانا.

– دەڵێن ساڵی 1963 وەزعتان زۆر سەخت بوو ئایا ئەمە راستە؟.

– بەڵێ. بەتایبەتی پاش ئەوەی کە سوپای سوریا بۆ بەربەرەکانیمان هاتە پاڵ سوپای عیراقییەوە و ئێمەش وەکو تاکتیکێکی جەنگیی بەرەو ناوەوەی ناوچە سەختەکان پاشەکشێمان کرد تا رایان بکێشینە ناوەوە و لە پشتەوەرا لێیان دەین بەمەش توانیمان حکومەت ناچار بکەین داوای ئاگربەست بکا.

– لە بارەی شەڕی هەندرێن چیت وەبیردێتەوە؟

– ئەم چیایانە و ئەم قەدپاڵانە کە دەکەونە لای راستمانەوە هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بوو (ئەلێرە ئاماژەی بۆ ئەو چیایە کرد کە دەکەوێتە نێوان کۆرەك و زۆزك) سوپا پێشڕەوی کرد تا داگیری بکا و لەوێ رووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەیەکی ئەوتۆ نەبۆوە کە شایانی باس بێت. سوپا وای گومان کرد کە بەسەر هێزەکانی ئێمەدا سەرکەوتووە. بەڵام لە راستیدا ئەمە فێڵێکی



سەربازیی بوو و رامان کێشایە نێو تەڵەوە و هەر هێندە بەرەو قوڵایی پێشڕەویی کرد، گەمارۆدراو سریەکانی قەلاچۆکران و دەست بەسەر تۆپەکان و کەرەسەکانیدا گیرا و بەم رێگەیە چۆکمان بە حکومەت دادا کە رێکەوتن نامەی 29ی حوزەیران ئیمزا بکا.

پرسیار بە لێزمە لە راست و لە چەپەوە بەسەر تەتەردا دەباری و وەك ئەو مامۆستای مێژوو یان جوگرافیابێ و قوتابییەکانی چواردەوریان گرتبێ. بەڵام ئەو قسەی بە هەموان بڕی و پۆزشی هێنایەوە کە وەختەکەمان رێگەی پێنادا و دەبێ درێژە بە رێگای خۆمان بدەین.

پاش نیوەڕۆ گەیشتینە گوندێك پێی دەگوترا ((کەونەگوند)). ئەو گوندە دەکەوتە حەوزی رەواندز لە ئاراستەی باکورییەوە و لەسەر روبارێکی بچووك لە چیاکانی دەوروبەریەوە دەهات و لێوارەکانی بە درەختی گەورە داپۆشرا بوون. هەموو کاتی ئێوارەمان لە ژێر درەختەکاندا بردە سەر تا تاریك داهات چونکە تێپەڕبوون بە لای پێگەکانی گەرووی ((بێشێ)) بە چاوی رووناك کارێکی مەترسیدار بوو.

حەوزی رەواندز هەمیشە سیقەتۆرەی مریشکی دێنایە بیرم کە لەوێ تەنیا یەك رێگای بەرتەسك بەمیانی گەلی عەلی بەگدا تێدەپەڕێ کە لە بناری کۆمەڵە چیایەکی سەرکەشی داتاشراو کۆمەڵە شیوێکی قووڵ بەبنیدا دەڕوا کە ئاوێکی زۆر و زەوەندی پێدا دەڕوا. سوپا بەو رێگەیەدا دەرۆیشت و دەگەیشتە پانتاییەکی بەرفراوان کە لە هەموو لایەکەوە چیای بەرزتر چوار دەوریان گرتبوو. سوپا بنی حەوزەکە و هێندێك لە لێوارەکانی باشوریشی وەکو هەردوو چیای کۆرەك و گۆرەز و دەشتی دیانا و هاودیان و ئەو رێگەیەی بەرەو مێرگەسور و هەروەها ئەو رێگەشی کە بەرەو دیانا و رەواندز دەرۆیشت داگیر دەکرد. لە ناوەڕاستەکەیدا لیوایەکی سوپا دامەزرابوو کە حامیەی لە رەواندز و گوندەکانی تردا هەبوو و بۆ پاراستنی ئەم حامیانە لەسەر لوتکە نزیکەکان سەنگەری هەبوو. بەڵام سوپا بەرەو ((کەونە گوند)) پێشڕەوی نەکرد بوو. لەبەر ئەوە هەر کاتێك هەڵوێستەکەمان پێویستی بکردایە بەرەو بادینان سەفەر بکەین لە رۆیشتن بە

پەنا لێوارەکانی باکوری ئەوێدا، خۆمان دوور دەخستەوە. ئێمە بۆ بڕینی ئەو هەموو مەودایە جگە لە هەردوو قاچەکانی خۆمان، ئامرازێکی دیکەمان نەبوو چونکە ئەوێ ڕێگا و بانی بۆ هاوتوچۆی ئوتومبیل لێ نەبوو. ئەمەش لە بەرامبەر چەند کاتژمێرێکی کەمی ئوتومبیلدا چەند ڕۆژێك یان زیاتر ماوە لەسەر ئێمە دەکەوت. ئەم لیوایەی سوپا لیوایەکی چالاك نەبوو و هەوڵی ئەوەی نەدەدا کە بەرەو قوڵایی ناوچە ڕزگارکراوەکان دزە بکا چونکە لە چارەنووسی خۆی دەترسا هەروەکو ئەو چارەنوسەی کە لە شەڕی هەندرێندا لە ساڵی 1966 توشی هات، بەڵکو ئەوەندەی کە لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو هەوڵی دەدا بیپارێزێ و حەزی نەدەکرد هێزەکانی پێشمەرگە تەنگەتاو بکا.

ئێوارە پاش ئەوەی کە ڕێبەرەکەمان ئامۆژگاری کردین کە جگەرە نەخوێن و هەروەها بێدەنگ بین کەوتینە ڕێ، و پێی گوتین:

«پاش چوار کاتژمێری تر لە بێشێ دەبین». ئێمە بە هەمان ئەندازە لەوەخت بە چیادا هەڵگەڕاین و سەرکەوتین. سەنگەرەکانی سوپا لە لای ڕاستمانەوە، مەودایەکی دوور لێمانەوە دوورنەبوون، بە گومانی هەرە زۆرم لە مەدای تفەنگەوە لێیانەوە دوور بوون بەڵام نەگەیشتینە جێگای مەبەست و پاش یەك کاتژمێری دیکە لە ڕۆیشتن، ڕێبەرەکەمان ڕایگرتین و پێی گوتین:

- ڕێگامان هەڵە کردووە.

لە دەمێکدا کە ئێمە گێرمان خواردبوو لە دووری کاتژمێرێك پیادەڕێ بە تاریکیدا ئاگرێکمان بەدی کرد. ئەلێرە ڕێبەرەکەمان گوتی:

- دەبێ بچینە لای ئەو ئاگرە بۆ ئەوەی شەو لەوێ بەسەر بەرین چونکە لەو باوەڕەدام ئەوێ بارەگای پێشەوەی پێشمەرگەیە لە بێشێ.

لە تینی برسێتی و ماندوویيدا، هەمیشە لەدواوە دەمامەوە و برسێتی خۆم بەو بەروبوومە کرچ و کاڵانە تێر دەکرد کە لە ڕێگا دەهاتنە بەردەستم و ژان و ئازارێکی زۆری لە گەدەمدا پێك هێنابوو. پاش ئەوەی لە ئاگرەکە نزیك بووینەوە. من یەکەم کەس بووم چوومە ناو بارەگاوە. پێشمەرگەکان هەر لەو



خواردنە کە لە نانی تیری و هێلکە پێکهاتبوو، خواردنیان بۆ ئامادەکردم. بەر لەوەی ئەوانیتر بگەنەجێ، دەستم بە نان خواردن کرد و بەم کارەم چی داب و نەریتی کوردی هەیە، شکاندم. پاشان لەسەر زەوی پاڵ کەوتم و بە خێرایی کەوتمە نێو خەوێکی قووڵەوە. دوو کاتژمێری پێچوو لە دەنگی مەکینەی ئوتومبیلێك کە لە گەلاڵەوە هاتبوو خەبەرم بۆوە. ڕێبەرەکەمان بانگی کردین یاڵڵا ئامادەبن. لە ئوتومبیلەکە نزیك بووینەوە و بینیمان پڕاوپڕ لە خەڵك و کەل و پەلە. ئێمە دوو ڕێگەمان لە پێش بوو یان ئوتومبیل یان دوو ڕۆژی تر بە پێ بڕۆین. دواجار بڕیارماندا خۆمان بە لێواری ئوتومبیلەکەوە هەڵواسین. ئوتومبیلەکە بۆی دەرچوو و بەو ڕێگا شاخاوییەدا بەچەپ و ڕاستدا لار دەبۆوە. ئیبراهیم دەستی کرد بە ڕاڤەکردنی ئەو کارە مەزنەی کە جۆرجی پێشمەرگە پێی هەستا بوو بە کردنەوەی ڕێگاکە کە ئەمەش ئاسانکاری لە بڕینی ئەو ڕێگایە بۆ کردین لە جیاتی ئەوەی کە بەلای کەمەوە ماوەی ڕۆژ و نیوێك بەپێ بڕۆین بەسێ کاتژمێر بە وەزعێکی سەختەوە بە ئوتومبیل دەڕۆیشتین. ئیبراهیم داوای تەمەن درێژی بۆ جورج دەکرد و خۆزگەی دەخوازی تا هەموو ڕێگاکە تەواو دەکا تا دەگاتە هێزی زاخۆ. جورج پێشمەرگەیەکی کۆن بوو و تا کۆتایی هەر لە شۆڕشی ئەیلولدا مایەوە و پاشان بۆ ئەمریکا کۆچی کرد. دواین جار لە شیکاگۆ چاوم پێ کەوت بوتڵەکەی بە باوەشیەوە بوو. پاش چەند کاتژمێرێك ڕۆیشتن بە ڕێگای شاخاوی پێچاوپێچدا، ئێمە سەیری ڕیزێك دار بەڕووی پیرمان کرد کە لە ڕەگەوە هەڵکەنرابوون و لە لای ڕاست و چەپی ئێمەوە وەکو جەستەی بێ گیان کەوتبوون.

گەیشتینە گەلاڵە. یەکەم جار بە بەراورد لەگەڵ ئەو گوندانە کە لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا پێیاندا تێپەڕ بووین، وەکو شارێکی گەورە هاتە بەرچاوم. گەلاڵە دەکەوێتە سەر قەد پاڵی شاخێکی بەردین و بە ناوەڕاستیدا شەقامێکی بەرتەسك دەڕوا کە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی قیرتاو کراوە. لە هەردوو تەنیشتەکانییەوە لە سەرەوە و لە خوارەوە ڕیزی دوکانی وردەواڵە فرۆشی و بەقاڵی و چێشتخانەی کەباب و قوماش فرۆش و پێڵاو فرۆش و دوکانی بەرگدروو

و قایش فرۆشی و چایخانەی بچووك و فرۆشیاری سەوزە و میوە هەبوون. کۆمەڵێ پێشمەرگەی چەکدار دەبینران کە بەهێواشی دەڕۆیشتن جاری وابوو یەکێکیان رادەوەستا بۆ ئەوەی شتێکی کە پێویستی بوایە بیکرێ. ئەوان لە لایەن بارەگای سەرکردایەتی شەڕگە نیزیکەکانەوە مۆڵەتی پشوودانیان پێدەدرا. زانیم کە ئەمانە زوربەیان لە پێشمەرگەکانی هێزی هەڵگوردن کە بەهێزی دەست وەشێنی شوڕش دادەنرا کە سەرکردایەتی بە ئەرکی تایبەت رایدەسپاردن و هەروەها وەك هێزێکی یەدەگ بۆ بەهێزکردنی ئەو شەڕگانەی کە رووبەڕووی گوشاری هێرشێکی کت و پڕ دەبوونەوە. من لە جل و بەرگ و قیافە و زاری زاراوە وە ناسیمن کە ئەوانە خەڵکی ناوچە دوورە دەستەکانی بادینانن. لەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەی کە شۆڕش بە دەستی هێنابوو، سەرسامی دایگرتم.

پاش راوەستانێکی کورت لە گەلاڵە، ئامادە بووین و بەرەو ناوپردان بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی، کە ئەوێ هەروەکو دەڵێن مزڵی دواییە، کەوتینە رێ. رێبەرەکەمان ئێمەی بردە چێشتخانەی مەکتەب و لەوێ بۆ یەکەم جار ژەمێکی خۆشیان پێشکەش کردین کە لە نانی تازە و نیسك پێکهاتبوو. ئەمە پاش دە رۆژ سەختی رێگا بوو کە ئێمە تووشی هاتبووین.



## پەراوێزەکان

(1) چ سەیرەکە کە ووشەی ((تەتەر)) ماوەی حەوت سەدە بگوترێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە شایەتێك لەسەر رووداوێك لە رووداوە دیارەکانی. ئەم وشەیە ناوی هۆزەکانی تەتەر یان تاتارە کە جیهانی ئیسلامی و پاژێکی گەورەی لە جیهانی مەسیحی رۆژئاوای لە هەردوو سەدەی دوازدە و سێزدەیەمی زاینی گرت. تەتەر، سیستەمی نامەبەریی لە گریکەکان و رۆمانەکانەوە فێربوون کە گوازتنەوەی نامە لە رێگای نامەبەرانی بە توانا لە راکردندا یان ئەسپ سواران کە لە مەوداگەلی جیا جیا وێستگەیان بۆ دادەنرا و هەرکامیان نامە یان ئەسپاردەکەی لەوی دیکە وەردەگرت، هەروەکو چۆن هاتۆتە نێو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە هەر ئاواش وەکو یارییەك لە یارییە ئولۆمپیەکان کە بە ((پێشبڕکێی پۆستە)) ناسراوە، ماوەتەوە.

2

# لە نێو دڵی شۆڕشدا

ناوپردان ئەو گوندە بچووکەی کە تەنانەت لەسەر نەخشە سەربازییەکانی بەریتانیاشدا کە بە تێروپڕی داڕێژراون، دەرناکەوێ، دڵی شۆڕش بوو. ئەوێ ژمارەیەك خێزانی کەمی لێ دەژیا. ناوپردان دەکەوێتە لای خاڵی یەکانگیری دوو رووباری بچووك یەکێکیان لە مەزاری حاجی هۆمەران و شیوەکانی بەرامبەرییەوە هەڵدەقوڵێ و بەنێو دەربەند دا دەڕواو لەگەڵ لێشاوە بەخوڕەکانی ئەو بەفرە هەمیشەییانەی کە لەقەد پاڵەکانی هەڵگورد و چیاکانی دەوروبەری دادەپۆشن، دەتوێتەوە، تێکەڵ دەبن. تینی رۆیشتنی خوڕیی ئاوەکە ئەوەندە تیژە کە لە رۆژانی باران بارینی بەهاراندا شەقەی ئەو بەردە گەورانەمان بەر گوێ دەکەوت کاتێك ئەولێشاوە بە خوڕە دەهات و لێی دەدا. ئەوی تریان بە ئارامی وشێنەیی بە لای راستی گوندەکەدا دەڕۆیشت. ئەم ئاوەیان بەرهەمی ئەو بەستەڵۆکەیە کە زستانان و هاوینان قەد پاڵەکانی باکوری زنجیرە چیاکانی ((سەکری سەکران)) دادەپۆشێ.

تێکەڵ بوونەوەی ئەم دوو رووبارە لە پاش خۆیەوە لە باشوری گوندەکە دەلتایەکی بە پیتی بەجێهێشتبوو. خەڵکی گوندەکە ئەوێیان بۆ چاندنی توتنێکی تازیار بەکاردەهێنا. ئەوێ زۆران جار گوندی ((کولمبیلیدە ئەگلیز))ی کە ژەنرال دیگول کاتی شکست خواردنی لە هەڵبژاردنەکاندا پەنای بۆ دەبرد، و ئەو رۆڵەی کە ئەو گوندە بچوکە لە ژیانی سیاسی فەڕەنسیدا گێڕای، وەبیردێنامەوە. ئەگەر دوکانێکی بچووکی لێنەبوایە کە دەکەوتە سەرەوەی رێگای هاملتونەوە کە هی بەرێز ئەحمەد ئاغای یەکێك لە پیاو ماقوڵانی گوندەکە بوو، کەس بە بوونی ئەو گوندەی نەدەزانی لە کاتێکدا بە رێگاکەدا دەهات و تێدەپەڕی.

ژمارەیەك خانووی بەردین کە بەلق و پۆپی درەخت سەریان گیرابوو، لێرەو لەوێ بڵاوببوونەوە. هەروەها هێندێك کەپر و کەمێك خێوەتی بچووکی لێبوون.



هەموو ناوپردان ئەوەندە بوو. ئەمە لە رواڵەتدا ئاوابوو. بەڵام لە حەقیقەتدا بارەگای مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبەکانی ئیداری وەکو تەندروستی و پەروەردە و ئازوخە و دارایی و داد و راگەیاندن و مەکتەبەکانی تری خزمەتگوزاریی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شۆڕشی لە ئامێز گرتبوو. مەکتەبی ئازوخە و نەخۆشخانە وماڵی دکتۆر مەحمود عوسمان و مەکتەبی پاراستن لە لای راستی پردەکەوە بوو. بۆ ناوەوە مەکتەبی سیاسی و دادگای بەرزی کوردستان هەبوو. پاش ئەویش چێشتخانە بوو، بەرەو باکوریش خێوەتی مەکتەبی تەنفیزی و میوانخانەی رۆژنامەوانانی بیانی بوو کە سامی عەبدولرەحمان بۆ ئەم مەبەستە دایینابوو. پاشانیش هەردوو مەکتەبی ئیدارە و دارایی. نازانم بۆچی لە ناوەڕاست لە نزیك چێشتخانە ماڵی مام داود هەبوو کە یەکێك بوو لەوانەی لە شۆڕشەکانی پێشوودا هاوڕێی بارزانی بوو، و لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی گیرابوو، نەخۆشی (تەنگە نەفەسی) پەکی خستبوو و لە درێژەدان بە خەبات دووری خستبۆوە.

لەبارەی کەل و پەلی ئەو مەکتەبانەوە ئەوا سادە و ساکاربوون و جێگاش کەم بوو. پێویستیشی بە نوسراو نووسینی زۆر نەبوو چونکە زۆربەی نامەکان لەسەر کاغەزێکی سادە دەنوسران کە زۆربەیان کاغەزی پروپاگەندەی هاڕاوەی تایتی (بەرف)ی ئێرانی بوو. و بەدەست دەنووسرانەوە. ئەو کاتە پێویستییەك بە فایل و دوڵاب و مێز و کورسی لە ئارادا نەبوو هەروەکو کە لە ساڵی 1974 دا کردمان و بەو شتە پڕوپووچانە باری شۆڕشمان گران کرد. بەم کارە، هەر جارێك ئەو تاکە زیلەی کە شۆڕش هەیبوو بەباری لەم جۆرە کەل و پەلە پڕوپووچانەوە تێدەپەڕی رقی ئەحمەد حاجی بەرپرسی خاڵی سنوری نێوان شۆڕش و ئێران دەکرایەوە و توورە دەبوو. ناتوانم ئەوەم لە بیربچێتەوە کە رۆژێك لە کاتێکدا لەسەر سنوور بووم و لەو دەمەدا کامیونەکە لە ئێرانەوە هات و پڕ لە مێز و کورسی کرابوو بۆ رێکخستنی نوسینگەکانی بەڕێوەبەرەکان و نوسەرەکان، هەر دوو دەستی پێکدادا و گوتی: ((وەڵاهی ئەوە کوتایمانە!)) پێم گوت: ((ئەوە چیتە کاك ئەحمەد؟)) گوتی:

((ئەوە پێشمەرگایەتی نییە ئێمە پێویستمان بە پێشمەرگەیەکە کە لەسەر بەردێك دابنیشێ و هەرچی دەیەوێ بینوسێ. ئێمە دەوڵەت نین. ئەو دەمانەی هەموو ئەو شتانەمان نەبوو شۆڕش بەهێز تر بوو....)).

هەر لەگەڵ گەیشتنمدا پرسیاری ناسیارێکی خۆمم کرد بە ناوی قەیسەر مەنسور حەجی. ئیبراهیمی تەتەر یەکسەر منی بردە لای. هەر لەو بۆنەیەدا ئاشنایەتیم لەگەڵ پۆلیس بیداری پەیدا کرد و هەمووان داوایان لێکردم کە بەجێیان نەهێڵم و لەگەڵ ئەواندا بمێنمەوە. بە ئومێدی ئەوەی چاوم بە بەڕێز ساڵح یوسفی کە سەرنوسەری ڕۆژنامەی برایەتی بوو و من کارم تێدادەکرد و ئەو لە هەمان کاتدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبیش بوو، لەوێ مامەوە. دێتەوە بیرم کە لەگەڵ کاك قەیسەردا چووم بۆ سەردانی. بارەگاکەی ئەو کەپرێك بوو لە نزیك ئێستگەی شۆڕش. ئەو بە دیدەنی من خۆشحاڵ بوو و لە کاتێکدا وشەکان لە دەمیدا کە هەردوو شەویلاکی پێکدادرابوون، دەردەچوون پێی گوتم: ((ئێستا دەستەکەمان تەواوە!)) ئەو بەم قسەیە ئەوەی راگەیاند کە دواین کەس کە لە ڕۆژنامەدا کاری لە لادەکرد بە شۆڕشەوە پەیوەست بوو. نزیکەی کاتژمێرێکمان لەو کۆڕە سادەیەی ئەودا بەسەر برد و ئەو ئامۆژگاریی و پەندی درێژە پێدەدا و بەو گوزارشتە بەناوبانگەی کە جارەهای جار گوێم لێبووە داوای ئەوەی دەکرد کە هیچی تر لە نێوان ڕۆڵەکانی یەك نیشتماندا خوێن نەڕژێ: ((بەس خوینێ بڕێژن!)) بە گوێی قەیسەرمدا چرپاند: ((ئەم پیاوە شایانی نازناوی قەدیسی شۆڕشە)) لە کاتێکدا دەنکە گەورەکانی دەزبێحە رەشەکەی بە نێو ئەو پەنجە لاواز و رەشانەیدا دەکەوتنە خوارەوە پێی گوتم: ((لای قەیسەر بمێنەوە تا کارێکی گونجاوت بۆ دەدۆزمەوە)). لەبەر ئەوەی زمانی فەرەنسی و عەرەبی و کوردیم دەزانی بە یاریدەدەری قەیسەر لە کاروباری ڕۆژنامەوانان دیاریکرام. سەرەڕای کاری بنەڕەتی ئەو کە بەڕێوەبەری کاروباری کڕین بوو لە شۆڕش. قەیسەر لاوێك بوو تەمەنی لە سی ساڵ تێنەدەپەڕی. سەروو رووخۆش و لە جل و بەرگیدا ڕێکوپێك بوو و زۆر گرنگیی بە خواردن و خواردنەوەی خۆی دەدا وەکو هەر پیاوێکی خاوەن پایە لە نێو عەشایری



کوردیدا پابەندی قسەکانی خۆی بوو. لە قسە و ئاخاوتنیدا سەرنج راکێش بوو. لەبەر ئەوە خۆشەویستی و متمانەی هەمووانی تەنانەت لە بارەگای بارزانیدا بۆ خۆی راکێشابوو. لە راستیدا قەیسەر بوو بە خۆشەویست ترین هاوڕێم و هەروەها بوو بەرێبەرم بۆ لای هەموو کەسایەتییە سیاسییە کوردەکان. نزیکەی ساڵێك لە چیاکانی کوردستاندا بە یەکەوە کارمان کرد بێ ئەوەی ڕۆژێك گەرد لە پەیوەندی نێوانمان بنیشێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە خۆشەویستی و ڕێز لێنانی هەر کاممان بۆ ئەوی تر ڕۆژ بە ڕۆژ روو بە زیاد بوون بوو.

هەروەها باوکە فرەنسیس داود (3) سێیەمین کەسی ماڵەکەمان بوو. ئەو لە تێبینی ورد و توانجی گەپ ئامێزی دەسبەجێدا پێشەنگ بوو. ئەم ماڵەی ئێمە بارەگای ڕۆژنامەوانانی بیانی بوو کە لە ئەورووپای ڕۆژئاواوە بە بەردەوامیی دەهاتن و هێندێکیان گیانی سەرچڵی و ئازایەتی بە دووی دەسپێشکەرییەکی ڕۆژنامەوانیی پاڵی پێوە دەنان شتێکی نوێ بۆ جیهانی خۆیان بەرنەوە بەڵکو دەرگای دواڕۆژێکی روونیان بۆ بکاتەوە. ئەم ڕۆژنامەوان و نوسەرانە هێندێکیان تازە دەست بەکار بوون و هێندێکیان لە ئارەزوومەندان بوون. بەڵام زۆران لەوانەش ڕۆژنامەوانی خاوەن پراکتیك بوون لەوانەی کە بوو بوون بە خاوەن ناوبانگێکی دیاریکراو و سومعەیەك لە جیهانی ڕۆژنامە و قەڵەمدا. هێندێکیان پەیامنێرانی ڕۆژنامە و گۆڤارە جیهانییەکان بوون. هێندێکیان لەوانە بوون کە دەکرا زاراوەی Free Lance یان پێ بگوترێ و ئەمانە بەشێوەیەکی تایبەتی راپۆرتە ڕۆژنامەوانییە وروژێنەرەکانی خۆیان بە ئاژانسەکانی هەواڵ یان ڕۆژنامەکان دەفرۆشن. شۆڕش هەر بە سرووشتی حاڵ پێشوازی لە هەموو ئەمانە دەکرد و لە رووی گرنگییەوە جیاوازی لە نێوانیاندا نەدەکرد. چونکە هەموویان بەشێوە و جۆرێك نێردراوێکیان هەبوو.

پاش ئەوەی هەمووان لێم دڵنیابوون و هەستیان بە دڵسۆزیم کرد، ئەرك و راسپێریی جۆر بە جۆرم پێ سپێردرا کە گرنگترینیان بایەخدان بە بیانییەکان و پێدانی هەواڵ و ئەو ئامانجە سیاسیانە بوو کە شۆڕش لە کورستاندا لە پێناویاندا

بەرپا بووە. ئەم کارەش پێویستی بەوە دەکرد بە درێژایی کات لەگەڵیاندا بم و لەو ماوەیەدا کۆمەڵە سەفەرێکی درێژم لە ناوپردانەوە بۆ سەفین لە نزیک شەقلاوە و هەروەها بۆ شەڕگەی دەشتی هەولێر و هەروەها سەفەری تر بۆ هەردوو ناوچەی قەلادزێ و دوکان کرد.

سەفەری یەکەمیان تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو. لەم بوارەدا هەوڵمدا بەپێی توانای خۆم سەلیقەی رۆژنامەوانەکە رەچاو بکەم و هەرچی چۆنێك بووە هاوڕایی لەگەڵ بیروبۆچوون و روانینەکانی لەبارەی شۆڕشەوە بکەم. هەروەها لەبەر ئەوەش کە من لە ناخی خۆمدا ژیانێکی دیموکراسییانە دەژیام و باوەڕم بە مافی رەخنەگرتن هەیە و هەروەها شۆڕشیش ئەوپەڕی پێویستی بەوە هەیە کە دەنگی خۆی بگەیەنێتە دەرەوە هەرچەندە نرخێکی گەورەی هەبێ و قوربانیی مەزنی پێویست بێ.

یەکەمین بیانی کە هاوڕێیەتم کرد توێژەرێکی فەرەنسی بوو ناوی میشیل بسون بوو. لاوێکی بالا بەرز و رەنگ سوروسپی بوو. ئەو بە خێرایی تووڕە دەبوو و تەبعێکی توندی هەبوو، هێندێکجار دەگەیشتە رادەی گەوجێتی. بەر لەوەی بکەوینە رێ پێم گوت کە رێگاکە دوورودرێژە و پڕ مەترسییە و بەڵێننامەیەکی نوسرام بە ئیمزای خۆی لێوەرگرت کە ئەگەر هات و تووشی هەر ئازارێك هات ئەوا خۆی بەرپرسیار دەبێ. وەڵامیدایەوە کە ئەو باکی نییە و لە مردن ناترسێ و ئەو لاوە و وەرزش دەکا و بەلای ئەو گرنگ نییە تەنانەت ئەگەر رۆژێکیش بەپێ بڕوا. لە ناوپردان دەرچووین و من جانتاکانی ئەوم بە پشتی خۆم هەڵگرتبوو. دەمی نیوەڕۆ میشیل هێزی تیا نەما و کەوتە سەر زەوی و دەستی کرد بە گریان. بە پەلە خۆم گەیاندێ تا یارمەتی بدەم و پێی گوتم:

- رێگاکە چەند درێژە. لە برسان و لە تینووان شەکەت بووم. کەی دەگەین و دەبێ چەند رۆژ بەپێ بڕۆین؟

هانام وەبەرنا و کەمێك نان و ئاوم، کە لەگەڵ خۆمدا هەڵم گرتبوو، دایە تا هاتەوە سەر حاڵی خۆی. بەڵام گرفتی گەورە ئەو سگ چوونە بوو کە لە ناکاو



تووشی هات. ئێمە کاتێکی گەورەمان بەدیار دەرپەڕینی هەڵڕژانەکانی ناو سکییەوە! بەفیڕۆدا. پاش چوار رۆژ گەیشتینە بارەگای هێزی دەشتی هەولێر کە ئەو کاتە لە گوندێك بوو بە ناوی ((پیرەن)). لەوێ بەرێز فارس باوە فەرماندەی هێز، پێشوازی لێکردین و بەڵێنی داینێ کە بەرنامەیەکی رێکوپێك بە مەبەستی ئاگاداربوون لەسەر حاڵی شەڕگە ئامادە بکا و جێگرەکەی خۆی بەرێز سابیر شێخ جامی راسپارد کە سەرپەرشتی بەرنامەکە بکا. ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی کات فڕۆکەکان تەنگەتاویان دەکردین، دوو رۆژمان بە ناسینی بارەگاکان و سروشتی کارکردن بەسەربرد. پاشان سواری ئۆتومبیلێکی جێب بووین و بەو ناوچە پڕ لە هەوراز و نشێوەی کە لە نێوان هەولێر و پردێ دا درێژبۆتەوە، کەوتینەڕێ. دوو ئۆتومبیلی تر کە ئەوانیش هەر جێب بوون پڕ لە پێشمەرگەبوون، لەگەڵماندا بوون و پێش ئەوەی کە نیوە شەو دابێ گەیشتینە بارەگای بەتالیونی سێ. شەو، پلانەکە ئامادەکرا و ئەرك و کارەکان دابەش کران و بڕیاردرا تۆپێکی هاوەن لەگەڵ خۆماندا بەرین بۆ سەرقاڵ کردنی سەربازگەکەی ((قەشقە)) کە لەسەر رێگای نێوان هەولێر و کەرکوك بوو. لە هەمان کاتدا بیست پێشمەرگە هێرش بەرنە سەر سەنگەرەکانی جاشەکان لە پردێ. ئەو شەوە و رۆژی داهاتووش بەدرێژایی رۆژ کاتەکەمان لە بارەگای بەتالیون بردە سەر و پاشان دوای نیوەڕۆ بە ئاراستەی هێڵی شەڕ، پاش ئەوەی بە نێو چەندین گوندا تێپەڕبووین، کاتی خۆرئاوا گەیشتینە ئەوێ و پێگەی خۆمان لەسەر سەنگەرێکی بەرز گرت بۆ ئەوەی بە روونی ئۆپەراسیونەکە ببینین، و ئێمە بە دووربینی سەربازیی تەماشای ناوچەکەمان دەکرد. چەند خولەکێکی پێچوو تۆپی پێشمەرگە گوللە تۆپەکانی خۆی بە ئاراستەی سەبازگەی قەشقە تەقاند. هات و هاواری سەربازەکان بەدەم شەپۆلەکانی هەواوە کە لە لای ئەوانەوە بۆ لای ئێمە دەهات دەگەیشتە بەر گوێمان و من چاودێری ئۆتۆمبیلە سەربازییەکانم دەکرد کە سەربازەکان بە چەپ و راستدا دەیانفڕاندن بۆ ئەوەی لە گوللەی تۆپەکان بیان شارنەوە. پاشان هێرش دەستی پێکرد و ئاسۆ یەکپارچە بوو بە ئاگر. میشیل ئامێری وێنەگرتنەکەی هێنایە دەرەوە و بەڵام هەر وابێ جووڵە مابوو. پێم گوت بۆ

چی وێنەیان ناگری، پێی گوتم کە ناکرێ وێنە بگیرێ چونکە خۆرئاوا بووە. بیرم لەو زەحمەتە کردەوە کە لە پێناوی گرتنی چەند وێنەیەکی راستەقینەی شەڕ کێشامان بەڵام ئێستا هەمووی بە بادی هەوادا چوو! بۆ ئەوەی هەڵوێستەکە تێکپەڕێنم پێم گوت گوێ مەدەیە سبەی مەشقێك ئامادە دەکەین کە هەروەکو شەڕی راستەقینە وایە. هەر وەکو خۆت دەیبینی ئەمە لە زۆربەی شۆڕشەکاندا شێوازێکی پەیڕەو کراوە تەنیا لە چەند حاڵەتێکی دەگمەندا نەبێ کە رێکەوت رۆڵی خۆی لە گرتنی کۆمەڵە وێنەیەکی راستەقینەدا دەگێڕێ. بە رێگەی خۆماندا گەڕاینەوە ناوپردان. لە رێگا کە چوار رۆژ بەپێ رۆیشتنی خایاند ئێواران گوێمان لە ئیستگەی شۆڕش دەگرت و زانیمان کە لەو شەڕەدا بۆ ئەوەی ئێمە ببینە شایەتێکی زیندوو بە سەریەوە 13 جاش کوژران.

پاش سەفەری میشیل، بەچەند رۆژێکی کەم تیمێکی تەلەفزیونی کە سەر بە تەلەفزیونی پاریس بوو وە دوو کەسی ئێرانیشی تێدابوو یەکەمیان ناوی جەواد عەلامیر (عەلی ئەمیر) و ئەوی تریان ناوی گولکار بوو، هاتنە لامان پاش تەواو بوون لە ئامادەکردنی بەرنامە لە ناوچەی سەرکردایەتی، ویستیان سەردانی شەرگە بکەن. ئێسترێکم بۆ هەڵگرتنی جانتاکانی کامیراکان بەکرێ گرت. بەڵام ئێمە بە ئاراستەی قەڵادزێ دا کەوتینە رێ. ئێوارە گەیشتینە گوندی ئێندزێ و شەو لە لایەن موختاری گوندەکە کە ناوی حاجی مەحمود بوو ماینەوە و پاش خواردنی ژەمی ئێوارە حاجی مەحمود لێم نزیك کەوتەوە و بە دەنگێکی سرتە ئامێزەوە گوتی:

- وادیارە تۆ لە لای سەرکردایەتی کەسێکی لە پێشی ئەگەرنا لەگەڵ ئەو بیانیانەدا نەیان دەناردی.
- نا. بەڵکو ئەمە ئەرکی منە. و من خۆم تەنیا بە پێشمەرگە دەزانم.
- ئەرکی تۆ گرنگە و بۆ شۆڕش بە سوودە، یەك بە تالیونی تەواو ناتوانێ ئەمە بکا!
- هەر کەس لە بواری تایبەتمەندی خۆیدا کار دەکا و ئەگەر هەر کەس بەشێوەیەکی راست ئەرکی خۆی بەجێهێنا لە داهاتوویەکی نزیکدا شۆڕش سەردەکەوێ.



- ئەمە راستە. تۆ چەند زمان دەزانی؟
- پێنج زمان دەزانم.
- یەك پرسیارم هەیە و پێم خۆشە هەر لە نێوان خۆم و خۆتدا بێت.
- فەرموو مام حاجی.
- لەو رۆژانەی دواییدا زانیومە کە شۆڕش بڕێکی گەورە تفەنگی بڕنەوی نوێی کڕیوە و منیش لێرە بە سیفەتی ئەوەی بەرپرسی حیزبم لە گوندەکە پێویستم بە یەك دانە لەو چەکە هەیە.
- من لە بارەی ئەمەوە پرسیار دەکەم و ئەگەر هاتی بۆ ناوپردان سۆراخم بکە و هەوڵ دەدەم تفەنگێکی بڕنەوت بۆ وەربگرم.

پاشان بەرەبەیان لە رێگەی شیوێکەوە کە پێی دەگوترا ((دۆڵی شەهیدان)) گوندەکەمان بەجێهێشت. کاتی نیوەڕۆ گەیشتینە بارەگای بەتالیونی کێوەڕەش. فەرماندەی بەتالیون زمانی فارسی دەزانی و لەگەڵ سەردانیکەراندا بە یەکتریم ناساندن. ئەو لەگەڵیاندا دەرکەوت و هەروەکو زمانی کوردی بە رەوانی دەستی کرد بە ئاخاوتن لەگەڵیاندا. بەم کارە لە زەحمەتی وەرگێڕان رزگارم بوو کە زۆربەی جار لەبەر پرسیاری زۆر کە هەردووکیان لێیان دەکردم دەمارگرژییەکی بۆ پێکدەهێنام. رۆژنامەوانەکە دەیویست هەر وتەیەکی کە دەگوترێ بۆی بەرچڤە بکرێ تەنانەت ئەگەر کارێکی تاکە کەسی یان بێبایەخیش بوایە. و لاکەی تریش دەیویست هەر شتێك لە بەینی من و رۆژنامەواندا دەگوترێ بۆی بەرچڤە بکرێ. لەبەر ئەوە زۆرجار هەستم بە وەتەنگ هاتن و تەنگەتاوی دەکرد بەتایبەتی لەو کاروبارانەی کە تەواو پەیوەستن بە تاکە کەس، هەروەکو کاروباری پەیوەست بە کاری رۆژنامەوانیی و شتی تر.

دەبوایە من بڕیار بدەم: یان ئەوەتا دەبوایە پێنج کاتژمێر بەپێ لە دەشتی سەنگەسەرەوە بڕۆین تا دەگەینە قەڵادزێ، یان دەبوایە نامە بۆ بەرپرسی لیژنەی ناوچەی حیزب لە شارۆکەکە بنوسم ئوتومبیلمان بۆ بنێرێ تا کەل و پەلەکانمانی پێ بگوازینەوە. پاش راوێژ کردن لەگەڵ فەرماندەی بەتالیون بیروڕامان لەسەر رێگا چارەی دووەم گیرسایەوە.

ئەوەبوو نامەم بۆ رەسوڵ مامەند سەرۆکی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ و هەروەها حەسۆ میرخان ژاژۆکی فەرماندەی هێزی کاوە نارد. لە نامەکەدا بۆم شی کردنەوە کە ئێمە هاتووین سەردانی شەڕگەی هێزی کاوە و شاری قەڵادزێ بکەین و ئێستا پێویستیمان بە ئوتومبیل هەیە بۆ گەیشتن بە شار. ئێوارە لاندرۆڤەرێکی جیب بە ئاراستەی ئێمە هات. پاش چەند خولەکێك شوفێرەکە دابەزی و نامەی بەخێرهێنانی تەسلیم کردم. ئوتومبیلەکە کەوتە جوڵان و لایتەکانی بەسەر چێنراوەکانی ئەوێدا کە تۆپخانەی حکومەت و بۆمبای فرۆکەکانی سوتاندبووی، بڵاودەبۆوە و پاش کەمێك چەند تارماییەکی رەشمان لە هەردوو بەری رێیەکە بەدی کرد، دەسبەجێ داوام لە شوفێرەکە کرد کە رابوەستێ بۆ ئەوەی بزانین راستی شتەکە چییە و پێم گوت:

- لەوانەیە سەرباز یان جاش بن لەسەر رێگا بۆسەیان لێ دانابینەوە.
- نا ئەوانە کەلاکی ئەو وڵاخانەن کە توتنیان بارکردبوو چەند رۆژێك پێش فرۆکەکان لێیان داون.
- ئایا خەڵکی شارستانیی تێدا کوژرا؟
- بەڵی نزیکەی دوازدە جوتیاری تێدا کوژرا. ئەوانە بەرێگاوە بوون بچنە قەڵادزێ و لەوێ توتنەکەی خۆیان بفرۆشن. هەروەها زۆربەی وڵاخەکانیشیان لەبەین چوون. هەر بۆیە دەبینی بە رۆژ لەو دەشتە جموجۆڵێك نییە لەبەر ئەوەی فرۆکەکان چاودێریی هەمو گیانلەبەرێك دەکەن.

لە کاتێکدا ئێمە سەرگەرمی ئەم ئاخاوتنەی خۆمان بووین. کەوتینە بەر ئاگری دۆشکا و ئەو هاوەنانەی کە لە نێو سەنگەرەکانی سوپا لەسەر کێوەڕەش دامەزرابوون کە مەودای تەنیا دوو کیلومەتر لە جادەکەوە دوور بوو. بۆمباکان بە رادەیەکی زۆر لە نزیك ئێمەوە دەکەوتن کە جامەکانی ئوتومبیلەکە دەلەرینەوە. ئێمە دەسبەجێ لەسەر زەوی پاڵ کەوتین و فەرمانم بە شوفێرەکەدا کە لایتەکان بکوژێنێتەوە. پاش ئارام بوونەوەی وەزعەکە رامان کردە نێو ئوتومبیلەکە بەڵام وێنەگرەکە، گولکار، ملی نەدا و ئەوەی پێ پەسەند بوو کە بە رۆژ بەپێ بڕوا وەك



لەوەی کە بەشەو بە ئوتومیبل بەبێ لایت بکەوێتە رێ. کاتێك تێبینم کرد کە هەموو شێوازەکان لەگەڵیدا بێ هوودەیە، بۆ ئەوەی کەمێك بیترسێنم دەمانچەکەم هەڵکێشاو پێم گوت: «ئێمە وامان بەلاوە پەسەندترە خۆمان بتکوژین نەك ئێمە هەموومان بە ساچمەی تۆپەکان بکوژرێین» لەو کاتەدا تەماشام کرد دەیەوێ خۆی رابپسکێنێ و را بکا، فەرمانم بەو چوار پێشمەرگەیە کرد کە پاسەوان بوون و لەگەڵ مندا بوون، کە بیگرن و بە زۆر بیخەنە نێو ئوتومبیلەکەوە، ئەوانیش گرتیان و خستیانە نێو ئوتومبیلەکەوە. ئەمجارەیان ئوتومبیلەکە بەبێ لایت کەوتە رێ و بە نێو کێڵگەکانی گەنمە سوتاوەکاندا بەرز دەبۆوە و نزم دەبۆوە و رۆیشتین تاگەیشتینە سەنگەسەر و پاشان نیوە شەو گەیشتینە قەڵادزێ. بەیانی بینیم گولکار سیما و رووخساری زەرد هەڵگەڕاوە و بەدەست رشانەوەوە دەناڵێنێ و لە ترس و توقێندا دەلەرزێ. ئەم حاڵەتە زۆرجار تووشی ئەو سەربازە نوێیانە دەبێتەوە کە بۆ جاری یەکەمیانە دەچنە نێو شەڕەوە.

ئەو بەیانییە دەستمانکرد بە گەڕان بە نێو شەقامەکانی شاردا کە بە هۆی کەمی ئازوخەوە هەژاریی پێوە دیار بوو. لەسەر دیواری چایخانەکان و چێشتخانەکان تەماشای وێنەی پیپسی کولاو و کۆکا کولا و مشن ئوف کالیفورنیام دەکرد و خۆزگەم دەخوازی سندوقێك دەست بکەوێ تا بکەومە سەر هەمووی. بەڵام ئەوەی وەگیرم هات تەنیا کۆمەڵە شوشەیەکی بەتاڵ بوو. چونکە چەند مانگێك بوو مانای لە کاتی دەست پێکردنی شەڕەوە نەهاتبووە نێو شارەوە لەبەر ئەوەی لە رێگای هەولێر و کەرکوکەوە دەهات. لە جیاتی ئەوە رووم کردە چا و شەربەت کە هەر لەوێ لە بەروبومی ناوچەیی لە مێوژ وەردەگیرا. لە کاتێکدا بە شەقامەکاندا دەگەڕاین ئاپۆرایەك منداڵ بە هۆکاری لاپرەسەنییەوە بە دوامانەوە بوون بەڵام کاتێك وێنەگرەکە دەیویست وێنەی هەندێکیان بگرێ، هەڵدەهاتن و لە کۆڵانە لابەلا گچکەکاندا خۆیان دەشاردەوە.

ئێوارێ ئامادەکارییەکانی چوونمان بۆ شەڕگە بە هەموو وردەکارییەکەوە بەڕێوە دەچوو و ئێمە بەرەو دەریاچەی دوکان کەوتینە رێ. نیوە شەو بوو

گەیشتینە سەر چیای ئاسۆس و بووینە میوانی بەتالیونی (ئاسۆس)ی سەر بە هێزی کاوە. بارەگای بەتالیون لە قەد پاڵی سەرووییەوە بەسەر دەشتی سەنگەسەر و لە قەد پاڵی خوارووییەوە بەسەر دەریاچەی دوکان و شاری رانیەدا دەیڕوانی. ژەمی ئێوارەمان نانی وشك و چا بوو و ئێمە بە هیوای ئەوەبووین ژەمی ناشتاو نیوەڕۆمان باشتر بێ، بەڵام گومانەکانمان هیوا بڕاوی کردین کاتێك دەست کرا بە دابەشکردنی نانی وشك و پشکی هەر کەسێك یەك نان بوو و پاش ئەوە دەست کرا بە دابەشکردنی کوپ و کترییەکی کۆنیان هێنا ئەوەندە دوکەڵی ڕەش و خۆڵەمێشی لێ نیشتبوو کە هەر دەتگوت بە بۆیاغی ڕەش ڕەنگیان کردووە. پاش ئەوەی لە چا خواردنەوە تەواو بووین دیقەتمدا چینێك لم لە نێو کوپەکەدا نیشتووە، لە دڵی خۆمدا گوتم لەوانەیە بنی کترییەکە بەر من کەوتبێ. بەڵام کاتێك تێبینم کرد هەمان شت لە کوپی ئەوانیتریشدا هەیە سەرسوڕمانەکەم پتر زیادی کرد. ئەمە وای لێکردم بیر لە بینینی لەوەش خراپتر بکەمەوە. بە وردی چاوم بە نانەکەدا گێڕا تەماشامکرد لە نێو لۆچەکانی نانەکەدا پڕە لە وردە مێرووی زەردی بچووك. داب و نەریتی میوانداریی وای دەخوازیی کە نابێ هیچ تێبینیەك دەربڕم. خۆم دایە دەست خوا بەتایبەتیش کە من لە خواردنی زۆربەی نانەکەم ببوومەوە. کاتی نیوەڕۆ بە ناڕەحەتیی و زۆر لەخۆکردنەوە نەبێ نەمتوانی نیوەی نانەکەم بخۆم. لە پاشاندا هۆکاری ئەمەم زانی، ئەم ئاو و خواردنە لە بنەوەی چیاکەوە دەگوازرایەوە و کاتژمێرێك زیاتری پێدەچوو تا بەشەو بە هەورازدا سەردەخرا چونکە چیایەکە رووتەن بوو بە تایبەتی لە ناوچەی گەرووەکەیدا و بەردی زۆری لێبوون بەڵام دار و درەختی پێوەنەبوو. کاتژمێر پێنج مانای پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیونی بوردومان کردن و هێرشکردنەکە ڕووبەڕووی هەمان هەڵوێست بوومەوە.

ئێمە بە تەواوی لە سەرەوەی چیاکە بووین و بەسەر دەریاچەی دوکاندا دەمانڕوانی. ئێمە لەسەر دەربەندی رانیە بووین و ئۆردووی سەربازەکان کە لە خێوەتدا بوون لەمەودای ئاوا سێ کیلومەترێك لەبەردەمی ئێمە بوون. جێگەی



خۆمان گرت و پاشان بۆردوومان بۆ سەر ئۆردووەکە دەستی پێکرد. خێوەتەکان ئاگریان تێبەربوو و بە ئاسماندا دەچوون. بۆمباکانمان لەهەر کوێیەك دەکەوتن ستونی دووکەڵ بەرەو سەرەوە بەرزدەبۆوە. هێرش بۆ سەر سەنگەرەکانی کێوەڕەش و ئاسۆس بە چەکی سوك دەستی پێکرد. لەو کات و ساتەی ڕۆژدا تیشکی خۆری هاوین بەهێز بوو هەر بۆیە لەو کاتەدا هەروەکو پێش بۆردومانەکە پێشبینیم دەکرد دوو فرۆکە لە جۆری میك 19 هاتن و بەسەر سەری ئێمەوە دەسوڕانەوە. فرۆکەکان لە بەرزاییەکی کەم دەفڕین و گەڕیان دەخوارد تا بارە بۆمباکانیان بەتاڵ بکەن. پاشان کەمێك دووردەکەوتنەوە تا سەر دەشتی قەڵادزێ بۆ ئەوەی کینەی خۆیان بەسەر سەری دێهات نشینە شارستانییەکاندا بەتاڵ بکەن. پاشان زانیم کە لە ئاکامی ئەو بۆردوومانەدا ئافرەتێك و دوو منداڵ کوژراون. لەو کاتەدا هاوێنەی کامێراکە جارێکیان رووە فرۆکەکان و جارێکیان رووە و ئورودووەکە و سەنگەرەکان بوو تاکو بە تەواوی بە دەنگ و ڕەنگەوە هەموو ڕەوشەکە تۆمار کرا. پاش ئەوەی هەوا تاریکی کرد و باروودۆخ ئارام بۆوە لە چیاهاتینە خوارەوە و بەوە کە لە پێناوی هاتبووین و ئەنجامماندا، دڵخۆش بووین و بۆ جاری دووهەم ڕوومان کردەوە قەڵادزێ کە لەوێ ڕۆژەکەمان بەسەربرد بوو. شەو دەشتی قەڵادزێمان لە شەوەزەنگی تاریکیدا بڕی و بە ئاراستەی دۆڵی شەهیدان و پاش ئەوێش بۆ ناوپردان. لەوێ ماوەی دوو ڕۆژ بوو حاجی مەحمود چاوەڕێی دەکردم. ئینجا چووم بۆ لای بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری (موقەدەم نافیز جەلال) و داواکارییەکەی حاجی مەحمودم بۆ راڤەکرد و هەروەها پێویستی ئەوەی کە پارچەیەك چەکی بدەنێ پێڕاگەیاند. ئەوەبوو پسولەیەکی بۆ (مەشجەب) دامێ و تفەنگێکی برنەوی نوێم وەرگرت و دامە هاوڕێکەم. زمانی هاوڕێکەم بە سوپاس کردن و هەروەها هوتاف دان بە ژیانی باوکە بارزانی دەگەڕا.

لەو کاتەدا لاو بووم و تەمەنم لە دو یان سێ ساڵ زیاتر لە دەیەی دووەم تێنەدەپەڕی. خوێن گەرم بووم، ئەو شارەزایی و تاقیکردنەوەیەی کە زۆربەی

هاوڕێکانم لە تاقیکردنەوەکانی نێو شۆڕشەوە بەدەستیان هێنابوو، من نەمبوو. ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا دەژیاین تاڕادەیەکی زۆر دەوروبەرێکی پەتریرکی بوو. لەبەر ئەوە زۆرجاران لەگەڵ واقیعەکەدا تووشی شوکێك دەبووم چونکە من پێم وابوو کە نابێ کاروبارەکان بەو ئاوایە بن کە هەیە. پێش نوستن لە ژێر دار بەڕووە کۆنەکاندا دادەنیشتین و گوت و بێژمان لەبارەی زۆر بابەتی پەیوەست بە شۆڕشەوە دەکرد. بیروڕای هاوڕێکەم قەیسەر و کەشیش فرەنسیس بە کۆنەپەرست دەهاتە بەرچاوم و پێم وابوو لە گیانی شۆڕشگێڕێکەوە هەڵ ناقوڵێ. بابەتە ئاینی و عەشیرەتییەکان لە پێشەوەی ئەو بابەتانە بوون و من وام دەبینی کە پێویستە شۆڕش لە هێڵێکی جیا لە مانەوە بڕوا و بەچاوێکی یەکسانەوە وەکو تاکەکان تەماشای هەموان بکا و هەروەکو دەبێ هەموانیش لە میانی ئەو روانگەوە لەو بڕوانن.

هەروەها زۆرجار من رەخنەم لە هەڵسوکەوتی ئەوان دەگرت کەوادەهاتە بەرچاوم بورژوازییانەیە هەروەکو مەی خواردنەوە و پەیداکردنی بەتام ترین خواردن و کڕینی جل و بەرگی پێداویستی نابنچینەیی و لە هەموو ئەمانە گرنگ تر بیری ناشۆڕشگێڕانە بوو.

لە راستیدا کە هاتمە ناو شۆڕشەوە جانتایەکی دەستیم پێبوو و کە گەڕامەوە بە جانتایەکی بچووکترەوە لەگەڵ ئەو جلانەی کە لەبەرم بوو و لە بەغداوە لەگەڵ خۆمدا هێنابووم، لەم رایەشمدا رۆژنامەوان جان پرادییە هاوڕای من بوو کە هەر بۆ گاڵتە و نوکتەبازی بە کەشیش فرەنسیسی دەگوت «بی بی کادوم» کە گوزارەیەکی فەرەنسییە بۆ منداڵێکی بەنازی نموونەیی بێ هەست و ئاگا، و رەخنەگرتنەکەشی لەو کاتەدا کە دەیدی بە تفەنگێکی تایبەتی راوکردن! خەریکی راوە چۆلەکەیە دەگەیشتە ئەو پەڕی خۆی و هەموو ئێوارەیەك لێی دەپرسی باوکە ئەمڕۆ چەند چۆلەکەت کوشتووە؟

لە سەرەتادا لە هەمبەر هاورێم قەیسەر و فرەنسیس، تاڕادەیەك لە ژێر کاریگەری راکانی جان پرادییەدا بووم. بەڵام تێپەڕبوونی رۆژان و مانگان وایلێکردم وردە وردە لە سروشتی شۆڕشی کورد و ئەو رێگا و رێبازە



سەرکەوتووەی کە خۆی لەگەڵدا راهێناوە و هەروەها نهێنی بەردەوامبوونی هەر لە ساڵی 1961وە کە گەلی کورد بە سەرکردایەتی بارزانی لە دژی حوکمی تاکڕەوی عەبدولکەریم قاسم راپەڕی، تێدەگەیشتم و هەموو رۆژێك ئەو دیمەنە جوانانە بەمێشکمدا تێدەپەڕین کە پێش نزیکەی دەساڵ جەنگاوەرانی سەرەتایی بەیانیەك هاتنە گوندەکەمان و گوندەکە بە گەورە و بچوکییەوە بۆ دیدەنییان هاتە دەرەوە و لە پێش هەموویانەوە گورانیبێژی گوندەکە بوو کە شمشاڵی لێدەدا و هاوڕێکەشی بەرێکوپێکییەوە وێڕای ئەو، دەهۆڵی لێدەدا. من لە دەروونی خۆمدا سەرم لەو جوتیارانە سوڕمابوو کە بەو هەموو نەزانی و عەنعەناتەی کە سیمای دڕی و سوکایەتی هاتنەوە بە قانون و مل نەدانیان لێ نیشتبوو، و ئەو نەریتانەی کە لە پایەی پیرۆزیدا بوون لە مەسەلەی خوێن ستاندن و تۆڵەکردنەوەدا، دابڕدابڕی کردبوون. چۆن دڵیان ئاوا هۆگری یەکتر بوو و لە پێناوی یەك ئامانجدا کە لای زۆربەیان ئامانجێکی تەمومژاوی بوو، یەکیان گرت. بینیم وشەی (کوردایەتی) دەڵێنەوە بێ ئەوەی بە دروستی ماناکەی بزانن، و ئەڵقەیەکی بەرفراوانیان لەسەمای فولکلۆری کوردی دادەبەست و بە چاوی برایان کە بۆ یەك ئامانج کاردەکەن، سەیری یەکتریان دەکرد، چۆن ئەمانە هاتن و دڵی هێندێك لە لاوانی گوندەکەیان راکێشا تا بچنە نێو ریزێکەوە کە پاشان بە «پێشمەرگە» ناوبرا. گەلێك کە ئاوا لە هیچی نەبووڕا دەستپێدەکا و شۆڕشێك لە خاڵی سفرەوە هەڵدەستێ، بێگومان لەگەڵ واقیعی پاشکەوتووی کورددا کە قوتابخانەی نەناسیوە و رێژەی نەخوێندەواری تێیدا دەگاتە زیاتر لە رێژەی 95٪. تووشی بەریەك کەوتن دێت، ئەوا بە جۆرێکی حەتمی دەبێ ئەو شۆڕشە سازان و گونجانێك لەگەڵ نەریتە باوەکانی ئەقڵییەتی کوردیدا، کە هەر لە رۆژگاری بوونی مرۆڤەوە تامی شارستانێتی نەچێشتووە، رێك بخات. لە پاشاندا بۆم روون بۆوە کە بارزانی تەنیا کەسێك بووە کە لەم ئەقڵییەتە تێگەیشتووە و هەر لە سەرەتاوە بنەمای ئەوەی داڕشت کە سیاسەتی نێوخۆیی کوردی دەبێ نەرم و نیانی تێدا بێت و شۆڕش پێویستی بە هەموو جۆرە خەڵکێك هەیە.

ئەو کاتە وام خەیاڵ دەکرد کە شۆڕش تارماییەکی خەیاڵیی زەبەللاحە و پێشمەرگەش وەکو گورگ و چەقەڵ وان و لە نێو ئەو کولانە نهێنییانەدا دەژین کە لە ژێر زەوی هەڵکەنراوە. خەیاڵ کردنەکەی ئەوسام برێکی زۆر راستی تێدا بوو. کاتێك بۆ یەکەم جار سەردانی بارەگای هاوینەی مەکتەبی سیاسیم کرد، باوەڕم بە خۆم نەدەکرد. ئەوێ کۆمەڵە کۆڵێتێك بوون لە نێو شیوێکی قووڵدا لە پشت گوندی ناوپردان لە شوێنێك پێی دەگوترا قەیماسان بڵاوببوونەوە. لە ژێر یەکێك لەو کۆڵێتانەدا بەرێز حەبیب محەمەد کەریم لە پشت مێزێکی ئاساییەوە دانیشتبوو دەزگایەکی تەلەفۆنی رەش و کۆن لەسەر مێزەکە بوو. لە ناوەڕاستی دیوارەکە وێنەیەکی بارزانی بە جل و بەرگی کلاسیکی کوردییەوە هەبوو کە لە ناوەڕاستی پشتێنە قوماشییە پانەکەیدا خەنجەرێکی درێژ هەبوو و چەند ریز فیشەکدان و دەسکی دەمانچەکەی دیار بوو. لەگەڵ تیمێکی تەلەفزیونیدا دانیشتم و بەکاری وەرگێڕان هەڵدەستام. ساتەکانی هەوەڵ بە هۆی دوو هۆکارەوە دژواربوون. هۆکاری یەکەم سایکۆلۆجی بوو بە هۆی ئەوەی پاش دە ساڵ لە هەواڵ و دەنگوباسی دەماودەم هاتوو لەسەر زاری عەوامی خەڵکەوە دەربارەی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ یەکەم جار بوو بە دیداری سکرتێری گشتی حیزب بەرێز حەبیب محەمەد کەریم دەگەیشتم. پاشان کۆبوونەوەی دەیان کەس لە پێشمەرگە پاسەوانەکان و کەسانی تر کە بۆ گوێ راگرتن لە قسە و باس کۆببوونەوە، هەڵوێستەکەی زیاتر شکۆمەند و گەورە دەکرد. هۆکاری دووەم نەبوونی لێزانیی تەواو بە گوزارشتە سیاسیەکانی تایبەت بەم جۆرە بۆنانە بەتایبەتی زاراوەی سەربازی و ئایدیولۆژی و هیتر بوو، بەڵام هەر کە چووینە نێو ناخی پرسیار و وەڵامەکانەوە بەخێرایی بۆم دەرکەوت کە کاك حەبیب پیاوێکی سادە، مەجلیس خۆش و گەرم، و قسەکانی واقیعیانەیە و بەزۆریش وایە کە گاڵتەوگەپ تێکەڵ بە قسەکانی دەکا. بەم شێوەیە بەر لەوەی کە کۆتایی بە چاوپێکەوتنەکە بهێنین، هەستم بە ئاسودەییەکی تەواو دەکرد و تەمی شەرم کردن و پەشۆکاویی لەسەرم رەوییەوە. بۆ رۆژی دوایی بڕیاردرا کە سەردانی مەکتەبی تەنفیزی شۆڕش بکەین. سومعەی ئەم مەکتەبە لە سومعەی مەکتەبی سیاسیش زیاتر بوو چونکە هەروەکو دەسەڵاتێکی جێبەجێکردن وابوو کە سەرپەرشتی



پیادەکردنی ئەو بڕیارانەی دەکرد کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەری دەگرت. ئەم ئەنجوومەنە لەو نوێنەرانە پێکدەهات کە گەلی کورد لە ناوچە رزگارکراوەکاندا هەڵی دەبژاردن. بە نێو کۆمەڵە درەختێکدا رێگامان دایەبەر کە هێندێك جار سەردەکەوت و هێندێك جاریش شۆڕدەبۆوە تا گەیشتینە نێو کۆمەڵە دار بەڕوویەك کە لە تەنیشت گۆڕستانی ناوپردان بوو. لەناکاو لە بەرامبەر دوو خێوەتی بچووکدا خۆمان دیتەوە. چووینە نێو خێوەتی یەکەم کە هەروەکو مەکتەبی سکرتاریەتی مەکتەبی تەنفیزی دەچوو، بەڵام تا دوایی نەمدەزانی کە ئەو خێوەتە بارەگای هەواڵگری شۆڕش بوو. پاشان چووینە نێو خێوەتی دووەمەوە کە لە نێو چالاییەکدا بوو و لە ناوەڕاستیدا مێزێکی لێبوو و لە تەنیشتەکانییەوە کۆمەڵە کورسییەکی سادەی مەعدەنیی لێبوو. یەکێك لە ئامادەبوون بە دکتور مەحمودی ناساندم. منیش ئەوم پێشکەشی رۆژنامەوانەکان کرد کە لەگەڵمدا بوون. سەرەڕای گەرم و گوڕیی و ئەدەبەکەشی هەستم بەو ئاسوودەییە نەکرد کە لە کاتی سەردانمان بۆ مەکتەبی سیاسی و دیدەنیمان لەگەڵ کاك حەبیبدا هەستم پێکرد بوو، دکتور مەحمود روخساری توند و گیر بوو و بەکەمی پێدەکەنی و بەکەمی ئاخاوتنەکانی خۆی تێکەڵ بە نوکتە و گاڵتە و گەپ دەکرد، ئەو لە کەسانی دیکە زیاتر پشتی بە ئامارە وردەکان دەبەست بەتایبەتی لە بواری تەندروستیدا چونکە خۆی پزیشك بوو. لە میانی چاوپێکەوتنەکەدا من بەرچڤەم نەدەکرد چونکە دکتور مەحمود خۆی ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانی و بەڕەوانییەوە قسەیان پێدەکا. بە دیقەتەوە لە قەڵافەتی ساکارانە و جل و بەرگی گنجاویی دکتور وردبوومەوە و تێبینم کرد قایشە چەرمینەکەی کاتژمێرەکەی لەبەرکۆنی لێك بڵاوببوو و هەر خۆی بەرێگەیەکی سەرەتایی چاکی کردبۆوە. لە دڵی خۆمدا گوتم «ئەوا بەدیداری فەیلەسوف و کاهینی!! شۆڕش گەیشتم». من بە ساکاری و سادەیی ئەو پیاوە سەرسام بووم. لە پاشاندا زانیم کە ئەو لە ناوپردان فێری فەرەنسی بووە و ئەمەش لە رێگەی کاسیت و گوێ گرتن لە رادیۆوە. بە راستی بەزیرەکی و توانای ئەو سەرسام بووم کە فێری ئەو زمانە قورسە بووە کە خۆم پێنج ساڵ تەمەنی خۆم لە پێناوی فێربوونی ئەو زمانەدا دانابوو. پاش ئەوەش سەردانی ساڵح یوسفیمان کرد کە ئەو کاتە بەرپرسی

راگەیاندنی شۆڕش و لێپراسراوی ئیستگەی نهێنی دەنگی کوردستانیش بوو، تەنیا بەڕێز محەمەد مەحمود عەبدولرەحمان مابوو سەردانی بکەین. ئەو لە تەنیشت مەکتەبی تەنفیزی لەخێوەتێکی بچوك دادەنیشت و ئەو کاتە بەرپرسی دارایی شۆڕش و چۆنیەتی خەرج کردنی بوو. لەم کارەشدا قەیسەر مەنسور لێپرسراوی کاروباری کڕینی پێداویستییەکان دەستە ڕاستی ئەو بوو. چووینە نێو خێوەتەکەیەوە و بە ئینگلیزی بەخێرهاتنی کردین چونکە ئەو زمانی ئینگلیزی دەزانی و خوێندنی ئەندازیاریی خۆی لە بەریتانیا تەواوکرد بوو.





دانەر لەگەڵ بارزانی و لەلای ڕاستییەوەی دارا توفیق و لە پشتییەوەشی عەلی خەلیل فەرماندەی هێزی دهۆک پاییزی 1974

وێنەگرتنی کریس کوچێرا



گەلاڵە، پایتەختی بازرگانی ڕۆژانی شۆڕشی ئەیلول ساڵی 1970
وێنەگرتنی جان پییر ڤینو





دانەر لە سەردانێکیدا بۆ مەسعود بارزانی لە واشنگتۆن ساڵی 1978
وێنەگرتنی دانەر



فڕەنسۆ هەریری ساڵی 1974

وێنەگرتنی کریس کوچێرا





پاشماوەی گوندی سۆزیا



کۆمەڵێك لە ڕۆژنامەوانان لە دەمی سەردانیان بۆ بەرەی شەڕ. لەلای چەپەوە
عەبدوڵڵا ئاغای پشدەری فەماندەی هێزی باڵەك دیارە.





مستەفا بارزانی ساڵی 1974
وێنەگرتنی کریس کوچێرا

که ئێمه چووینه لای هێشتا نیشانەکانی ماندوویی و شەکەتی پێوە دیار بوو چونکه ئەو رۆژانه تازه له شەڕگەی هێزی رزگاری لەناوچەی کەرکوك گەڕابۆوە که لەوێ بەشداریی له ئۆپەراسیونەکانی لێدانی دامەزراوە نەوتییەکان کردبوو، چونکه ئەو سەرەڕای بەرپرسیاری له کاروباری دارایی بایەخی به سەردانی بەرەکانی شەڕ و سەرپەرشتی کردنی ئۆپەراسیونەکان و ئاگاداربوون له نزیکەوه لەسەر کاروباری پێشمەرگە، دەدا. له راستیدا هەر له هەوەڵین دیداردا نازانم لەبەرچی بوو هەستم به شادییەکی گەورە کرد بەڵام ئیتر سروشتی مرۆڤ وایه که به هێندێك کەس شاد دەبێ و لەگەڵ هێندێکی تر ئاسوده نابێ یان لەوانەیه به پلەیەکی کەمتر ئاسوده ببێ. سامی ئەو کەسه بوو که هەر له رۆژی یەکەمی شۆڕشەوە تا دواین رۆژانی تەمەنی شۆڕش لەهەر مرۆڤێکی تر له نێو شۆڕشدا زیاتر لێی ئاسوده بووم، چونکه سیمای نموونەیەکی راستەقینەی مرۆڤێکی سەرڕاست و راستگۆ و ئازا و دڵسۆز تا دوا هەناسەم تێدا بەدی دەکرد. هەروەها له رووی کارگێڕییەوە بەڕێوەبردنێکی لێهاتووانەی پلەیەکم تێدا رەچاوکردبوو که دەیزانی چۆن ئەرك و کار بەسەر ئەوانەدا دابەش دەکا که کاری لەگەڵدا دەکەن و چۆن بەدوداچوونیان بۆ کاروبار دەکا، تێدا تێبینی کردبوو. له کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا ئاگاداری کردین که ئێوارێ له لای ئێمه دەبێ. ئەوە بوو لەگەڵ دکتور مەحمود هاتن بۆ لامان. وژەمی ئێوارێمان بەیەکەوە خوارد.

چەند مانگێك بەسەر مانەوەم له بارەگای سەرکردایەتی تێپەڕی و رۆژ به رۆژ هەمووان متمانەیان بەمن زیادی دەکرد، تا ئەوە بوو رۆژێکیان دکتور مەحمود بانگی کردم و رایسپاردم که بەرنامەی فەرەنسی که ئەو بۆ خۆی بۆ بەرنامەکانی ئێستگەی نهێنی شۆڕشی کوردی ئامادە دەکرد، ئامادە بکەم. دەسبەجێ له بەرامبەر ئەو متمانه بەرزەدا که پێی داوم سوپاسم کرد، هەروەها ئامێرێکی کۆنی چاپی دامێ تا بەرنامەکان چاپ بکەم و نوسەری بروسکەکانیشی راسپارد که لەهەر بروسکەیەك وێنەیەکم بداتێ تا بۆ ئێستگه رێکی بخەم. بەم شێوەیه بەرنامەکه بەدەنگی من، که هەرگیز گوێم لێ نەبوو بوو، دەستی پێکرد و له



رادێووە پەخش بوو. بەرنامەکه به ئاراستەی سوریا و لوبنان و رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست و ئەوروپای ناوەڕاست ئاراسته دەکرا. یەکێك له گەورەترین ئاواتەکانی من سەردانی ئێستگەی نهێنی شۆڕش بوو که ماوەیەکی درێژ بوو هەمو ئێوارەیەك له رێگا لەگەڵ جوتیاراندا و هەروەها له بەغدا گوێم لێدەگرت پاش ئەوەی که رۆژنامەی «التاخی» زمان حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان داخرا، ئەم ئێستگەیه جێگرەوەی رۆژنامەکه بوو له کاتی شەڕ و جەنگی سارد لەنێوان حکومەتی ناوەندی و جوڵانەوەی کوردیدا. حکومەتی عیراقی به بوونی ئەم ئامرازە گرنگەی راگەیاندن به دەستی شۆڕشەوە نیگەران دەبوو لەبەر ئەوە وای به پەسند دەزانی ئیمتیازی رۆژنامەیەك بداته پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی دەنگی خامۆش بکا، چونکه ئەم دەزگایه خاوەنی کادیری تازیار و خاوەن ئاگا بوو له نهێنی کاروبارەکانی نێو عیراق و بەرنامەکانی خۆی به زۆربەی زمانه ناوچەییەکانی عیراق به عەرەبی و کوردی و ئاشوری و تورکمانی پەخش دەکرد. ئەمه سەرەڕای دوو زمانی بیانی که ئینگلیزی و فەرەنسی بوون. ئێستگەکه ئوتومبیلێکی جێبی چیایی تایبەتی هەبوو تا ئەندامان له کادیرانی ئیستگەکه له بارەگای کارکردنی خۆیانەوە بۆ ئیستگه بگوازێتەوە که له نێوان چۆمان و دەربەند له لای راستی رێگاکه به ئاراستەی حاجی هۆمەران لەسەر تەپۆڵکەیەك که تاڕادەیەك چیاکان چوار دەوریان دابوو. له لای باکورەوە چیای حەسارۆست بوو یان وەکو جوتیارانی ناوچەکه دەیانگوت هەڵگورد، و لای باشورەوە زنجیرەی سەکری سەکران که له قەسروماکۆسانەوە دەستی پێدەکرد و به ئاراستەی رۆژهەڵات رووی دەکردە سنورەکانی ئێران و له ئاراستەی رۆژهەڵاتیشەوە دەیپاراست، سەرەڕای ئەوەی که ئیستگەکه خۆشی له سنورەکانەوە نزیك بوو و تەنیا ده کیلومەتری هەوایی له ئیستگەکەوە دووربوو بەڵام به ئاراستەی شاری چۆماندا ئەوا بەتریەیەك دۆشکەی سوك و تۆپی (عەیار 30 ملیم) له هێرشی ئاسمانی، پارێزگاریان دەکرد. سەرەڕای ئەمەش ئیستگەکه له ژێر زەویدا بوو دار ئەستوندەگێکی که به هەوادا چوو بوو دیار بوو. بەم شێوەیه تا ساڵی 1974

ئیستگەکە هیچ پەلامارێکی چڕ و تایبەتی ئاسمانی نەکرایە سەر و کەلاشی فرۆکەیەکی ئەلیوشن لە نزیکی ئەوێ کەوتبوو و تیشکی خۆر لێیدەداو بریسکەیەکی تیژی زیوین لە بەدەنەکەیەوە دەبریسکایەوە و ئەمە هایدانێکی فرۆکەوانەکان بوو کە ئەگەر بێتو خۆیان بخەنە کارێکی گیانبازییەوە چ چارەنوسێکیان بەسەردێ. سەرەڕای ئەمە هێزێك بە ئەندازەی یەك سریە لە پێشمەرگەکانی هێزی تایبەتی هەڵگورد شەو و ڕۆژ دژی هەر ئەگەرێکی دابەزاندنی ئاسمانی پارێزگارییان لێدەکرد.

هەروەها لە دەرەوە لە مەودای یەك کیلومەتر چوارگۆشە بە تەل دڕوو چواردەوری گیرابوو و لەمەودای سێ کیلومەتریش نزیك کەوتنەوە قەدەغە بوو و تەنانەت ڕۆیشتن بەو ڕێیەدا چ جای مانەوە لەوێ کە کاری نەکردە بوو. ئێوارە لە نێو ئوتومبیلێکی جیبدا بووم و بە ڕێگایەکی شاخاویدا کە خۆم باش دەمزانی بە چ ئاراستەیەك دەچین بەڵام من زاتی ئەوەم نەدەکرد پرسیار لە شوفێرەکە بکەم و بێدەنگەم لێکرد تاگەیشتە خاڵی بازگەکە و لەوێ لەبەر ئەوەی پاسەوانەکان پێشتر نەیاندیتبووم پشکنیانم و پێم گوتن کە من لێرە بەدواوە حەفتەی دووجار بەپێی ئەو وادەیەی بۆ بەرنامەکە لە هەموو ڕۆژانێکی دووشەممە و چوارشەممە دارێژراوە، دێم بۆ ئێستگە. ئەفسەری بازگەکە وەڵامی دامەوە کە فەرمانی توند و لێبڕاوانەی پێدراوە کە ڕێگە نەدا بەهەر کەسێکی کە کارتی مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی پێ نەبێ بچێتە ژوورەوە، ئێمەش گەڕاینەوە بۆ مەکتەبی تەنفیزی و دیدەنیی دکتور مەحمودم کرد، ئەویش پسوڵەیەکی کاتیی دامێ کە مۆری مەکتەبی سیاسی بە سەرەوە بوو و بە خێرایی بۆی دەرچووین چونکە تەنیا بیست خولەکمان بۆ وادەی پێشکەش کردنی ڕاستەوخۆی بەرنامەکە مابوو. شوفێرەکە لە پێش منەوە بە ئەسپایی دەڕۆیشت چونکە ئێستگەکە ستۆدیۆی دەنگ بڕی نەبوو لەبەر ئەوە مایکەکە کەمترین دەنگیشی وەردەگرت و پەخش دەبوو ئەمەش دەبووە هۆی نانەوەی هاشە هاش بۆ گوێگرانی ڕادیۆ.



بەنێو خەندەکێکی کە لەسەر شێوەی ژمارە 4 هەڵکەندرا بوو، سەرەکەی بەدار و لق و پۆپی درەخت گیرا بوو چوومە خوارەوە. من دەبەنگیم کرد و دەستم بە دیواری خەندەکەکەوە ناو تۆپەڵە کەستەکێك بەنێو خەندەکەکەدا خلۆربۆوە و دەنگێکی نایەوە. تێبینم کرد نیشانەی نارەحەتبوون لەسەر روخساری لاوێکی ئەسمەری باڵابەرز کە دوو دەنگ وەرگری بە گوێکانییەوە نابوو دیارکەوت. ئەو بەسەر کاری شارەزای هونەریی ئیستگەکە رادەگەیشت. پاشان ناسیاریم لەگەڵیدا پەیداکرد. ئەو لاوە عەبدولخالق بوو کە لە پەیمانگاکانی چیکۆسلۆفاکیا لە ئەندازەی رادیو و کارەبا دەرچوو بوو و بە شۆڕشەوە پەیوەست بوو بوو و ئەم لێپرساوێتییە مەترسیدارەیان پێسپارد بوو.

بەرنامەی ئینگلیزی لە لایەن مامۆستا جەرجیس فەتحوڵای پارێزەر کە تازە بە تازە لە بەندیخانە دەرچوو بوو، پێشکەش دەکرا. ئەو پاش ئەوەی کە پێنج ساڵی لە بەندیخانە لە ژێر رەحمەتی پەتی سێدارەدا بەسەر برد بوو. ئازاد بوو بوو. ئەو، هێشتا لەخوێندنەوەی هەواڵەکان و راپۆرتی سیاسی بەردەوام بوو. تاوێك چاوەڕێم کرد و بینیم دەستی بەرز کردەوە و هۆشیارییدا بە عەبدولخالق کە بەرنامەکەی تەواو بوو بۆیە عەبدولخالق بە هەڵەداوان گڵۆپێکی سوری لەبەردەم پێشکەشکار هەڵکرد و قەوانێکی خستەسەر دەزگاکە تا مارشێکی سەربازیی بۆ گوێگران بڵاوبکاتەوە. مامۆستا جەرجیس هاتە دەرەوە، سەر و روخساری لە ئارەقدا شەڵاڵ بوو بوو. ئاماژەیەکی بۆ کردم تا لە جێگاکەکەی ئەو دابنیشم و هەر لەگەڵ کوژانەوەی گڵۆپە سورەکەدا دەست بە پێشکەشکردن بکەم. پاش چەند خولەکێك گڵۆپی سوور کوژایەوە و بە زمانی فەرەنسی پێشەکی بەرنامەکەم دەست پێکرد و ئینجا هەواڵەکانی بەرەی شەڕگەکانم یەك بە دوای یەکدا خوێندنەوە و بە راپۆرتی سیاسی کۆتایم بە بەرنامەکە هێنا. هەموو ئەمانە لە نیو کاتژمێر زیاتری نەخایاند. پاش ئەوە هاتمە دەرەوە و عەبدولخالق بە سرودی نەتەوەیی کوردی ((ئەی رەقیب)) کۆتایی بە ماوەی پەخشی رادیۆ هێنا. دەرگاکانمان داخست و هەمووومان بە یەکەوە هاتینە دەرێ و هەموویان لە پای

ئەو دەنگە باشەم! پیرۆزباییان لێکردم. لەو ڕۆژگارەدا منیش هەر وەکو هەموو لاوەکان بیروڕای توندەڕەوانەم هەبوو. لە وەڵامەکانی سەرکردەکانی شۆڕش لەمەڕ بەکارهێنانی گوزارشتگەلی هێز و زەبروزەنگ لە بەرامبەر دوژمنانی شۆڕشدا کەم و کورتیم لێدەگرتن و ئەمەش لەوەڕا هاتبوو کە شارەزایم بەڕادەی هێز و توانای شۆڕش کەم بوو.

شۆڕش تا ساڵی 1970 لە دە دانە تۆپی دژە هەوایی زیاتری نەبوو کە بەسەر ناوچەکانی سەرکردایەتی لە ناوچەی باڵەکیان و بادینان و ناوچەکانی سەفین و ڕزگاری دابەش کرابوون بەڵام تۆپی هاوەن هەر هێزێك دانەیەك یان دوو دانەی بە چەند گوللەیەکی کەم و دیاریکراو لەبەردەست بوو. سەرکەوتنەکانی جەنگاوەران هەمووی پشتی بە فاکتەری غافڵگیرکردن و تاکتیکی جەنگی پارتیزانی بەستبوو کە لەسەر لێدانی ڕێگاکانی هێڵی بزێوی سوپا و هێرشبردنە سەر کاروانەکانی ئۆتومبیلەکانی و پێگەکانی پێشەوەی سەربازگەکان بێئەوەی پەلاماری خودی سەربازگەکان بدرێ، چڕەبۆوە، ئامانجی شۆڕش لەم کارە چاندنی ترس لە نێو ڕیزەکانی سوپا و بەچۆکدا هێنانی حکومەت بۆ داخوازییەکانی گەلی کورد بوو بە کەمترین قوربانییەکی کە دەرەتانی تێدا بێ. بەڵام سەرەڕای ئەمەش هێندێك هێرشی گەورە کرایە سەر سەربازگەکان بەڵام لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا بوون هەروەکو لە شەڕی چیای هەندرێندا ڕوویدا کە تێیدا گەورەترین شەڕ لە نێوان سوپای عیراقی و پێشمەرگەدا ڕوویدا و لە ئاکامدا زیاتر لە فەوجێکی تەواو بە دیل گیرا و چەندین سریە قەڵاچۆکران و ژمارەیەکی گەورە لە تەقەمەنیی و ئازوخە بەردەستکەوت. هەروەها لە شەڕی دوکان کە چەند هێزێکی هاوبەش لە هێزی هەڵگورد و هێزی کاوە ئەنجامیاندا و لەوێدا سەربازگەی فەوجی دوکان داگیرکرا و دەیان کەس لە هێزەکانی حکومەت کوژران و ژمارەیەکی گەورەی سەرباز بە دیل گیران، بەڵام پێشمەرگە قوربانییەکی زۆریاندا بێ ئەوەی پێش بینی ئەمە بکەن ئەمەش بە هۆی تۆپبارانی تۆپی ئەو تانکانەوە بوو کە لە سلێمانییەوە گەیشتن بەر لەوەی پێشمەرگە لە سەربازگەکە دەربچن.



جاری واهەبوو ڕەخنەم لە شۆڕش دەگرت کە بۆچی مووچەیەکی دیاریکراو بۆ پێشمەرگە نابڕێتەوە، هەروەها لەبارەی جل و بەرگ و ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان سەرەوە و خوارەوەدا ڕەخنەم دەگرت. من بە هۆی گەشتی زۆروزەوەندەم بۆ هەمو هێزەکان هەروەها بە هۆی تێکەڵاویم لەگەڵ پێشمەرگە و گوێگرتن لە سکاڵاکانیان لە کەسانیتر زیاتر هەستم دەکرد و هەرجارێك کە دەگەڕامەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی دەستم دەکرد بە ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر وەزعەکە و من وام وێنا دەکرد کە بەچاوی بایەخەوە سەیر دەکرێ و لە مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری و بارەگای بارزانی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ و نەمدەزانی کە ڕاپۆرتەکە پاش خوێندنەوەی هەڵدەدرێتە نێو سەبەتەی فەرامۆشییەوە یان ڕەوانەی لای سەبری بۆتانی دەکرا تا لەسەر ڕەفە بەرزەکانی ئەرشیفی شۆڕش هەڵبگیرێ. هەروەها هەستم بە پێودانگە تایبەتییەکانی خزمایەتی و کەسایەتیی دەکرد وبە دوژمنی پلەیەکی شۆڕشم دادەنا، چونکە ئەم جۆرە پەیوەندی و بۆنانە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەسەکانیدا بە پێویست و گەوهەری دەزانرا و بێ ئەمە نەیاندەتوانی ئامانجەکانیان بهێننەدی، ئەم کارە دەبووە هۆی ئەوەی کە لایەنگیری کردن و پێکهێنانی دەستەبەندیی ناسروشتی لە نێو بەدەنی شۆڕشدا بجوڵێنێ. ئەم خەوشە تا دواین ڕۆژانی شۆڕش هەر ئاوا لەگەڵیدا مایەوە بەتایبەتی لە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە دا و باشترین نموونەش لەسەر ئەمە هێندێك جار یان لەوانەیە زۆربەی کات لێهاتوویی نەدەکرا بە پێوەری هەڵبژاردنی سەرکردە سەربازییەکان، ئەو کەسەی بیتوانیبایە ژمارەیەکی تەواو لە کەسانی عەشیرەتەکەی یان ناوچەکەی کۆبکاتەوە ئەوا بە فەرماندەی بەتالیون یان فەرماندەی سریە دادەمەزرا و ئیدی بەم ئاوایە... لەوانەشە من لەم کێشانەوپێوانەیەمدا هەڵەش بووبم، چونکە کۆمەڵگای پاشکەوتووی کوردستانی بۆ پێکهێنانی سوپاکەی خۆی بەدەر لەم کلێشەیە ڕازی نەدەبوو. هەروەها ئەم کلێشەیە دەبووە هۆی پێکهێنانی تێکەڵەیەکی سروشتی لە بەینی تاکەکانی یەك سریە یان یەك بەتالیوندا چونکە لەم حاڵەتەدا پیاوەکانی بە سەرکێشییەکی بەهێزترەوە بەرگرییان لە یەکتری دەکرد چونکە ئەوان سەرەڕای

پەیوەندی هەڤاڵێتی کە بەیەکترییەوە دەیبەستنەوە، ڕۆڵەی یەك خوێن و ڕەچەڵەکیش بوون. بەڵام هەر چەندێك لەبارەی پەسندیی ئەم شێوازەوە بگوترێ شێوازێکی پاشکەوتووە و زۆرجار دەبێتە هۆی شێواوی و پاشاگەردانییەکی توند و لەم حاڵەدا فەرماندەی بەتالیون دەبێتە سەرکردەی باڵا و پلاندانەری سریە یان بە تالیونەکەی و ڕەچاوی پێداویستیەکانی کەسانی دیکە ناکا و ئەگەر تێبینی کرد کە فلانە پێگە و نوختەیە مەترسیدارە و لە گرتن نایە، ئەوا لە ترسی ئەوەی قوربانییەکان لە ریزی هێزەکەی خۆی بدا ئەوا بەلایدا ناچێ چونکە پیاوەکانی لە خزمەکانی خۆیەتی و ئەمەش هێندێك جار دەبێتە هۆی یاخیبونێکی شێوە رووپۆش کراو.

گەلالە پێگەی سەخت و عاسێی شۆڕش بوو، و هەموو دەزگاکانی شۆڕش لەوێ بوون. ڕێگەی هاملتون کە لە ڕێگەی خانەوە ئەم ناوچەیە بە ئێرانەوە دەبەستێتەوە شاخوێنبەری بنچینەیی ناوچەکە بوو کە پێداویستییە ژیانییەکانی و ئەو پێداویستییانەی دیکەی لێوە دابین دەکرا کە لە خودی ناوچەکەدا بە سەختی دابین دەبوو. درێژی ڕێگاکە لە ناوچەی ڕزگارکراودا لە سەرەتای خاڵی سنوری ئێرانەوە تا ئەو بازگەیە کە پێشمەرگە لە نزیك گوندی جونديان پێش ئەوەی بگاتە شارۆکەی ڕەواندز لە لای باشورەوە، دایان نابوو دەگەیشتە نزیکەی شەست کیلومەتر. ئەم ناوچەیە لە رووی کارگێریی و ژیانی کۆمەڵایەتی و گوزەرانەوە هەروەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەچوو. ناوچەیەکی ئازاد بوو هەرچی پێتخۆش بوایە دەتکرد. لەوێدا هەمووان لە گیانی شۆڕشدا دەژیان، نە دوژمنایەتی تێدابوو نەکوشتن، نە دزی و تاوانی تێدا ئەنجام دەدرا، ئەمە لە حاڵێکدا کە هەمووان چەکداریش بوون یان لانی کەم دەمانچەیان پێبوو. ئەم ناوچەیە لە سەردەمە دوورەکان پەناگای ڕێگران و پیاوکوژان و لە یاسا دەرچووان بوو. چاودێری هەر کەسێکیان دەکرد کە لە وڵاتی فارسەوە بەرەو وڵاتی نێوان دوو رووبار دەهات. ئەم حاڵەتە هەر ئاوا مایەوە تا سەردەمی داگیرکردن و پاش ئەویش، بەڵام لە سەردەمی شۆڕش و پاش پەرەستاندنی نفوزی شۆڕش لەم هەرێمە لە سەرەتای



شەستەکاندا، وایلێکرد کە تائێستاش لە هەموو هەرێمەکانی دیکەی وڵات ئاسایش تر بێت. رووی جیاوازییەکەش لەمەدایە. بارەگای هەواڵگریی کە بە پاراستن ناسرا، ئەم دەزگایە گەشەی پێدراو دەستبژاردەیەك لەو رووناکبیرانەی بۆ دانرا کە بە ئازایەتی و دڵسۆزیی دەناسران و لە ماوەیەکی کەمدا وایلێهات کە بتوانێ زانیاری زۆر گرنگ لەبارەی جموجۆڵی یەکە سەربازییەکان بداتە شۆڕش و بە شوێن سیخوڕ و بەکرێگیراواندا بچێ و هەر کەسێك کە حکومەت هەوڵیدەدا لەناوچەکەدا بیچێنێ تا شێواوی و ئاژاوە و ئاڵۆزی بنێتەوە، دەستگیر بکا. ئەم دەزگایە مەسعود کوڕی بارزانی بەسەرکوتوویی سەرپەرشتی دەکردکە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییە بە نرخانەی کە پیاوانی ئەم مەکتەبە بۆ بەرژەوەندی شۆڕش کۆیان کردبۆوە، و هەروەها ئەو ژمارە زۆرەی بە کرێگیراوان و سیخوڕان کە لە هەردوو بەندیخانەی رایات و خەلاندا بوون لەوانەی کە حکومەت بۆ کاری تێکدان و جێبەجێ کردنی کارکردەوەی تیرۆرکردن ناردبوونی گەواهی بۆ دەدەن.

لە پاڵ ئەم دەزگا چالاکەوە دەزگایەکی دادوەریی دامەزرا کە ئەرکی بەسەر راگەیشتنی کاروباری داد و ئەم جۆرەشتانە بوو لە ناوچە رزگارکراوەکاندا و موحسین دزەیی وەزیری پێشووی کاروباری باکور سەرۆکایەتی دەکرد.

هەروەها هێندێك دەزگای کارگێری دیکە هەبوون کە ئەرکیان بەسەر راگەیشتنی کاروباری پەروەردە و فێرکردن بوو لە ناوچە رزگارکراوەکاندا. بەڵام ئەم دەزگایە بە هۆی بێتوانایی کادیرەکانی پەروەردە و فێرکردن لەو ساتەدا وەکو دەزگایەکی سست مابۆوە و تەنیا لە ساڵی 1974دا کاتێك کە هەزاران دەرچوو و مامۆستا و وانەبێژ بە شۆڕشەوە پەیوەست بوون، هێز و توانای وەدەرکەوت. بەڵام لە بارەی کاروباری تەندروستییەوە دکتور مەحمود بۆ خۆی بەرپرسیاری بوو چونکە ئەو خۆی پزیشك بوو و چەند ساڵێك لە کوردستان خزمەتی پزیشکی کرد بوو. بەڵام ئەم دەزگایەش بە هۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە لەوانەش کەمی پزیشك بەسستی مایەوە. لە هەموو ناوچە رزگارکراوەکاندا جگە لە یەك یان دوو پزیشك زیاتری لێ نەبوو. لەبەر ئەوە شۆڕش پەنای بردە بەرکردنەوەی خولێکی برین

پێچی بۆ ئامادەکردنی کادری تەندروستی کە ئەرکی سەرەکییان هاوڕێیەتی پێشمەرگە بوو بۆ بەرەکانی شەڕ بۆ تیمارکردنی بریندارەکان. بەڵام گیروگرفتی ئەم دەزگایە دەرمان و کەرەسەی هونەری بوو بۆ ئەنجامدانی نەشتەگەریی بچووك و گەورە. بەڵام دەزگای دارایی کە کاك سامی سەرپەرشتی دەکرد ئەوا هەروەك دەزگایەکی دابەشکردنی موچە وابوو و گرنگترین کارەکانی کڕینی کەرەسەی خۆراك و دابەشکردنی بوو بەسەر دوکانەکان و بەکاربەرانی لەناوچە رزگارکراوەکاندا. لە پەنا فەرمانگەی دارایی، مەکتەبی عەسکەری لە نێو بینایەکی نوێدا بوو کە لە چاو دەزگاکانی تردا پێدەچوو تازە بنیات نرابێت بێ. ئەم مەکتەبە نافیز جەلال سەرۆکایەتی دەکرد و سەرەڕای ئەو پلەیە و ئەو نازناوە گەورەیە وەکو بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری (ئاوی روونی پێ شلوێ نەدەبوو). کە پێویست وابوو خۆی ئۆپەراسیونەکانی هێرشبردن رێك بخات و هەڵبستێ بە داڕشتنی ستراتیژێکی گشتی کە هەموو هێزەکان کاری پێبکەن. بەڵکو کاری ئەو تەنیا لەسەر دابەش کردنی چەك و ((یارمەتی)) دابەشکردن بەسەر پێشمەرگە قەتیس بو بوو. ئەم مەکتەبە هەر ئاوا بەم حاڵەوە مایەوە تا دواین رۆژ لە تەمەنی شۆڕش و ئەمە سەرەڕای هەوڵەکانی کە لە دوا دواییەکانی شۆڕشدا بە کۆششی لیوا فوئاد عارف و هێندێك ئەفسەری ئەرکان کە عەرەب بوون لەوانەش سەرکردەی فیرقەی پێنج لیوا روکن کەمال مستەفا و فەرماندەی کولیژی سەربازیی عەمید روکن تەها یاسین کە لە ساڵی کۆتاییدا هاتنە ناو شۆڕش و دەیانویست ژوورێکی ئۆپەراسیونی جەنگی پێك بهێنرێ کە بەپێی چەمکی نوێ پلانی شەڕدابرێژێ، بەڵام ئەم کۆششانە لەبەردەم سەختگیریی هنێدێك لە ئەندامە کۆنەکانی مەکتەبی عەسکەری کە کادری سەربازیی نەبوون بە دەم بادی هەواوە چوو و من لەو بارەوەڕەدام کە هۆکاری ژێر کەوتنی ئەم هەوڵانە بۆ ئەوە نەدەگەڕایەوە کە متمانە بە ئەفسەرە نەتەوەخوازەکانی عەرەب نەدەکرا بەڵکو لەبەر ئەوەبوو کە زۆرینە باوەڕی بە شێوازە کلاسیکییەکان بوو. لە بەرامبەردا سوپای عیراقی پێشکەوتووترین چەکی کارگە جەنگییەکانی سۆڤێتی، سەرەڕای



کادرە پیشەییە سەربازییەکانی خۆی کە لە چیاکانی کوردستاندا مەشقیان دیتبوو، بەکاردەهێنا.

دەزگایەکی دیکە هەبوو بە هۆی ئەوە کە تەواو نهێنی بوو ناوبانگێکی کەمتری لەوانی دیکە هەبوو ئەم دەزگایەش دەزگای موخابەرەبوو کە بارەگاکەی لە نێو دۆڵی قووڵی قەیماسان بوو، لە لایەن لاوێکەوە بەرێوە دەبرا کە لە چەندین ناوەندی جیا جیای دەزگای پۆلیسی عیراقیدا کاری کردبوو، ئەم لاوە نەقیب شەوکەت ئیسماعیل بوو و راستەوخۆش بە بارەگای بارزانییەوە بەسترابۆوە. ئەم دەزگایە لە پسپۆڕیدا گەیشتە رادەیەك کە هەمو چفرەکانی دەزگای بێتەلی سوپای بە هەموو جۆرەکانییەوە شی دەکردەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو چفرانە بە پێی ماوەی زەمەنیی خۆیان بە تەواوی دەگۆڕان لەوانە هەیانبوو تەنیا بۆ یەك رۆژ بوو، هەیانبوو بۆ ماوەی یەك هەفتە و هەیانبوو بۆ ماوەی یەك مانگ، ئەمەش حکومەتی دەخستە تەنگاوترین هەڵوێستەوە چونکە هەموو جموجۆڵەکانی سوپا هەر تەنیا بە لێدانی بروسکەیەك لە یەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی تر ئاشکرا دەبوو! بەڵام چفرەی شۆڕش هەر هەمووی بە زمانی کوردی دەنوسرا و بە شێوازێکی ئەوتۆ ئاڵۆز کە حکومەت لە بەرامبەریدا دەستەوستان دەمایەوە و دەزگای ئیستیخباراتی سوپا چەندین جار هەوڵیدا ویژدانی هێندێك لە پیاوانی دەزگای موخابەرەی شۆڕش بکرێ بەڵام بێهودە بوو. دەزگای موخابەرەی شۆڕش ئەوەندە بەهێز بوو کە هەموو ناوچە ئازاد کراوەکانی لە زاخۆوە بۆ خانەقین بە توندیی بە یەکەوە دەبەستەوە، هەموو هێزێك بگرە هەموو بە تالیونێك دەزگایەکی بێتەلی ژمارە 9، 12ی هەبوو هەروەها بارەگاکانی لقەکانی حیزبیش ئەم جۆرە دەزگایەیان هەبوو.

من زۆر دەچوومە سەردانی مامۆستا جەرجیس چونکە هەروەکو دەردەکەوت ئەو تاکە کەس بوو کە گرنگی بە کتێب و سەرچاوە دەدا و کۆی دەکردنەوە و رێکی دەخستن لەبەر ئەوە زۆر لە لاوانی وەکو من سەردانی کتێبخانەکەیان دەکرد و ئەوێ تاکە دەرەتان بوو بۆ موتالاکردن و خوێندنەوە. ئەوێ کورسییەك و مێزێکی گەورەی لە ناوەڕاست بوو، ئەم پێداویستییانەش بەر لە ساڵی 1970 بە

کەمی لە نێو شۆڕشدا بەرچاودەکەوتن. ئێستا مادام یادێك لە دەزگاکانی شۆڕش دەگێرمەوە نابێ هێندێك دەزگای کاتیش لە بابەتی پەیمانگای کادیران کە مامۆستا جەرجیس دامەزرێنەری بوو، لە بیر بکەم.

لەماوەی چوار خولی ئەو پەیمانگایەدا ژمارەیەك کادیر تێیدا دەرچوون کە لە دوو سەد کەس کەمتر نەبوون. ئەو کادیرە حیزبیانە پاش دەرچوونیان لە ناوچە جیا جیاکاندا دیاریکران بۆ سازدان و هۆشیارکردنەوەی جەماوەری جوتیاران و کرێکاران. ئەم قوتابخانەیە بەرنامەی کۆمەڵە دەرسێکی بۆ دانرابوو کە تاڕادەیەك قورس بوون و کەسانی تایبەتمەند لە هەموو بوارەکاندا دەرسیان تێدا دەگوتەوە. گرنگترینی ئەم دەرسانە جەنگی هاوچەرخی پارتیزانی و راڤەکردنی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی حیزب و شۆڕشی کورد و مێژووی گەلی کورد و بابەتگەلی بنەڕەتی لە پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا و پرەنسیپە قانونییەکان و کۆمەڵناسی و مێژووی جولانەوەی سیاسی لە عیراق و مێژووی جولانەوەی کورد و چەند دەرسێکی تر. لە پاڵ ئەم خولە حیزبییانە خولی دیکەش ناوە ناوە بۆ ئامادەکردنی مامۆستایانی لادێ و برین پێچان دەکرانەوە و خولی دیکەش هەبوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کە لە ئەنجامی سیاسەتی حکومەت لە ناوچە کوردییەکاندا لە لایەك و بە هۆکاری ئەو شەڕەی کە لە نێوان هەردوو لادا بەڕێوەدەچوو لە لایەکی دیکەوە، هاتبوونە ئاراوە. زۆربەی زۆری ئەم پەیمانگایانە لەسەر شێوەی قوتابخانەی خاوەن بەشی ناوخۆیی رێکدەخران. قوتابیان لە هەموو لایەکی کوردستانەوە روویان تێدەکرد و بە درێژایی ماوەی خولەکە بە یەکەوە دەژیان. ئەم لایەنەش بۆ قوتابیانی پەیمانگای کادیرە حیزبییەکان سودبەخش بوو، ئەم مانەوەیە بە یەکەوە بۆ ماوەیەکی درێژ باشترین هۆکار و رێ و شوێنی بە یەکتری ئاشنابوون بوو لە نێوان پەروەردەکەرانی نەوەی نوێی رۆڵەکانی کوردستان کە پاشکەوتوویی عیراق لە یەکتریی دابڕی بوون. هەروەها ئەمە بۆنەیەکی باش بوو بۆ یەکخستنی زمانی کوردی، چونکە ئەوەی لە خانەقینەوە دەهات زاراوەی ناوچەی زاخۆ و ئامێدی و شوێنەکانی دیکەی نەدەزانی ئەمە سەرەڕای ئەوەی



ناوەندی کۆکردنەوەی هەموو وزە کوردییەکان لە لاوانی شۆڕشگێر بوو لەوانەی کە لە میانەی مانەوەیاندا پێکەوە ئاگاداری گیروگرفتەکانی یەکتری دەبوون و پاشان بەرەوناوچە جیا جیاکانی کوردستان دەگەڕانەوە و زانستێك و تاقیکردنەوەیەکی سیاسی کە نەیاندەزانی بە دەستیان دەهێنا.

لەو ماوەیەدا بیرم پەرێشان و پەشۆکاو بوو، نەمدەزانی کەس و کارم لە گوندەکەمان و براکەم لە بەغدا خەریکی چین. جاری واهەبوو بیرم دەکردەوە کە هەرگیز نایانبینمەوە چونکە لەوانەیە شۆڕش چەندین ساڵی تر درێژە بکێشێ، هەروەها جاری واهەبوو وام بیردەکردەوە کە بە پاسپۆرت نەبێ چاوم پێیان ناکەوێتەوە.

بەهاتنی وەرزی پایز لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ساڵی 1969 پلەی گەرمای هاوین لە کوردستان بەرەو فێنکی دەچوو. رۆژێکیان بۆ هاوڕێیەتی شاندێکی تەلەفزیونی فەرەنسی رایانسپاردم بچمە قەڵادزێ. شاندەکە دوو کەس بوون. ئێستا ناوەکانیانم نایەتەوە بیر. لە یەکێك لە گوندەکانی نزیك ناوپردان ئێسترێکمان بە کرێ گرت و بە ئاراستەی قەڵادزێدا کە دەکەوێتە سنوری هێزی کاوە. کەوتینەڕێ. ئێستاش دێتەوە بیرم کە ئێمە رۆژی 14 ئەیلول گەیشتینە ناو شاری رزگارکراو و رۆژی دوایی وێنەی سیمای ژیانی شارەکە و شێوازی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی و ئەو شتانەمان دەگرت.

بەرەبەیانی رۆژی 16 واتە بەر لەوەی بەرەبەیان دابێ بە ئاراستەی دەربەندی رانیە روومان کردە بەرەی شەڕ. لەوێ سوپا لە زارکی دەربەندەکەدا ئوردووی دامەزراند بوو و لە سەروچاوە و چوارقوڕنە هێزێکی لێبوو کە لە لیوایەك کەمتر نەبوو و بارەگای لیواکەش لە گوندی سەروچاوە بوو. بەڵام حامیەیەك بۆ دەریاچەی دوکان لە نزیك شارۆکەی رانیە دانرابوو. بە ماوەیەك پێش نیوەڕۆ ئێمە لە رووباری زێی خواروو دەپەڕینەوە. دەوروبەری کاتژمێر دە بەشێوەیەکی تەواو داگرتوو هەستی حەسرەت و شەیدا بوون بۆ کەس و کارم دایگرتم و وام لێهات بیرم لە دایکم و برا بچووکەکانم دەکردەوە و هەر دەتگوت هەموویان لەو ساتەدا لە بەردەمم راوەستاون. پاش چەند خولەکێك دەستم کرد بە راڤەکردنی وەزعی

خێزانەکەم بۆ دوو هاوەڵە فەرەنسییەکەم، ئەوانیش لەبارەی ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەم و خزمەکانم و ئەم جۆرە پرسانەوە دەستیان کرد بە پرسیارکردن. من نەمدەزانی هەر لەو کاتژمێرە رەشەدا خێزانەکەم، بگرە نە تەنیا هەر ئەوان بەڵکو هەموو گوندەکە رووبەڕووی مردن بۆتەوە. دەشێ ئەوەی من هەستم پێکردووە بە رێگەیەکی تیلیپاسی[1] بووبێ کە وای لە باوکم و براکانم و مامەکانم کردووە کە ئەوانیش لە ساتەوەختی تەنگانەیاندا بیرم بکەن و هەروەکو ئەوەی کە هاوارم بۆ بکەن و لە مەودای پێنج سەد کیلومەترەوە هانام بۆ بێنن. برا گەورەکەشم پاش ئەوەی کە بەڕیزێك گوللەی کلاشینکۆف بە دەستی ئەفسەرێك گوللە باران دەکرێ و لەسەر گیاکە دەکەوێ لەوانەیە بۆ دوایەمین جار بیری کردبم و ئاخی لەوە خواردبێ کە چاوی پێم نەکەوتەوە.

قەسابخانەیەکی دیکەش لەسەر هەمان ئەو شێوە قەسابخانە ترسناکە لە کوردستان دروست یەك مانگ پێش قەسابخانەی سوریا لە گوندی دەکان لە قەزای شێخان روویدا کە تێیدا سوپا حەفتا و حەوت منداڵ و ژن و پیری بە زیندوویی لە ئەشکەوتێکی نزیك گوندەکە سوتاند.

مێژووی بەعس پڕە لەم جۆرە قەسابخانانە. هەموو کەسێك لە عیراق دێتەوە بیری کە لە سلێمانی و کۆیە و زۆربەی شارە کوردییەکان و لە بەغداشدا چ تاوانێکیان ئەنجامدا پاش ئەوەی کە هەر لەگەڵ دەست گرتنیان بەسەر دەسەڵاتدا لە کودەتای شومی 8ی شوباتی 1963دا کە خەڵکانی بێتاوان کوژران و بە ئاشکرا دەستدرێژی کرایە سەر ناموسی خەڵك لە بارەگاکانی حەرەس قەومی و لە گرتووخانەکانی (خلف السدة). چەندین خەڵکی بێتاوان بەبێ هۆ لە سێدارە دران. چەندین خێزان بێ سەرپەرشت مانەوە و چەندین کچی لاو بە دەستی کوڕانی بەعس شەرەفیان زەوتکرا. ئەمەیە مێژووی رەشی بەعس. ئەم

1- تیلیپاسی: حاڵەتێکی وەکو دڵ خەبەردان کە لە دوورەوە مرۆڤ هەست بە روودانی پێشهاتی دڵتەزێن و کارەساتبار دەکا. (وەرگێڕ)



قەسابخانانەی ئەوان بەرنامەیەکی بڕیار لێدراوبوو. لەو کاتەوە بگرە هەر لەو ساتانەدا کە بە تاسەیەکی زۆر گەرم وگوڕەوە کەس و کاری خۆم وەبیرهاتەوە، هەر دەتگوت لەو کاتەدا هەستم دەکرد ئاگری گوللەکان سنگیان دەبڕێ و نێزەکانیشیان تەرمەکانیان شەق و پەق دەکا.

پاش تەواوکردنی ئەرکەکەمان لە بەرەی شەڕ دووبارە گەڕاینەوە بۆ قەڵادزێ و لەوێشەوە بە پیادە بۆ ناوپردان کەوتینە رێ و پاش سێ رۆژ گەیشتینەوە ناوپردان ئێوارێ چووینە لای دکتور مەحمود عوسمان، هەر هێندە دانیشتین دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو قەسابخانە ترسناکەی سۆریا. ئەو نەیدەزانی کە سۆریا گوندی منە و کوژراوەکان و بریندارەکان کەس و کار و برا و خوشك و کوڕە مامەکانی منن. من لە جێگای خۆم جووڵەم نەکرد تا لە راڤەکردنی ورد و درشتی قەسابخانەکە تەواو بوو هەروەکو کە لە بروسکەی هێزی زاخۆ بۆ بارەگای سەرکردایەتی هاتبوو. لە کۆتایی قسەکانیدا کە شۆکی کارەساتەکە دەنگی خنکاند بووم پێم گوت: ((ئەوانە کەس و کاری منن... ئەوە گوندی منە...)) بە پەلە هات و باوەشی پێداکردم و بە وشەی تازیەبارانە و گوزارشتی ورەوەبەرنان هێزی وەبەردەنام. پاش ئەوە گەڕامەوە بۆ ئەو کەپرەی کە لەگەڵ قەیسەردا تێیدا دادەنیشتم. لەوێ کۆمەڵێك لە برادەران لە لای دانیشتبوون. کاتێك چوومە ژوورەوە هەمووان تووشی شۆك هاتن و وەکو کۆمەڵە پەیکەرێکی بێ گیانیان لێهات. لەناو دەرگا راوەستام و پێم گوتن: ((لەوەی روویداوە ئاگادارم. ئەوەی ئێوەی قسەی لێدەکەن چیرۆکەکە هەر لە هەوەڵەوە تا کۆتاییەکەی دەزانم. هەواڵی قەسابخانەی کەس و کاری خۆم بیستووە)) لەسەر کورسییەك دانیشتم و هەستەکانی خۆمم دەخواردەوە و کۆڕەکە بۆ کۆڕی پرسە گۆڕا. خوالێخۆشبوو قەیسەر لەو سەفەرەی دوایی خۆیدا بۆ شاری ورمێ بڕێك شەڕابی کۆنی هێنابوو کە مەتران زیا دشتو بە دیاری دابوویە. قەیسەر لێی پرسیم کە بۆ بەرێوەبردنی مەراسیم و شتی تر دەتوانین چ بکەین، پێم گوت ئەمشەو دەخۆینەوە، هەر لەسەر قەولی ئیمرئولقەیس کاتێك سەرەخۆشییان لێکرد گوتی ((الیوم خمر و غدا أمر)).

بەم جۆرە کۆڕی دانیشتنەکەمان کرد بە کۆڕی شەڕاب خواردنەوە و هەوڵم دەدا ئازار و غەمەکانی خۆمی تێدا بنێژم.

بەڵام کاتژمێرێکی نەبرد کە شەراب خستمی و بوومە لاشەیەك و جگە لە دەنگی حەسەن زیرەك کە لەو تەسجیلەوە کە لەو کەپرەی تەنیشتمانەوە کە هێندێك لە کارمەندانی دەزگای پاراستنی لێ دادەنیشتن، هیچی دیکەم نەدەبیست.

ڕۆژی دووەم بانگ کرام بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی و نامەیەکیان دامێ بۆ بارەگای بارزانی و لەوێ لە ژێر دار بەڕوویەك لە دەرەوەی گوندی قەسروماکۆسان چاوم بە ئیدریس کەوت. پاش گوێگرتنم لە هێندێك ئامۆژگاری ورە و هیمەت وەبەرنان و هەروەها ئەو قسانەی کە لە حاڵەتی وەکو ئەوەی مندا دەگوترێ، زەرفێکی تەسلیم کردم کە بڕێك پارەی تێدا بوو بۆ ئەوەی وەکو یارمەتییەکی سەرەتایی بیگەیەنمە دانیشتوانی گوندەکە. ئەو بڕە پارەیەی کە ئەو کاتە ئیدریس دایمێ لەو سات و وەختەدا بڕێکی گەورە بوو، چونکە دارایی شۆڕش پشتی بە ئابونەی ئەندامان و پیتاکەکان دەبەست. پاش ئەوەی زەرفەکەم وەرگرت دەستم کرد بە ژماردنی پارەکان کە بڕی پێنج سەد دینار بوو، سوپاسی ئیدریسم کرد و گەڕامەوە بۆ خێوەتەکەمان بۆ ئەوەی خۆم بۆ سەفەری زاخۆ ئامادە بکەم. بەم جۆرە پاش چەند ڕۆژێك لەگەڵ کۆمەڵێك لە ڕێبواران کەوتینە ڕێ. (6) گەلاڵەمان بەجێ هێشت و پاش سێ ڕۆژ ڕۆیشتن، کە شەوی یەکەم لەکەونەگوندماینەوە و شەوی دووەم لە چام ماینەوە و ئێمە ڕۆیشتین تاگەیشتینە بارزان و شەوی سێیەم لە تەکیەی شێخ ئەحمەد ماینەوە و بەرەبەیانێکی زوو بە ئاراستەی باکوری ڕۆژئاوا ئەوێمان بەجێهێشت و پاش نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی سێلکی و پاش خواردنی نیسکێکی بەتام لە دیوانی ئەسعەد خۆشەڤی، بەرەو ڕۆژئاوا بەپێ ڕێگامان داگرت. پێش ئێوارە ئێمە لەسەر سنوری نێوان کوردستانی عیراق و کوردستانی تورکیا بووین، کە تەپۆڵکەیەك بوو پڕ لە لێڕەواری چڕ، چاوم بە لای باکور و باشوردا وەرگێڕا و ئەوەی کە لە جوانی سروشت هەرگیز نەمدیبوو، کەوتە بەرچاوم: زنجیرەیەك چیای جیا جیا و بە دوویەکدا تا ئەو پەڕی کە لە



حوکمی چاودایە بۆ ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات درێژدەبوونەوە. هەر کامێك لەو زنجیرانە بە هۆی ڕەنگ شکانەوەی تیشکی خۆرەوە بەسەر دارستانەکان و قەد پاڵەکانیدا، ڕەنگێکی جیاوازی بەخۆوە گرتبوو، لەبەردەم ئەم دیمەنانەدا بە حەپەساوی ڕاوەستابووم و گوتم: «نەمدەزانی سەر زەوینێك و وڵاتێکم بەم جوانییە سروشتییەوە هەیە. وەڵاهی ئەگەر موسا پێغەمبەر لە جیاتی چیای سابور لەسەر ئەم چیایە ڕاوەستابا، دەیگوت ئەمە سەر زەوینی میعادە!» پاشان بەناو ئەو شیوەدا شۆڕبووینەوە کە ڕووشین بەناویدا دەڕوا و ڕێگاکە جارێك بۆ لای ڕاست پێچی پێدەکردینەوە و جارێك بۆ لای چەپ. لە ڕێگا بە هۆی چڕ و پڕی دارودرەختە کێوییەکانەوە چەندین جار جەمەدانەکەم بە لقەکانەوە هەڵدەواسرا, ڕۆیشتین تا گەیشتینە بنی شیوەکە. لەوێ تاوێك پشووی خۆمان حەساندەوە پێش ئەوەی بە قەد پاڵی ڕۆژئاوادا سەرکەوین. ئەم گەشتە گەشتێکی زۆر قورس بوو چونکە کۆششێکی بەدەنی زۆری دەویست تا وای لێهات وێنای ئەوەم دەکرد کە ئیدی ئەژنوکانم ناتوانن تەحەمولی قورسایی لەشم بکەن.

دەمی شەو بوو کە گەیشتینە گوندێکی ڕێکانیان و بەرپرسە حیزبییەکە بەسەر دانیشتواندا دابەشی کردین. خۆوبەختم بەر خێزانێکی نەدار کەوتم کە تەنیا لە ژن و پیاوێك پێکهاتبوو، تەماشام کرد بەهۆی ئەوەی کە مانگاکەیان لە لەوەڕ نەهاتۆتەوە پەشۆکاون، و سەرنجمدا لە بارەی مانگاکەیانەوە گوت و بێژیانە.

ژنەکە: بۆچی ناچی بە دواییدا بگەڕێی، بەڵکو نزیك بێ.

پیاوەکە: چۆن دەتوانم بەم وەختە درەنگە و بەو شەوە تاریکە بچم؟

ژنەکە: ئەی ئەگەر گورگ هەڵیاندڕی؟

پیاوەکە: خەمی ئەوەت نەبێ. ئێستا دەچمە لای مەلا دەمی گورگ ببەستێ!

پیاوەکە وەدەرکەوت و زۆری پێنەچوو گەڕایەوە و مەلاشی لەگەڵدابوو. هەر هێندە دانیشتین پیرەمێردەکە لەبەر مەلا دەپارایەوە کە زوو دەست پێبکا. مەلا لەبەر خۆیەوە دەستی بە ورتە ورت کرد و لە کاتێکدا داوێکی ئەستوری پێبوو و بەدەست، گرێ بە دوای گرێدا لێی دەدا، هێندێك دوعای دەخوێند پاشان گوتی:

- ئێستا دەمی گورگان بەستراوە تەنانەت ئەگەر لە پەناشی بن هیچ جێی ترس نییە.
- پاش ئەوە نیشانەی ئاسودەییم لەسەر روخسارییاندا هەست پێکرد. بەڵام من قەناعەتم نەهات و بەوەی کە بە بەرچاومەوە روویدا ئاسوودە نەبووم. لە گاوانەکەم «گاڤان»، کە هێشتا هەر لەوێ راوەستابوو، پرسی:
- مانگاکەت بە چ لایەکدا بردبووە لەوەڕ؟
- بردبوومە جێگایەکی نزیك لە رۆژهەڵاتی گوند.

لە بەرامبەر ئەو خێزانە هەژارەدا کە میوانییان بووم، هەستم بە گوناه و بە تەنگەتاویی هەڵوێستی خۆم کرد چونکە لەبەردەم کێشەیەکدا بوون کە لەوە گەورەتر بوو بە میوانداریی منەوە خەریك بن. هەستم کرد کە وەکو ئەندامێك لە ئەندامانی ئەو خێزانە ئەرکی گەڕان بە دوای مانگادا دەکەوێتە سەر شانی من. هەر بۆیە وەختی خۆم و ئەوەندەی کە هێز و برستم تێدا مابوو پاش ئەوەی کە دوازدە کاتژمێر بە پێ رۆیشتبووم کردە خەڵات و بە خاوەن ماڵەکەم گوت:
- دەبابچین بە دوایدا بگەڕێین، هەر دەیدۆزینەوە.
- شەو تاریکە و وەخت درەنگە و حەزناکەم ئەرکێکی وا بخەمە سەرتۆ، تۆ ماندووی.
- ئەی چۆن، ئەی وازی لێبێنین ببێتە خۆراکی گورگان؟
- من لە گورکان لێی ناترسم. مەلا دەمی بەستوون!

پاش پێداگریی من و پاڵپشتی کردنی ژنەکەی لە پێداگرییەکەم، بۆ دۆزینەوەی مانگاکە چووینە دەرەوە. ئەو لە پێشمەوە دەرۆیشت و منیش بە دوایدا تا گەیشتینە ناو شیوێکی زۆر قوڵەوە لە دەوروبەری گوندەکە و لەوێ دیتمانەوە ئاهوناڵینی لێدەهات، هەردوو دەستی لە نێو قوڕدا رۆچوو بوون و نەیدەتوانی لەشی خۆی بێنێتە دەرێ. تا ئەژنۆکانمان چووینە ناو قوڕەکە و کلکمان گرت و یارمەتیماندا تا بێتە دەرەوە و بە شانازییەوە گەڕاینەوە.

لە تەنیشت ئاگرەکەوە تەنورێك بوو لە ناوەڕاستی گۆڕایی ژوورەکە خرابووە نێو زەوییەکە، جێگایان بۆ ئامادەکردم. بەڵام سەرەڕای شەکەتی و غەم و



کەسەری دڵم، ئەسپێ نەیانهێشت خەوێکی ئارامم لێ بکەوێ. بەرەبەیان گوێم لە خاوەن ماڵ بوو بە ژنەکەی دەگوت:
- میوانەکەمان ئەفەندییە دەبێ کولێرەی گەنمی بۆ دروست بکەی!
- بەشی یەك یان دوو کولێرەمان ئاردی گەنم ماوە!

بە ژنەکەم گوت: مەبەست لە گەنم چییە؟ بۆ نان هەمووی نانی گەنم نییە؟

ژنەکە گوتی: گەمارۆ و وەزعەکە ناچاری کردین نانی جۆ و هەرزن بخۆین!

پاشان دیقەتمدا هەویرەکەی دەشێلا و ئەونینۆکە ئەستورانەی بە هۆی ئەوەی کەچڵك و پیسی تێدا کۆببونەوە، خستبوونە نێو هەویرەکە و پاشان بەتەنوری دادا و بە گەرمی هێنای!

لێرەدا پێویست بە گێڕانەوەی هەموو ئەو رووداوانە ناکا کە تووشم هاتن. لە رێگا بە دەست تاڵترین ئازارەوە کە خواردنەوەی ئازارەکانم و روو وەرگێڕانم لە بیر و خەیاڵی رەش کە دڵی دەگوشیم لە پێشبینیی ئەوەی کە چاوەڕێم دەکا و پرس و پرسیاری سوتێنەرم لەوانەی لەنێو کارەساتەکەدا بوون یان گیانیان تێدا لە دەستدا، دەمناڵاند، تا بەم حاڵەوە پاش دوازدە رۆژ رێگا کوتانەوە دواجار گەیشتمە بارەگای عیسا سوار لە گەڵی هارونا لە نزیك گوندی بێتاس و من ئاوا لەم حاڵەتە دەوروونییەدا بووم. ئێواری لەهەر ماڵێك دەگێرسامەوە پاڵەوانی داستانەکە و جێگەی چاودێری و قسە و باس. بووم چونکە هەمووان لە رێگەی ئێستگەی شۆڕشەوە هەواڵی قەسابخانەکەیان بیستبوو. ئەو رۆژانە سەخت ترین رۆژانی ژیانم بوون، چونکە هەرگیز نەگریام و هەموو ئەو کارەی کە پێی هەڵدەستام ئەوەبوو کە هەر گا قەسابخانەکەم وەبیردەهاتەوە لە جێگای خۆم وشك دەبووم. چونکە هەر لە بچووکیمانەوە پەروەردەکەمان وای فێرکردبووین هەستەکانی خۆمان بخۆینەوە و هەستەکانی خۆمان لە نێو خۆماندا بنێژین و خاڵە لاوازەکانی خۆمان بشارینەوە.

کاتێك گەیشتمە بارەگای هێز عیسا سوار ئامادەسازیی بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هێرشێکی سەربازیی دەکرد کە دەکرایە سەر ناوچەکە. بۆیە ئامۆژگاری

کردم کە چەند رۆژێك لە یەکێك لەو گوندانە بەسەر بەرم تا خۆی ئاگادارم دەکاتەوە. چوومە گوندی لیڤۆ و ماوەی یەك هەفتەی تەواو لەویٚ مامەوە تا یەکێك لە پێشمەرگە ئاشورییەکان بە ناوی ئیلیا «سالّی 1974 لە دەشتی سلیڤانی شەهید بوو» لە لایەن عیسا سوارەوە هات تا ئاگادارم بکا کە دەتوانم بچمە گوندی دیرابون و لەوێوە پەیوەندی بە یەکێك لە زاخۆ بکەم بۆ ئەوەی بڕی پارەکە تەسلیم بکا و بەسەریاندا دابەشی بکا. سواری دوو ئەسپ کە بۆیان ئامادە کردبووین، بووین و ئێواریٚ روومان کردە دیرابون لەسەر سنوری سوریا-تورکیا. من دەمزانی سەفەرەکە هەر لە ئێوارێوە تا سبەی بەیانی بەسوارییی دەخایەنیٚ و ماوەیەکی کورت پێش نیوە شەو ئێمە لە رێگای گشتی زاخۆ و ناحیەی ئاسهی لە نزیك گوندی حەسەن ئاڤا دەپەڕینەوە کە سوپا داگیری کردبوو و سەنگەرەکانی لێرەو لەویٚ بڵاوببوونەوە. شەو ئارام و ئاسمان ساف و بێگەرد بوو و هەزاران ئەستێرە دەدرەوشانەوە. ئێمە بە وریاییەوە دەڕۆیشتین چونکە جاش و سوپا لە رێگا بۆسەیان دەنایەوە. کەش و هەوای رۆیشتنەکەمان خامۆش بوو و تەنیا شتێك کە شلوێی دەکرد رەوینی سەگەلی دڕ بوو کە گوندەکەیان بەجێهێشت و روویان کردە سەربازگەکانی سوپا بۆ ئەوەی لەبەر پاشماوەکانیان شتێکیان وەگیر بکەویٚ. ئەو گوندانە لەبەر سوتاندن و بۆردومانی ئاسمانی و تۆپخانە چۆڵیان کردبوو. سیڕە سیڕی سیسرکە و قیڕەقیڕی بۆقان لە دوورەوە لە نێو ئەو شیوەوە کە ئاوی پێدا دەڕۆیشت دەگەیشتە بەرگوێمان. چووینە نێو شیوەکەوە تا ئەسپەکانمان ئاو بدەین، پاشان سوار بووینەوە و بەخێرایی بۆی دەرچووین چونکە مەترسی لێمانەوە نزیك بوو. ماوەی دوو کاتژمێر رێگامان لەبەر رۆشنایی مانگ بڕی و پاشان بە تەواوی مانگ لێمان ون بوو. هەوای ساردی پایز سەر و روخسارمانی دەلاواندەوە تا وایلێهات بە رادەیەك هەستمان بە سەرما کرد هەروەکو لە چلەی زستاندا بین.

ئیلیا لە ئەسپ دابەزی و ئەو هەر دەتگوت بەرەو مردن دەچیٚ ئاوا هەڵ دەلەرزی. پێم گوت چیتە؟



ئەو کە ترسناکی شەو و سەرما و سەر ئێشە وەکو مۆتەکە لەسەر سەری بوو وەڵامی دامەوە: من نەخۆشم. ئێمە لەسەرمان هەڵ دەلەرزین. جگەرەیەکم دەرهێنا و دامە دەستی. دوای ماوەیەك پشوودان، ملی رێگامان گرتەوە و لە برسان خەریك بوو گیانمان دەردەچوو. ئێمە هیچمان نەخواردبوو. شیوی ئێوارەمان تەنیا کولێرەیەك و چەند تەماتەیەك بوو کە لە دواین بارەگای پێشمەرگە کە پێدا تێپەڕ ببووین، خواردبوومان.

بەر لەوەی بەرەبەیان دابیٚ گەیشتینە دیرابون و لە برسان زکی خۆمان هەڵدەگوشی. لەگەڵ یەکەمین گزنگی هەتاودا رامان کردە ناو باخەکان و بە دوای بەروبومێکدا دەگەڕاین. جگە لە هەنجیر شتێکی ترمان نەدیتەوە. بەڵام ئەوەندەمان هەنجیر خوارد تا سکمان پڕ بوو و هاتینەوە سەر خۆمان. چووینە ناو باخێکی دوور و ئەسپەکانمان بەستنەوە تا لەویٚ بلەوەڕێن.

خەو بردمییەوە و تاگوێم لە دەنگی ئیلیا بوو هەڵی ستاندم تا نان بخۆم ئینجا خەبەرم بۆوە. چاوم هەڵگلۆفی و بینیم دەسەسڕێك پڕ لە نانی رەق و پەنیر و جاجیك لەوێیە. پێم گوت: «ئەمەت لە کویٚ دەستکەوت. چوومە ئاشەکانی رۆژئاوای گوندەکە و لەویٚ خەڵکێکم بینی لە فیشخابوورەوە بۆ هاڕینی گەنمەکانیان هاتبوونە ئەویٚ و ئەمەیان دامیٚ». بە نەوسنییەوە دەستم کرد بە خواردن و پاشماوەکەشم لە دەسەسڕەکەدا پێچیایەوە و لەسەر درەختێك دامنا بۆ ئێوارە.

قەسابخانەکەی گوندی سۆریا، ترس و تۆقینی بەڕادەیەك خستبووە نێو دڵی دانیشتووانی ناوچەکە کە وای لێکردبوون گوندەکان و ماڵەکانی خۆیان بەجیٚ بهێڵن و رووبکەنە چیاکان و دۆڵەکان و شارەکان و شوێنەکانی دیکە. بەم جۆرە دیرابونمان بە چۆڵی و بیٚ دانیشتوان بینی. ئەویٚ جگە لە سەگەلی دڕ شتێکی دیکەی لیٚ نەبوو. چاوم لیٚ بوو رەوە بە رەوە بە دوای یەکدا لە ماڵێکەوە دەچن بۆ ماڵێکی دیکە. گوێدرێژێکیش لە دەوروبەری گوندەکە بیٚ باك بەرامبەر بە دوا رۆژی خۆی و بێباك لە مەترسی گەلەگورگ کە چەند رۆژێك پێشتر هێندێکیان

هەڵدڕی بوو، بۆ خۆی دەلەوەڕا. چواردە ساڵ پێشتر من لە گوندی دیرابون ژیا بووم، ئەو کاتە قوتابی پۆلی دووی سەرەتایی بووم و لەگەڵ برا کوژراوەکەم و نەنکی مردووم لە خانوویەکدا بووین کە باوکم بۆ خوێندنی ئێمە بەکرێی گرتبوو تا لە قوتابخانەی دیرابوون بخوێنین چونکە گوندەکەی خۆمان بچووك بوو و قوتابخانەی تێدانەبوو. لەوکاتەوە ئەمە یەکەم جار بوو کە سەردانی گوندەکەم دەکرد. حەسرەت و تاسەم بۆ سەردانی ئەو ماڵەی کە رۆژێك لەگەڵ برا کوژراوەکەم تێیدا دادەنیشتین، بەرزببۆوە. گەیشتمە خانووەکە و بینیم هەموو دەرگاکانی بە تەواوی داخراون. بە دەوریدا سوڕامەوە و دەلاقەیەکی بچوکم لە یەکێك لە لاتەنیشتەکانی دۆزییەوە پاش هەوڵدانێکی زۆر توانیم لەوێوە بچمە ژوورەوە و تفەنگەکەم بە دوای خۆمدا راکێشایە ناوەوە. لەوێ لە حەوشەی ماڵەکە ئەو زەیتونەی کە رۆژگارێك لەگەڵ براکەم چاندبووم گەورە ببوو ببووە درەختێکی گەورە. بەڵام ئەو دارمێوەی کە بە دەستی خۆم چاندبووم بەسەر دارتوویەکدا چوو بوو و پیر بوو بوو. لەو ژوورە نزیك بوومەوە کە تێیدا دەخەوتین، بە قۆنداغی تفەنگ پاڵم بە دەرگاکەیەوە نا بینیم پڕکراوە لە کا و تەماتەی سور بریسکەیان دەدا هەر دەتگوت تازە لێکراونەوە. دەستەسڕەکەم لێ پڕکرد و دواین نیگامان بە ژووەکەدا کە پێم وابوو پاش ئێمە کەسی تێدا دانەنیشتووە، گێڕاو پاشان گەڕامەوە دواوە و بینیم هەنگ لێرەو لەوێ هەڵدەفڕن، پاش ئەوەی بۆ شوێنەکەیان گەڕام شانەکانیم دیتەوە و دەستم بە یەکێك بە سەبەتەکاندا کرد و پارچەیەکم لێ دەرهێنا و ئینجا گەڕامەوە بۆ ئەو باخەی ئیلیای لێبوو. ئیلیا سەری سوڕمابوو و چاوی بەو شتانەی کە هێنا بوومن لە تەماتە و هەنگوین روون بۆوە و دەستمان کرد بە خواردن تاکو تێرمان لێ خوارد. ئێوارە هەردوو ئەسپەکانمان ئامادە کرد و لە دیرابونەوە بە ئاراستەی فیشخابور هاتینە خوارێ کە لەوێ دوو سریەی سوپا سەرەڕای سەد کەس لە پۆلیس و جاشەکانی سەر بە موشیر ئیسماعیل رۆڤی لێ بوو. هەر چەند لە کاتی تاریکیدا بووین بەڵام جەمەدانە سورەکانمان واتا جەمەدانی بارزانییانەمان ئاشکرای دەکردین. لە لای



دارستان و رەزەکانەوە چووینە نێو گوندەکە و لە کاتێکدا لە نێو گوندەکەدا بووین خۆمان رووبەڕوو لەگەڵ دوو لە جاشەکانی موشیر ئاغادا دیتەوە، سڵاومان لێکردن و ئەوانیش وەڵامی سڵاوەکەیان دایەوە و بە رێگای خۆیاندا رۆیشتن. من لە هەر ساتێکدا پێشبینی ئەوەم دەکرد کە لە دواوەڕا تەقەمان لێدەکەن و هەردووکمان دەکوژرێین و گوندەکەش دەبێتە قوربانیی ئێمە چونکە حوکمێکی عورفی دەرچوو بوو کە هەر گوندێکی پارتییەکان چوونە ناویەوە بیسوتێنن. لە راستیدا من لەبەر خۆم نەدەترسام هێندەی ئەوەی کە لەو حاڵەتەدا لە چارەنووسی گوندەکە دەترسام. بەم شێوەیە بەرەو بەرپرسی پارتی لە گوندەکە چووین بێئەوەی کێشەیەکمان بێتەڕێ. لە ژوورەوە ئێمەی لە ژوورێکی دواوە دانیشاند. ئێمە لە بارەی مەسەلەکەوە ئاگادارمان کردەوە و ئینجا پێی گوتم: ((بگەڕێوە بۆ دیرابون تا من ئاگاداری کەسانی پەیوەندیدار لەناو زاخۆ دەکەمەوە و ئەگەر پێویستیش بوو لەناو موسڵیش، و دوای چەند رۆژێك وەڵامت دەدەمەوە)).

پاش ئەوەی لە کارەکەمان تەواو بووین وام بە باش زانی کە بە پەلە بگەڕێینەوە بۆ ناو گوندەکە بە تایبەتی دوای ئەوەی کە تێبینیمان کرد ئەوێ جاشی تێدایە. لە بەرامبەر پێداگریی ئیلیا بۆ سەردانی ماڵی موختار ((تۆما قازی)) نەمتوانی خۆم دەرباز بکەم. لە تاریکیدا بەنێو کوڵانەکاندا پێدزکەمان کرد و چووینە ناو ماڵی موختار. لەوێ کە بینیمان کۆمەڵێکی زۆر لە ژنان چەند مەنجەڵ خواردنیان دروست کردووە زۆر سەرمان سوڕما. پرسیمان چ بۆنەیەك هەیە، ژنەکان گوتیان ((ئەوان خواردن بۆ هەژاران دروست دەکەن. سبەی یادی یەکەم ساڵی کوچی دوایی ژنی موختارە)) پاش چەند ساتێك قاپی پڕ لە خواردن لە بەردەمماندا قەرەباڵغ بوون. بە تێرایی خۆمان لەوێ نانمان خوارد و پاشان بڕێکی تەواو شەکر و چا و پەنیر و نانمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرت و هەمدیسان گەڕاینەوە بۆ باخچەکانی دێرابون. پاش چەند رۆژێك لاندروڤەرێك بەبیانووی ئەوەی کەل و پەلی بەجێماوی کەسێك دەگوازێتەوە هاتە نێو گوندی دیرابون. شوفێرەکە هاتە لامان و نامەیەکی دایەدەستم ئیمزایەکی ئاشنای بەسەرەوە بوو. بڕە پارەکەم

تەسلیم کرد و هەروەها هەڕەشەشم کرد لەوەی هەر جۆرە دزی و لێدزینەوەیەك لەو پارەیە لە دابەشکردن بەسەر خاوەنەکانیاندا رووبدات. بەم جۆرە یەك هەفتەی تەواو لەگەڵ ئیلیا لەم گوندە چۆڵکراوەدا کە هەموو دانیشتوانەکانی بریتی بوون لە سەگەل و گوێدرێژ و ئەسپێ لە کاتی شەوان و مێش و مەگەز لە رۆژاندا، ماینەوە. ئێوارە کەمێك هەنگوین و جاجیکمان خوارد و ئەسپەکانمان ئامادە کرد و ئینجا بە نێوان زنجیرە چیای بێخێر و ئەو رەبیانەدا کە بە درێژایی چیاکە بەسەر زاخۆیاندا دەڕوانی کەوتینە رێ. پاش نیوە شەو جارێکی تر گەیشتینە سەر رێگای زاخۆ بۆ تورکیا. سەرنجم لە گڵۆپە کارەباییەکاندا کە بەسەر شاری زاخۆ دەدرەوشانەوە، هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاو حەسرەتم بۆ هەموو برادەرەکانم دەخواست کە لەو ساتەدا لە شاری زاخۆ لە ماڵەکانی خۆیاندا نوستبوون. بە درێژایی شەو هەر رۆیشتین تا بەرەبەیان گەیشتینەوە بارەگای عیسا سوار. دیدەنیم کرد و سوپاسم کرد و ئینجا ماڵئاوایم لێکرد، هەروەها سوپاسی ئیلیام کرد کە لەو سەفەرەدا، هاوڕێیەتی کردووم. بە ئاراستەی گەلاڵە بارەگام بەجێهێشت و کەوتمە رێ.

لەو رووداوە رێکەوتە سەیرەی کە هاتە پێشم ئەوەبوو کە ئێوارە لە ناوچەی گولی گەیشتمە گوندێك. من هەر بە تەنیا بووم و هاوەڵم نەبوو. بوومە میوانی خێزانێك کە لە پیاوێکی بە تەمەن و ژنەکەی پێکهاتبوو. تفەنگەکەم و کۆڵەپشتەکەم لە گۆشەیەك دانا و دانیشتم. لەو کاتەدا خاوەن ماڵەکە هەستا بۆ نوێژکردن و من لە جێگای خۆم دانیشتبووم. ژنەکە بە تووڕەییەوە پێی گوتم:

- ئەگەر لە حاجی ناترسی، با ترسی خوا لە دڵتدا بێ، هەستە لەگەڵ ئەو نوێژ بکە. بە هەموو نەزاکەتێکەوە وەڵامیم دایەوە: من مەسیحییم.

لێبوردنی خواست و گوتی:

- هەموومان براین. تکا دەکەم لێم مەگرە وەڵاهی کوردییەکەت ئەوەندە رەوان بوو بەسەهوی بردم.



مەسیحییەکانی ئەم ناوچەیەی ئێمە زمان قورسییەکیان هەیە کە ئێمە بەوەڕا دەیانناسین تۆ خەڵکی کوێی؟

پێم گوت: ((من گەزنەخیم)).

کاتێك حاجی لە نوێژکردن تەواو بوو و بن و بنەچەکی ناسیم ئاوڕی دایەوە لای ژنەکەی و پێی گوت:

- گەزنەخی نیڤ موسڵمانن. گوشتی بەراز ناخۆن و عەرەق ناخۆنەوە و بە داب و نەریتە عەشایرییەکانەوە پابەندن. پاشان رووی کردە من و پێی گوتم ئێستا چیرۆکێکت لەبارەی باپیرتەوە کە هەروەکو لە بەساڵداچووانی گوندەکە بیستوومە بۆ دەگێڕمەوە:
- باپیرت ((سەر نژدە)) ((سەرۆك چەتە)) بوو. هێندێك برادەری یاخی لە عەشیرەتەکانی گەودان و گراڤیان هەبوون. ئەوانە بۆ تالاّن و برۆ و دزینی مەڕ و ماڵات دەچوونە ویلایەتی هەکاری و وان و ناوچەکانی بۆتان و شڕناخ. باپیرت بە هۆی مەڕێکەوە بە دەستی شوانێکی یەکچاو! دەکوژرێ. هەروەکو هەزاران جار ئەم چیرۆکەم نەبیستبێ.
- ئەو رووداوە چۆن بوو مام حاجی؟
- جارێکیان پەلاماری پەزی گوندەکە دەدەن و شوانەکان دەبەستنەوە و چاویشیان دەبەستن. ئینجا دەست دەکەن بە هەڵبژاردنی شەکی گەورە و قەڵەو و دەیاندەنە پێش خۆیان و ماوەیەکی کەم دوور دەکەونەوە. لەو کاتەدا باپیرت بە دەستەی چەتەکەی دەڵێ:
- شەکێکی رەش لەبەر چنگم دەربازی بوو دەگەڕێمەوە نێو رانەکە و دەیهێنم!

هەوڵدانی برادەرەکانی بۆ ئەوەی رێگای پێنەدەن بێهوودە دەبێ، دەگەڕێتەوە و لەو دەمەدا کە ئەو لە نێو رانەکەدا لە شەکەکە دەگەڕێ، یەکێك لە شوانەکان شەتەك پێچەکەی دەکرێتەوە و تفەنگەکەی ئاراستەی ئەو دەکا و لەوێ دەیکوژێ.

- ئەو پیاوە باپیری من نەبوو بەڵکو باوکی باپیرم بووە! چونکە باپیرم هەروەکو بەمن گەیشتۆتەوە بە پێچەوانەی باوکی پیاوێکی پاك و بە پارێزبووە و بە ئارەقی نێوچەوانی رۆزیی خۆی پەیداکردووە!

– لەوەی باوکی باپیرت کردوویەتی شەرمەزار مەبە. لە سەردەمانی رابردوودا حاڵی وڵاتانی عوسمانی بەهۆی خراپی کاری بەڕێوەبردن و زوڵم کردن بەم شێوەیە بوو، ئەم جۆرە کارانە بەپێوەری پیاوەتیی دەژمێردرا!

بەرەبەیان بەجێم هێشتن و رووم کردە گوندی لیڤۆ بۆ ئەوەی شەو لەوێ بمێنمەوە. لەوێ رێکەوتێکی باشم بۆ هات و تووشی کەسێکی گاڵتەچی و رووخۆش هاتم ناوی ئیبراهیم بەرخۆ بوو دەویویست سەفەری گەڵاڵە بکا. لەو سەفەرە دژوارەدا بوو بە باشترین یاوەرم. ئیبراهیم ئەسپێکی پیر و لەڕی هەبوو هێندێك جانتای لێ بارکرابوو کە پڕ لە دەرمان بوو. ئیبراهیم پیشەی برین پێچی بەجێدەهێنا و ئەمەشی وەکو سەرپۆشێك بەکاردەهێنا بۆ شاردنەوەی کارەکەی خۆی کە ئەندامی لیژنەیەکی کۆماندۆ بوو کە بە کاری فڕاندن و کوشتنی جاشەکان و پیاوانی ئیستخباراتی حکوومەت لە نێو شارەکان هەڵدەستا و ئەوە بوو کە بەشداری لەو هەوڵەدا بۆ کوشتنی حەسەن زاوێتە و جەماعەتەکەی لە ناوەڕاستی موسڵ کرد و هەروەها کاروکردەوەی تری لە زاخۆ و شارە کوردییەکانی تر لە دژی بەکرێگیراوانی حکوومەت ئەنجامدا. ئەو کاتەی کە من پێی گەیشتم بە کوشتنی یازدە کەس تۆمەتبار کرابوو.

لەبەرئەوەی ئیبراهیم برینپێچ بوو برادەری زۆری لەو گوندانە هەبوون کە لەسەر رێگەمان بوون، چونکە دانیشتوانی ئەو گوندە دوورە دەستانە هیچ جۆرە چارەسەرێك و دەرمان و چاودێری تەندروستییان نەبوو. لەهەر ماڵێك بووباین داوەتێکی گەورەیان بۆ ساز دەکردین بەتایبەتی لە گوندە ئاشورییەکانی ناوچەی بەرواری باڵا کە لەوێ زیاتر لە یەك هەفتە ماینەوە و لە گوندێکەوە دەچووین بۆ گوندێکی تر و دەربەستی کات و رۆژ نەبووین و هەر لەوێ بۆ یەکەم جار بە دیداری ماریوئالاها مەترانی دوری گەیشتم و شەوێکمان لە میوانداریی ئەودا بەسەر برد. ئەم مەترانە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو. ئەم ئەنجوومەنە ئەنجوومەنێکی راوێژکاری بوو لە پیاوماقوڵانی کوردستان، لەسەر شێوازی ئەنجوومەنی لۆردەکانی بەریتانیا پێکهاتبوو، هەڵبەتە وێرای



جیاوازییەکانی نێوانیان! سەفەرەکەمان کە هێندێك جار بەپێ و هێندێك جار بە سواری بەسەر پشتی ئەسپەوە بوو، سەفەرێکی خۆش و بەتام بوو. ئەوەش کە زیاتر سەفەرەکەی خۆش و بەتام دەکرد ئەوەبوو کە ئیبراهیم ئەسجیلێکی لەگەڵ کۆمەڵێك شریتی کوردی پێبوو و تەسجیلەکەی لەسەر پشتی ئەسپەکە دەبەستەوە و دەنگی محەمەد عارف بەنێو دۆڵەکان و چیاکاندا وەك تاسە و ئاواتێك بۆ ئازادی دەنگی دەدایەوە. جاری واهەبوو ئیبراهیم لەسەر ریتمی دەنگی دەهۆڵ و زورنا بەسەماکردنەوە بە رێگادا دەڕۆیشت. بەم شێوەیە توانیمان ناوچەی نێروە و رێکان و بارزان ببڕین تا رۆژێك گەیشتینە بارزان. لە بارزان چووینە تەکیەی شێخ ئەحمەد بارزانی شەوێکمان لەوێ بردە سەر.

ئێوارەی رۆژی دواتر ئیبراهیم پێداگری کرد کە شەوێکی تریش لە گوندێکی دیکەی بارزانییان لە میوانی کەسێك بەناوی پیرۆ بەرینە سەر. ژنەکەی ئەو پیاوە دەگاتە حاڵی مردن و مێردەکەی رەوانەی نەخۆشخانەی هەولێری دەکا. بەڵام هیچ چارەسەرێکی نابێ و پاشان دەینێرنە نەخۆشخانەی خاچی سوور لە ورمێ. لەوێ پێی دەڵێن: ((ئومێدی چاکبوونەوەی لێ ناکرێ)) مێردەکەی ((پیرۆ)) دەیهێنێتەوە بۆ ماڵێ بۆ ئەوەی ئەو چەند رۆژانەی دوایی تەمەنی لە نێو خێزانەکەیدا بباتە سەر. کاتێك حاڵەتەکەی بۆ ئیبراهیم باس دەکا، ئیبراهیم لە جانتاکەی هێندێك دەرمانی دەداتێ، پاش چەند رۆژێکی کەم چاك دەبێتەوە. پیرۆ بە باوەڕێکی قورس و پتەوەوە سوێندی بۆ دەخواردم کە شیفای ژنەکەی لەسەر دەستی ئیبراهیم هاتووە! و قەڵێکی بۆ سەربڕین و ژنەکەی بۆی خستینە سەر سینییەك ساواری بەتام!!

بەیانی ئەوێمان بەجێهێشت و بەرەو مێرگەسور و پاشان کەونەگوند رێگامان گرتەبەر تاگەیشتینە بێشێ و لەوێوە سواری ئوتومبیل بووین بۆ گەڵاڵە و لەوێ ئیبراهیم ئەسپەکەی خۆی فرۆشت. ئەم سەفەرە درێژە کە بە چوون و هاتنەوە پتر لە دوو مانگی خایاند، تاقیکردنەوەیەکی نوێ بوو کە تێیدا بە حاڵ و باری جوتیارانی هەژاری کوردستان، چۆن دەژین و چی دەکەن و چۆن لەگەڵ ئەم هەل و مەرجە نوێیە خۆیان راهێناوە، ئاشنابووم.

گەڕامەوە بۆ بارەگای خۆمان کە چەند ڕۆژێك بوو گراسترابۆوە چونکە باران بارین دەستی پێکردبوو. دەستم کرد بە گەڕان بە دوایدا تەماشام کرد خانوویەکی تازەیە کە کاك سامی بە دیاری دابووی بە ئێمە تێیدا دابنیشین. ئەوێ لە دوو ژوور و پاشکۆکانی پێهاتبوو و باخچەیەکی بچوك لە بەردەمی دابوو و جۆگایەکی بە بەردەمدا دەڕۆیشت و چیاکان لە هەر چوار لاوە دەیانپاراست.

پرسی گەیاندنی دەنگی شۆڕش بۆ دەرەوە و بۆ رای گشتی جیهانی کێشەیەکی گەورە بوو. چونکە ئێران تاکە دەروازەی کوردستان بوو کە هیچ کەسێك بەبێ ئاگاداری و رەزامەندی ئەو نەدەیتوانی لێیەوە بێت و لێوەی دەربچێت. ئەو رۆژنامەوانەی ئەو پێی رازی نەبوایە بەنهێنی نەبوایە نەیدەتوانی بێتە نێو ناوچە رزگارکراوەکانەوە و دەبوایە لە تاران و شارە گەورەکان بمێنێتەوە و چەندین هەفتە و ئەگەر نەڵێین چەند مانگ چاوەڕێی مۆڵەت پێدانی بکردبایە. بەمەش هێندێکیان ناچار بوون بێ ئەوەی بگەنە کوردستان بەنائومێدی بگەڕێنەوە و ئەو هەموو خەرجییە گرانەی سەفەر و مانەوەیە بخەنە سەر شانی خۆیان. ئێمە دەمانزانی کە هێندێك لەوانە لە ژێر ناوونیشانی رۆژنامەوان یان نوسەر و توێژەر دەهاتنە لامان لە راستیدا بەکرێگیراوی باڵوێزخانەکانی عیراق بوون لە دەرەوە لەبەر ئەوە چاودێری جموجۆڵ و هەستان و دانیشتنەکان و شێوازی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ئەوانمان دەکرد. ئێران لە بارەی گۆشەنیگای ئێمە بۆ هێندێکیان لەگەڵ ئێمەدا هاوڕا نەبوو. پرسیارم لە هاوەڕێی خۆم قەیسەر کرد، کەشیش فرەنسیس پێی راگەیاندم کە بە راسپێرییەکی تایبەتی سەفەری بۆ ورمێ کردووە. بە درێژایی ئێوارە بیرم لەو راسپێرییە کردەوە کە دەبێ چی بێ و پاش ئەوەی ماندوویی هێزی لێ بڕیبووم چوومە نێو جێگاکەم تا بنووم. خەریك بووم چاوەکانم دەچوونە خەو کە لە دەرەوەی ژوورەکە گوێم لە دەنگدانەوەیەك بوو، چراکەم داگیرساندو کە چوومە دەرەوە قەیسەر بوو دەهاتە ژوورەوە و کەسێکیشی لەگەڵدا بوو دەنگێکی قەبەو گەورەی هەبوو. دوای سڵاو و ئاشنابوون قەیسەر و پرادییە بە نیگای سەرکەوتنەوە سەیری یەکتریان دەکرد و هەر دەتگوت پێمان دەڵێن کە کارەکە لە سەدا سەد سەرکەوتوو



بوو. من بەرابییەکانی بابەتەکەم نەدەزانی بۆیە لە بارەی ئەو نهێنییەوە پرسیارم لە قەیسەر کرد. قەیسەر پێی گوتم کە مەسەلەکە مەترسیدارە و پەیوەستە بەم رۆژنامەوانەوە کە لە ورمێوە فڕاندوومە و هێناومەتە ئێرە. بەڵام لەبارەی وردەکارییەکانی ئەم کردەوەیە بریتییە لەوەی کە من لە پشتەوەی کامیونێکم هاویشت و بەدەیان گونیە شەکر داپۆشیبوو هەر لە ورمێوە تا دەگاتە پیرانشەهر. پاشان بەماوەیەکی کەم بەر لەوەی بگەینە گوندەکە دابەزین و ملی رێگامان گرت و ماوەی پێنج کاتژمێر بەپێ رۆیشتین تا سنوری نێوان خۆمان و ئێرانمان بڕی و ئێمە ماوەی دوو کاتژمێر بەناو بەفردا رۆیشتین. پێشەکیش لە ورمێ دەنگۆم وا بڵاوکردەوە کە جان پرادییە پاش ئەوەی ماوەیەکی درێژ چاوەڕێی دەکا و داوا لە بەرپرسانی ساواك دەکا کە بچێتە کوردستان و ئیدی لەو وزەیدا نامێنێ، دەگەڕێتەوە بۆ تاران. بەم شێوەیە پیاوانی ساواك وا دەزانن کە پرادییە ئێستا لە تارانە. بە قەیسەرم گوت کە وابێ لەم حاڵەتە دەبێ لێرەش دەنگۆی ئەوە بڵاوبکەینەوە کە پرادییە لە رێگای ئێرانەوە نەهاتووە بەڵکو بە شێوەیەکی نایاسایی لە تورکیاوە هاتووە بۆ ئەوەی ئەمە نەبێتە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران. قەیسەر ئەمەی بەکارێکی جوان دانا و هەرواشمان کرد، ئەوەبوو رۆژی دوایی دەستمان کرد بە رمێن دان بەو دەنگۆیە هەروەکو لە پێشدا نەخشەمان بۆ کێشابوو. تەنانەت ئەو چێشتلێنەرەی کە لای ئێمە بوو نەیدەزانی کە ئەم توێژەرە لە رێگای ئێرانەوە هاتووە. بەڵام کێشەکە پرسی گەڕانەوەی بوو بۆ وڵاتی خۆی، چونکە ئەو رێگای گەڕانەوەی لە رێی ئێرانەوە لە خۆی بڕیبوو. بەڵام لە بارەی گەڕانەوە بە رێگای تورکیادا ئەوە کارێکی لە توانا بەدەر بوو، چونکە سنورەکان گیرابوون. دووبارە لە قەیسەرم پرسی: «ئەی چۆن دەگەڕێتەوە؟» قەیسەر پێی گوتم: گوێ مەدەیە کاروبار بەشێوەیەکی رەزامەند دەچێتە پێشەوە. مەبەستی قەیسەر لەم وەڵامە ئەو گوت و بێژانە بوون کە لە نێوان شۆڕش و حکومەتدا بەرێوە دەچوون و ئەو ئومێدی بەوە بوو کە پاش سەرکەوتنی دان و ستاندن، پرادییە لە رێگای بەغداوە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

پرادییە پیاوێکی زیرەك بوو. ئەو هەڵگری بڕوانامەی دکتورا لە دەروونناسی بوو. ئەمە سەرەڕای هێندێك تایبەتمەندیی تر لە زانستە سیاسییەکاندا. ئەو کتێبێکی لەبارەی جوڵانەوەی کوردییەوە بەناوی (کوردەکان، شۆڕشێکی بێدەنگ) نوسی بوو کە کتێبێکە لە بەرامبەر ئەو کۆششەدا کە ئەنجامیداوە شایانی ستایش کردنە ئەمە بەدەر لەوەی کە لەسەر هێڵی مارکسیزم خوێندنەوەی بۆ کردووە، چونکە هیچ کاتێك لە کاتەکان شۆڕش ئاوا نەبووە، و لایەنی سەرکەوتووی پاش دوو سەردانی کە بۆ ناوچە کوردییەکان و ناوچە رزگارکراوەکان بەتایبەتی لە کاتی رێککەوتننامەی 29ی حوزەیرانی 1966 و هەروەها ئەو لەو دیدارەدا بەشداربوو کە لە نێوان عەبدولرەحمان عارف سەرۆك کۆمار و بەرێز بارزانیدا لە یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری رەواندزدا بەڕێوەچوو، ئامادە بوو. هەموو غەمێکی پرادییە ئەوەبوو فێری زمانی کوردی ببێ تابتوانێ راستەوخۆ بێ گەڕانەوە بۆ وەرگێڕ پەیوەندی بە خەڵکەوە بکا. لە پاڵ ئەم بایەخ پێدانەدا ئەو نەخشەی دانابوو بۆ نووسینی ژیانی بارزانی. وابوو کە زۆرجاران دەچووینە بارەگای بارزانی و چاومان پێدەکەوت و لە بارەی رووداوەکانی ژیانییەوە بۆمان دەدوا، بەڵام شتێك کە من تێبینیم کرد ئەوەبوو کە بارزانی گەرم و گوڕییەکی بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە نەبوو لەبەر ئەوە داوای لە پرادییە کرد کە تاکو پاش مردنی خۆی بڵاوی نەکاتەوە ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەکو ببێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان شۆڕش و ئێران چونکە بارزانی ماوەیەکی باشی لە ژیانی خۆی لە بەربەرەکانی ئێران لە رۆژانی کۆماری مهاباد بەسەربردبوو و خۆشی یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ئەم کۆمارە تەمەن کورتە. لەبەرئەوە خەونی پرادییە لە بڵاوکردنەوەی ژیاننامەی بارزانی نەهاتەدی هەر چەندە لەگەڵ یەکێك لە بنکەکانی بڵاوکردنەوە لە پاریس گرێبەستی کرد بوو و کتێبەکەش ئامادەی چاپ بوو و تەنیا چاوەڕێی چرای سەوزی لە لایەن بەرێز بارزانییەوە دەکرد.



## پەراوێزەکان

1- پێشمەرگەیەکی کۆن بوو، ساڵی 1962 پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد. بەرپرسی رۆژنامەوانە بیانییەکان بوو لەناوچە رزگارکراوەکان و پاشان بوو بە بەرپرسی کاروباری کڕینەکانی شۆڕش. لە خەبات بەردەوام بوو تا لە ساڵی 1971 لە بەغدا تیرۆرکرا. پاشان لە بەشێکی تایبەتیدا بە دووروودرێژی باسی دەکەین.

2- ساڵی 1966 پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد. لە کۆتایی شەستەکاندا بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵبژێردرا. ئەو خاوەنی کتێبی ((القنبلة))یە کە لەبەر یەك رانانێکی جوانی نێوان عەرەبی و ئارامییە. هەروەها قەسیدەی ((أیتها الأمة الحبیبة))یە. چەند بەرهەمی زمانەوانی و وتاری رەوانی هەیە. حکومەتی پاشایەتی لەبەر ئەوەی لە پاڵ هەڵوێستی مەلەك یاقو بوو چەوساندییەوە بۆیە ناچاربوو بەرەو سوریا و پاشان بۆ هیند هەڵبێت. دواین جار لە ساڵی 1974 لە نەخۆشخانەی (راهبات) لە بەغدا بینیم کەوتبوو. داوام لێکرد کە لەگەڵ مندا بێتە ناو شۆڕشەوە. بەڵام بە هۆی خراپی باری تەندروستییەوە رەتی کردەوە. پاشان لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا بێ ئەوەی ئاواتەکەی بێتەدی لەوەی کە ببێتە باڵوێزی عیراق لە ڤاتیکان، سەری نایەوە.

3- کاهینێك بوو خەڵکی ئەرادن بوو هاتبووە نێو شۆڕشی کوردەوە. وەکو بێژەر لە ئێستگەی نهێنی شۆڕش کاری کردووە. پاش رێککەوتنی جەزائیر گەڕایەوە بۆ بەغدا و لە کەنیسەی (بەیاع) لە بەغدا دامەزرا. بە هۆی راونانی حکومەتەوە ناچار بوو عیراق بەجێبهێڵێ و رووبکاتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە شاری ترلوکی سەر بە کالیفورنیا گیرسایەوە. لە 1988 بە نۆرەی دڵ کۆچی دوایی کرد.

4- بەرپرسی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ بوو، پاشان لە ساڵی 1975 بە دواوە بوو بە ئەمینداری گشتی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان. لە 11ی نیسانی 1994 لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

5- شەڕی هەندرێن: یەکێك بوو لە گەورەترین شەڕەکانی شۆڕش کە لە 1966/5/12 لە نێوان سوپای عیراقی و هێزەکانی شۆڕشدا روویدا. کە کوژراو و بریندار و دەستکەوتێکی زۆری

تێدا گیرا. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا حکومەت ناچار بوو بەیاننامەی 29ی حوزەیران لە ڕۆژانی عەبدولرەحمان بەزازی سەرۆك وەزیران دەربکا. بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە کتێبی ((كردستان أو الموت))[1] دانانی رینییە موریس و وەرگێڕانی و پەراوێزی مامۆستا جەرجیس فەتحولا. چاپخانەی کوردولوجیا ژمارە 3 – 1986 لەندەن.

6- لەگەڵ شەفیق شێخ موس ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا و کەسێکی دیکەدا کە یاوەری بوو گەلاڵەمان بەجێهێشت و ڕێگامان دایەبەر تا گەیشتینە بەرواری بالا و لەوێ لێك بلاوبووین و شەفیق و یاوەرەکەی لای بەڕێز ئەسعەد خۆشەڤی سەرکردەی لەشکری یەك لە گوندی قومری مانەوە. پاش ئەوە بە تەنیا ڕێگام گرتەبەر تاگەیشتمە بارەگای عیسا سوار لە گەلی هارونا.

7- ئەو بە ((ئیلو)) کە ناوی بچووك کراوەی بوو دەناسرا، پێشمەرگەیەکی کۆن و خەڵکی گوندی دیرابون بوو. لە چالاکترین ئەندامانی پارتی بوو لەسەر سنوری سوریا عیسا. سوار لە نێو سوریادا ئەرکی پێدەسپارد.

---

[1]- ئەم کتێبەش لە لایەن ئێمەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی. (وەرگێر)

3

# سۆریا

سۆریا پێنجەمین گوندی ئەو کۆمەڵە گوندەیە کە دەکەوێتە باشوری خاڵی یەکانگیری سنوری نێو دەوڵەتی عیراق و تورکیا و سوریا لەسەر لێواری باکوری دیجلە، کەوتبووە سەر بەرزاییەکانی دووبان لە دەوروبەری قەزای زاخۆ. بەساڵداچووانی ئەوێ دەگێڕنەوە کە ئەم ناوچەیە پێش رەسم کردنی هێڵی سنور و پێکهاتنی دەوڵەتی عیراقی جگە لە هێندێك لە گوندە کۆنەکان تاڕادەیەك چۆڵ بوو و دانیشتوانی تێدانەبوو. هیچ کەسێك جگە لە کوردە ئێزدییەکانی عەشیرەتەکانی رەشکی و ماسەکا و موسانا لە ناوچەکانی سلۆپی و ماردین و گەزنەخی کۆچەر لە هەکاری، کەسی دیکە نەدەهاتە ئەوێ، ئەمانە لە وەرزی زستاندا مێگەلی ماڵاتەکانی خۆیان و ماڵاتی ئالی شمدین ئاغایان دەدایە پێش خۆیان و بۆ لەوەڕگایەك دەگەڕان رەشماڵەکانی خۆیانی تێدا هەڵبدەن. عەزیز ئاغا[1] و پێش ئەویش یاقو ئاغای باوکی و هەروەها خەزورەکەی یونان سموقا توانییان بۆ بڵاوکردنەوەی نفوزی خۆیان کەڵك لەو کۆچەرییانە وەربگرن، ئەمەش لە بەرامبەر نیشتەجێکردنیان لەو زەوی و زارە پان و بەرینانە و گۆڕانی شێوازی ژیانیان بوو لە کۆچەرییەوە بۆ جوتیاری. کەسێك بە دەوریدا بگەڕێ شوێنەواری کۆمەڵە کارەساتێك کە بەسەریدا هاتووە و ئەومەینەتی و بەڵایانەی لە بابەتی سوتان و پەتا و هەروەها شتی تر دەبینێتەوە. لەوێ کۆمەڵە خێزانێك نیشتەجێ بوون کە پەیوەندی خزمایەتی بەیەکترییەوە دەیبەستنەوە و سەر بە یەك عەشیرەت نەبوون. واپێدەچێ لەدێرینترین سەردەمەکانا ناوچەیەکی ئاوەدان بووبێ ئەمەش بە بەڵگەی شوێنەوارگەلێکی بەجێماوی سێ یان چوار جێگەی کۆمەڵگای نیشتەجێیی لە نزیکی ئەوێ و هەر وەکو تەرەفەی کوڕی عەبد وەك لە ((موعەلەقە))کەی خۆیدا گوتویەتی (تلوح کباقی الوشم فی ظاهر الید). بەروبومی



دانەوێڵە کە لەوێ رەنێودەهات گەنم و جۆ بوو. بەڵام ئەوەندەی کە عەزیز ئاغا یاقوی خاوەنی لێی بەدەست دەکەوت ئەوەندە کەم بوو کە هیچ نەبوو. بۆیە بڕیاریدا کە کۆمەڵە وەرزێرێکی خاوەن تاقیکردنەوە و شارەزای بۆ بهێنێ.

هەروەکو زانراوە عەزیز ئاغا لە ناوچەی سلیڤانی حەوت گوندی هەبوو، ئەو لە پایتەختی خۆی فیشخابوور، بەشێوازێك بەڕێوەی دەبردن کە سیستەمی کومۆنوێلسی بەریتانی دێنایەوە بیرم. گوندی سۆریا لاوازترینی ئەو ئەڵقەیە بوو چونکە دەکەوتە کۆتایی موڵکەکانییەوە. هەمیشە دان و ستاندن لە نێوان عەزیز ئاغا و ئاغاکانی کە دراوسێی بوون وەکو حاجی شمدین و ئال حازم بەگ شمدین کە کوڕە مامی بوو و فەزیل ئەفەندی و گورگیس توقاتلی و عەلی محو لە بارەی کڕین و فرۆشتنی گوندەکانی ناوچەکە و راکێشانی باشترین کەس لە جوتیاران بۆ گوندەکانی خۆیان بە مەبەستی بەدەست هێنانی رێژەی زیاتر لە پشکی تاپۆ، بەڕێوە دەچوو.

لەبەر ئەوە عەزیز کار ئاسانیی بۆ بەرێز خمۆ گەزنەخی و براکانی و شنی مەنسوری رحانە لە گوندی ئاڤزروك کە هی بەرێز عەلی مەحو ئاغا بوو کرد کە بێن بۆ گوندەکەی ئەو تا زەوی و زاری بەرین و بە پیتی سۆریا رەنێو بێنن. ئەوانیش رەزامەندییان پیشان دا و بەرێز خمو سەرەڕای دوو براکەی خۆی نزیکەی بیست خێزانی لە خزمەکانی خۆی هێنا و لە سۆریا لەگەڵ دانیشتوانە ئەسڵییەکانی ئەوێ نیشتەجێ بوون. بەم کارەش ژمارەی مسوڵمانەکان و مەسیحییەکان تا رادەیەك یەکسان بوون و هەموویان بەتێکڕایی بەرێز خمۆیان بە موختاری خۆیان هەڵبژارد.

هەر هێندە بنەجێ بوون قۆڵی کار و کۆششیان لێ هەڵماڵی و دەستیان کرد بە چاندنی برنج و کونجی و رووەکە پاقلەییەکان و سەوزەوات ئەمە سەرەڕای چاندنی گەنم و جۆ. ساڵانێکی زۆری نەبرد تراکتور و کومباین و ئامێری نوێیان هێنایە ناومەیدانی کاروباری خۆیان لە کێڵگەکانیاندا. ئەوەی کە لەم گوندەدا کارێکی سەرنج راکێش بوو ئەوە بوو کە هەمو گیروگرفتەکانی ئەوان لە رێگەی دیموکراسی

به کۆمەڵەوە جێبەجێ دەکرا. لە سەرەتای هەموو وەرزێکی کشتوکاڵدا بەرێز خمو دانیشتوانی گوندەکەی بە مسوڵمان و مەسیحییەوە کۆدەکردەوە و دەستی دەکرد بە دابەشکردنی ئەو زەوییانەی کە شیاوی کشتوکاڵ بوون بۆ پارچەی بە ئەندازەی یەك و ئینجا بە ڕێگەی تیروپشك دابەشی دەکردن. بەم جۆرە زەوییەکان موڵکی هیچ کەسێك نەبوون بەڵکو هی هەموو گوندەکە بوون و خۆیان دەیان کێڵاو دەیان چاند و دەیان دورییەوە و لەو بەربوومەی بە دەست دەهات پشکی خاوەن موڵکیان دەدا و پاشماوەکەشیان بۆ خۆیان هەڵدەگرت.

کۆشش و تەقەللاکانی ئەوان هەر لەم رادەیە رانەوەستا، بەڵکو دەستیان دایە چاندنی درەختی بەردار و سەوزەوات و بەخێوکردنی مێگەلی ماڵات و مانگا بە رادەیەکی بازرگانی و تا وایلێهات گوندەکە بووە جێگای سەرسامی دراوسێکانی و ئەوانە وەکو یەك خێزان بە یەکەوە دەژیان و لە زەماوەند و ماتەمیدا بەشداری یەکتریان دەکرد و تەنانەت مسوڵمانەکانی گوندەکە وایان بەلاوە پەسند بوو کە یەکێك لە مەسیحییەکان ببێتە ((کریڤی خوینیێ))[2] بۆ ئەوەی لە کاتی سونەت کردندا منداڵەکانیان بگرێتەخۆ و پەروەردەیان بکا، ئەوان وەکو دیاری، ئەسپ و مانگایان پێشکەشی یەکتری دەکرد. مەسیحییەکان وەکو رێزگرتنێك بۆ هەستی برا مسوڵمانەکانی خۆیان مەییان نەدەخواردەوە و گۆشتی بەرازییان نەدەخوارد. رۆژی یەکشەمەش پشووی هەمووان بوو. لە ئەدەب و ئاکار بەرزیدا کێبەرکێی یەکتریان دەکرد. پیاوەکان پێکەوە لە دیواخانی خمو موختاری گوندەکە یان لای موسای برای کە بەرپرسی پارتی بوو لە گوندەکە دادەنیشتن و پێکەوە لە بارەی کاروباری کشتوکاڵ و رەوتی کاروبار و دەنگوباسی جیهان قسە و باسیان دەکرد.

هاوین خۆشیی و بەزمی دانیشتوان بوو. پیاوەکان لە مەزراکانی خۆیان دەگەڕانەوە تا لە شوێنێکی رووبارەکە کە پێی دەگوترا ((دەراڤ)) خۆیان بشۆن. ژنان، جل و بەرگیان دەشوشت و لەو جێگەیە کە خۆیان هەڵیان دەبژارد خۆیان دەشوشت و ئینجا خۆیان رێك دەخست و دەڕازاندەوە و لە هەڵبژاردنی جل و



بەرگی پەشمینی جوان و رەنگاورەنگی باستیلی کە پێشانگای جلی مۆدیلی نوێی ساڵانەی پاریسی دێنایەوە بیری مرۆڤ لە بابەتی سوکو و مۆدیلی لاخەبەر و بوکی دەلالیێ! ئەوان هەروەکو هەموو ژنانی لادێی کوردستان بێ رووپۆش بوون و عەبای رەشیان، کە کەلەپورێکی رەسەنی کۆمەڵایەتی مسوڵمانەکان و مەسیحییەکان بووە، لەبەر نەدەکرد هەروەکو کە پێش هاتنە خوارەوەی ئایینە ئاسمانییەکان و بڵاوبوونەوەیان لەو ناوچانەدا باوبووە. لاوان لە نێوان خۆیاندا پێشبڕکێیان دەکرد تا ئەو خەرمانانە کەڵەکە بکەن کە بەسەر رووباردا دەیڕوانی تا دەمە دەمی نیوەڕۆ یان ئێوارە کاریان دەکرد ئینجا کەرەسەکانیان لە پاش خۆیانەوە بەجێدەهێشت و بەرەو لێواری رووبار بۆ مەلەکردن شۆڕدەبوونەوە تا تەپ و تۆز و کای کە بەلەشیانەوەیە لە خۆیان بتەکێنن. پاشان تا سکیان پڕدەبوو کاڵەك و شوتی سوریان دەخوارد. منداڵەکانیش بە دەوری خۆیان جگە لە مەلەکردن و خۆوەردان لە لمی قەراخ رووبار و راوەماسی بە درێژایی وەرزی هاوین بەشتێکی دیکەوە سەرگەرم نەدەبوون.

گوندەکە قوتابخانەی لێ نەبوو. لەبەر ئەوە منداڵەکان هەر لە بچووکییەوە لەسەر کاروباری کشتوکاڵ و پەز بەخێوکردن و لەوەڕاندنی بەرخ و کاریلەی تازەزاوی بەهاران، و ئامادەکردنی ئالیك بۆ مانگا و هێستر و هەروەها دارشکاندنی ئێواران، خۆیان رادەهێنا.

بە بۆنەی جێژنە گەورەکانی وەکو هەردوو جێژنی لە دایکبوون و قیامەوە کاهینێك لە یەکێك لە گوندە گەورەکانی مەسیحییەکانی دراوسێیانەوە دەهاتە لایان بۆ بەرپاکردنی قەداس پاش ئەوەش دانیشتوانی گوند لە مەسیحی و مسوڵمان بە دەستەی بچوك کۆدەبوونەوە و بۆ پیرۆزبایی دەچوونە ماڵی خمۆی موختار و ئینجا بە کوپ قاوە و چایان لەگەڵ تەبەقی حەلوا بەسەریاندا دەگێڕا و هەر بەم بۆنەیەوە ژنان بە کۆمەڵی یاریدەی یەکتریان لە ئامادەکردنی خواردن بۆ هەموو دانیشتوانی گوند ئامادە دەکرد. هەروەها نەریت وابوو کە دانیشتوانی گوندی مسوڵمان نشینی مشارە و گوندی مەسیحی نشینی ئاڤزروك بەشداری لە

خۆشییەکانی جێژنەکانی گوندی سۆریا بکەن. ئەوان بۆ پیرۆزبایی جێژن دەهاتنە ماڵی مام خمۆ و بەدرێژایی ڕۆژانی جێژن ماڵەکەی لە خەڵك ژاوەی دەهات.

هەروەها لە هەردوو جەژنی ڕەمەزان و قوربانیش دا شتێکی هاوشێوەی ئەوە روویەدا. خمۆی موختار پێش پیاوانی مەسیحی دەکەوت و بۆ پیرۆزبایی کردن روویان دەکردە هەموو ماڵە مسوڵمانێك و ئینجا بۆ بەشداریی کردن خواردنی ئەوان لای یەکێك لە خێزانە گەورەکان دەمانەوە.

لە وەرزی دروێنە کردن یان داچاندندا بەر لەوەی تراکتور و کۆمباین بێتە نێو مەیدانی کارکردن لە ناوچەکەدا، خەڵکی گوند یەك ڕۆژ خۆبەخشانە کاریان بۆ خمۆی موختار دەکرد و ئەم کارەش پێی دەگوترا (زبارە)[3] پاش تەواو بوونیان هەموویان بۆ نانی ئێوارە روویان دەکردە ماڵی خمۆ و ژنەکەی خمۆ خاتوو کاترینا لەگەڵ کچەکانی نازێ و لەیلا و کچە بچووکەکانی دیکە خواردنەکەیان بۆ ئامادە دەکردن. لەبەر ئەوەی کە خمۆ کوڕی نەبوو بەناوی ((بابێ کەڕەی)) بەناوی کچە گەورەکەیەوە کە هەر زگماك کەڕولاڵ بوو، بانگ دەکرا. ئەم کچە داماوە زیرەکییەکی ئەوەندە زیتیان لێ باس دەکرد کە بە دەگمەن لە نێو کەڕەکاندا هەبووبێ.

خمۆ بۆ خۆی لەش و لارێکی باریك و باڵایەکی بەرزی هەبوو. لێوەکانی بەخەندە و سمێڵەکانی مەیلەو سوور بوون، ئەگەر بە دەنگی بەرز پێکەنیبایە دەنگی قاقای پێکەنینی هەموو ماڵەکەی پڕدەکرد. ئەو بە زمانی ئاشوری و کوردی و عەرەبی قسەی دەکرد: عەرەبییەکەی بەزاری سوری و لوبنانی بوو، ئەو کاتە فێربوو بوو کە لە سوپای لیڤی فەرەنسی لە سوریا و چیای لوبنان خزمەتی کرد بوو. کوردییەکەشی بە زاری عەشیرەتەکانی هەکاری بوو کە هەر لەوێ ((لەو ساڵەدا کە دنیا پڕ لە بەفری سوور بوو))[4] واگومان دەبرێ کە ساڵی (1915) بووبێ و لە گوندی گەزنەخ لە دەوروبەری قەزای جولەمێرگ کە لە ناوەندی ناحیەی (ماڵی لاوانی تورك) ( بە کوردی: ئەلکی) لە 15 کیلومەتر بۆ لای ڕۆژئاوا، زیاتر دوور نییە، هاتبوە دنیاوە. لەسەر ڕەوشی عەشیرەتەکانی دەوروبەری گەزنەخ پەروەردە ببو کە بریتین لە عەشیرەتەکانی گەودان و مام خوران و ژیرکی و گراڤیانی گەورە



کە ژمارەی کەسانی دەگاتە دەیان هەزار کەس و لە میانی گەرمێن و کوێستانی ساڵانەی لە بەهاران و پایزان لە ناوچەی زاخۆ و لە زستانانندا و هەروەها لە هاوینان بۆ (زۆزان) گەزنەخ. واتا ئەوان ئەوە بوون کە ئێمە پێیان دەڵێین (کۆچەر). گەزنەخ جێگای سەرنجی هەموو عەشیرەتەکانی هەکاری بوو، ((فراشین)) کە شاعیری کورد کاویس ئاغا لە شیعرە سترانییە بەناوبانگەکانیدا یادی دەکات و گەرماوی ئاوی گەرمی کانزایی کە بە ((گەرماڤا گەزنەخ)) ناودەبرێ لەوێیە و رادەیەکی ئەوەندە زۆر جوانیی سروشتی تێدایە کە بەو هۆیەوە ناونراوە بە ((گەزنەخا ڕەنگین)). بە حوکمی ئەم داب و نەریتە عەشایرییانە گەزنەخ بە ڕەعیەتی کەس نەدەژمێردرا بەڵکو وەکو عەشیرەتێکی سەربەست مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا ئەمەش بە هۆی سەختگیریی خەڵکەکەی و سەربەخۆ بوونیان و پابەندبوونیان بە داب و نەریتە عەشایرییەکانیان لە ئاشورێتی و کوردێتی بە هەموو ئەو سروشتانەوە کە چیا نشینانی سەرکێش لەکاری غەزو و هەڵکوتانەسەر و پەلامار و تۆڵە سەندنەوە پێیەوە ڕاهاتوون. تەنانەت ئەوان لەگەڵ هێندێك گوندی مەسیحی دیکە لەناوچەکەدا، بەهۆی چاکی عەشیرەتی گەودانەوە، لە کاتی فەرمانی گەورەدا کەس بەلایاندا نەچوو و بێ ئەوەی توشی هیچ ئازارێك بن وازیان لێهێنان، ئەوەبوو کە عەشیرەتی گەودان بۆ پاراستنی ئەوان لە هەر چەشنە دەست درێژییەك بەخۆکەوتن جا لە لایەن حکومەتی عوسمانییەوە بێ یان لە لایەن ئەو عەشیرەتانەوە بێ کە دەسەڵات، بۆ قەڵاچۆکردن و تالان کردن و بردنی ماڵ و موڵکی مەسیحییەکان هاروژاندبوونی، لە ژینگەیەکی ئاوادا خمۆ هاتە دنیا و گەورە بوو هەروەها کەم کەس لە دانیشتوانی گوندی سۆریا هەبوو کە بەڕەوانی بە هەردوو زمانی ئاشوری و کوردی قسە نەکا. بەڵام هێندێك بنەماڵەی گەزنەخی هەبوون کە تەنیا بە کوردی قسەیان دەکرد.

گوندەکە دارتاشێکی خۆی هەبوو ناوی گورگیس خیو بوو. ئەو لە دروستکردنی گاسن و چاککردنەوەی ئامێری چاندن و دروێنەدا کارامەبوو و لە ناسینی تەختە و جۆرەکانی لەوانەی بەکارو بە کەڵك بوون و ئەوانەش بێ کەڵك

بوون پسپۆری گوند بوو و خاوەنی قسەی بەرودوا بوو و هیچ کەسێك نەیدەویست تورەی بکا چونکە هەمووان پێویستیان بەو بوو هەروەها ئەو لەگەڵ مام رەشۆ لە بەساڵدا چووان (ریش سپیان)ی گوندەکە بوو. لەو شتانەی کە لێیان دەگێڕایەوە جارێکیان دێڵە ورچێك بە گۆرستانی گوندەکە فێردەبێ و گۆڕەکان هەڵدەداتەوە و بە دوا مردوواندا دەگەڕێ. ئەو لەو دێڵە ورچە کە لە ئەشکەوتێکدا خۆی مەڵاسدا بوو، دەچێتە ژوورەوە و بانگ دەکا: ((کوری کوری وەرە دەر!)) دێڵە ورچ بە بۆڵە بۆڵ دێتە دەرێ و پیاوانی گوندیش لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە خۆیان لێگرتبوو و بەم جۆرە لە دەست دێڵەورچ رزگاریان دەبێ. ئەو پیاوە جگە لە خاتوو حاجیە حمری کە دەیانگوت لە سەدساڵی تێپەڕاندووە، بە تەمەنترین کەسی گوندەکە بوو. حاجیە حمری هەموو هەفتەیەك سواری پشتی ئەسپەکەی دەبوو و دەچووە گوندی چەم زراڤ بۆ ئەوەی بەشداری لە نوێژی هەینی بکا و گوێ لە وتاری هەینی بگرێ. زۆرجاران لەگەڵ کچە پیرەکەی حەلو (حەلیمە)دا سەردانی دەکردین و ئێمەی منداڵ و بچووکی ماچ دەکرد و بەقسە خۆش و گەرمەکانی دەیلاواندینەوە بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی بەساڵداچوو بوو بە نارەزاییەوە جێی ماچە تەڕەکانی ئەومان لەسەر روومەتی خۆمان دەسڕییەوە!! ماڵەکەی ئەو کە دراوسێی ماڵی مامە موسام بوو، تاکە ماڵ بوو کە لەقلەقەکان هەموو بەهاران هێلانەی خۆیان لەسەری بنیات دەنا. کاتێك لەقلەقەکە بە ئاسمانی گوندەکەدا گەڕی دەخوارد بەبێ ئارامی و ئۆقرەلەبەربڕانەوە تەماشامان دەکرد کە بۆ هێلانە کۆنەکەی دەگەڕێ و پاشان کە لەسەر خانووی حاجیە دەنیشتەوە بەهات و هاوار و چەپڵەلێدانەوە هورامان دەکێشا ((لەگللەگو حاجی بەگو... ژنا تەچوو داوەتێ...!))

لە خوارووی ماڵی ئەوەوە قریاقوس و بەسێی ژنی و کوڕە تاقانە بەنازەکەیان یوسف دادەنیشتن. قریاقوس هەردوو گوێی کەڕ بوو. لەبەر ئەوە دەنگوباسی گوندەکە و نهێنییەکانی بە درەنگەوە پێدەگەیشت. جا هەموو جارێك بە هەڵەداوان رای دەکردە ماڵە دراوسێکانی و پێی وابوو ئەو پێش کەوتۆتەوە. لە لای سەرەوەش ماڵەکەی ئیسف خجا و شۆخێی خێزانی بوون. ئیسف راوچییەکی شارەزا بوو. ئەو بێ



نێچیرێکی قەڵەو لە کێڵگەکان نەدەهاتەوە. جارێکیان لێم پرسی چۆنە هەموو جارێك بەخت یاوەرت دەبێ؟ گوتی من سەیری ئاسۆ دەکەم جا ئەگەر کۆماییەك مێشولەم بینی بەسەر درەختێکەوە یان گیایەکەوە هەڵدەسورێن ئەوا دەزانم کە ئاژەڵێکی کێوی لەوێیە جا بە هێواشی و ئەسپاییەوە دەچمە پێشەوە ئینجا تەقەی لێدەکەم.

لە رۆژهەڵاتی ئیسف، کریڤی ئێمە ئیبراهیم حەلو (ناوی دایکی بوو) و قومری خێزانی و منداڵەکانی بوون. ئیبراهیم پیاوێکی روح شیرین بوو و ئامادە بوو دەستی یارمەتی بۆ دراوسێکانی درێژ بکا. لە لای سەرەوەی پیاوی مەند و لەسەرخۆ شوکری فێرۆ و رەحیمەی خێزانی و منداڵەکانی بوون. یەکێك لە کوڕەکانی ناوی رەمو (رەمەزان) بوو کە ساڵانێکی درێژ گۆلکڤانی گوند (شوانی گۆلك) بوو. بەڵام ئوسمانی فیرۆ کە هەولێدەدا کێبەرکێی موختاری گوند لەسەر پێشەوایەتی بکا وەك پێشەوای نارەزایەتی بوو و بە هیچ قەناعەتی نەدەهات تەنیا ئەگەر بەرێز خمۆ خۆی هەموو شتێکی بۆ راڤە بکردبا و ئینجا ئەو کاتە دەسبەجێ بەگەرم و گوڕییەوە بە تەواوی پشتیوانی لێدەکرد هەروەکو لە بەریتانیا لە نێوان هەردوو حیزبی کرێکاران و پارێزگاران روودەدا.

لە نێوان ئیسیڤ خجا و ئوسماندا ماڵی پێنج کوڕەکەی ئیسیڤ: عەلۆ، رەشۆ، جەردۆ، سلۆ و مەنۆ بوو. مەنۆیان توانیبووی قەناعەت بە کچێك لە گوندی گوزگیران بکا و هەڵی بگرێ و لە رێگەی رووباری دیجلەوە بیهێنێتە سۆریا و دەخالەت بە خمۆ بکا. کاتێك کەس و کاری پێیان زانی هاتن تۆڵەی لێبکەنەوە، بەڵام خمۆ و براکانی رووبەڕوویان وەستانەوە و خمۆ بەشێوەیەکی بەپەلەو خێرا کچەکەی لە مەنۆ مارە بڕی و بەمەش کەس و کاری ناچار بوون مەسڵەت[1] بکەن. لە رۆژئاوایانەوە ماڵی عەڤدۆ و عومەری برای بوو کە خەڵکی کوردستانی تورکیا بوون و لە ناوچەی سلۆپی هاتبوون و لە گوندەکە بنەجێ بوو بوون. لەنێو ئەو

[1]- مەسڵەت: واتا سوڵحی عەشایریی بکەن.

جەنجالییەی کوڕانی ئیسیڤ خجا هەردوو برا محۆ و سالح باتیلی و یونس کوڕی سالح کە پاشان بووە مەلای گوند، دادەنیشتن.

لە رۆژئاوای گوندەکە تۆما کە نازناوی (سەر مەزن) بوو و مەنسور و ئیلۆ و ئادۆ و یەلدا و باوکی و مام رەشۆ و هەروەها شابۆ بازنا دادەنیشتن. بەڵام سورۆ یوسف لەوانەبوو کە هەمیشە بەخەون دەژیا و بە کەمتەرخەم و خاووخلیج و بێباك ناسرابوو و زۆر گرنگی بەکارکردن لە کێڵگەکەی خۆی نەدەدا. ئەو لە چاندن و لە دروێنەشدا دوایەمین کەس بوو. بە پێچەوانەی ئەویشەوە مام گلۆ هەبوو کە گرنگی بە کشتوکاڵ و کاروباری خۆی دەدا و ئەمەش کردبوویە ئامانجی توانج و گاڵتەکردن و نوکتەبازی و دانیشتوانی گوندی والێکردبوو کە شەرەفی نازناوی (سەرەخۆرە!)ی بدەنێ. گوندەکە نوسەری خۆی هەبوو کە ئوراها بوو. ئەو بە زمانی ئاشوری و ئینگلیزی دەیتوانی بنوسێت و بخوێنێتەوە. ئەو ئینگلیزی لە سەردەمی خزمەتکردنی لە نێو لیڤییە ئاسورییەکاندا فێر بوو. لە نێوان ئەو و هورمزدا کە دەستە راستی براکەی خۆی خمۆی موختار بوو، پەتروس ربن دادەنیشت کە هەمیشە لە شەوانی ساردی زستاندا بە چیرۆکە ترسناکەکانی منداڵەکانی گوندەکەی دەترساند و هەموو چیرۆکەکانی بەو پێشەکییە ئاشنایە دەست پێدەکرد: ((هەبی نەبی)) ((مانای هەبوو نەبوو)) ئینجا لە گێڕانەوەدا بەردەوام دەبوو تا دەگەیشتە ترۆپکی هەڵوێستێکی ترسناك یان دراماتیکی و ئینجا ئاخاوتنی رادەگرت و دەیگوت پاشماوەکەی سبەی شەو تەواو دەکەین، هەر تەواو وەکو زنجیرە تەلەفزیونییەکانی رۆژگاری ئێستامان. بەڵام سلۆ کۆچەر ئەوا یەکەم کەس بوو کە لە نێو مسوڵمانانی گونددا مژدەی حزبوڵڵای راگەیاند و ئەمەش ئەوانی زۆر توڕە کرد و بانگەشەکەی ئەویان بە هەموو سادەییەکەوە بەتاڵ دەکردەوە و پێیان دەگوت: ((تائێستا بە چیت زانیوین؟ یا مەسەلەکە ئەوەیە کە تا نەیەینە ناو حیزبەکەی تۆوە مسوڵمان نین؟)).

سۆریا، ئەم گوندە بچوکە، وێنەیەکی بچوك کراوەی کۆمەڵگای کوردستان و نموونەیەکی زیندووی جوانی پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی بوو. سۆریا بە تەنیا بۆ مسوڵمانان و مەسیحییەکان قۆرخ نەبوو، بەڵکو هێندێك



خێزانی کوردی ئێزیدی هەڵدەستان بە چاودێری و بەسەر راگەیشتنی ماڵات و مانگا و ئاژەڵەکانی گوندەکە. ئەوان زستان و هاوین لەو رەشماڵانەدا دەژیان کە لە ئاقاری سەرووی گوندەکە هەڵیاندابوو. گەورەی ئەوان مام نەعمۆ و دوای ئەویش رەشۆ هەویری و عەلی برای و کوڕەکانیان بوون. چەندین جار دڵی کوڕانی گوند بەوە گەشابۆوە کاتێك دولمەزی شوانی گوند دەهاتە ماڵەکانیان و بەرخۆلە یان کاریلەیەکی بەسەر شانەوە بوو کە تازە لە لەوەرگاکان بوو بوون و دایکیان بە دوایانەوە بوون. ئینجا منداڵەکان هەڵدەستان بە چاودێری ئاژەڵە تازە زاوەکە و دایکەکەی و لە نێو گەرمایی نێو ماڵەکەیاندا تا لەسەر قاچی خۆی راوەدەستا! یان چەندین جار رەشۆی شوان دڵی داخورپاندبوون کاتێك هەواڵی ئەوەی پێدەگەیاندن کە گورگ مەڕی فلانکەسی خواردووە یان مانگای فلانکەس لە لەوەڕگا نەهاتۆتەوە لەبەر ئەوە دەبوایە بچنە لای ئوراها بۆ ئەوەی بەنوشتە و نوێژەکانی! دەمی گورگیان بۆ ببەستێ. چەندین جار تا درەنگانێکی شەو لە ئەنجومەنی کۆڕ و دانیشتن و دان و ستاندنەکانی گوند لەگەڵ شوانەکاندا ئامادە دەبوین: هەر لایە لەسەر قسەی خۆی پێداگربوو، شوان داوای توتن و پەڕەسیگاری زیاتری دەکرد، گوندیش داوای ئاگاداری زیاتری لەبارەی مەڕەکان و مانگاکان لە شوانەکە دەکرد.

واپێدەچێ سروشتی کۆمەڵگای سۆریا و فرەجۆری ئایینی و نەتەوەیی رەگەزێکی دیکەشی بۆ راکێشابوو. ئەویش ئەوە بوو کە گوندەکە سترانبێژیی نیشتەجێی خۆی هەبوو. لە گوندەکەدا خەلیل خوشان هەبوو کە سترابێژی هەموو ناوچەکە بوو کە ئاهەنگی زەماوەند و بۆنەکانی خەتەنەکردن و شتەکانی دیکەی لەم بابەتە بۆنانەی دەگێڕا. ئەو لە نێو هەموو ئەو گوندانە بە هۆی فرەجۆریی دانیشتوانەکانییەوە، سۆریای بۆ نیشەجێ بوونی خۆی هەڵبژاردبوو، کێ هەبوو خەلیل و (نوری) ژنی و (جەمیل)ی کوڕی نەناسێ کە لە لای رۆژهەڵاتی گوندەکە لەگەڵ سەگەکان و گوێدرێژە سپییەکەیان دادەنیشتن؟ لەبەردەمی ماڵەکەشیان گۆڕەپانێکی بەرینی لێ بوو کە کوڕان و کچانی لاو مەشقی هەڵپەرکێی میللییان لێدەکرد. ئێواران هەرگا خۆر بەرەو ئاوابوون لاردەبۆوە ئەوە خەلیل بوو لەسەر سەرینە نەرم و نۆڵەکەی پاڵی داوەتەوە و جەمیلی کوڕیشی لە پەنای دانیشتوە تا

فێری چۆنیەتی دەهۆڵ لێدانی وێرا بەریتمی ئاواز و سەداکانەوە بکا. ئینجا یەکەمجار مێرمنداڵان و پاشانیش کوڕان و کچانی لاو کۆدەبوونەوە و لە ئەڵقەیەکی فراوانی هەڵپەڕکێدا دەستی یەکیان دەگرت و تۆزوخۆڵ لە بن پێیان و دەوروبەریانەوە هەڵدەستا و بیقلی لووت و گەرووی هەمووان پڕ دەبوو هەروەکو ئەوە گوڵاو بێت، ئارەق لە لەشی هەموویان دەچۆڕایەوە و لە نێو خۆیاندا لەسەر داهێنانی هەڵپەڕینی نوێ کێبەرکێیان دەکرد. ناوە ناوەش خەلیل جاڕی پشوویەکی کورتی رادەگەیاند و لەو ماوەیەدا خۆشی بەیتێکی لە بابەتی شاهینۆ و سیامەندۆی بۆ لێدەدەن.

گوندەکە بەر لە شۆڕشی ئەیلول، کە سۆریا بۆ خۆی یەکێك لە سەرەتاکانی بەخۆوە بینی، لەسەر ئەم تەرز و شێوازە لە ژیانی دێنشینی کوردستانی راهاتبوو. لە دەمێکدا کە هەڵچوونی جەماوەری بەرەو چەپڕەویی گەشەی دەکرد. سۆریا هەمیشە قەڵایەکی کوردایەتی بوو. بەیانییەکی یەکێك لە رۆژەکانی هاوینی 1961 لە وەختێکدا کە دانیشتوان لەسەر بان و حەوشی ماڵەکانیان نوستبوون کۆمەڵەیەك خەڵك کە بە پەنجا پیاو مەزندە دەکران، لە لای گوندی مشارەوە بەرەو گوندی سۆریا دەهاتن و کاتێك گەیشتنە لێوارەکانی گوند راوەستان، خمۆ چاوی پێکەوتن و موسا، کە کادیری گوند بوو پێیڕاگەیاندن کە ئەمانە لەشکرن، خمۆ بانگی خەلیل خۆشانی سترابێژی کرد و ئەویش جەمیل دەهۆڵ کوتی لەگەڵ خۆی هێنا و هەموویان بە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و گۆرانی گوتنەوە بەپێشوازییانەوە چوون و سروودی ((ئەم پارتینا پارتینا... لەشکرێ مەلایینا)) بە پڕایی گەروو دەهاتەدەر و گوێچکەی مرۆڤی کەڕ دەکرد و دانیشتوان تێکەڵی کۆمەڵەکە بوون و یەکترییان ناسی و ئینجا کۆمەڵەکە هاتنە ناو گوند. لە گۆڕەپانی ئاوایی دانیشتوان تێکەڵی پێشمەرگە تازەکان بوون و هەڵپەڕکێیەکی نوێیان دابەست و تا ماندووبوون شاییان کرد، کاتێك بۆ پشوودان دانیشتن یەکێك لە ئەندامانی کۆمەڵەکە کە گوتیان ناوی ((مام هوستا))یە هەستایە پێ تا گووتارێك پێشکەشی هەمووان بکا و بەم گووتارە گەرم و گوڕیی و خرۆشانی ئەوان زیاتر هەستا. چەکەکانی ئەوان بریتی بوو لە داری دەست و



تفەنگی راو. لەوێ کۆمەڵێك لە لاوانی گوند پێیانەوە پەیوەست بوون و روویان کردە گوندی بەغلوجە تالەوێش ئاهەنگێکی دیکەی جەماوەری بەرپا بکەن. بەم جۆرە سۆریا لە چاو هەموو گوندەکانی دیکە ناوبانگ و دەنگی دایەوە چونکە تاکە گوند بوو بە دەهۆڵ و زوڕنا پێشوازیی لە پارتی کرد ئەمەش لە سەرینی خەلیل خۆشان سترانبێژی گوندەکەوە بوو.

کەس نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بکا کە قەدەر چ پاشەڕۆژێکی بۆ ئەوانە لە لای خۆی داناوە. هەندێك لەوانە گەرم و گوڕیی و خرۆشانێکی کاتیی پاڵی پێوەنا کە بچێتە نێو ریزی ئەم لاوە شۆڕشگێڕانەوە بێ ئەوەی کە گوێ بەوە بدات پاشە رۆژ چ روودەدا و نەیدەزانی لە ئایندەیەکی نزیکدا چی بەسەر دێ. لە ناویشیاندا کەسانی واهەبوو کە ئیمان و باوەڕێك پاڵی پێوەدەناو و ئامانجی رزگارکردنی کوردستان لە کۆتی کۆیلەتی و پاشکەوتن بوو. و درکی بەوە دەکرد کە چۆن توشی ماندوویی و برسێتی و مردن دەبێتەوە. گومانم بۆ ئەوە ناچێ هیچ یەکێك لەمانە لە پای پەیوەست بوونی بەو کۆمەڵە پێشەنگەی سەرەتاکانەوە بیری لە بەدەستهێنانی سامان و پەیداکردنی سومعە و پایە بوو بێ. تاکە ئامانجی ئەوان بەشداریکردن لە پرۆسەیەکی ویژدانی بوو کە ئەویش بنیاتنانی نیشتیمانێکی رزگار و هەست کردن بە سووکایەتی پاڵ لێدانەوە و دواکەوتن بوو لە خۆگەیاندنە کاروانی هاوڕێیانی خەبات و چوونە نێو دەستەکانی جەنگاوەرەکانی شۆڕش بوو.

شۆڕشی تازە لاو، جەنگاوەرانی مەشق دیتووی ئامادە بووی بۆ بەرپاکردنی شەڕ نەبوو. هەروەها هەڵگیرساندنی شەڕ هەرگیز لە بەرنامەی حیزبدا نەبوو، بەڵام شەڕ و لێکدانە یەك بە دوای یەکەکان لە نێوان هێزەکانی پارتیزانان و هێزەکانی حکومەت باشترین قوتابخانەی راهێنانی سەرکردە و گەشەپێدانی تواناکانی شەڕوانیی و هەڵکەوتنی سەرکردایەتی بوو. زۆربەی جار دەستێوەردان لە پرسی سەپاندنی سەرکردەیان فەرماندە بۆ قولێکی دیاریکراو لە سەرەوەڕا نەبوو بەڵکو هەر بە حوکمی باو سەرکردایەتی پێشمەرگە دەدرا بە چاکترین کەسیان بێ ئەوەی خزمایەتی و کەسایەتی لەبەر چاوبگیرێ. حیزبی و ناحیزبی چوونە نێو شۆڕشەوە و

شان به شانی یەکتر شەڕیان دەکرد چونکە شۆڕش پێویستی بە هەردووکیان هەبوو. حاڵ و بار بە شێوەیەك بوو کە کەسی حیزبی ئێرەیی بە کەسی ناحیزبی نەدەهات تەنانەت ئەگەر ناحیزبییەکە لە سەرکردایەتی شەڕ و کاروباری بەڕێوەبردندا پلەشی بەرزتر بووایە. لە ناکاو جوتیارێکی هەژار دەبوو بە سەرکردەی بەرەی شەڕ چونکە ئیسپاتی شایستەیی خۆی دەکرد، عەریفێکی پۆلیس دەبوو بە فەرماندەی بەتالیونێك و ئاغایەکی نیشتمانپەروەر دەبوو بە فەرماندەی پەلێك و لەمبارەیەشەوە نموونە زۆر هەیە. لە سەرەتاشدا پەیوەندی نێوان سەرۆك و کەسانی بەردەستی سەرۆك شتێکی روون نەبوو چونکە ئیسپات کردنی شایستەیی و لێهاتوویی ئامانجی ئەو کەسانە بوو کە تازە بە شۆڕشەوە پەیوەست بوبوون چونکە ئیمان بە دادپەروەریی و رەوایی دۆزی گەلی کوردستان لەهەر شتێکی دیکە بە هێزتر بوو.

ئەوەی لەمبارەیەوە کارێکی نایاب بوو ژمارەیەکی گەورە لە عەریفەکان جا لە رشتەی پۆلیس یان لە رشتەی سوپا بووبن، بوون بە فەرماندەی بەتالیونەکان هەروەکو عەریف حەمید و عەریف سلو و عەریف دەروێش و کەسانی دیکە.

ئەم کۆمەڵەیە لە گوندێکەوە چوونە گوندێکی دیکە و تاوای لێهات ژمارەیان یەکجار زۆر بوو و گەیشتنە گەرووی زاخۆ و هەندێك لەمانە بە سەرکردایەتی ئەحمەد تەیار و سەلمان سندی و حەنا تەلۆ خۆیان پەنادا و گوندەکانیش لەناویدا گوندی سۆریا هەستان بەناردنی ئاروخە و بژێو بۆیان، و هەندێکی تریان بەرەو زاخۆ پێشڕەوییان کرد وبە هۆی کۆمەڵەیەکی دیکەوە بە سەرکردایەتی سەیدا سالّح یوسفی زاخۆ رزگارکرا. ئەمە سەرەتای کاری سۆریا لەگەڵ شۆڕش بوو. پاش پێکهاتنی هێزی زاخۆ بە سەرکردایەتی عیسا سوار، سۆریا لە یارمەتیدانی شۆڕش و کۆمەگ کردن بە پێشمەرگە بە پارە و ئازوخە و زانیاری لە پێشەوەی هەمووان دابوو. دەسەڵاتەکان وەکو سزایەك بۆ سۆریا بەلای کەمەوە سێ جار ئاگریان تێبەردا بەلام دانیشتوان ئاوایان دەکردەوە. بەڵام جاری چوارەم ئەو



کارەساتەی بەسەرهات کە کوردستانی لەم پەڕەوە بۆ ئەو پەڕ هەژاند و رۆژنامە و هۆیەکانی راگەیاندنی دەرەوە هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە.

لە رۆژی یەکشەمە 16ی ئەیلولی 1969 هێزێك لە سوپا کە پێکهاتبوو لە چوار ئۆتومبیلی سەربازی و بەرەو سەربازگەی فیشخابور دەچوون، لە نزیك گوندی سۆریا بۆمبێك لە ژێر یەکێك لە ئۆتومبیلەکاندا تەقییەوە و بووە هۆی کوژران و بریندابوونی هێندێك لە نەفەرەکانی. هێزەکە بەرەو دواوە بۆ گوندی سۆریا گەڕایەوە و شتێك کە لە خەیاڵ و مەزەندەکردن بەدەر بوو روویدا. ئەو هێزە دانیشتوانی لەنێو باخچەیەکی بچوکدا کۆکردەوە و سەربازەکان چوون بۆ ماڵی خمۆ کە تازە کەشیش حەنا قاشا لە بەرپاکردنی قەداس لەوێ تەواو بو بوو، چونکە ئەو رۆژە یەکشەمە بوو. ئەوەبوو هەموو ئەوانەی لە خانووەکە دابوون هێنایانن. کەشیش ورەی دەدایە بەریان کە هەڵنەیەن لەو دەمەدا هێندێك کەس کە دەیانویست نەچن کەشیش ورەی دەدایە بەریان کە هەڵنەیەن و پێی گوتبوون کە ((دەچێ ئەفسەری فەرماندەی مەفرەزەکە تێدەگەیەنێ و حاڵیی دەکات)). بەڵام هەموویان کۆدەبنەوە، ئەفسەرەکە کە ناوی عەبدولکەریم محەمەد ئەلجیشی بوو کلاشینکۆفەکەی ئامادە دەکا کە گوللەبارانیان بکا، لەیلای کچی خمۆ خۆی هەڵدایە سەری و پەلاماریدا کلاشینکۆفەکەی لێ بستێنێ، ئەفسەرەکە بە پەلە دەستی بۆ دەمانچەکەی برد و بە دەمانچەکەی گوللەیەکی لێداو دەسبەجێ گیانی لە دەستدا. ئینجا وەکو دروێنە کەوتە دروێنە کردنی ئەوانیتر و کە مەخزەنی کلاشینکۆفەکەی تەواو دەبوو دانەیەکی دیکەی پڕی دەخستە سەر و لێی بەتاڵ دەکردن و کوژراوەکان لەوێ دەکەوتن و هێندێکیش کە کەوتبوونە ژێر تەرمەرکانەوە، رزگاریان بو بوو. پاشان ئاگریان لە پەرژینی باخچەکە بەردا بۆ ئەوەی کوژراو و بریندارەکانی تێدابسوتێ و ئاهو و ناڵین و هاوار بەرزبۆوە:

راحیل ژنی مەنسور یوسف لە کاتێکدا خۆی بەسەر منداڵە شیرە خۆرەکەدا دابوو تا بیپارێزێ!

کوژراو وەکو لاشەیەکی بێ گیان لەوێ کەوتە سەر زەوی.

هەروەها برا لاوەکەم کوریال هورمز کەتازە لە زاخۆ گەڕابۆوە و بەدوای ڕێکخستنی مامەڵەکەیەوە بوو تا بچێتە زانکۆی بەغدا، کوژرا.

هەروەها حوسنی شوفێر کە بە ئوتومبیلە جێبەکەی هەر ئەو بەیانییە هێنابووی لەگەڵ براکەم کوژرا.

کەشیش حەنا قاشا سەرپەرشتیاری کڵێسای ئاڤزروك کوژرا.

هەروەها شەماس ئوراها و جوزیفی کوڕی و وەرینەی کچی کوژران.

مامم خەمۆ موختار و کاترینای ژنی و لەیلای کچی کوژران.

مامم موسا، ئەو پیاوە ئارام و مەندە

کادیری حیزب لە گوندەکە کوژرا.

برا بچوکەکەم نەجیب هورمز کوژرا.

یونو لەگەڵ دوو منداڵە بچوکەکەی کوژرا.

شۆنی ژنی شابو بازنا و ئەمجەدی

کوڕی و جەمیلەی کچی کوژران.

منداڵ: یاقۆی کوڕی ئیلیا کوژرا.

منداڵ: ناجی کوری گورگیس کوژرا.

لاو: یەڵدا و باسمەی کچی کوژران.

کلیانا مەرقەس کە پیاوێکی ڕەنجدەر و کۆڵنەدەربوو، کوژرا.

هەروەها خاتوو ئامینە ژنی ئوسمانی فیرۆ لەگەڵ هەردوو کچەکەی خۆی: سەبیحە و فەیروز، کوژران و فەیروز لە گۆڕێکی بە کۆمەڵی شەهیدانی سۆریا کە تەنیا چەند خولەکێکی کەم لە گۆڕی بەدیع بارزانییەوە دوورە کە هەردووکیان یەکتریان خۆش دەویست و ماوەیەکی کەم پێش فەیروز لە شەڕێکدا لە نزیکی گوندی سۆریا شەهید بوو، نێژرا.

هەروەها قومری ژنی ئیبراهیم (کریڤی خوێنی) و نادرەی کچی کوژران. شیرۆ ژنی عەلی ئیسف خجا و کچەکەی کوژران. دوو لە منداڵە بچوکەکانی خێزانی مەنۆ ئیسیڤ خجا کوژران.



هەروەها دوو لە کچەکانی محۆ باتیلی کوژران. هەروەها دوو ئەوەندەی ئەو ژمارەیەش بریندار بوون و ئەوانی دیکە سەری خۆیان بۆ دەشت و چۆلان هەڵگرت بێ ئەوەی بزانن روو لە کوێ دەکەن و لە یەکتری پەرتەوازە بوون و کەسیان ئاگای لە چارەنووسی ئەوی دیکە نەمابوو و بریندارەکانیش خۆیان پەلکێش دەکرد و هەندێکیان بەدەست گوشاری لە سەر برینەکەی خۆی دەکرد و ئەوی دیکەیان بەدەست هەناوی دەرهاتووی خۆی دەگرت. کاتێك کە من بەشێوەیەکی نهێنی لە ناوپردانەوە ماوەی دوازدە ڕۆژ بەپێ بەرەو فیشخابور لەسەر سنوری سوریا هاتم، حاڵی رزگاربووەکان بەم شێوەیە بوو. من لەوێ بەدوایاندا دەگەڕام و بڕی پێنج سەد دینارم کە لە ئیدریس بارزانی یادی بەخێر بێ، وەرگرتبوو تا یارمەتی هەتیوان و بێوەژنانی رزگاربووی پێ بدەم. ڕۆژنامەکانی ڕژێم بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتی «کۆچی دوایی کاهینی بەڕێز حەنا قاشای بە نەخۆشی دڵ» ڕاگەیاند و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هەواڵەکەی لە پەتریرکی کلدانی بابل وەرگرتوە!

پاش ڕێکەوتنی 11ی ئازاری 1970 لە داواکردنی مافەکانی ئەو لێقەوماوە هەژارانە بەردەوام بووم و سەرەڕای هەموو هەوڵدانەکانم و بە پاڵپشتی سەرکردایەتی پارتی جگە لە بڕێکی هیچ کە بریتی بوو لە بڕی سەد دینار بۆ هەر خێزانێك نەمتوانی لەوە زیاتر لە لیژنەی ئاشتی و سەرۆکەکەی مورتەزا ئەلحەدیسی بەدەست بێنم. تاوانبار عەبدولکەریم محەمەد ئەلجحێشیش ئاوا بۆ خۆی سەربەست بوو. هەروەکو هەواڵیشم زانییەوە بە بەرزکردنەوەی پلە پاداشت درابۆوە و کەس چارەنووسی ئەو مرۆڤ کوژە نازانێ.

سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوم دەست نەکەوت کە وردەکاریی ئەم قەسابخانە ترسناکەم بۆ بگێڕێتەوە و و ڕۆژانێکی درێژ ئاوا مامەوە و شەوانێکی زۆر شەونخوونیم دەکێشا و لە لایەکەوە تێبینی ئەم رووداوە زایەڵەکاندم و ئارەزووی کپ کردنی لە نێو قووڵایی ویژدانیشمدا لە لایەکی دیکەوە بەسەرمدا زاڵ بوو تا پاشماوەی خێزانەکەمم دیتەوە کە لە نێو ئەم تاقیکردنەوەیەدا بوون و بەشێوەیەکی سەرسامهێنەر بە سەلامەتی دەرباز بو بوون تا بۆ من و بۆ هەموو جیهانیشی بگێڕنەوە کەچی روویداوە.



دانەر لەگەڵ بارزانی و عەلی خەلیل فەرماندەی هێزی دهۆك و دارا تۆفیق

وێنەگرتنی کریس کوچیرا





گەڕانەوە لە بەرەی شەڕ. هەردوو چیای زۆزك و هەندرێن لە ئاسۆدا دیارن.

وێنەگرتنی دانەر



دانەر لەگەڵ برایان ئیدریس و مەسعود بارزانی ساڵی 1969

وێنەگرتنی روزی رولو سیکما





گوندێکی کورد

وێنەگرتنی جان پییرڤینو



کەپرەکان





وێنەیەکی دەگمەنی بارزانی لەگەڵ لیوا فوئاد عارف

وێنەگرتنی جان پییرڤینو



ڕێگای هاملتۆن لە نێوان ناوپردان و چۆمان

وێنەگرتنی جان پییرڤینو





دیدارێك لە دەرەوەی کەپرەکانی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی، لە وێنەکەدا بارزانی و دارا توفیق و فرەنسۆ هەریری و شێخ رەزا دیارن.

وێنەگرتنی جان پییرڤینو

لە باوکم، کە دوو کوڕی: (کوریال تەمەن 24 ساڵ) و (نەجیب تەمەن 4 ساڵان) و هەردوو براکەی موسا و خمۆ، و ژنی براکەی و کچی براکەی لە دەست دابوو، وێڕای ئەوەش دوو ئەوەندەی ئەو ژمارەیەش لە کوڕەکانی و برازاکانی بریندار بوو بوون، پرسی کە چۆن رزگاری بووە، گوتی: ((بریا منیش لەگەڵیاندا بکوژرابام کوڕم؟ لەناوەڕاست لە پشت مامەکانتەوە راوەستابووم. بە جولانەوەیەکی خۆبەخۆ خۆم خستەسەر زەوییەکە و کەوتمە ژێر تەرمەکانەوە و لەگەڵ ئەوانەدا کە رزگاریان بوو منیش رزگارم بوو. کێشەی ئێمە کوژراوەکان نەبوو بەڵکو بریندارەکان بوون کە سەری خۆیان هەڵدەگرت و بەهەر لایەکدا دەڕۆیشتن و خوێنیان لێدەچۆڕا هێندێك لەوانمان دیتەوە کە پەنایان بۆ سەر ئەو جۆگایە برد بوو تا تینوێتی خۆیان بشکێنن و قەرەبووی ئەو خوێنە زۆرە بکەنەوە کە لەبەریان رۆیشتبوو. هێندێکی ترمان لە گوندە نزیکەکان دیتنەوە کە رێگایان وون کردبوو. کارەساتەکە بە رادەیەك گەورە و ترسناك بوو کە جڵەوی هەستەکان و توانای ئەقڵیی خۆمان هەروەکو شێتان بە تەواوی لە دەست دابوو. دەکرا یارمەتی چەند بریندار بدەی؟ دەتتوانی دڵنەوایی چەند منداڵی هەتیو بکەی و فرمێسکەکانیان بسڕییەوە؟ دەتتوانی سەرەخۆشی لە چەند بێوەژن بکەی؟ هێندێك لەوان لەبەردەم تەرمەکانی باوك و دایك و مێردەکانیان مابوونەوە و لێیان نزیك دەکەوتنەوە و دەگریان و ئاهوناڵینییان دەکرد. تەرمی کوژراوەکان سێ شەو و سێ رۆژ لەو سارایە[1] مابۆوە و هێندێکیان ببوونە خۆراکی دڕندان و کەسێك نەیدەوێرا توخنیان بکەوێ چونکە ببوونە لاشەی بۆگەن بوو. هێندێك لە خزمەکانمان لە گوندەکانی دراوسێ ویستبوویان هەولێك بۆ ناشتیان بدەن بەڵام لە ترسی ئەوەی کە حکومەت بیانکوژێ نەیان وێرابوو. و هێندێکیان چووبوونە ناوەندی ناحیەکە بۆ ئەوەی مۆڵەت وەربگرن و ئەمەش بە نیازی ئەوەی کە قوربانییەکان لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا بشارنەوە، داخی لە هەموو ئەم داخانەش گرانتر بریندارەکان بوون کە هێندێکیان بۆ چارەسەرکردن گەیشتبوونە

1- لە چۆڵی، لەو گۆڕاییە.



شارەکان بەڵام نەخۆشخانەکان رەتیان کردبۆوە چارەسەریان بکەن و هەر بە قەولی خۆیان ئەوانیان بە چەتە دانابوو تا ئەوە بوو هێندێك لە دەست رۆیشتوان دەخالەتیان لە کارەکەدا کرد.

ئینجا لە پەترۆسی برامم پرسی و ئاوا وەڵامی دامەوە: ئێمە لەو پەڕی ئامادەییدا بووین بۆ راکردن بەڵام باوەڕمان بە قسەی کەشیش هات. ئەو گوتی مەترسی لەسەر هیچ کەسێك نییە و ئەو بۆ ئەفسەرەکەی روون دەکاتەوە کە دانیشتوانی گوند جوتیارگەلێکی سادەن و هیچ شتێك لەبارەی ئەو مینەوە نازانن و ئەوان خەڵکێکی ئاشتی پەروەر و بێوەیین و پەیوەندییان بەم رووداوەوە نییە و ئازاریان بۆ کەس نییە. ئەوە بوو هەمووان گوێڕایەڵی قسەکەی بوون و چوونە باخەکە. کەشیش و مام خمۆ پێشیانکەوتبوون و سەربازەکانیش بە قۆنداغە تفەنگ پاڵیان پێوەدەنان و بەنێزەکانیان تێیانەوە دەژەنین. ئێمە وامان دەزانی ئەفسەرەکە ئێستا لێمان دەپرسێ کە ئایا دەزانین کێ ئەو مینەی داناوەتەوە. کەشیش و مام خمۆ لە پێشەوە بوون و ئەوان بوون بە یەکەمین قوربانی. کاتێك لەیلای کچی مامم بینی کە ئەفسەرەکە میلی کلاشینکۆفەکەی رادەکێشێ و خۆی بۆ گوللەباران ئامادە دەکا، خۆی هەڵدایە سەری کلاشینکۆفەکەی لەبەر دەستی دەربێنێ دەسبەجێ ئەفسەرەکە بە دەمانچەکەی کوشتی و کوریالی براشم لەگەڵیدا کوژرا و ریزێك گوللە بەر مێشکی کەوتبوو و مێشکی بەسەر گیاکەدا بلاوبوو ئینجا رووی کردە ئەوانی تر و وەکو دروێنە هەڵی دەوەراندن. سەربازەکانیش بەنێزەکانیان نەیاندەهێشت کەس هەوڵی راکردن بدات. پاش ئەوەی هەمووان کەوتن سەربازەکان پەرژینی باخەکەیان ئاگردا تاکو لەوانەی کە بەرکەوتوون کەس رزگاری نەبێ. پاشان چوونە ناو ماڵەکان تا ئاگریان تێبەربدەن و لە رێگا توشی هەر کەسێك بووبان دەیانکوشت و سکی هێندێك لە ئافرەتەکانیان هەڵدڕی و زۆر منداڵیشیان لە نێو بێشکەدا بە نێزەکانیان کوشت)). ئەمەی گوت و ئینجا داوێنی کراسەکەی بەرزکردەوە تا جێگای ئەو سێ گوللەیەم پیشان بدا کە لە کۆتایی پەراسووەکانی خوارەوەی دابوو.

بەڵام مادلینی خوشکم کە دوو گوللەی پێکەوتبوو لە دەمێکدا کە فرمێسکەکانی رانەدەوەستا بەسەرهاتەکەی ئاوا گێڕایەوە: ((دە ساڵان بووم لەگەڵ دایکم بووم کە لەو کاتەدا نەجیبی برا بچووکەکەم کە تەمەنی چوار ساڵان بوو هەڵگرتبوو، نەمدەزانی چ روودەدا. سەربازەکان هاتنە ماڵەکەمان و وەکو مەڕ پێش خۆیان داین و بەنێزە پاڵیان پێوە nاین تابردیانینە ناو باخچە بچوکەی کە سیر و پیاز و شتڵی تەماتەمان لێدەچاند. لەوێ فەرمانیان پێکردین کە هەموومان بەپێوە رابوەستین. لە نێو ئێمەدا پیرەمێردی بە ساڵداچوو و منداڵی بچوك و دایکانێکی تێدابوو کە ساوای شیرەخۆرەیان پێبوو. و پێیان گوتین کە ئەفسەرەکە دەیەوێ گوتارێکمان بۆ بدات. ئێمەش باوەڕمان پێکردن. بەڵام هەر کە کەشیش و مام خمۆی موختاریان هێنا ئەفسەرەکە کلاشینکۆفەکەی ئامادەکرد تا گوللەبارانمان بکا. لەیلای کچی مامم خۆی پێدادا و لەگەڵیدا کەوتە ملە کلاشینکۆفەکەی لە دەستی بستێنێ، بەڵام ئەفسەرەکە دەستوبرد دەمانچەکەی دەرهێنا و کوشتی، ئینجا دەستی کرد بە گوللەباران کردنی هەمووان. ئەوە بوو ریزی پێشەوە کەوتنە سەر زەوی و هەموویان کوژران یان بریندار بوون. هێندێك هەوڵیاندا خۆیان رزگاربکەن بەڵام سەربازەکان رێگەی هەڵاتنیان لێگرتن، هات و هاوار و قیژە و ناڵەناڵ لە هەمو لایەکەوە بەرز دەبۆوە. گەورە و بچوك هەروەکو مەڵۆی خەرمان بەسەر یەکتریدا کەڵەکە بووین. پاش چەند ساتێك هەستم بە جێگای برینەکانم کرد و زانیم کە دایکم کوژراوە و برا بچووکەکەشم نەجیب کە گوللەیەك داییێژابوو بەباوەشیەوە بوو. هەروەها راحیل ژنی مەنسور یوسفم بینی کە گوللە ژەن دەبوو خۆی بەسەر کوڕەکەیدا دەدا تا بیپارێزی ئەوەبوو ژنەکە کوژراو منداڵە کە بەشێوەیەکی سەرسامهێنەر لەنێو قیژە و ناڵینی دایکیدا رزگاری بوو (ئێستاش ماوە و لە کەنەدا دەژی). هەستم بەتینوێتییەکی سەیر و داهێزرانی هێز و توانای خۆم کرد. بەنێو بریندارەکاندا پێدزکەم کرد و جلەکانم لە خوێندا سور بوو بوون و بەخوڕ خوێنم لەبەر دەڕۆیشت. هەوڵمدا لەسەر دەستەکانم خۆم بخشێنم تا جۆگا نزیکەکە و



لەوێ خۆم فرێدایە نێوا جۆگاکە تا تینوێتی خۆم دابمرکێنمەوە و ماوەیەك لەوێدا مامەوە تا برا گەورەکەم هات و بەیاریدەی برایەکی دیکەم کە ئەویش برینداربوو لەسەر پشتی خۆی هەڵیگرتم تا گەیشتینە نزیك ترین گوند. لەو دەمەدا کە دەڕۆیشتین بینیمان هێندێك منداڵ کە زۆربەیان لەخوار تەمەنی دەساڵیدا بوون، هەموو هەتیو ببوون و ئاوارە ببوون و ئاهوناڵین و گریانیان بوو)).

ئەلێرەدا مرۆڤ رادەوەستێ و تا بپرسێ: ئایا ئەم قەسابخانەیە کە ئەو ئەفسەرە بەعسییە ئەنجامیدا کارێکی خۆبەخۆ بوو؟ ئێمە پێویست بوو زەمەنێك چاوەڕێ بین تا وەڵامێکی دروست لەبارەی هەموو تاوانە ترسناکە لە رادەبەدەرەکانی کە رژێمی بەعس پاش ئەم قەسابخانەیە ئەنجامیدان، وەگیر بخەین. پاش بیست ساڵ، ئەمە ئەنجامێکی حەتمی ئەو دەرس و بەرنامە هەمەجییە بوو کە سەرکردایەتی بەعس لە نێو مێشکی ئەندامانی باندە مرۆڤکوژ و سەربڕەکانیدا دەیچاند. ئەمە سەرەڕای دەرس و مەشقی کردەوەیی، ئەوەش کە لە دواییدا لە هەڵەبجە و دێهاتەکانی کوردستاندا لە کاروکردەوەی تاوانکاری روویدا، ویژدانی رای گشتی جیهانی هەژاند و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی ناچارکرد یەکەمین بریاری مێژوویی لەم چەشنە بۆ ریسواکردنی کاروکردەوەی دڕندەگەرێتی لە کوردستانی عیراق دەربکا، مەبەستم بڕیاری بە ناوبانگی (688)ە. ئێمە بەڵگەنامەیەکمان لەلایە کە هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە کە ئەویش کۆمەڵە شریتێکی کاسێتە کە پاش راپەڕینی 1991 بەردەستمان کەوتووە کە تێیدا (عەلی حەسەن مەجید) ناسراو بە (عەلی کیمیاوی، ئامۆزای سەدام حوسێن) لە کۆبوونەوەیەکی نوسینگەی کاروباری باکور و سەرکردایەتی لقی حیزبی بەعس لە کەرکوك بەیەك قسە دەڵێ: (بیانکوژن... و بڵێن لە شەڕدا کوشتومانن...)) هەروەها دەڵێن: (پێویست ناکا ئەم کاروبارانە بە راپۆرت بدرێنە سەرکردایەتی بۆ ئەوەی ئیشەکەی خۆتان ئاشکرا نەکەن بەڵکو لەنێو دڵی خۆتاندا بیپارێزن و ئەم قسەیە بنوسن: ((هەروەها کۆمەڵە کاروبارێکی دیکە هەیە کە دەبێ لە بارەیانەوە سەرکردایەتی ئاگادار بکەینەوە)).

## پەراوێزەکان

1- لە پیاو ماوقولانی ناوچەی زاخۆ بوو لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکاندا. خاوەنی سێگۆشەی سەر سنوور بوو لەو جێگایەی کە عیراق لەگەڵ سوریا و تورکیادا یەکانگیر دەبێت. لە سەرەتای شەستەکاندا بە رووداوی ئوتۆمبیل گیانی لەدەستدا. کوڕەکانی کە ئێستا لە ویلایەتی کارولینای باشور لە وڵاتە یەکگرتووەکان دادەنیشن، هەر لە کاتی کۆچی دوایی باوکیانەوە ماڵ و مۆڵکی خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلول دانا. ئێستاش کەلاوەکانی کۆشکە گەورەکەی لەسەر فیشخابور بەسەر گردێکی گچکەوە کە بەسەر سنوری هەر سێ دەوڵەتدا دەڕوانێ، هەر ماوە.

2- نازانم ئایا ئەم نەریتە لە هەموو جێگاکانی کوردستاندا باوە یان نا، بەڵام لە ناوچەکانی زاخۆ و شنگاڵ و تەلەعفەر و کوردستانی سوریادا پەیڕەویی لێدەکرێ. بەڵام لە کوردستانی تورکیا ئەوا لەناوچەکانی ماردین و جەزیرە و نسێبین و دیاربەکر و شوێنەکانی دیکەدا باوە کە وشەی ئەشبین یان خزم دەگەیەنێ لای مەسیحییەکان کە نزیك ترین کەسە . بە تێپەڕینی زەمان و رۆژگار وایلێهات هەموو نامسوڵمانێك بە کریف دەناسرا. بەڵام کریڤی خوینێ کەسێکی نزیکە کە بە حوکمی نەریت و عورفەکانی کوردستان دەبێتە بەشێك لەو خێزانە.

3- وشەیەکی کوردییە مانای کاری بێ بەرامبەر کە دانیشتوانی گوند بۆ موختاری ئەنجام دەدەن کە ئەمە یەکێکە لەو ئیمتیازانە کە موختار یان ئاغا لێی بەهرەمەندە و ئەمەش لە بەرامبەر هەستانی بەڕاییکردنی کاروباری دانیشتوانی گوند و بەرگریی کردن لێیان لەلای حکوومەت.

4- دانیشتوانی دێهاتەکانی کوردستان ساڵنامە و مێژوویان نەدەزانی هەروەکو کە ئەمڕۆ ئێمە دەیزانین. لەم کارەدا ئەوانیش هەروەکو باقی میللەتانی کۆن لە بابەتی یۆنانییەکانی کە بە ئۆلۆمبیاکان، و چینیەکان و ئاشورییەکان و بابلییەکان بە رۆژی چوونی پاشاکانیان بۆ سەر عەرش مێژوویان رادەگرت، وابوون. ئەوانیش رووداوە گەورەکان ساڵ و بەرواری کاروباری بۆ رادەگرتن بۆ نموونە دەیانگوت: ((فلان کەس لەو ساڵەی پێش یان پاش فیسارە رووداودا لە دایکبووە)) ئەوەم لەخودی مام خمۆ موختاری سۆریا گوێ لێبوو. بەڵام لەبارەی بەفری



سور ئەوا بە هۆی تێپەڕبوونی زریانی بەفرەوە بەسەر ناوچەیەکی لمی بیاباندا بەر لەبارینی بەفرەکە بووە لە سەر چیاکانی هەکاری لەو ساڵەدا کە بە هۆی تێکەڵاو بوونی گەردوتۆز لەگەڵ بەفرەکەدا ئەو رەنگە سوورەی وەرگرتووە.

5- لە نەریتە باوەکانی مسوڵمانان و مەسیحییەکانە لە کوردستان و ئەوان باوەڕیان وایە کە بە خوێندنی ئایەتێکی قورئان یان خوێندنەوەی دەقێکی ئینجیل دەمی گورگ دەبەستن.

4

# دان و ستاندن

کاروانەکانی رەوەندان لە بەرزایی چیاکانەوە سەر بەرەو ژێر بوونەوە و مالات و ئاژەڵەکانیان وەپێش خۆیان دابوو. هێندێکیان لە ژێر قورسایی رەشماڵەکاندا کەلێیان بارکرابوو دەینالاند و هێندێکیان رایەخەکانیان لە بەرەو سەرین بەو رەنگە ئاڵ و والایانەوە هەڵگرتبوو کە ژنان لە لەوەڕگاکانی زۆزانیێ لە ماوەی وەرزی هاویندا چنیبوویان. ئەم کاروانانە، کە بەرەو ناوچەکانی دەشتی هەولێر سەرەو ژێر رێگایان گرتبووەبەر، هێندێك هەواری پشوودانی خۆیان هەبوو کە سالانە لێیان دەخست. یەکێك لەو هەوارانە لە نێوان ناوپردان و گەلاڵە لە گۆڕاییەکی جوان کە لەوێدا جادەکە لەگەڵ رووباردا دەستەوملانی یەك دەبوون، هەڵکەوتبوو. زۆرجار لەسەر ئەو جادە بەرتەسکەدا کە بە نێوەڕاستی ناوچەی سەرکردایەتیدا دەڕۆیشت، دەبووینە مایەی نارەحەتی ئەو کاروانانە، ئوتومبیلەکانی ئێمە لەناکاو رووبەڕووی رانەمەڕێك یان هێسترێك یان ئەسپێك کە باری بەسەر پشتەوە بوو و منداڵێك یان ئافرەتێك کە سەرو گەردنی بەخشڵ رازاوەتەوە و هەروەکو ئەوەی کە کاتی زەماوەندی بێ، سواری ببوو، دەبۆوە. نەریتی ئەوان بەو جۆرە بوو کە پێش بارکردن خۆیان دەڕازاندەوە. ئەم داماوانە هەوڵیان دەدا لە ئوتومبیلەکە دووربکەونەوە و هەروەکو ئەوەی جادەکە موڵکی ئێمە بێ و ئیدی ئەوان مافی ئەوەیان نییە نارەحەتی بۆ ئوتومبیلەکانی ئێمە پێك بهێنن!!

ئەم خەڵکانە گرنگییەکی گەورەیان لەبارەی کاروباری سیاسەت بەوە نەدەدا کە چی لە دەوروبەریان روودەدا بەڵکو گەورەترین گرنگیدانی ئەوان گەیشتن بە لەوەڕگاکانیان بوو لە هەردوو گەشتی هاوینە و زستانەیاندا. لە بیرم دێ جارێکیان لەگەڵ کاك موحسین دزەیی و خاڵ عەزیز عەقراوی کە مووچەی پێشمەرگەیان پێبوو و من رۆژنامەوانی ئینگلیزی دیرك کنان پەیامنێری رۆژنامەی ئوبزێرڤەرم لەگەڵدا بوو و مەفرەزەیەکی پێشمەرگەمان لەگەڵدابوو



بەرەو هێزی سەفین و دەشتی هەولێر دەچووین، بەهۆی تاریکی داهاتن و باران بارینی زۆرەوە ناچاربووین بچینە ناو هەوارەکانی ئەوانەوە. هەوارەکەیان بەقەدپاڵی شاخێکەوە بوو کە کەوتبووە سەر «بێتواتە» و ئەوان لە نێوان زەوی و ئاسمان هەڵواسرا بوون. ئەوان ئاژەڵیان بۆ سەربڕین و ئاگریان هەڵکرد تاجلەکانمان وشك بکەینەوە. بەدەست و دڵاوایی حاتەمییانەی خۆیان شادییان پێبەخشین. ئەوەبوو ئەو شەوەمان لە میوانداریی ئەواندا بەسەر برد. کاتێك گەیشتینە بارەگای هێزی سەفین لە هیران و نازەنین «خاڵ عەزیز» فایلێکی ئەستوری پێ نیشان داین کە کۆمەڵێك کاغەز و پارچە کاغەزی تێدابوو کە فەرهەنگی ئینگلیزی کوردییەکەی بوو کە خەریکی دانانی بوو. من بە گرنگیی دانی ئەو بە کاروباری رۆشنبیری و زمانەوانی سەرسام بووم چونکە ئەو خۆی پیاوێکی سەربازیی بوو. لە میانی ئاخاوتن و گوت و بێژم لەگەڵیدا بۆم دەرکەوت کە ئەو رارابییەك لە راگەیاندنی فەلسەفەی زەردەشتیدا ناکا کە لە گەلاڵە هێندێك لە پەیڕەوانی هەبوون و عەلی زەردەشتی بە رێگایەك پێشەوایەتی دەکردن کە رێگاکانی فەیلەسوفەکانی ئەغریقی دێنایەوە بیرت.

پاییز هاتبووە سەروبەندی تەواوبوون و لە کوردستان سەرەتای پاییز بەهارە و کۆتاییەکەی زستانە. هەورەکان خەریك بوون بەچڕی لەسەر لوتکەی چیاکان کۆدەبوونەوە. جارێك لەسەر لوتکەکانی هەڵگورد و سەکری سەکران و چیاکانی دەوروبەری حاجی هۆمەران کە بارەگای بارزانی لێیە و ئێستا بەرەو دیلمان بۆ بارەگای زستانەی گواستویەتیەوە، بەفر دەباری، جارێك لە دۆڵی باڵەکیان و ناودەشت باران بە زۆری دەباری. بەڵام لە ناوچەکانی تری کوردستان یەکەمین بارانی وەرزیی دەستی بەبارین کردووە. زستان، لە چیاکانی کوردستان چەند سەختە، و شەڕیش لە زستاندا زۆر سەخت ترە. هەر ئەوەش پاڵی بە حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقی دەنا کە دان و ستاندن لەگەڵ سەرکردایەتی جولانەوەی کوردیدا بکا چونکە ئامێرەکانی سوپای عیراقی هەرگیز لە نێو قوڕدا ناتوانێ بجولێتەوە و هەمان حاڵەتیش بۆ چەکی ئاسمانی هەیە و ئەویش دەچێتە

حاڵەتی سڕبوونێکی نیوەتەواو. لەم جۆرە حاڵەتانەدا پێشمەرگەی جەنگاوەرانی کوردیش دەکەونە چالاکی و جموجۆڵەوە بۆ ئەوەی مەزنترین زەرەروزیان لە کاروانەکانی کەرەسەی بژێوی و ژینەوەری سوپا بدەن لە کاتی هاتن و گەڕانەوەیان لە سەربازگەکانەوە بۆ ناو شارەکان هەروەها ڕەبیەکانی سوپا لە نیوە سڕبوونێك دەژین.

لەو ماوەیەی ساڵدا وەزعی سەربازیی لە دۆخی خۆیدا راوەستابوو تا شەڕەکانی دوکان و مەرگە و ئاکرێ و ئەزمڕ و ئۆپەراسیونەکانی شوان و ئەوانیتر وایلێهات وادەهاتنە بەرچاو هەروەکو کۆتایی شەڕ بێت. لەو کاتەوە مانای لە ڕۆژانی دوایی هاوینی ساڵی 1969 فەرماندەی ناچالاکی لیوای ڕەواندز دەستی کرد بە هەوڵ و تەقەللا لەمبارەیەوە. چەند جارێك تێبینی ئوتومبیلێکی جێبی سەربازی دەکرا کە لە ڕەواندزەوە دەهات و بەرەو حاجی هۆمەران یان دیلمان تێدەپەڕی تاکو لەوێ دیداری سەرکردایەتی شۆڕش بکا. ماوەیەك تێپەڕی ئیدی ئەو ئوتومبیلە نەدەکەوتە بەرچاو و ئیتر کەس گوێی پێ نەدەدا، و کارەکە بە تەواوی لەبیر چۆوە. پاشان لەناکاو ئاخاوتن لەبارەی دان و ستاندنەوە سەر لە نوێ کەوتەوە سەر زاروزمانان. و لە ناکاو ناوی کەسێك کە پاشان بەناوی دارا توفیق ناسیمان، لەگەڵ وشەی دان و ستاندندا بەیەکەوە نوسان و کەوتە سەر زمانان. زانیمان کە ئەو سەر بەخێزانێکی کوردی ناسراوی سلێمانیە و هێندێك لە پیاوەکانیان لە جولانەوە نیشتیمانیەکانی پێشوودا و لە چالاکییەکانی ڕۆژانی شۆڕشی شێخ مەحموددا بەشدارییان کردووە. هەروەها ئەو برای ئەندامێکی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە کە لە ساڵی 1959دا بەهۆی ئەوە کە هەوڵیدا حیزب بەرەو چەپ رابکێشێ و لەگەڵ حیزبی شیوعی عیراقیدا یەکبگرێ، دەرکرا. هەروەها زانیمان کە ئەندامی سکرتاریەتی لاوانی دیموکراتی بووە لە بودابست و لەماوەی پایزدا چەندین پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی حیزبی بەعسدا ئەنجامداوە و دیداری لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی ئەوان لەوانەش خودی میشیل عەفلەق ئەنجامداوە. ئەمە هەموو ئەو شتانە بوون کە کاتی خۆی زانیمان. پاشان جارێکی تر دیسانەوە مەسەلەکە گەڕایەوە حاڵەتی سڕبوون و لە بیرچۆوە.



ڕۆژانی مانگی کانونی یەکەم بە قورسی تێپەڕبوون و بەلای ئەوەدا نەدەچۆوە کە دان و ستاندن بەخۆیەوە ببینێ. هەر یەکێك لە ئێمە هەروەکو حاڵەتی ئاسایی سەرقاڵی کاروباری خۆی بوو. لە یەکێك لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ جان پرادییە توێژەر لە دۆزی کوردی و خاوەنی کتێبی «کوردەکان شۆڕشێکی بێدەنگ» دەچووینە ناو خێوەتی مەکتەبی تەنفیزی بۆ دیداری دکتور مەحمود. لەوێ پیاوێکم بینی تەمەنی لە سییەکان تێپەڕ ببوو و کەمێك بەلای قەڵەویدا و چووست و چالاك بوو لە تەنیشت دکتور مەحمود دانیشتبوو و بەخێرایی بەناوی دارا تۆفیق پێشکەشی کردین. لەناکاو بیرۆکەی دان و ستاندن دووبارە بەنێو مۆژەمدا هات و وام ئەنجامگیریی کرد کە کاروبارێکی نهێنی لەو دیو پەردەوە دێت و دەچێ تا قەناعەت بە بارزانی بکرێ کە دان و ستاندن لەگەڵ حکوومەتدا بکرێ. بارزانی لەو ماوەیەدا هەروەکو کە دەنگۆ بوو لە دان و ستاندن لەگەڵ بەعس ناڕازی بوو.

پاش ئەوە بە چەند ڕۆژێك ڕۆژنامەکانی حکوومەت «الثورة و الجمهورية» وێرا بە کۆمەڵە سەر وتارێك بڵاوبوونەوە کە لە حاڵەتی ئاسایی بەدەربوون و لەبارەی جوولانەوەی کوردی بەو سیفەتەی کە جولانەوەیەکی نیشتمانییە قسەیان دەکرد. هەروەها گۆڤاری «الثورة العربية» کە ڕۆژنامەیەکی تیوریکی ناوخۆیی حیزبی بەعسی حاکم بوو وتارێکی تێروتەسەلی بڵاوکردبۆوە کە لەوێدا باسی جولانەوەی کوردی کرد بوو و بە یەکێك لە لقە نیشتمانییەکانی دانابوو. جگە لە هێندێك «کەسانی ڕاسترەوی کۆنەپەرست» کە مەبەستی بارزانی و هێندێك کەسایەتی کوردی سەختگیر کە داوای تەواوی مافە نەتەوەییەکانی کوردییان دەکرد و بە «پەیوەست بووان بە ئیستعمار و ئیمپریالیزم و زایونیزم» لە قەڵەمی دابوون. لەگەڵ ئەوەشدا پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك شاندێکی حکوومەت بە سەرکردایەتی «سمير عزيز النجم» ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی بەعس گەیشتە ناوپردان و هەروەکو ئەو کاتە گوتیان بۆ مەبەستی «تاووتوێ کردن». لەو کاتانەدا لەگەڵ قەیسەری هاوڕێم سەردانی (سەبری بۆتانی)م دەکرد کە یەکێك بوو لە هاوڕێ دێرینەکانمان تاکو لەبارەی ڕادەی بەرەو پێشەوەچوونی ئەم

((تاووتویێ کردنانە)) ئاگاداربین. ئەو کاتە ((سەبری بۆتانی)) بە کاروباری سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی رادەگەیشت و هەڵبژێردرابوو تا مەحزەری دانیشتنەکانی تاووتویێ کردن کە بە زۆری شەوانە و لە بارەگای بارزانی بەرێوە دەچوو، بنوسێتەوە.

شاندی حکومەت بەرەو رەواندز گەڕایەوە و لەویێ بە سواری هیلیکۆپتەر چوونە کەرکوك و لەوێشەوە بۆ بەغدا. ماوەیەك تێپەڕی و ئینجا شاندێکی تری حکوومی گرنگتر هات و ئەمجارەیان حەردان تکریتی و سەعدون غەیدان، وەزیری بەرگری و وەزیری ناوخۆ و کۆمەڵێکی تر لە حیزبی بەعس سەرکردایەتییان دەکرد. ئەمجارەیان دان و ستاندن جیدی تر و ئاشکراتر دەهاتە بەرچاو و دانیشتنەکە لە ماڵی کاك شەفیق ئاغا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی شۆڕش بەڕێوەچوو و بارزانی خۆی تێیدا بەشداربوو. دەرکەوت کە دان و ستاندن بە هۆی کەرکوك و سنجار و خانەقینەوە گەیشتە حاڵەتی بنبەست چونکە بەعس بە ناوچەی عەرەبی دادەنا، بەڵام لایەنی کوردی پێداگریی کرد کە ئەوانە پاژێکن لە کوردستان. ئەوە بوو بارزانی هەستا و چووە دەرەوە و لەو کاتەدا کە دەچوو سواری ئوتومبیل ببێ حەردان و سەعدون غەیدان لە دەرەوەی ماڵەکە و لەبەردەم ئوتومبیلەکە گەیشتنە لای و تکایان لێکرد کە بگەڕێتەوە و دەشیانگوت کە دەستیشیان ماچ کردوە و لێی پاڕاونەتەوە و گوتویانە ((چۆن بە دەستی بەتاڵ بگەڕێینەوە و چی بە البکر بڵێین...)) دەنگۆکە لە کاتی خۆیدا بە مەبەستی زێدەڕۆیی و بەخشینی پایەیەکی تایبەتی بە بارزانی ئاوا بڵاوکرایەوە، ئەگەرنا ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە بارزانی بە حوکمی باوەڕی تەسەوفگەری و نەریتەکانی خێزانەکەی رێگای دەست یان لاچاو ماچ کردن نادا. لەو کاتەدا منیش لەگەڵ ئەوانەدا بووم کە لەویێ راوەستابوون، چاودێری پێشتهاتەکەم دەکرد. پاش تاوێك هەموویان گەڕانەوە ماڵەکە و دان و ستاندن دووبارە درێژەی پێدرایەوە. پاشان شاندەکە گەڕایەوە بۆ بەغدا.



پرۆپاگەندەی ئەو رۆژانە بازاڕیان گەرم و بەرمێن بوو. هەر کەس پاشەڕۆژی بەو ئاوایە دەدی کە خۆی وێنای دەکرد. رۆژان هاتن و چوون و پاش ئەوە شاندێك بە سەرۆکایەتی دکتور مەحمود و ئەندامێتی سامی و دارا و هێندێك کەسایەتی دیکەی کوردی لە رێگەی رەواندزەوە چوونە بەغدا. لە کاتی گەڕانەوەی شاندەکە لە بەغدا کە پاش چوار رۆژ هات، بۆ یەکەمین جار دکتور مەحمودم بینی قاتی لەبەرەو مێزەری بەسەرەوە نییە، شاندەکە لە بارەی بەرەوپێشەوە چوونی دانوستاندن و ئامادەیی حکوومەت بۆ وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی شۆڕش گەش بین بوون و زمانحاڵی ئەوان وابوو کە حیزبی بەعس بەو پێودانگەی حیزبێکی نەتەوەیی چەپڕەوە تێگەیشتنی بۆ دۆزی کوردی هەیە و ئامادەیی تەواوی هەیە کە لە عیراق بە جۆرێکی ریشەیی کێشەکە چارەسەر بکا چونکە ئەو لە توێژە نەتەوە خوازەکانی دیکە کە هەر لە زەمەنی عەبدولکەریم قاسمەوە بە رێگەی کودەتای سەربازی چوونەتە سەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی، کەمتر رەگەز پەرستە.

ئەو رۆژانە لە کۆتایی ساڵی 1969دا بووین و لە هەموو جێگایەك بەفر لەسەر سەربانەکان، و لەبەردەمی ماڵەکان لە ناوپردان و هەروەها لە هەموو جێگایەکی دیکە کەڵەکە ببوو. چوون بۆ رەواندز و سەفەرکردن بە ئوتومبیل لەوێوە بۆ کەرکوك کارێکی سەخت بوو چونکە بەشێك لە رێگاکە بە هۆی زۆریی باران و بەفرەوە تێکچوو بوو. لەبەر ئەوە فەرمان درا کە سێ بنکەی کاتیی بۆ نیشتنەوەی هیلیکۆپتەر لە گوندی چۆمان ئامادە بکرێ. شاندی حکوومەت بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن لەو رۆژانەدا لەهەر ئان و ساتێکدا پێشبینی دەکرا کە بگات. لەبەر ئەوەی ئەو خانووەی کە ئێمە تێیدا دادەنیشتین باشترین ماڵ بوو بۆ میوانداریی شاندەکان، ئەوە بوو لە سەروبەندی جێژنی سەری ساڵدا ئاگادارکراینەوە کە دەبێ بۆ ماوەی چەند رۆژێك ماڵەکە چۆڵ بکەین و کەل و پەلەکانمان لەویێ لابەرین، ئەوە بوو کەل و پەلەکانی خۆمان لابرد و لە چێشتخانەکە دامان نا. ئێمە پێش ئەوەی کە ئاگادارمان بکەن، کەڵەشێرێکی گەورەمان کڕیبوو و سەرمان بڕی بوو تا بۆ ئاهەنگی جێژن خۆمان ئامادە بکەین

و قەیسەریش برێك شەڕابی كۆنی لە ئێرانەوە بۆ هاتبوو كە دیاری مەتران زیا دەشتۆ مەترانی ورمێ بوو. ئێمە دەمانویست ئاهەنگی جێژن بگرین و هێندێك لە برادەران وەكو سەبری بۆتانی و شێخ رەزا و خوری پۆلیس بیداری و مامۆستا جەرجیس فەتحوللا و میناس بۆ بەشداریی لە ئاهەنگەكەمان بانگهێشت بكەین، بەلام مەسەلەی چۆڵ كردنی ماڵەكە هەموو نەخشەكەی ئێمەی سەروبن هەڵگێڕایەوە و ئێمە هەردوو ژوورەكەمان بەتاڵ كرد و ئەوەبوو وەرتەی ئێرانی نایابیان هێنا تا لە ژوورەكان دایان بخەن و ئینجا كورسیش هات و لە ژوورەكان ریزكران. هەمووان چاوەڕێ بوون كە گوێیان لە دەنگی فڕۆكەكان بێ بەلام پێشبینییەكە بەهیچ گەڕایەوە و هەر كەسێك لە لای خۆیەوە ئەو رۆژە ئومێد بڕاو بوو. كاتێك بینیمان كە چاوەڕوانیی بێهوودەیە گەڕاینەوە ژوورەكەمان كە بۆ شاندەكە فەرشكرابوو و ئامادەكرا بوو و پیاڵەكانی شەرابمان لێ پڕكردوو كەڵەشێرمان لە ناوەڕاست دانا. بەلام لە بانگهێشت كراوان جگە لە مامۆستا جەرجیس كەسی تر ئامادە نەبوو چونكە ئەوانییتر تا رادەیەك جێگاكانیان دوور بوو. هەموومان بەبۆنەی سەری ساڵەوە و بەبۆنەی گەڕانەوەی هیوا بەسەركەوتنی دان و ستاندن شەرابمان نۆشی. بەلام رۆژان تێپەڕبوون بێ ئەوەی شاندەكە بێت و هێندێك كەس تەنانەت هیوایان بەدان و ستاندنیش نەما.

لە یەكێك لەو رۆژە ساردانەدا كە هەر كەسەمان خەریكی كاری خۆی بوو، هەواڵێك بڵاوبۆوە كە ئەم ئێوارەیە شاندەكە دێت. ئەوە بوو دوای نیوەڕۆ سێ هیلیكۆپتەر لەو جێگایانەی كە لە نێوان ناوپردان و چۆمان بۆیان ئامادەكرا بوو نیشتنەوە و ئەندامانی مەكتەبی سیاسی لە پێشوازی شاندەكە بوون. خەڵك لەبەردەم دوكانەكەی كاك ئەحمەد و لەسەر پردەكە و خێوەتی مەكتەبی تەنقیزی ئاپۆرایان كرد. بەلام من لە ماڵەكە نەهاتمە دەرەوە چونكە دەمزانی ئەوان دێنە ناو ئەم ماڵەوە. پاش تاوێك سەدام تكریتی لەگەڵ ئیدریس و مەسعود و دكتور مەحمود بەناو دار هەنارەكاندا كە وەكو پەرژینی ماڵەكەوابوو، هاتنە ژوورەوە، وەكو رێبەرێك پێشیان كەوتم و دەرگای ئەو ژوورەم كردەوە كە بۆیان ئامادە



كرابوو، ئەوان چوونە ژوورەوە و بە دوای ئەوانیشدا ژمارەیەك لە ئەندامانی شاندی حكوومی كە پێكهاتبوو لە سەعدون غەیدان و سەركردەی فیرقەی دوو و بەرزان، دایك برای سەدام، چوونە ژوورەوە. پاش بەخێرهاتن هەموو گلەوگازندەكان بەسەر سەری ساڵح یوسفی داماودا دابارین، ئەمەش بەو پێودانگەی كە وەكو بەعسییەكان بانگەشەیان دەكرد، ئەو رۆژنامەی داخستووە و بەمەش جاری شەڕی داوە، بەلام بەرێز حەبیب محەمەد كەریم سكرتێری حیزب بەرگری لە رێزدار ساڵح یوسفی كرد و پێی گوتن كە حكوومەت لە ناوچەی قەرەداغ بە بەرپاكردنی هێرش بۆ سەر دانیشتوانی ناوچەكە بۆ داگیركردنی شەڕی دەست پێكردەوە. هەموو ئەم شتانە لە كەش و هەوایەكی دۆستانەدا و پڕاوپڕ لە قاقای بەرزی پێكەنین دوور لە توندی و گرژیی و وتەی بریندار كەر بەڕێوەچوون. پێش گەیشتنی بارزانی هێزێك لە پاسەوانانی تایبەت بە رادەی 500 جەنگاوەر ئابلۆقەی ناوچەكەیاندا بۆ ئەوەی هەر هەوڵێك یان فێڵێكی حكوومەت پوچەڵ بكەنەوە. ئەو هێزە لە پێگەی جیاجیادا بڵاوبوونەوە و لە پەنا ماڵەكەی ئێمە ئاگریان هەڵكرد تا خۆیان گەرم بكەنەوە. بەلام هێندێكی دیكەیان لەمەنجەڵی گەورەدا كە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویانن، دەستیان كردن بە ئامادەكردنی خواردنی ئێوارە. لەو دەمەدا بارزانیمان بینی دەهاتە نێو ماڵەكە و ئەو جگە لە خەنجەرەكەی و دەمانچەكەی شتێكی تری لە چەك هەڵنەگرتبوو. ئەو دەلینگی شەڕواڵە خاكییەكەی خستبووە نێو گورەوییە خورییەكانییەوە و هەروەكو جوتیارێكی سادە دەردەكەوت. یەكەم جار چووە ژووری یەكەم كە یاوەرانی شاندەكە لە ئەفسەرانی بچوك و جێگر ئەفسەر و سەربازەكانی لێبوو و سلاوی لێكردن و یەكە بە یەكە تۆقەی لەگەڵدا كردن. ئەوان سەرسامی دایگرتن و نیشانەكانی گەورەیی و شكۆیی لەسەر روخساریان وەدیاریدا. ئەوان پێشبینی كەسێكیان دەكرد كە رووگرژو مۆن بێ و دانابەزێتە ئەو ئاستەی قسە لەگەڵ كەسانی لە بابەتی ئەوان لە ئاستی خەڵكی بچووكدا بكا و ئاستی واق وڕبوونی ئەوان گەیشتە پلەیەك گوێم لێبوو یەكێكیان بە گوێی ئەوی دیكەی دا چرپاند و گوتی:

- ولك هذا هو الملا!!

هاوڕێکەی قسەکەی بڕی:

- معقوله، الملا يجي يحچي ويانا؟

پێم گوتن: بەڵێ ئەمە مەلایە!

بارزانی بەجێی هێشتن و ئەوان هەروا بەپێوە حەپەساو و سەرسام ڕاوەستابوون. ئینجا رووی کردە ژووری دووەم کە لە دووکەڵدا پەنگی دابۆوە، و کاتێك چووە ژوورەوە هەمووان بەپێوە ڕاوەستان تا لە جێگای خۆی دانیشت پاش بەخێرهێنان بە وتەی گەرم و گوڕ، گوێم لێبوو سەدام پرسیاری لە بارزانی کرد:

- تا ئێستا لە کوێ بووی؟

بارزانی وەڵامیدایەوە:

- هەر لە هەمانکاتدا کە ئێوە گەیشتنە ناوپردان منیش گەیشتم بەڵام من لامدایە خێوەتێکی نزیك و لەوێ نوێژم کرد و ئنیجا هاتم.

پاش کەمێك بارزانی لەگەڵ سەدام حوسێندا دەستیان لە نێو دەستی یەکدا گرتبوو هاتنە دەرەوە و روویان کردە ئەو ژوورەی کە پاسەوانە یاوەرەکانی لێبوو، ئەوان ناچاربوون ژوورەکە بەتاڵ بکەن و لە دەرەوە لەبەر سەرما رابوەستن. لەبەردەمی ژوورەکە سەدام بە بارزانی گوت:

- تفضل مولانا.

بەڵام بارزانی کشایەوە دواوە و پێی گوت:

- تفضل أنت الضيف.

ئەمەش بەپێی پەیڤینی کوردی کە پیتی (ضاد) بۆ (ز) دەگۆڕێ. بەم جۆرە پاش چەند جارێك ((تفضل)) گوتن چوونە ژوورەوە و لەسەر ئەو چوارپایە دانیشتن کە من لەسەری دەخەوتم. لەو کاتەدا من لەگەڵ یاوەرانی شاندەکە لە دەرەوە ڕاوەستابووم ئێمە لە پەنجەرەکەوە تەماشای ئەو ژووەمان دەکرد کە بارزانی و سەدام چوونە ناویەوە و لەسەر چوارپاکە دانیشتبوون و لەو جگەرەیان دەکێشا کە بەدەست پێچرابوونەوە و بەسەری دار جگەرەوە دەکران، دووکەڵی



چڕی جگەرە لە دەوروبەریان بەرزبۆوە، ئەوان ماوەی زیاتر لە یەك کاتژمێر لەو ژوورە بە تەنیا مانەوە و تاوتوێی گوت و بێژیان دەکرد. جگە لە کاك حەمە عەزیز کە لە بەردەرگا پاسەوانیی بارزانی دەکرد هیچ کەسێکی تر گوێی لەو گوت و بێژە نەبوو کە لە نێوانیاندا بەڕێوەچوو. پاشان چوونە دەرەوە و پاشماوەی دان و ستاندن هەر ئەوشەوە لە خانوویەکی بچوکدا بەڕێوەچوو کە قوتابخانەیەکی سەرەتایی تێدابوو. ئەم خانووە بچوکە لە پاشان بەناوی (قەسری سەلام) لە ناوپردان و پاشان ڕێککەوتنی کۆتایش لەوێدا بەڕێوەچوو.

شەوێکی سەخت بوو، بەتەنیا لەگەڵ چێشتلێنەر (یەڵدا)دا بووم چونکە قەیسەر و باوکە فرەنسیس بەرەو ورمێ سەفەریان کردبوو. شەومان لە ژوورە بچووکەکەی یەڵدا بەسەر بردوو پێداویستی تەواوی نوستنمان بۆ میوانداریی سەدام و شاندی یاوەری لە دوو ژوورەکەی تر دانا.

شەو پاش ئەوەی شاندەکە گەڕایەوە بۆ قوتابخانەکەی ناوپردان لەگەڵ یاوەری شاندەکە مامەوە و گوت و بێژمان بڕانەوەی نەبوو تا ئەو دەمەی شاندەکە بۆ نوستن هاتنەوە و ئنیجا دەستم کرد بە ڕێنوێنی ئەندامانی شاندەکە هەر کەسە بۆ سەر جێگای خۆی، چوار پاکەی من بە نسیبی سەدام بوو. ئەو ڕۆژانە بەفر زۆرباری بوو، رووی زەوی و تەنانەت درەختەکان بەرگی سپیان پۆشیبوو. بەیانی لەخەو هەستاین بۆ ئەوەی خواردنی بەیانی بۆ شاندەکە ئامادە بکەین، سەدام هاتە دەرەوە و چووە ناو ئەو باخچەیەوە کە لە بەردەمی ماڵەکە بوو، ئەو پاڵتۆیەکی درێژی رەشی لەبەردابوو لەوێ بەو قەڵافەتە درێژەیەوە قیت ڕاوەستابوو سەیری ئەو قەڵاچیاییەی دەکرد کە رووبەڕووی ماڵەکەمان بوو و بە بەفر داپۆشرابوو. سەدام بەدەست ئاماژەی بۆ ئەو دوکەڵە کرد کە لە ماڵێکی لەبەرد دروست کراو لەسەر قەڵاکە بەرز دەبۆوە و لەبارەی سەرچاوەی دوکەڵەکە پرسیاری لێکردم، پێمگوت: ((ئەوە دوکەڵی شوانانە)) لەگەڵ ئەوەشدا کە زانیاری تەواوم هەبوو ئەوێ بارەگایەکی بچوکی یەکێك لە تۆپە دژە هەواییەکان بوو. نازانم قەناعەتی بەوە هات کە پێم گوت بەڵام واپێدەچوو لەوەندەدا کۆتایی پێ هێنا.

ئێمه به ڕێگەی بۆرییەکی پلاستیکەوە (سۆندە) لە کانییەکەوە لە سەرووی ماڵەکەمانەوە بە جۆری بەردەوام ئاومان بۆ دەهات و دەچووە ناو باخچەکەوە. پاش ئەوەی سەدام دەم و چاوی خۆی بە ئاوی سارد شۆرد و بە پەشتەماڵ کە یەڵدا بۆی ڕاگرت، وشك کردەوە، بە پەلە گەڕایەوە بۆ ژوورەوە و خواردن ئامادەکرابوو. پاش نانی بەیانی بۆ جاری سێیەم شاندەکە گەڕایەوە بۆ دووبارە دەست پێکردنەوەی تاوتوێکردن. واش پێدەچوو کارەکە ئاسان بوو و هیچ لایەکیان دژوارییەك و سەختییەکیان نەهاتە پێش. ئەمەش بە گومانی من هۆکاری خۆی هەبوو. لەسەر ئاستی سەربازیی هەردوولا لە شەڕ تێر ببوون بێ ئەوەی پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بێت. لایەنی کوردی تەنیا وەکو ئامرازێك بۆ ناچارکردنی حکوومەت بۆ دانوستاندن و قبوڵکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد لە شەڕی دەڕوانی، و حکوومەتی نوێ کە دوژمنایەتی زۆری لە نێو سوپا و دەرەوەی سوپاشدا هەبوو دەیویست بە هەر نرخێك بێت دانوستاندن سەرکەوتن بە دەست بهێنێ و بۆ لەناوبردنی ئەوان لەناوەوە خۆی تەرخان بکا هەروەکو چۆن ئەوان ئەویان لە ناوبرد بوو، ئەمەش لە دواییدا دەرکەوت. سەرباری ئەوەش لە تاقیکردنەوەکانی حکوومەتەکانی پێشووەوە بۆیان دەرکەوتبوو کە لە ناوبردنی جوڵانەوەی نیشتیمانی چەکداری کوردی کارێکە لە توانادا نییە. شۆڕش هۆکاری رووخانی سێ رژێمی کۆماری بوو هەر لە عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف و عەبدولرەحمان عارف ئەمەش چونکە زۆربەی زۆری یەکەکانی سوپای عیراقی لە چیاکانی کوردستان داندرابوون و ئەم کارەش بوارێکی گەورەی درەخساند تا پیلانەکان لە دژی رژێمە فەرمانڕەواکان سەرکەوتن بەدەست بهێنن. هەروەها شۆڕش هەموو وزە ئابوری و داراییەکانی وڵاتی هەڵدەچۆڕاند ئەمەش تورەیی و غەزەبی لە ناوەندەکانی سوپا و گەلدا پێکدەهێنا.

کودەتا سەربازییەکان یەك بە دوای یەکدا دەهاتن. بەعس ئاخرین دەستەی ئەم دەستانە بوو کە هەروەکو دەستەکانی پێش خۆی بەختی خۆی بەهەڵایساندنی ئاگری جەنگ لە کوردستان دەست پێکرد و لە دلڕەقی و تێکدان و سوتاندن و



وێرانکاری لەوانەی تری تێپەڕاند، بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانی ئامانجەکەی ئەو بهێننەدی کە ئەویش لەناوبردنی جوڵانەوەی کوردی بوو بە رێ و شوێنی سەربازی. چونکە پێشمەرگە سەرەڕای ئەوە کە سوپا لە ڕێگا قیرتاوکراوەکاندا لە جادەی هاملتون و زاخۆ و سلێمانی پێشڕەوی کرد بوو بەڵام شارۆکە بچوکەکان کە داگیرکرابوون تەنیا مەیدانێکی ئاسایی شەڕ بوون، و لە لایەنی شۆڕشەوە، گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی شەرەفمەندانە لەبارەی مافەکانی کورد ئامانجی ستراتیژیی کۆتایی بوو. ئەمە شتێکی روون بوو کە هێزەکانی پێشمەرگە ناتوانێ دابەزێتە دەشتەکان و بەو چەك و یارمەتییە سنوردارەی کە لە ئێران و شوێنی تر وەریدەگرێ شکستێکی گەورە بەسەر سوپای عیراقی بهێنێ، ئەو یارمەتییە ژمارەیەکی کەمی تۆپی مورتری کۆن، سەرەڕای ژمارەیەکی کەم لە تۆپی (30 ملم)ی سووکی دژە فرۆکەی شەڕکەر، لەگەڵ تەقەمەنییەکی کەم، هەروەها بەرزبوونەوەی ژمارەی قوربانیان و هەستانی سوپا بە چەندین قەسابخانەی ترسناك هەروەکو ئەوەی کە لە دەهکان و سۆریا و شوێنەکانی دیکە روویدا، پاڵی بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوەنا کە پرەنسیپی دانوستاندن قبوڵ بکا بەو مەرامەی کە بگاتە ڕێککەوتنێك بۆ ڕاگرتنی شەڕ و پاشانیش گوتوبێژ لەبارەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئوتۆنۆمیدا بەڕێوەببات. بەڵام لە رووی راگەیاندنەوە سومعەی حکوومەتی عیراقی لەناوەندە نێو دەوڵەتییەکاندا تا نزمترین ئاست هاتبووە خوارەوە و تەنانەت زۆربەی دەوڵەتەکان بەهۆی زریانی سیاسی و کودەتای سەربازییەوە و بە هۆی بەردەوامیی شەڕ لە کوردستان ئارەزوویان نەدەکرد مامەڵە لەگەڵ عیراقدا بکەن. هەروەها ببووە گاڵتەجاڕی ناوەندە عەرەبییەکان و پەیوەندییەکانی رۆژ بە رۆژ لەگەڵ هەر کام لە میسر و ئەردەن و سعودیە و کوەیت و لیبیا خراپتر دەبوو و راگەیاندنەکەشی بەردەوام پەلاماری فەرمانڕەواکانی دەدا و هێرشی دەبردنەسەر. بە روانینی ئەو میسر و ئەردەن دوو دەوڵەتی خۆبەدەستەوەدەر بوون و رژێمی فەرمانڕەوا لەم دوو وڵاتەدا دەرهەق بە دۆزی عەرەبی فەلەستینی خیانەتکاربوون لەبەر ئەوەی کە هێرش

نابەنە سەر ئیسرائیل. بەڵام سعودیە و کوەیت دوو دەوڵەت بوون کە پاشکۆی ئیستعمار و ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بوون. و سودان و لیبیاش دوو دەوڵەت بوون کە دژ بەو رەوتی سوسیالیستییە بوون کە حیزبی بەعسی باوەڕی پێ هەبوو. و لە راستیدا نالێکی عیراق لەگەڵ ئەواندا بە هۆی وابەستەیی ئەو کاتەی قەزافی و نومەیری بوو بۆ میسر. بەڵام سوریا لەگەڵ ئەوەشدا کە بە هۆی ئەوەی کە باڵێکی رکابەر بە حیزبی بەعسی عیراقی تێدابوو، ئەوا ئەوساش و ئێستاش تا رۆژگاری ئێستامان گرێی پێشەواکانی بەعسی عیراق بوو هەر چەندە ئەم گرێیە ناوە ناوە بەهۆی نەرم نواندنی یەکێکیان بەرامبەر ئەوی دیکە لە بەین دەچوو، بەڵام رق و کینە لە قووڵایی دڵیاندا هەردەمێنێ. هەر جارێك کۆنگرەکانی لوتکەی عەرەبی یان وەزیرانی دەرەوە یان بەرگری دەبەسترا، پەنجەی تۆمەتبارکردن ئاراستەی عیراق دەکرا کە وەکو پێویست بەشداری لە شەڕی چارەنوسدا ناکا. هەموو جارێکیش بیانگەی عیراق ئەوە بوو کە سوپاکەی لە باکوورە بۆ لەناوبردنی جووڵانەوەی کوردی. بەڵام لەسەر ئاستێکی بەرفراوانتر، دوژمنایەتی لەگەڵ ئێرانی دراوسێدا زیاتر توند دەبوو چونکە گوایا ئێران هەواری جاسوسیەتی دژ بە عیراقە و لەبەر ئەوەش هەروەکو بەعس بانگەشەی بۆ دەکرد دەیەوێ دەست بەسەرکەنداوادا بگرێ، بەڵام لە راستیدا هۆکاری دوژمنایەتییەکە چەوساندنەوەی شیعە بوو لە عیراق لە لایەن بەعسەوە لەناو عیراقدا کە زۆربەی زۆری ناوەندەکانی حکوومەت لەوێدا بەدەستی سوننەوەیە، جا بەعس لەسەر حوکم بێت یا رژێمێکی تر، لە لایەکی دیکەوە جیاوازی نێوان ئەم دوو رژێمە بە جۆرێکی ریشەیی هۆکاری بنەڕەتی فراوان بوونی نالێکییەکانیان بوو. لەو دیو ئێرانەوە پاکستان هەبوو، کە عیراق دەیوست لە رێگای گەشەپێدانی جەنگی پارتیزانی لە بلوجستان لە نێو دەریای خوێندا نقومی بکا. ئەم کێشەیەش لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا تا ئەو کاتە ئاشکرا نەبوو کە (موخابەراتی ئێرانی) برێك چەکی ئاشکرا کرد کە باڵوێزخانەی عیراقی لە رێگای پۆستی دیبلوماسییەوە دەیگواستەوە. لەبارەی تورکیاشەوە ئەوا پەیوەندی لەگەڵ عیراقدا باش نەبوو،



ئەمەش لەبەر چەندین هۆکار بوو کە یەکەمیان تورکیا ئەندامی پەیمانی ناتۆ بوو کە لەوێدا ئێران بەشداری لە پێکهێنانی دیواری دژ بە هەڵچوونی کۆمۆنیستی سۆڤێتی لەناوچەکەدا دەکرد. و هۆکاری دووەم ئەوە بوو کە تورکیا هەڵوێستی لە ماوەکانی شەڕ دژ بە گەلی کورد هەڵوێستێکی تەماشاکارانە بوو پاش ئەوەی کە چەندین جار عیراق داوای لێکردبوو کە لە داخستنی سنوردا یارمەتی بدات و لە پێکهێنانی سەرێکی مەنگەنەکەدا هاوکاری بێت لە دژی جولانەوەی کوردی.

بەڵام لە لایەنی کوردییەوە ئەوەی کە پاڵی پێوەنا بەرەو دانوستاندن بچێت لەگەڵ حکوومەتدا، لە کاتێکدا کە بەعس لەسەر لێواری رووخان بوو، ئەمەش بەهۆی ئەو لاوازی و ناکۆکییە ناوخۆییانەوە کە لەو کاتەدا باڵی سەربازی بەهێز بوو و دەستەی سەدامی بەو جۆرەی ئێستا بەهێز نەبوو و حەردان عەبدولغەفار و ساڵح مەهدی عەماش و سەربازییەکانی دیکە لە لوتکەی سەرفرازیی خۆیاندا بوون، من دەڵێم ئەوەی کە پاڵی پێوەنا بچێتە دانوستاندنەوە ئەوەبوو کە کەوتبووە حاڵەتێکی هیوابڕان لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی. لەسەر ئاستی ناوخۆیی لە عیراقدا هێزێکی سیاسی یان حیزبێك نەمابوو دان و ستاندنی لەگەڵ نەکا و پاشان دووبارە جەنگ لەگەڵیدا دەست پێنەکاتەوە، ئەوە بوو لە زەمەنی عەبدولکەریمدا شیوعییەکانی تاقیکردەوە پاشان بەعس لە سەردەمی عارفی یەکەمدا پاشان (قەومییەکان) لە زەمەنی هەمان عارفی یەکەمدا پاشان حکوومەتی بەزاز کەسیفەتی حیزبیشی نەبوو، تاقیکردەوە، هەمو ئەو هەوڵانە پاش ئەوەی کە لایەنی دانوستاندنکار لەگەڵ جولانەوەی کوردی، دەگەیشتە سەر دەسەڵات و پێگەی خۆی بەهێز دەکرد، بەشکست کۆتاییان دەهات. لە گۆڕەپانەکەدا جگە لە بەعس کە ماوەی دوو ساڵ بوو لەسەر حوکم بوو و ئەم جارەیان ئومێد لەسەر راستگۆیی و نیازپاکی بەعس بنیات نرابوو بەتایبەتیش جووڵانەوەی کوردی باوەڕی بە چەك هەڵگرتن لە دژی دەسەڵات نەبوو تەنیا ئەوەندە نەبێ کە وەکو ئامرازێك بۆ ناچارکردنی بۆ دانوستاندن هەروەکو لە پێشاندا باسم

کرد. بەم جۆرە هەموو ئیرادەکان یەکانگیربوون هەروەکو کە بەردەوام ڕۆژنامەکانی حکوومەت بە ((خێرخواز و بنیاتنەر)) ناوی دەهێنا.

بەڵام لەسەر ئاستی دەرەوە جووڵانەوەی کوردی باوەڕی بە لایەنی ئێرانی نەبوو چونکە ئێران بەجۆرێك یارمەتی و باربووی شۆڕشی کوردی دەکرد کە هەروەکو ئاوی دڵۆپێنراو بەزاری مردوویەکدا بکرێ. ئەو هیچ ڕۆژێك ئارەزووی نەدەکرد جووڵانەوەکە هیچ جۆرە سەرکەوتنێکی سەربازی یان سیاسی بەسەر دەسەڵاتی عیراقییدا بەدەست بهێنێ، چونکە ئەم کارە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئێرانیش دەبێ کە نزیکەی پێنج ملیون کوردی تێدایە و ئەمەش پاڵیان پێوە دەنێ کە داوای مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بکەن هەروەکو برایانی خۆیان لە عیراق. شتێکی نامۆ نەبوو کە ئێران لە بەرپابوونی دان و ستاندن توورە ببێ و هەروەکو لە پاشاندا دەرکەوت دانوستاندن بەبێ ڕاوێژکردن بە ئێران بەڕێوەچوو. و بارزانی بە دژوارییەکی گەورەوە توانی قەناعەت بە شای توورەبوو بکا کە ڕاگرتنی شەڕ و دانوستاندن پێویستییەکی گەورە بوو بۆ بەدەستهێنانی وەخت و بە هۆکاری نالەباری و خراپی وەزعی ئابوری لە کوردستان و هەروەها مەحاڵ بوونی مانەوە و بەردەوام بوون لەسەر ئەم حاڵەتە بەو پشتیوانییە بەرتەسکەوە کە حکوومەتەکەی پێشکەشی دەکا. هۆکارەکان و ئارەزووەکان هەر چۆنێك بووبێ دان و ستاندن لە کەش و هەوایەکی برایانە و بەسیمایەکی ڕۆژهەڵاتیی تەواوەوە بەڕێوەچوو بێ ئەوەی لایەنی سێیەم وەکو شایەت یان چاودێر بەشداری تێدا بکا، و دوور لە سیفەتی دیپلوماسی کە سیمای ئەم جۆرە کارە گرنگانەیە و، من پێم وایە ئەم کارە یەکێك لە هۆکارەکانی نوشوستی هێنانی ئەم ڕێککەوتنامەیە و بواری هەڵتەکاندنی بوو هەر لە هەفتەکانی هەوەڵی ئمیزا کردنییەوە. ئەم گەڕەی دان و ستاندن لەگەڵ بەعس هەروەکو گەڕەکانی دیکەی پێشوو لەگەڵ ڕژێمە لەناوچووەکانی پێش بەعس سەلماندی کە کورد لە شەڕدا لێهاتوون و نەیارەکانیان ناچاردەکەن بۆ دانوستاندن، بەڵام هونەرەکانی دان و ستاندن لە سەپاندنی ئیرادەی



خۆیان بەسەر لایەنی بەرامبەر لە کاتی دانیشتن لەسەر مێزی دان و ستاندن، ئەو کاتەی کە دەرفەتی لەبار دێتە پێشەوە مافەکانی خۆیان بەدەست بهێنن، نازانن. دان و ستاندن یارییەکی ترسناکە گەڕوسوڕی خۆی هەیە و فێڵ و دەهۆی سیاسی تێدایە و ئەوانە دەیبەنەوە کە بە باشی لە نیوەی شەڕەکە دەزانن، کە ئەمەش نیوە گرنگەکەیەتی.

5

# 11ی ئازاری 1970

ئێمە وامان دەزانی کە ئازار دەسپێکی سەردەمێکی نوێ دەبێ لە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی عیراقی و شۆڕشی کورددا. لە ڕۆژانی یەکەمدا وادەردەکەوت کە ئاشتی و گەشانەوە و برایەتییەکی ڕاستەقینە بەدوو خۆیدا دەهێنێ. کاروانی ئەو ئوتومبیلانەت دەبینی کە لە هەولێرەوە بە ڕێگای ڕەواندزدا بەرەو گەلاڵە خزم و کەس و کاری پێشمەرگەیان هەڵگرتبوو کە لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا دامەزرابوون. ئوتومبیلەکان بە نێو گەرووی گەلی عەلی بەگدا، پاش ئەوەی دەشتی هەولێر و دەشتی هەریر و دەشتی دیانایان دەبڕی بەلای چەندین سەربازگەی سوپادا وەکو سەربازگەی ڕەواندز و خەلیفان و سپیلکدا تێدەپەڕین، ئەوانەی کە دەهاتن پسولەیەکی ڕێ پێدانیان دەدرایە تاکو بەم جۆرە گەشتانە هەڵبستن، لە لایەن بارەگاکانی سوپا و بەڕێوەبەرایەتی خۆجێی ئەم پسولانە دەدرا. بەڵام لە لایەنی شۆڕشەوە مەکتەبی سیاسی تاکە لایەنێك بوو کە دەسەڵاتی هەبوو ئەم جۆرە پسولانە دەربکات. لەمبارەیەوە دێتەوە بیرم کە خزمەکانی فرۆکەوانی عیراقی (محمود رشید القصاب) کە فرۆکەکەی کەوتبووە خوارەوە و پێگەکانی ئێمەی لە هێزی باڵەکیان بۆردوومان دەکرد و پێشمەرگە بە دیلگرتبوویان و خرابووە بەندیخانەی خەلانەوە بەم شێوازە هاتبوون بۆ ناوپردان و چەندین سەبەتە سێو و پرتەقاڵیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، و هێندێکیان پێشکەشی ئێمە کرد، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی ڕەسمی چووینە سەردانی لە بەندیخانە، پاشان بارزانی لەگەڵ دیلێکی تردا بۆ تەئکید کردنەوە لە نیازپاکی خۆی لە ڕێرەوی دان و ستاندن، ئازادی کرد و لەگەڵ یەکێك لە شاندەکانی دان و ستاندندا ناردیەوە بۆ کەس و کاری.



لەگەڵ دەست پێشکەرییەکانی 11ی ئازاردا، شاندی کوردی لە بەغدا بە سەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی و مەسعودی برای و ئەندامێتی دکتور مەحمود و بەڕێز محەمەد مەحمود عەبدولرەحمان (کاك سامی) و هەڵبژاردەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی، سەرقاڵی دانانی دواین پەنجەدانان لەسەر بڕگەکانی ڕێککەوتن نامەکە بوون بە ئاشکراکان و نهێنییەکانییەوە.

مەکتەبی سیاسی ئەم پسولەی ڕێپێدانەی بۆ هەر مەبەستێکی هیچ و بێ مانا دەرنەدەکرد: ئەو کەسەی کە داوای ئەم پسولەیەی دەکرد دەبوایە کۆمەڵە هۆکارێکی پێویست و بەجێ بخاتە ڕوو، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە حاڵەتی ئاژاوە و پشێوی نەکەوێتە ناوچەی ڕزگارکراو. لەبەر ئەوە بڕیارمدا لەگەڵ قەیسەر بچمە لای کاك حەبیب تا مۆڵەتی لێ وەربگرم. ئەوە بوو پسولەیەکی ئیمزاکراو و مۆرکراوی فەرماندەی لیوای ڕەواندزی دامێ و پاشان ئەم پسولەیە بە یەکێکی تر گۆڕدرایەوە کە ئیمزای نازم گزار بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی لەسەر بوو.

پاش ئەوە لەگەڵ یەکێك لە برادەران لە گەلاڵەوە چووم بۆ هەولێر و لەوێشەوە بۆ موسڵ. خێزانەکەم پاش ئەو کارەساتە گەورەیەی کە 69 قوربانیی لە ڕۆڵەکانی هاوخوێنەکانم لێکەوتەوە، لە موسڵ نیشتەجێ ببوون، گوندەکەش چۆڵکرابوو و ئەوانەی ڕزگار ببوون و لە ژیاندا مابوون بەرەو گوندەکانی دەوروبەر و زاخۆ و موسڵ کۆچیان کردبوو. مۆڵەتەکەی من کورت بوو و لە چەند ڕۆژێك زیاتر نەبوو و تەنیا بۆ سەردانی کەس و کارم و دڵنیابوون بوو لە حاڵ و ژیانی ئەوانەی کە مابوون و لەو قەسابخانەیە ڕزگاریان ببوو کە بەسەریان هاتبوو. لە ڕێگەی هێندێك ناسیارەوە بەرەو ماڵی خۆمان ڕێنوێنییان کردم و پیشانیاندام چونکە نەمدەزانی لە کوێ دەژین، ڕێگام گرت. من پێم خۆشبوو لەو ماوەیە زیاتر بمێنمەوە تا سەردانی هاوڕێیانی کۆن بکەم لە قوتابیانی پەیمانگای ئیکلیری دومینیکانی کە لە شەستەکاندا ماوەی پێنج ساڵ دەرسم تێدا خوێندبوو، بەڵام باوکم کە لە حاڵ و باری سیاسی و هەوا و خولیای خەڵکی موسڵ ئاگادار بوو ئامۆژگاری کردم کە لەوێ نەمێنمەوە چونکە کەش و هەواوی بارگاوییە. باوکم

بەشێوەیەکی ئاسایی و لە جێدا لەسەرهەق بوو. موسڵ کەش و هەوای تایبەتی خۆی هەیە کە پێی ناسراوە و من لە ساڵانێکی زووەوە ئەمەم دەزانی. موسڵ لە حکوومەتی ناوەندی یاخی دەبوو، و خەڵکەکەی و بنەماڵە دیارەکانی خۆیان وا دادەنا کە لە مەعدەنێکی گرانبەهاترن کە لە هی هەموو عیراقییەکان بەرزتر و باڵاترە و بەردەوام بە راپەرین و مانگرتن حکوومەتی بەغدای بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکرد هەروەکو دەوڵەتێك بێ لەناو دەوڵەتێکی تردا. کەش و هەوای خنکێنەری شۆڤێنییانەی و کینە لەدڵیی لەسەر هەموو کەمینەکان ئەو رووداوەی وەبیرهێنامەوە کە بەسەر هێندێك جوتیاری گوندەکەمان هاتبوو کە چوو بوونە ئەوێ. ئەوان کاتێك لە بازاڕی (باب الطوب) دەبن هێندێك کەلوپەلی کە پێویستیان دەبێ دەکڕن. یەکێك لە بازرگانەکانی ئەوێ رایاندەکێشێتە لای خۆی و بە روویەکی خۆشەوە بەخێرهاتنیان دەکا و جگەرەیان لەو جۆرەی کە خۆماڵی دروست کراوە و پێی دەڵێن ((مزبن)) پێشکەش دەکا، کاتێك قەناعەتیان بە کاڵاو نرخەکانی ئەو نایە بە پەلە دەکەون بڕۆنە دەرەوە، تێروپڕ جنێویان پێدەدا، جگەرە ((مزبن))ەکانیشیان لێدەستێنێتەوە هەروەها ئەوەی وەبیرهێنامەوە کاتێك کە منداڵ بووم بەر لەوەی بچمە سەرەتایی، لەگەڵ باوکم چوو بوومە موسڵ. لە کاتێکدا بەسەر پردی ئاسنینی کۆندا دەپەڕینەوە، کۆمەڵێك منداڵی شارەکە پێشیان پێگرتین ئەوان لە رووبارەکە مەلەیان دەکرد و لەسەر پردەکەوە خۆیان هەڵدەدایە خوارەوە. ئەوانە لە دواوەڕا جەمەدانی باوکمیان راکێشا و کەوتە سەر پردەکە و خەریك بوو بکەوێتە ناو رووبارەکە. بە پاکێتی منداڵێکەوە لە باوکم پرسی:

- ئەو منداڵانە بۆ وایان کرد؟

بەهیوابڕاوییەوە وەڵامیدامەوە:

- چونکە شەرنگێزن و هیچ رەوشتیان نییە کوڕم!

دڵم بەرامبەریان پڕ لە کینە و بوغز بوو. ئەم کارە مشتێکە لە خەروارێك لە هەزاران رووداوی ئاوا کە لە مامەڵەی خراپ و رەوشتی دزێو و گیانی خۆ بەمەزنزانی بەسەر کەسانی ترەوە کە بەسەر رۆڵەکانی کوردستاندا هاتووە،



تەنانەت وشەی (کردی) بەخوێندنەوەی پیتی (ڕێ) بۆ (غ) کە ماناکەی دەبێتە بێ مێشکی گەوج، دەخوێننەوە! و بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیەتی کە لە کەسایەتی موتەسەریفی ئەم شارە و گەورە پیاوەکانیدا خۆی دەنوێنێ هەر لە پێکهاتنی دەوڵەتی عیراقییەوە رۆڵێکی بنچینەیی لە خۆشکردنی ئاگری شەڕەکان لە کوردستان گێڕاوە. هەر لە شۆڕشی یەکەمی بارزانەوە، لیوای پێنج کە بارەگاکەی لە (غەزلانی) موسڵ بوو هەر لە سوپایەکی داگیرکەر و ئامرازێکی سەرکوتانەوە دەچوو بۆ دامرکاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی لە کوردستان. فەوجەکانی ئەم لیوایە جارێك بەرەو ئاکرێ پێشڕەوییان دەکرد و جارێك بەرەو دهۆك و زاخۆ. ئەوەش کە زیاتر کارەکەی ئاڵۆز دەکرد بوونی عەشیرەتەکانی هەرکی و زێباری کورد بوون کە سەر بە حکوومەت بوون و لەبەری دەستە چەپی شارەکە بوون. ئەوێ هەروەکو کوانووی پیلانگێڕی و گرێی گیروگرفت و کێشەکانی بوون. شیاوی ئاماژە پێدانە یەکەمین کێشە کەلەنێوان حکوومەت و جولانەوەی کوردیدا سەریهەڵدا، لە موسڵەوە دەستی پێکرد. ئەوە بوو کە هێندێك کەسانی بەکرێگیراو هەستان بە گوللەباران کردنی بارەگای لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ نانەوەی ئاژاوە و ئاڵۆزی و شڵەژانی کەش و هەوای پاش رێککەوتنی 11ی ئازاری 1970، بەم جۆرە لەسەر داوای باوکم جانتا بچوکەکەمم هەڵگرت و رۆژی دواتر بۆ سەردانی پاشماوەی خزمەکانم سەفەری بەغدام کردوو بووم بە میوانی ئەوان.

کاردانەوەی ئەو خزمانە لە بارەی سەردانیکەران و میوانەکانەوە جیا جیا بوو، هێندێکیانم دەبینی دەترسا لەوەی کە لەگەڵمدا تێکەڵاو ببێ هەروەکو من تووشی نەخۆشی گولی بووبم، هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کە بیرەوەری سێدارەکانی ((باب الشرقی)) هێشتا لە نێو مۆژەیاندا دەجولایەوە کاتێك لە هاوینی رابردوودا پتر لە سی کەسیان بەبێ گوناهو تاوان بە تۆمەتی بێ بنەمای جاسوسسی و پیلانگێڕان لە بەرژەوەندی فلان و فیسار، لە سێدارەدا. ئەو وەزعەی من ئەو جیاوازییە غەمناکەی هێنایەوە بیرم لەوەی کە بەعس لە

پەلامار و شالاوی کوێرانەدا لە خنکاندنی بێتاوانان ئەنجامیدا، بەو بەسەرهاتەی کە بەسەر ((موفق الیاس زوما))ی لاو کە باوکی لە تلکیف کارگەیەکی سەهۆڵی هەبوو. ئەو لاوە جەنگاوەرێکی شیوعی بوو لە کۆمەڵی تۆما تۆماس لە ناوچەی شێخان. ئەو لە ڕێگەی قایمقامی قەزای شێخانەوە پاش ئەوەی کە نوێنەری حکوومەت کۆمەڵە بەڵێنێکی پێدا کە ئازاری پێناگا، خۆی تەسلیمی دەسەڵاتدارێتی حکوومەت دەکا، بەڵام لە کاتێکدا کە سەرقاڵی تەواوکردنی مامەڵەکەی بوو بۆ کۆچکردن بۆ ئەمریکا، لەگەڵ لاوێکی تر کە ناوی رعد حنوش بوو دەستگیریان دەکەن و فڕێیان دەدەنە بەندیخانەوە و ئینجا بە تۆمەتی جاسوسی و پیلانگێڕان لەگەڵ کۆمەڵی عزرا ناجی زلخە، کە ئاگاشیان لێنەبوو تاوانبارکران و لە سێدارە دران! ئەگەر ڕێککەوتنی 11ی ئازار لە سەروبەندی راگەیاندنی نەبوایە، وا پێدەچوو هەر کەسێك کە پەیوەندیم پێوە دەکا یان لەگەڵ مندا دیتراوە، ئەوا بە تۆمەتی داڵدەدانی کەسێکی خیانەتکار لە چەتەکان، تۆمەتبار دەکرا. هەر بۆیە بڕیارمدا نەبمە مایەی بارگرانیی لەسەر کەسانی تر، بەڵام ئەم ترس و سڵکردنەوەیە، بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئامادەیی شاندی کوردی لە بەغدا، بەخێرایی دەرکەوت کە لە جێی خۆیدا نییە.

ڕۆژی 11ی ئازار لە بەغدا بووم و تەلەفزیون هەر سەر لە ئێوارەکەی رایگەیاند کە سەرۆك بەکر بەیاننامەیەکی گرنگ دەخوێنێتەوە، ئێمەش چاوەڕێ بووین، ناوە ناوەش گۆرانییەکی ئەحمەد خەلیل ((هەر بژی کورد و عەرەب رمز النضال)) لە ئێستگە و تەلەفزیونی بەغداوە پەخش دەکرا. هەروەکو لێشاوی بەخوڕ ڕۆڵەکانی باکور لە چیاکان و شارۆکەکانەوە دارژانە نێو شارەکان و بەغدای پایتەختەوە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ ئاهەنگەکانی نەورۆز، هەروەها دەستکرا بە کاری خۆئامادەکردن لە کاروباری دارتاشی و ئاسنگەری و بۆیاغ و جوانکاری و رازاندنەوە بە جۆرێکی گەرم و بێهەدادان لە گۆڕەپانەکانی پایتەخت و شارەکاندا. ڕۆژنامەکان بەناونیشانی گەورەوە وەدەرکەوتن و تێیدا ستایشی حیکمەتی سەرکردایەتی و ئیرادەی خێرخوازانەی دەکرد لە راگرتنی شەڕی براکوژی و



ڕێپوانێکی گەورە لە (باب ئەلموعەزەمەوە) بەنێو شەقامی رەشیددا هات تا گەیشتە (ساحەی تەحریر) و لەوێ کۆمەڵە وتارێکی حەماسەت ئامێز خوێندرانەوە. چاوەکانم وێرای سەدان هەزار چاوی دیکە ئەو وێنە بەربڵاوەیان بینی کە تێیدا ئەلبەکر لە ناوەڕاستی ئیدریس و مەسعوددا راوەستاوە و هەردوو دەستی ئەوانی بۆ سەرەوە بەرزکردۆتەوە و هەروەها ئەندامانی شاندی کوردی کە پێکهاتبوو لە سامی و دکتور مەحمود و کەسانیتر لە هەردوو لای ئەوانەوە راوەستاون و هەر بە هەمان شێوە ئەوانیش دەستیان بەرزکردۆتەوە هەروەها سەدام و نەعیم حەداد لە پشت ئەوانەوە راوەستاون و جەماوەری ئاپۆراگرتووی گۆڕەپانەکەش هوتافی بۆ ژیانی ئەلبەکر و بارزانی دەکێشا.

چەند ڕۆژێکی کەم لە بەغدا مامەوە و پاشان گەڕامەوە بۆ ناوپردان. لەوێ بارەگا رەسمییەکانم بەنیوە چۆڵی هاتە بەرچاو و ئەوانەی کە تادوێنی لە ناویاندا دەژیان لەوێ نەماون و هەرکامیان بەرەو ناوچەکەی خۆی بڵاوەی لێکردوە بە مەبەستی وەزیفەی حکوومەت یاخود کاروباری ئازاد. قەیسەرم دیتەوە کە لەوپەڕی ئامادە بووندا بوو بگەڕێتەوە بۆ دهۆك کە براکانی لەوێ بوون. دەستمان کرد بە تەتەڵەکردنی کەل وپەلەکانمان و ماڵەکەمان چۆڵ کرد چونکە دکتور مەحمود لە سەروبەندی زەماوەند و گواستنەوەی بۆ ئەم خانووە بوو. ئوتومبیلێکی لاندروڤەرمان گرت و کەل و پەلەکانمان خستە ناوی و بە تەواوی چەکەکانی خۆمانەوە بەرەو دهۆك کەوتینەڕێ. لە هەولێر و موسڵ رانەوەستاین و درێژەمان بە ڕێگای خۆمان بەرەو دهۆکدا. کاتێك گەیشتینە ((ئالوکا)) بینیم فرمێسك بە چاوەکانی قەیسەردا دێتەخوارێ.

پێم گوت: بۆ واغەمبار دیاری؟

بەدەست ئاماژەی بۆ ئەو ڕێیەکرد کە دەسوڕایەوە، و گوتی:

- ئەم پێچانە دەبینی؟ بەر لە چەند ساڵێك ئەلێرە هورمز مەلەك چەکۆ، شەهید بوو، لە کاتێکدا هێرشی دەبردە سەر کاروانێك لە ئوتومبیلەکانی سوپا و دەستی گرت بەسەر کەرەسەکاندا و 28 سەربازی بەدیل گرت و تەسلیمی

هێندێك لە پێشمەرگەكانی خۆی كردن تا بیانبەنە ئەو چیایە كە بەسەر ئێمەدا دەڕوانێ. لە كاتێكدا خەریكی سوتاندنی ئوتومبیلە سەربازییەكان بوو هێزێك لە سوپای سوری ئابلۆقەیدا و ئاگربارانیان كرد و هەردوو قاچی پێكرا. هورمز لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێ و تا دواین گوللە بەردەوام دەبێ لە گوللەباران كردنیان و لە ئاكامدا لەگەڵ هەشت لە جەنگاوەرەكانی شەهید دەبێ. تەرمەكەی لەو جێیە بە جێمابوو بێ ئەوەی سوپای سوری بزانێ كە ئەوە تەرمی ئەوە، حكوومەتی عیراقی پاداشتێكی گەورەی بۆ هەر كەسێك دانابوو كە بە زیندوویی یان بە مردوویی تەسلیمی بكا. پاش ئەوە كۆمەڵێك لە جەنگاوەرەكانی تۆما تۆماس هەستان بە گواستنەوەی تەرمەكەی و لە گوندی سینا شێخ خدر خستیانە ژێر گڵەوە.

پێم گوت: جا گرنگی هورمز مەلەك چەكۆ چییە؟ سەدانی وەكو ئەو لە شۆڕشدا شەهید بوون.

گوتی: شەهیدبوونی ئەو شوێنەوارێكی گەورەی لەسەر بارزانی دانا. بارزانی دەیویست شۆڕشی كورد شۆڕشی هەموو رۆڵەكانی كوردستان بێ. مەسیحییەكان سەرەڕای كەمی ژمارەیان بەڵام قورسایی خۆیان هەیە و بوونی ئەوان تێیدا مانای وایە كە شۆڕش شۆڕشی هەموو كوردستانە و سیفەتی دیموكراسی و بەیەكەوە ژیان و برایەتی نەتەوەیی و ئایینی پێدەبەخشێ. رۆژێك لە نێو شاندێكی ئایینی كەمینەكانی كوردستاندا بووم و سەردانی بارزانیمان دەكرد بۆ پیرۆزبایی بە بۆنەی مۆركرانی رێككەوتنی ئازارەوە. بارزانی پێی گوتین «هەواڵی شەهید بوونی هورمز لە دە ساڵ شەڕ لە كوردستان زیاتر ئازاری دام!» هورمز دەسەڵاتی تایبەتی لە لایەن بارزانییەوە درابوویە كە لە هەڵبژاردنی ئامانجەكانی هێرشەكانیدا بێ ئەوەی كە رەزامەندی وەربگرێ و بگەڕێتەوە بۆ لای فەرماندەی هێز سەربەست بێت.

گەیشتینە دهۆك و بووین بە میوانی براكەی قەیسەر و بۆ رێز گرتنی ئێمە داوەتی پێكهێنا و رۆژی دواتر چووینە زاخۆ و بینیمان هەر وەكو دهۆك لە



گەرمەی ئاهەنگ گێراندایە. لەوێ سەردانی مەتران یوسف بابانامان كرد و پێشوازی لێكردین و زۆر بەخێرهاتنی كردین. لە نێوان من و ئەودا پێشتر ئاشنایەتییەك نەبوو. پاشان رووی كردە من و گوتی: «تۆ ئەو كەسەی كە بە یۆنان ناوت دەبەن؟» گوتم: بەڵێ. گوتی «وام وێنادەكردی كەسێكی باڵا بەرز و زەبەللاح بیت... زۆرم لەبارەی تۆوە بیستووە...» من نازانم چی لەبارەی منەوە بیستبوو. من نەچووبوومە مەیدانی شەڕەوە و كارێكم نەكرد بوو كە شایانی ئەوە بێت بكەومە سەر زاروزمانان و لە كۆڕو دانیشتنانداندا باس بكرێم. دەرفەتی ئەو كاتەم بۆ نەبوو پرسیاری لێبكەم كە بۆچی ئەو وێنایەی كردووە! پاشان زاخۆمان بەجێهێشت و گەڕاینەوە بۆ دهۆك و من سەرم سوڕما بوو.

رۆژی دواتر سەفەری بەغدامان كرد و لەوێ چووینە سەردانی پەتریرك پۆلسی دووەم شیخو، و زۆردڵخۆش بوو بە دیدارەكەمان و ئێمە وەزعی رەعیەتەكانی ئەومان لە كوردستان بۆ راڤەكرد، پاش ئەویش چووینە سەردانی لقی پێنجی حیزب لە شەقامی ئەبی نواس. بارەگای لق لە سەردانیكەران و خەڵك جمەی دەهات كە لە هەموو لایەكەوە هاتبوون. بەڵام كۆبوونەوەكانی حیزب لە ژوورەكاندا بەڕێوەدەچوون. ئێوارە سەردانی بارەگای (التاخی)مان كرد. لەوێ ئامادەكاری بۆ دەرچوونی رۆژنامەكە لە چاپخانەی (دار الجاحظ) كە هی بەرێز (رسمی العامل)ی پارێزەر بوو، دەكرا بەم جۆرە بووینە نیشتەجێ بووی بەغدا بەڵام لەگەڵ دڵگوشادییەكان و رۆشناییەكانی ئەوێ خوومان نەگرتبوو چونكە ماوەیەكمان لە چیاكان لە ژینگەی شۆڕشگێڕیی دێهاتیدا بەسەربرد بوو. هیواكانی ئێمە جگە لە سەركەوتنی شۆڕش شتێكی تر نەبوو وائێستا ئەوە هاتۆتەدی و بە ئامانجی خۆمان گەیشتووین. بەڵام بەردەوام هەستێكی تایبەتی بەسەرماندا زاڵ بوو ئەویش ئەوە بوو ئەو ژینگە شۆڕشگێڕییە و ئەو ژیانی هاوڕێیەتییەمان لە دەست چوو بوو كە تێیدا بووین. پەیوەندیمان بە یەكترییەوە پچڕابوو وای لێهاتبوو هەواڵی هاوڕێیان لە گۆشە و لاكانی وڵاتەوە بە پچڕ پچڕی بۆمان دەهات. ئەویان كەوتبووە دهۆك و ئەوی تر لە سلێمانی بوو. هێندێكیان لە كەركوك بوون و

ئەوانیتر لە بەغدا و هەولێر. تاسە و حەسرەتمان بۆ ئەو ژیانە سادە ئەسپارتییە دەخواست کە لەگەڵیدا خوومان گرتبوو و سەرچاوەی هۆگریی و تاسەیەکی تەماویی بوون و ئەو سەختی و دەردەسەریانەی رۆژگارێکی درێژ لە ناویدا بووین تام و چێژێکی خۆی هەبوو. ئێمە لە بەغدا بەهەموو ژاوە و سەرقاڵییەکانیەوە، بووین و بە تەواوی وامان دەزانی کە ئێمە خەڵکی ناوپردانین و ئێستاش کاک ئەحمەد موختارمانە و هەرچەندێك لە بەغدا بمێنینەوە ئێمە بەو ژینگە ناشۆڕشگێرییە هەر نامۆین!

باوەڕی باو وابوو کە ئیدی عیراق پاش 11ی ئازار لە ئاشتییەکی هەمیشەیدا بەهرەمەند دەبێ و عەرەب و کوردەکان و کەمینە نەتەوەییەکان وەکو هاوبەش لەم نیشتیمانەدا دەژین. بەڵام ئەوەی کە مۆژەی چینی رۆشنبیری نێو کۆمەڵگای کوردی سەرقاڵ کرد بوو ئەوە بوو کە رێککەوتننامەی ئازار قۆرخ کردنی دەسەڵاتی لەناونەبرد بوو. ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەجۆرێك بوو کە دەبوایە جوڵانەوەی کوردی یان بەشداری تێدا بکا یان کار بۆ هەڵوەشاندنەوەی بکا. هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی بەعسی فەرمانڕەوادا مابۆوە. کورد چۆن دەتوانن لە نیشتیمانێکدا هاوبەش بن بێ ئەوەی بەشدارییەکی کاریگەریان لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەبێ کە دەزگایەکی بێ هاوتایە و لە هەموو جیهاندا نموونەی نییە. یەکەم کەس کە ئەو دەزگایەی داهێنا جەمال عەبدولناسر بوو لە شۆڕشی یولیوی 1952. دەماندی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە نازناو و پلەی پان و درێژیان بۆ خۆیان دانابوو، بۆ نموونە ئەمەیان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەندامی سەرکردایەتی (قەرمی و قوتری)یە و لە هەمانکاتدا وەزیریشە! بەڵام وەزیرە ئاساییەکان هیچ نەبوون و تەنیا ئەوە بوو کە لە دیوانی سوڵتاندا (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) نوسەر بوون، هەرچەندە نازناو و پلەکانیان گەورەبوو و ئوتومبیلەکانیان کەشخە بوون بەڵام دەسەڵاتیان نەبوو. هەروەها ئەنجومەنی وەزیران نەبوو و بەعس دەیویست رژێمی حوکم بەم جۆرە بێ.



بە حوکمی رێککەوتننامەی 11ی ئازار لیژنەیەك بەناوی لیژنەی ئاشتی (لجنە السلام)، پێکهات دەسەڵاتی درایە یان وەکو دەنگۆبڵاوکرایەوە دەسەڵاتی درایە، کە بۆ سەرپەرشتی جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە دەسەڵاتی تەواوی هەبێت. ئەم لیژنەیە بە سەرۆکایەتی مورتەزا حەدیسی و ئەندامێتی سەعدون غەیدان و نەعیم حەداد لە لایەنی بەعسەوە، بەڵام لە لایەنی پارتییەوە ئەندامەکانی کاك سامی و دارا توفیق و ساڵح یوسفی بوون. و لە لایەنی بەعسەوە عوسمان محەمەد فایق ئەندامی سەکردایەتی لقی بەغدا بەکاروباری سکرتاریەتی لیژنەکە هەڵدەستا، بەڵام لە لایەنی پارتییەوە هەڤاڵ لەتیف رەشید شاهویان بوو. زۆرجار فایل و بەڵگەنامەکان لە نێوان ئەم دوو مەکتەبەدا ون دەبوون. و من بۆ خۆم دەفتەر (خدمەی عەسکری)م لە نێوان ئەم دوو مەکتەبەدا لێ ون بوو و هێندەی بە دوایدا بگەڕێم و بپشکنم و لە نێوان ئەو دوو مەکتەبەدا هات و چوون بکەم سەراسیمە بووم و خەریك بوو نائومێد دەبووم کە لەو دەمەدا ئەوەم بە بیرداهات کە دادی خۆم لای هەڤاڵی خۆ حسێن حەیدەر کە ئەندامی پارتیش نەبوو بکەم و هانای بۆ بەرم. ئەو پێی گوتم کە عوسمان محەمەد فایق باش دەناسم. شێوازی ئەم باش ناسینەش کاتێك کە حسێن تەلەفۆنەکەی هەڵگرت بەدەرکەوت. ئەو پێی گوت (هەتیو سەرسەری بە قۆندەرەوە دێمە سەرسەرت تاکو دەیدۆزیتەوە!))[1].

[1]- ناتوانم بێ دەربڕینی پەیڤێك هەروا بەسەر ئەم مەسەلەیەدا تێپەڕم، گەرچی لێرەدا ماوەیەکی تێرایی بە هەقی ئەمە لەبەردەستدا نییە، بەڵام هەلێکی گونجاوە کە بڵێم: ئایا تیۆرییەکی سیاسی بوونی هەیە بتوانێ ئەمە بخوێنێتەوەو شیبکاتەوەو پەیوەندیگەلێکی مەنتیقی لەوەدا بدۆزێتەوە کە شۆڕشگێڕان کە تا رۆژگاری دوێنی هاوبیرو هاوئامانج و لەکاری نهێنیدا هاوڕاز و هاودەست بوون، پەیوەندییەك بە یەکترییەوە گرێی دەدان بەهێزتر لە پەیوەندی دوو برا و بەتاسەو گەرمتر لە هەر پەیوەندییەکی دیکەی ئینسانی و کۆمەڵایەتی.. لەمەش بەولاوەتر پەیوەندی ساڵانێك لە پێشمەرگایەتی و رۆژگاری برسێتی و نەبوونی و سەختیەکانی ژیان و قوربانیدان و ململانێ و گیانبازی لە شەڕەکانی رزگاری لە پێناوی دۆزی نەتەوەیەکدا.. لەبەرامبەر پەیوەندییەکی کە شیانی ئەوەی هەیە هەر بە رێککەوتیش بووبێ، کە بۆ چەند جارێك و چەند کاتژمێرێك لە کۆڕێکدا و لە دانیشتنێکی مەی خواردنەوەداو بەدوای ئەویشدا=

پاش چەند رۆژێك عوسمان بەخۆی و دەفتەر خدمەکەمەوە هاتە بارەگای رۆژنامە. من مامەڵەی ((تەعین بوونم)) بە هۆی ئەو (دەفتەر خدمە)وە راوەستا بوو. لە پاداشتی ئەو چاکەیەی حسین دا! دەبوایە هەردووکیان داوەت بکەم و ئینجا چووین بۆ چێشتخانەی تاجران.

ئەمەش نمونەیەکی ترە لە بارەی بەدرەفتاری و دزێویی مامەڵەکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵك لە نێو فەرمانگەکانی دەوڵەت کە لە رۆژگارەدا بڵاوببۆوە. رۆژێك بۆ بەدوواداچوونی مامەڵەیەك لە (دائرەی تەجنید) چوومە زاخۆ. لەوێ عەریفی بەرپرس هەموو رۆژێك پەیتا پەیتا پۆزشی دەدۆزییەوە. پاش هەفتەیەك  مانەوە لە زاخۆ لە چاوەڕوانییەکی جاڕزکەردا چوومە لای کاك شەعبان حەجی سەعید ئەندامی لقی پارتی لە زاخۆ پاش ئەوەی پیاڵەیەك چام خواردەوە لە مەسەلەکە ئاگادارم کرد. شەعبان لە تووڕەییدا تەقییەوە و لەگەڵ خۆیدا بردمیە ((دائرەی تەجنید)) بە قسەی ئازاردەر بە سەریاندا هاتە خوارەوە و بەجۆرێك کە پێشبینیم نەدەکرد، کێشەکە لە ماوەی پێنج دەقیقەدا چارەسە بوو و ئەفسەری (تەجنید) داوای لێبوردنی لێکردم.

لە میانی ئەو ماوەیەدا پێنج وەزیرەکانی کورد لە بەغدا لە یەکێك لە ژوورەکانی بارەگای رۆژنامەدا، بۆ توێژینەوە و هەڵسەنگاندن و یەکخستنی

=پەیدابوونی پەیوەندییەکی گاڵتە و گەپ ((شەڕە جنێو)) لە نێوانیاندا.. ئەو هێز و گوڕەی تێدا نییە. ئەمە چ جۆرێکە لە پەیوەندی کە دەتوانێ هەموو لەمپەرەکانی بیرو پرەنسیپ تێك بشکێنێ و پابەندییە مەعنەوییەکان و روحییەکان ببەزێنێ و پێش هەموو پەیوەندییە شۆڕشگێڕییەکان و باوەڕە نەتەوەخوازییەکان و رەسەنایەتییە نیشتیمانپەروەرییەکان بکەوێتەوە؟! چ تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی ئەم پەیوەندییە شیدەکاتەوە کە لە هەڵوێستێکدا و لە حاڵەتێك و لە وەزعێکدا پەیوەندییەکی گاڵتە و گەپ و شەڕە جنێو، بتوانێ زۆر دەرگا بە ناهەق دابخاو زۆر دەرگا بە ناهەق و نادادپەروەری بکاتەوە. لە هەقیقەت دوور ناکەومەوە کە بڵێم ئەو هێزەی کە لە پەیوەندی نێوان گاڵتەبازانی جنێوفرۆشدا هەیە، هەرگیز لەو پەیوەندییەدا بوونی نییە کە لە نێوان شۆڕشگێڕانی دوێنێی ئەمڕۆ بە دەسەڵات گەیشتوودا هەیە. (وەرگێڕ)



هەڵوێستەکانیان لەبەرامبەر نەخشەکانی بەعس، کۆدەبونەوە، ئەوان پێویستیان بە کەسێکی پاك و دڵنیا هەبوو بۆ ئەوەی بەکاری سکرتاریەتی کۆبوونەوەکانیان هەڵبستێ، لەبەر ئەوە کاك سامی داوای کردم و ئەو کارەی سەرەڕای کاروباری خۆشم لە رۆژنامە، پێسپاردم. ئەوەبوو دەست بەکاربووم و بەرپرسیارێتی رێکخستنی فایلەکان و ئامادەکارییەکانی ئەم جۆرە کۆبوونەوام خستە سەرشانم.

مەرام لەنانەوەی هەموو ئەو کێشە و گیروگرفتانە بڵاوکردنەوە و چاندنی گیانی نائومێدی بوو لە نێو دەرونی ئەندامانی پارتیدا وەتێگەیاندنیان کە لایەنی حکومەت و بەعس بەتەنیا ئەو دەتوانێ چارەسەری کێشەکانیان بکا.

من لەمبارەیەوە لەبارەی کێشە گەورەکانەوە کە حکومەت و رێکخستنەکانی بەعس لە رێگەی هاندان و دنەدانی کرێگرتەکانەوە بۆ خولقاندن و نانەوەی کێشە لە کوردستان پێی هەڵدەستا هەروەکو موسڵ و ناوچەکانی شنگار و شێخان و خانەقین پێی هەڵدەستا. قسەناکەم.

هەروەها لەبارەی هەوڵی تیرۆرکردنی کاك ئیدریس لە بەغدا، هەروەها ئەو پیلانانەی کە دەزگاکانی (ئەمن و ئیستیخبارات) بۆ تیرۆرکردنی بارزانی دەیان گێڕا کە سێیەمیان و گەورترینیان ئەمەیان بوو کە بە (موئامەرەی مەلاکان) ناسرا.

هەورەها لەبارەی (تەعریب و تەبعیس)ی زۆررەملێ و هەوڵی تیرۆرکردنی عەلی سنجاری جێگری پارێزگاری دهۆکەوە قسەناکەم کە بۆ خۆلادان لە سەرەرۆیی و ستەمی حکومەت پەنای بردەبەر سەرسەنگ. هەروەها لەبارەی دەستگیرکردنی دڵسۆزان بەهەموو جۆرە تۆمەتێك لەوانە بەکرێگیراویی و ئاودیوکردن و تێکدان و کاروکردەوەی فڕاندن، قسە ناکەم بەڵکو لەبارەی کاروبار و پرسی رۆژانە و تەنگە تاوکردنی بێزارکەرانە قسەدەکەم کە دەزگاکانی بەعس دژی دڵسۆزان و عەوامی خەڵك پیادەی دەکرد. ئەم دەزگایانە هەڵدەستان بەخەڕۆکردن و تەفرەدانی خەڵك جا چ بە سامان یان پایە یان پلە بوایە، جا ئەگەر کوردێك ئەمەی رەتبکردبایەوە بە هەموو رێگا و شێوازێك هەڵدەستان بە ترساندن و هەڕەشەکردن لێی.

ئەم هەڵسوکەوت و ئاکارانە بووە هۆکاری ئەوەی کە پارتی لە بەرامبەر نیازەکانی حکومەتدا هیوا بڕاو بێ بە تایبەتیش پاش پرۆسەی کۆچی زۆرەملێی هەزاران کوردی فەیلی و فرێدانیان لەسەر سنورەکانی ئێران پاش ئەوەی کە سەدان ساڵ بوو ئەوانە لە عیراقدا دەژیان و ئەمەش بووە هۆکاری بەسەریەکدا هەڵڕژتنی کۆمەڵە تۆمەتێك لەسەر لاپەڕەکانی هەردوو رۆژنامەی ((التاخی و الثورة)). ئامانجیش لەم بوختان و هەرانانەوە رووتاندنەوەی پارتی و سەرکردایەتی بارزانی بوو تا بە جۆرێك وەکو پەیکەرێکی بێ گیانیان لێبکا.

لێرەدا پێویستە نموونەیەکی واقیعی لەسەر ئەم سیاسەتە گەمژەیەی بەعس لە مەسەلەی بە عەرەبکردندا بخەمە بەرچاو. ئەم نموونەیە هاوڕێیەك بۆی گێڕامەوە کە خۆی لەو کاتەدا کە لە یەکێك لە قوتابخانەکانی سنجاردا وانەبێژ بووە، بەشداربووە، ئەو گوتی: ((خەڵکی سنجار داوایان کرد کە بەپێی رێککەوتننامەی یازدەی ئازار زمانی کوردی لە قەزای ئەواندا بخوێندرێ، بەڵام حیزبی بەعس ئەمەی رەتکردەوە و هەڵمەتێکی دژەوانەی لە پێناوی لابردنی بڕیارەکە بەڕێوەبرد و کۆمەڵێك عەریزەی ساختەی بەناوی سەرپەرشتیارانی قوتابیەکانەوە کە مامۆستاکانی ناوچەکە و بەرپرسیارانی (شوعبە)ی حیزبی بەعس و ئەفسەر و سەربازانی لیوای بیست و نۆ کە لە سنجار دامەزرابوو، ئمیزایان کردبوو. ئەو کەسەش کە ئەمەی بۆ من گێڕایەوە، لە جیاتی ناوی راستەقینەی خۆی بەناوی هونەرمەند (حسین نعمە)وە ئیمزای کردبوو چونکە ئەو بەرهەڵستکاری ئەم هەڵمەتە زۆردارەی بەعس بوو و پشتیوانی لە خوێندنی زمانی کوردی دەکرد. بەڵام لەبەر ترس و زوڵمی حکومەت و ریسواکردنی ئەم گاڵتەجاڕییە بەناوێکی ساختەوە ئیمزای لەسەر کاغەزەکە کرد بوو. ماوەیەکی پێنەچوو کە بڕیارەکە لابراو هەرگیز جێبەجێ نەکرا.

ئەوەی زیاتر وای لە دەسەڵات کرد درێژە بە سیاسەت و سەرەڕۆیی خۆی بدات، بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بوو لە بازاڕەکانی جیهاندا و نرخی یەك بەرمیل نەوت دوو ئەوەندەی نرخی خۆی زیادی کرد و ملیارەها دۆلار رژایە نێو خەزینەی



حکومەتەوە کە بەعس لە کڕینی چەکدا بۆ بەربەرەکانی کردنی شۆڕشی کورد بە فیڕۆیدا. بەڵام لەسەر ئاستی نێوخۆیی حیزبی بەعس جارێکی تریش توانی بە سامان و پلە و پایەی ساختەوە بە گوشاری یەکێتی سۆڤێتی حیزبی شیوعی عیراقی بۆ لای خۆی رابکێشێ تا لە رێگەی پێکهێنانی بەرەی قەومی و تەقەدومییەوە کە تەنیا سەرپۆشێك بوو بۆ تێپەڕاندنی نەخشەکانی بەعس لە ژێر دروشمی نەتەوایەتی و تەقەدومی، بۆ لێدانی جوڵانەوەی کوردی کاری لەگەڵدا بکا.

رووداوەکان بەخێراییەکی زۆرەوە بەدوای یەکدا دەهاتن. هەر لە شەڕەکانی ئەیلولی رەشەوە کە بەسەر ئەو شەڕەی نێوان مەلیك حسێن و فەلەستینیەکانیان دابڕی، و تەنانەت پاش شەڕی ئوکتوبەر، بەعس بەم یان بەو رێکخراوە فەلەستینیە خۆی خەریك و سەرقاڵ کردبوو، بە چەپ و راستدا پەلی دەکوتا و لە هەر گۆشە و کەنارێکی دنیا بوایە باربووی جوڵانەوە ((شۆرشگێڕیەکان))ی جا چ بە بۆنەیەکەوە یان بەبێ بۆنەوە، دەکرد و دەستی دەکرد بە گرێدانی گونگرە جیهانییەکانی کرێکاران و بانگهێشتی داماوان و نەدارانی جیهانی دەکرد کە بێنە عیراق هەروەکو بڵێی بەغدا پایتەخی هەموو جیهان بێ. هەروەها دەستی کرد بە هاوکاری کردنی رێکخراوگەلی کارتۆنی بۆ ئەوەی لە باقی دەوڵەتانی دیکەی عەرەبیدا کودەتا ساز بکەن. نایاب ترینی ئەم کاروکردەوانە و خۆشترییان ئەمەیان بوو کە لە سودان روویدا و شکستی هێنا و هەر لە هەمان کاتیشدا شاندێکی حیزبی بەعس بەڕێوەبوو تا کلکەسوتێ و مەرایی بۆ ئەوانە بکا کە بە کودەتا هەستاون و لە رێگا فرۆکەکە کەوتە خوارەوە و هێندێکی لە ئەندامانی سەرکردایەتی تێدا مردن لەوانەش محەمەد سلێمان. بەعس باوەڕی وایە کە ئەو نوێنەری نەتەوەی عەرەبە کە خۆی لە (قیادەی قەومی)دا دەنوێنێ کە سوری و لوبنانی و میسری و سودانی و سعودی و تونسی تێدایە و ئەندامانی ئەم سەرکردایەتییە بەو سیفەتەی کە ((سەرۆکەکانی دوارۆژن)) جا هەر کامیان لە وڵاتی خۆیدا، هەوڵ دەدا رێکخراوی نهێنی لەو وڵاتانەدا دروست بکا کە دەتوانێ ئەندامان بۆ خۆی رابکێشێ و توێژینەوەی ئەو تاقیکردنەوەیە بکا کە بەعس لە عیراقدا بەرپای کردووە بۆ ئەوەی پیت بەپیت هەر کەس لە وڵاتی خۆیدا پیادەی

بکا، و هەروەها لەبەر ئەوەش کە بەعس باوەڕی بە دیموکراسی و فرەحیزبی و ژیانی پەرلەمانی نییە ئەوا کورتترین ڕێگا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پیلانگێڕان و کودەتای ناڕاستەوخۆیە هەروەکو لە عیراق لە ساڵانی 1963 و 1968دا روویدا.

جا لەبەر ئەوەی بەعس نەیدەتوانی لە هیچ دەوڵەتێکی عەرەبیدا کودەتایەکی راستەوخۆ چ لە حاڵ و چ لە داهاتوودا بەڕێوەببات کە بە هۆی کودەتاوە لەم ڕێگایەوە دەستەیەکی بچوك لە ئەفسەرانی هەلپەرست و خاوەن تموح لەگەڵ کودەتاچییاندا سواری زینی دەسەڵات دەبن و پاشان دەست دەکرێ بە پاکتاوکردنی ناوخۆیی دژی ئەفسەران و کردارەکە بەوە کۆتایی دێت کە حیزبی بەعس تاك و تەنیا و هەر خۆی لە حوکمدا بێت و لە ڕێگای خەرۆکردن هەرەشەکردن و پاکسازیی خوێناوی بۆناو هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەت قووڵ ببێتەوە و بە تەواوی دەست بەسەر سوپا و دەزگای ئەمن و ئیستیخبارات دابگرێ و، لە بەرامبەر ئەوانەدا کە ئامراز و رێ و شوێنەکانی بەعس بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ناناسن ئەوا دەڵێین کە بەلای بەعسەوە ئامانج پاساوی ئامراز دەداتەوە و هەر هاوپەیمانێتی و هەموو تاکتیکێك بەلای ئەوەوە کارێکی کاتییە و پەیوەندی بە بەرژەوەندی وڵاتەوە نییە، بەڵکو بە بەرژەوەندی باڵای حیزبی بەعسەوە هەیە کە بریتییە لە دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا، هەر بۆیە هێندێك کەس واوێنادەکەن کە بە هەقیقەت حیزبی بەعس حیزبی سیاسی نییە بەڵکو باندێکی ((عصابة))ی تاوانکارە. چونکە هەر حیزبێکی سیاسی ئەگەر ئامانجی باڵای بەرژەوەندییەکانی گەل و وڵات نەبێ ئەوا حیزب نییە بەڵکو باندێکی غەدرکارە. و جگە لە خوا کەسی تر نازانێ کە حیزبی بەعس چی لە سامان و ماڵی گەلی عیراق بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی پیلانگێڕی و کڕینی ویژدانەکان لە دژی وڵاتە عەرەبییەکان و ئەوانیتریش بە فیڕۆداوە و ئەو هەمیشە پێشبڕکێی بوو بۆ پێکەوەنانی هەر توێژێکی ئوپۆزیسون و ئاژاوەگێڕ لەهەر دەوڵەتێکی عەرەبیدا.

بەعس لەسەر حسێبی کێشە ناوخۆییەکان گرنگی بە هەموو شتێکی دەرەوە دەدا و کار بە ئاوایەکی ئەوتۆ قەیراناوی گەیشتبوو ئەلبەکر بەبیانووی ئەوەی کە لە کاتی سواربوونی فرۆکە تووشی سەر لە گێژەوە چوون دەبێ لەوە دەترسا کە لە



بەغدا بچێتە دەرەوە. یەکەم جار کە سواری فڕۆکە بوو ئەو جارەبوو کە دەستەیەك لەناو حیزبی بەعس پیلانیان لە دژی گێڕا و خەریك بوو هەموو شتەکان سەروبن هەڵبگەڕێنەوە. ئەوە بوو کۆتایی کارەکە بەوە هات کە (نازم گزار) هەردوو وەزیری بەرگری و ناوخۆی گرت و لە ڕێی هەڵاتنی خۆیەوە بەرەو ئێران، لەگەڵ خۆیدا بردنی! بەم جۆرە کۆمەڵە باڵێك کۆمەڵە باڵێکی دیکەی شکاند و کۆمەڵە سەرێك کۆمەڵە سەرێکی دیکەی هاڕی. جا ئایا ئەمە دەوڵەتە یان کۆمەڵە باندێکی تاوانکارە کە نەدۆست و نەدوژمن دەناسێ و نەمانایەکیش لە باوەڕ و پرەنسیپ دەزانێ.

ئیتر کەش و هەوایەك لە تیرۆر و تۆقاندن بڵاوبۆوە کە زەمەنێکی درێژ لە رووداوەکانی (ابو الطبر)دا هاوڵاتیان زارەترەك بوو بوون. چیرۆکی (ابو الطبر) چیرۆکێکی سیکوپۆلیسی بوو کە بلیمەتیی دام و دەزگاکانی ئەمنی عیراقی دایهێنابوو بۆ ترساندنی دانیشتوانی پایتەخت بۆ ئەوەی وەکو منداڵ زەندەقیان بچێت. دەیانگوت ئەم باندە لە ناوچەی (جندی المجهول) هەڵیانکوتابووە سەر ماڵێك و بەتەورێك کە هەروەکو ((قەمە)) دەچوو، هەرچی لە ماڵەکەدا دەبێ دەیانکوژن. پاش هەفتەیەك لە ناوچەیەکی تری نزیك بە ((الجسر المعلق)) وەدەرکەوتنەوە. لە ئاکامی ئەمەدا کەش و هەوایەکی ترس و تۆقاندن و تیرۆر بە رادەیەك بڵاوبۆوە کە خزم و کەس و کار شەوانە لە یەك ماڵدا کۆدەبوونەوە و چاودێری هاتنی (ابو الطبر)یان دەکرد. هەروەها دەنگۆ وابڵاببۆوە کە ئەو (ابو الطبر)ە لە شەوانی دیاریکراو لە مانگدا یاخود فلانە شەو دوای ئەو شتە بە دەردەکەوێ.

ماوەیەکی درێژی پێنەچوو کە زۆربەی زۆری خەڵك وریابوونەوە و تێگەیشتن کە پاڵەوانانی ئەم داستانانە پیاوانی ئەمن خۆیانن کە لە پشت ئەو پاکتاوکردنانەوەن و پاشان لە کۆتایی هاوینی ساڵی 1973 دەنگوباسی (ابو الطبر) لە ئارادانەما.

بەڵام لە باری ئابورییەوە بەعس بە ئەنقەست دەستی دایە برسی کردنی گەل و سەرقاڵ کردنی بە کاروباری پڕوپووچی رۆژانەوە لە بابەتی نەمانی دۆشاوی

تەماتە و موسی تراش لە نێو بازاڕەکاندا و تێکەڵکردنی جیوە لەگەڵ گەنم و دەرزی ژەن کردنی پرتەقاڵ بەژەهر. ئەم پرس و بابەتانە و شتی تریش بوونە باسی هەرەباو و سەرقاڵکەری ستوونەکانی رۆژانەی رۆژنامەکان ئەمە لە جیاتی چارەسەرکردنی پرس و بابەتە گرنگەکان کە ئاوا بە هەڵواسراوی مابوونەوە.

بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوا سیاسەتی بەعس لەوەدا پوختە دەبوو کە میللەت لەسەر ملکەچی و سەردانەواندن رابێنێ لەوانەی کە زاتی ئەوەیان بکردایە لە قانونەکانی (خیرالله طلفاح) خاڵی سەدام دەربچێ کە شەڕێکی کوێرانەی دژی هەموو ئەو ژنانە بەرپاکرد کەمینیژوپیان لەبەردەکرد بەوەی کە بە بۆیاغێکی سوور قاچیانیان بۆیاغ دەکرد. مەفرەزەکانی ئەمن و (پۆلیسی ئاداب) دەبینران کە لە جادە وکۆڵانەکاندا چاودێری کچانیان دەکرد و بەدوایان دەکەوتن تا سوکایەتییان پێبکەن و ریسوایان بکەن. هونەری داهێنان لە شیکردنەوەی قانونەکانی خەیروڵا تەڵفاح لە هێندێك لە پارێزگاکان گەیشتە پلەیەکی ئەوتۆ دزێو و ناشیرین هەروەکو ئەوەی سەرهەڵپاچینی زۆردارەکیانەی قژی سەر لەسەر جادە و بە بەرچاوی خەڵکەوە بەس نەبێت. بۆ نموونە لە موسڵ، سەرەڕای قژ هەڵپاچین بابای سەرپێچی کاریان بە ئوتومبیل دەبردە دەرەوەی شار و لە ناوچەی (تل قوینجو) فڕێیان دەدا بۆ ئەوەی لەوێڕا مەودای دوو کاتژمێر بەپێ بگەڕێتەوە. ئەم هەڵمەتە ئەو لاوانەشی دەگرتەوە کە ((زولفی)) درێژیان هەبوو. بەم بۆنەیەوە چارنییە لەوەی کە هەردەبێ بەسەرهاتی هاوڕێ (جەعفەر یاسین) بگێڕمەوە: رۆژێك لەو کاتەدا کە بەڕێوەبوو بەرەو رۆژنامە دەهات دەستگیریان کردبوو و سەریان هەڵپاچی بوو، کاتێك گەیشتە نوسینگەکەی خۆی، وتارێکی بەناونیشانی ((ئەگەر قژ هەڵپاچین خێرێکی بۆ ئەم گەلە تێدایە ئەوە ملی من بۆ ئێوە!)) وتارەکە هەموو لاپەڕەی سێیەمی رۆژنامەکەی داگرتبوو.

جەعفەر یاسین لاوێکی رەنگ ئەسمەر و رووخۆش و کراوەیە، هەمیشە قاتێکی شینی تۆخ و کراسێکی سپی و بۆینباغێکی رەش دەبەستێ و وات بە



خەیاڵدا دێت کە ئەو پیاوێکی خاوەنکار و پارێزگارە و گرنگییەکی ئەوتۆ زۆر بەو مۆدیلانەنادا کە لە بەیروت و پاریسەوە دەردەچن. قژێکی لوول و رەشی چڕی هەبوو کە نەدرێژ و نەکورت بوو، کەم کەمە تاڵی سپیان تێکەوتبوو کە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە تەمەنی لە سی ساڵ تێپەڕیووە، لەناوەندەکانی رۆژنامەوانی بەغدادا پیاوێکی خۆش و گەرم و گوڕ بوو. رۆژێك لەناکاو لەنێو بارەگای رۆژنامەدا بینیمان قژی سەری هەڵپاچراوە و سوکایەتی پێکراوە. ئەو، دەسبەجێ رووی کردە ژووی سەرنوسەر و هەردوو چاوی پشکۆی لێ هەڵدەوەری. مامۆستا جەرجیس فەتحوڵڵا ئارامی کردەوە و بەڵێنی پێدا کە لە ژمارەی داهاتووی رۆژی سبەینێی (تەئاخی)دا وتاری سەرنوسین لەبارەی ئەم پرسەوە بڵاوبکاتەوە و هەروەها داوای لێکرد کە راپۆرتی رۆژنامەوانی لەبارەی ئەم بابەتەوە ئامادە بکا. جەعفەر لەوێ هاتە دەرێ و رووی کردە نوسینگەکەی خۆی لە نهۆمی سەرەوە، ئێمە چاوەڕێی بووین کە بۆ خۆی بەسەرهاتەکەمان بۆ بگێڕێتەوە کە چی روویداوە، جەعفەر گوتی: هەروەکو رۆژان بەرەو رۆژنامە دەهاتم، لە ئوتومبێلێکی فورد دابەزیم تا تاکسییەك بەکرێ بگرم بۆ بارەگای رۆژنامە. لە کاتێك لە نزیك تەلاری مەرجانەوە دەرۆیشتم مەفرەزیەکی ئینزیباتی سەربازیی رێگەیان پێگرتم. گوێم لێبوو یەکێکیان بانگی دەکردم: ((خنفوس، خنفوس، تعال، تعال)) وامزانی بانگی یەکێکی تر دەکەن، کە ئاوڕمدایەوە و بینیم کەسی تر لە پشتمەوە نییە تێگەیشتم کە لەگەڵ منیەتی. منیش بەجۆرێکی گوێ پێنەدانەوە رووبەڕووی بوومەوە بەڵام وەکو سەگی هار دەوریاندام و ناچاریان کردم کە خۆم بە دەستەوە بدەم و ئینجا هەروەکو بەرخێکی بەستەزمان کە دەکەوێتە بەردەستی قەسابەوە ئاوا دەستیان کرد بە هەڵپاچینی قژی سەرم. و بۆ ئەوەی کەرامەتی خۆم بپارێزم حەزم نەدەکرد کە دابەزمە ئەو ئاستە نزمەی ئەوانەوە. خۆم دایە دەست خوا و ئەوانیش هەروا سوکایەتی و جنێو و قسەی سوك و بێنرخییان پێدەگوتم.

پاش ئەوەی وڵاتەکە هەر هەمووی هەر لە کوردستانیەوە تا دەگاتە باشوری بوو بە بەندیخانەیەکی گەورە کە تێیدا هاوڵاتی گرنگی بە هیچ شتێك نەدەدا تەنیا

چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆژانەی خۆی و دابین کردنی پارووە نانی ڕۆژانەی، گەلی عیراق نائومێد بوو و بیری لە دوارۆژی ولاتەکەی خۆی نەدەکردەوە. بەلام گەلی کورد ئەویش لە لایەن خۆیەوە لەوە نائومێد دەبوو کە بۆ جێبەجێ بوونی داخوازییەکانی متمانە لەسەر بەعس بکا، چونکە کاری بەعەرەبکردن بەرێوەدەچوو. هەل و مەرجێك بوو کە هاولاتیان ون دەبوون و لە نێو قەسری نیهایە و دالانەکانی ئەشکەنجەداندا شوێن بزردەکران. بە باوەڕی من بەعس وای وێناکرد بوو کە ئەو لەوەدا سەرکەوتووبووە کە گەلی کورد لە بەرامبەر دۆزەکەیدا لاگیربکاو گەیشتبووە قەناعەتێکی تەواو کە گەلی کورد جارێکی دیکە شەڕ ناکا. هەر ئەمەش وای لێکرد بوو کە بە ئاراستەی دووبارەبوونەوەی شەڕ کاروبارەکانی پاڵ دەنا.

6

## له نێوان «تەئاخی» و ڕاگەیاندندا

له مەكتەبی سیاسییەوه فەرمانی دامەزرانم به نوسەر له ڕۆژنامەی حیزب «تەئاخی» له بەغدا دەرچوو. من دەبوایه به بارەگای كاری نوێمەوه پەیوەست بم. ئەوه بوو بەرەو بەغدا كەوتمە ڕێ و سەرم له بیروڕای جۆربەجۆردا ژاوەی دەهات. له هێندێك هەڤاڵانەوه گوێبیست بووم كه بارەگای نوێی ڕۆژنامه له ناوچەی «مەسبەح» دەبێ و وەكو پێشان كه له «عیوازییە» بوو لەوێ نامێنێ. ئەوه بوو چوومه ئەوێ و بینیم تەلارێكی سێ نهۆم و فراوانه و بینایەكی پتەوه. لەبەردەمیەوه لەو بەری شەقامەكەوه ئاڵای فەرەنسی دەشەكایەوه كه له پاشاندا زانیم كه ئەوێ خانووی باڵوێزی فەرەنسایه و نهۆمی دووەمی ڕۆژنامەكه بەسەر باخچەكانیدا دەیڕوانی. بەلای ڕۆژهەڵاتیدا خانوویەكی گەوره ڕاست ببۆوه كه هی بەرێز جورج موسا پاشبەندی ڕۆژنامەوانی فەرەنسی بوو كه له پاشاندا بوو به باشترین دراوسێ و هاوڕێ. سۆزی لەسەر جوڵانەوەی كورد هەبوو چونكه ڕەچەڵەكی ئەو دەگەڕایەوه بۆ كوردستانی توركیا كه له ماوەی جەنگی یەكەمی جیهانییەوه باپیرانی له فەرەنسا گیرسابوونەوه. ئەو له بەغدا زۆر نەمایەوه چونكه گوازرایەوه بۆ قاهیره، لەم دوادواییانەدا هەواڵم زانی كه ئێستا له یەكێك له دورگەكانی یۆنان دەژی و خانەنشین بووه.

ئەو ناوچەیەی ڕۆژنامەی لێ بوو به بەراورد لەگەڵ ناوچەكانی تری بەغدا به ناوچەیەكی بەرز و پێشكەوتوو دادەنرا. لەوێ دەستەبژێرێكی دیار له پزیشكان و پارێزەران و پیاوانی خاوەنكار دادەنیشتن. هەروەها باڵوێزخانەی زۆر و ماڵی باڵوێزەكان و دیپلۆماتكاران و كەسانی تر له دەوڵەمەندانی بەغدا له پیاوەكانی كار و خاوەن دەسەڵات لەوێ دادەنیشتن.

لەگەڵ مامۆستا جەرجیس فەتحوڵا كۆبوومەوه و پاش دان و ستاندن ڕێككەوتین كه ڕۆژانه له لاپەڕەی دووەدا دوو نیوه ستون له ژێر ناوونیشانی «وراء الأخبار»



بەجۆرێكی بەردەوام بنوسم و ناوەناوەش هەڵبستم به وتارێكی درێژ یا وەرگێڕانی شتێك كه خۆم به گونجاوی دەبینم له ڕۆژنامەوانیی فەرەنسییەوه وەربگێڕم.

ژوورەكەم له نهۆمی سێیەم بوو كه هەردوو مامۆستا ئیبراهیم ججو و جەمیل كازم مەناف لەگەڵمدا بوون و هەردووكیشیان چەپ بوون. زۆر گومانم بۆ ئەوه بوو كه هەردووكیان ئەندامی حیزبی شیوعی بوون. ئیبراهیم لایەنگری خەتی شیوعی كلاسیكی سەر به موسكۆ بوو، بەڵام جەمیل پتر توندڕەوبوو و لایەنگری خەتی چینی بوو. بەڵام من باوەڕم بەهیچ شتێكی چەپ نەبوو، بەڵكو ئیمانم بەجوڵانەوەی كوردی به پێشەوایەتی بارزانی هەبوو. چونكه من واگۆش بووبووم كه چارەسەری دیموكراسی له عیراقدا تەنیا له ڕێگای چارەسەركردنی دۆزی كوردی و هێنانەدی مافه نەتەوەییەكانی كورد و نەتەوه بچووكەكانی ترەوه جێبەجێ دەبێ، و ئەم دووانه هەردووكیان بەجۆرێكی ئورگانێكی و مەنتیقی بەیەكەوه بەستراونەتەوه و دروشمی «دیموكراسی بۆ عیراق و ئوتونومی بۆ كوردستان» كلیلی چارەسەری هەموو كێشەكانی ئەم وڵاته فره نەتەوه و فره ئاینەیه. عیراق نیشتمانی هەموومانه بەڵام لەسەر بناغەی یەكسانی له مافەكان و ئەركەكاندا.

ئیبراهیم له زمانی ئینگلیزییەوه، ئەو شتانەی به گونجاوی دەزانی وەریدەگێڕا، بەتایبەتی ئەو شتانەی دژی ڕژێمی سەرمایەداری ڕۆژئاوا بوایه و لایەنگری سوسیالیزم بوایه. بەڵام جەمیل لەسەر شریت ئەو شتانەی دەگواستەوه كه له ڕادیۆكانی لەندەن و ئیسرائیل و دەنگی ئەمریكاوه بڵاودەكرایەوه، جارێكیان لێم پرسی:

- چ دەكەی؟ ئایا ئەوانەی ڕادیۆكان دەیڵێن ئەوه دەگوازیەوه؟ وامزانی تۆ پێشكەوتنخوازی. به تەئكیدەوه وەڵامیدایەوه:
- هەڵبەته بەڵام ڕەش دەكەم به سپی و سپی دەكەم به ڕەش!

هەروەكو له مەبەستەكەی نەگەیشتبم گوتم:

- مەبەستت چییە؟

بەڕاشکاوییەکەوە کە وێنەیم نەدی بوو گوتی:

- شتەکان بە قازانجی دۆزی عەرەبی و ڕێبازی سوسیالیستی هەڵدەگێڕمەوە!

سەرۆکی نوسەران بە دەگمەن نەبوایە نەدەهاتە لای نوسەران لەبەر ئەوە سەردانیکردن ببووە کارێکی ئاسایی لە ڕۆژنامەدا و ئەمەش زۆر لە نوسەرە چالاکەکانی لە بابەتی حسێن حەیدەری بێزار کردبوو چونکە ئەو فەرمانگەیەی ئەو کە عیسا ئەلئەسەدی بەشداری تێدا دەکرد زۆرجار دەبووە ژووی حیکایەت و نوکتە گێڕانەوە.

ئەو ماوە نوێیەی کە (تەئاخی) پێ جیادەکرایەوە وەکو مانگی هەنگوین بوو کە زۆر درێژەی نەکێشا. دەستەی نوێ بە سەرۆکایەتی جەرجیس فەتحولڵا ویستی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەکە بە کەسانی نوێ متوربە بکا. سەرەڕای دەستەی کۆن کە کاتی خۆی لە (عیوازییە) لە ساڵانی شەستەکاندا لەگەڵ مامۆستا ساڵح یوسفی کاریان کردبوو لە بابەتی حسێن حەیدەر و ئەحمەد جەزراوی و فەلەکەدین و سەردار سەعید و مەجید ئەلوەنداوی — کە ئەو کاتە ئارەزوومەندی ئەوە بوو لەسەر ئیدوارد هیس و هارولد ولسون و حیزبی کرێکاران و پارێزگاران بنوسێ، ئەو پیاوەی کە تا لە نوسینی وتارەکەی دەبۆوە جگەرە لەسەر لێوی لانەدەچوو! پاشان بە هەمان ئارامییەوە کە هاتبووە بارەگا ڕۆژنامەی بەجێدەهێشت. سەرەڕای ئەمانە، عەبدولغەنی مەلاح، عیسا ئەلئەسەدی، جەعفەر یاسین، فایق بەتی، نەجدەت فەتحی سەفوەت، بەشیر مستەفا و حەلیم ئەلئەعرەجی و کۆمەڵێکی دیکە لە نوسەران بۆ دەرکردنی (برایەتی بە سەرۆکایەتی ڕەفیق چالاك و محەمەدی مەلا کەریم و جەلال میرزا کەریم و سەربەست بامەڕنی و کەسانی تریش دامەزران، ئەمە سەرەڕای لاپەڕەیەکی ئافرەتانی کوردستان بە سەرۆکایەتی زەکیە ئیسماعیل و لاپەڕەی لاوان و قوتابیان بە سەرۆکایەتی عادل موراد و لاپەڕەی ئاشوری بە سەرۆکایەتی پۆلس بازی و رابی گیورگیس.



لە رووی بڵاوبوونەوە و جوانی و هەروەها دامەزرانەوە چ جیاوازییەکی زۆر هەبوو لە نێوان تەئاخی ئەمڕۆ و تەئاخی دوێنێدا. لە راستیدا جیاوازییەکە تاڕادەیەك لەگەڵ قەبارەی جوڵانەوەی کوردیدا ڕێکدەبۆوە. لە کاتێکدا کە لە پێشان وتارەکانی دەسپێکی تەئاخی لەسەر ژێیەکانی 29ی حوزەیران و لامەرکەزی و سیستەمی پارێزگاکانی دەدا و ئاوازەکانی ڕێکدەخست ئێستا ئاوازەکە لەسەر ڕێککەوتننامەی 11ی ئازار و ئوتونومی ئاوازەکانی دادەڕشت. ئەوسا کە بەرێوەبەرایەتی تەئاخی لە ماڵێکی بچوکدا لە ((سنەك و عیوازییە)) بوو لە شەقامی ئیبن درەید، ئێستا تەلارێکی پێشکەوتووی لە ((مەسبەح)) هەیە و کۆمەڵە ئوتومبیلێکی خۆشی هەیە، پێشان سواری پاسەکانی کۆمپانیای گواستنەوە دەبووین یان سواری ئوتومبیلی ((ساڵح یوسفی)) دەبووین کە ئوتومبیلێکی بیوك مودێلی ساڵی 58 بوو و هی خۆی بوو. بەڵام ئێستا ئوتومبیلی زۆر لە جۆری مارسیدس لە ئاخرین مۆدیل لەبەردەمی دەرگای سەرەکی سەرنوسەردا کۆدەبوونەوە. ئەوەیان هی وەزیر بوو ئەمیان هی پارێزگار و فلانیان هی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو.

ماوەی وەرگرتنی سەرنووسەری لە لایەن مامۆستا عەلی عەبدوڵاوە ماوەی گواستنەوەیەکی کاتی بوو کە هەڵمەتی بە روویەکدا هەڵشاخان لە نێوان ((تەئاخی)) و ((سەورە)) گوڕوتینی بەخۆیەوە دی کە ئەمەش لە ئاکامی ئەوەی کە حکومەت هەستا بە راگواستنی هەزاران کوردی فەیلی و فڕێدانیان لەسەر سنورەکانی ئێران، سەریهەڵدا. کاك حەبیب دەستێکی باڵای لە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ حکومەت و زمان حاڵی رۆژنامەی ((سەورە))دا هەبوو. هەروەها کاك سامیش بواری نەدەدا دەرفەتێك بەسەریدا تێبپەڕێ و بەو زمانە پاراو و توندەی لە کاتی هەڵمەتەکانی تەعریب و تەبعیسدا ڕەخنە لە حکومەت نەگرێ.

هەر کە کاك عەلی عەبدوڵا بە پارێزگاری سلێمانی دیاریکرا، بە بوونی کاك دارا تۆفیق بە سەرنوسەر ماوەیەکی نوێ دەستی پێکرد، ئەمە بێ ئەوەی کە لە کاتی خۆیدا هۆکاری گۆڕینی جەرجیس فەتحولڵا بە دارا تۆفیق بزانین. لەسەردەمی

ئەودا (تەئاخی) بوو بە فەرمانگەیەکی پێشکەوتوو و کەل و پەلی تازەی بۆ هات بەتایبەتی پاش ئەوەی کە گواستیەوە بۆ بینایە تازەکەی خۆی لە (سەعدون) و وەرگرتنی بەرپرسیاریی بەڕێوەبردن و ناوخۆیی لە لایەن کاك فەرهاد عەونییەوە. بەڵام ئاستی وتارەکانی دەسپێك هەروا لە ئاستێکی نزمدا مایەوە چونکە پشتی بە کلێشەی ئامادەکراوی چەپ دەبەست لەبەر ئەوەی زۆربەی هەر زۆریان جگە لەوانەی کاك فەلەکەدین، لە لایەن کەسانی چەپی لە بابەتی فایق بەتی و کاك محەمەدی مەلا کەریمەوە دەنوسران و پارتی لە نوسینی وتارەکانی دەسپێکدا هیچی بۆ نەمابۆوە و هەروەها هیچ رێکخستنێکی حیزبی لەنێو ئەوانەدا کە کاریان تێدا دەکرد بوونی نەبوو. لەبەر ئەوە لەگەڵ کاك فەلەك و لەتیف و سەردار و سەربەست و جەلال سەردانی کاك دارامان کرد و بە رەسمی داوامان لێکرد کە رێکخراوی پارتی لە نێو ((تەئاخی))دا دابمەزرێنین، ئەوە بوو بە کۆی دەنگ منیان بە لێپرسراو هەڵبژارد. کێشەکەش ئەوە بوو کە ئێمە وەکو حیزب کادری تەواوی رۆژنامەوانیی پارتیمان نەبوو کە رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی دەربکات. ئەم کێشەیە هەروا لەگەڵماندا مایەوە تا کاتی داخستنی رۆژنامەکە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێکخراوی پارتی لە (تەئاخی) لە مانگەکانی دوایدا هێندێك لە ئەندامانی خۆی خستنە چەند بوارێکی هونەرییەوە وەکو مەشق کردن لەسەر لانیو و زەنکوگراف و وردبینی و رێکخستنی لاپەڕەکان. بەڵام ئەمە شتێکی کاتی بوو چونکە بارەگای بارزانی ناوی من و ناوی خوالێخۆشبوو ((قەیسەر))ی لە لیستێکدا پێشکەشی حکومەت کردبوو بۆ تەرخانکردنی دوو پلەی کارگێڕی کە لەوێدا دابمەزرێین. ئەمەش لە ئیمانی بارزانییەوە هەڵقولابوو کە دەبێ مەسیحییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆدا نوێنەرایەتییان هەبێ. لەو کاتیدا بۆ ئێوارەکەی چوومە دیداری مامۆستا جەرجیس، ئەو پێی گوتم:

- خوا وەکیل، ئەگەر ببیت بە بەڕێوەبەری ناحیە ئەوا بۆ خۆت وەکو پاشایەك دەبی لە گۆشەیەکدا!

دامەزراندنی خەڵك بۆ ئەوانەی کە خۆیان سوك و زەبوون کرد بوو و لەبەردەم بتی بەعسدا بخوریان هەڵکردبوو، بە راست و بە چەپدا بەڕێوەدەچوو. بەڵام من و



خوالێخۆشبوو قەیسەر هەروا بێباك بووین و لە جێگەی خۆمان جووڵەمان لێ نەدەهات. قەیسەر وەزیفەیەکی کاتی لە بەڕێوەبەرایەتی و ژمێریاری رۆژنامەکە پێسپێردرا. ئێمە هەر ئاوا لەسەر باوەڕی خۆمان ماینەوە و تکامان بۆ وەزیفەی حکومەت نەدەکرد و وەکو خەڵکی تر پێداگریمان نەدەکرد و بەدوایدا نەدەچووین. ئێمە تا هاوین هەروا بەم حاڵەوە ماینەوە. قەیسەر لەو سەروبەندەدا سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بۆ زەماوەند لەگەڵ دەزگیرانەکەی خۆی بوو کە هەردووکیان یەکتریان خۆشدەویست و قەیسەر حەوت ساڵی پڕ لە نەهامەتی چاوەڕێ بوو، دەزگیرانەکەی لە بەغدا بوو، قەیسەر لەنێو قووڵایی چیاکاندا بەم گۆرانییە کە جێگای هەرەپەسندی ئەو بوو: ((چیا بلندن، تەنابینم!)) بەدوا شەبەنگەکانی دەزگیرانەکەیەوە چاوی دەگێڕا، من بۆ خۆم چەندین جار گوێم لێبوو ئەم گۆرانییەی دەگوتەوە. ئێستا دەرفەتێکی زێڕین بۆ سەقامگیریی و بنەجێبوون هاتبووە پێشەوە. ئێوارەیەکیان کاك سامی عەبدولرەحمان بە سیفەتی ئەوەی کە نوێنەری پارتی بوو لە بەغدا، بانگی کردم و پێی گوتم:

- هەرچی لە توانامدا بوو کردم بۆ ئەوەی لە وەزیفەی کارگێڕیی داتانبمەزرێنم بەڵام سەعدون غەیدان وەزیری ناوخۆ بەبیانووی ئەوەی ئێوە مەسیحین بیرۆکەکەی رەتکردەوە. منیش سوپاسی هەوڵدانەکەیم کرد.

دوای ئەوەی لەگەڵ قەیسەر دانیشتم و ئەوەی کە کاك سامی پێی گوتبووم بۆمگێڕایەوە و پێم گوت:

- با بەس بێت بابچینە لای کاك مەسعود بەڵکو چارەسەرێکی گونجاو بدۆزێتەوە.

پاش چەند رۆژێکی کەم بەرەو حاجی هۆمەران سەفەرمان کرد. کاتی نیوەڕۆ لە مەجلیسی کاك مەسعود کە لەگەڵ ئیدرسی برایدا لە خێوەتێکدا دادەنیشتن و خێوەتەکەش لە نێو ئەو شیوەدا هەڵدرابوو کە دەکەوتە ژێر مەزاری حاجی هۆمەرانەوە. نیوەڕۆ لەسەر خوانی ئەوان نانمان خوارد و ئەوان لە ژێر سێبەری ئەم هەلومەرجە نوێیەی ئاشتیدا بە دیداری ئێمە خۆشحاڵ بوون ئەوان وەکو پێشان بە کاروباری شەڕگەکانەوە سەرقاڵ نەبوون و بۆ یەکەمین جار بە سنگ کراوە و

ڕووخۆش هاتنەبەرچاوم و ئەو بارەگران و قورسەیان لەسەر شان نەمابوو! هەروەها کاك ئیدریسم بینی شیعری عومەر خەیامی دەخوێندەوە و لەگەڵ حەمە عەزیزدا[2] کە بەڕێوەبەری نوسینگەی ئەوان بوو، گاڵتە و گەپی دەکرد. ئەودەمە ناوچەی شۆڕش هەر لە گەڵاڵەوە تا حاجی هۆمەران نیمچە چۆڵ بوو و لە ژاوەژاو و خەڵك چۆڵ بوو بوو. جوڵانەوەی کوردی لە ترۆپکی خۆیدا بوو: پێنج وەزیری کورد لە حکومەتدا بوون و وەزیفەکانی کارگێریش بە ئارەزووی خۆیان پڕدەکرانەوە. و کۆنگرەی هەشتی پارتی بە سەرکەوتنێکی تەواوەوە کۆتایی هاتبوو و کۆمیتەیەکی ناوەندی نوێ هەڵبژێردرا بوو و کۆمەڵێ ئیبراهیم ئەحمەدیش گەڕابوونەوە ناوباوەشی شۆڕش. جا لەم هەلومەرجە گونجاوەدا کاك ئیدریس هەقی بوو شیعر بخوێنێتەوە!!

مەسعود هەوڵیدا قەناعەتمان پێبکا کە لە لای ئەو بمێنینەوە و نەگەڕێینەوە بۆ بەغدا. ئێمەش ماوەی یەك هەفتە یان زیاتر لە دەربەند ماینەوە، شەو لەگەڵ یەکێك لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی شەمەری عەرەبی کە لە دەست زوڵمی بەعس هەڵاتبوو، قسە و باسمان گەرمکرد و هاوڕێ حسین حەیدەریش[3] کە لەو کاتەدا لەناوچەکە هاوینەگەشتی دەکرد بەشداری دەکردین. بەڵام قەیسەر ئارامی لەبەر بڕاو بێتاقەت بوو چونکە خێزانەکەی لە بەغدا بوو و تازە چەند هەفتەیەك بەسەر زەماوەندیاندا تێپەڕیبوو.

پاش نانی نێوەڕۆ کاك مەسعود نامەیەکی دەستنوسی کە چەند خەتێکی تێدانوسرابوو دایە دەستی قەیسەر و پێی گوت:

- ئەم نامەیە بدە کاك سامی.

گەڕاینەوە بۆ بەغدا. ئێوارە لە بارەگای ڕۆژنامە چاومان بە سامی کەوت و بەڵێنیدا شتێك بکا. چەند ڕۆژێك تێپەڕی بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ دامەزراندنی من و قەیسەر لە وەزیفەی هونەری لە دیوانی وەزارەتی ڕاگەیاندن دەرچوو و بڕیارەکەش لە ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکاندا بڵاوکرایەوە. ئەو کاتە زانیم کە لە بەدووی چوونی وەزیفەیەکی کارگێڕی لەگەڵ حکوومەتدا، هیچ سودێکی نییە و تێگەیشتم کە قسەی سەرەتا و کۆتایی لە هەموو شتێکدا تەنیا



هی دەسەڵاتی بەعسیە و هەموو ئەو وەزیفانە و بگرە ڕێککەوتننامانە سوودیان نییە و تەنیا بۆ کوشتنی وەختە و بۆ ئەوەیە کە حکوومەت دەرفەتگەلی زیاتری بەدەست بکەوێ تا لە ناوەوە دەست بەسەر شۆڕشدا بگرێ و ژاراوی بکا و ئەگەریش پێویست بێ ئەوا بەجۆرێکی بەدەنی پاکتاوی بەرپرسانی بکا.

لەگەڵ ئەوەشدا و لەبەر ئەوەی کە ئێمە لەبەردەم ئەمری واقیعدا بووین، لەم وەزیفەیە کە بۆمان دیاریکرابوو دەست بەکاربووین. چەند مانگێك بەخێرایی تێپەڕین، هەر ڕۆژە نا ڕۆژێك قەیسەر بۆ نانی نیوەڕۆ و ئێوارە بانگی دەکردمە لای خۆی. ژیانی ئەو ژیانێکی نموونەیی بوو گەردی تێدا نەبوو. ئەو و ژنەکەی هەردووکیان تا ڕادەی ئەوین یەکتریان خۆشدەویست. دوو خۆشەویست کە لە یەکتر دابڕانیان بۆ نەبوو و دڵسۆزیشی بۆ شۆڕش سنوری بۆ نەبوو.

لە 1ی ئابی 1971 پاش کۆتایی هاتنی دەوام لە کاتژمێر 12ی نیوەڕۆ داوای لێکردم کە بۆ نانی نیوەڕۆ بچمە ماڵیان بەهۆی تینی گەرماوە داوای لێبوردنم لێکرد. لەوێ لە دەروازەی دیوانی وەزارەتی ڕاگەیاندن بۆ دواین جار لە یەکتری جیابووینەوە.

چەند مانگێك تێپەڕی و بیرەوەری کارەساتەکەی قەیسەر هەناوی هەڵدەگلۆفیم و هەر جار قەیسەر دەهاتەوە یادم دڵم تێکدەچوو بەتایبەتی کاتێك شەبەنگی ((بەلسەم))ی کچی بەبەرچاومدا دەهات. هەوڵمدا لە ڕێگەی خۆخەریك کردن بە کارەکەی خۆم لە دیوانی وەزارەت لە بیرخۆمی ببەمەوە. واپێدەچێ هەڵسوڕانی ڕێکوپێکم لەوێ سەرنجی بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندییەکانی ڕاکێشابوو، هەر بۆیە ئەرکی یاوەریکردنی شاندە حکوومییەکانی لەوانەی کە مامەڵە کردن لەگەڵیاندا کارێکی سەخت و ناخۆشە، بەمن سپارد. وابوو بەڕێوەبەری ئیستگەی مونتی کارلو لەگەڵ خێزانەکەیدا بە بانگهێشتێکی ڕەسمی هاتنە عیراق. بەرپرسیاریی یاوەریکردنی ئەمانە بە خاتوو (ظلال الجواهری)[4] سپێردرا. بەڵام ئەوان قبوڵیان نەکرد و ڕقیان لێی هەستابوو، ئەوەبوو دکتور ئەکرەم فازڵ[5] لە جێگەی ئەودا دانرا. بەڵام ئەویش لەگەڵیاندا سەرکەوتوو نەبوو.

ئینجا بەڕێوەبەری گشتی لەدوای ناردم و ئەرکی یاوەری کردنەکەی بە من سپارد و تکای لێکردم کە لەو کێشەیە رزگاری بکەم. منیش رازی بووم، و پێم گوت:

- بەو مەرجەی کە لە هەڵبژاردنی شوێنەکان و شارەکاندا کە بۆی دەچین ئازاد بم.

دەسبەجێ وەڵامیدایەوە:

- کاکە، بەس رزگارم کە لە دەستیان، خوای دەکرد دەتبردنە ناو — کاکاوات! (مەبەستی ناوچەی شۆڕش بوو).

شاندەکەم بردە موسڵ و سەردانی شوێنەوارەکانی نەینەوا و شەرگاتمان (ئاشور) کرد.

پاشان بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە کاك عەلی سنجاری جێگری پارێزگاری دهۆك کرد و لە هاتنی خۆم و شاندەکە ئاگادارم کردەوە. ئەویش مەفرەزەیەکی پۆلیسی نارد تا لە دووڕیانی دهۆك چاوەڕێمان بکەن و گەورەیی و شکۆیی هەڵوێستەکە زیاتر ببێت. ئینجا روومان کردە بینایەی پارێزگا و لەوێوە روومان کردە شکەفتی هەڵامەتا —مانای ئەشکەوتی تارماییان- لەوێ هێندێك لە پیاوانی پۆلیس چێشتی دوڵمەیان هێنا لە نێو ئەشکەوتەکانی کە لەو چیایە هەڵکەنرابوون کە بەسەر شیوی گوندی مەعلەسایدا دەیڕوانی دەستمان بە خواردنی کرد. ئەو رۆژە رۆژی 24ی نیسان جەژنی قەدیس مارگورگیس بوو، جێگری پارێزگار ئاگاداری کردین کە ئاهەنگێکی جەماوەریی بە درێژایی رۆژ لە گوندی سێجێ بەرێوەدەچێ و هانی داین کە بچین و بەشداریی تێدا بکەین. لە دهۆکەوە روومان کردە گوندەکە. کاتێك چاومان بە دانیشتوانی ناوچەکە کەوت کە لە نێو چیمەنێکی سەوزدا لە دەوروبەری گوندەکە کۆببوونەوە بە دەهۆڵ و زوڕناوە سەمایان دەکرد و هەر دەتگوت دەیانەوێ ئەمساڵ ئاهەنگی نەورۆزی دووەم بگێڕن، ئێمە کەوتینە ناو خۆشی و شادییەوە. ژنان بە جل و بەرگی کوردی رەنگا و رەنگەوە و پیاوان بە سەماکردن سەرمەست بو بوون و ئەوەندەیان مەی خواردبۆوە، لە مەستیدا کەوتبوونە سەر زەوی.

هاوارم لە سەماکەران کرد:



- ئا ئەوەتا بووك و زاوام بۆ هێناون!

مسیو فیلیب فونتانا و مێردەکەی لە نێو گەرمەی هایوهوو کێشاندا تێکەڵی سەماکەران بوون. پاش ئەوە گەڕاینەوە بۆ پارێزگا و سوپاسی جێگری پارێزگارمان بۆ ئەم پێشوازییە گەرم و میواندارییەکرد. دوای ئەوە گەڕاینەوە بۆ هوتێلی (ئیدارەی مەحەلی) لە موسڵ، ئێمە رۆژێکی خۆشمان لە کوردستان بردەسەر.

بۆ رۆژی دوایی پەیوەندیم بە قایمقامی شێخانەوە کرد. دەسبەجێ کەوتە سەر پێکهێنانی کارسازیی بۆ پێشوازی کردنمان بە باشترین رەنگێك کە پێشبینیمان دەکرد و نیوەڕۆش لای ئەو نانمان خوارد و پاشان ئوتومبیلێکی لاندروڤەری بۆ ئامادە کردین و چووینە هەر دوو گوندی خنس و باڤیان و لەوێ شاخە داتاشراوەکانی چەند گای باڵدارمان چاوپێکەوت. ئەم داتاشراوانە لە سەردەمی خۆیدا ئاشورییە کۆنەکان لە بەرد دایان دەتاشی و دەیاخستە سەر تەختەی لوولەیی و پاشان خلوریان دەکردنەوە تا سەر کەڵەکە سەر ئاوکەتووەکانی رووباری خوسر و بەهێواشییەوە دەیان خستنە سەر ئەو کەڵەکانە و بەسەر ئاوەکەوە لێیان دەخوڕین تا دەگەیشتە دەروازەکانی نەینەوا و ئینجا دەگوزرایەوە بۆ بەردەم دەروازە گەورەکانی شار بۆ پاسەوانی کردن. لەوێ زیاتر لە سێ گای باڵدارمان بینی فڕێ درابووە ناو رووبارەکە، واپێدەچوو کە هونەرمەندەکە لە داتاشینیدا سەرکەوتوو نەبووە و بەرەو لایەکی رووبارەکە پاڵی پێوەناوە.

پاشان چووینە ئاکرێ و سەردانی گوندی ((گوندك))مان کرد کە لەوێ لە بن میچی یەکێك لە ئەشکەوتەکان هێندێك نەخشی ئاشوری کۆنی لێیە. پاشان چووینە هەولێر و سەلاحەدین و نانی نیوەڕۆمان لەسەری رەش خوارد و پاشان بەرەو شەقلاوە و گەلی عەلی بەگ چووین و ئەگەر لە ترسی شۆفێرە حکومییەکە نەبوایە دەمبردنە گەلاڵە. پاشان گەڕاینەوە بۆ هەولێر و لەوێوە بۆ کەرکوك و سەردانی ئاگری هەتاهەتایمان لە باباگوڕگوڕ کرد و پاشان چووینە سلێمانی و دوو رۆژی تریشمان لەوێ بردە سەر و لە رێگای دەربەندیخانەوە گەڕاینەوە بۆ بەغدا.

کاتێك گەڕاینەوە بۆ وەزارەت، وەزیر پێشوازی کردین و لەبارەی سەفەرەکەیانەوە پرسیاری لێکردن، ژنی بەرێوەبەری ئێستگە گوتی:

- سەفەرەکە زۆر باشتر بوو لە تۆز و خۆڵی عەقەرقوف و گەرمای بەسرە![6]

لە 7ی نیسانی 1972 راسپێردرام کە یاوەریی ئریك رولو[7] پسپۆڕی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەم کە بۆ گواستنەوەی رووداوەکانی کردنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی رومێلە هاتبوو. ئەوە بوو بە سواری سێ هیلیکۆپتەر بەغدامان بەرەو بەسرە بەجێهێشت و لەوێشەوە هەر بە هیلیکۆپتەر چووینە ناو لمستانی رومیلە. لەوێ هەر کام لە ئیلیکسی کوسیگین سەرۆك وەزیرانی یەکێتی سۆڤێت و ئەندریە گرومیکو وەزیری دەرەوە و سەدام حسێن ئامادە بوون. من تۆقەم لەگەڵ هەردووکیان کرد و لە کاتی تۆقەکردنم لەگەڵ کوسیگندا وام هەستکرد تۆقە لەگەڵ پارچە گۆشتێکی شلدا کە ئێسك و ماسولکەی تێدا نییە! دەکەم.

ئێوارە چووینە کۆشکی کۆماری کە لەوێ ئەلبەکر و کوسیگن کۆنگرەی رۆژنامەوانییان هەیە. لەوێ هەر جار لە وەڵامەکانیدا وشەی (ئیمپریالی)یان (سەهیونی)! دەگوترا، رولو پرسیاری لێدەکردم.

پاش تەواوبوونی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ لایەنە حکومییەکاندا کە منیش بەشداربووم، بۆ ئێوارە چووینە بارەگای رۆژنامەی (الثورة) بۆ چاوپێکەتن لەگەڵ تاریق عەزیز، و غانم عەبدولجەلیل ئەویش لەوێ ئامادە بوو و بە پایپە زیوینەکەی جگەرەی دەکێشا و پاش هەر وەڵامێك سەیری منیان دەکرد هەروەکو بڵێی بیانەوێ رەزامەندی منیش وەربگرن چونکە وایان گومان دەکرد کە من بەعسیم یان لە پیاوانی موخابەراتم. بەیانی رۆژی دواتر چووین بۆ چاوپێکەوتنی کاك سامی عەبدولرەحمان وەزیری کاروباری باکور، ئریك پێی گوت:

- حکوومەت وەزیری راگەیاندنی خۆی هەیە و ئێوەش وەزیری خۆتان هەیە، بە باوەڕی تۆ کامیان چالاکترن.

سامی بە زەردەخەنەوە وەڵامیدایەوە:



- هەڵبەتە وەزیری ئێمە چالاکترە، دەستیشی بۆ من درێژ دەکرد!

رۆژان هاتن و چوون، نیوەڕۆیەکیان وەزارەت بە پیاوانی ئەمن و ئیستیخبارات چواردەوری گیرا و فەرمانبەران چوونە دەرەوەیان تەنانەت بۆ سەرئاویش لێ قەدەغەکرا. ئەمەش بەبۆنەی سەردانی سەدام حسێنەوە بوو کە لەگەڵ هەر فەرمانبەرێکی وەزارەتدا رادەوەستا و دوای ئەوەی گەیشتە فەرمانگەکەی ئێمە ژوورەکە بە یاوەرەکانی پڕبوو و کاتێك نۆرەگەیشتە سەر من دەستی کرد بە پرسیار لێکردنم: نموونەیەك لەکارەکەی خۆتم پیشان دە.

زنجیرە وتارێکم دایە کە رۆژنامەوان ئنتوان بوسارد لە رۆژنامەی (جورنال دی ژنیف)ی سویسری پاش ئەوەی کە هەفتەیەك سەردانی عیراقی کرد بوو و خۆم یاوەری بووم، بڵاوی کردبوونەوە، ئەمانە حەوت وتاربوون کە پڕ بوون لە رەخنەگرتن لە بەعس و دیکتاتوریەتی حوکم. سەدام سەیری کرد و گوتی:

- چەند ساڵە لە وەزارەتی؟

- سێ ساڵە.

- پێشنیارت بۆ گەشەپێدانی ئەم کارەت چییە؟

- ئێمە پێویستیمان بە ((زەماڵە و ناردنە دەرەوە)) هەیە بۆ ئەوەی لە هەندەران تواناکانی خۆمان گەشە پێبدەین.

- جەنابت، واوێنا ناکەی ئەم داواکارییانەی کە داوای دەکەی زۆر بن؟

- نەخێر.

- بۆچی؟

- هێندێك هاوڕێم هەن کە خوێندنیان لە دەرەوە نەبووە بۆیە ئاستی ئەوان هاتۆتە خوارەوە و رۆشنبیریان بەرتەسك بۆتەوە.

ئاماژەیەکی بۆ دواوە کرد و بە وەزیری گوت:

((ئەبو عروبە توخوا ئەم پێشنیارە بنوسە![8] کاتێك لێم دوورکەوتەوە وامزانی مۆتەکەیەك لەسەر سنگم لاچووە. پاشان گەیشتە لای خاتوو (نضال) و بەو لەخۆبایی بوونەی خۆیەوە گوتی:

- شسمچ؟ (ناوت چییە؟)
- نضال فاضل عباس المهداوی.

ئەو بەپێوە و دەستی لەناویەکدا بوون و لە گۆشەیەکی پشتی مێزەکەیەوە راوەستابوو. سەدام هەردوو دەستی گرت و رایکێشایە لای خۆی هەروەکو بیەوێ کە ژنەکە بەرێزێکی زیاترەوە لەبەر دەمیدا رابوەستێ. خامۆشییەکی تەواو بەسەر ژوورەکە و ئادەبووانـدا زاڵ بوو لە ترسی ئەوەی کە شتێکی ناچاوەڕوانکراو رووبدات. بەڵام هیچی نەگوت، و هیچ پرسیارێکی نەکرد هەروەکو بڵێی ئەقڵی جام بووە و وشەکان ناتوانن لە نێو دەمی بێنەدەرەوە. ژوورەکەی بەجێهێشت و چووە لای (سناء العبیدی) کە فەرمانبەرێکی تازە بوو و ئەوەندە شەرمن و نەرمونیانی ئافرەتانەی تێدابوو کە لە کاتی وەڵامدانەوەی ناوی خۆی دەنگی دەرنەدەهات.

پاش چەند مانگێکی تر دیسانەوە وەزارەت چواردەوری گیرایەوە سەردانیکەریش دیسانەوە هەر سەدام حسێن بوو. ئەو هەروەکو نەریتی خۆی قسەی لەگەڵ هەر فەرمانبەرێکدا دەکرد. کاتێك گەیشتە لای من گوت و بێژەکەی پێشووی خۆی لەگەڵ مندا هاتەوە بیر و پرسی:
- پێشنیارەکەت بەچی گەیشت؟
- نازانم بەڵام پێموایە بۆ لایەنی بەرز رەوانەکراوە بۆ یەکلاکردنەوەی.

ئاماژەی بۆ وەزیر کرد و گوتی:
- ئەبو عروبە توخوا ئەم پێشنیارەم بیربخەرەوە.

ماوەیەکی زۆری پێنەچوو چوار ئیفادی ناردنە دەرەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەمان تەرخان کراو هەموویان درانە ئەو کەسانەی کە شایانی نەبوون واتا بە بەعسییەکان کە بەلای ئەوانەوە هەروەکو مۆڵەتێکی حەسانەوە و پشودانێك بۆ دەرەوە وابوو.

وەزارەتی راگەیاندن مێرگێکی بە بەرەکەت بوو بۆ خزم خزمێنە و دەستە و تاقمگەرێتی. سەرەڕای راگرتنی دامەزراندن و سیاسەتی سك هەڵگوشین و



لێگرتنەوەی تەواوی ئابوری، دیوانی وەزارەت ئەو جێیە بوو کە کچانی ئەفسەرانی گەورە، و وەزیرەکان و سەرکردە سیاسییەکان و کچە مام و خاڵ و ژنخوشکەکانیان و هەر کەسێکی تر لە پایتەخت یان لە دەرەوەی پایتەخت بە هۆی خزمایەتی یان لێك نزیکی یان برادەرایەتی بگەیشتبایەوە بە خەڵکانی خاوەن نفوز، ژاوەی دەهات. لەبەر ئەوە ئاستی کارمەندانی لە نزمترین ئاستدا بوو تەنیا لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە لێهاتووی و لێوەشاوەیی خۆیان دامەزرابوون. وەزارەت وەکو نازناوێك بۆ گاڵتەو گەپ جاروبار بە ((وەزارەتی کچان) یان بە ((کولیژی کچان)). ناودەبرا ئەو کاتە خەمی سەرەکی زۆر لە بەڕێوەبەرەکان و فەرمانبەرە پیشەییە بە تواناکان دوورکەوتنەوە لە شەڕی ئەو کچانە بوو چونکە پیاو نەیدەزانی ئەوانەکێن و پەیوەندییان بە کۆشکی کۆماری یان هەردوو سەرکردایەتییەوە چییە و چۆنە. کاری ئەوان تەنیا لەوەدا قەتیس ببوو کە سەردان بکەن و قاوەبخۆنەوە و گۆڤارەکانی ئافرەتان ئەوانەی کە تایبەت بە مۆدیلات و جوانکاری بوون بخوێننەوە! هەر هێندە چەند مانگێك بەسەر دامەزراندنی یەکێکیاندا تێدەپەڕی دەتبینی سکی پڕبووە! بەڵام تەمەن گەورەکانیان کاتێکی زۆریان لە ریایی کردن بۆ کچە لاوەکان خەرج دەکرد تا خۆشەویستی و سۆزیان رابکێشن تا بەڵکو میانگیریی و دەڵاڵییان بۆ بکەن. لەمبارەیەوە ((لمعان البکری)) پێشەنگی هەموویان بوو.

سەرکردایەتی رێکخراوە پیشەییەکان و سەندیکاکان لە عیراق هەروابوو کە لە سەرۆکێکی بەعسی پێك بێت و هێندێك جاری کەمیش بۆ جوانکاری و پاراستنی روالەت دوو یارمەتیدەری هەبوو کە یەکێکیان پارتی و ئەوی تریان شیوعی. هەروەها لە سەندیکای رۆژنامەوانانی عیراقیشدا هەروابوو. بەعس، سەعد قاسم حەمودی بۆ سەرۆکی سەندیکا کاندید کرد. ناوی منیش لەنێو لیستی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوو بۆ پلەی جێگری نەقیب. کاتێك سەروادەکەی نزیك بۆوە دوو دڵ بووم و داوام کرد کە ئەحمەد جەزراوی، گەرچی ئەو حیزبیش نەبوو، ناوی خۆی پێشکەش بکا. من بۆ خۆم باوەڕم بە سەندیکا نەبوو چونکە هەڵبژاردنەکە

رووکەشکاری بوو و هەقیقەتی لە خۆدا نەدەنواند. ئەوە بوو کاك دارا تۆفیق پێداگریی لەگەڵدا کردم کە ناوی خۆم نەکێشمەوە بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەنگی خۆمدا بە ئەحمەد و بەمەش لەو گاڵتەجاڕییەی بەعس رزگاریم هات.

لە هاوینی 1973 شاندە کرێکارییەکان کە داوەتی حکومەت بوون، یەك بە دوای ئەوی تردا قەتارەیان بەستبوو. ئەم شاندانە لە لایەن شاندی سێ حیزبەکەوە (بەعس و پارتی و شیوعی)یەوە لە فرۆکەخانەی بەغدا پێشوازی دەکران. ئەوەبوو واهات کە من و خوالێخۆشبوو حەسەن حەیدەر هەڵبژێردراین کە لەگەڵ هێندێك نوێنەری تری پارتیدا بچینە فرۆکەخانە بۆ پێشوازی لە شاندێکی بەرزی کرێکارانی سۆڤیێتی. لە کاتێکدا لە چاوەڕێی فرۆکەدا دانیشتبووین لەبەردەمی خۆمەوە وەزیری دەوڵەت عەزیز شەریف دانیشتبوو و پاش چەند خولەکێك سەعدون غەیدان وەزیری ناوخۆ هات و لە تەنیشت عەزیز شەریفەوە کە تازە لای بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك کە بەعس خولقاند بووی هاتبۆوە، دانیشت. لە نێوان ئەم دوانەدا بەر لەوەی فڕۆکە بگات ئاخاوتنێکی کورت بەڕێوەچوو و منیش گوێم لە قسەکانیان هەڵخستبوو. غەیدان پرسیاری لە عەزیز کرد لە بارەی ئەو شتانەوە کە لە بەینی ئەو دوانەدا لە دیدارەکەدا قسەی لێکراوە و غەیدان بەزارێکی پڕ لە گاڵتەجاڕییەوە کە خەریك بوو رقم بتەقێنێتەوە گوتی:

- ها شجلبتنا من یم الملا، خیار، بطیخ؟ (چیت لای مەلاوە بۆ هێناوینەوە، خەیار، کاڵەك؟

عەزیز وەڵامیدایەوە:

- هەموو شتێك وەك ئێمە دەمانەوێ ئاوا دەبێ، ئەبو سەمرە تۆ دەزانی من کاتێك قسە لەگەڵ مەلادا دەکەم، لە پێگەی هێزەوە قسەدەکەم!

گەڕامەوە بۆ ماڵەوە هەموو شتێکم بە ئەمانەتەوە هەروەکو چۆن گوێم لێبوو بوو نوسی و لەگەڵ نامەیەکی کورتدا ناردم بۆ کاك مەسعود. چەند رۆژێك تێپەڕی، دکتور سەعید بارزانی کە نامەکەم لەگەڵ ئەودا بەڕێ کردبوو گەڕایەوە و پێی گوتم:



- نامەکەت کاری خۆی کرد، ئەو شاندەی حکومەت کە هاتبوو چاوی بە بارزانی بکەوێ، لە یەکێك لە چایخانەکان ماوەی چوار کاتژمێر لەسەر حەسیران دادەنیشن چاوەڕێ دەکەن وەکو سزادانێك!

چەند مانگێك بەسەر وەرگرتنی کاك دارا تۆفیق بۆ پۆستی سەرنوسەری (تەئاخی)، تێپەڕی، رۆژێك بانگی کردم و داوای لێکردم کە وتارێکی درێژ لە بارەی چاندنی میوە و سەوزە لە کوردستان بنوسم. منیش سەفەرم بۆ دهۆك کرد و لەوێ چاوم بە جوتیاران کەوت و زۆر کێڵگە و مەزرام بەسەرکردەوە و ئینجا گەڕامەوە بۆ بەغدا، و راپۆرتێکم لەبارەی هەلومەرجی جوتیارانەوە نوسی کە چۆن خاوەن ((عەلوە))کان بە بەرچاوی بەرێوەبەرایەتی خستنەبازاڕی سەوزە و میوە کە عزت الاسحاقی بەرێوەبەری بوو، سوکایەتییان پێدەکەن و چۆن جوتیاری کوردستانی کاری کێڵان و چاندن و ئاودان و میوە و سەوزەی خۆی بەرێوەدەبا و پاشان بەرهەمەکانی خۆی دێنێتە بازاڕ و لەوێ چۆن دەڵاڵەکانی عەلوەکان پڕکێشی لە سەردەکەن و لە ژێرەوەش لە بەینی خۆیاندا رێککەوتوون کە فێڵی لێبکەن و بەرهەمەکەش بە هەرزانترین نرخ دێتە فرۆشتن و پاشان دەست بۆ گیرفانی خۆی دەبا تاکرێی چنینەوەی عەلوە و کرێی گواستنەوەکەی بدات. رۆژی دواتر مامۆستا سەلیم تەها تکریتی هاتە لام پیرۆزبایی لێکردم و گوتی:

- کوڕم چۆن کاری وادەکەی؟ تۆ کە رەخنە لە عزت الاسحاقی دەگری ناترسی؟ ئەو کوڕی مامی ئەلبەکرە! کوڕم دەمەوێ ژن بهێنی و منداڵی خۆت و منداڵی منداڵەکانیشت ببینی. ئەم سەرسەرییانە لە خوا ناترسن. ئەمانە نە ئەخلاقیان هەیە و نەویژدان! بە دڵنیاکردنەوە پێمگوت:

- مەترسە من پێشمەرگەم!

لەم هەلومەرجە سەختەدا بوو کە رۆژنامەی تەئاخی دەردەچوو و سەدان میل لە بنکەکەی خۆیەوە دوور بوو. پاش ساڵێك لە دەرچوونی و بەتایبەتی پاش ئەوە کە دارا تۆفیق سەرۆکایەتییەکەی وەرگرت بوو بە رۆژنامەیەکی ئاسایی و

هەروەکو ئەوەی کە بە زمانی حیزبێکی سیاسی خەباتگێڕەوە کە دەیان هەزار پێشمەرگە پاڵپشتی لێدەکاو کە بارزانی سەرکردە لە پشتییەوەیەتی، قسە ناکا. هەروەها بەشداریمان لە وەزارەتدا هەرچەندە هەر بەناویش بوو، ئەوا دەبێ لە بەڕێوەبردنی مافی خۆمان لە رەخنەگرتن و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکومەت، قەدەغەمان بکا. ئیتر وایلێهات هەمووان لەوە دەترسان ئەو وردەنانەی لەسەرخوانی بەعس کە لەسەر حسێبی وەزعی گشتی کوردستان، دەستی کەوتووە لە دەستی بدات. و جگە لە هێندێك وتاری مردارەوە بووی دەستپێك بێ ئەوەی کە پێشینە یان بەدوودا چوونی بۆ هەبێت، هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی بارزانی و کاك ئیدریس و تەعریبییش لەم رێسایە بەدەرنەبوون. ئەم سەردانەواندنەش بووە هۆی ئەوە کە متمانەی جەماوەری کوردی و تەنانەت عەرەبیش، بەهۆی هەڵوێستە لاوازەکانییەوە بەرامبەر بە بەعس لە دەست بدات و بوو بە ئامانجێکی هاسان بۆ رۆژنامەکانی سەر بە حکومەت کە بە روویدا بوەستن و هەڵبشاخێن کە چی تەئاخی لە پێناوی بەرگری لە هەق لە کوردستان بە تایبەتی و عیراق بە گشتی هەوڵێدەدا لە چوونە ناو شەڕێکی راگەیاندنی بچوك یان گەورە خۆی دوور بخاتەوە. لە راستیدا تەئاخی ئەسیری بەغدا بوو چونکە دەرچوونی لە بەغدا وایلێکرد بوو کە بەکەمی بەرژەوەندەکان و تموحەکانی گەلی کورد بەرجەستە بکا. هەروەها بوونی ژمارەیەکی گەورە لە سەرکردایەتی کورد لە بەغدا دیسانەوە وایکردبوو کە ئەم سەرکردایەتییە نیمچە ئەسیر بێت. چونکە نەیدەتوانی ئەوەی کە دەویست بیڵێ بیخاتە روو لەبەر ئەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی کاروبار بە دەستی بەعس و بەدیاریکراویش لە دەستی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا بوو و لەوێوە دەسەڵات و بڕیارەکان و یاساکان دەردەکران و سوپا و ئەمن و موخابەرات هەمووی لە ژێر دەستی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا بوو. هەر بۆیە ئەو پێنج وەزیرە کوردە لە دەرەوەی فەرمانگەی تایبەتی خۆیاندا هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو. سەرەڕای ئەوەندە دەسەڵاتە دیاریکراوەش کە بەرپرسانی کورد هەیانبوو بەڵام لە ژێر هەڕەشەی راونان و تەنگ پێهەڵچنین و



هەوڵدان بۆ کڕینی ویژداندا بوون، تەنانەت من زۆرجار سەرم لەوە سوڕدەما کە چۆن سەرکردایەتی کورد لە بەغدا پابەندی خۆی بە جووڵانەوەی کوردی پاراستووە من یەقینی تەواوم هەیە ئەگەر کەسایەتی و هێزی بارزانی نەبوایە سەرکردایەتی کوردی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی پاش رێککەوتنی 11ی ئازار نەدەما. لەبەر ئەوە کارێکی سەیر نەبوو کە خەڵك بە ئەرکی سەرشان هەڵبستن و پۆل پۆل بەرەو کوردستان بێن و پەیوەست بین.

## پەراوێزەکان

1- بارەگای رۆژنامە لە یەکەمین کرانەوەیدا لە سەرەتا لە ناوچەی سنەك بوو پاشان گوازرایەوە بۆ شەقامی ئیبن درەید لە عیوازییە تا رۆژی داخستنی. پاش رێککەوتنی 11ی ئازار لە سەرەتادا لە مەسبەح کرایەوە پاشان گوازرایەوە بۆ بەتاوین و ئینجا گوازرایەوە بۆ چاپخانەی تایمس لە شەقامی رەشید لەوێشەوە جارێکی تر گوازرایەوە بۆ شەقامی سەعدون بۆ بینایەکی نوێ. شایانی تێبینی کردنە کە رۆژنامەی تەئاخی لە هەیئەیەکی نوسین پێکدەهات کە پارتی دیاری دەکرد. بەڵام نوسەرانی بەشەکان لە هەموو توێژەکان پێکهاتبوون لە پارتی و نەتەوەیی و شیوعی و ناسری و ئاشوری و تورکمانی و تەنانەت بەعسیش کە بەدەسیسە چێندرابوون.

2- ماوەیەك بەڕێوەبەری کارگێڕی مەکتەبی تەنفیزی بوو لە ناوچەی شۆڕش. پاشان بوو بە بەڕێوەبەری مەکتەبی کاك ئیدریس و کاك مەسعود. ئێستا بەخۆی و خێزانیەوە لە ئەڵمانیا پەنابەری سیاسییە.

3- رۆژنامەوان و کاریکاتێریستێکی ناسراوی کوردە. سەرپەرشتیاری لاپەڕەی دوایی رۆژنامەی تەئاخی بوو تا کاتی داخستنی لە 1974. لەو لاپەڕەیەدا رۆژانە وتاری دوو نیوە ستونی لە ژێر ناونیشانی ((اخر الكلام)). دەنوسی لە کاتی زەمالەی رۆژنامەوانیدا بووین بە برادەر. ئێستا بە خۆی و خێزانەکەیەوە لە لەندەن دەژی. لەوێ پێشانگای هونەری دەکاتەوە و ماوەیەکیش لە رۆژنامەی ((العراق الحر))دا کاری دەکرد.

4- کچی شاعیری کۆچکردووی ناسراوی عیراقی بەرێز (محمد مەهدی جەواهیری).

5- شاعیر و توێژەر و ئەدیبێکی پیشەییە کۆمەڵێك پلەی لە دیوانی وەزارەتی راگەیاندن پێسپێردرا. ئەو لەگەڵ باوکە جان فییەی دومینیکانی گۆڤاری ((العراق))ی بە فەرەنسی دەردەکرد.

6- لە فەرهەنگی ((المنجد فی الاعلام)) داهاتووە کە جێگەیەکە دەکەوێتە نزیکی بەغداد. ئەوێ بریتییە لە وێرانەکانی زەقوری پەیکەری شاری دورکاریکالزو پایتەخی دەوڵەتی قسی. وەزارەتی راگەیاندن خووی بەوە وەگرتبوو کە شاندە بیانییەکان هەر چەندە حەزیشیان



نەکردبایە بباتە ئەوێ ئەمەش چونکە لە بەغداوە نزیك بوو. و خاڵە شوێنەوارییە گرنگەکانی تریان وەکو (ئور و بابل و ئاشور و نەینەوا و ئوروك) فەرامۆش دەکرد لەبەر ئەوەی ئەو خاڵانە یان لە باشوور بوون یان لە باکوور و ئەمەش سەفەری دوو یان سێ رۆژی دەویست و سیاسەتی وەزارەتیش وابوو کە سەفەری شاندە بیانییەکان بۆ دەرەوەی بەغدا نەهێڵێ و هەژاری و نەداریی ژیانی لادێی عیراقی بشارێتەوە و ئەم سیاسەتەی پەیڕەو دەکرد کە لەسەر بنەمای تەفرەدان و درۆ و دووڕوویی دامەزراوە.

7- رۆژنامەوانێکی فەرەنسی ناسراوە و بوو بە بەرپرسی هۆبەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رۆژنامەی لوموندی فەرەنسی. بیروراکانی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان لە بارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رێزی لێدەگیرا. لەوانەبوو کە بە سەرۆکی میسری جەمال عەبدولناسر و مەلیك حسێن سەرسام بوو. لە ساڵانی نەوەدەکاندا بوو بە باڵوێزی وڵاتەکەی لە تورکیا. پاشان لە سەردەمی سەرۆکایەتی میتراندا بوو بە وەزیر. ژنەکەی (روزی) کە وەکو وێنەگر لە ئاژانسی سیگما کاری دەکرد کۆچی دوایی کرد. ئەو زۆرجار سەردانی کوردستانی کردبوو. دواین هەواڵی ئەو ئێستا لە پاریس ((ژیانی جەنتلمانی)) دەژی.

8- ئەو مامۆستا حامد عەلوان ئەلجبوری ئەوسا وەزیری راگەیاندن بوو.

# 7

## سەرەتای زریان

لە وەزارەتی راگەیاندن بۆ نهۆمی یەکەم هاتمە خوارەوە و بەرەو فەرمانگەی ژمێریاری چووم، لەوێ مووچە و دەرماڵەی مانگی شوباتی 1974م بە تەواوی وەرگرت و ئینجا گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم لە نهۆمی چوارەم. تەماشای کاتژمێرم کرد کات 11ی سەر لە بەیانی بوو، ئاوڕم دایەوە پشت خۆم تا لە میانی ئەو پەنجەرە گەورەیەوە سەیری شاری بەغدا بکەم. پورتریتی گەورەی ئازادی، کە جەواد سەلیم نەخشازیی کردووە، لە بەردەممەوە بوو و لە پشت ئەویشەوە ((حديقة الأمة)) بوو کە لە هەر گۆشە و لایەکییەوە منالانی بۆیاغچی و جگەرەفرۆش دەسوڕانەوە و لە کۆتایی ئاسۆکەدا گومەزەکانی کەنیسەی ئەرمەن بەرز ببوونەوە. بەنەوسنییەوە بە پڕایی چاوەکانم تەماشام دەکرد تا چاوەکانم پڕ دەبن. دانیشتم و جانتاکەمم کردەوە و گوڵاوێکی بەنرخم دەرهێنا کە یەکێك لە رۆژنامەوانە بیانییەکان پێشکەشی کردبووم، بە دیاری پێشکەشی هاورێم خاتوو (نضال المهداوي)م کرد کە هەمیشە لەگەڵیدا قسەم دەکرد و ئاخاوتنی لەگەڵدا دەکردم و لەگەڵ بیروڕاکان و شیکردنەوەکانیدا هۆگریم پەیداکردبوو، ئەویش هەروەکو من گرنگی بە هەر شتێك دەدا کە لەسەر گۆڕەپانی عیراقدا رووی دەدا. چونکە ئەو، یان بڵێین خێزانەکەی رابردوویەکی ناسراوی لە سیاسەتی عیراقدا هەبوو، لەبەر ئەوەی باوکی رۆژگارێك ئەو کەسایەتییە بوو کە لە رووی ناوبانگەوە لە دوای کەسایەتی کوڕە پوورەکەی خۆی (عەبدولکەریم قاسمەوە) دەهات، ئەو سەرۆکی دادگای گەل بوو کە واقیعی دانیشتنەکانی ئەو دادگایە بە جۆرێکی راستەوخۆ لە رێگەی رادیو و تەلەفزیون دەگوازرایەوە. ئەو ((نضال)) کچە لاوێکی تازە پێگەیشتووی جوان بوو بە کەمی داودەرمان و پاودەری بۆ خۆرازاندنەوە بەکار دەهێنا. حەزی لە جل و بەرگێك



دەکرد کە بە لەشیەوە دەنوسێ. ئازا و قسە لە روو بوو لەگەڵ ئەوانەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن و بە کەمی لەگەڵ فەرمانبەرەکانی تردا تێکەڵاو دەبوو و خۆی ئەوانەی دیاری دەکرد کە مامەڵەیان لەگەڵدا بکا. زۆر جار هەستم بە سۆز دەکرد لە بەرامبەریدا و هەروەکو خوشکێکی بچوکی خۆم لە بەرامبەر پڕ کێشی بەعسییەکاندا کە هەمیشە هەوڵیاندەدا لە داوی بخەن، بەرگریم لێدەکرد. هەروەکو باسم کرد، باوکی ئەو (عەمید فازڵ عەباس ئەلمەهداوی) لە ماوەی حوکمی عەبدولکەریم قاسمدا لە لایەن چینە میللییەکانەوە بە چاوی پەرستنەوە تەماشادەکرا و لە لایەن نەتەوەخوازانی عەرەبیشەوە بەچاوی شەیتان و هەروەها جێگەی غەزەبی عەبدولناسر بوو. جا چۆن وانابێ ئەو کوڕە پووری (زەعیمی ئەوحەد) و سەرۆکی دادگای گەل بوو. دەیانگوت ئەوەی یەکەم چەخماخەی کودەتای 8ی شوباتی هەڵکرد بە دەستدرێژی کردن بۆ سەر برا قوتابییەکانی کە لە دواناوەندی قوتابی بوو، لە لایەن قوتابیە بەعسییەکانەوە دەستی پێکرد و هەروەها ((سەدام حسێن)) لە ریزی ئەو کەسانە بوو کە مەهداوی بە حوکمی لە سێدارەدان بە شێوەی (غیابی) حوکمی دابوون بە هۆی بەشداری چالاکانەی لە هەوڵی تیرۆرکردنی زەعیم قاسمدا. باوکی ئەو سەرەڕای سنورداریتی کارەکەشی، خزمەتێکی لە بیرنەچووی پێشکەش بە توێژەران و مێژوونووسان کرد بەوەی کە پێداگری کرد لەسەر چاپکردنی واقیعەکانی دادگاییکردنەکانی بە وردی و دەستپاکییەوە لە بیست بەرگدا. لەم دوا دواییانەدا دووبارە چاپکراونەتەوە. نضال هەروەکو نەریتی خۆی بە ئارامییەوە لێی پرسیم:

- پێم وانییە شەڕ لە نێوان کوردەکان و حکوومەتدا هەڵبگیرسێت.
- دایکی رەشا، شەڕ دەستی پێکردۆتەوە!
- کەی دەستی پێکردۆتەوە؟ ئێمە هیچ لەم بارەیەوە نازانین؟
- بۆ چاوەڕێی حکوومەت ئەمە رابگەیەنێ؟ بۆچی هەمان حکوومەت نییە کە حاشای لە بوونی شۆڕشی کورد کرد و پاشان بانگەشەی ئەوەی دەکرد تەنیا دەستەیەکی بەکرێگیراو هەن و لە دواین هەناسەدان دان!

- هەڵبەت! جا بۆنا؟
- حکومەت دەیەوێ لەبارەی رووداوەکانی ناو وڵات ئێوە لە نەزانییەکی تەواودا بژین. هەمموو ئەو شتانەی ئێوە دەیزانن سەرچاوەکەی رادیۆکانی دەرەوە نییە؟ بۆچی تۆ گوێ لە لەندەن و دەنگی ئەمریکا ناگری؟
- ئەمانە ئیستگەی ئیستعمارین و راستی ناڵێن.

لە راستیدا هەر لەو ساتەدا شەڕێکی سەخت لە ناوچەی دهۆك دەکرا. سوپا هێرشێکی غافڵگیرانەی برد بوو بۆ سەر گەلی سپی و شەش لە سەربازەکانی کوژرابوون.

زۆر ئارەزووی گفتوگۆی فیکریمان بە یەکەوە دەکرد، بەتایبەتی لەبارەی چەپڕەوی و راستڕەوی و سوسیالیزم و سەرمایەداری. من بۆم دەسەلماند کە رژێمی سەرمایەداری بریتییە لە رژێمکی سروشتی کە مرۆڤ هەر لەو رۆژەوە کە خوا جیهانی دروستکردوە پێیەوە راهاتووە. بەڵام سەفستەکانی سوسیالیزمی بەرایی جگە لەوە کە زادەی خەیاڵی فەیلەسوفەکانەو و ویستوویانە بە گوێرەی هەوا و ئارەزووی خۆیان کاروبار لێکبدەنەوە، شتێکی دیکە نییە. پیادەکردنی سۆسیالیزم بەشێوەیەکی سروشتی و بەبێ بەکارهێنانی هێز و کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر ملی خەڵکەوە جێبەجێ نابێ چونکە بەسروشتی مرۆڤ ناکۆکە و ئەو زەبروزەنگ و هێزە ناتوانێ بەردەوام بێ، و رژێمی سەرمایەداری پەسندکراو ترە چونکە بوار لەبەردەم هەموو توێژەکانی کۆمەڵگادا بۆ داهێنانی بنیاتنەرانە دەڕەخسێنێ. و پێشکەوتنخوازی کە بەعس و حیزبی چەپڕەویی دیکە بانگەشەی دەکەن، بریتییە لە سەپاندنی دەسەڵات بەسەر زۆرینە و لە دەستدانی ئازادییەکانی تاکە کەس. جا بەهۆی ئەم بیروڕایانەوە هەمیشە بە کۆنەپەرست تاوانباری دەکردم! بەڵام ئەو بیروباوەڕی چەپڕەوانەی میانەڕۆی هەبوو لەبەر ئەوە لەو سنورەدا رادەوەستاین کە بۆ خۆمانمان کێشابوو. ئەو سۆزداری بەرامبەر بە یەکێتی سۆڤێتی هەبوو. ئەمەش کارێکی سەیر نەبوو چونکە دوای کودەتای یەکەمی بەعس و کوژرانی باوکی لەگەڵ زەعیم و پاش ئەوەی بەعس دەستی بەسەر حوکمدا گرت و



خێزانەکەیان دەربەدەر بوون، لە مۆسکۆ لەگەڵ عیراقییەکدا زەماوەندی گرت کە ناوی ئوسامە ئەلئەعزەمی بوو و دوو کچی لێبوو کە گەورەکەی ناونابوو رەشا و بچوکەکەشی بە رەنا. بەڵام بەخێراپی زەماوەندەکەی بە لێکجیابوونەوە و تەڵاق کۆتایی هات و هەروەکو من زانیمەوە لەگەڵ دایکی و براکانیدا ژیانێکی ناگوزور لە بەغدا دەژیان. ئەو وەکو وەرگێڕ لە دیوانی وەزارەتی راگەیاندن کاری دەکرد. هەروەکو لە تاراوگە بەرگوێم کەوت کە پاشان بۆ بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری میللی گوازراوەتەوە کە بە خانەی دوورخرانەوەی وەزارەتی راگەیاندن دادەنرێ. ئەو حاڵی لە حاڵی ئەو عیراقییانە خۆشتر نەبوو کە بۆ خوێندن چووبوونە یەکێتی سۆڤێت یا وڵاتانی تری سوسیالیستی. هێندێك لەوانە بەهۆکاری سیاسی لەوێ مابوونەوە، هێندێکی تر گەرابوونەوە و کار یان وەزیفەیان وەدەست نەدەکەوت جا ئەمە بەهۆی ئەوەوە بێ کە پێویستیان بە پسپۆڕییەکەی ئەوان نەبوو یان بەهۆی ئەوە کە ئەو سیستەمەی کە ئەوان خوێندبوویان لە عیراق نەبوو و لەگەڵ ئەو سیستەمە رۆژئاواییەدا رێکنەدەهاتەوە کە لە عیراقدا هەبوو، یان بەهۆی ئەوەوە کە لایەنە رەسمییەکان ئارەزوویان نەبوو سیستەمێك دابمەرزێنن کە بە هۆیەوە بڕوانامەکانیان هاوچوون بکرێت. بەڵام ئەو وەکو هەموو عیراقییەك بە تەکنۆلۆژیای رۆژئاوا و رواڵەتی ژیانی رۆژئاوایی سەرسام بوو چونکە ئەقڵییەتی واقیعییانەی ئەو بیروسترویکا و گلاسنوستی قبوڵکردبوو بەر لەوەی کە بە ئەقڵی گورباتشوفدا بێت.

بەڵام لەبارەی عەبدولکەریم قاسمەوە دەیگوت کە ئەو هەر جارێك دەهاتە ماڵمان باوەشی و پێدادەکردم ماچی دەکردم هەروەها دەیگوت کە باوکی تاکاتی گەمارۆدانی وەزارەتی بەگری هانی دەدا کە بۆ ئەوەی دەست بەسەر جڵەوی کاروباردا بگرێت پشت بە حیزبی شیوعی ببەستێ و بەلێروانینی ئەو عەبدولکەریم سەرکردەیەکی نیشتیمانپەروەر بوو کە بە هەژاری هاتە دنیاوە و هەروەها هەر بە هەژاریش ژیاو مرد.

یەك بە یەك تەوقە لەگەڵ هەموو برادەرەکانم لە فەرمانگـە کـرد، لـە پـێش هەمووشیانەوە ئەدمون سەبری چیرۆکنوسی ناسـراوی عیراقـی کـە هێنـدێك لـە چیرۆکەکانی کراون بە فلیم، پاشـان ((ئـەبو ئەمـەل)) کـە تێکۆشـانی ئـەو تـەنیا بریتیی بوو لە بەشداربوونی لە جووڵانەوەی رەشید عالی گەیلانی لە کاتێکدا کـە لە سوپادا ((عەریف)) بووە، ئەو کاتـەی جووڵانەوەکـە شکـست دەهـێنێ لەگـەڵ ئەوانەدا کە هەڵدێن بۆ دەرەوە ئەویش هەڵدێ بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا. لەوێ مایەوە تاکو شۆڕشی تەموز سەرکەوت و ئینجا گەڕایەوە بـۆ نیـشتیمان و پاشـان وەکـو وەرگێڕی زمانی ئەڵمانی لە دیوانی وەزارەتی راگەیاندن دامەزرا و ئەو تارادەیـەك زمانی عەرەبی لەبیرچووبۆوە! پاشان ماڵئاوایم لە سادق عەبدولموتەلیب کـرد کـە لە پاشاندا بوو بە پاشبەندی کولتوریی لە بالویزخانەی عیراقی لە پاریس. ئینجـا سەنا ئەلعەبیدی و پاشان (نضال) بـۆ ئـەوەی ماڵئاواییـان لێبکـەم و بـەوانیش و بەوانی دیکەشم گوت کە خەریکی پێکهێنانی زەماوەندم و چەند رۆژێك ون دەبم. هەروەکو نەخۆشێکی کە دەردی گرانە و دەڕوانێتە دەم و چاوی ئەوانـەی کـە لـە دەوری جێگاکەی کۆبوونەتەوە و دەزانێ کە جارێکی تـر دەم و چـاوی نابیننـەوە ئاوا بە گەڕناسیی لە رووخساریان رامام. بۆ ساتێك شەرم دایگرتم چـونکە زانـیم درۆ لەگەڵ ئەو هاوەڵە دڵسۆزانە دەکـەم کـە هـەروەکو ئەنـدامێکی خێزانەکـەم دامدەنان، بەتایبەتی ئـەدمون سـەبری کـەنان و نمـەکیانم کردبـوو و هـەرجارێك خێزانەکەی (أم صبری) خواردنێکی بەتامی وەکو دۆڵمنە یان یا کوبـەی موسـڵیی ئامادەبکردایە بانگێشتی دەکردم.

زانیم من بەرەو جیهانێکی تر دەگوازمەوە کە جیهانی ئازادی و شۆڕشە و ئەم هاوەڵە داماوانەش لێرە لە ژێر پاڵەپەستۆی بەعس و چەپاندن و ترسـی بـەردەوام لە لەدەستدانی وەزیفە و بەرکەوتنی خێزانەکانیان بۆ ژێر باری هەژاری و نـەداری ئەگەربێتوو تاکە وشەیەك بەرامبەر بەو رژێمە بدرکێنن کە چاودێری هەسـتان و دانیشتنیان دەکا و تەڵەیان بۆ دەنێنەوە تا بزانێ چی بیروڕایەك بەنێو مێشکیاندا دێـت کـە ((شۆڕشـگێڕانە)) نییـە و لـە فەلـسەفەی دیکتـاتۆری بەعـسەوە



هەڵنەقوولاوە. زانیم کە ئەوان لە ناخی دڵیانەوە بەوە خۆشحاڵ دەبن کە مـن لـە دۆزەخی بەعس رزگاردەبم و زانیم کە ئەگەر هێنـدێکیان بۆیـان بکرابایـە نەهـەر تەنیا بۆ گەلاڵەش بەدوام دەکەوتن بەڵکو بۆ بەرەی شەڕیش دەهاتن. مـن ئەمـەم دەزانی چونکە مـن هـەمووو گۆشـە و پـەناکانی بـیروڕای ئـەوانم پـشکنیبوو و بەقوڵایی ئەواندا چوبوومە خوارەوە هەرچەندە ئـەوان هـەوڵیان دەدا بیـشارنەوە و خۆیان لە پشت پەردەی ریایی کردن بـۆ حیزبـی فـەرمانڕەوا بـشارنەوە. هـەموو شتێکم هەروەکو خۆی لەسەر مێزەکەم بەجێهێشت بۆ ئەوەی سـەرنجی کـەس بـۆ خۆم رانەکێشم و هەروەکو بڵێی چەند رۆژێکی تـر دەگەڕێمـەوە. فەرهەنگـەکان و سەرچاوەکانم لە جێگای تایبەتی خۆی لە لای چەپەوە دانا و لە لاکـەی تریـشەوە گۆڤارە بیانییەکانیش کە بۆ مەبەستی سانـسۆر خـەریکی خوێندنـەوەیان بـووم، دانا. وەداواشم لە هاوەڵەکانم کرد کە ئەگەر بۆ مەبەستی خوێندنـەوەی ویـستیان هەڵیگرن پاشان لە جێگای خۆیانی دابنێنەوە.

سەنا بەو دەنگە مێینە شەرمنەیەوە پرسی:

- ئەو بەختەوەرەی بۆت دێنن ناوی چییە؟

- نازانم چونکە خەڵکی گوندێکی دوورەدەستە.

بەدوای ئەوەدا گوتم ئەگەر

بەدڵم نەبوو چۆن چووم ئاوا دەگەڕێمەوە!

((نضال)) قسەکەمی بڕی و گوتی:

- چۆن بۆت دەخوازن کە تۆ نەزانی کێیە؟

- من کەس و کاری دەناسم بەڵام لە منداڵییەوە یەکترمان نەدیوە.

پاشان ئەبو ئەمەل پرسیاری کرد:

- کەی و لە کوێ ئاهەنگی نیشان بەرێوەدەچێ؟

- هەروەکو دەزانی ئەمە لەسەر خزم و کەس و کاری ئەو راوەستاوە.

- هەڵبەتە ئەگەر ئاهەنگەکە لە بەغدا بەڕێوەچوو ئەوا هەمووومان داوەتین.

- مەسەلەکە غەڵەت هەڵناگرێ. هەمووتان داوەتن.

کاك جەلالی میرزا کەریم[1] هاواری کرد:

- بەدرێژایی شەو دەخۆمەوە تا وام لێدێ کەڵەشێر وەکو گوێدرێژ دەبینم هەروەکو ئەبو نەواس دەڵێ!

من نەمدەزانی کە ئەویش بە دوای مندا دەگاتە گەلاڵە و ئەم قسەیە بۆ داپۆشینی کارەکەی دەکا.

ئاراستەی من بەرەو زاخۆ نەبوو، بەڵکو بەرەو ناوپردان بۆ ناوەندی شۆڕشی کورد بوو. ئەو هاوالآنەم بە جێهێشت و لە دڵی خۆمدا دەمگوت لەوانەیە ئەمە دواین ماڵئاوایی بێت. بە داخێکی گرانەوە ئەمە هاتەدی هەر نەبێ بۆ ئەدمون سەبری چیرۆکنوسی عیراقی چونکە کەوتە ژێر ئوتومبیلەوە و گیانی لە دەستدا.

بە ئوتومبیل گەیشتمە موسڵ و ئینجا بەرەو هەولێر سوڕامەوە. شەو لە هوتێلەکان جێگایەکم بۆ نوستن پەیدا نەکرد، خەڵکانی کە لە بەغداوە هاتبوون لە هەولێر تێکیانەوە داویشت. پرسیاری هۆکارەکەیم لە برادەرێك کرد ئەو گوتی ((ئەی نازانی هۆیەکەی فیستڤالی لاوانی دیموکراتی کوردستانییە)).

رێکەوت وای هێنایە پێشەوە زۆربەی ئەوانەی کە لە بەغداوە هاتبوون بەشداریی لە فیستیڤاڵەکەدا بکەن، پاش تەواوبوونی نەگەڕێنەوە بۆ بەغدا بەڵکو درێژەیان بە رێگەی خۆیان بەرەو گەلاڵە بۆ پەیوەست بوون بە شۆڕش دەدا.

بۆ نانی ئێوارە چوومە یەکێك لە یانەکان. لەوێ دەیان هاوڕێی خۆم بینی کە لە بەغداوە هاتبوون. بۆ کوێ؟ - بۆ گەلاڵە. گەڕامەوە بۆ هوتێل و تەماشا دەکەم چەند بارتەقای ئەوان ئاهەنگی گۆرانی دەڵێن و شایی دەکەن. لێم پرسین ئەوە چ دەکەن لێرە؟ گوتیان هاتووینە ناو شۆڕشەوە. شەومان لە هەولێر بەسەربرد. بۆ بەیانی زوو لەگەڵ سێ هاوڕێی خۆمدا بە ئوتومبیل چووینە گەلاڵە. لە رێگا تەنیا لەو نوختەیەی جوندیان کە بازگەی شۆڕش بوو، لە هیچ شوێنێکی تر رووبەڕووی پشکنین نەبووینەوە. پاشان لە گەلاڵە بینیمان ئەوێ لە قوتابیانی زانکۆ و فەرمانبەران و سەربازییانی پەیوەست بوو بە شۆڕشەوە جمەی دێ. لە هوتێلی ئەو گوندە بچوکەدا کە ئاژانسە جیهانییەکان ناوەکەیان دەگواستەوە و



لەو کتێبانەدا باس کرا کە لەسەر شۆڕشی کورد نوسراون، بۆ جێگایەك دەگەڕام. پێیان گوتم کە تۆ دواکەوتووی و لێرە جێگاپێیەکیش نەماوە و ئەو چەند چایخانە و چێشتخانە کەمەش کە هەیە وەکو هوتێل بەکارهاتوون! واقم ووڕمابوو نەمدەزانی چی بکەم. پاشان چوومە سەردانی مەکتەبی سیاسی لە ناوپردان کە دە کیلومەتر لێمەوە دوور بوو. لەوێ وەزعەکە کەلێنێکی لێ پەیدابوو. مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری حیزب بە ئوتومبیلە مارسیدسەکەی خۆی بردمییە (قەسری سەلام) و گوتی: (سێ رۆژ لێردەمێنییەوە تاکو جێگات بۆ دەدۆزمەوە) لە ژوورێکیان پەستاوتم پێش من لیوا عەبدولرەحمان قازی و کەسێکی گرنگی تر کە ناوەکەیم نایەتەوە یاد لەوێ بوون، ئەمەی دواییان کە ناوەکەیم لە بیرنەماوە هەمیشە پرتەوبۆڵەی بوو و بە هەڵگێرسانەوەی شەڕ و لە دەست چوونی ژیانی کامەرانی شاروباژێڕان، رەشبین بوو، لە دڵی خۆمدا گوتم ((ئەم پیاوە ئیمانی بە شۆڕش نییە و درەنگ بێ یان زوو هەردەچێتەوە باوەشی حکومەت).

بەهەق ئەو رۆژانە رۆژانی دیداری گەورە بوون. هاوەڵ و برادەرانی خۆتت دەبینی کە هاتبوونە ناو شۆڕشەوە چەندین ساڵ بوو یەکتریمان نەدی بوو. هەر ئەو رۆژانەی یەکەم بە دیداری برا فەلەکەدین کاکەیی[2] گەیشتم کە وەکو نوسەرێکی رۆژنامەنووسی بەناوی ((ئەبو پرشنگ)) بە ((حەلاجیاتەکانی)) ناوبانگی دەرکردبوو. کاتێك لە کۆتایی شەستەکاندا لە عیوازییە بووین وتارەکانی خۆی لە بەندیخانەوە بە رێگەی خێزانەکەیەوە ((أم پرشنگ))ەوە بۆ رۆژنامەی تەئاخی دەنارد و من هەردەم بیرم لە ئازارەکانی ئەم پیاوە دەکردەوە کە وتارەکانی پڕاوپڕ لە سۆز و ویژدان بوون. ئاخاوتنێکی دووردرێژمان بە یەکەوە کرد و لێم پرسی:

- ((ئەبو پرشنگ)) ئایا هیچی نوێ هەیە؟ ئایا ئاگاداری چی لە ئارادا هەیە؟
- وەڵا، شاندی ئێمە بە سەرۆکایەتی کاك ئیدریس چووەتە بەغدا. من پێموایە کێشەکە بە رێگای ئاشتی چارەسەر دەبێ.
- لە بارەی تەئاخییەوە چی؟ ئایا هەروەکو پێشان دەردەچێ؟
- پاش ئەوەی کاك دارا گەیشتەوە ناو شۆڕش، چەند رۆژێك بەبێ وتاری دەستپێك دەرمکرد.

- هیچ کام لە نووسەران لە بەغدا ماون؟

- دوایین کەس من بووم کە دەرگاکانم داخست.

- ئەی کاك فەرهاد عەونی بەڕێوەبەری ئیدارە و نووسەرانی تر چی؟

- هەموویان پەیوەست بوون و ئێستا لێرە لە ناوچەکەن.

ئەو ڕۆژانە چیرۆکی وەپاشکەوتنی موقەدەم عەزیز عەقراوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئیسماعیل مەلا عەزیز ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە بەغدا جێگەی گومان و پرسیار و وەڵامی زۆر لە ناوەندەکان بوو. هێندێك کەس باوەڕیان بەوە نەدەهات کە «خاڵ عەزیز» خیانەت بکات و بچێتە پاڵ حکومەتەوە، و تاماوەیەك وایان دادەنا کە ئەمە فێڵێکی سیاسیە و واشیان لێکدەدایەوە کە بارزانی فەرمانی پێکردووە کە لە بەغدا بمێنێتەوە و بۆ مەرامێك مامەڵە لەگەڵ حکومەتدا بکا! ئایا ئەم ئەرکە دەبێ چی بێ؟ من بۆ خۆم ئەم رایەم پەسەند دەکرد چونکە لە میانی هەموو ئەو سەفەرانەم بۆ بارەگای هێزی سەفین لە هیران و نازەنین و لە ڕۆژهەڵاتی شەقڵاوە، دڵسۆزی و دەست پێشکەریم تێدا بینیبوو. چەند ڕۆژێکی کەمی پێچوو دەرکەوت کە کاك ئیسماعیل مەلا عەزیز بەکردەوە وەکو «خط مائل» بۆ قازانجی شۆڕش لەگەڵ حکومەتدا کاری کردووە و پاشان توانی خۆی بگەیەنێتە ناوچە رزگارکراوەکان.

بەڵام هاشم عەقراوی کە پارێزگاری دهۆك بوو، ئیشەکەی بەلای هەموو کەسێکەوە ئاشکرابوو و هیچ کەسێك هیوای بەوە نەدەخواست یان بە تاسەی ئەوەوە نەبوو کە بگەڕێتەوە بۆ ناو باوەشی شۆڕش. ئیدی وایلێهات ببوو بە جێگای متمانەی حکوومەت ئەمەش هەروەکو ئێمە بیستبوومان بەهۆی ئەوە بوو کە کچەکەی شووی بە کوڕی ئەحمەد حەسەن بەکر کردبوو ئەو ئامێرێکی گوێ لەمستی ژنەکەی بوو. حکوومەت دوو کورسی بەتاڵی بەو و بە «خاڵ عەزیز» دابوو واتە دوو وەزیری بێ وەزارەت! و بەمەش بۆ یەکەم جار بوو کە شۆڕشی کورد توانی لە بەکرێگیراوانی «عەقایدی» رزگاری ببێ مەبەستم ئەوانەی کە چوونە ناوریزی خیانەتەوە و پاش ئەوە کە بە حکوومەتەوە پەیوەست بوون ناوی «جاشی 66»



لێنان و پاشان بەلێبوردنی بارزانی پاش 11ی ئازار بەشۆڕشەوە پەیوەست بوون و جگە لە بەکرێگراوانی نەزان کە بەدوای ماڵ و پلە و پایەی ساختەوە هەناسە بڕکێیان بوو کەسێکی تر لە ڕووبەڕووی نەمابوو!

هەمووان پێیان وابوو کە جەنگ کارێکی دوورە. ئەوەی کە هەیە ئەوەیە کە هێز نمایشکردن و تاقیکردنەوەی ئەعسابی هەردوولایە. ئەوساکە خەڵکانی ساویلکە و ناساویلکەش وایان وێنادەکرد کە شۆڕش چەکی بەهێزی هەیە و لەنێو ئەو چەکە بەهێزانەشدا فرۆکەشی هەیە! ئەوەش کە زیاتر ئەو وێناکردنەی ئەوانی بەهێز دەکرد ئەو قسەیە بوو کە دکتور مەحمود عوسمان لە وتارێکیدا لە سەمینارێکی کراوە لە گەلاڵە پاش 11ی ئازار درکاندی: لە کاتێکدا کە لە سەر بانی یەکێك لە چاپخانەکان راوەستابوو و کۆمەڵێك لە کادیرانی حیزب لە دەوری راوەستابوون و خەڵکیش لەسەر جادەی گشتی ئاپۆڕایان گرتبوو گوتی ئێمەش بەهەمان چەك بەرەبەرەکانی حکومەت دەکەین کە بەربەرەکانیمان دەکا، هەروەکو دەردەکەت کە ئەو ئاماژە بەو بەڵێنانە دەکا کە حکومەتی شا بە شۆڕشی داوە، ئەو ڕۆژانە بازاڕی پروپاگەندە زۆر گەرم و بەڕمێن بوو، پروپاگەندەی هەردوولا وابوو: ئەوانەی ئێمە دەیانگوت کە ئێمە فرۆکە و تانك و تۆپی دوورهاوێژمان هەیە. و پروپاگەندەکانی حکومەتیش ئەوەبوون کە ترس و تۆقاندن بخەنە نێو دڵی خەڵکەوە کە یەکێك لەو پروپاگەندانە ئەوەبوو کە حکومەت ڕۆکێتی زەمین زەمینی روسی بەدەستهێناوە کە دەتوانێ لە هەولێرەوە بیتەقێنێ و پەناگاکانی ئێمە بپێکێ. بەڵام زۆربەمان باوەڕمان بەو شتانە نەدەکرد. هەروەها زۆربەیان ئەوەی بڵاودەکردەوە کە حکوومەت گازی ژەهراوی و مەوادی کیمیاوی دژی شۆڕشگێڕان بەکاردەهێنێ. لەبەر ئەوە هەرکەس بە پەلە هەولێدا تونێل یان سەنگەرێك بۆ خۆی هەڵبکەنێ. و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە دروست کردنی دەمامکی خۆپاراستن بۆ گازی ژەهراوی سەرقاڵ بون.

بەهەقیقەت ئەو ڕۆژانە ڕۆژانێکی گرنگ و بەناوبانگی مێژووی گەلی کورد بوون و پێم وانییە بە درێژایی ژیانی خۆی ڕۆژانی ئاوای بەخۆیەوە دیبێ و

ئەوانەی کە بەتاڵ و شیرینییەوە، بەخۆشی و ناخۆشییەکانییەوە ئەم ڕۆژانەیان دیوە وەکو نموونەیەکی بێ هاوتا دەمێننەوە تا چیرۆکگەلێکی ئەفسانەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو بگێڕنەوە.

پاش سێ ڕۆژ لە قەسری سەلام هاتمە دەرەوە بۆ ئەوەی جێگای مانەوە پەیدا بکەم. لە چۆمان تووشی هاوڕێم جەلال میرزا کەریم هاتم و پاش باوەش کردن بەیەکتریدا ئاخاوتنێکی دۆستانەی دووردرێژ لە نێوانماندا لە بارەی بەغدا و وەزارەتی ڕاگەیاندن و ئەو برادەرانەوە کە بەجێمان هێشتوون ڕوویدا.

پاشان لێی پرسیم:

- ئێستا لە کوێ دەژی؟
- لەسەر جادە، هەر ئێستا لە قەسری سەلام هاتوومە دەرێ. سێ ڕۆژ لەوێ مامەوە بەڵکو جێگایەکم دەست بکەوێ بەڵام بێهوودە بوو!
- قەسری سەلام؟ دیارە کەسێکت هەیە کە گرنگی بەتۆ بدات؟ ئایا مەبەست ئەوەیە کە ئێستا جێگایەکت نییە لێی بخەوی؟
- ئەمە ڕاستە.
- وەرە بۆ لای ئێمە. لە ماڵی برادەرێکین ناوی سەید قادرە. ئێمە هەشت لاوین لە ژوورێکدا دەنوین و هەرکاممان مانگی سێ دینار کرێ دەدەین. لە دەمێکدا لەگەڵی ڕۆیشتم لە دڵی خۆمدا گوتم «چار نییە» ئەمشەو لای ئەوان بەسەر دەبەم و سبەی بۆ جێگایەك دەگەڕێم. بەڵام بەهەڵەداچوو بووم. بیست و سێ شەر و ڕۆژ لای کاکە سەید مامەوە. هەمووومان لە ژوورێکی بچووك دەخەوتین. لە میانی ئەو ماوەیەدا لە نێو هۆشی خۆمدا دەیان ڕێگەم بۆ سەقامگیربوونی خۆم لە ژوورێکی تەنیا یان لە نێو ئەشکەوتێکدا تاوتوێ کرد و بگرە لەوەش زیاتر بیرم لەوە کردەوە خیوەتێکی بچوك بکرم بەڵام لە کوێ؟ لە ڕەواندز دەست نەدەکەوت، لە ئێرانیش نەتدەتوانی بچیتە ئێران تەنیا بە مۆڵەتی تایبەتی بارەگای بارزانی و وەرگرتنی مۆڵەت لە دەسەڵاتدارێتی ئێرانی نەبێ کە ئەویش لە چاکترین حاڵەتیدا دوو هەفتەی دەخایاند. دواجار بەسەر خێوەتێکی کۆنەی



دڕاودا کەوتم کە ئەستوندەگی نەبوو و لەبەر ئەوەی بە بارانی ئەو ڕۆژانە ئەوەندە تەڕ ببوو قورس بوو بوو. هەوڵمدا خێوەتەکە هەڵبدەم بەڵام ئەوە دەرەتانی نەبوو. ئەوەبوو بەجێم هێشت و پاشان بەهەمان نرخی خۆی بە کەسێکم فرۆشتەوە کە کردی بە سەرپۆشی ئۆتومبیلەکەی بۆ ئەوەی لە بۆردومانی فرۆکە بیانپارێزێ. پاشان بیرم کردەوە کە خانوویەکی تەختە هەروەکو کە ئەسکیمۆ و گەلانی ئەو ناوچانەی کە لە جەمسەری باکور نزیکن لە سوید و نەرویج دەیکەن. دروست بکەم. من وام وێنا دەکرد کە ئەمە کارێکی ئاسانە، ئینجا نەخشەی ژوورێکم کێشا و گوژمەی کەرەسە سەرەتاییەکان و تەختەکانیم حساب کرد و بیرۆکەکەم خستە بەردەمی سێ یان چوار لەو ئەندازیارانەی کە هاوڕێم بوون و یەکێکیشیان ساڵانێکی زۆر لە سوید ژیا بوو، و پێیان گوتم کە لەوانەیە گوژمەکەی تا سەد دینار بەرزبێتەوە، ئەم بیرۆکانە بە جۆرێك سەرقاڵیان کردبووم کە خەریك بوو سەرم بتەقێ و بەهۆی ئەو ئازارەوە کە بە هۆی ئەوەوە لەگەڵ هەشت کەس لە ژوورێکی بچووکدا دەم چێشت، دواین هەناسەم لەبەر بێتەدەر. من هەر لە منداڵییەوە وا ڕاهاتبووم کە بە تەنیا بژیم.

لە جەنگەی ئەم ئاژاوە و پەشێوییەدا، چەندین لیژنە بۆ مەبەستی وەرگرتن و گرتنە خۆی ئەو هەزاران کەسە چ لە سەربازییەکان و چ لە شارستانییەکان، کە بە شۆڕشەوە پەیوەست بوون، پێکهاتن. لەبەر ئەوەی من لە لایەن سەرکردایەتییەوە ناسراوبووم ناوی منیان نەدایە ئەم لیژنانە. بەڵکو هەمان ئەو کارە سەخت و شەکەتکەرەیان پێسپاردم کە پێشان هەمبوو واتە یاوەری کردنی ڕۆژنامەوانە بیانییەکان کە سەردانی ناوچەکانی شۆڕشیان دەکرد، جا ئەم ناوچانە بەرەکانی شەڕ بوونایە یاخود ئەو ناوچانە بوونایە کە لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوون. ئەوسا ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکان و تەلەفزیونە جیهانییەکان زۆر گرنگییان بە تۆمارکردنی شەڕەکان و دیدارەکان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش لە شارستانی و سەربازیی و هەروەها وەسفکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەدا. واتە هەموو ئەو

شتانە کە خوێنەری بیانی گرنگی پێدەدا لە رووی ئاگادار بوونی لەسەر گەلان و کۆمەڵگا نەناسراوەکان کە بە لایەوە نەناسراو بوون.

گەشتەکانی هەوەڵجارم زۆر گرنگ بوون و لە رەواندز بەو لاوە ترەوە نەدەچوون. بەڵام پاشان وایلێهات سەردانی ناوچەی بادینان و قەڵادزێ و دەشتی هەولێر و سەفین و دوکان، بوون بە برگەی پێویستی پرۆگرامی زۆربەی رۆژنامەوانان. ئەو کاتە هەر گەشتێك ماوەی دوو هەفتە رۆیشتن بەپێیان یان بەسەر پشتی وڵاخەوە وەختی پێدەچوو، و پاشان لە جێگایەکی تری ئەم بیرەوەرییانەدا هێندێکیان لێ دەگێڕمەوە.

بەهۆی کارەکەم و هەروەها پێویستی مانەوەم لە نزیك ئەو بیانییانەوە کە لە هوتیل دەربەند بوون ئەوێ باشترین شوێنی شۆڕش بوو و بۆ پێشوازی ئەوان ئامادەکرابوو، بڕیار درا کە لەگەڵ هێندێك هاوڕێی تردا لە ژوورێکی ئەوێدا نیشتەجێ ببم. بەڵام بیرۆکەی ژیان لەگەڵ کەسانی تردا تەنانەت لە هوتیل دەربەند - کە بەپێی پێوەرەکانی کوردستان پێنج ئەستێرە! بوو- نارەحەتی دەکردم.

پاش چەند گەڕانێك بۆ سەردانی بەرەکانی شەڕ، کاك سامی بانگی کردم و داوای لێکردم کە بە ئەرکێکی بە پەلە بچم بۆ تاران بۆ ئەوەی هێندێك ترانزیستوری کارەبایی بۆ ئێستگەی شۆڕش کە لە سەرووەختی دەستکردن بە پەخش کردن بوو، و بەهۆی نەبوونی هێندێك لەو کەرەسانەوە لە پەخش راوەستابوو، بکڕم. پاشان رایسپاردم کە سەد خێوەت و هێندێك پارچەی یەدەگ بۆ شۆفڵ و گرێدەرەکانی شۆڕش بکڕم و بۆ ئەم کارەش بڕێك پارەی گەورەی دامێ. بە پیرانشەهر و شنۆدا بەرەو ورمێ سەفەرم کرد و کاتێك گەیشتمە دەوروبەری ورمێ سیماکانی شارستانییەت پاش ئەوەی کە ماوەیەك لە چیاکانی کوردستاندا نامۆ ببووم لێم بەدەرکەوتن. لە هوتیل کاروان دابەزیم و لە بازاڕەکانی شاردا دەستم کرد بە گەڕان و ئەو بڕە پارە زۆرەشم لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو، دەگەڕام و لەو کۆگا بازرگانییەوە دەچووم بۆ ئەوی تر و پرسیاری کەرەسەکانی ئێستگەم دەکرد. خاوەن کۆگان لەبەر ناقۆڵایی پرسیارەکەم بەدوای



ئەم جۆرە دەزگایانەدا توشی سەرسامیی دەهاتن و یەکێکیان پرسیاری لێکردم کە بۆ چ مەبەستێکمە، پێم گوت بۆ ئێستگەی شۆڕشی کوردستانە. پێی راگەیاندم کە ئەمە قەدەغەیە و ئەم جۆرە دەزگایانە لە دەسەڵاتی لایەنەکانی حکوومەتە و من دەبێ رەزامەندیی رەسمیی بۆ وەربگرم. ئیتر بڕیارمدا سەفەری تاران بکەم. لەوێ ئەوەی لە ورمێ بەسەرم هات لە تارانیش بەسەرم هات. لە کۆگا بازرگانییەکاندا نەمتوانی پەیدایان بکەم و خەریك بوو هیوا بڕاوەبووم و بە نائومێدی بگەڕێمەو بۆ کوردستان.

لە کاتێکدا لە تاران لە هوتیل «لالەزار نو» گیرم خواردبوو، دوو پیاو هاتنە لام پێیان گوتم کە سەر بە ساڤاکی ئێرانین و ئەوان دەزانن کە من بەدوای چیدا دەگەڕێم و بەرێوەبەرەکەیان ئەوانی ناردووە تا یارمەتیم بدەن چونکە ئەم دەزگایانە لە ئێران دەستناکەون و من دەبێ ئارام بگرم تا لە کالیفورنیاوە رەوانە دەکرێن. ئەوەبو هەفتەیەکی تر لە چاوەڕێی گەیشتنی ئەم دەزگایانە مامەوە. لەم ماوەیەدا هەستام بە کڕینی خیوەتەکان و پارچەی یەدەگ و بەڕێکردنیان بۆ ورمێ. چەند رۆژێکی کەمی نەبرد دوو پیاوەکان جارێکی هاتنەوە بۆ لام و سێ سندوقی گەورەیان پێبوو و تەسلیمی منیان کرد. پرسیاری نرخی ئەمانەم لێکردن، ئەوان گوتیان: «ئەمە دیاری ئێمەیە بۆ شۆڕشی کورد!» لە خۆشیان باڵم گرت چونکە دەمزانی ئەمانە نرخیان گرانە. ئینجا گەڕامەوە بۆ ورمێ ئەمەش دەرفەتێکی گونجاو بوو تا خێوەتێکی بچووکیش بکڕم. بە پەلە بەهۆی گوڕوتینی تاسەم بۆ ناو شۆڕش و ژیانی رۆژ بە رۆژی شۆڕش بەر لەوەی کە مۆڵەتەکەم تەواو ببێ گەڕامەوە و وام دەزانی ئەو چەند رۆژانەی دەرەوەی کوردستان زیانێکن کە قەرەبوو ناکرێتەوە. ئینجا خێوەتەکان و پارچە یەدەگەکان و دەزگا کارەباییەکانم تەسلیمی لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد و کاك سامیم لە بارەی پرسی دیارییەکەوە ئاگارکردەوە و ئەو پارەی کە بەهۆی دیارییەکەوە پاشەکەوت بوو بوو تەسلیمی کاك سامی کردەوە. پاش ئەوە چەند رۆژێکی کەمی نەبرد کە ئێستگەی دەنگی کوردستان پاش ئەوەی کە چوارساڵ بوو راوەستابوو، سەر لە نوێ کەوتەوە پەخش

کردن! دەستم کرد بە گەڕان بە دوای جێگەیەکی باش بۆ ئەوەی کە خێوەتەکەمی لێهەڵبدەم و بە راستی بەتاسەوە بووم لە بنی بخەوم. دواجار جێگایەکم دۆزیەوە کە تەنیا پێنج خولەك لە هوتێلەکەوە دووربوو و لە نێو شیوێکی قووڵدا بوو، چیا و بەرد لە هەموو لایەکەوە دەوریان گرتبوو. کاتێك ئەشکەوتێکم لە پەنا خێوەتەکە دۆزییەوە چەند سەرم سوڕما، و بڕیارمدا هەڵیبکەنم و فراوانی بکەم تا لە هێرشی شەو و رۆژی فرۆکەکان پەنام لێبکا. پاشان هەر ئەوەندە کەش و هەوا گۆڕا ئیدی وایلێهات خێوەتەکەم و ئەو خەندەکەی کە لە تەنیشتییەوە هەڵمکەندبوو بووە مەکۆی کۆبوونەوەی ئەو خشۆکانەی کە لەو رووبارەی نزیکمانەوە دەهاتن. لەوێ سێ ماری گەورەم کوشت کە بەخۆشی گەڕانەوە لەناکاو سەریان دێنایە نێو خێوەتەکەمەوە. هەروەها بچووکەکانیان کە کەوتبوونە ناو خەندەکەکەوە و نەیاندەتوانی بچنە دەرەوە، ئەوانیشم لە کۆڵ خۆم کردەوە.



**پەراوێزەکان:**

1- نوسەر و رۆژنامەوانێکی ناسراوی کوردە، لە دیوانی وەزارەتی راگەیاندن لەگەڵ سەربەست بامەرنی و کۆمەڵێکی تر لە نووسەران گۆڤارێکی کوردییان دەرهێنا. زۆر هەوڵم لەگەڵیدا بۆ ئەوەی بیهێنمەوە ناو ریزی پارتی لەو کاتەدا کە بە یەکەوە لە دیوانی وەزارەتی راگەیاندن کارمان دەکرد. ئەوەبوو هەرواشی کرد و بەهەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵانەوە پەیوەست بوو و پاشان کرا بە بەڕێوەبەری ئیستگەی کوردی لە حکومەتی هەرێم. لە ساڵی 1996 بەنۆرەی دڵ کۆچی دوایی کرد.

2- رۆژنامەوان و نوسەرێکی دیاری کوردە. هەر لە شەستەکانەوە بە نوسینی ستونێکی رۆژنامەوانی لە تەئاخی بە ناونیشانی ((حلاجيات) ناوبانگی دەرکرد کە لە بەغدا لە بەندیخانەوە دەینوسی و تێیدا ئازار و ئاواتەکانی گەلی کوردی بەشێوەیەکی رەمزی و ویژدانی دەخستەڕوو. کاتێك ئازادکرا لەسەر وتارە بەنرخەکانی بە ئیمزای ((ئەبو پرشنگ)) لە لاپەڕەی دوایی تەئاخیدا بەردەوام بوو کە جێگری سەرنووسەریش بوو. پاش نسکۆی ئازاری 1975 چووە ئێران و پاشان بە شۆڕشی گوڵانەوە پەیوەست بوو. پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بە وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن.

8

## هاوینگی گەرم

وەرزی بارانی بەهار کۆتایی هات و جموجۆڵ کەوتە نێو ئامێرەکانی سوپاوە و هێرشی یەکەم بەهۆی چەند هۆکارێکەوە لەسەر زاخۆ چڕببۆوە کە گرنگترینیان لەبەر ئەوەبوو کە زاخۆ شارێك بوو گرنگییەکی سیاسی بۆ حکوومەت هەبوو کە دەکەوتە سەر سنوری نێوان دوو دەوڵەت کە سوریا و تورکیا بوون. و لە سوریا باڵێکی تری حیزبی بەعس حوکمی وڵاتی دەکرد کە دوژمنی سەرسەختی بەعسی عیراق بوو و ترسی فەرمانڕەوایی بەغدا لەوەدا بوو کە سوریا هەڵبستێ بە یارمەتیدانی شۆڕشگێران و کەسانی نەیاری حکوومەت و لەو کەلێنەوە دزە بکەنە نێو وڵاتانی دیکەی عەرەبییەوە هەروەکو چۆن هەمان حاڵەت بۆ بەعسییەکان خۆیان هاتبووە پێشەوە کە پاش ئەوەی هەوڵیاندا عەبدولکەریم قاسم تیرۆر بکەن هەڵاتن بۆ دەرەوە. هەروەکو بەسەر شیوعییەکانیش هات کاتێك کە زۆربەی سەرکردایەتییەکەیان لە قەسابخانەکانی کودێتای بەناوبانگی 8ی شوباتی 1963 رزگاریان بوو کە بەعسییەکان لە زەمەنی عەبدولسەلام عارفدا بەرێوەیان برد. هەروەها لە عیراق باڵێکی چەپی سەر بە سوریا لە نێو حیزبی بەعسی عیراقیدا هەیە کە بەغدا لەوە دەترسا ئەندامانی ئەو باڵە لەو کەلێنەوە بۆ دەرەوە هەڵبێن. ئەمانە لە لایەك و لەلای دووهەمییەوە عیراق بە رێگایەکی تازەی نێو دەوڵەتییەوە بە تورکیاوە بەستراوەتەوە کە بە ئاسانی بواری گوازتنەوەی دەنگوباس و ئاودیو بوونی رۆژنامەوانان بۆ ناوچە رزگارکراوەکان دەڕەخسێنێ و هەر بەکردەوەش ئەوە روویدا و ئەوەبوو بەو هۆیەوە ژمارەیەك رۆژنامەوان گەیشتنە ناوچە رزگارکراوەکان و ئاژانسی دەنگوباسی تورکیا و پەیامنێرانی ئاژانسەکانی هەواڵەکانی جیهانی، ئیستگەی نهێنی جوڵانەوەی کوردییان لە رێگەی ئەم کەلێنەوە لە کاتێکدا کە لە



زاخۆ یان تەنانەت لەوان و دیاربەکر بوون، وەردەگرت. ئەمەش سەرچاوەی توڕەکردن و تەنگەتاوکردنی دەسەڵات بوو کە خووی بەوەوە گرتبوو کە کلێشە کۆن و سواوەکان بجوێتەوە گوایا جگە لە چەند رێگرێکی کەم و پەرت و بڵاو کە کاری سەرکێشی و یاخیبوون لە قانوون بەرێوەدەبەن شتێکی تر لە ئارادانییە یان وەکو رادیۆی بەغدا کە وای خۆش لێدەهات شۆڕش بە ((الجیب العمیل)) کە لە بەرزایی چیاکاندا دواین هەناسەی خۆی دەدات ناوی ببات. هەروەکو دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە: هێندێك لە مێژوونووسان گەرووی زاخۆ بەو رێگەیە دیاری دەکا کە فەیلەسوف و سەرکردەی سەربازیی گزەنفون لە کتێبەکەیدا ((گەڕانەوی دە هەزار یونانی)) پێش سێزدە سەدە گێڕاویەتیەوە کە لەوێ سوپا یۆنانییەکەی سەرسەختترین بەرهەڵستی لە لایەن کوردوخییەوە ((باپیرانی کوردانی ئێستا)) لەوانەی کە لە رێگای پاشەکشێی ئەودا مەزنترین زیانیان پێگەیاند.

دروست لەو جێگایەدا و پاش سێ رۆژ لە شەڕێکی گەرم و خوێناوی، حکومەت 250 تانك و دەیان فڕۆکەی کۆکردەوە و سازدا، ئنیجا چووە نێو زاخۆ و توانی ئەڵقەی گەمارۆی سەر ئەو دوو فەوجە بشکێنێ. لەبارەی کاروکردەوەی تاڵان و برۆ و دەست درێژی کە سوپا لە دژی هاونیشتمانیان پێی هەستا لە هەژمار و ئامار بەدەر بوو و ناگێردرێتەوە. ئەم کاروکردەوانە جگە لەوانەی کە لە هەموو کەس زیاتر داڕماوترن، کەسی تر پێی هەڵناستێ. سەربازەکانیان سڵیان لەوە نەکردەوە کە تێروپڕ لە مەترانی زاخۆ حەنا پۆلس بدەن بەڵکو لەوەش زیاتر دەستیان دایە تاڵان کردنی سامان و کەل و پەلی مەترانییەکە و هەروەها ئەو ئەسپاردانەی کە مەسیحییەکان لە کڵێساکەدا دانابوو! ئەوە هەمان ئەو سوپایە بوو کە ئەفسەرەکەی: ((عەبدولکەریم ئەلجحێشی))، بە دەستی خۆی پەنجا کەسی لە گوندی سۆریا کوشت و بریندار کرد کە یەکێکیان کەشیش حەنا یەعقوب نەجار بوو! سوپا بەم شێوەیە وەکو رزگارکەر و سەرکەوتوو چووە نێو زاخۆ! بەڵام سەرەڕای هێز و تواناشی، تا دواین رۆژی تەمەنی شۆڕش نەیتوانی لە زاخۆ ئەلاوتر یەك بستی دیکە داگیر بکا.

ئۆپەراسیونی زاخۆ وەکو یەکەمین تاقیکردنەوەی سوپا وەدیارکەوت، سوپا هێرشێکی هاوشێوەی ئەوی بۆ سەر دەشتی هەولێر بەرپاکرد و هەروەها لەسەر رێگای هاملتون پێشڕەوی کرد تا گەیشتە گەلی عەلی بەگ و لەوێ خشانی سوپا راگیرا و چیای کۆرەك لە لای رۆژهەلاتییەوە و گۆڕەز لە لای رۆژئاواییەوە وەکو هێلی ئاگر تا کاتی کۆتایی هاوین لە نێوان ئێمە و حکومەتدا مایەوە. ئەم هێلە ستراتیژییە رۆلێکی بنچینەیشی لە نەخشەدارژتنی سیاسەتی لایەنە شەڕکەرەکاندا هەبوو، ئێران هیوای بەوە بوو کە سوپا لە گەلی عەلی بەگ و هەردوو بەربەستی چیای کۆرەك و گۆڕەز لا بچێت بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا پێگەی لەبەردەم عیراقدا بەهێز ببێت. هەروەها حکوومەتی عیراقیش دەیویست لە رێگەی دەست بەسەرداگرتنییەوە، دەست بەسەر حەوزی رەواندز و ئەو رێگایەدا بگرێ کە لە گەلاڵەوە لە رێگەی قەزای مێرگەسورەوە دەچووە ناوچەی بادینان بۆ ئەوەی ئازوخە و تەقەمەنی لەو چوار هێزەی ئەوێ کە هێزەکانی زاخۆ، دهۆك، ئامێدی و ئاکرێ-شێخان بوون ببڕێ. و بەم کارەش هیچ شتێك لەبەردەمی سوپادا نەدەمایەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە لە رێگای رەواندزەوە بەرەو گەلاڵە پێشڕەوی بکا، ئەو رێگایە کە رێگایەکی قیرتاوکراو بوو و حکوومەتی عیراقی لە سالانی 1929-1932دا خۆشی کردبوو و هەر بەناوی ئەندازیار و سەرپەرشتیاری خۆش کردنی رێگاکە «هاملتون»ەوە ناسرا. ئەم کارەش کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، سوپا چەندین جار هەولێدا لە کۆرەکەوە بەرەو ناو رەواندز شۆڕبێتەوە بەلام سەرکەوتوو نەبوو. هەروەها هەولێدا پێشڕەوی بۆ گۆڕەز بکا و بەرەنجامەکەی شکست بوو و هەلۆیستی سەربازی هەرئاوا بەم جۆرە بۆ ماوەی نزیك بەدوو مانگ مایەوە و سوپای عیراقی لە هەر هەولدانێکدا نزیکەی سەد کەسی لێ دەکوژرا.

دواجار سەرکردایەتی سوپا ناچاربوو هانا بۆ پسپۆرانی روس بەرێ و ئەوە بوو چەندین جار لە رێگەی دەزگا بێتەلەکانی شۆڕشەوە دەنگی ئەو پسپۆرانە کە بە روسی بانگی یەکتریان دەکرد تۆمار کرا. ئەوە بوو سوپا لەو رێگایەوە کە بەرەو هاوینەهەواری بێخاڵ دەچێ پێشڕەوی کرد. ئەوان لەوێوە رێگایەکی نوێیان بەهۆی



بلدۆزەری سەربازی لێدا تا دەگاتە رەواندز. شایانی تێبینی کردنە ئەم ناوچانە واتە بەربەستی گەلی عەلی بەگ هەر لە رۆژانی یەکەمی شۆڕشەوە تا دەگاتە سالی 1964 هەر بە دەستی شۆرشگێڕانەوە بوو، واتە لەو سەردەمە کە عەبدولرەحمان عارف، لە زەمەنی عەبدولسەلام عارفدا سەرۆك ئەرکانی سوپا بوو، سوپای عیراقی سەرەڕای کەمی شۆرشگێڕان و کەمیی و کۆنی چەکەکانیان، نەیتوانی داگیری بکا، ئەوە بوو دواجار پەنایان بردە بەر فێل و بەرتیل دان و پەیوەندییان بە عومەر ئاغا سورچی و مستەفای برایەوە کردو و ناچەکە لە بەرامبەر چەند هەزار دینارێکدا فرۆشرا و تەسلیم کرا. ئەوان لەو رۆژەدا سەرکردایەتی چەند پەلێکی شۆڕشیان لە ناوچەکەدا دەکرد. رۆژان هاتن و چوون و چەندین رێککەوتننامە لە نێوان شۆڕشگێڕان و حکومەتدا کران و هەلوەشانەوە تاکو حاڵ گەیشتە سالی 1966 و گەرمترین و خوێناوی ترین شەڕ لە حەوزی رەواندزدا کە بەشەڕی هەندرێن، و هەر بەناوی چیای هەندرێنەوە ناسرا، روویدا لەو شەڕەدا یەك فەوجی تەواو لە سوپای عیراقی بە تەواوی کەرەسە و تەقەمەنی خۆیەوە بە دیل گیراو لە ئاکامی ئەمەدا عەبدولرەحمان عارف کە ئەو رۆژە سەرۆك کۆمار بوو هەستا بە مۆرکردنی رێککەوتن نامەی 29ی حوزەیران و پاشان هەستا بە سەردانی بارزانی. ناوچەی گەلی عەلی بەگ هەمیشە وەکو بەربەستێك لەبەردەمی سوپادا و هەروەها مۆتەکەیەکی ترسناك لەبەردەم ئەفسەران و (هەیئەتی ئەرکانی) سوپادا وابوو. ئەمە زێدەڕەوییەکی تێدا نییە، ئەم شیوە قوولە سەدان و سەدان سەربازی لە باشترین سەربازانی سوپا بەدوا یەکتریدا هەلدەلوشی و دوارۆژی ئەفسەرانێکی زۆری لە ئەفسەرانی ئەرکان بەتێکشکانی یەك بە دوای یەکدا مۆردەکرد و نەخشەکانیان بۆ داگیرکردنی ئەم بەربەستە لە گرتن نەهاتووە سروشتییە، شکستی دەهێنا، هەروەها بۆ شۆرشگێڕانیش هەروا حەستەم و سەخت بوو و چەندین جار تووشی هیوا بڕان بوون لە بەرامبەر ئەو هەموو هێرشە چڕانەدا کە کردیانە سەر سەنگەرەکانی سوپا لە لوتکەکانی گۆڕەز و کۆرەك و چەندین کوژراو برینداریان لێبەجێهێشت.

ئەم سەنگەرانە لە نێو بەرد هەڵکەنرابوون و پاشان بە کۆنکریت قایمەکارییان تێدا کرابوو و هەر سەنگەرێك بەرێگەی تونێلێکی ژێر زەوییەوە بەوی ترەوە بەسترابۆوە و چوار دەوریشیان بە کێڵگەی مین وەکو تۆڕێك لە نێوانیاندا دانرابوو و هەر سەنگەرێك لەم سەنگەرانە جێگای سریەیەك یان زیاتری تێدا دەبۆوە.

لەماوەی ساڵی 1974دا چەندین جار سەردانی هەردوو شەڕگەی کۆرەك و گۆرەزم کرد و بە رۆژی رووناك بەشداریم لە ئۆپەراسیونی هێرشەکان بۆ سەر ئەم سەنگەرانە کرد و چەندین رۆژنامەوانی بیانیم لەگەڵ خۆمدا بردن بۆ ئەوێ. بەڵام نزیکترین خاڵ کە هەموو جارێك پێی دەگەیشتین لە یەك کیلومەتر زیاتر لەو سەنگەرانەوە دووتر نەبوو چونکە نزیك بوونەوەی زیاتر لەمە مانای خۆکوژی بوو بەهۆی مینەکانەوە. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش چەندین جار پێشمەرگە توانییان بە رێگەی ئۆپەراسیۆنی خۆکوژییانە کە هەر جارێك حەوت تا هەشت پێشمەرگە دەبوونە قوربانی، دەست بەسەر چەندین سەنگەر لەم سەنگەرانەدا بگرن. بەڵام سەلامەت ترین رێگا بۆ ئەم جۆرە هێرشانە کۆکردنەوەی ژمارەیەك ماڵات و بەرێ کردنیان بە پێش پێشمەرگەدا بەناو ئەو کێڵگەی مینانەدا و تەقینەوەیان و پاش ئەویش دەستکردن بە هێرش کردن بوو. هەروەها رێگەیەکی تر هەبوو کە ئەویش ئەوە بوو شەڕوانی کورد پارچەیەك قوماشی بەدەوری کەمەر و کەلەکەی خۆیەوە وەردەپێچا کە هێندێکجار دەگەیشتە دە مەتر، ئینجا ئەو قوماشەی دەکردەوە و قورساییەکی بەسەری یەکێك لە جەمسەرەکانییەوە دەبەستەوە ئینجا چۆن ماسیگر قولاپەکەی فرێدەدا ئاوا سەرێکیانی دەگرت و سەرەکەی تری فرێدەدایە پێش خۆی و پاشان بەلای چەپ و راستیدا دەیهێنا و دەیبرد تاکو بە تەلێکی مینەوە دەئاڵقا و دەیتەقاندەوە و لەو کاتەدا خۆی لە نێوان چاڵێك یان بن بەردێکدا دەشاردەوە. ئەم جۆرە ئۆپەراسیونانە لەو پەڕی سەختی و ترسناکیدا بوون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە سەرکەوتوو بوون لەوەی کە توانییان زۆر لە سەربازەکانی نێو ئەم سەنگەرانە قەڵاچۆ بکەن بەتایبەتی لەسەر لوتکەکانی گۆڕەز کە لە شەوێکی مانگی ئەیلولی 1974 سێ لەو سەنگەرانە لە کۆی حەوت



سەنگەر کە قایمکارییان بۆ کرابوو دەستیان بەسەرداگیراو هەرچی لەوێدا بوو کوژراو و ئەوانی تری بەهۆی تەقینەوەکانەوە لە بەرزایی چیاکەوە کەوتنە خوارەوە و وەکو لاشەیەکی بێ گیان دەکەوتنە نێو ئەو شیوە قووڵەی خوارەوە یان دەکەوتنە سەر ئەو تاشەبەردانەی کە رووباری گەلی عەلی بەگ وەدەری خستبوون. بەڵام لیوای خەلیفان و تەشکیلاتەکانی کە لە سپلیك دامەزرابوون ئەوا بە تەواوی گەمارۆ درابوون و نەیاندەتوانی جگە لە گەڕانەوە بەرەو دەشتی هەریر و لەوێوە بەرەو هەولێر، بۆ هیچ لایەك جووڵە بکەن چونکە لە پێشەوەڕا هێزەکانی هێزی باڵەك بەرەنگاریان دەبوونەوە و لە لای رۆژهەڵاتیەوە لقی سێی هەمان هێز و لقی یەکی هێزی زۆزك لە بەردەمیان بوون و لە لای رۆژئاوایەوە بەتالیونی دووی زۆزك رووبەڕوویان بوون و هەروەها هێزی بەرگری میللی سۆران و بارزان هاوپشتییان بوون، سوپا لەم ناوچەیەدا تا سەرەتای مانگی ئایار لە حاڵەتی سستییەکی تەواودا بوو. رۆژێکیان یاوەریی کۆمەڵە رۆژنامەوانێکی فرەڕەگەزم بەرەو ناوچەی بەتالیونی دووی زۆزك دەکرد، و پێش ئەوەی بە یەك رۆژ ئێمە بگەینە ئەوێ پاش سەفەرێکی شەکەتکەر کە لە گەلاڵەوە بەپێ چوار رۆژی خایاند، کۆمەڵێك لەو سورچییانەی کە پێگەکانی پێشەوەیان داگیرکردبوو پەیوەندییان بەسوپاوە کرد و لە بەرامبەر برە پارەیەکی گەورەدا سەنگەرەکانی خۆیان تەسلیم کرد. ئێمە کاتژمێر نزیك بە یەکی شەو بوو گەیشتینە بارەگای بەتالیون. ئێمە هەشت کەس بووین، من و ئیمانویل و داڤید بیکر و دوغان قلیچ کە کوردی تورکیا بوو لە پاریس دەژیا و کاری بۆ ئاژانسی فلیمی سینەما و تەلەفزیون دەکرد، هەروەها چوار پێشمەرگەش وەکو پاسەوان لەگەڵماندا بوون. بارەگاکە بنکەیەکی پێشووی پۆلیس و لە گوندێك بوو پێی دەگوترا خەلان و دەکەوتە رۆژئاوای خەلیفانەوە. بارەگاکە کەسی تێدانەبوو. چونکە خاینان پاش رۆیشتنیان بارەگاکانیان بۆ سوپا ئاشکرا کرد بوو. هەر بەشەو ئەوێمان بەجێهێشت و لە سەرمان ئێمە هەڵدەلەرزین و ئەوەندەشمان برسی بوو هەناومان خەریك بوو خۆی دەخواردەوە. لە ترسی فڕۆکەکان بۆ خۆشاردنەوە پەنامان بردە

بەر درەخت و بەردەکان و لەو دەمەدا کە کازیوەی بەرەبەیان خەریك بوو وەدەردەکەوت، لە ڕێگا تووشی گۆڕستانێك هاتین درەختی بەڕوو بە چڕی سێبەریان بەسەرداکردبوو، بەوانەم گوت کە لەگەڵماندا بوون ئێرە چاکترین شوێنە بۆ خۆپاراستن و پاش ئەوە پەیوەندی بە بەرپرسانی بەتالیونەوە دەکەین.

بەسکی بەتاڵەوە خۆمان بەسەر زەویدادا، ئێمە دواین ژەمی کە خواردبوومان لە مێرگەسور بوو کە بریتی بوو لە ماست و نان و چا. چاومان چووە خەو و پاشان لە گیزەگیزی دەنگی فرۆکەکان خەبەرمان بۆوە کە بەسەر شیوەکەدا دادەهاتنەوە خوارەوە تا باری خۆیان لە بۆمباو رەساس بەسەر گوندەکەدا و بەسەر هەرچی گیانلەبەر هەیە بەتاڵ بکەنەوە. پاش چەند کاتژمێرێك مولازم خەسرەو هاتە لامان کە یەکێك بوو لەو ئەفسەرانەی سوپای عیراقی کە هاتبووە نێو شۆڕشەوە و لە ژێر فەرماندەیی نەقیب یونسدا کاری دەکرد، ئەو بەخێرهاتنی کردین و منیش بە زاراوەیەك کە گلەیی کردن و بەخۆدا راپەرموونی تێدا بێ هەر بەو سیفەتەی کە لە کەسانی بارەگای گشتی شۆڕشم پێم گوت: ((چیتانە؟ ئایا پێشتر لەبارەی هاتنی ئەو بیانییانەوە بۆ ناوچەی ئێوە ئاگادار نەکراونەوە...)).

وەڵامیدایەوە: ((بەڵێ بەڵام لەدوێنێوە هەڵوێستەکە گۆڕاوە و بارەگاکانمان لە شوێنی پێشوویان گوازراونەوە)) ئەو کاتە لە سەختی ژیان و مەزنیی ئەو قوربانییانە تێگەیشتم کە ئەو جەنگاوەرانە دەیدەن.

بۆ ناو شیوێکی بچوك شۆڕبووینە خوارەوە و یەکێك لە پێشمەرگەکان دەستی کرد بە ئامادەکردنی چا. نیو کاتژمێری نەبرد خواردن کە لە نانی وشك و چا پێکهاتبوو، ئامادە بوو. بەڵام نانێك کە تەنیا رووی سەرەوەی لە نان دەچوو چونکە ناوەکەی هێشتا هەویرێکی تەواو بوو. سەرەڕای ئەوەش بە چاو برسییانەوە دەستمان کرد بە نان خواردن، مولازم خەسرەو پێی گوتم: ((باوەڕ دەکەی یان نا بەڵام ئێمە لە دوێنی بەیانییەوە شتێکمان نەخواردووە. بەڵام خۆمان راگرتووە و بەردەوامین لە بەرگری ئەگینا دوژمن لەناومان دەبا. مردنیش لە برسان خۆشترە لەوەی کە بەدەستی دوژمن بمری!)).



ئەو رۆژە خەریکی وێنەگرتنی شەڕگە و فرۆکە بۆردومانکەرەکان و ژیانی پێشمەرگە بووین. ئێواریێ لە دەمێکدا کە لە ژێر درەختەکان راوەستابووین نامەیەکم لە بارەگای گشتییەوە بۆ هات کە فەرمانم پێدەکا لەگەڵ تیمە تەلەفزیونییەکەدا بگەڕێمەوە. واپێدەچوو راستیی هەڵوێستەکە بەدرەنگەوە گەیشتبووە بارەگای گشتی. لە نامەکە کە بە خەتی ڕێزدار دارا تۆفیق کە ئەمینداری گشتی راگەیاندن بوو لە شۆڕشدا، وردبوومەوە و لە دڵی خۆمدا گوتم ئەم پیاوە شتێك لەبارەی سەختییەکانی ڕێگا و هەقیقەتی وەزعەکە نازانێ. ئەو لەبارەی زەحمەت و سەختییەکانی کاری گەڕانەوە و پەیداکردن و بەکرێ گرتنی وڵاخ شتێك نازانێ! من چۆن دەتوانم لەو کاتە درەنگ وەختەدا ئەو فەرمانە جێبەجێ بکەم بەتایبەتی کە ئێستا هەموو گوندەکانی ئەو دەوروبەرە چۆڵ کراون و نزیك ترین گوند کە هێستری لێ بەدەستکەوێ ماوەی چوارکاتژمێر ڕێ بەپێ دوورە کە ئەو گوندەش گوندی ڕێزان بوو کە بەرێز لوقمان کوڕی بارزانی لێ دادەنیشێ. بڕیارمدا داواکارییەکە پشت گوێ بخەم و بۆ رۆژی داهاتوو بمێنمەوە. ئامێری بێتەلم لە مولازم خەسرەو وەرگرت و پەیوەندیم بە نەقیب یونسەوە کرد. و بانگم کرد: ((هەلۆ. هەلۆ. گوێت لێمە شەماڵ من یونانم سبەی بەیانی خۆم و ئەوانیش کە لەگەڵمدان دەڕۆین)) وەڵامیدامەوە کە: ((بەزووترین کات ناوچەکە بەجێ بێڵن هەڵوێستەکە مەترسیدارە)) نەقیب یونس لەو کاتەدا گەشتی چاودێری کردنی پێگەکانی سوپای لەو ناوچەیەدا دەکرد. هێشتا ئامێرەکەم دانەخستبۆوە کە گوللە تۆپ بەسەر سەرماندا هاتن و لە دووری پەنجا مەتر دوور لێمانەوە، کەوتن. دەسبەجێ پەنامان بردە بەر بەردەکان و ئاماژەم بۆ رۆژنامەوانەکان کرد کە بەناو کێڵگەکاندا بڵاوببنەوە. بازمدایە پشتی کۆمەڵە بەردێکەوە کە جوتیارەکان لە کێڵگەکاندا کۆی دەکەنەوە. قلیچی تورکی لە نزیك منەوە بوو. و واپێدەچوو کە (رصد)ی سوپا لەسەر سەنگەرەکەی خۆیانەوە چاودێریی ئێمەی دەکرد و چوار گۆشەیەکی خەیاڵیی لەسەر ئەو ناوچەیە کێشابوو کە ئێمە تێیدا بووین و ئینجا دەستی کرد بە دابیژانی ئەو چوارگۆشە و دەیویست زۆرترین

ژمارەیەك كە لە توانادا بێ خەڵك بكوژێ. بەڵام من لە جێگەی خۆم مامەوە و جووڵەم نەدەكرد چونكە دەمزانی تۆپەكە گوللە تۆپەكانی خۆی دووجار لە یەك جێگەدا نادا. ئەوانی تر هەریەكە و بەرەو جێگایەكی نادیار هەڵاتبوون. هاشەی تۆپەكان كە بۆمان دەهات هەر لە قاسیدی مەرگ دەچوو و كاتێك ئەو دەنگە دەكەوتە بەرگوێم ماسولكەكانم گرژدەبوون و دەهاتنەوە یەك و من خۆم دێنایەوە یەك و لەشم خڕدەكردەوە سەریەك و دواین ساتەكانی ژیانی خۆم دەژمارد. كاتێك دەنگی تەقینەوەی گوللە تۆپەكەم دەكەوتە بەرگوێ دەمارەكانم خاو دەبوونەوە و هەناسەیەكی نوێم هەڵدەكێشا بەڵام هەرجار بەرد و خاك و خۆڵ بەسەر سەروقژمدا پەرت و بڵاودەبۆوە و ئینجا خۆم بۆ گوللە تۆپێكی تر ئامادە دەكرد بەمجۆرە تا تاریكیمان لێداهات دوو كاتژمێرمان بەسەر برد و دوای ئەوە بەڕیز گوللە تۆپ و دەستڕێژی چەكی سوك دەستی پێكرد. من هەر لەو جێگایەی خۆمەوە سەیری پێشەوەم دەكرد و هەردەتگوت لە هۆڵێكی سینەما دانیشتووم. من بریسكەی ئەو گوللە سوورانەم دەدی كە وەكو تیرە ئەستێرە بەسەر سەرمدا دەهاتن و پاشان نەدیو دەبوون. لەو تاریكاییەدا كەوتمە پەلكوتان تاكو بەدوای هاوڕێكانمدا بگەڕێم، بەڵام لە نزیكی خۆمەوە كەسم نەدی. پاشان بە دەنگێكی گەورە و قەبەوە كەوتمە بانگ كردنیان. یەكەم كەس كە توشی هاتم ئیمانویلی فەرەنسی و قلیچی توركی و ئەو سێ پێشمەرگەیە بوو كە پاسەوان بوون و ئەوان بە ئاراستەی گوندی چاڤركا ڕێگایان گرتبوو. ئێمە بە دەست لە ملان و ماچكردنەوە ئامێزمان بە یەكتریدا كرد و ئینجا پرسیاری دیڤید بیكری ئینگلیزم كرد. بەڵام ئەوان پێیان ڕاگەیاندنم كە هەر لە سەرەتای دەستپێكردنی تۆپبارانەوە لە یەكتری دابڕاوین و چاومان پێنەكەوتووە. سەرسامی دایگرتم و كەوتمە نیگەرانییەكی قووڵەوە. دواجار بڕیارمدا بچمە گوندی چاڤركا و لەوێ جانتا و كۆڵەكانمان دابنێین و چاوەڕێ بین تا شەو تێدەپەڕێ و بەیانی بگەڕێینەوە و بەدوای دیڤیددا بگەڕێین. دوای نیوە شەو گەیشتینە چاڤركا و دووبارە بە هۆی شەكەتی دەروونی و بەدەنییەوە خۆمان بەزەویدادا و من



ئەو پەستەكە لبادییەی كە لەبەرم دەكرد دامناو خڕم كردەوە و لەبن سەری خۆم داناو بەدەم ململانێ لەگەڵ برسێتی و دڵ تێكچوونەوە، كەوتمە نێو خەوێكی قووڵەوە.

بۆ بەیانی دیڤید و هاوڕێ پێشمەرگەكەی هاتنە چاڤركا. ئەو ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕابوو و شوێنەواری نەخۆشی لێبەدیاری دابوو. ئەو چیرۆكی خۆی لە كاتی تۆپبارانەكەدا ئاوا بۆ گێڕامەوە:

- لەگەڵ هەر تەقینەوەیەكدا لە جێگای خۆم دووردەكەوتمەوە تا لە مەدای تۆپی سوپا دووركەوتمەوە پاشان چوومە نێو ئەشكەوتێكەوە تەماشام كرد ژمارەیەك خێزانی گوندەكان لەوێ بوون كە بە هۆی بۆردومانی فڕۆكەكانەوە هەڵاتبوونە ئەوێ. ئەوان خواردنیان دامێ و هەروەها مارێكیشیان كوشت كە خەریك بوو پێوەی دەدام بەڵام بەراستی پێوەدانی مارەكەم لە چزووی مێشوولەكانی ئەشكەوتەكە لە لاخۆشتر بوو!



کەپرەکانی کۆنگرەی هەشتی پارتی–تەمووزی 1970

وێنەگرتنی جان پییرڤینو





بارزانی لە ناوەڕاستی میر کامەران بەدرخان بەگ و دکتور مەحموود عوسمان و لە

دواوە دارا توفیق دیارە– تەمووزی 1970

وێنەگرتنی جان پییرڤینو



یەکێك لە وێنە دەگمەنەکانی بارزانی ساڵی 1970

وێنەگرتنی جان پییرڤینو





لەبەردەم کەپرەکانی کۆنگرەی هەشتی پارتی. بارزانی لەگەڵ ئیدریسدا دەدوێ

و لە دواوە فرەنسۆ هەریری و محەمەد عەزیز دیارن– تەمووزی 1972

وێنەگرتنی جان پییر ڤینو



کۆمەڵێک لە رۆژنامەوانان لەکاتی سەردان بۆ بەرەکانی شەڕ



کۆچی بە کۆمەڵ بەرەو ئێران–ئازاری 1975

وێنەگرتنی کریس کوچیرا



زنجیره چیای سەکری سەکران و بەفری زستان

وێنەگرتنی دانەر





چایخانەیەک لە ناحیەی بلە

وێنەگرتنی کریس کوچێرا

واگومان دەکەم ئەوە پێوەدانی ئەسپێ بووبێ نەك هی مێشوولە چونکە زستان و سەرما وەرزی مێشوولە نییە! ویستم ورەی بەبەردابکەم بەگاڵتەوە پێمگوت:

- دەتویست لە تۆپەکان رزگارت بێ بەڵام بەسەرماردا کەوتی! تۆ دەبێ سوپاسی خوا بکەی کە لە دوو مەترسی رزگاری کردی.

وەڵامیدامەوە:

- ئەگەر سایەی خوا و کەمێك زیرەکی خۆم نەبوایە شەوی رابردو تێداچوو بووم.

پاش ئەوە چاڤرکامان بەجێهێشت و چووینە رێزان و بووین بە میوانی شێخ بابۆ برای مەلا مستەفا. شێخ ئەیوب کوڕی شێخ بابۆ هەستا بە خزمەت کردن و دابینکردنی پێداویستی حەسانەوەمان.

ڕۆژی دواتر تووشی ئەو کێشە کلاسیکییە نەبوومەوە کە بۆ گەڕان بەدوای هێستردا تووشی دەهاتم. لەوێ بە ئاسانی مەرامی خۆم وەدەست هێنا. ئێواری گەیشتینە گوندی بێدارون کە لە نێو شیوێکی قووڵدابوو پێی دەگوترا ((گەلی سوور)) بۆ بەیانی هەموو غەمی من ئەوەبوو کە هێستری تر پەیدا بکەم. پاش گوت و بێژێکی درێژ توانیم دوو هێستر پەیدا بکەم. جانتاکانی کامێراکانمان لەسەر پشتی یەکێکیان بارکرد و ئەوی دیکەشمان بۆ سوار بوون تەرخان کرد.

ئێواری گەیشتینە گوندێك بەناوی گۆڕەتوو، پاشان گەیشتینە مێرگەسوور و لەوێ گەیشتینە ئوتومبیلێکی لۆری کە بەرەو گەلاڵە دەچوو. لە پشتی لۆرییەکە سواربووین و لە ترسی بۆردومانی ئاسمانی و تۆپخانەی سەنگەرەکانی کۆڕەك و گۆڕەز چاوەڕێ بووین تا شەو تاریکایی خۆی دادەداتەوە. لۆرییەکە بەبێ لایت بەو پێچە توندانەدا بەخێرایی کەوتە رێ. هەر جارێك لۆریەکە بەلای راست یان چەپدا دەسوڕا یاخود بەهۆی لە کارکەوتنەوە رادەوەستا ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵماندا بوون هاواریان دەکرد یائەڵڵا یا پێغەمبەر. دواجار پاش هەشت ڕۆژ لە گیانبازییەکی ترسناك نیوە شەو بوو گەیشتنیە هوتیل دەربەند. بەڵام شادمان بووم بەوەی کە ڕۆژنامەوانەکان ئەنجامیاندا و مایەی رەزامەندی تەواوم بوو. سەروبەندی ئەو سەفەرە پڕ لە مەترسییەی ئێمە دەمی دەست پێکردنی شەڕی



کۆڕەك — رەواندز بوو. چەند رۆژێکی کەمی پێچوو سوپا توانی ئابلوقەکە بشکێنێ و لە کۆڕەك بێتە خوارەوە و رەواندز داگیر بکا و تادواین رۆژی تەمەنی شۆڕش لەوێدا بمێنێتەوە. سوپا خەونی بەوەوە دەبینی کە دەست بەسەر هەندرێن و زۆزك و سەری حەسەن بەگدا بگرێ بۆ ئەوەی بنکەکانی رۆکێتی زەوی-زەوی لەسەر دابمەزرێنێ و ئەو کاتە ئاسان ترین کار ئەوە دەبێ کە لەوێوە بۆردومانی ناوچەی سەرکردایەتی شۆڕش بکا، بەڵام ئەم خەونە نەهاتە دی یان بابڵێین بەجۆرێکی پاژەکی هاتەدی ئەویش لەو کاتەدا بوو کە سوپا توانی لوتکەی سەرتیز بە ئۆپەراسیونێکی هاوشێوەی ئەو ئۆپەراسیۆنە کە لە کۆڕەك پیادەی کرد، داگیر بکا و لە پای ئەوەشدا ئەوەندەی کوژراو و برینداردا کە نەخۆشخانە مەدەنی و سەربازییەکانی شارەکان و پایتەخت، هەروەکو کە لە پاشاندا زانیاریمان پێگەیشت، وەکو یەك پڕبوو بوون.

سەرکردایەتی جوڵانەوەی کوردی بڕیاری بەخۆی دابوو کە حەوزی رەواندز بکاتە گۆرستانی سوپای عیراقی لە رێگای هێرشێکی راماڵەر لە پشتەوەی سوپاوە واتە لە ناوچەی دەروازەی گەلی بەگ و داخستنی دەروازەکە و ئینجا هێرشکردنی بۆ سەر ئەو سوپایە کە لە نێو حەوزەکەدایە بۆ ئەوەی بە یەکجار بەلای کەمەوە فەوجێك یان لیوایەکە ئەسیر بکا. بەڵام پیلانە گەورەکە لە دوو ڕۆژ زیاتر مۆڵەتی نەدا و خۆ ئامادەکردن بۆ ئۆپەراسیونێکی ئاوا لەو ماوە کورتەدا دەرەتانی نەبوو.

******************************

پاش بەیاننامەی یازدەی ئازار کۆمەڵێ ئیبراهیم ئەحمەد گەڕانەوە نێو باوەشی شۆڕش و حیزب و لە نێوان دەربەند و چۆماندا لە لای دەستی راستی رووبارەکە هێندێك خێوەتگایان بۆ خۆیان هەڵدا بوو. ئەم کۆمەڵەیە گرنگترین کەسانی کە بریتی بوون لە ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر دەبابە و عەلی عەسکەری و کەسانی تر لەوێ بوون، بەڵام جەلال تاڵەبانی ئەو کاتە لە دیمەشق یان لوبنان بوو.

هنێدێك لە ڕۆژنامەوانان بە پێداگرییەوە داوایان لێکردم کە چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد دا بۆ ڕێکبخەم. سەرکردایەتی بەربەستێکی لەم کارەدا نەدی و ڕێگای پێدا.

ئێوارەیەکیان بردمنە بارەگاکانی ئەوان و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد پێشوازیی لێکردین و چاوپێکەوتنێکی درێژ بەڕێوەچوو. دێتەوە بیرم یەکێك لە پرسیارەکانی کە لێیکرا بەم جۆرە بوو:

- ئەو لایەنگیریی کردنەی ئێوە بۆ حکوومەت و سازدانی هێزەکانتان بۆ بەربەرەکانی شۆڕش شان بە شانی هێزە نیزامییەکان چۆن دەبینن ئایا ئەمە جۆرێك لە خیانەت نییە؟

مامۆستا ڕێك بۆوە و بێ ڕارایی وەڵامیدایەوە و هەر لەو کاتەشدا سەیری عەدەسەی کامیراکەی کرد:

- بەڵێ. بەخیانەتێکی لە لێخۆشبوون نەهاتووی دادەنێم بەرامبەر بە گەلەکەم!

لەو کاتەدا بینیم فرمێسکێك لە چاوەکانی هاتە خوارەوە و دەستی بۆ گیرفانی برد تا دەسەسڕێك دەربێنێ و فرمێسکەکەی پێ بسڕێتەوە. مچورکێکی سارد هەر لە سەری سەرەوەم تا دەگاتە خوارەوەم لە بەرامبەر ئەو ڕاشکاوییەی مامۆستا ئیبراهیم و هەروەها هەوڵنەدانی بۆ پێچ و دەوران کردن لە وەڵامی پرسیارەکە، تووشی سەرسامی هاتم. هەروەها ئەوەی کە زیاتر جێی سەرسامیم بوو لەو ئێوارەوە ڕوانینی ڕوون و هەڵوێستی ڕاشکاوانەی بوو، چونکە پرسیارەکە پرسیارێکی تەنگاوکەر بوو بەتایبەتیش پاش ئەوە کە ئەو و کۆمەڵەکەی چەند ساڵێك لەگەڵ حکومەتدا بوون و لەو دەمەشدا شۆڕش بە سەرکردایەتی بارزانی لە کوردستان لە تین و تاودا بوو و گەلەکەی لە پێناوی مانەوەدا شەڕی دەکرد. لە دڵی خۆمدا گوتم: ((لە کوردستان موجیزات ڕوودەدەن! دان نان بە هەڵە نیوەی فەزیلەتە)).

هەڵوێستێکی تەنگاوکەر و کاریگەر بوو. پێشبینی ئەوەم نەدەکرد و هەرگیز نەمدەویست ئەوە ببێ بەڵام ڕۆژنامەوانەکە بە توندی پێداگری لەسەر ئەم هەڵوێستە و ئەم پرسیارەی خۆی کرد.

9

# دەوڵەتێکی بێ ئاڵا

ڕۆژان بە ڕووداوی نوێوە دەهاتنە سەرشانمان و تێدەپەڕین و مەکتەبی سیاسیش سەرقاڵی کێشەی گەورەی وەرگرتن و دامەزراندنی خەڵك بوو. لە سەرەتادا لیژنەیەکی تایبەتی پزیشکی بۆ پشکنینی خۆبەخشانی نوێ پێکهات کە چەند فرسەخ ڕێگاکان بەپێ بڕیبوو کە هێندێك جار نزیکەی دە ڕۆژی لە ژێر باران و بەفردا خایاند بوو. ئەفسونی گەلاڵە و جولانەوەی بازرگانی و زۆر و زەوەندی کەرەسەی پێویست کە لە ڕێگای سنوور لە ئێرانەوە دەهات، ئەوانی ڕاکێشابوو. و هەستکردن بۆ جاری یەکەم بەوەی کە ئەوان جێگا پێیەکیان هەیە کە ئارام و دڵنیایە و لە ناوچەیەکدایە کە دەستی بەعس و دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەت دەستیان پێڕاناگا. وایلهاتبوو کە سەردانی گەلاڵە ببووە خەونی هەر پێشمەرگەیەك و بگرە هەر کوردێك و هەروەکو بڵێی ئەوێ زیارەتی شوێنە پیرۆزەکانە! لەوێ سەدان خەڵکت دەبینی کە لە گۆڕەپانی ناوپردان کۆبوونەتەوە و چاوەڕێ بوون کە پشکنینیان بۆ بکرێ و پارچە چەکێك وەربگرن و بچنە ناو یەکێك لە هێزەکان یان بە تالیونەکان. بەڵام کێشەی گەورە جۆری چەکەکە[1] بوو کە دەدرایە خۆبەخشی نوێ. ئەو کاتە چەکی کلاشینکۆف چەکی هەرەپەسەند بوو. هەرچەندە ئەم چەکە لە شەڕی بەرەیی ئێمە بەهۆی ئەوەی لەگەڵ سوپادا شتێکی کردەوەیی نەبوو، بەڵام لەبەر سوکییەکەی و توانای شاردنەوەی لە کاتی پێویستدا بۆ چوونە نێو شار و شارۆکەکان، چەکێکی پەسندکراو بوو. هەروەها بەو هۆیەشەوە کە لە زۆربەی شۆڕشەکانی جیهاندا بەکارهاتبوو ئیتر ببوو بە سمبولێکی تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕ. لە دوای ئەویشەوە تفەنگی بڕنەو پەسند بوو. هەروەکو زانراوە شۆڕشی کورد تەنیا بە ڕێگەی ئەم



تفەنگی بڕنەوەوە گەیشتە ترۆپکی خۆی[1]. و وایلێهات بوو بە سیمبول و جێگەی شانازی و هەروەها بووە نیشانەی شانازییەکی گەورە بۆ ئەو چەند کەسەکە مانەی کە تفەنگێکی ئاوای لە فەرماندەی بەتالیون یان فەرماندەی هێز وەردەگرت. جا خۆ ئەگەر بهاتبایە یەکێك ئەم تفەنگەی لە بارزانی خۆی وەربگرتبایە کە پاڵەوانییەك یان کارێکی ئەوتۆی بکردایە کە شایانی چاوپێکەوتنی کەسایەتی ئەو بوایە دەیانگوت: «بارزانی تفەنگێکی بڕنەوی داوە بە فلانەکەس!» هیچ شەرەفێك نەبوو بەرامبەر بەو شەرەفە بوەستێتەوە. بەڵام تفەنگەکانی تر کەس ئارەزووی وەرگرتنی نەدەکرد چونکە کۆن بوون و هاوچەرخ نەبوون. هەرچەندە تفەنگی ئینگلیزی یان سەمینۆف کە پۆلیسی عیراق هەڵیدەگرت تاکو چەند مانگێك پێش ئەوە چەکی هەرەپەسند بوو. هەموو کەس شانازی بەو توانایەی شۆڕش لە دابینکردنی ئەم چەندایەتی و چۆنایەتییە لە چەك و چۆڵە بۆ ئارەزوومەندانی میللەت و بەم دڵاوایەشەوە دەکرد. ئەم بەربڵاویە وایلێهات گەیشتە ڕادەیەکی ئەو تۆ کە هیچ ماڵێکت نەدەبینی لە سێ تفەنگ کەمتری تێدابێ. لە کاتێکدا لە پێشان لە گوندێکدا ئەو ماڵەی کە یەك تفەنگی هەبوایە بە پەنجە ئاماژەی بۆ دەکرا. بەم جۆرە وایلێهات هەموو شتێکی شۆڕش تەنانەت نهێنییەکانی شۆڕش بوون بە میللی. هەموان هەموو شتێکیان دەزانی. جاری

---

[1]- ئەم قسەیە یەکجار لە ڕاستییەوە نزیکە. تفەنگی بڕنەو سام و ترسێکی زۆری خستبووە نێو تاکەکانی سوپای عێراقییەوە. بەو هۆیەی تفەنگێك بوو تا مەودایەکی دوور دەڕۆیشت و گوللەکانی کاریگەر و ئینجا بەدەست خاوەنی خۆشییەوە ئەنگێوە بوو، ببوە خاوەنی قورسایی خۆی و هەروەکو ناوی پێشمەرگە و سەختی چیاکانی کوردستان ترس و شکۆی خۆی بووە. دەگێڕنەوە جارێك لە سەروبەندی خۆ سازدانی ڕژێم بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی 1974 لە یەکێك لە یەکەکانی سوپای عێراقیدا (توجیە معنوی) بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی سەربازەکان پێیان دەڵێن کورد چەکیان نییە و ئاسمانیش هەر کۆنترۆڵی خۆمانە، ئێمە فرۆکە و تانك و چی و چیمان... تاد هەیە. سەربازێکی عەرەب بە ئەفسەرەکە دەڵێ: سیدی ضد برنو عدنا فت شی لو لا؟ (وەرگێڕ)

واهەبوو کەسانێکت دەدی پلەیان لە تۆ نزمتر بوو، کەچی هەواڵی تازەی ئەوتۆی بۆ دەگێڕاییەوە کە پێشتر گوێت لێ نەبوو بوو.

حکومەت ڕێگەی لەو هەزاران کەسانە کە لە شار و شارۆکەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە بەرەو ناوچەکانی شۆڕش هەڵدەهاتن، نەدەگرت. بەڵکو دەرگای بۆ خستنە سەر گازی پشت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی زیادکردنی خەڵکێکی زیاتر کە پێویستی بەدابینکردنی خواردەمەنی دەبوو و لەسەر زەوییەك کە نیوە زیاتری بۆ کشتوکاڵ و داچاندن لەباربوو، بەڵام بەهۆی شەڕی دوورودرێژەوە ببووە زەوییەکی بەیار کە لەوێدا دەبوایە ئەم هەموو حەشیمەتە زۆرەی خەڵك داڵدە بدرێن، کێشە و گیروگرفتەکانی شۆڕش زیاتر بکا.

پاش ئەوەی لیژنەکانی وەرگرتن ئەرکی خۆیان ئەنجامدا، مەکتەبی سیاسی بڕیاریدا کە دەزگایەکی بەڕێوەبردن لەناوچە ئازاد کراوەکاندا پێك بهێنێ کە رووبەری لە ماوەی ئەوپەڕی فراوان بوونی خۆیدا بەپێی خەملاندنی هەردوو مەکتەبی سیاسی و عەسکەری لە 41 هەزار کیلومەتر چوارگۆشە زیاتر نەبوو و زیاتر لە یەك میلون کەس لەوێدا دەژیان. ئەم دەزگای کارگێڕییە لە هەشت ئەمینداریێتی یان وەزارەتی بچوك کراوە پێکدەهات. چیرۆکی ئەمانەتەکان چیرۆکێکی ترە. بەڵام لەبارەی چۆنیەتی هاتنی ئەم وشەیە بۆ ناو فەرهەنگی سیاسەتی کوردی، هۆکارەکەی ئەوەبوو کە بەعس سڵی لەوە دەکردەوە کە وشەی (وەزارەت) بەکاربهێنێ کە پارتی لە میانی دان و ستاندنەکاندا پێشنیاری کرد. چونکە بەلای بەعسەوە وشەی وەزارەت مانای دەوڵەت بوو. و دەوڵەتیش مانای جیابوونەوە. ئەوەبوو پێشنیارکرا کە وشەکە هێورتر و سادەتر بکەنەوە و بیگۆڕن بۆ وشەی (ئەمانەت) بۆ ئەوەی کە دڵنیایان بکەنەوە کە ئەم دەسەڵاتە کارگێڕیە لە زۆرترین مەزندەکردندا لە مانای بەڕێوەبەرایەتی یان بەڕێوەبرایەتییەکی گشتی، مانایەکی تری نییە. ئەمەش جێبەجێ کردنی یەك لایەنەی ڕێککەوتننامەی ئازار بوو، و پاش ئەوەهات کە حکوومەت هەستا بە پێکهێنانی پێکهاتەیەکی کارتۆنی بۆ ئەوەی لە لای خۆیەوە نوێنەرایەتی گەلی کورد بکا. ئەمینداریێتییەکانی شۆڕش



بریتی بوو لە ناوخۆ، دارایی، ڕاگەیاندن، داد، کشتوکاڵ، تەندروستی، ئەشغال و پەروەردە سەرەڕای دەزگاگەلی چالاکی تر کە سەر بە مەکتەبی سیاسی بوون وەکو دەزگای پاراستن (هەواڵگری) و مەکتەبی عەسکەری و مەکتەبی ڕۆشنبیری و مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە و کۆمەڵێك سەندیکا و ڕێکخراوی پیشەیی تر.

ڕۆژای چوارشەمە ڕۆژی کۆبوونەوەی ئاسایی هەفتانەی ئەنجوومەنی ئەمانەتەکان بوو. لە مانگەکانی دوایی تەمەنی شۆڕشدا بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێ پێکهات کەناوی نرا بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئەمانەتەکان کە سەرۆکەکەی کاك سامی بوو، و هەروەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وابوو. من بۆ خۆم سکرتیری شەخسیی سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەمانەتەکان بووم تا ڕۆژانی دوایی تەمەنی شۆڕش. لێرەدا حەزدەکەم کە هێندێك ژمارە وەکو بەڵگەیەك بۆ ئاستی گەورەیی جوڵانەوەی کوردی لە ڕووی ژمارە و وزەی بەشەرییەوە کە پێیەوە پەیوەست ببوون. بخەمەڕوو: ژمارەی ئەو مامۆستا و وانەبێژانەی کە هاتبوونە ناو شۆڕشەوە گەیشتبووە 4000 کەس کە بەسەر هەموو ناوچەکاندا دابەش ببوون. هەورەها نزیکەی 100 پزیشك و 150 ئەفسەری سوپا و پۆلیس و 300 ئەندازیار و 30 مامۆستای زانکۆ کە زۆربەیان بەڵگەنامەی دکتۆرایان[2] هەبوو و نزیکەی 2000 قوتابی زانکۆ کە بەشی هەرە گەورەی زانکۆی سلێمانی بوون کە بە قوتابی و هەیئەتی وانەبێژانییەوە هاتبوونە ناوچەی شۆڕش و لە سەرەتای بەهاردا لەناوچەی قەڵادزێدا زانکۆکە کرایەوە. ئەم کارە هەڵەیەك و پەلەکردنێك بوو ئەگەر گەوجێتییەك نەبووبێ، لەوەی کە ڕژێمی بەعس وازی لێ بهێنێ لە ئەماندا بێت. ئەوە بوو چەند ڕۆژێکی نەبرد پاش دەستپێکردنەوەی خوێندن گەورەترین هێرشی ئاسمانی لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشدا کرایە سەر.

لە ڕۆژی 23ی نیسان پۆلێك فڕۆکەی عیراقی هەستان بە بۆردومان کردنی بارەگای زانکۆ[1]، ئەوەبوو 135 قوتابی تێدابوونە قوربانی. و لە ئاکامی ئەم

[1]- بۆردومانی قەڵادزێ لە بەرواری 1974/4/24دا بوو. قوربانییەکانیش تەنیا قوتابیانی زانکۆ نەبوون بەڵکو گشتی بوو بۆ سەر هەموو شارەکە. (وەرگێڕ)

کاره زانکۆ داخرا. دوو رۆژ پێش بۆردومانەکە من بە یاوەریی هێندێك رۆژنامەوان لە قەڵادزێ بووم. ئێمە لە کۆیەوە هاتبووین و بەنهێنی چووینە ناو شارەکەوە چونکە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتدابوو ئێمە زۆربەی رۆژەکەمان لەسەر چیای باواجی کە بەسەر شارەکەیدا دەیڕوانی بەسەربرد و لە سەنگەرێکی پێشمەرگەدا چاوەڕێ بووین. من لەگەڵ بەڕێز رولو و رۆژنامەوانێکی دیکە بە ناوی گوین روبێرت بووم و کاك فوئاد حسین کە نازناوی سامی بوو، یارمەتی دەدام. ئێمە جل و بەرگی (روزی رولو)مان گۆڕی و قەمسەڵە و شەرواڵێکی کوردی خاکیماندایە و قژیمان بە جەمەدانی شاردەوە. ئێمە نزیکەی دە کەس بووین. کە بە چاوی تاریکەوە چووینە ناو شار و چووینە ماڵی کاك ساڵح کە فەرماندەیەکی ئەو قۆڵە بوو. شەو لەوێ ماینەوە و لەماڵی ئەودا خۆمان شاردەوە. خێزانەکەی خواردنی بۆ ئامادە کردین. ئەو بەخێرایی و چالاکییەوە دەهات و دەچوو و هەروەکو پەپولە خۆی دەنواند و بەهۆی بینینەوەی مێردەکەیەوە دڵخۆش دەهاتە بەرچاو. ئەو نزیکەی دوو مانگ بوو واتە لە رۆژی دەرچوونی بۆ ناو شۆڕشەوە چاوی پێنەکەوتبوو. بۆ بەیانی بەرچاییان بۆ ئامادەکردین و پاشان بە نێو کۆڵانەکاندا رۆیشتین تا وایلێهات بە نێوان سەربازگەکە و شارەکەدا دەڕۆیشتین و تەنیا هێندێك درەختی هەڵچوو کە لە هەردوو بەری جۆگاکە بوون لە نێوانماندا بوون، سەربازەکان مەشقی بەیانیان دەکرد. ئەگەر بە ئێمەیان بزانییابە بێ بەرهەڵستی دەستگیرییان دەکردین. خاتوو روزی هەموو بایەخی خۆی لەسەر ئەوە ورد کردەوە کە هەوڵ بدا وێنەی سەربازەکان بگرێ. ئەوەبوو توانی وێنەکە بگرێ چونکە سەربازگەکە تەنیا بەردهاوێژێك لە ئێمەوە دوور بوو. پاشان بەسەر چیای هەیبەت سوڵتاندا سەرکەوتین و چووینە سەر جادەی گشتی رانیە کە ئەو کاتە ئازادکراوبوو و لەوێشەوە چووینە قەڵادزێ کە ئەوساتە لە قوتابیانی زانکۆ ژاوەی دەهات. لە کاتێکدا بەرەو ناوپردان بەڕێگاوە بووین گوێمان لە رادێوی شۆڕش بوو کە زانکۆی



لاو چی بەسەرهاتووە. ئەمە یەکێك لە سەفەرە شەکەتکەرەکانم بوو کە یازدە رۆژ بە پێ لە ژێر بارانی بەهاردا درێژەی کێشا و هەر رۆژە جۆرە سەختی و کوێرەوەرییەکی نوێ دەهاتە رێگام.

بەڵام لە رووی سەربازییەوە قەوارەی هێزەکان تا پلەیەکی گەورە زیادیان کردبوو. ئێمە تا زستانی 1970 واتە پێش مۆرکردنی رێککەوتنی 11ی ئازار لەگەڵ حکومەتی بەغدا 13 هێزمان هەبوو، سەرەڕای یەك بەتالیون کە بەتالیونی 6ی بێتواتە بوو. ژمارەی پێشمەرگە لە 25 هەزار کەس تێنەدەپەڕی. بەڵام هەر لەگەڵ هاتنی بەهاری 1974 ئەم ژمارەیە بوو بە دوو قاتی ئەوە بگرە لە 50 هەزار کەس زیاتری کرد و بە چەکێکی باشتریشەوە. سەرباری ئەم ژمارەیە شۆڕش 50 هەزار پێشمەرگەی یەدەگی تری هەبوو و بەناوی بەرگری میللییەوە ناودەبرا[3].

لەوانەشە ئەمە یەکێك بووبێت لە خاڵە لاوازەکانی شۆڕشی کورد چونکە زۆری ژمارە پێویستی بە پیشتیوانی مادی هەیە و سەرباری ئەوەش بووە هۆی شێوانی هاوسەنگی رێکخستنە سەربازییەکانی پێشوو کە لە بەڕێوەبردنی جەنگی پارتیزانیدا مەشقی باشتریان دیتبوو. هەروەها یەکسانی لە نێوان جەنگاوەری پێشوو و جەنگاوەری نوێدا بوارێکی بەرتەسکی وەرگرت و نارەزایەتی جەنگاوەرانی کۆنی لێکەوتەوە. ئەوان کە لە شەڕ و شۆڕدا قاڵببوونەوە و هەموو جۆرە کوێرەوەری رەنجێکی رۆژانی تاڵیان چێشتبوو. ئەم جەنگاوەرە کۆنانە وایان هەست دەکرد کە ئەو جەنگاوەرە نوێیانە هاتوون تا پێگە و جێگەی ئەوان لەق بکەن. دەبوایە سەرکردایەتی شۆڕش یەکەی سەربەخۆ لەو جەنگاوەرە نوێیانە پێك بهێنێ و کاتێك رەوانەی بەرەکانی شەڕیان بکا کە مەشقێکی تەواویان ئەنجام دابێ.

ئەمە هەڵەیەکی گەورەبوو. هێندەی پێنەچوو کە شوێنەوارەکانی لەسەر ئەو شەڕانە بەدیاریدا کە ئەم هێزانە بەرپایان کرد. ئەم تێکەڵاوکردنە بووە هۆی ئەوە کە توانای شەڕوانی هەمووان لاواز بکا. هەروەها جەنگاوەر کاتێك کە ئاوڕ لە پشت خۆی دەداتەوە و هەزاران لە رۆشنبیران دەبینێ کە خاوەنی مووچەن و لە جێگا و شوێنی سەلامەتدا لە خواردنی خۆش بەهرەمەندن حەماسەتی نابێ کە بەخشش و

کۆششی زیاتر پێشکەش بکا. بەڵام ئەگەر شان بەشانی ئەندازیارێك یان وانەبێژێك شەڕی بکردایە و لە هەمان هەلومەرجی سەختی ژیانی شەڕدا لە نەبوونی ئازوخە و خواردن و کەمی ئاو و شەونخونی شەوانی سەر لوتکەی چیاکان و ڕووبەڕوو لەگەڵ فاکتەری سەرما و گەرمای سروشتدا لەگەڵیدا بوایە مەبەستم ئەوەیە کە چینی ڕۆشنبیری کوردی ڕۆڵی پێویستی خۆی لە شەڕدا نەگێڕا لە کاتێکدا کە دەبوایە پێشڕەوی خەبات بوایە و لە شەڕی دەستەویەخەدا لە پێشەوە بووایە.

لە سەرەتای شۆڕشدا پێشمەرگە لە نێو ئەشکەوتەکاندا سەری دەکردە سەر بەرد و لەکاتی شەڕدا خۆی بە دارێکەوە دەبەستەوە تاکو لە کاتی شەڕدا تا دوا گوللە مەیدانی نەبەرد چۆڵ نەکا. ئەگەر باران دەباری یاخود بەفر دەباری خۆی دەکوتایە بن پەنای دار بەڕوویەکی کۆنی نێو یەکێك لە گۆڕستانەکان. ئەگەر خواردنێکی دەست بکەوتایە تاڕادەی سك هەڵئاوسان نانی دەخوارد چونکە نەیدەزانی چ کاتێك ژەمی دیکەی دەست دەکەوێ. و ئەگەر بەکارێك بیان ناردبایە تا شەو دەهات لە جووڵە نەدەکەوت و خۆی بە نموونەی گوێڕایەڵی و خاکەڕایی دەزانی. پێم وایە هەڵەم نەکردووە ئەگەر بڵێم ئەو هەڵەیەی کە لە نێو پەیکەری شۆڕشدا ڕوویدا لە ناوەوە بوو ئەمە سەرەڕای بەرەکانی شەڕ، بەهۆی ئەوەوە بوو کە هێندێك لە سەرکردە نوێیەکان هانی لاوانیان نەدەدا کە بە شەڕگەکانەوە پەیوەست بن لە کاتێکدا کە ئەوان ئەو پەڕی ئامادەییان بۆ ئەم کارە تێدا بوو. لە سەرەتادا چەندین جار خۆم گوێم لێبووە کە ئارەزووی خۆیان بۆ چوونە شەڕگە و بەشداربوونی کردەوەیی لە کاری گیان بەختکردندا دەردەبڕی. بەڵام لە جیاتی ئەوەی بیانخەینە شەڕەوە بۆ ئەوەی مانای پێشمەرگایەتی فێر بن وامان لێکردن کە فێری تەمەڵی و خاووخلیچی ژیانی نێو بارەگاکانی دواوە بن و مۆڵەتی دوورودرێژ لە ئێران بەسەر بەرن. جاری واهەبوو بەدەیان و بگرە بە سەدانت لەوانە دەبینی کە بە نێو ڕێگاکانی چۆمان و گەلاڵە و حاجی هۆمەران و بارەگاکانی دیکەی شۆڕشدا بەجل و بەرگی خاکییەوە و بە چەکەکانیانەوە بەنێو یەکدا دەهاتن و دەچوون و نەیاندەزانی چی بکەن و نەیاندەزانی چۆن کاتەکانی



ڕۆژانی خۆیان بەسەربەرن و زۆرجار دەبوونە بارگرانی بەسەر شۆڕشەوە. تەنانەت هێندێکیان جۆرە کاروکردەوە و هەڵسوکەوتی وای دەکرد کە لەگەڵ نەریتە عەشیرەتییەکان و هەستی جوان و بنەمای ڕەوشتدا نەدەهاتەوە یەك. ئەمانە دەرفەتێکیان بۆ نەدەرەخسا تاکو توانا و داهێنانی خۆیان دەربخەن تا لە جێگای هەر شەهیدێکی پاڵەواندا لاوێکی تری پاڵەوان جێگاکەی بگرێتەوە و لە ڕۆڵەکانی کوردستان سوپایەکی هاوچوونمان پێك نەهێنا تەنیا لە هێندێك حاڵەتی دەگمەندا نەبێ کە هێزی هەڵگوردمان ناردە چەند ناوچەیەکی جیاواز لە ناوچەکەی خۆی. ئەو بەرپرسارێتییە لەسەر شانی ئێمەیە کە سۆرانیمان نەناردە بادینان و بادینانیمان نەناردە سۆران لە کاتێکدا دەمانویست شۆڕشێك بێ بۆ بنیات نانی کۆمەڵگەیەکی نوێی ئەسپارتی. ئەمە ڕاستە کە لەو واقیعی سەرەتای شۆڕشدا واپێویست بوو کە هەر هێزێك لە ناوچەکەی خۆی پێك بێت و بەرگریی لە ناوچەکەی خۆی بکا. بەڵام ساڵانێك تێپەڕی کە کەسێك لە هەمان پێگەی خۆیدا دەمایەوە و زیانێکی گەورەی بە شۆڕش دەگەیاند چونکە هێندێکیان کەوتنە پاڵ لێدانەوە و گیانی شۆڕشگێڕییان لە دەستدا و و بوون بە کۆمەڵە ئاغایەکی نوێ کە هەموو ئیمتیازێکی ئاغا کۆنەکانیان هەبوو تەنیا لە یەك جیاوازی سادەدا جیادەکرایەوە کە ئەویش ئەوەبوو ئەو ئاغا نوێیانە لە بەرەکەتی حیزب بەهرەمەند بوون. ڕۆژێکیان بەسەر ڕووداوێکی لەمبابەتەدا کەوتم. بەرەو بادینان ڕێگام گرتبووەبەر و گەیشتمە بارزان و لەوێ بە ڕێگاوە بووم بەرەو تەکیەی شێخ ئەحمەد بچم تا شەو لەوێ بمێنمەوە. من لەو کاتەدا لەتەکیە بووم کە شێخ لەوێ لە جێگاکەی خۆی دانیشتبوو. کوڕەکەشی لە کۆمەڵێك پێشمەرگە ژاوەی دەهات. شێخ ئەو پێشمەرگانەی بانگ کردبوو چونکە ئەمانە گایەکی جوتیارێکی هەژاریان سەربڕیبوو. شێخ بە تەمبێ کردنێکی توندەوە سزای دان و پێی گوتن: «ئێوە لە پۆلیسی نوری سەعید خراپترن. شۆڕش بۆ ئەوە نییە دەست درێژی بکرێتە سەر خەڵك. بڕۆن گایەکی وەکو گایەکی خۆی بۆ بکڕنەوە!»

پێشمەرگایەتی راستەقینە ئەوەبوو کە شۆڕش دەستی پێکرد و ماوەی چەند ساڵێك درێژەی کێشا و پشتی بە رێسای لێدان و هەڵاتن و راکە و بگەڕێوە بەستبوو، بە ئەندازەی ئەوە کە ئەو سیفەتە لە شۆڕش دوورکەوتەوە. بەو ئەندازەیەش خەسڵەتی شۆڕشگێڕی لە شۆڕشی کورد دوورکەوتەوە. بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی شۆڕش چاکترین جەنگاوەرانی داچۆڕاند و گۆڕینی بۆ کەسانی کارگێڕی، ئەمە لە جیاتی گرنگیدان بە پلان کێشان بۆ کاروباری سەربازی و بەشداربوون لە شەڕ و شۆڕی راستەقینە، تا وایلێهات کەسی کارگێڕی پلەکەی لە پلەی جەنگاوەری راسەقینە بەرزتر بۆوە و بەمەش پێوەرە شۆڕشگێڕییەکان لە بەین چوون و دەست پێشکەری کەوتە نێو دەستی سوپا و جاشەکان و وایلێهات ئەگەر سوپا هێرشی بکردایەتە سەر قۆڵێك پێشمەرگە گوڕوتینیان بۆ بەرگری و پاراستنی هێڵی شەڕگە و راگرتنی پێشڕەویی کردنی لە خۆیان نیشان نەدەدا. ئەگینا بەرەی شەڕ ئاوا ئارام و بێ جووڵە نەدەمایەوە. هەروەها لەبارەی شەڕی نێو شاروباژێڕانەوە لە کەمایەتیدا و گیانی خۆبەختکردن خامۆش بۆوە و ئۆپەراسیونگەلێکی ئەوتۆ ئەنجام نەدران کە ببێتە هۆکاری ئەوە ترس و تۆقاندن لە نێو ریزەکانی دوژمندا بچێنێ هەروەکو ئەوەی ئەو شار و شارۆکانەی کە لە دەرەوەی ناوچە رزگارکراوەکان بوون پاژێك لە کوردستان نەبن. ئەمە وایکردبوو کە دوژمن گومان لە جیدی بوونی شۆڕش و حەماسەتی جەنگاوەران بکا. ئەگەر بهاتبایە کردەوەی خۆبەختکەرانە لە نێو شارەکاندا ئەنجام بدرابایە مەعنەویاتی جەماوەر لە نێو شارەکاندا بەرزدەبۆوە و لە دەوری ئاڵای شۆڕش کۆدەبوونەوە و بەشێوەیەکی فراوانتر پشتیوانیان لە شۆڕش دەکرد و ئیمان و پابەندیی بە سەرکردایەتی قووڵتر دەبۆوە. لە سەرەتادا پاکی و بێگەردی شۆڕش ئەفسونێکی سەرنج راکێشی هەبوو. گوێرایەڵی بۆ فەرمانەکانی حیزب و شۆڕش کارێك بوو دەمەتەقێی تێدانەبوو و حیزب هەر ئەرکێکی بەهەر تاکێك دەسپارد بە شەڕەفێکی مەزن دادەنرا. قانونەکانی سادە و روون بوون: هەر کەسێك یەکێکی بکوشتبایە دەکوژرایەوە، هەر کەسێك دزی بکردایە بە ئەندازەی ماڵە دزراوەکە قەرەبووی لێ دەسێنرایەوە هەروکو کە شێخ کردی. من بە چاوی



خۆم بینیم کە عیسا سوار فەرماندەی هێزی زاخۆ بۆ دەسەڵات گرتن بەسەر ناوچەکەدا و بۆ بێلایەن کردنی دوو دەوڵەتی دژ بە شۆڕشی کورد ئەنجامیدا و هەروەها چ پاڵەوانێتی زۆری ئەنجامدا کاتێك کە یەکێکیان لەگەڵ سوپای عیراقیدا هاوپەیمانی کرد بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکە لە ساڵی 1963 و سەرەڕای شکست پێهێنانی هەموو هەوڵ و پیلانەکان کە هێندێك لە ئاغا جاشەکان بۆ شێواندنی ئارامی و تەناهی ناوچەکە دەیاندا. ئەگەر رێکخستنی پۆلایین و بەڕێوەبەرایەتی بەزیپك و زاکونی ئەو نەبوایە ناوچەکە ئەو ئارامی و سەقامگیرییەی بەخۆوە نەدەدی کە ناوچەکە بە درێژایی یەك دەیە بەخۆیەوە بینی و تەنانەت بەس ناوهێنانی وی ترس و تۆقانی دەخستە نێو ریزەکانی لیوای پێنجی موسڵ و من بۆ ویژدان لە بەرامبەر ئەو پاڵەوانە پێشەنگە و زۆری تری وەکو ئەو، بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە لەم بوارەدا ئەم حیکایەتە بگێڕمەوە کە پێم وایە بەشێکی زۆری لە راستی تێدا نییە. هێندێك کەس چووبوونە لای بارزانی بۆ ئەوەی عیسا سوار لای ئەو بەدناوبکەن بەڵام بارزانی هەر بە حیکمەتی ناسراوی خۆی پێیان دەڵێ: ((ئەگەر ئێوە لە جێگای ئەو دابنێم ئێوە هەر هەمان شت دەکەن و پاشان خیانەتیش لەگەلەکەتان دەکەن...)).

زۆر سەردانم بۆ زۆربەی هێزەکان کرد و بۆ خۆشم لە نزیکەوە هەستم بە ژیانی نانەسکی و کۆڵە مەرگی ژیانی پێشمەرگەکرد کە بە دەستییەوە ئازاریان دەچێشت. شان بە شانی ئەوان چوومەتە بارەگاکانی بەتالیونەکانی پێشەوە بۆ ئەوەی چەند رۆژێك لەگەڵیاندا بژیم و هەست بەو ئازارە بکەم کە لە گواستنەوەی ئاو و ئازوخە بۆ بارەگاکانیان دەیچێژن. بارەگاکانیشیان لە زۆربەی کاتدا تەنیا بریتی بوو لە چەند حەشارگەیەك کە لەنێو زەویدا یان لە بن بەردێکدا هەڵکەنرا بوو کە لە بنیدا خۆیان دەشاردەوە و لەسەر لوتکەی بەربەرەڵای ئەو چیایانەدا رووبەڕووی باران و بەفری ساردی زستان دەبوونەوە و هەرکامیان بەشێوازی تایبەتی خۆی کاروباری خۆی تێدەپەڕاند. چەند شەوێکم لەگەڵیاندا بردەسەر کە لە ئەشکەوتەکاندا دەنوستین و لەوێدا کە پڕاوپڕ لە پاشماوەی شیاکەی بزن و

ماڵات بوو، و بەیانی کە هەڵدەستاین هەموو جلەکانمان پڕبوبوون لە کێچ و ئەسپێ و دڵۆپە خوێن کە بە هۆی پێوەدانیانەوە بە هەموو لەشماندا بڵاوببۆوە.

فاکتەرێکی تر هەیە کە لەوانەیە لە رووی ستراتیژییەوە گرنگترینیان بێت ئەویش ئەوەیە کە زۆری ژمارە بووە هۆی ئەوە کە شەڕ شێوازە کۆنەکانی خۆی لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن فڕێ بدات واتا ئەو شێوازەی کە لە زمانی سەربازیدا پێی دەڵێن جەنگی پاریتزانی کە دەستەگەلی بچووك بەڕێوەی دەبەن و بەشێوەی پەلاماردانی خافڵگیرانە ئەنجام دەدرێ. ئێستاکە کۆمەڵە شەڕگەیەکی نا بەرامبەر هەن، بەهێزترین چەك کە بە دەستی شۆڕشگێڕانەوە بوو، بریتی بوو لە بازوکا و تۆپی هاوەن بەڵام هێزەکانی حکومەت سەدان تۆپی قورس و رۆکیت و دەبابە و رزیپۆش و گالسیکەی زنجیردار و نیمچە زنجیرداری هەبوو و دەیان پۆل فرۆکەی لە تازەترین بابەت هەبوو کە هێندێکیان یەکێتی سۆڤێتی تەنانەت نەیدابوو بەخودی دەوڵەتە سوسیالیستییەکانیش نەخوازەڵا بیدا بە دەوڵەتانی عەرەبی لە جەنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها فرۆکەی توپۆلیف 22 کە دەتوانێ بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك بفڕێ بێ ئەوەی پێویستی بە وەرگرتنەوەی سوتەمەنی بێ و دەتوانێ دەیان تۆن لە بۆمبای گەورە هەڵبگرێ.

ئەم فرۆکانە فرۆکەوانانی سۆڤێتی لێیان دەخوڕین کە فرۆکەوانی هیندی لەگەڵیاندا بوون و مەشقی خۆیان لە یەکێتی سۆڤێت تەواو دەکرد. پەلامارە ئاسمانییەکان وادەردەکەوتن وەکو ئەمانە پاژێك لەو مەشق و راهێنانە بێت کە پەلامار و هێرش دەکەنە سەر گوندەکان و چیاکانی کوردستان بۆ ئەوەی مەرگ و کاولکاریی تێدا بڵاوبکەونەوە. هەزار کەس یان زیاتر چۆن دەتوانن بەرەو رووی 200 یان 250 تانکی نوێ رابوەستن کە تۆپخانەی قورس پاڵپشتی دەکرد و بە بۆردومانی چڕوپڕ ناوچەکەی شانەماڵ دەکرد و بەپاڵپشتی نیو پۆل فرۆکەی نوێ بابەت لە یەك کاتدا هێرش بکەنە سەر ناوچەیەکی دیاریکراوی وەکو گەلی زاخۆ یان ناوچەیەکی دەشتی پڕ لە کەندولەندی وەکو ناوچەی دەشتی هەلێر یان ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان کەرکوك و سلێمانی و ئایا چۆن دەکرێ پێشڕەوی



ئەو هەموو تانکە رابگیرێ لە کاتێکدا لایەنی بەرگریکار نەرۆکێتی دژەوانە و نە تۆپی دژە فرۆکەی هەبێ؟ بەپێی زانیاری من جگە لە چەکی سووك لە چەکی بەرگری جگە لە سێ یان چوار پارچە بازوکا و تۆپی هاوەن و گوللە توپێکی سنووردار بۆ هەر بەتالیونێك، زیاترمان نەبوو. **ئەو هەقیقەتەی کە تەنانەت دوژمنانیش ناتوانن نکوڵی لێبکەن ئەوەیە کە پێشمەرگە ئازایەتییەکی بێهاوتایان بۆ بەرگری لە خاکی خۆیان و نیشتمانی خۆیان بۆ ماوەی چواردە ساڵ کرد بەتایبەتی لە ساڵی کۆتاییدا کە شەڕ زۆر توندوتیژ تر و خەست تر بوو وەك لە ساڵانی پێشووتر.**

پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ لە بەهاری 1974 رژێمی بەعس زۆربەی هەرە زۆری هێزەکانی خۆی کۆکردەوە. لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا هەموو دوژمنە سیاسییەکانی خۆی چ بەشێوەی ماڵی کردن یاخود لە ریشە دەرهێنان لە کۆڵ خۆی کردەوە و بەو رێککەوتنە سەربازییەش کە لە 1972دا لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتیدا بەستی هەموو پێداویستییەکانی خۆی لە تازەترین بابەتی چەك دابین کرد. هەروەها هەر چەشنە نارەزایەتییەکی لە نێو سوپادا لەناوبرد و توانی بە تەواوی بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. لەمبارەیەوە واپێدەچێ کە رێککەوتنی ئازار نیعەتێك بووبێ و لە ئاسمانەوە بۆی باریبێ. هەر لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شەڕدا ئەم پرسیارە خۆی حەشاردابوو:

### کێ دەتوانێ زەربەیەکی لەبەین بەر لەوی تر بدات؟

لە راستیدا لە هەردوو مانگی سەرەتادا واتە لە ئازار و نیساندا و تا دەگاتە ناوەڕاستی ئایار دەست پێشکەریی بە دەستی پێشمەرگەوە بوو. ئەوسا زۆربەی سەربازگەکانی حکومەت هەر لە ناوچەی زاخۆوە تا دەگاتە دهۆك و ئاکرێ و هەموو سەربازگەکانی کە بە درێژایی رێگای هاملتون کە لە پاش سەلاحەدینەوە دەستی پێدەکرد و تا دەگەیشتە سەربازگەی سپیلك، بڵاوببوونەوە، مەبەستم سەربازگەی شەقلاوە و سەیداوە و سپیلك و خەلیفان، هەروەها سەربازگەی دوکان و کۆیە و تەق تەق، گەمارۆدرابوون، ئاستی ئەم سەربازگانە لە خراپترین حاڵەتدا

له یەك لیوا یان دوو فەوج کەمتر نەبوون، تەنانەت سەربازگەی گەمارۆدراوی زاخۆ کە ماوەی دوو مانگ بوو گەمارۆ درابوو ئازوخەی خۆی لە هێزەکانی پێشمەرگە وەردەگرت. بەلام سەربازگەکانی تر ئازوخەی لە رێگەی فرۆکەی سەربازی هیلیکۆپتەرەوە وەردەگرت. بەمجۆرە دەرفەتی زێڕینمان لە دەستدا چونکە لە یەك کاتدا زەربەی لە بەین بەرمان لە هەموو ئەو سەربازگانە نەدا کە بەم کارە سەری لێ دەشێوا و هاوسەنگی خۆی لە دەست دەدا و حکومەتیش ئەعسابی خۆی لە دەستدەدا، بەڵکو لە نێو لەشی خۆماندا وازمان لێهێنا گەورە و قەڵەو ببێ تاکو پاش برانەوەی وەرزی باران بارین و جوڵانەوەی خوێن لە نێو شارەگی تانکەکان و گالیسکەکانیدا وەکو مار پێوەمان بدات. وا وێنادەکەم ئەم کارە لەوانەیە لەبەر دوو هۆکار بووبێ، یەکەمیان ورە و مەعنەویاتی بەرز کە کوردی پێدەناسرێتەوە و ئەو جوامێرییە میراتییەی کە نەوە بە دوای نەوە لە داب و نەریتی عەشایری کوردی تەنانەت لە بەرامبەر دوژمنی گەمارۆدراودا بە شەهامەت و دەرونێك کە دەست پێشکەری لە شەڕخوازی رەتدەکاتەوە، لێی بەهرەمەندە.

بەلام هۆکاری دووەم ئەوەیە کە سەرکردایەتی جوڵانەوەی کوردی ئیمانی بە شەڕنەبوو تەنانەت وەکو ئامرازێکی فشارکردنیش، و کە هەستا بە گەمارۆدانی ئەم سەربازگانەش، ئەوا پاش ئەو جموجوڵانە هات کە ئەوان لە ناوچەکەدا دەستیان پێکرد هەروەکو لە دهۆك و لە ناوچەی لەیلان لە مانگی شوباتی ساڵی 1974دا دەستی پێکرد کە شۆڕشگێڕان دوو فرۆکەی هیلیکۆپتەریان لە جۆری (لویت)ی فەرەنسی خستەخوارەوە کە سەربازی مغاویری هەڵگرتبوو هەوڵیاندا دزەبکەنە ئەو دیو هێڵی شۆڕشگێڕانەوە، لە دووری مەودایەك کە تەنیا دە کیلومەتر لە شاری کەرکوکەوە دووربوو وە 30 سەربازی تێدا کوژرا. هەروەها جوڵانەوەی کوردی وای وێنا دەکرد کە بە گەمارۆدانی ئەو سەربازگانە دەتوانێ حکومەت بگێڕێتەوە بۆ سەر هێڵی راست کە سواری سەری خۆی ببوو و هەوڵی دەدا شت دروست بکا بۆ ئەوەی زەمینەی دەستپێکردنی هێرش خۆش بکا. ئەمەش هەڵەیەکی گەورە بوو کە بە نرخی گیانی شۆڕش تەواو بوو.



لەلایەکی ترەوە حکومەتی بەعس خۆی بۆ هەموو شتێك ئامادەکردبوو، ئەوەبوو داوای نزیکەی نۆ تەمەن لە ئیحتیاتی کرد واتە لە تەمەنەکانی 1944-1952، ئەمە سەرەڕای خۆبەخشان و فەوجەکانی جاش و کەتیبە تایبەتەکانی تۆپخانە و دوو لیوای پاراشوت کە نیوەیان لە ئۆپەراسیونەکانی دابەزاندنی پاراشوت لە دەربەندی رانیە و چیای کێوەڕەش و شەڕەکانی چیای ئەزمڕ بە چەکی سپی قەڵاچۆکران. ئەمە سەرەڕای پسپۆڕانی روس و چیکوسلۆڤاك و هیند کە بەتایبەتی بۆ ئەم ئامانجە هێنابوونی.

شەڕ بە تێپەڕبوونی کات بە جۆرێکی راستەوانە تین و تاوی دەستاند، ناوە ناوە گوێمان لێدەبوو کە پۆلێك فرۆکە هێرشیان بردۆتەسەر گەلالە یان قەسروماکۆسان بەلام بێ ئەوەی ئێمە ئەو فرۆکانە ببینین چونکە لە ترسی تۆپە کۆنەکانمان لە بەرزاییەکی زۆر بەرزەوە دەفڕین. ئەم هێرشە ئاسمانییانە بە ئازایەتی و پیسییەکی زیاترەوە بەردەوام بوون تا ئەوەبوو جارێکیان داهاتە سەر پردی گەلاڵە و لە نزیکی ئەوێ هێندێك دانیشتوانی شارستانی کوژران و زۆریان لێ بریندار بوون. و جارێکی تر هێرشی بردە سەر چۆمان، من بۆ خۆشم ئەو کاتە لەوێ بووم و بە پەلە خۆم گەیاندە ئەو خەندەقە کە بەدەستی خۆم لە پەنا خێوەتەکەم هەڵمکەند بوو. من لە نێو حەشارگەکەی خۆمەوە چاوم بە دوا فرۆکە هێرشهێنەکانەوە دەگێڕا، ئەم جارەیان لە بەرزاییەکی نزم ترەوە دەفڕین. تەماشام کرد بریسکەی رۆکێت بە ئاراستەی من دێت. خۆم بە زەویدادا و بە تیلەی چاو بینیم بەسەر سەرمدا تێپەڕی تا خۆی بە ماڵی غازی حاجی مەلۆ کە لە نزیك بارەگای نوێی پاراستن بوو، دادا. لە راستیدا ئامانجەکەی خۆی نەپێکا چونکە دەبێ ئامانجەکەی پاراستن بووبێ نەك ماڵی کاك غازی. پاش هێرشە ئاسمانییەکە لەگەڵ هێندێك لە رۆژنامەوانان رامان کردە ماڵەکەی و بینیمان بە تەواوی وێران بووە بەلام خۆشبەختانە ماڵەکەی کەسی تێدانەبوو. لەم هێرشە ئاسمانییە توندوتیژەدا کەس نەکوژرا تەنیا مریشکێك بەهۆی تەقینەوەکەوە پەڕیبووە سەر درەختێك و ملی بە لقی درەختێکەوە هەڵوسرابوو و بە خنکاندن مردبوو!

فڕینی نزمی فرۆکەکان بەسەر بارەگاکانی سەرکردایەتیدا ئاوا بە نزمی بە ئازایەتییەکی زیاترەوە بەردەوام بوو و فرۆکەوانەکان زانیاری ئەوەیان نەبوو کە سەرکردایەتی بنکەیەکی رۆکێتی نوێی ئێرانی هێنانەوەتە ناوچەکە و لە پەنا ئێستگەکە دایناوە. رۆژێکی گەرمی زستانی 1975 ئێوارەکەی لە قەسری سەلام بووم. زەنگەکانی وریاکردنەوە لێدران. منیش لەگەڵ ئەو رۆژنامەوانانەی کە لەو کاتەدا لەوێ بوون چوومە دەرەوە تا سەیری فرۆکەکان بکەین. یەکێك لەو فرۆکانە بۆمباهاوێژی جۆری باجەر 16 بوو کە فرۆکەی شەڕکەری لە جۆری مێك یان سۆخۆی یاوەرییان دەکرد، بە توندی دەستی کرد بە بۆمباران کردنی ناوچەکە بەڵام بۆمباکان بە سەر چیاکانی دەوروبەردا دەکەوتن. لەناکاو بینیمان وا رۆکێتێك کە تیشکی خۆر کەوتبوە سەری و بریسکەی دەدایەوە و هەروەکو تۆپەڵە ئاگرێك دەکەوتە بەرچاوی ئێمە و بەدوای فرۆکە گەورە بۆمباهاوێژەکە دەکەوت و هەروا بەدوایدا رۆیشت تاکو خۆی پێداکێشا بەڵام بێ ئەوەی گوێمان لە دەنگدانەوەیەك یاخود تەقنیەوەیەك ببێ، فرۆکە شەڕکەرەکە لاربۆوە و بەرەو باشور سوڕایەوە و فرۆکە شەڕکەرەکانی دیکەش کە لەگەڵیدا بوون لێیاندا رۆیشتن و پاش ئەوە چاومان پێیان نەکەوتەوە، فرۆکە لاربۆوەکەش دەستی کرد بە مەیەلان کردن شریتێك دوکەڵی رەشی بەدوای خۆیدا رادەکێشا بەم حاڵەوە هەر دەتگوت باڵندەی باڵشکاوە: باڵەکانی ئەم دیوو ئەو دیوویان دەکرد تاکو خۆی بەو چیایەدا کێشا کە لە ئاراستەی ئێستگەکە بوو. ئینجا ستونێك دوکەڵی رەشی چڕی لێبەرزبۆوە. ئێمەوامان وێناکرد کە شوێنی کەوتنە خوارەوەکەی لە ئێمەوە نزیکە. لەگەڵ هێندێك لە رۆژنامەوانەکان، بەکامێراوە سواری ئوتومبیل بووم و رۆیشتین تاکۆتایی رێگاکە و لەوێ پیادە بووین و پاشان دەستمان کرد بە پێدا هەڵگەڕانی چیاکە و پاش دوو کاتژمێر رۆیشتنی بە پەلە تاریکیمان لێ داهات و بەرێی خۆماندا گەڕاینەوە. بەیانی زوو دیسان هاتینەوە سەر هەمان رێگا و دواجار گەیشتینە سەر هەیکەلی فرۆکەکە و تەماشامان کرد بەسەر پاشەڵیدا کەوتووە، هەردوو باڵی لەسەر شێوەی سێ گۆشە بۆ ئاسمان بەرزبۆتەوە و مەکینەی لێ جیابۆوە و لە نزیك خۆی لەسەر زەویەکە جێگیر بوو بوو. واپێدەچوو



ئەو دوو فرۆکەوانەی کە لێیان دەخوڕی دەسبەجێ نەمردبوون. ئێمە ئەوانمان لە دەرەوەی هەیکەلی فرۆکەکە دیتەوە و زۆر شوێنیان شکابوو و کوترا بوو. دەستم کرد بە پشکنینیان و لە گیرفانی یەکێکیاندا بەڵگەنامەیەکی قوتابخانەم دۆزییەوە کە لە دواناوەندی خرناباتی کوڕان دەرکرابوو و ئاراستەی سەرکردایەتی هێزی هەوایی و بەرگری مەدەنی کرابوو بە ناوی (خلیل عبود حسن) وادیاربوو کە هەڵگری بەڵگەنامەکە ئارەزوومەندی ئەوە بوو کە لە خولی (عرفاء الأعاشة) خۆی (تطوع) بکا. لە بەڵگەنامەکەوە وادیاربوو کە لە خولی یەکەمی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی 1969دا دەرنەچووە. بەڵگەنامەکە ژمارەکەی 1723 و لە مێژووی 1974/1/10 دەرچووبوو. بەڵام فرۆکەوانەکەی تر شتێکم لە گیرفانیدا نەدۆزیەوە کە بەڵگەبێت بۆ ناوەکەی و واش پێدەچوو تەمەن و پلەکەشی لە (خلیل عبود) گەورەتر بێ. تا ئێستاش لە دوو توێی ئەو کۆمەڵە بەڵگەنامانەی لەسەر جوڵانەوەی کوردی هەڵمگرتووە، وێنەی ئەو دوو کوژراوە و ئەو بەڵگەنامەی قوتابخانەیەم لە لاماوە.

ئەوەی کە زانرابێ ئەوەیە کە تاقمی ئەم فرۆکە بۆمباهاوێژانە لە دوو کەس زیاترە. گەرچی لەم بوارەشدا تایبەتمەند نیم و ناتوانم لەوە زیاتر کە خۆم بینیومە زیاتر حوکم بدەم. بەڵام ئێمە نە لەناو فرۆکەکە و نە لە دەرەوەی فرۆکەکە کەسی ترمان نەدیتەوە و ئەگەری ئەوەش لە ئارادا نییە کەسێك رزگاری بوبێ چونکە کەسمان نەدی بە پاراشوت خۆی فڕێ بداتە خوارەوە.

پاش ئەمە دووبارە خامۆشی باڵی دادایەوە و هاتنی فرۆکەکان کەم بوونەوە و ئیدی کە دەهاتن لە بەرزاییەکی زۆرەوە دەفڕین و بۆمبارانیان نەدەکرد بەڵکو تەنیا چاودێری ئاسمانییان ئەنجام دەدا.

کاتی توندوتیژ بوونی شەڕەکان لە بەرەکانی شەڕدا شاندێك هاتنە لامان کە لە دوو کەس پێك هاتبوون یەکێکیان ناوی پول هنری بوو و کەسێکی تر یاوەری بوو کە ناوەکەیم نایەتەوە بیر. ئەم دوانە لافی ئەوەیان لێدەدا کە بازرگانی چەکن و ئارەزوو دەکەن دیداری سەکردایەتی بکەن. منیش پەیوەندیم بە بارەگای بارزانییەوە کرد و رەوانەی لای کاك ئیدریس و کاك مەسعودیان کردم. ئەوان ئەو

ڕۆژانە هێندێك خێوەتیان لە نێوان ڕایات و حاجی هۆمەران لە لای چەپی جادەکە بۆ هەڵدرابوو. کاتێکی درەنگی شەوێکی سارد بەرەو بارەگا یاوەریم کردن. لە کاتی دیدارەکەدا کۆمەڵێك کەتەلوگی ڕەنگاوڕەنگی جۆرەها چەکیان لە سوك و قورس هەروەها لە تانك و فڕۆکە خستە ڕوو!

ئیدریس لێی پرسین:

- ئەگەر لەسەر کڕینی هێندێك تانك ڕێککەوتین. ئێوە بێ ڕەزامەندی دەوڵەتانی دەوروبەرمان چۆن دەتوانن ئەو تانکانە بگەیەننە دەستی ئێمە؟

پۆل هنری دەسبەجێ وەڵامیدایەوە:

- ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە. ئێوە تەنیا ئەوەندەتان لەسەرە ئەو بڕە پارەی کە لەسەری ڕێکدەکەوین لە یەکێك لە بانکەکانی وڵاتە ئەوروپییەکان دابنێن کە خۆتان دیاری دەکەن و ئێمە خۆمان گرەنتی ئەوە دەکەین ئەوەی کڕیوتانە بگاتە کوردستان!

وادیاربوو برایان ئیدریس و مەسعود ئەوەی کە خرایە بەردەمیان قەناعەتیان پێنەهات. ئەوەبوو بەجێمان هێشتن و لە ڕێگا دووبارە هەمان پرسیاری ئیدریسم کردەوە:

- مستەر هنری.

لێرە قسەکەمی بڕی و گوتی:

- پێم مەڵێ مستەر هنری بەڵکو مستەر دینار!

پێم گوت: مستەر دینار چۆن دەتوانن تانك بگەیەننە کوردستان بێ ئەوەی بە دەوڵەتانی دراوسێدا تێپەڕبن و ڕەزامەندییان وەربگرن؟

بە سەرسامییەوە وەڵامیدامەوە:

- کێ پێی گوتوی بە دەوڵەتانی دراوسێدا تێناپەڕێ؟ ئێوە بۆ خۆتان بە شتێکەوە ماندوو دەکەن کە پەیوەندی بە ئێوەوە نییە ئەوەی ئێوە دەتانەوێ دەگاتە دەستتان بەڵام پاش ئەوەی مەرجەکان جێبەجێ دەکەن. ئێمە دەتوانین لە ڕێگای ئێران یان تورکیا یان تەنانەت عیراقیشەوە ئەوماڵە بهێنین!



بەم قسەیە سەرسامییەکەم دوو ئەوەندە زیادی کرد و زیاتر واقم وڕما، چونکە وەڵامێکی تەواوی پرسیارەکەی منی نەدایەوە، ئینجا بەجۆرێکی تر پرسیارم لێ هەڵگێڕایەوە:

- بەڵام چۆن بەسەر خاکی ئەو دەوڵەتانەدا ڕەتدەکرێ بێ ئەوەی پێیبزانن؟

- پارە موحیزە دروست دەکا! بۆ تێناگەی؟

پاشان زانیم کە نەخشەکەی ئەوان یان لاف و بانگەشەی ئەوان بەوە پشت ئەستورە کە پاش ئەوەی گیرفانی ئەوانە پڕدەکەن کە لەسەر ڕێگایانن! بەناو یەکێك لەو دەوڵەتانەدا کاڵاکەیان بهێنن و بیگەیەنن!

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

ناوچەی سەرکردایەتی شۆڕش هەروەکو پێش ماوەی 11ی ئازار نەمابوو، هاوڕێ کۆنەکان نەمابوون و هەریەکەیان بۆ ناوچەکەی خۆی چووبوو، هەیانبوو لە وەزیفەیەکی تر دامەزرابوو. هەندێکیان زەماوەندی کردبوو و لە شارێکی دوور نیشتەجێ بوو بوو. هێندێکیان مردبوون، هێندێکیش شەهید بووبوون هەروەکو هاوڕێی سەنگەرم قەیسەر مەنسور. هەر کاتێك بە ناوپرداندا تێدەپەڕیم یادگارەکانی ڕابردوو بەدوام دەکەوتن و لە نێو مێشکمدا وەدەردەکەوتنەوە تا هاوڕێیانی دوێنێم ئەوانەی کە لە دەستم چوو بوون وەبیربهێننەوە. ناوپردان ئەو خەونە ڕەنگاوڕەنگانەی پێش ڕێککەوتننامەی ئازاری وەبیردەهێنامەوە. هەروەها ڕووداوە گەورەکانی لە بابەتی دان و ستاندنی وەبیرهێنامەوە کە لە ماڵەکەی ئێمەدا بەڕێوەچوو، هەروەها ئەو سەفەرانەی وەبیردێنامەوە کە لەوێوە بۆ سەردانی شەڕگەکان دەمکرد. نوسینگەکانی شۆڕش کە پێشتر لەوێ لەو گوندە بچوکەدا کۆببوونەوە، ئێستا گواستبوویانەوە و ئەوێ هەروەکو هێلانەی بەتاڵ و چۆڵ دەهاتە بەرچاو. زۆران جار لەکەپرێك یان لە ژێر خێوەتێکدا کۆدەبووینەوە و لە بارەی شۆڕش و لەبارەی دوارۆژەوە و لە بارەی دوایین دەنگوباسی بەرەکانی شەڕ و پاڵەوانێتی و گیانبازییەکانی هێندێك لە مەفرەزەکان یان کەسەکانەوە

گوت و بێژمان دەکرد. ژیانی ئەوسامان شۆڕشگێڕانەتر بوو، پێداویستییەکانمان سەرەتایی تر بوون و کاروباری پەیوەندی زۆر سادە بوو. بۆ نموونە ئەگەر پێویستیمان بە یەك تەنەکە نەوت بووایە لەسەر کاغەزێکی بچوك و بەخەتی دەست کە هەروەکو بروسکەیەکی سەربازیی لێبدەین دەماننوسی: کاك بەهرام: تکایە تەنەکەك نەوتمان بۆ بنێرە. سوپاس.

بەهرام ئیمزای هەموانی دەناسی، پێویستی بە نامەی چاپکراوی رازاوە و بە پێشەکی و بەروار لێدراو و ئاماژە پێکراو و وێنە بۆ فلان و فیسار و شتی لەم تەرزوئاوایە نەبوو. دەوامیش لە شەوەوە بۆ شەو بەردەوام بوو. ئەوساکە کاتێکی دیاریکراو نەبۆ پشوودان و نە بۆ کارکردن دیاری نەکرابوو. هەمیشە لەو پەڕی ئامادەباشیدا بووین بۆ ئەوەی بە ئەرکی سەر شانمان و قوربانیدان لە پێناوی شۆڕشدا هەڵبستین و ئەوسا (بازدان بەسەر بەرپرسیاریدا) نەبوو چونکە شۆڕش پلەی روو بەهەورازی نەبوو. گەورە پێویستی بە بچووك و بچووك پێویستی بە گەورە هەبوو. هەر کەس لە ئاستی خۆیەوە گەورە بوو چونکە وامان دادەنا کە شۆڕش شۆڕشی خۆمانە، زیانەکانی زیانی ئێمەیە و پێشکەوتنی پێشکەوتنی ئێمەیە.

بەڵام ئێستا ئەو گیانی هاوڕێیەتییە و هاوبەندییە فیکرییە بە کەمی نەبێ، نەمابوو. چونکە بیروکراتیی دەوڵەتی بەسەر مۆژەی هەمواندا زاڵ ببوو. بە روانینێك سەیری یەکترمان دەکرد کە هەر وەکو بڵێی فەرمانبەری دەوڵەت بین نەك هاوڕێی خەباتی نێو شۆڕش بین. ئیدی وامان بیردەکردەوە کە ئێمە دەوڵەتین. لە دەمێکیدا کە مەکتەبی تەنفیزی خێوەتێکی سادەی سەرەتایی هەبوو و هەڵدەستا بە راپەڕاندنی هەموو خزمەتگوزارییەکانی شۆڕش، ئێستا (ئەمانەتەکان)-(وەزارەت)مان هەبوو و وایلێهات هەرکامیان ئەمیندارێك و جێگرێك و بەڕێوەبەری نوسینگەی تایبەت و سکرتاریەت و مەکتەبی پەیوەندییەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و هەر بەرێوەبەرایەتییەکی گشتیش بەڕێوەبەری گشتی و بەرێوەبەری بچوکتر و سەرۆك بەشەکان و تێبینەر و نوسەرانی خۆی هەبوو و هەر بەشێك لەم بەشانەش پێویستی بە نوسینگە و کەل



و پەل و چاپ و فایل و کاغەز و ئەرشیف و دۆلاب و هەروەها فەڕاش و خزمەتگوزار هەبوو. ئەمانەش هەموویان پێویستیان بە مۆڵەت و دەرماڵە و مووچە بەرزرکردنەوە هەبوو. بیروکراتییەت گەیشتە پلەیەکی ئەوتۆ کە هەر هۆبەیەك لەهەر بەرێوەبەرایەتییەك زۆر لە مەکتەبی تەنفیزی جاران گەورەتر بوو! ئەم لێشاوە لە خزمەتگوازییەکانی کەرتی گشتی بوە هۆی هەڵئاوسانێکی گەورە تا ئەوەبوو هەمووان وایانلێهاتبوو پشتی بە دارایی سنورداری شۆڕش (دەوڵەت) بەستبوو و ئەمەش لەسەر حسابی بەشە سەربازییەکان و بەرەکانی شەڕ بوو و وایلێهات شۆڕش وەکو ئەو بینایە وابێ کە کوێرانە بێ ئەوەی حساب بۆ بناغەکەی و ئەستوری دیوارەکانی بکرێ چەند چینێکی تری بخرێتە سەر و ئیتر وایلێهات لە ژێر باری قورسایی ئەو بارەزیادی و فراوانبوونە بێ پلانەدا، داهات. لە پێشان پشتمان بەو (یارمەتی)یە دەبەست کە دەماندرایە، جا ئەگەر هەبوایە و بمان درابایە ئەوان شوکرانەبژێر بووین. و ئەگەر نەشدرابایە داواکردن و هاتن و چوون و (نوسراومان و نوسراوتان) لە ئارادا نەبوو. ناونیشانی وەزیفە و پلەی مەدەنی و کارگێڕیمان نەبوو. ئێمە بە ئەرکی خۆمان رادەبووین بێ ئەوەی ناونیشانی کارمان هەبێ و هەر یەکێك لە لای خۆیەوە لە یەك کاتدا بە کۆمەڵە کارێك هەڵدەستا، بە یەك قسە ئێمە خاوەن ماڵ بووین و بە ئەقڵییەتی کرێگرتەیەك! بیرمان نەدەکردەوە. توێژی کۆنی شۆڕش هەستێکی لە لا پەیدا ببوو کە ئەوان نیمچە خانەنشینن یاخود زیادەن بەتایبەتی پاش ئەوەی کە بەرێوەبەرەکان وایان لێهات وەزیفە باشەکانیان بۆ هەڵگرانی بڕوانامە و کەسانی خاوەن شارەزایی لە وەزیفەی  حکومەت، بۆ ئەوانە قورخ کردبوو کە تازە هاتبوونە ناو شۆڕشەوە بێ ئەوەی ئەو قوربانییانە لەبەرچاوبگرن کە خەڵکانی پێش ئەوان لە شۆڕشدا داویانە. بیرکردنەوەی باو لای ئەو توێژە کۆنە بەجۆرێك بوو کە ئەوان چاوەڕێی بەرێوەبەری نوێ دەکەن تاکو بکەوێتە هەڵەیەك یان تەنگژەیەکەوە و ئینجا بە زەلیلییەوە بێتەوە لای ئەوان بۆ ئەوەی لەو حاڵە رزگاری بکەن.

## پەراوێزەکان

1- ئەو چەکە سوکانەی کە شۆڕش بە دەستی هێنا تفەنگی بڕنەو بوو کە دروستکراوی ئێرانی بوو بەڵام کلاشینکوف دروستکراوی چینی بوو. چەکی پەسندکراو لەمانە جۆری سۆڤێتی یان چیکی بوو. بەڵام تفەنگی بڕنەو بەپێی پەسندییەکەیان ئەوا چوار پلەی هەبوو: پێش هەموویان ژمارە 19 ئینجا 17 دوای ئەویش سفر و دواینیان ((دیموکرات)) ئەمەیان کارگەکانی پۆڵەندا دروستیان دەکرد و ناوەکەشی هەر لەوەوە هاتبوو.

2- ئەم ژمارانەم بە جۆرێکی گشتی لەو دیدارە رۆژنامەوانییانە لەگەڵ فەرماندەی هێزەکان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆکردۆتەوە. من ئەندازەی زێدەڕەوییان ناتوانم دیاری بکەم بەڵام بە شارەزایی شەخسیی خۆم و زانیاری خۆم زۆربەی هەر زۆریان پەسند دەکەم.

3- ژمارەی هێزەکان تاڕادەیەك هەروەکو پێش یازدەی ئازار مایەوە. بەڵام ژمارەی هەر یەکێکیان بەهۆی پەیوەست بووانی تازە بە شۆڕشەوە دوو ئەوەندە زیادی کرد.

# 10

## هاوڕێم: قەیسەر

بەدرێژایی ماوەی ئاخاوتنم لەگەڵ قەیسەر، هەرگیز چیرۆکی ئەو دەستگیرکردنە کورت خایەنە سەیرەی بۆ نەگێڕامەوە کە لەسەر فەرمانی بارزانی دەستگیرکرابوو. هەرچەندە لە سەرەتای چوونم بۆ نێو شۆڕش بە جۆرێکی لابەلا شتێکم گوێ لێ بوو، بەڵام وادیارە ئەو چیرۆکەی هەروەکو ئەو شتە ناخۆشانە دادەنا کە مرۆڤ هەوڵ دەدا لە بیرکردنەوە لێیان خۆی لابدا و لە نێو قووڵایی یادگەی خۆیدا بیاننێژێ. هەروەها ئەوەشم گوێ لێبوو بوو کە جەرجیس قەحوللا شەفاعەتی بۆ کردوە و هۆکاری ئەوە بووە کە ماوەیەکی زۆر لە گرتوخانەدا نەمێنێتەوە.

لە دەمێکدا خەریکی نوسینی ئەم بیرەوەرییانە بووم، وام بەبیرداهات، هەڵبەتە پاش ئەوەی رێکەوتێکی باش دێتە پێشەوە، بە مامۆستا بگەم پاش دابڕانێك کە نێزیك بەچارەگە سەدەیەك درێژەی کێشا پرسیاری دەربارەی وردودرشتی ئەو مەسەلەیە لێبکەم. ئەویش بەم نامەیە بە دوورودرێژی وەلامیدامەوە:

داوات لێکردووم کە لە بارەی هەلومەرجی گیرانی قەیسەر مەنسور یادی بەخێر بێ، و چۆنیەتی ئازادکردنەکەی و حاڵ و وەزعی گیرانەکەی و رۆڵی من بە جۆرێکی تایبەتی لە بەرەڵاکردنی بۆت بنوسم. من نازانم رازی گرنگیدانی تۆ بەم کارە چییە، ئەمە ئەگەر ئەو مەغزایانەی تێدا نەبێ کە تۆ وەرتگرتووە بریتییە لە رووداوگەلێکی ئاسایی رۆژانە و زیاتر نا. بەڵام وا رووداوەکەت بە هەموو ورد و درشتەکانیەوە هەروەکو لە نێو مۆژەمدا چەسپ بووە، بۆ دەگێڕمەوە:

کات کاتی ئارامی و ئاشتی بوو، و ژیان بە رێکوپێکییەوە تێدەپەڕی و بچووکترین رووداوی لەم بابەتە سیمایەکی زۆر گەورەتری لە هەقیقەتی خۆی، بەپێی هەلومەرجی رۆژگار، بەخۆیەوە دەگرت.



عەسری یەکێك لە رۆژەکانی بەهاری 1969 بوو، هەموو شتێك لە بەرەکانی شەڕدا بە ئارامییەوە تێدەپەڕی هەروەکو ئێمە لە رۆژانی پشووداندا بین. من لە بەردەمی بارەگای کاری خۆم راوەستابووم کە تۆ زۆرجار لە ناوپردان سەرت لێدابوو. چاودێری دکتور مەحمود عوسمان سکرتێری مەکتەبی تەنفیزیم دەکرد کە بە هەنگاوی شێنەییەوە لە لای پردەکەوە بەرەو لای من دەهات و بەسەر ئەو روخسارە بەزیپکو زاکونەیەوە زەردەخەنەیەکی سەرسامی کە پێچەوانەی عادەت بوو، دیار بوو. هاتە ژوورە و بە یەکەوە دانیشتین و بەم گوزارشتە دواندمی:

- قەیسەر گیرا، هەر ئێستا بردیان بۆ بەندیخانەی خەلان!

بەر لەوەی رێگا بەوە بدات شوێنەواری هەواڵەکە لەسەرم بەدیاربکەوێ درێژەی پێدا:

- ئەو یاوەریی هێندێك لە رۆژنامەوانانی دەکرد بۆ سەر سنوور. واپێدەچێ جۆگایەك هاتۆتە سەر رێگاکەی و بەهۆی ئەو بارانە زۆرەی چۆمان نەیتوانیوە بپەڕێتەوە. فەرمانی بە هێندێك لە پاسەوانەکان کردوە کە لە بناری چیاکە هێندێك دار ببڕن و لەسەر سێڵاوی جۆگاکە دایبنێن بۆ ئەوەی ئۆتومبیلەکە بتوانێ بپەڕێتەوە. رێکەوت وای هێنا کە ئۆتومبیلی مەلا مستەفا و من و فرەنسۆ و هێندێك لە پاسەوانەکان بەوێدا تێپەڕببێ. مەلا مستەفا فەرمانیدا ئۆتومبیلەکە بوەستێ. دابەزی و ئێمەش لەگەڵ ئەو دابەزین. مەلا مستەفا پرسی: «کێ فەرمانی داوە داربڕن؟» ﴿هەورەکو دیارە کە مەلا مستەفا فەرمانی دابوو کە داربڕین جا گەورە بێ یان بچوك و لەبەر هەر هۆیەك بێ لە کوردستان قەدەغەیە و هەڕەشەی سزای توندی کردبوو. قەیسەریش ئەمەی نەدەزانی﴾.

مەحمود عوسمان زیاتر درێژەی پێداو گوتی: قەیسەر بە پەشۆکاوییەوە زمانی تێك ئاڵا و گوتی: ئەزبەنی ئەز. بارزانی بە توندییەوە قسەکەی بڕی: «ناڤێ تە چییە؟»

- قەیسەر مەنسور حەجی! (لێرەدا دکتور مەحمود بە جۆرێکی شانویی لاسایی زاراوەکەی قەیسەری کردەوە کە لەو ساتەدا شێوا بوو).

پاش پرسیاری دووەم کە بارزانی کردی: ((بە فەرمانی مەکتەبی تەنفیزی!)) بارزانی گوتی: ((مەکتەبی تەنفیزی کێیە و مەکتەبی سیاسی کێیە؟ من درەخت بڕینم قەدەغە کردوەو تۆ گیراویت!)) پاشان رووی کردە فرەنسۆ و فەرمانی پێکرد کە قەیسەر ببات بۆ بەندیخانەی خەلان. بەدوای ئەمەشدا گوتی ((بەفەرمانی خۆشم نەبێ ئازاد ناکرێ)).

رووم کردە مەحمود عوسمان:

- ئەی تۆ؟ هەڵوێستت چی بوو؟

ئایا گوزارشتێکت نەدیتەوە بەرگریی لێ بکەی؟ ئەی ئێوە پێتان نەگوتبوو؟

نیشانەی سەرسامی لێ وەدەرکەوت و بەدەم پرسیارەوە گوتی: لە هەڵوێستێکی ئاوادا کێ دەتوانێ تەدەخول بکا؟ هێشتا لە مەیان دڵنیانیم کە دکتور مەحمود لە لام مابوو یان نا پارچە کاغەزێکم لە بەندیخانەوە بۆ هات و تێیدا قەیسەر حاڵەتی خۆی باس دەکا، کە چۆن لە داخ و تورەییدا هەوڵیدا بوو گوللەیەك لە سەری خۆی بداو و خۆی بکوژێ. و ناشزانم ئایا جگە لە من کەسانیتریش نامەی ئاوایان پێگەیشتووە یان نا. تا رادەیەك هەمووان پەیوەندییان بە لێپرسراوێتی قەیسەرەوە هەبوو و هەمووانیش خۆشیان دەویست و ستایشی ئەو دڵسۆزی و دەستپاکییەیان دەکرد و بەو پێشهاتەی ئەو تاسابوون. زۆر گلەیم لە دکتور مەحمود کرد کە وای بە پەسەند زانیوە تەنانەت ئەگەر بە گوزارشتێکیش بێ ئاماژە بەوە بکا کە ئەوان دەسەڵاتیان داوەتێ ئەو کارە بکا. هەروەها سەرم لەوەش سورما کە پەنای بۆ من هێناوە چونکە من لەو کاتەدا وەکو ئەوانی تر دەسەڵاتی سەرکردایەتیم نەبوو، بەڵکو پەیوەندیم لەگەڵ مەلا مستەفا لەو کاتەدا بەو بەهێزییە نەبوو وەکو کە لە دواییدا بۆم روون بۆوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وام وێنادەکرد کە وەزعی قەیسەر بەجۆرێکە کە دەبێ بە پەلە شتێك بکەین بەر لەوەی شتەکە بڵاوببێتەوە و چیرۆکەکە بکەوێتە سەر زاروزمانان.

هەواڵم زانی کە هەردوو مەکتەبی تەنفیزی و مەکتەبی سیاسی بەیانی رۆژی دواتر کۆببوونەوە و بڕیاریان دابوو کە بۆ نێوانگیریی، خۆالێخۆشبوو ساڵح یوسفی



بەو پێودانگەی کە پایەیەکی تایبەتی لای بارزانی هەیە، بنێرن. هەروەها محەمەد مەحمود عەبدولرەحمان بنێرنە قەسرێ تا لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئیدریس و هەروەها مەسعود کوڕانی بارزانی تاوتوێی کارەکە بکا. پەیوەندی ئەم ئەندامەی مەکتەبی تەنفیزی بە قەیسەرەوە بەو پێودانگەی کە بەرپرسی داراییە و قەیسەریش جێگریەتی و ناتوانێ دەستبەرداری ببێ، پاڵپشت بوو.

پاش نیوەرۆی ئەو رۆژە ساڵح یوسفی لەسەر رێگای خۆی بەرەو ماڵەکەی کە بە نائومێدی و شکستەوە هاتبۆوە لایدایە لام و پێی گوتم:

- لەگەڵی دانیشتم (مەبەستی بارزانی بوو) و چی لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەبارەی هاندان و دنەدان لەسەر بەزەیی هاتنەوە لەبەرم بوو و هەموو ئەوانەش کە بە ((الله غفور رحيم)) دەست پێدەکا یا کۆتایی دێ یا ئەوەی کە (و أن تعفوا أقرب الي التقوى) و هی تریش هەموویم بۆ هێنایەوە. بەڵام ئەو بەو قسەیە دەرسێکی وای دادام کە پێی گوتم: ((ئێوە بە حەماسەتەوە رەزامەندیتان لەسەر بڕیارەکەی من بۆ قەدەغەکردنی بڕینی درەختی دارستانەکانی کوردستان دەربڕی. ئەگەر لەمەدا چاوپۆشی بکەم ناتوانم سزای جوتیارێکی سادەش بدەم کە لەوانەیە پێویستی ئەو بە دار زۆر لەوە پێویست تر بێ کە لە ژێر ئوتومبیلدا دابنرێ)).

لەو دەمەدا بڕیارمدا بەختی خۆمی لەگەڵدا تاقی بکەمەوە و کەسیش لەمەدا عەزمی سارد نەکردمەوە. بەڵام من وام هەست دەکرد کە هەمووان زۆر بە گومانن لەوەی لە کارێکدا سەرکەوتوو بم کە یوسفی شکستی تێدا هێناوە.

بەیانی رۆژی دواتر بەرەو دیلمان سواربووم. وادێتەوە بیرم لەگەڵ کاك موحسین دزەیی بووم. دوای ئەوەی لە قەسرێ دوویان سێ کیلومەتر تێپەڕ بووین تووشی ئوتومبیلی ئیدریس و مەسعود بووین کە لە دیلمانەوە دەهاتن و وادێتەوە بیرم کە محەمەد مەحمود عەبدولرەحمانیش لەگەڵیاندا بوو. کاتێك لە مەرامی من ئاگاداربوون گومانی خۆیان لە سەرکەوتنی من دەربڕی و ئیدریس گوتی:

- دوێنێ ئێوارێ بڕیارماندا قسە لەگەڵ باوکمدا بکەین، بەڵام ئەو پێشی لێبڕینەوە و هەستی بەوە کردبوو چی لە مێشکماندایە و پێی گوتین دوێنێ شەو خەونم دیوە کە کەسێك چۆتە بەندیخانە و ئەو کەسەی کە من گرتومە ئەو چوە بەری داوە. مەبەستی قەیسەر بوو. ئیدریس گوتی: ئەمە بێ چەند و چوون ئاماژەیەك بوو کە هیچی تر هەوڵ نەدەین. ئێمەش یەك تاکە قسەمان نەکرد و مۆڵەتمان لێ خواست و هەستاین. بۆیە من بوارێك بۆ قەناعەت هێنانی نابینم هەر نەبێ لە کاتی ئێستادا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من لە ئەرکەکەی خۆم بەردەوام بووم.

لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و تەنفیزی کە بۆ تاوتوێ کردنی کارێك لەبارەی کاروبارەکانی بەڕێوەبردنەوە هاتبوون چوومە نێو کۆڕی مەلا مستەفا (کە ئەوسا کورسی تێدا نەبوو). ئەوان دەیانزانی من بۆ چ کارێك هاتووم، بواریان بۆ کردمەوە لەسەر رایەخەکە لە لای چەپی بارزانییەوە دابنیشم. بارزانی توتنی خستە نێو سیگارەوە و بە توندی هەروەکو کە زۆر بە باشی دەیپێچایەوە و ناوبانگی تێدا هەبوو، پێچایەوە و وەکو رێز لێنانێك کە هیچ گومانی تێدانەبوو دایە دەستم.

من دەتوانم بە یەقینێکی ئەو پەڕی یەقینەوە بڵێم کە بارزانی بێ ئەوەی هیچ کەسێك پێی بڵێ هەر کە چاوی پێم کەوت زانی کە بۆ چ مەبەستێك هاتووم. پاش ئەوەی ئاخاوتنی خۆی لەگەڵ ئەوانیتردا کۆتایی پێهێنا رووی کردە من و گوتی:

- فەرموو جەرجیس. چیت دەوێ؟

گوتم: هاتووم قەیسەرت لێ داوادەکەم. دەسبەجێ بێ ئەوەی بۆ ساتێکیش بیری لێ بکاتەوە بەم گوزراشتە وەڵامیدایەوە:

- ئەوا دامیتێ.

گوتم: بیستوومە کە ئازادکردنی تەنیا بە فەرمانێکی نوسراو و ئیمزای خۆتەوە جێبەجێ دەبێ.

گوتی: بینوسە تا ئیمزای بکەم.



یەکێك لە ئامادەبووان بە پەلە کاغەزی هێنا و دایەدەستم. منیش بە پەلە فەرمانێکم نوسی. بارزانی ئیمزای کرد و پێموانییە سوپاسم کردبێ یان بەدوا ئەوەدا گوزارشتێکی هاوشێوەی ئەوەم بە بارزانی گوتبێ بەڵکو مولەتم خواست و بە پەلە کۆڕەکەم بەجێهێشت.

لەسەر رێگای خۆمەوە لە ناوپردان راوەستام هەواڵەکە بە هەردوو بەرێزان ئیدریس و مەسعود رابگەیەنم.

مەلا مستەفا ویستی لەو هەوڵەدا کە کەسانی تر سەرکەوتوو نەبوون من تێیدا سەرکەوتوو بم. تۆش چۆن چۆن لێکی دەدەیەوە و چۆن شیدەکەیەوە ئازادی. بەڵام من شیکردنەوەی تایبەتی خۆم لەلای خۆم هەڵدەگرم.

هەر ئەوەندە گەیشتمەوە نوسینگەکەی خۆم یەکسەر نوسراوێکم ئاراستەی بەڕێوەبەری بەندیخانەی خەلان بەرێز سعید مەسیفی کرد و فەرمانی بارزانیم لەگەڵ نوسراوەکەدا هاوپێچ کرد. پاش کەمتر لە دوو کاتژمێر قەیسەر بە رووخۆشی و وەکو مژدانەیەك لێم بەژوو کەوت. و پێم گوت کە من هۆکاری ئازادکردنەکەی بووم. بەڵام پێم وانییە باوەڕی کردبێ تا لە دواییدا کورەکانی بارزانی تەئکیدیان بۆ کردەوە.

****************************

بەڵام پرسی کوشتنەکەی وەکو نهێنییەك دەمێنێتەوە. هەروەکو دەزانی ئەو لە رۆژنامەی تەئاخی، سەرەڕای وەزیفەکەی لە وەزارەتی راگەیاندن، لە لای من فەرمانبەر بوو.

مردنەکەی ئەو مردنێکی سروشتی نەبوو. هەروەکو ئەوساکە باسکرا ئەو وەکو تەرمێکی بێ گیان لە شەقامی 52 لەسەر جادە فڕێیان دابوو. و هیچ گومانم لەوەدا نییە کە دەسەڵات هەستابوو بە کوشتنی قەیسەر. چونکە شێوازەکە هەمان ئەو شێوازە بوو کە دەسەڵات بۆ لەناوبردنی ناحەزانی یان ئەوانەی دەیەوێ لەناویان بەرێ، پیادەی دەکا. بەڵام ئەو کە پلەیەکی ئەوەندە

گرنگی نەبوو هەروەها کەسایەتییەك نەبوو کە مەترسی لەسەر رژێم پێك بهێنێ ئەی باشە هۆکاری چی بوو؟

تاوانەکە ئەلێرەدایە. و یەکەمین شت کە بەمێشکی مرۆڤی قانونی دادێت لە کاتێکدا کە رووبەڕووی کێشەیەکی ئاوا دەبێتەوە ئەوەیە کە بەدوای هۆکارەکەیدا بگەڕێ و ئەمەش بنچینەیەکە لە بنچینەکانی.

لە ناکاو ئەم هەواڵە غەمناکەم پێگەیشت. ئەم هەواڵە کەس و خزمەکانیشمی لەوانەی کە قەیسەریان دەناسی گرتەوە. ئیدی دەستم کرد بە گەڕان بەدوا شیکردنەوەیەك کە لەگەڵ شارەزاییمدا لەم بوارەدا بێتەوەیەك و قەناعەت بە دەروونم بکا. زۆر گوتە و قسە و دەنگۆ و لێکدانەوە و رووداوی رابردوو دەگوترا و باسدەکرا. دەستم کرد بە لێکگرێدانەوەی فلان و فیسار هۆکار و پرسیارم دەکرد و هەواڵم وەردەگرت و روونکردنەوەم داوا دەکرد تا وایلێهات ئەم وێنەیە لە لام گەڵاڵە بوو:

لە رۆژانی یەکەمی شۆڕشدا، قەیسەر لەگەڵ عوبیدولا کوڕە گەورەی مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئەرکێکی راگەیاندن بۆ شۆڕش سەفەری دەرەوەی کردبوو. دەیانگوت ئەم سەفەرە بە دوو پاسپۆرتی ساختەوە و بەو سیفەتەی ئەمانە دوو پیاوی ئاینیی مەسیحین، ئەنجام دراوە. هەردووکیان ماوەیەکی درێژ لە ئەورووپا مانەوە و لەم ماوەیەدا پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی بەهێز لە نێوانیاندا دادەمەزرێ. پاشان کە گەڕانەوە، مەلا مستەفا هێندێك کاروباری تایبەتی لە کوڕەکەی خۆی رەچاودەکا کە وای لێکرد لە کاروباری شۆڕش دووری بخاتەوە و هەموو لێپرسراوێتیەکیشی لێ بستێنێتەوە و عوبێدولا بۆ بارزان دووخرایەوە. بەڵام عوبێدولا سودی لە بێلایەنیی بارزان وەرگرت تا پەیوەندی لەگەڵ رژێمدا دروست بکا و پاشان پەیوەندی ئەو لەگەڵ دەسەڵات لە بەغدا ئاشکرا بوو. مەلا مستەفا فەرمانیدا کە دەست بەسەر بکرێ. بەڵام ئەو توانی رابکا و رژێمیش شاردییەوە. گەورەترین شیمانە ئەوەیە کە لەوانەیە بە پێشنیاری عوبێدولا بووبێ. رژێم هەوڵیدا دیدار لەگەڵ قەیسەر لە بەغدا ئەنجام بدات. لە دیدارەکەدا پێشنیاری



کارکردن بۆ دەسەڵات خرابێتەبەر دەمی. ئەوەش گومانی تێدا نییە کە قەیسەر ئەم پێشنیارەی رەتکردۆتەوە. جا بۆ ئەوەی ئەم هەوڵدانەی دەسەڵات بۆ ئەوەی قەیسەر لە خزمەتی خۆیدا بخاتە گەڕ، ئاشکرا نەبێ، ئەوا هەڵساوە بە کوشتنی. بەڵام کوشتنەکەی چۆن جێبەجێ کرا ئەوا وەکو نهێنییەك دەمێنێتەوە. شیکردنەوەی پەسند بەلای منەوە ئەمەیە. (لێرەدا نامەکەی مامۆستا کۆتایی هات)

❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋❋

تەنیا دوو هەفتە پێش کوژرانی قەیسەر، من و ئەو بۆ ئاهەنگی جەژنی نیشتیمانی فەرەنسی بۆ ماڵی باڵوێزی فەرەنسا کە هەر لە پەنا بارەگای رۆژنامە بوو لە (مەسبەح) داوەتکرابووین. لە میانی ئاهەنگەکەدا ناسیاریمان لەگەڵ باڵوێزی سویسرا لە بەغدا پەیداکرد و گفت و گۆی دۆستانەمان لەگەڵ یەکتریدا ئاڵوگۆڕ کرد و بەر لەوەی کە لێی جیاببینەوە داوەتنامەی بۆ بەشداربوون لە ئاهەنگی باڵوێزخانەی بەبۆنەی جەژنی نیشتیمانی سویسراوە لە 1ی ئابی 1971 پێڕاگەیاندین.

کاتێك رۆژی دیاریکراو هات لەبەردەم دەرگای سەرەکی دیوانی وەزارەتی راگەیاندن کاتژمێر 2ی دوای نیوەڕۆ دوای کۆتایی هاتنی دەوامی رەسمی لە یەکتری جیابووینەوە. ئەو رۆژە رۆژێکی یەکجار گەرم بوو بایەکی زۆر گەرمی هەڵکرد بوو. قەیسەر داوای لێکردم بۆ نانی نیوەڕۆ بچمە ماڵی خۆیان، بەڵام بەهۆی گەرماکەوە داوای لێبوردنم لێکرد و نەچووم. هەروەها وادەی داوەتەکەم لە باڵوێزخانەی سویسرا بەبیرهێنایەوە. وادەم لەگەڵی دانا کە لە بارەگای کاری ئێوارانم لە بارەگای رۆژنامە چاومان بەیەکتری بکەوێتەوە. دواین جار کە چاوم پێکەوت بینینم لە شەقام دەپەڕیەوە. لەوێ چاوەڕێی ژنەکەی دەکرد کە لە کۆمپانیای ئەفریقی نزیك وەزارەتی راگەیاندن فەرمانبەر بوو. قەیسەر قاتێکی خاکی سوکی هاوینەی لەبەردابوو. ئاخرین تیلەیەکی کە قەیسەرم دی، با لە داوێنی چاکەتەکەی دەدا و لێوارەکانی هەڵدەدایەوە. بۆینباغەکەی دەکەوتە سەرشانی و ئەو هەروا دەڕۆیشت تا لە نێو سەدان کەس لە ((باب شەرقی)) لە کاتی کۆتایی هاتنی دەوامی رەسمیدا لەنێو قەرەباڵغیدا بۆ هەتاهەتایە لە یەکتری

جیابووینەوە. دەتوانم ئەم شریتە بۆ دواوە بگێڕمەوە. بەرەو چەند دیمەنی تر کاتێك کە بە ئاسانسۆر دەهاتینەوە خوارەوە بۆ نهۆمی سەرزەوی ئەو چاوی لە بن سەقفی ئاسانسۆرەکە یان نوختەیەکی تر لە نێو ئاسانسۆرەکە بڕیبوو تاکو نیگای لە نیگای چاوی ئەو ئافرەتە جوانە نەکەوێ کە لەوێدا بوو. هەروەها دەتوانم زیاتر شریتەکە بۆ دواوە بگێڕمەوە کاتێك بە بێدەنگی راوەستابوو تاکو نۆرەی خۆی دێت و ناوی خۆی لە نێو دەفتەری دەوامدا تۆمار بکا. بەڵام دوایین نیگا کە ئێستاش هەر ئاوا لە نێو یادگەمدا بە زیندوویی ماوە ئەو دیمەنەیە کە لە کاتی پەرینەوە لە شەقام لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا لەبەرچاوم ون بوو، هەمیشە وەك دیمەنێکی خێرای ڤیدیۆ کە لەسەر شاشەکە رادەگیرێ، هەر ئاوا بێ جووڵە وەکو هەموو شتێك مردبێ، دێتەوە بەرچاوم.

هەورەکو لە پێشاندا باسم کرد، بڕیاروابوو کە قەیسەر بێتە بارەگای رۆژنامە و لەوێوە بەیەکەوە بچینە باڵوێزخانە کە لە نزیك پەیکەری (جوندی مەجهول) بوو. تا کاتژمێر 8 چاوەڕێم کرد بەڵام نەهات. من و هاوڕێ حسین حەیدەر رێککەوتین کە خۆمان بچین. ئێمە وامان گومان دەکرد کە لەوانەیە لەگەڵ داواتکراوانی تردا پێش ئێمە چووبێتە ئەوێ، یان لەوانەیە پارێزگاری دهۆك چووبێتە سەردانی بۆیە نەیتوانیوە بێت چونکە پارێزگاری دهۆك ئەو رۆژانە بە هۆی هێندێك کاروباری رەسمییەوە لە بەغدا بوو و خوالێخۆشبوو قەیسەر پێی گوتبووم کە پارێزگار دەیەوێ سەردانی بکا. کاتێك لەگەڵ حسین گەیشتینە باڵوێزخانە و لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرچاوی کۆمەڵگای بەغدادا لەوانەی کە بۆ ئەوێ داوەتکرابوون لە باخچەی دواوەی بیناکە تێکەڵ بووین و پاش چەند خولەك مێژنووسی زانا جان فییەی دومینیکانیم بینی پرسیارم لێکرد ئایا قەیسەرت نەدیوە؟ گوتی ((نەمدیوە)). پاش نیو کاتژمێری تر تووشی بەرێز عەبدولئەحەد (یەکێك لە خزمەکانی قەیسەر) هاتم، پرسیارم لێکرد و وەڵامیدامەوە کە چاوی پێنەکەوتبووە. ئیتر وا قەناعەتم هات کە دیارە بەهۆی سەردانی پارێزگارەوە دواکەوتووە. من و کاك حسین حەیدەر تاکۆتایی ئاهەنگە دیپلۆماسیەکەماینەوە و پاشان لێك جیابوینەوە و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.



بەیانی زوو ژنەکەی قەیسەر لەگەڵ براکەیدا هاتن لە دەرگایاندا. تەماشام کردنیشانەی غەم و نیگەرانی بەسەر روخساریانەوە دیارە. یەکسەر پرسیاری قەیسەریان کرد و کە ژنەکەی گوتی چۆتە دەرەوە تا بچێتە باڵوێزخانە و نەگەڕاوەتەوە واقم وڕما. دەسبەجێ چوومە وەزارەتی بەرگری و کەرەنتینە و بەندیخانەی (جسر)م پشکنی، چونکە ئەو رۆژانە هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی خەڵك بەرێوەدەچوو، هەموو هەوڵەکانم بەبادا چوون. کاتێك گەڕامەوە بۆ دیوانی وەزارەتی راگەیاندن فەرمانبەری پرسگەکە پێی راگەیاندم کە پۆلیس دۆزراوەتەوە ئێستا لە (طب عدلی)یە. لە سەرەتادا تێنەگەیشتم مەبەستی چییە و ئەمەم بە مێشکدا نەهات کە (معهد الطب العدلی) ئەو جێگایەیە کە تەرمی مردووەکانی بۆ دەگوازنەوە. ئەمە مانای قەیسەر مردووە؟ من لەمە تێنەگەیشتم ئاهێکی ئۆخەی لە سینەم هاتەدەر، کاتێك بۆی روون کردمەوە لە بانگی گریانمدا. ئینجا چووم بۆ کڵێسای ((پاتری پیر)) تابوتێکی بریسکەداری تەختەم کڕی و چوومە ((الطب عدلی)) و تەرمەکەیمان وەرگرتەوە و بردمانەوە بۆ ماڵەکەی خۆی و خەڵکێکی زۆر کە بۆ ئامادەبوون لە ناشتنەکەی هاتبوون لە نێو باخچە فراوانەکەیدا کۆببوونەوە. دوو پاسی گەورە و هەروەها دوو ئۆتومبیلی بچوکم بەکرێ گرت و هاوارم لە خەڵکە کە کرد: ((کێ ئارەزوو دەکا بێت بابفەرموێ))[1] ئینجا بەرەو زادگای خۆی لە گوندی ((سێجێ))[2] لە نزیك دهۆك، کەوتینەڕێ. لەوێ یەك بەتالیونی تەواوی پێشمەرگە[3] چاوەڕێی کەژاوەکەیان دەکرد. و کاتێك گەیشتینە بەرماڵانی گوندەکە هەر لەوێوە تەقەکردن وەکو ماتەمینی کە نەریتێکی کوردییە لە کاتی پێشوازی کردن لە تەرمی گەورە پیاوانی میللەت بەرێوەدەچێ، تا گەیشتینە ناو گوندەکە و پیادە بووین، تەقەکردن پسانەوەی نەبوو.

شەوێکی رەش و یەکجار تاریك و شەوەزەنگ بوو. لە سەربانی ماڵەکان ئەوشەوەمان رۆژکردەوە. ماتەمی و غەمێکی گشتی باڵی دادا بوو و گەورەیی کارەساتەکە بەسەر روخساری هەمووانەوە دیاربوو. تەقەکردن پسانەوەی نەبوو. تەماشای گوللەکانمان دەکرد کە بەرەو ئاسمان دەچوون هەروەکو تیرە ئەستێرە

وابوون. من هێشتا هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە روویداوە تا ئەوەی کە بگەینە پێش گوندەکە لە دووڕیانی دهۆك. لەوێ یوسفی برای لە غەمباری و بێ ئومێدیدا هەوڵیدا خۆی بکوژێ. ئەو خۆی هەڵدایە بن ئوتومبیلەکە و هەوڵیدا کە ئوتومبیلەکە بۆدواوە بگێڕێتەوە. بەڵام توانیمان ژیانی رزگار بکەین و بە هەموومان توانیمان لە بن ئوتومبیلەکەدا بە زۆر رای بکێشینە دەرەوە.

بەیانی رۆژی دواتر بروسکەمان بۆ کوڕە مامەکەی دکتور شەمعون کرد و لە زاخۆوە هاتە ئەوێ و خۆشم چووم بۆ دهۆك و سەرۆکی تەندروستی دهۆك دکتۆر ئەحمەدم لەگەڵ خۆم هێنا و تابوتەکەمان کردەوە و لاشەکەیان تەماشاکرد[4]، بەڵام جگە لە شوێنەواری (تشریح) هیچ شوێنەوارێکی ترمان لەسەر لاشەکەی نەبینی، ئەو روخسارەی کە هەروەکو گوڵی سپێدە وابوو وێکهاتبۆوە و هەردوو دەستی و پەنجەکانی نەرم و بچوك ببوونەوە.

ئێمە لەبارەی مردنیەوە هیچ شتێکی ترمان نەزانی. کاتی نیوەڕۆ مەراسیمی رەسمی ناشتنەکەی بەرێوەچوو. لە کاتی دابەزاندنی تابوتەکە بۆ گۆڕەکەی پێشمەرگە کۆمەڵێك تەقەیان وەکو ماڵ ئاوایی لە پێشمەرگەیەکی هاوجۆری خۆیان کە تەمەنی لاوێتی خۆی لە رێگای دۆزی کوردستاندا بەخشی، کرد. پاشان گڵمان بەسەر گوڕەکەیدا بەجۆرێك کە شایانی رێز و ستایش بێ، کرد.

پاش تەواوبوونی مەراسیمی سێ رۆژەی پرسە گەرامەوە بۆ بەغدا و لەگەڵ سامی کۆبوومەوە. فەرمانی کرد کە لێکۆڵینەوەی تەواو لەبارەی هەلومەرجی کوشتنەکەی بکرێ. و من چەندین چاوپێکەوتنی لێکۆڵینەوەیم کرد کە بەو ئومێدەی بگەینە راستی. بەڵام هەموو بەڵگەکان ئاماژەیان بۆ جێ پەنجەی ئەمنی بەعسیەکان لە تەواوی تاوانەکەدا کرد کە هیچ شوێنەوارێکی لە پاش بەجێ نەمابوو. پاش ئەمە ئیتر وەکو باڵندەیەکی باڵشکاوم لێهاتبوو کە هیچ پێم رانەگاو دڵم بە هیچ سەبوری نەیەت. ئیتر ئاوا مامەوە و لەگەڵ ئەو دیمەنە راگیراوەی بەرچاوم لە ململانێدا بووم و بەدەست لە دەست چوونی گیانی هاوڕێیەتی قەیسەرەوە دەمناڵاند.



## پەراوێزەکان

1- حیزب هەموو خەرجییەکانی سەفەر و پرسە و شتەکانی تری دابین کرد.

2- گوندی سێجێ ((شیوز)) دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای شاری دهۆك لە دووری چەند کیلۆمەترێك لە باکوری شاری سیمیل.

3- بەرێز عەلی خەلیل فەرماندەی هێزی دهۆك هاوڕێی شەخسیی قەیسەر بوو. ئەو فەرمانی بە یەکێك لە بەتالیونەکانی هێزەکەی کردبوو کە بۆ پێشوازی لە تەرمی قەیسەر بەرەو گوندی سێجێ بجوولێن.

4- لەو کەسانەی لە کاتی کردنەوەی تابوتەکە لەوێ ئامادەبوون جگە لە خۆم، دکتۆر ئەحمەد سەرۆکی تەندروستی دهۆك، دکتۆر شەمعون بەرێوەبەری تەندروستی زاخۆ و بەرێز ئیبراهیم وریناییی خاڵی خۆلێخۆشبوو قەیسەر، بوون. تابوتەکەمان لە کڵێسای مارگورگیس کردەوە پاشان لە گۆشەیەکی باکوری رۆژهەڵات لە بێلایی کڵێساکە بەخاك سپێردرا.

## 11

# شێری کوردستان

زۆرم لەبارەیەوە بیستبوو، لەبارەی ژیان و گیانبازییەکانیشیەوە شتم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا خوێندبۆوە بەڵام بینینی خۆی شتێکی تر بوو. یەکەم جار لە هاوینی 1969دا چاوم پێکەوت کاتێك کە یاوەریی تیمێکی تەلەفزیۆنیم دەکرد بۆ بارەگای هاوینەی لە حاجی هۆمەران. ماوەی نیو کاتژمێرێك یان نزیکی ئەوە لە ژوورێکی بچووکدا چاوەڕێمان کرد بەڵام ئەم چاوەڕوانییە وەکو ماوەی زەمەنێك درێژەی کێشا. هەر جارێك یەکێك لە پاسەوانەکان لە درزی دەرگاکەوە تێدەپەڕی وامان دەزانی ئەوە خۆیەتی کە دێت. ژوورەکە بچووك بوو. هێندێك کەل و پەلی کەمی تێدابوو. سەر دیوارەکان وێنەیان پێوە نەبوو تەنیا نوسینێکی لەسەر بوو دەڵێ «أعرف نفسك» کە لە ئەرستۆی فەیلەسوفەوە وەرگیرابوو. نوسینەکە لە چوارچێوەیەکی سادە گیرابوو. هەروەها نوسینێکی تری لێبوو کە لە سەفەرەکانی مەزامیرەوە وەرگیرابوو نوسرابوو «رأس الحكمة مخافة الله». پەنجەرە ئاسنەکان کرابوونەوە و گەرچی لە چلەی هاویندا بووین بەڵام تیشکی خۆری دەمی ئێوارە وەکو تیشکێکی پاییزی دەهاتە ژوورەوە. حاجی هۆمەران دەکەوێتە بەرزترین نوختەی شیوێکەوە جارێك بەرتەسك و جارێك بەرفراوان دەبێتەوە و بای ڕۆژئاوا وایلێدەکا لە نێوان دوو قەدپاڵەکەدا قەتیس ببێ جا بە پاڵەوپەستۆ بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە یان ئەوەتا بە توندی بەرەو خوارەوە دەچێ. کۆمەڵە پاسەوانەکە لە دەرەوە بوون و ئەوان لەو پەڕی ئامادە باشیدا بوون و تێبینی هەموو شتێکیان دەکرد، بەشێنەیی دەڕۆیشتن، کلاشینکوفە ڕەشەکانیان بە دەسك و قۆنداغی تەختەی زەرد و بریسکەدارەوە، لە نێو دەستیاندا بوو.

لەناکاو بارزانی هاتە ناو ژوورەکەوە. بەو قەڵافەتە چوار گۆشەیەوە ڕێك ڕاوەستا و گوتی: «یاخوا بەخێربێن!» بە زەردەخەنەوە و هەروەکو هاتبێتە لای



دۆستانی کۆنی خۆی، لەوانەشە هاتنە ژوورەوەی لەناکاوی بەهۆی ئەوە بووبێ کە پێڵاوێکی سادەی لە پێدابوو ژێرەکەی لاستیك بوو. دیقەتم لێدا زانیم کە پێڵاوێکی پاتەی سووری کۆنە و پێویستی زۆری بە ڕۆن و بۆیە هەیە. قەیتانە ئەسڵییەکەی خۆی نەمابوو لەجیاتی ئەوە داوێکی زبری لە خوری سپی لێ بەسترابوو. بەڵام دەلینگەکانی شەڕواڵە خاکییەکەی تاکو ئەژنۆی خستبووە نێو گۆرەوییە خورییەکانیەوە هەروەکو لە جێگایەکەوە هاتبێ قوڕ و دەوەنی چڕی تێدابووبێ. پشتێنێکی قاوەیی بەستبوو و لەسەریەوە خەنجەرە ڕەشەکەی و دارجگەرەکەی دیاربوو. دەمانچەکەشی بە پشتێنێکی چەرمین کە لەسەر پشتێنە کوردییە پانەکەیەوە کە بەشێوەی ئەڵقە ئەڵقە بەستبووی، لە لا تەنیشتی بەستبوو، بەشێکی گەورەی سك و سنگی بەریزە فیشەکدان داپۆشرابوو. وادیارە وەکو زۆر لە ڕۆڵەکانی هاوخوێنی خۆی واڕاهاتووە کە چەند چینێك جل لەبەر بکا.

ریشی تاشی بوو. زەردەخەنەیەك بەسەر ئەو سمێڵە کورتانەیەوە بوو، بڕۆکانی بە سەرەوەی ئەو چاوە گەورانەیەوە سوڕابوونەوە. قژی ڕەش و پڕی سەری، بە جەمەدانی سوروسپی داپۆشرابوو کە ڕۆژانە بە دەستی خۆی دەیپێچێتەوە و لە دوو جەمەدانی سوور و سپی پێکدێت. سەردەستەکانی کراسەکەی بۆ دواوە هەڵدرابوونەوە و هەردوو دەستی کە هێندێك گەورەبوون دیار بوون. هەردوو باسکی ئەستوری بەمووی چڕوپڕ داپۆشرابوون. مەچەکی چەپی کاتژمێرێکی کە ژمارەکانی گەورە بوون، پێوەبوو. قەڵافەتی بەدەنی وانەدەهاتە بەرچاو کە لە دەیەی شەشەمی تەمەنی تێپەڕیوە. ئەو قەڵەو یان لەڕولاواز نەبوو. کاتێك قەڵافەتی ڕێك ڕادەگرت سنگی دیار و فراوان دەردەکەوت و کاتێك زەردەخە دەیگرت بریسکەی ددانە زێرەکانی خوارەوەی دەردەکەوتن. لە بەرامبەرمان دانیشت و نیشانەی ماندوویی لێ بەدەردەکەوت چونکە هەروەکو گوتیان تازە لەبەرەی شەڕهاتبۆوە. هێندێك جار سەردانی ناوچەکانی شەڕی دەکرد تا بۆ خۆی سەرپەرشتی ڕەوتی شەڕەکان بکا و ڕێنوێنی و ئامۆژگاری بداتە فەرماندەی هێزەکان.

تیمە تەلەفزیونەکە لە هەموو گۆشەی ژوورەکەدا دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ئامێرەکانی. و چەند تاقیکردنەوەیەك کرا پاشان ئاماژە درایە سەرۆکی تیمەکە کە ئەو ئامادەیە. چاوپێکەوتنەکە دەستی پێکرد و رۆژنامەوانە تەلەفزیۆنییەکە پێشەکییەکی بۆ گوێگرەکانی لەبارەی ئامانجی لەو چاوپێکەوتنە باسکرد و کەسایەتی بارزانی ناساند و پاشان پرسیارەکانی خۆی ئاراستەی بارزانی کرد:

پرسیار: ئێوە دە ساڵە شەڕ لەگەڵ حکومەتە یەك بەدوای یەکەکانی عیراقیدا دەکەن. ئێوە ئامانجتان چیە و داواکاریتان چییە؟

وەڵام: ئێمە داوای شتێك ناکەین کە مافی خۆمان نەبێ، بەڵکو داوادەکەین کە حکوومەت بەس دەست درێژی بکاتە سەر گەلەکەمان.

پرسیار: ئایا پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستاندا دەکەن؟

وەڵام: نەخێر. ئێمە تەنیا داوای مافەکانی خۆمان دەکەین.

پرسیار: ئەو دەوڵەتانە کێن کە لەم شەڕەدا یارمەتی ئێوە دەدەن؟

وەڵام: کەس یارمەتیمان نادا. و ئێمە دەست بۆ یەکێك درێژ دەکەین کە دەیەوێ یارمەتیمان بدات.

وەڵامەکان زۆر پوختە بوون. وادەهاتە بەرچاوم کە رۆژنامەوانەکە لە تەنگژەدا بوو ئەو چاوەڕوانی وەڵامی درێژ و وردەکاری لە بارزانی دەکرد. پێشبینی ئەوەی دەکرد کە بارزانی درێژدادڕی لە وەڵامەکاندا بکا تاکو شریتە تەلەفزیونەکە تەواو دەبێ.

من زۆرجار ئاواتی ئەوەم دەخواست کە من لە جیاتی ئەو رۆژنامەوانە بام کە پرسیارەکانی دەکرد چونکە پرسیارە گرنگەکانیان نەدەزانی و پرسیاری پێویست تریان بەدوا پرسیاری تردا نەدەکرد. وەڵامەکانی بارزانی ئەوەندە کورت و هێندێك جاریش ئەوەندە تەمومژاوی بوون، کە پاش چاوپێکەوتنی بارزانی ناچار دەبووین کە راڤەیان بکەین و لێکیان بدەینەوە و بۆشاییەکانی بۆ رۆژنامەوانەکە پڕبکەینەوە. بارزانی هەرچەندە سەرکردەی گشتی شۆڕش بوو، زۆرجاران، هەرچەندە من کادرێکی سادە بووم لە شۆڕشدا، بەڵام لەبارەی دروستی



وەڵامەکانیەوە پرسیاری لێدەکردم. و زۆرجار پێش ئەوەی وەڵامەکان دابڕێژمەوە و بە کلێشەیەکی گونجاو بۆ رۆژنامەوانەکەی وەربگێڕم، لە نێوان خۆماندا لەسەر وەڵامەکان رێکدەکەوتین! هەروەها نەریتی وابوو لەبارەی پێشینەی رۆژنامەوانەکە پرسیاریدەکرد کە ئایا سۆزی لەگەڵ دۆزی کورددا هەیە پاشان پرسیاری لەوە دەکرد کە ئایا لە جێگەی مانەوەکەی خۆی ئاسودەیە و ئایا سەردانی هیچ کام لە بەرەکانی شەڕی کردووە و شتی لەمبابەتە.

نەریتی بارزانی ئەوە نەبوو کە درکاندنی لەناکاو رابگەیەنێ و یەك تاکە جاریش کلێشەی ئامادەکراوی سیاسیی بەکارنەهێنا هەروەکو سیاسەتوانە پیشەییەکان لە بەردەمی کامیراکانی تەلەفزیوندا دەیکەن. وەڵامەکانی بارزانی کورت بوون و وا نەدەهاتە بەرچاوت کە قسە لەگەڵ سیاسییەکی پیشەییدا دەکەی. سیمای واقیعی تێدا بوو و لە شیکردنەوەی تیوری و خوێندنەوەی تیوری بەدەربوو بەڵکو لە واقیعی حاڵەوە و لە ژینگەی لادێی کوردستانەوە هەڵقوڵابوو. هەندێك جاریش بەرگێکی ئایینی بە بەردادەکرد. هیچ دەرفەتێکی بەسەردا تێنەدەپەڕی کە لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا باسی ئەو «زوڵم و غەدر و دەستدرێژی»یە نەکا کە گەلی کوردستان لەسەر دەستی حکوومەتە یەك لە بەدوایی یەکەکانی عیراقییەوە بە دەستییەوە دەناڵێنێ.

ئەو هەستێکی ناسکی لە بەرامبەر دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان گشت هاووڵاتیاندا، تێدا بوو. و هەمیشەش دوبارەی دەکردەوە. متمانەیەکی قووڵی بە خۆی و بەتواناکانی گەلی کورد هەبوو. قوربانییەکانی شەهیدان و خێزانەکانی ئەوانی بەتایبەتی ئەو پێشمەرگانەی لە کاتی شەڕەکاندا شەهید بوو بوون بە جۆرێکی بەرز ستایش دەکرد ورێزی بۆ دادەنان. هەمیشە بەناو یادی دەکردنەوە و شتێکیشی لەبارەی ئەو هاوڕێ دێرینانەی خۆیەوە کە لە ژیانی پڕ لە هەوراز و نشێوی ئەودا بەشدارییان کردووە، بۆ گوێگرەکەی دەگێڕایەوە. هەر بە سروشتی خۆی کەم دوو بوو، بەڵام کە لەگەڵ کەسێکدا رادەهات بەلێشاو دەدوا یاخود لە هێندێك کاتی دیاریکراودا یان لەگەڵ ئەو

کەسانەی کە خۆی هەڵیدەبژاردن. لەبەرامبەر پرسیاری بەرامبەرەکەی پەندی دەهێنایەوە و بەسەرهاتی دەگێڕایەوە تا سەرنجی گوێگرەکەی بۆ نوختەیەکی گرنگ رابکێشێ. نە بەدگۆیی و نەجێودان و نەدەنگ بەرزکردنەوە لە لای ئەو بوونیان نەبوو. ئیمانی بە حەتمییەتی قەدەر هەبوو. ئەگەر پرسیاری لێ بکرابایە بێ درێژدادڕی وەڵامیدەدایەوە. بەپێی توانا خۆی بەو کارانە هەڵدەستا کە پێویستی پێ بوایە و کەسی بۆ ئەو شتانە رانەدەسپارد. لە خواردن و پۆشاکدا خاکی بوو. و لە خۆبووردوو بوو. زۆر نمونە گێڕدراونەتەوە و چیرۆك باس کراون. بەڵام رەوان ترینیان ئەمەیانە کە مامۆستا حەبیب مەحمەد کەریم سکرتێری گشتی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کتێبی ((کۆنگرەی یادی نەوەد ساڵەی لە دایکبوونی بارزانی))دا گێڕاویەتیەوە. کە ئاماژە بۆ نامەیەکی بارزانی دەکا کە بۆ بەرێز عەبدولڕەحمان بناڤی لە 7ی ئازاری 1977دا ناردوویەتی و بە ئیمزای خۆی کۆتایی پێهێناوە کە بەم جۆرەیە ((خزمەتکارتان برای ئێوە مستەفا بارزانی)) ئێستا مایەوە بزانین بەرێز عەبدولرەحمان بناڤێ کێیە. ئەو یەکێك بوو لەو چێشت لێنەرانە کە خزمەتی بارزانییان کرد بوو.

بارزانی پاش چاوپێکەوتنەکە ماوەیەك رێ لەگەڵمان هاتە دەرەوە. لە رێگا لە نزیك ماڵەکەی توشی دوو لە پاسەوانەکانی بووین کە میوەیان لە حاجی هۆمەرانەوە هێنا بوو. بارزانی بانگی یەکێکیانی کرد:

بارزانی: محۆ، ئەوە بۆ نایە سەردانم تا پێکەوە شەترەنج بکەین؟

محۆ: تەمەنتان درێژ بێ. من کێم تابێمە سەردانی تۆ. تۆ سەرۆکی.

بارزانی: گوێتان لێبوو؟ ئەی پێم نەگوتن من سەرۆك نیم و ناشمەوێ ببمە سەرۆکی کەس!

* * * * * * * * * *

هێشتا مەرەکەبی رێکەوتنامەی 11ی ئازار وشك نەببۆوە کە لەگەڵ (روزی) ژنی رۆژنامەوان و دیپلۆماتکار ئریك رولو، بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی چوومە



گوندی دیلمان ((بارەگای زستانەی بارزانی)) ژنەکە لە بارەی تێبینیەکان و پێشبینیەکانی لەبارەی رێککەوتننامەی نوێوە پرسیاری لێکرد. لە کاتێکدا کە هەمووان مژدانەیان دەدا بە یەکتری و هیوایان بەوەبوو کە جارێکی تر شەڕ نابێتەوە و ئیدی کوردستان جارێکی تر تەقینەوەی تۆپ و قریشکەی بۆردومانی ئاسمانی و زیڕە و هاشەی فڕۆکەکان نابیستێتەوە، وەڵامی بارزانی وەڵامێکی نامۆ بوو و هەروەکو پێشبینی وابوو. بارزانی فنجانی چای بە دەستەوە بوو، و پێی گوت رێککەوتنەکە وەکو ئەو فنجانە چایە وایە، ئێستا مادام لەناو دەستمدایە سودبەخشە، بەڵام ئەگەر کەوتە خوارەوە هیچ سوودێکی نامێنێ. ژنەکە بە هەست و زیرەکی خۆی پەی بەوە برد کە ئەو لەگەڵ مرۆڤێکی واقیعیدا قسە دەکا. من وادەهاتە بەرچاوم کە ئەو هانا لە غەیبەوە وەردەگرێ. ژنەکە کەوتە سەر پرسیار کردن لەبارەی حاڵ و باری تایبەتی خێزانەکەی. بارزانی بە هەموو راشکاوییەکەوە لەبارەی هەموو شتێکەوە وەڵامیدایەوە. تەنانەت لەبارەی ژمارەی کوڕەکانی هەروەها پێی گوت کە بچوکترین کوڕیان ئێستا تەمەنی تەنیا سێ مانگە. ئینجا چیرۆکی ئەو رێپێوانە گەورەیەی بۆ گێرایەوە کە لەگەڵ پیاوە ئازاکانیدا ئەنجامیاندا تا گەیشتە رووباری ئاراس و پەڕینەوە، هەروەها لەبارەی تاکتیکەکانی لە جەنگی پارتیزانیدا شرۆڤەی بۆ کردین کە چۆن لە ناکاو لە لاوازترین خاڵی دوژمنیان دەدا تاکو ترس بچێتە دەروونی هەموو خاڵەکانی دیکەیەوە. ئەو لە شرۆڤەکانیدا زۆر شاکار بوو و دەقاودەق منیش قسەکانم وەردەگێڕا.

من وا راهاتبووم، پاش هەر دیدارێك لەگەڵ بارزانی، لەبارەی سەرنج و بۆچوونیانەوە پرسیار لە رۆژنامەوانەکان بکەم. و لەبارەی رەوتی چاوپێکەوتنەکەوە پرسیاریان لێبکەم. ئەوان هەر هەموویان بە دیپلوماسیەت و زرنگی لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەتایبەتی لەوانەی پەیوەندییان بە پەیوەندییەکانی شۆڕش بە دەوڵەتانی دراوسێ و یارمەتی دەرەوە و ئاسایشی شۆڕشەوە هەبوو، سەرسام بوون. هێندێك جاران سەختگیرییەکم لە بەرچڤەکردنی پەندەکانی کە لە واقیعی کوردستانییەوە هەڵقوڵابوون، بە جۆرێك کە لەگەڵ

عەقڵیەتی ڕۆژئاوادا بگونجێ، بۆ دەهاتە پێشەوە. دێتەوە بیرم جارێکیان پرسیارم لە هێندێك ڕۆژنامەوانی ئەمریکی کرد کە لە ئیستگەی ئەی. بی. سی بوون کە تێبینیان چییە؟ یەکێکیان گوتی: ((بارزانی مرۆڤێکی ڕاستگۆیە و درۆناکا ئەو بە پێچەوانەی نیکسون سەرۆکی ئێمەیە)) مەبەستی ئاماژە بوو بۆ ڕیسواییەکەی وترگیت کە ڕۆژ بە ڕۆژ بۆگەنی زیاتر بڵاودەبۆوە. هێندێك ڕۆژنامەوانی تر لەوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سەرۆکەکانی دەوڵەتان و حکووماتی زۆر ئەنجام دابوو پێیان گوتم کە لە کاتێکدا لەگەڵیدا دانیشتبووین بە ڕادەیەك هەستمان بە کەسایەتی بەهێزی ئەودەکرد کە لە نێو پێشەوایانی ئەمڕۆکەدا هاوتای نییە و ئەو پیاوێکی بەهێز و سەخت گیرە و لە تەرزی ئەوانەیە کە چیرۆکەکان و ئەفسانەکان دەیگێڕنەوە.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

لە هاوینی 1971دا بارزانی هەستی بە ئازار لە ددانەکانیدا کرد، کاك دارا توفیق لە دوای ناردم و ڕەوانەی کاك سامی عەبدولڕەحمانی کردم و پێی گوتم کە دەیەوێ کارێکی تایبەتیم پێبسپێرێ. دەبوایە من بە کردارێکی نیمچە فڕاندنی نهێنی هەڵبستم کە بۆ دکتور عەلی ئەحمەد عوسمان (برای دکتۆر مەحمود عوسمان) و یاریدەدەرەکەی کە پزیشکێکی نەمساوی بوو لە کۆلێژی پزیشکی ددان لە بەغدا کاری دەکرد. دەبوایە من لە بەغداوە بیانهێنمە دەرەوە و بیان بەم بۆ حاجی هۆمەران بۆ چارەسەرکردنی ددانەکانی بارزانی. ئوتومبیلێکم لە یەکێك لە خزمەکانم بەکرێ گرت کە پیاوێکی نهێنی پارێز بوو و شەو چووم پزیشکە نەمساوییەکەم لەماڵەکەی خۆی کە لە ناوچەی ((مەسبەح)) بوو هەڵگرت و پاشان سوڕامەوە بۆ ماڵی دکتور ئەحمەد لە داودی. لە ڕێگا لافی ئەوەم لێدەدا کە یاوەری شاندێکی حکوومەت دەکەم. بۆ ئەم مەبەستەش ناسنامە ڕەسمییەکەی خۆم بۆ یاوەریی شاندەکانی حکوومەت بەکاردەهێنا. ئێمە تاگەیشتینە نوختەی بازگەی حاجی هۆمەران نەیانپشکنین لەوێ هێندێك لە کەسەکانی ئەوێ منیان



ناسی و تا بارەگای بارزانی لە حاجی هۆمەران لەگەڵماندا هاتن. ئێمە لە حاجی هۆمەران ماینەوە تا ددانەکانی بارزانی چارەسەکران و ئینجا دوای ئەوە بەهەمان ڕێگا گەڕاینەوە بۆ بەغدا.

پاش نسکۆی گەورە لە زستانی 1975، پەنامان نەما و بارزانی هیچ ڕێگایەکی لەوە زیاتر کە بچێتە کوردستانی ئێران، بۆ نەمایەوە. ئێمە نەماندەزانی چ چارەنوسێك چاوەڕێمان دەکا. ئەو ڕۆژانە پروپاگەندە بەسەر زاروزمانانەوە دەگەڕان. بۆیە بارزانی بڕیاریدا کوبوونەوەیەکی بەرفراوان ساز بکا. لە یەکێك لە گۆڕەپانەکانی شاری نەغەدەدا خێوەتێکی گەورە هەڵدرا، و کۆمەڵێکی بەرفراوان لە سەرکردە و پیاوانی حیزب و شۆڕش لەوێ ئامادە بوون. و جێگایەکی تایبەتی لە پێشەوەی خێوەتەکە بۆ بارزانی داندرا. ئێمە هەموومان دانشتبووین چاوەڕێی ئەومان دەکرد. کاتێك بارزانی هات هەمووان هەستانە پێ. ئەمە یەکەم جار بوو کە بەبێ خەنجەر و ڕیزە فیشەکدانەکانی دەمبینی. ئاماژەیان بۆ کرد کە لەو شوێنەی لە پێشەوەی خێوەتەکە بۆی داندراوە دابنیشێ. بەڵام ئەو ڕازی نەبوو و لەبەر دەرگای خێوەتەکە کە هێندێك کادری لێبوون، دانیشت. پاشان هەستایە پێ و وتەیەکی لەسەرخۆ و کورتی پێشکەش کرد کە تێیدا ئەو هەل و مەرجەی شرۆڤە کرد کە شۆڕش تێیدایە و هۆیەکان و ئەو پاڵنەرانەی ڕاڤەکرد کە بوونە هۆی نسکۆ و یەکەمین جاریش ڕەخنەی لە خۆی گرت.

لە بیرم دێ من پێش ئەوە بە دوو ڕۆژ لەگەڵ کاك دارا و هێندێك لە برادەرە نزیکەکانی چووینە ورمێ کە خێزانەکەی لەوێ دادەنیشت. زۆربەی ئەوانەی لەنێو ئوتومبیلەکە دانیشتبوون سەرکۆنەی ئەوەیان دەکرد کە چەپی کوردی بە دەوری خۆی لە پشتیوانی کردنی دۆزی کوردی، هەڵنەستاوە. کاتێك گەیشتینە ورمێ کاك دارا خۆی ئامادە دەکرد تا بەرەو عیراق بگەڕێتەوە. بەڵام کاك سامی هۆشیاریی دامێ لەوەی کە بگەڕێمەوە و چارەنووسی قەیسەری وەبیرهێنامەوە هەر بۆیە ماوەیەك لە ورمێ مامەوە و چاوەڕێی سەفەری تارانم دەکرد تا لەوێوە بڕۆم بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

ئەو دەمەی بارزانی لە واشنگتۆن بوو چەندین جار سەردانم کرد بۆ ئەوەی لە تەندروستی دڵنیاببم و هەر جار بۆ بینینی ئەو، دە کاتژمێر لە دیترۆیتەوە ئۆتومبیلەکەم لێدەخوڕی. هەموو جارێك بۆ یەکێك لە چێشتخانە ئاساییەکان داوەتی دەکردین تا لەگەڵ کاك محەمەد سەعید دۆسکی نانی لەگەڵ بخوێن. جارێکیان بەختم هێنای لە تەنیشت ئەوەوە دانیشم. بارزانی نیوەی خواردنی قاپەکەی خۆی کردە ناو قاپەکەی منەوە. پێم گوت:

ئەزبەنی ((گیانم فیدات بێ)) ئەوەندەی خۆمم بەسە! پێی گوتم: ((تۆ گەنجی و ڕێگایەکی درێژت لە پێشە. پێویستە ژەمێکی باش بخۆی بەر لەوەی بگەڕێیتەوە بۆ دیترویت!))

ئەمە دواین جار بوو کە بارزانیم دەبینی بەر لەوەی کە لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی دالاس لە واشنگتۆن تەرمەکەی بەڕێ بکەین بەرەو دواین ئارامگای خۆی.

گوزارشتگەلێکم بەسەر زماندا نایە، و زمانم ئەو دەسەڵاتەی نییە کە وەسفی ڕەوانبێژی و قوڵایی ئەو دەربرینەی بارزانی لە هەمبەر ئەو وتارەی کە خۆی بێ نوسینەوە لە 15ی نیسانی 1967 بۆ ئامادەبوانی کونفراسی پارتی دای. هیچ شتێك هێندەی ئەمە بەڵگە نییە لەسەر کەسایەتی و فەلسەفە و لێڕوانینی بۆ ژیان و دوارۆژی کوردایەتی و سیاسەتی ناوخۆیی. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

**وتاری سەرۆك بارزانی:**

ڕۆژی 15 نیسانی 1967 بارزانی لە کۆنفرانسی ئەفسەرانی پێشمەرگە و بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی سیاسی حزبدا ئەم پەند و ئامۆژگارییە بەنرخانەی لە وتارێکی مێژووییدا کردە سەرمەشقی هەموو کوردێکی ڕزگاریخواز.

ئەمەش دەقەکەیەتی:

**برایانی عەزیز: سەلامتان لێ ئەکەم**

زۆر ئیفتخار ئەکەم بەو کوڕی کوردانە کە لەم مددەتە زۆرەدا لە دەستپێکردنی شۆڕشمان حەتا ئەمڕۆکە هەموو ئەزیەت و ئازارتان قبوڵ کردووە: گەرما، سەرما، گرتن، کوشتن، بڕین... ئەو مێرانی و تەحمول و ڕەشادەتە



جێگەی فەخرە بۆ هەموو لایەکمان و بۆ تاریخی میللەتی کورد لە حارزیش و لە موستەقبەلیشدا. ئەوە کە تا ئێستە کراوە هەموو جێگەی فەخرن و مایەی ئەوەیە ئینسان دڵی پێ خۆش بێ و سەری پێ بەرزببێ.

ئەو پیاوەتی و غیرەت و ئازاتییە کە ئەو میللەتی کوردە کردوویە: ئەو بتولەت و شەرەف و ناموسە کە کوڕی کورد لەو شۆڕشە ئیزهاری کرد کە بە هەموو پەرێشانیی خۆی مقابلی ئەو هەموو غەدر و زوڵم و زۆرە کە لێیکراوە خۆی گرتووە مقاوەمەتی کردووە...

لەناو هیچ میللەتان و هیچ جێگەیەك ئەوە ڕووی نەداوە ئیلا لەم کوردستانەدا... ئەوەی کە بەسەر میللەتی کورد هاتوە خەڵکی خارج لە سەد چواری گوێ لێ نەبووە... بەڵام وڵاتانی خارج ئەگەر شۆڕشێك و بتولەتێك بێت ئەگەر چواربێ بەسەد نیشان دراوە... چونکە ئەوان خەڵك کۆمەکی پێ کردوون و وەسایلی دعایەیان هەبووە و لە سەریان بەجواب هاتوون. بەڵام ئەوەی لە کوردستان ڕووی داوە بەبێ کۆمەکی هیچ کەس و بەو سلاحی کەم مقابل قووەتێکی زۆری غەددار و زاڵم ئەو چەند ساڵە مقامەوەت کراوە و سەبر و تەحەمول کراوە بۆ کەس ڕووی نەداوە و ئەوەیە کە ئێمە ئەبێ فەخر و ئیعتزاز بەو میللەتە بکەین چونکە ئەوەی ئەو میللەتە تەحەمولی کردووە لە تاقەتی بەشەر خارجە... وە هەروەك هەزار جار گووتومە ئەو فەخر و سەربەرزییە هەر بۆ ئەوانە نییە کە تقەنگیان لەسەر ملی خۆداناوە، بەڵکو هەموو فەلاحێکی کورد، هەموو ئافرەتێکی کورد و پیر و جوان و منداڵی کورد هەموو لەو بتوڵەتە بەشدارن و لەو سەروەرییە هەموو کەس زۆر ئەزیەتی دیتووە و عەزابی بەسەرهاتووە...

برایانی عەزیز: هەموو سەورەیەك و هەموو حەرەکەیەك لە دنیا دێتە کرن بۆ خزمەتی میللەت، لازمە ئەو کەسانە کە ئمووری ئەو میللەتە لە دەستیان دایە تەنها مەسالحی میللەتەکە بدەنەبەر نەزەری خۆ و هەموو ئەنانیەت و مەسالحی شەخسی لە بیری خۆیان بەرنەدەر و هەرچی کارێکی بۆ مەسڵەحەتی میللەت بێ ئەگەر بۆ نەفسی ئەوانیش خۆش نەبێ لازمە ئەوە بکەن و لە دووی

هەوای نەفسی خۆیان نەڕۆن... جا من لێرەدا کە ئەمەوێ چەند شتێکتان بخەمە بیر وا حیساب مەکەن ئینتقادی شەخسەکی موعەییەن دەکەم... نابێ واش بزانن کە من ئینتقادی کەس ناکەم... من لەو نوقتانەدا کە ئەڵێم ئینتقادی خۆشم ئەکەم ئەگەر کارێکی وا بکەم بۆ سەورە و بۆ میللەت زەرەری هەبێ... ئێمە ئەبێ وەزیفەی خۆمان زۆرباش بزانین ئەگەر مەسئولێکی شۆڕش بۆ مەسڵەحەتی شۆڕش کار نەکا و ئیهمال لە وەزایفی خۆبکا ئێمە خۆمان ئەبین بە دوژمنی خۆمان و خزمەت ئەکەین بە دوژمنی میللەتەکەمان... ئێمە ئەبێ تێبگەین میللەت مەعنای چییە؟ ئیتفاق مەعنای چییە؟ کوردایەتی یان قەومیەت مەعنای چییە؟ ئەو مەسئوولەی کە بۆ مەرامی شەخصی واز لە مەسڵەحەتی سەورە بێنی... یان بۆ کیسەی خۆی و بۆ ئیستفادەی پارە... یان بۆ تەفاخورێکی بەدەم. محاوەلە بکا... یان ئیتاعەتی ئەوامر نەکا و لە نیزام دەرچێ... ئەو کەسە نەکوردە و نەخزمەت بەسەورە دەکات.

مەسەلا: ئەگەر لجنەیەکی مەحەلی لێرە دابندرێ، لجنەیەکی مەحەلی لەو سەرە دابنرێ... ئەو لجنەی مەحەلی پێشوو لە جێگەی خۆی حەزبکا کە ئەم لجنەیە ناجح نەبێ هەر بۆ خاتری ئەوە بڵێن ئەوان باش و ئەمە خەرابن... ئەگەر ئامر هێزێك حەزبکا کە ئامر هێزێکی تر ناجحتر نەبێ تا بڵێن هەر ئەو ئامر هێزە باشە... ئەمە نەعەقڵە و نەقەومیەت. نەحزبایەتییە و نەسەوریەت. قەومیەت و حزبیەت و سەوریەت ئەوەیە هەموویان پێکەوە تەعاون بکەن بۆ مەسڵەحەتێکی عام بۆ شەعبی خۆمان. بەڵێ هەروەکو دوو هەزار کەس ئێمە قوربانیمان داوە وە بەشکم زیاتریش ئەوانە روحی خۆیان فیداکردووە بۆ خاتری ئەم میللەتە و ئەم وەتەنە. بۆ خاتری ئەم حقوقە، ئەم حقوقەش کە من هەزار جار گوتوومە: کە ئێمە لەو مەزلومیەتە کە بەسەرماندا هاتووە بە مرووری زەمان لەو مەزلوومیەتە دەرچین، ساحیبی هەقی خۆبین و بتوانین دوو قسە بکەین لە هەر شتێکی ببێ: عەقڵە، عیلمە، ئیدارەیە، خوێندنە. هەرچی کە عەلاقەی بەوڵاتی خۆمان هەیە. هەقی قەراراتمان هەبێ! هەقی رەفزمان هەبێ و بتوانین



وەکو ئینسان بژین. زوڵم نەبێ. ئەگەر زوڵم هاتە سەر ئێمە تەعەدامان لێ کرا دەستێکمان ببێ نەهێڵێ ملمان بگرن، بماخنکێنن... ئیتر رەجای من ئەوەیە هەمووتان پێکەوە بەدڵپاکی تەعاون بکەن و کارێکی وامەکەن ئەعمالی خۆمان ببێتە دژومنێکی گەورە لە داخلی خۆمان... ئەگەر ئێمە هەموو بەبرایەتی و بەتەعاونێکی موخلیس پێکەوە بۆ مەسڵەحەتی عام ماندووبین، هەر کەسە مەسڵەحەتی کوردستان و سەورە زیاتر لە مەسڵەحەتی شەخسی و عەزەمەت و فایدەی زاتی خۆی دەنەزەر بگری هیچ قوەتێك ناتوانێ هەق بە ئێمە نەدا و کەس ناتوانێ زوڵم لە میللەتەکەمان بکا.. کاکی خۆم ماڵی دنیا ئەوەندە ناهێنێ کە ئێمە بۆ خاتری خواردنێکی خۆش یان جێگەیەکی نەرم واز لە شەرەفی قەومیەتمان بێنین و وەتەن و مەسڵەحەتی میللەتی خۆمان لە بیر بچێ... ئێوە بیر بکەنەوە ئەو میلونێرە زۆر دەوڵەمەندانەی کورد، کە یارمەتی سەورەی میللەتی خۆیان نەکردووە چەند لەبەر چاوی هەموو کەس رەزیل و پیس دیار ئەکەون. بە دەوڵەمەندی شەرەف پەیدا نابێ، پارە و دەوڵەمەندی ئەگەر بۆ مەسڵەحەتی میللەت سەرف نەکرێ مایەی سەرشۆڕی و رەزالەت ئەبێ... قەت لە تاریخ نەمان بیستوە مەدحی کەسەك بکەن بڵێن خواردنی زۆر خۆشی دەخوارد یان لەسەر جێگەی زۆر نەرم دەنوست! هەر تەنها ناوی ئەو کەسانە بەشەرەفەوە زکر دەکرێ کە بۆ مەسڵەحەتی عام بۆ وەتەن و میللەتی خۆ ئەزیەتیان دیوە و فایدەیان بۆ میللەتی مەزڵوومی خۆیان هەبووە... بەڵی هەر شەرەف و نامووس و ئیتفاق و برایەتی و کۆمەك بەیەك و دوو کردن ئەبێتە مایەی فەخر بۆ هەموومان... هەزار دەفعە من بە ئێوەم گوتووە هەرچی لە هەموان بچووکترە من خزمەتی ئەکەم. من رەئیسی کەس نیمە، ریاسەتی کەسیشم ناوێ... بەلام ئەمەوێ برای ئێوە بم، خزمەت بۆ ئێوە بکەم ئێوەش برای من بن و کۆمەکی من بکەن، پێکەوە ببینە کوڕی میللەت، خزمەت بە میللەت بکەین. حسی زاتی و ئەنانەتی بێ مەعنا و تەماعی دنیا لە خۆمان دووربخەینەوە... زیرەك و بەحەزەربین لە دوژمن، بەکاغەزەك، بە قسەیەك، بە درۆیەك، واقیعمان لە بیر نەچێت و حیلەمان لێ نەیەتە کرن...

تەقەدومیەت مانای ئەوەیە بۆ عیلم و عەقڵ و پیاوەتی و عیفەت و دەست و داوێن پاکی و راستی و بۆ خزمەت بە میللەت ماندوو بین... ئەو کەسەی کە بۆ ئەو شتانە محاوەلە نەکا ئەگەر هەر کەس بێت من بەتەقدومی نازانم و ئەو کەسەی تەماع لە ماڵ و ناموسی خەڵك و زوڵم و تەعەدا ئەکا و خوا و خەڵك لە خۆی نارازی ئەکا ئەوە قەت بە ئینسان حیساب ناکرێ.

برایانی عەزیز: رەجای من لە ئێوە کە کوڕی میللەتن ئەوەیە محاولە بکەن رۆژ بە رۆژ حزبەکەتان بەقوەتتر و منەزەمتر بکەن و هەموو لایەك تەعاونی لەگەڵ بکەن... ئەگەر حزب تەنزیماتی باش بێت و ئەمری زۆر بەباشی ئیجرا بکرێت مەعنای ئەوە لەشکریش و میللەتیش بە قوەتتر و باشتر دەبن. حزب یەعنی تەشکیلاتی هەموو میللەت، لەشکر و هەموو سنفێکی تریش جزئێکن لەو میللەتە، هیچ سەورەیێك بەبێ قیادەی حزبێکی مونتەزەم ناجیح نابێ ئەگەر ئەڵێم حزب مەعنا ئەوە حزبێکی موخلیس بە میللەت و مەساڵیحی میللەت لەبەرچاوی بێ نەك وەك ئەوانەی کە لە ماوەت بوون و زوڵمیان لە میللەت ئەکرد و ناوی خۆشیان نابوو حیزب... ڤێجا ئەگەر ئێمە بمانەوێ سەورەکەمان سەرکەوی لازمە تەقویەتی ئەم حزبەی هەمانە بکەین و هەمووومان من یان لەشکر یان میللەت بە ئیخلاس یاریدەی حزبەکەی خۆمان بکەین... نابێ کەسمان چاومان لە ریاسەت و گەورەیی ببێ... هەر کەس بتوانێ زۆرتر قابلیەتی هەبێ و بەرامبەر بەو قابلیەتە حزمەت بە میللەت بکا. میللەت بە رەئیسی خۆی دەزانی... ئەگەر من قابلیەتی ئەوەندەم هەبێ کە ئیدارەی 10 پێشمەرگە بکەم... بەڵام بمەوێ بمکەن بە سەرلق یان سەرپەل یا ئامر بەتالیۆن هەر بۆ ئەوە ناوەکەم گەورە بێ... ئەو رئاسەتە وەك لکەدارێکی وشك وایە کە ئەچمە سەری و ئەشکێ و لێی دەکەومە خوارەوە و ملی من ئەشکێ. پیاوەتی و خزمەتی سەحیح ئەوەیە کە هەر کارێك پێیان سپارد زۆر بە ئیخلاس بیکا و چاوی لەوە بێ خزمەت بەمیللەت دەکا. دڵپاکی و ئیتفاق لەگەڵ یەك و دوو شەرتە بۆ نەجاحەتی سەورە. ئەگەر ئەنانیەت و نیفاقمان لە بەین بێ ئەوە خزمەتە بە دوژمنی ئەکەین و دوژمنایەتییە لەگەڵ خۆمان و میللەتی خۆمانی ئەکەین...



ئەو کەسەی کارێکی بەدەستە و لە چەند کەسێك مەسئوولە لازمە لە ژێردەستەکانی خۆی زیاتر ئەزیەت بکێشێ ئەگەر یەکێك لە جەماعەتەکە برسییە... ئەبێ نانی خۆی بدا بەو، خۆی برسییەتی قبوڵ بکا چونکە ئەبێ گەورە تەحەمولی لە بچووك زیاتر بێ... ئەگەر من ناوی خۆم بنێم گەورە بۆ خۆم تێربم و بچووکتر لەبەرچاوی من برسی بێ من زۆر بە عارێکی گەورەی ئەزانم. بەڵام ئەگەر خۆم لە برسان بمرم و فەقیرێك لە برسیاتی خەڵاس کەم پێم شەرەفێکی گەورەیە... ئینسانیەت ئەوەیە قوربانی بە لەذایذ و خۆشی خۆت بدەی بۆ مەسڵەحەتی زەعیف و فەقیران...

ئێمە ئەگەر تەعاون و ئەو روحی تەزحیە و فیداکاریەمان نەبێ ناتوانین بەجدی خزمەتی میللەتی خۆمان بکەین... ئەبێ ئەوە بزانن کە ئێمە تەنیا بەسیلاح سەرناکەوین... بە پوول وەرگرتن سەرناکەوین... بە تاڵانکردن و جنێودان سەرناکەوین، بەدەست درێژکردن بۆ حقوقی خەڵك و بە کوشتن و بڕین سەرناکەوین... ئێمە وەختێك سەرئەکەوین کە هەموو دڵمان لەگەڵ یەکتر پاك بێ و گەورە و گچکە ئیحترامی یەك و دوو بگرن و هەر کوردێك قازانج و زەرەری هەموو برایەکی کورد بە قازانج و زەرەری خۆی بزانێ... هەموو بە راستی پێکەوە براین... تۆ شکای بە هاوارتەوە بێم، من برسی بووم تۆ لە نانی خۆت بەشم بدەی... ئەگەر موحتاجی کۆمەکی من بووی من موحتاجی کۆمەکەی تۆ بووم... بەهاواری یەك و دوو بێین. ئەبێ بۆ خزمەتی میللەت ئەنانیەت لە بەین نەمێنێ... تۆ کوڕی کوردی منیش کوڕی کوردم. من بۆ میللەت ئیش ئەکەم تۆش بۆ میللەت ئیش ئەکەی. لازمە ماڵ و ژیان و عەقڵ و عیلم و هەرچی هەمانە بۆ ئەو میللەتە سەرف بکەین... تا ئازادی بۆ بستێنین و دەستی دوژمنی غەدار و زاڵم لەسەری لابەرین... ئەگەر ئێمە ئاوا بە ئیخلاس و مەحەبەت بۆ میللەتمان سەعی نەکەین ئەبێ بزانین کە خزمەت بە دوژمن ئەکەین و مەسئوولی لای خودا و تاریخ و میللەت ئەبین... من زۆرجار ئەو حیکایەتەم کردووە ئێوەش گوێتان لێبووە: وەکو باوکێك و یان دایکێك دوو کوڕی ببێ و یەکی شەپڵە لێی

داوە و لە ماڵەوە کەوتووە... هەموو ڕۆژی بابە، دایە بمشۆ، بمبە، بینە، ببە. ساڵەك، دوو ساڵ... دایك و باوکی بەرەحمیش ئەڵێن: خوا موسیبەتەکی بۆ من هێناوە... یاڕەببی بە ڕەحمی خۆی لیم بستێنیەوە! چونکە لێی دەبێتە قورسی، ئەمەلی خێرشی پێ نەماوە، بەڵام ئەو کوڕی تر کە سەلامەتە ئەوی کە دایکی و باوکی ئیمکانی بێ پوولەك یا جلەك، لەو سەرف ئەکا. چونکە ئەگەر کوڕی مەلیکە ئەڵێ دەبێتە وەلی عەهد، ئەگەر کوڕی گاوانە ئەڵێ سوبحەینێ پیر ئەبم گاڕانەکە ئەبا بۆ دەرەوە نانەکم بۆ پەیدا ئەکا. ئەمەلی پێ ئەکا کە ئیستفادە لەو ئەولادەی خۆ ببینی... ئەگەر ئەویش وا تەسەور ئەکەن کەسێك لەلاوە یارمەتی بۆ ئێمە بکا.. ئەگەر ئێمە ئەو کوڕە بین کە شەپلە لێی داوە کەس مەرحەبامان لێ ناکا... بەڵام ئێمە کە بۆ خۆمان پیاوبین هەموو کەس دەستی یارمەتی بۆ لای ئێمە درێژ دەکا. پیاویش نەبین ئەو کەسانە ئەگەر دایك و باوکیش بن هەر دەفعەیەك کۆمەك ئەکەن، دەفعەی دووهەم سەلامیشمان لێ ناکەن. ئەگەر پیاوبین و هونەرێکمان بێ هەموو ئاواتمان جێبەجێ دەبێ... ئەو پیاوەتی و هێزە بە عەقڵ و عەمەل پەیدا ئەکرێ بەقسە هیچمان بۆ ناکرێ هەر بەدەم بڵێین وام کرد وا ئەکەم بەڵام عەمەلێکی دەگەڵ نەبێ فایدەی چییە؟ من ئەگەر ئەنانیەت و تەکەبر و حەسادەتم لە مقابل میللەتی خۆمدا هەبێ چۆن دەتوانم خزمەتی بکەم؟ ئەگەر کۆمەکی بە ئیخلاس بەیەکتر نەکەین... ئەگەر چیاش بین ئەرووخێین... کۆمەکی من بە تۆ بۆ خۆمە و کۆمەکی تۆ بۆ من بۆ خۆتە نابێ منەت لەسەر یەك و دوو بکەین. چونکە هەردووکمان بۆ میللەت و بۆ خۆمان ئیش ئەکەین و کۆمەکی هەموومان بۆ میللەتە کە ئێمەش کوڕی ئەم میللەتەین. من و تۆ برای یەکین و خەڵکی وەتەنێکین و مەسیرمان بەیەکەوە مورتەبتە. ڤێجا با بە ئیخلاس و برایەتی پاك هەموو دەست لە دەستی یەك و دوو بکەین و ئەو سەورەی کوردستانە کە هەروەك گوتم مایەی فەخرە و ئەوی میللەتی کورد کردوویە کەسێکی تر ئەمەی نەکردووە لە دەستمان دەرنەچێ و بەهرەیەك لەو هەموو ئەزیت و ماندووبونە وەربگرین.



من لە ژیانی خۆمدا تا ئێستە کە توانیبم لەگەڵ برادەر و دۆستانی خۆمدا ژیابم و ئموری خۆم: سیاسی یان عەسکەریم بەرێوەبردبێ و خوا لوتفی کردبێ لەگەڵ من و مابم هەتا ئێستە ئایا بەسەرفرازی یان بەسەرشۆڕی هەرچی هەیە خوا ئەزانی. ڕەفیقانیشم ئەزانن کە قەت خیانەتم لە ڕەفیقی خۆم نەکردووە، تەماعم نەکردووە، حوببی زاتیم نەبووە مقابلی ڕەفیقی خۆم. نانم لە گیرفانی خۆم داوە بە ئەو من تەحەمولی برسیاتیم کردووە، جلەکە داومە بە ڕەفیقی خۆم من تەحەمولی سەرمام کردووە. حەتا ئیمکانی ئەوە بووە کە لەگەڵ ڕەفیقەکانی خۆم چوومە جەبهە. من ئەوەل کەس بوومە سوال بکەن. ئەو جێگەی کە تۆپ و تەیارە لێی داوە، ئەو جێگەی کەس تێیدا ناژی من چوومە ئەو جێگەیە... ئەگەر لەشکری ئێمە لە پێشەوە هجووم هاتووە بۆی، من یەکەمین شەخس بووم جارەك و دوو نە و دە هەتا گەهیشتوومە ئەم حاڵە. لە پاش گەڕانەوەم بۆ عێراق ئیمکانی قووەتم نەما ئەگەر ترسەکە لە پاشەوە بووە من ئاخر کەس بووم هەتا ئاخیر نەفەس... بۆ؟ چونکە من خۆم لە کەس عەزیزتر نەزانیوە هەموویان بەشەرن وەکو من، هەموومان براین، ئەگەر بتوانین خزمەت بکەین، ئەو خزمەتە کە بەئێمە ئەڵێن خزمەتکار لە هەموو ناوی ریاسەت و گەورەیی باشترە و جێگەی فەخرە پیاو خزمەتکاری میللەتی خۆی بێ...

برایانی عەزیز: وەك لە پێشدا بۆ ئێوە گوتم ئەگەر حەز بکەین نەجاحەت وەربگرین ئەبێ هەموومان زۆر تابیعی نیزام و تەنزیم بین هیچ سەورەیەك بەبێ مراعاتی نیزام ناجح نابێ. ئەگەر ئەمرێك لە قیادەی حیزب دەرئەکەوێ، ئەوانەی ئەمرەکەیان بۆ ئەچێ گوێی لێ نەگرن... مەعنا ئەوە کودەبێتە فەوزاو هەر کەس بەمەرامی خۆی و ئەنانیەتی خۆ دەکا ئەوە وەخت ئەو کەسە جوابی ئەوامر نادات... لە جێگەی ئەوە خزمەت بە میللەت بکا دەبێتە دوژمنی میللەت و لە جاش گەلەك پیسترە...

هەگەر لە ماڵێکدا لەناو بەینی خێزانی عائلەکەدا گەورە و بچووك و نیزام نەبێ. کەس ئەوامری لە خۆ مەزنتر ئیجرا نەکات. هەر کەس تشتەك، پارەیەك

پەیدا بکا، و بخاتە بەریکی خۆ، بەشی باقی عائلە نەدا و هەموو بە تەعاونی یەك و دوو بۆ هەموو عائلە ئیش نەکەن... لەو ماڵە ئەبێ بە فەوزا و ماڵ بێ سەروبەر دەبی!

ئێمەش لەم سەورەدا خێزانێکی زۆرترین لازمە هەر کەس ئەوامری گەورەتر لەخۆ زۆر بە ئیتاعە جێبەجێ بکا... هەرچی پەیدا ئەکا بۆ مەسرەفی هەموو سەورە سەرف بکا. بۆ خۆ سوء ئیستفادە لێ نەکەت.... ئەگەر یەکێك موحاسەبە کرا نابێ عاجز بێ، هەرکەس پاك بێ لە موحاسەبە ناترسی... ئەگەر یەکەك بانگ بکرێ بۆ مەحکەمە نابێ بڵێ ناچم... لازمە هەق و حقووق ئاشکەرا ببێت. ئەوەی بڵێ ناچم بۆ محاکەمە توهمەت لەسەر خۆ ئیثبات ئەکا. ئەگەر یەکێك بە من بڵێ، وەرە مەحکەمە ئەچم... حاکم چی بپرسێ جوابی ئەدەم هیچ پێ عاجز نابم، ئەگەر گوناهەك و تەقسیرەکم نەکردووە... بۆ هەموو کەس دەرئەکەوێ من بەریئم و سەرفراز ئەبم.

ئینسان بە ئیتاعەی یاسا و ئەوامر جوان ئەبێ... ئێمە لازمە لە یاسایەك کە بۆ خۆمان داناوە.... دەرنەچین تا فەوزا نەبێ. ئەگەر یەکێکی مەسئوول... لە جێگەیەکەوە نەقڵ ئەکرێ بۆ جێگەیەك. نابێ بڵێی ئەوە ئیعتماد بە من ناکەن بۆیە نەقڵم ئەکەن... نا وانییە. ئەوە مەسڵەحەتی شۆڕش وای ئەوێ. مومکینە سوبحەینێ یەکی تر بێتە جێگەیەکی ئەو ئەویش بچێتە جێگەیەکی تر. ئێمە ئەبێ ئیتاعەتمان هەبێ، بۆ مەسڵەحەتی عام ئیش بکەین.

ئەبێ هەر کەس لەو سەورەدا ئیش ئەکا ئەووەل من، دوایی هەموو مەسئوولین. تا دەگا بە پێشمەرگەك تا عزوێکی حزب ئەوە لە بیرمان دەرنەچێ: ئەگەر دڵی گوندییەك، شوانێك، دوکاندارێك، ژنێك، منالێك عاجز بکەین، ئەگەر جنێو و، قسەی ناشیرین بە ئەفرادی میللەت بڵێین، ئەگەر هێلکەیەك، مریشکەك یان هەرچی پێ دەڵێن زەرەر بەغەدر و زوڵم لە میللەت بستێنین، ئەبێ بزانین ئەوە بۆ خۆمان دوژمنی میللەت و دوژمنی خۆمان ئەبین. ئەگەر دڵی میللەت لەگەڵمان بێ دوژمن هەزارجار قووەتی زیاتر بێ ناتوانێ بمانشکێنێ...



ئەگەر دڵی مللەت لەگەڵمان نەبێ... وەڵاهی بەئێوە بڵێم هەزار دەفعە لە ئێستە بەقووەتتر بین... دەشکێین و ناتوانین نەجاحەت وەربگرین... ئەگەر هەمووممان پێکەوە بۆ مەسڵەحەتی عام ئیش نەکەین و ئەنانیەت و حوببی زاتمان هەبێ خزمەت بە دوژمن ئەکەین بۆ مەحوی خۆمان...

برایانی عەزیز من هەروەك لە چل و پێنج و لە ساڵی شێست و هەمیشە گوتوومە و ئێستەش ئەڵێم: ئێمە شەڕی عەرەب و کورد ناکەین. نەك هەر ئەڵێم شەڕی عەرەب ناکەم... شەڕی هیچ قەومێك ناکەم. لەگەڵ هیچ میللەتێك لەسەر ناو: ئەمە زەردە، ئەمە سور، ئەمە رەشە، ئەمە شینە، ئەمە سپی شەڕ ناکەم... کورد و عەرەب برایێت یەکن وە ئەتوانن زۆر بەتەبایی و برایەتی و خۆشی و ئاشتی بژین. بەڵێ عەرەب برای گەورە و ئێمە برای گچکە، ئێمە ئەڵێین ئەوە عەدل و ئینساف نییە برای گچکە برسی و رووت بێ و نەتوانی بخوێنی و بۆ خۆ فێری شتێك بێ و نەتوانی رەئی خۆ لە ئیدارەی ماڵی موشتەرەکی خۆدا بەیان بکات، وە برای گەورە هەموو شتەکی ماڵەکە بۆ خۆ ببات! لازمە مراعاتی عەدالەت بکرێ، برای بچووك خۆ بەمەزڵووم نەزانێ و غەدر و زوڵمی لێ نەیەتە کرن... ئێمە لەگەڵ حکوومەت مخالەفە ناکەین ئەگەر حکوومەت نەکەوێتە دەستی ... و دزەکان! ئەوانەی کە خزمەت بۆ دوژمنی کورد و عەرەب ئەکەن. ئێمە لە سەورەی خۆمان مەسڵەحەتی عێراقمان ئەوێ... ئەوەل بۆ عەرەب ثانیەن بۆ کورد و بۆ هەموو خەڵکی عێراق. تورکمانە، ئاشوورە، ئەرمەنە، هەرکەس هەیە... ئێمە ئەمانەوێ حکوومەتەکی عادلی دیموکراتی بە ئینتخاباتەکی حور بەبێ زەغت و ئیکراه و زوڵم و تەعەددا لە عێراق هەبێ. یاسایەکی پڕ عەدالەتی واهەبێ کە میللەتی عێراق بۆ خۆی بۆ خۆ دابنێ.. هەر رۆژە عەسکەرێك نەڵێ: (قررنا مایلی) وە بە ئارەزووی نەفسی خۆ و ئەنانیەت حوکم لەسەر میللەتی عێراق بکا وە میللەت نەتوانی و نەوێری موحاسەبە بکات...

ئێمە هجووم بۆ کەسمان نەکردووە و هجوومیش بۆ سەر کەس ناکەین. ئێمە دفاع لە حقوقی شەرعی و لە ماڵ و ناموس و حەیاتی میللەتی کورد ئەکەین.

ئێمە قەت حەز ناکەین: خوێنڕێژی و کوشتار بکەوێتە ناوبەینی دوو برای عەرەب و کورد. چونکە شەڕ و کوشتاری ئێمەی کورد و عەرەب... خزمەت بۆ دوژمنانی عێراق ئەکات. ڤێجا ئومێدم ئەوە خودا عەقڵ و تێگەهشتن بخاتە سەری ئەوانە کە ئەیانەوێ شەڕمان لەگەڵ بکەن... با رەحمێکی بە میللەتی عێراق بکەن و چاویان لە زوڵم و تەعەددا لە میللەتی کورد نەبێ... تا بتوانین هەموو گەلی عێراق بەخۆشی و برایەتی و ئاشتی و عەدالەت بەیەکەوە بژین...

برایانی عەزیز: ئەبێ بزانین کە دنیا بۆ کەس نامێنێ و هەزار قەسری ئاڵتونیشمان هەبێ بەجێی ئەهێڵین و ئەچێتە ژێر خاك خوا لە قورئانا فەرموویە: (منها خلقناكم و فيها نعيدكم و منها نخزجكم تارة أخري) تەنها شەرەف و نامووس و ئینسانییەت لە وجودی بەشەردا قیمەتی هەیە. پیاو لازمە لە خوا بترسێ، خزمەتی قەومی خۆی بکا بە سەداقەت و ئیخلاس، شان بە شانی یەك و دوو، دیفاع و زدی زوڵم بکات، تابیعی عەدل و ئینساف و مساوات بێ لە بەینی عالەمدا. ئەگەر ئێمە ئیشی باش بکەین... لای خودا و خەڵك وون نابێ. وە ئەگەر ئیشی خەرابیش بکەین هەر وون نابێ. خوا تەعالا لە قورئانا فەرموویە: (فمن يعمل مثقال ذرة خيرا يراه و من يعمل مثقال ذرة شرا يراه).

ئیتر ئەمەلی من ئەوەیە ئینتقاد بۆ خۆتان قبول بکەن. ئیخزاعی ئەوامر بین، مەسڵەحەتی شەخسی لە دڵی خۆتان فڕێ بدەن، مەسڵەحەتی عام و خێری عام لەبەر چاوتان بێ، پێکەوە تەعاون لەگەڵ یەك و دوو بکەن... ئیتر ئەو هێندە ئەتوانم... بەخواتان ئەسپێرم... خوا کۆمەکی چاکە پێمان بکا...

12

# نەورۆزی بێ گوڵ و گوڵزار

هەڵوێست لەبەرەکانی شەڕدا بەجۆرێکی باش نەبوو، بەڵام ئێمە خۆشمان راگرتبوو چونکە جوڵانەوەی کوردی هەل و مەرجی حەستەم تر و سەخت و توندوتیژ تری لە رابردوودا چێشتبوو. ئێستا وای لێهاتبوو روون ببۆوە کە ئەو پلانە سەربازییەی کە بەرێوەبەرایەتی (حەرەکات) و سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عیراقی لەسەر ساخ ببوونەوە، لەگەڵ ئەوەی کە لە پێشاندا پشتیان پێدەبەست، زۆر گۆڕابوو. لە رابردوودا هەر یەکەیەکی سەربازی پارێزگاری لەو ناوچەیە دەکرد کە دەستی بەسەردا رادەگەیشت، و بەرگری لەوێ دەکرد. زۆر جار پێشڕەوی دەکرد یان دەکشایەوە و بەپێی هەل و مەرجەکە. لە زستاندا لە نێو سەربازگەکاندا خۆی مات دەکرد و زەربەی پێدەکەوت، و لە هاویندا پێشڕەوی دەکرد بۆ سەر جادە گشتییەکان و ناوەندی شارۆکەکان و شارەکان، بەڵام داگیرکردنی ناوچە دێهاتییەکان کارێك بوو کە هەرگیز سوپای عیراقی بیری لێ نەکردبۆوە کە دەست پێشکەری بۆ بکات.

لە هاوینی 1974دا گۆڕانێکی گەورە هاتە ئاراوە و پێداویستی نەخشەی نوێ وابوو کە سوپا زۆرترین ژمارەیەك کە لە توانادایە لە ئامێرەکان و تانکەکان و فڕۆکەکان کۆبکاتەوە و هێرشی خۆی لەسەر قوڵێکی دیاریکراو چڕبکاتەوە. ئەم نەخشەیە حاری یەکەم لە زاخۆ بەهۆی گرنگی سنورییەوە جێبەجێکراو پێشەنگەکانی سوپا گەیشتنە ناو زاخۆ و توانییان ئەو فەوجەی کە لەوێ گەمارۆ درابوو رزگار بکەن کە ماوەی دوو مانگ یان زیاتر پێشمەرگە ئازوخەیان دەدایە. و هێزی زاخۆ بەرەو ناوچە شاخاوییەکان پاشەکێشی کرد. من ئەمەم بە زیانێکی ستراتیژی نەزانی چونکە ناوچەی زاخۆ لە بارەگای سەرکردایەتییەوە دوور بوو و گەیاندنی ئازوخە و پێداویستی ژیان بۆ نزیکەی سەد هەزار کەس لە دانیشتوان و پەنابەرانی ئەوێ دوور بوو و کارێکی ئاسان نەبوو بە تایبەتی کە رێگای ئوتومبیل لە گەلاڵەوە بۆ ئەوێ و بە پێچەوانەشەوە، نەکرابۆوە، هەروەکو سنورەکانی تورکیا و



سوریاش بە توندی داخرابوون، جا بەم حاڵەوە شۆڕش چۆن دەیتوانی بژێوی شارێکی بەو قەبارە دانیشتوانەوە، دابین بکا و سەرباری ئەمەش دەبوایە پارتی هەڵبستێ بە ئەرکی بەڕێوەبردنی شارەکە لە رووی ئاسایش و باقی پێداویستییەکانی تری ژیانی رۆژانە. چۆڵ کردنی زاخۆ و شوێنەکانی تریش لە رووی تاکتیکییەوە هەرچەندە شوێنەواری لەسەر مەعنەویات دانا، بەڵام کارێکی راست بوو.

لەم لێڕوانینەوە ناوچەگەلێکی زۆر لەبەردەم پێشڕەوی کردنی سوپای عیراقیدا، بەهۆکارگەلێك لەوانە هۆکاری سەربازی، چۆڵکران، بەڵام لە مانەش گرنگتر هۆکارگەلی بەڕێوەبردن بوو چونکە شۆڕش ئەو توانایەی نەبوو بەرگری لە شار و شارۆکەکان لەسەر هێڵێك بکا کە سەدان میل درێژ بوو. لەبەر ئەوە رێگا بۆ سوپا ئاوەڵاکرا کە پێشڕەوی بۆ دهۆك و ئاکرێ و قەڵادزێ و شارەکانی تریش بکا کە لە رووی سەربازییەوە ستراتیژی نەبوو و دانیشتوانەکانی لەو حیزبییانەی کە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا ئاشکرابوون، هەڵاتن. ئەو چوار ساڵەی پاش رێککەوتنی 11ی ئازار، هەموو ئەوانەی کە لە هێڵەکانی حیزب و شۆڕشدا کاریان دەکرد، ئاشکرا کرد و جگە لەوە کە بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە بێنە ناو شۆڕشەوە چارێکی تریان نەما. وایلێهات ئەو قەبارە گەورەیە لە خەڵکانی پەیوەست بووی نوێ بە شۆڕش بەخۆیان و خێزانەکانیانەوە بارێکی گرانی لەسەر شۆڕش لە رووی بەڕێوەبردن[1] و دابینکارییەکانی ئازوخەوە دانا. هەمووان وایان وێنادەکرد کە

[1]- لە راستیدا تەنیا دابینکردنی ئازوخەو بژێوی نا، بەڵکو پاراستنی گیانی سەدان هەزار خێزانی کورد، لە خەڵکی گوندەکانی کوردستان و ئەو خەڵکانەش کە لە شارەکانی کوردستانەوە کە رژێم داگیری کردبوون، هاتبوونە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ بوو بۆ سەرکردایەتی شۆڕش. رژێمی بەعسی فەرمانڕەوا لە رێگەی بەکارهێنانی هەموو هێزی ئاسمانی خۆی جەنگێکی قەلاچۆکردنی گشتگیری تەنیا بۆ سەر پێگە و سەنگەرەکان و شەڕگەکان بەڕێوە نەدەبرد، بەڵکو هەموو گوند و ئاوایییەك و کاروانێك و هەموو ماڵات و گاڕان و تەنانەت شینایی و خەلەو خەرمانی کوردستانی دەسووتان. زۆرجار رۆژان بەشی پەلاماردانە ئاسمانییەکانی نەدەکرد، شەوانیش دەهاتنە سەر ئاسمانی کوردستان و بە پاراشووت رووناك کەرەوەیان بەکاردەهێنا تا پەلاماری دانیشتووان و کۆمەڵگای خەڵك و=

ئەمە گەشتێکی کورتخایانە کە ماوەیەك لە لادێ بەسەر دەبەن و پاشان وەکو خەباتگێڕێکی سەرکەوتوو هەروەکو ئەوەی پێش 11ی ئازار دەگەڕێنەوە بۆ ناوشار. لە بەرامبەر ئەو ژمارە زۆرەی ئەو هەموو خێزانانەدا، شۆڕش جگە لەوە کە داوا لە ئێران بکا کە بۆ دالّدەدانی ئەوانەی ئارەزوودەکەن لە سنور ئاودیو ببن، ڕێگایەکی تری نەدەبینییەوە. ئەم جارەیان وەکو جارانی رابردووش نەبوو چونکە جۆری

=کاروان و هاتوچۆی خەڵك بدەن و جەنگی قەلاّچۆکردن و جەنگی بێزارکردنیان بەیەکەوە پیادە دەکرد. رۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك شەهید و بریندار دەبوون.

پرسی کردنەوەی دەریچەیەك بۆ دابینکردنی پەناگەیەکی ئارام. گوشارێکی سیاسی نەتەوەیی بوو، کە دەبووایە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان مشووری بخواردبایە. ئەمە دەرهاوێشتەی دوو خاڵ بوو یەکەمیان: لەم شەڕی قەلاّچۆکردنەدا جیاوازییەك نەبوو لە نێوان شۆڕش و پێشمەرگە لەلایەك و گەلی کورد لەلایەکەی ترەوە. دووهەمیان ئەو ناهاوسەنگییە بوو کە لە ترازووی هێزی سەربازیدا هەبوو... سەرەڕای هەموو ئەمانەش باندی فەرمانڕەوا قسەی خۆیان بردەسەر کە لە ئاخرین گوتوبێژی دان و ستاندنەکانی ئازاری 1974دا بە شاندی کوردییان راگەیاند کە ئەوان ئامادەن بۆ ئەوەی دەستبەرداری تەوتێزە نەبن کە خۆیان بۆ کوردیان هەیە، هەموو تەنازولێکی پێویست لە ماف و سەروەرییەکانی عێراق بکەن و گوێیان لە وەڵامی شاندی کوردی نەگرت کە پێیان گوتبوون ئەگەر وابێ واباشترە تەنازول بۆ گەلی خۆتان بکەن و بەویژدانی خۆتاندا بچنەوە وەکو لەوەی تەنازول بۆ ئێران و شای ئێران بکەن. ئەوەبوو روحی تاکڕەویی و خۆ سەپاندن بەسەر ئیرادەی گەلانی عێراقدا، کوێری کردن و ئەوەی نەدەبووایە بیکەن کردیان و شەڕیان هەڵگیرساندەوە. شەڕێکی قەلاّچۆکردن و قڕکردنی گشتی، هەرچی چەکی کاریگەری وێرانکەر هەبوو بەکاریان هێناو ئەنجامێکی نەدانێ. کورد لە جێگەی خۆیدا پێی داچەقاند و خۆی راگرت... جارێکیتر ئەوەی نەدەبووایە بیکەن و نەدەشیا هەر بیری لێبکەنەوە کردیان و خاك و ئاوو سەروەری عێراقیان خستە هەڕاجەوەو رێککەوتنی ئابڕووبەری جەزائیریان بە باڵای خۆیان بڕی. لەڕاستیدا کە چرای ئەقڵ و حیکمەت دەکوژێتەوە و هەستی ویژدان و دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتمان خامۆش دەبێ و لە جێگەیدا گیانی شەڕەنگێزی و لەناوبردنی ئەوانیتر، زاڵ دەبێ، جگە لەو ئاکامە شتێکی دیکە چاوەڕوان ناکرێ.. هەر دەبوایە وابێ یان ئەو هەموو تراژیدیانە وەکو روویاندا، رووبدەن یان هەر لە سەرەتای ئەو وڵاتە کە ئیستعمار دروستی کرد و ناوی بۆ داناو کەسێکی بیانیشییان وەکو پاشا بۆ دیاری کرد، دەبووایە لەسەر بنەمای برایەتی و یەکسانی گەلان، چارەسەری کێشەی کوردستان کرابا. بەڵام مخابن هەروایە مێژوو ئەوەیە کە روویداوە نەك ئەوەی کە ئێمە دەمانخوازین. ((وەرگێڕ))



پەیوەست بووانی تازە، گۆڕابوو. پەیوەست بووانی تازە ئەمجارەیان لە جوتیارانی لادێ نەبوون کە دەیانتوانی ماوەی دوورودرێژ لە گوندەکان لە ژێر باری هەلومەرجی سەختدا لەگەڵ خێزانەکانیان بژین. بەڵکو دانیشتوانی شار بون کە خوویان بە ژیانێکی خۆش و گوزەرانی بێوەی گرتبوو. ئەمە بووە هۆی سەرقاڵ کردنی شۆڕش بۆ دابینکردنی بارەگای ئاسودە و حەسانەوە و دۆزینەوەی کاروباری کارگێڕی کە لەبنیدا دانەوی بوو، بۆ پڕکردنەوەی کاتی بێکاری و بەتاڵیی ئەوان. حکوومەت دەیزانی کە سەرقاڵبوونی شۆڕش بەو خێزانانەوە لە بەرژەوەندی ئەودایە لەبەرئەوە دەستی کرد بە پشکنینی ماڵی ئەوانەی کە چووبوونە ناو شۆڕشەوە بۆ ئەوەی خێزانەکەی بگوازێتەوە بۆ ناوچەی ئەودیو هێڵی بەرەی شەڕ، هەروەها حکوومەت خۆی فەرمانی پێدەکردن کە بڕۆنە دەرەوە بۆ ئەوەی لەوێ ببنە بار بەسەر شۆڕشەوە. هەر بۆیە نەخشەی حکوومەت نەخشەیەکی دیراسەتکراو و بەهێز بوو بۆ ئەوەی بەهەر نرخێك بێ شۆڕش لەناوبەرێ.

لەو شتانەی کە لەمبارەیەوە جێگای داخ و کەسەر بوون ئەوەبوو کە جارێکیان سەردانی یەکێك لە کامپەکانی پەنابەرانم لەگەڵ هێندێك لە رۆژنامەوانانی بیانیدا دەکرد، ئافرەتێکم لەگەڵ دوو کچی بچوکیدا بینی کە بەڕەچەڵەك خەڵکی تلکیف بوون بەڵام لە بەغدا دادەنیشتن. مێردەکەی سەفەری بۆ لوبنان کردبوو یاخود بۆ لوبنان هەڵاتبوو بەو هیوایەی کە لەوێ ڤیزای کۆچکردن بۆ ئەمریکا وەربگرێ و پاش ئەوەی لەوێ بنەجێ دەبێ دەست بکا بە مامەڵەی راکێشانی خێزانەکەی. حکومەتی عیراقی وای زانیبوو کە پیاوەکە بە شۆڕشی کوردەوە پەیوەست بووە، هەر بۆیە ژنەکەی و دوو منداڵەکەی لە ناوچەی شەقلاّوەوە فڕێ دابوو و چەند ریزتەقەی بەسەر سەریاندا تەقاند بوو تاکو بیان تۆقێنێ و ناچاریان بکا بەرەو شاخ رێگا بگرن و بە ژنەکەیان گوتبوو: ((مێردەکەت بەیاخییەکانەوە پەیوەست بووە و لەو چیایەیە، بڕۆ بۆ لای ئەو)). ئەم خانمە داماوە لەگەڵ دوو کچە بچووکەکەیدا چ ئازارێکی چێشتبوو تاگەیشتبووە نزیکترین بارەگای پێشمەرگە. چیرۆکەکەم بۆ مامۆستا جەرجیس

گێڕایەوە و قەناعەتم پێکرد کە لای کاك مەسعود هەوڵ بدات ئەم خێزانە لێقەوماوە بە یەکتری بگەنەوە. ئەوەبوو کاك مەسعود مۆڵەتی لە دەسەڵاتدارەکانی ئێرانی وەرگرت و ئەم ئافرەتە و دوو کچەکەی لەگەڵ نوێنەری پارتی بەرێز عەزیز شێخ رەزا کە خەریکی سەفەرکردن بوو بۆ ئەوێ، بەڕێ کران، ئەوەبوو لەوێ عەزیز شێخ رەزا توانی مێردەکەی کە ناوی میخائیل کساب بوو بدۆزێتەوە و خێزانەکەی بە ساغوسەلامەتی تەسلیم بکات. پاش چەند ساڵێك میخائیل کسابم لە دیترویت — مشیگان بینی، و داوای لێکردم کە سوپاسی ئەو بە هەموو ئەو کەسانە بگەیەنم کە یارمەتی خێزانەکەیان داوە و ئەو چاکەی ئەوان لە بیر ناکا.

ماوەیەکی زۆری پێنەچوو هەموو ئەوانەی کە خاوەنی پشوویەکی درێژ بۆ درێژەپێدانی خەبات نەبوون، لە ناوچە رزگاکراوەکانەوە گەڕانەوە بۆ ناو حکوومەت و هێندێکیان بوونە بە کرێگیراوی نوێ بۆ ئەمن و ئیستیخبارات، بەمەش دانیشتوانی نێو شارەکان تووشی بێ هیواییەکی گەورە بوون.

دەبوایە شۆڕشی کورد، بەپێی توانا لەسەر شەڕی پارتیزانی بمابایەوە، نەك شەڕێك کە پێشمەرگە بە چەکێکی کۆن و کەمەوە شەڕ لەگەڵ سوپایەکی بێ هەژمار کە نوێترین چەکی لە تانك و فرۆکە هەبێ و حکوومەتێکی دیکتاتۆری لە پشت بێ کە کەس نەیاری نەبێ و هیچ بەلایەوە گرنگ نەبێ کە کوردستان بە تەڕ و وشك و دانیشتیوانییەوە بسوتێنێ. ئایا سەدام لە چی دەترسا؟ ئایا پەرلەمانێك هەبوو متمانە لە حکوومەتەکەی وەربگرێتەوە یان ئایا جگە لە پارتی حیزبێکی تر هەبوو کە بەربەرەکانی لەگەڵدا بکا؟ سەدام بەلایەوە گرنگ نەبوو کە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجی خۆیدا هەموو سوپای عیراقی بەفەتارەت بدا. گومانیشی تێدا نییە کە هەر ئەمەش مەرامی ئەوبوو، ئەمەش لە جەنگی سەدام لەگەڵ ئێران و داگیرکردنی کوەیت و لێدان و تێسرەواندنەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ سوپای عیراقی ئاشکرا بوو!

شای ئێران بە زوویی لەم راستییە تێگەیشت لەبەرئەوە پشتی لە شۆڕش کرد و کارتی شۆڕشی لە دژی سەدام بەکارهێنا، هەروەها کارتی سەدان هەزار



پەنابەری لەوانەی لە پازدە کامپی پەنابەران دابوون، ئەمە سەرەڕای شوێنکەوتووانی تری شۆڕش کە لە شارەکانی ئێراندا بوون، بۆ فشار کردن لەسەر شۆڕش بەکارهێنا تا مەرجەکانی قبوڵ بکا و ئەنجامەکەشی دووقاتی ئەوە لە بەرژەوەندی ئەودا بوو. شای ئێران لە رێگەی لێدانی جولانەوەی کوردییەوە کە نەی دەویست وەکو خەنجەر لە کەلەکەیدا بێ، سولحی لەگەڵ سەدامدا ئەنجامدا.

ئێمە دەبوایە لەم خاڵەدا وریا بین. من دڵنیام کە سەرکردایەتی جولانەوەکە پەی بەوە بردبوو، بەڵام ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە بەردەمیدا بوون لە بەرامبەر ئەو لێشاوەی دانیشتوان و هەزاران پەنابەر و راکردوودا کە باری سەر شانیان گران کردبوو، هەڵبژاردنگەلێکی سنوردار بوون. ئێمە  دەبوایە پەیمان بەوە بردبایە کە پەیوەندی لە نێوان دەوڵەتاندا هەروەکو پەیوەندی نێوان کەسەکان وایە هەر چەندێکیش ئەو پەیوەندییانە بەهێز بن دواجار لەسەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەش دامەزراون و هەرپەیوەندییەکیش بەدەر لەم بنەمایە، مەحاڵە کە هەر ژێرکەوتوو دەبێ. لەبەر ئەوە پەیوەندیمان لەگەڵ سەدام و رێککەوتنمان لەگەڵیدا ژێرکەوتوو بوو چونکە لەسەر بنەمای پەیوەندی هاوبەش دانەمەزرابوو. لایەنی خاوەن بەرژەوەند لەو رێککەوتنەدا هەمیشە هەر لایەنی بەعس بوو و لە سەرووشیەوە سەدام. هەر بۆیە پەیوەندیشمان لەگەڵ شادا ژێرکەوتوو بوو چونکە ئامانجی شا بەکارهێنانی کارتی شۆڕش وەکو کارتێکی براوە لە مامەڵە لەگەڵ رژێمی حکوومەتێکی پیسی سەرکێشی دراوسێدا پاشان کۆتایی هێنان بە جولانەوەی نیشتیمانی کوردی بە جۆرێکی ئەوتۆ کە پاش ئەوەی ئامانجەکەی خۆی دێتەدی، ئاداری بەسەر پادارییەوە نەمێنێ.

ئێستا بابگەڕێینەوە و پاش ئەوەی قەناعەتمان بە تیوری بەرژەوەندی هاوبەش هات، لە خۆمان بپرسین: ئێران لە یارمەتیدانی شۆڕش چ قازانجێکی لە کۆتایی کاردا، دەست دەکەوت؟ ئایا تموحی ئەوەی هەبوو کە کوردستانی عیراق بخاتە سەر خاکی خۆی؟ لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێین ئەمە کاری کردن نییە چونکە هۆکاری ناوخۆیی بۆ ئەمە هەبوو لەوانە ئێران نایەوێ پێنج ملیون کوردی تر

بخاتە سەر ژمارەی کوردەکانی خۆی کە بە روانینی ئەو گیروگرفتیان بۆ دەنایەوە بەمەش کوردەکان دەبوون بە نەتەوەی سەرەکی لە ئێران، باوای دابنێین کە ئەمە خەونی شا بوو بۆ فراوان کردنی ئیمپراتۆریەتەکەی، بەڵام ئایا هەردوو زلهێزەکە پیرۆزباییان لەم کردەوە گەورەیە دەکرد کە دەشزانین ئەوان دژی دابەش دابەشکردنی هەر دەوڵەتێك و گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە بوون کە بە هۆی بوونی زێڕی رەش تێیدا ناوچەیەکی هەستیارە! باوای دابنێین کە شا و رۆژئاوا هەردوو لایان لەگەڵ گۆڕینی نەخشەی عیراقدا بوون، بەڵام ئایا یەکێتی سۆڤیێتی بەم کردەوەیە رازی دەبوو کە هەزار میل سنوری لەگەڵ ئێراندا هەیە، سەرەڕای بوونی پەیوەندی پتەو لەگەڵ رژێمی عیراق و زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی هەروەها پەیوەندی پتەوتریش لەگەڵ ئێران و ئاڵوگۆڕی بازرگانی کە لەگەڵ هەردووکیاندا دەگەیشتە ملیارەها دۆلار؟

کاتێك کارەساتەکە روویدا کەس پێشبینی نەدەکرد یاخود هەرخەونی بەوەشەوە نەدەبینی کە شتی ئاوا رووبدات و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکیش نەیدەتوانی مەوداکانی و ئاکامەکانی لێکبداتەوە و تەنانەت هێندێکمان هێشتا هیوای بەوە هەبوو کە ئێران دەریچەیەکمان لەو تەنگژەیە بۆ بدۆزێتەوە کە تێی کەوتووین. هێندێکی ترمان دڵی خۆی بە شیکردنەوەیەکی خواروخێچ تر دەدایەوە کە ئەمە گوایا نەخشەیەکە یان تەڵەیەکە شا بۆ سەدامی ناوەتەوە کە ئێمە ئامانجەکەی نازانین و گومانی نییە کە شا شتێکی لەناکاوی پەناداوە بۆ ئەوەی تڵیشەکەی خۆی پێ پینە بکا لە دژی سەدام بە قازانجی جووڵانەوەی کوردی.

کوردستان بەڕەوە گورگێك چواردەوری گیرابوو کە بەشێنەیی بەرەو رووی دەهاتن تا کە لەپاچەی بکەن و جەماوەریش واقی وڕماوە و نازانێ رێگای دەربازبوونی کامەیە. هێندێك کەس دەربازگەی لەوەدا دەبینی کە خۆی تەسلیم بە دوژمنی باشور بکا، لە دەمێکدا دەیزانی چارەنووسی رەشی بە دەستی خوێناوی ئەو دوژمنە چی دەبێ کە ماوەی پەنجا ساڵە دەستی لە خوێن رژتنی رۆڵەکانی هەڵنەگرتووە، پاڵنەری بنەڕەتی ئەوانە بریتی بوو لە نەفس بەرزی و



نیشتیمانپەروەرییەکی رووت بەو پێیەی کە خۆتەسلیمکردن بە دوژمنێکی ناسراو باشترە لە خۆتەسلیم کردن بە دوژمنێکی نەگریس کە رەوشتی ئەوەبێ لە پشتەوە خەنجەرت لێبدات. هەر چ شتێك روویدا و هاتە پێش، شتێك نەبوو لە بەرامبەر نیشتیمانپەروەری و دڵسۆزی بۆ عیراق. تەنانەت هێندێك لە پیاوانی سەرکردایەتیش لەم رێگایەوە رۆیشتن کە بە وتە و قسەی هەنگویناوی جەللاد تەفرەیان خواردوو و بوون بە قوربانی هەڵسەنگاندنی ناراستی سیاسی.

سەرسوڕمان و نیشانەی پرسیار لەسەر هەموو روخسارێکدا زاڵ بوو و نەخشی بەستبوو. ئەوەی لە هەموومان واقیعی تر بوو پرسیاری لەبارەی چارەنووسەوە دەکرد و هێندێکیانی بەرەو بێ هیوایی بە شۆڕش برد و خۆتەسلیمکردنی تەواوی بە جەللادی بەغدا هەڵبژارد. بە هەقیقەت جێگای داخ بوو کە ژمارەیەك لە سەرکردەکان کە لە لوتکەدا بوون نموونەیەکی خراپیان بۆ جەماوەر و کەسانی سادە و پێشمەرگە پێشکەش کرد و خۆیان تەسلیم کردەوە و گەڕانەوە تا ببنە خزمەتکار و کۆیلەی جەللادی بەغدا. و ژمارەیەکی گەورە لەوانە بەهۆی تیرۆری ئاشکرای حکوومەتەوە گیانیان لەدەستدا. لە پێش هەموو ئەوانەی کە بەم رێگایە گەڕانەوە بەڕێز سالح یوسفی و دارا توفیق و حەبیب محەمەد کەریم و شەفیق ئاغا و عەبدولی سۆران و سدیق ئەفەندی ئەندامانی کۆمیتەی و هەروەها زۆری تری گەورە پیاوان.

بەڵام هێندێکی تر بە پێودانگی نەتەوەیی و نەفس بەرزی قەناعەتی بەخۆی کرد کە خۆی تەسلیم بە حوکمی قەدەر بکا و وای بە پەسندزانی روو بکاتە رۆژهەڵات و باکوری رۆژهەڵات. و ئەوەی پێ باشتر بوو کە دیلێکی کەلەپچەکراو بەزنجیر بێت وەك لەوەی کە ببێتە کۆیلە و خزمەتکار. بەمەش باشترین سەرکردەکان بوونە دیلێکی بێ دەسەڵات و بێ توانا و جگە لە ملکەچی و گوێڕایەڵی چارێکی تریان نەبوو. میللەت پارچە پارچە بوو و وایلێهات سەرکردایەتی هەمووی کەوتە تاراوگە. کاك سامی لە وەڵامی نامەیەکدا کە لە پاییزی 1976دا کە حاڵ و وەزعی کوردستانم لێ پرسی بوو، هەروەکو ئەوەی

کاتێك نامەکەم دەخوێندەوە ئەو ئاهو ئاخەم گوێ لێبێ کە دەنگی دەخنکێنێ، ئەو لەو نامەیەدا کە ئێستاش لای خۆم هەڵمگرتووە، بۆی نووسیبووم: ((ان کردستان کعروسة حسناء وقعت بيد الأعداء و هي تأبى ان تستسلم لهم. كيف نتركها سليبة دون الذود عن حياضها...)) و لە نامەیەکی تردا بۆ کاری نیشتیمانی هانم دەدا و هەرچی لە توانامدا بێ بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نیشتیمانی و ریسواکردنی شێوازەکانی بەعس لە تاراوگەی ئەمریکی ئەنجامی بدەم... و پێویستە لەسەرمان کە رێگە نەدەین کوردستان بە دەستی دوژمنانی بمرێ. لە دەمێکدا ئێمە لە سەرفرازیدا بووین و لە خۆشییەکانی ئازادییەکانی تاکە کەس و خۆخوازیدا بەهرەمەندین نابێ رێگا بدەین نائومێد ببین... دەیگوت هەر دەبێ رۆژێك لەسەر خاکی کوردستان بەیەك بگەین... دوای چارەگە سەدەیەك ئەوەشمان بۆ هاتە دی.

لەو شەوە حەستەمانەدا، ئارەزووی هەرەخۆشم ئەوەبوو شەوانە گوێ لە گۆرانییەکانی کاوێس ئاغا بگرم کە یەکجار رەسەن و سادەن بەتایبەتی ئەوانەی کە تایبەت بە شەڕ و شۆڕەکانن. لە رێگای ئەم گۆرانییانەوە مرۆڤ دەرفەتی بۆ دەرەخسێ لە زۆر لە حاڵ و وەزعییەتەکانی کوردستان لە سەردەمی عوسمانی و کوژرانی خەباتگێڕان بە دەستی عەسکەر، ئاگادار ببێ. یەکێك لەوانە داستانێکی گۆرانییە کە بە شیعر ئامادەییەکانی میر پەنج بۆ شەڕی ماکۆی عەجەم و هانا بردنی بۆ براکەی، تێدا وەسف دەکا. پاش ئەوەی کە زۆر وەسفی پیاوەتی و ئازایەتی براکەی لە شەرەکانی پێشوودا دەکا، دەڵێ کە میر پەنج لەسەر بورجی کۆشکەکەی خۆیەوە تەماشای دەکرد و چاوی لە دوورەوە بڕی بوو تا کۆبوونەوەی سوپای ماکۆ و پێشڕەوی کردنی ببینێ و ئینجا بە هاوارکردنەوە هانا بۆ براکەی دەبا: ((عەسکەری ماکۆی عەجەم چوار هەزارە و سوپای برای خۆت بچوکە و دەرەقەتی نایە!))

**(عەسکەری ماکۆی عەجەم چار هەزارە)**

**(عەسکەری برای تە کەمەکە پێ نەکارە)**



جا پاش ماوەیەك لە دڵەڕاوکێ و نەهاتنی ئەو برایە بەهانای براکەی خۆی ((میر پەنج))، دووبارە دەچێتەوە سەر بورجەکە و هاوار بۆ براکەی خۆی دەکا: ((عەسکەری ماکۆی عەجەمی پێنج هەزارە و سوپای برای خۆت کەمە و دەروەستی نایە!)):

**(عەسکەری ماکۆی عەجەم پێنج هەزارە)**

**(عەسکەری برای تە کەمەکە پێ نەکارە)**

هەر ئاوا هات و هاواری ئێمە لەو رۆژگارە سەخت و حەستەمەدا بە گوێی کەس دانەچوو. ئەو داستانە کۆنانە داستانی تازەی خۆمانی وەبیرهێنامەوە کە چۆن پێویستە کورد تەنیا پشت بە خۆی ببەستێ چونکە جگە لە سەختی چیاکانی کوردستان نە برایان هەیە و نەهاوڕێی بەوەفا!

هەروەها قەسیدەی ((چەمی چەتەلی)) کە تێیدا وەسفی کوژرانی خەباتگێڕێك بە دەستی عەسکەر دەکا و هیوا دەخوازێ کە خاڵی بە هانایەوە بچێت: ((خۆزی خێزخوازەك جەوابەك بۆ خاڵی من عەڤدۆ ببرا!)) کە لەوێدا وەسفی ئەو جێگایە دەکا: لچەمی چەتەلی لدەشتی پورسینی لولاتی غەریبان و غوربەتان کاری خۆ بکە خاڵۆ!)) پاشان بە جۆرێکی وردتر باسی جێگاکە دەکا و دەڵێ دەشتێکە بە دەوەن داپۆشراوە: ((چەمەکە پڕ بنە، خاڵۆ)) پاشان وەسفی دەکا کە ((دەشتێکە بە کێڵگەی گەنم داپۆشراوە ((چەمەکە بگەنمە خاڵۆ. ئینجا هاواری خۆی بە قیژەیەك لە قوڵایی دڵیەوە کۆتایی پێدەهێنێ: ((دەستی من لە کەلەمچیدا دەڕزن، هاوارە خاڵۆ. هاوارە خاڵۆ...)).

بەهۆی نسکۆوە بیرم پەرت و بڵاوبوو. بۆ دڵنەوایی خۆم جگە لەو داستانانە و لە رابردوو رامان، شتێکی دیکەم نەبوو. بیرم لە چارەنووسی ئەوانە دەکردەوە کە گەڕابوونەوە بەردەستی جەلادی بەغدا و وام بەخەیاڵدا دەهات کە زۆریان لە نێو زیندانەکانیدا هەڵکورماون و ئەم داستانە دووبارە دەکەنەوە.

ئەو رۆژە رەشانە لەناو خێوەتە بچووکەکەی خۆم دەژیام کە لە بەینی چۆمان و دەربەند لە نزیك بارەگای سەرۆکایەتی ئەمانەتەکان لە لای باکوری شەقامەکە

بوو. هەروەها خێوەتێکی ترمان هەبوو کە هێندێك لە نوسەران و پیاوانی موخابەرە تێیدا بوون. شەو گوێمان لە ئیستگەکان رادەگرت. هەواڵەکانی کوردستان لە دەرەوەڕا بۆ ئێمە دەهات چونکە سەرکردایەتی سەرقاڵی کۆبوونەوە و ئامادەکاری بوو بۆ هێنانی گەورەترین ژمارە لە کادیران و جەنگاوەران بۆ ئەودیوی سنور، چونکە ئەو ماوەیەی کە بۆ ئێمە مابوو کورت بوو و دەنگوباسەکانی شەڕ بە جۆرێکی پچڕ پچڕ بۆ ئێمە دەهات. ئێمە چارەنووسی بەرە دوورەکانی شەڕمان لە بابەتی شەڕگەی لەشکری یەك، نەدەزانی. ئێمە هەر ئەوەندەمان پێگەیشتبوو کە سەرقاڵی پاشەکشێن بەرەو ناوچەی سەرکردایەتی. بیرکردنەوە لە دوارۆژ سەرقاڵی بەرو دوای هەموومان بوو. هێندێك لەوانەی کە لە گەڵ مندا کاریان دەکرد لەوانەی کە خەڵکی ناوچەکانی سلێمانی و ماوەت و سەید سادق بوون گەڕانەوە بۆ ئەوەی بە کەس و کاری خۆیان بگەنەوە. لەناکاو هەواڵی شەهیدبوونی خەباتگێڕ عیسا سوار فەرماندەی هێزی زاخۆ هەروەکو هەورە بروسکە لەسەری داین. ئەو کاتە وردەکاریی رووداوەکەمان نەزانی تا ئەوەبوو یارمەتیدەرەکەی خۆی کاك عیسا رەمەزان لە ورمێ پاش پاشەکشێ بۆی گێڕامەوە. کێشەی من ئەو کاتە بەسەر راگەیشتنی فایل و ئەرشیفەکانی ئەنجوومەنی ئەمەنەتەکان بوو. هەر بۆیە مۆڵەتم لە کاك سامی خواست کە رێگام بدات بیانسوتێنم. ئەویش رەزامەندییدا و ئەوەبوو هەموویانم بردە ژووری (حسابات) کە لەوێ سۆبایەکی تێدابوو، ئینجا بەستە بەستە هەڵم دەدانە ژوورێ تاکو ئاگر هەموویانی داگرت. کاتێك خەریکی ئەم کارە بووم کەسێکی بیانی بەژنباریك و باڵابەرز و سووروسپی جلی پێشمەرگەی لەبەردابوو بە ئینگلیزی پرسیاری لێکردم کاك سامی لە کوێیە پێم گوت: «نازانم لە کوێیە» پاشان لەبەرچاوان ون بوو. ئەو کەسە رۆژنامەوان نەبوو چونکە هەموویانم دەناسی. ئەو کێ بوو؟ لە کوێوە هات؟ ئەرکی چ بوو؟ تائێستاش ئەم پرسیارانە سەریان تاساندووم و وەڵامێکم پێ نییە.

دواین شەو کە لە کوردستان بەسەرم برد لە ژووری مامۆستا جەرجیس فەتحوڵڵا کۆببووینەوە. لە نێو ئامادەبواندا بەرێز «فاروق مەلا مستەفا»



سکرتێری حیزبی شیوعی «جەماعەتی قیادە» لەوێ بوو، ئەو جگە لە هاوشێوەی ناوەکەی لە نزیك و لە دوور پێوەندییەکی بە بنەماڵەی بارزانییەوە نییە. هەموو ئاخاوتنی ئەو داد و هاوار لە دەست وەزعەکە بوو، دەیگوت: «چۆن دەتوانین ئەم گەلە بە وەفایە بەجێ بێڵین؟ پێویستە بەرهەڵستییەکی چەکدارانە لەم شاخانە رێك بخەین» بەڵام ئیدی تازە کاتی ئەوە بەسەرچوو بوو. ئەو شەوەمان لای مامۆستا جەرجیس بردە سەر بێ ئەوەی کە بخەوین. لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا هەڵکورمام و ئەم دیو و ئەودیوم دەکرد و بیرم لە دوا رۆژ دەکردەوە. لە کاتێکدا بەو حاڵەوە جینگڵم دەدا و ململانێم لەگەڵ شەونخونیدا دەکرد کەڵەشێرێك بە بانگدانی خۆی پەردەی بێدەنگی ئاسمانی لەرزاندەوە و لە لای باشوری گوندەکەوە کەڵەشێرێکی تر وەڵامی دایەوە، پاشان کەڵەشێری سێیەم و ئینجا هی چوارەمیشی بەدواداهات کە نازانم لە چ ئاراستەیەکەوە لە رۆژهەڵات یان رۆژئاوایەوە بوو، خەیاڵ هەڵیگرتم بیر لەو مریشکە داماوە خەوتوانەی تەنیشتی بکەمەوە! گوناهی ئەوان چییە تا ئەو کەڵەشێرە کەلەپووتە بەو کاتی شەوە لە خەو هەڵیان بستێنێ و لەو خەوە ئارامە بێبەشیان بکا؟ پاشان بیرم لە وەزیفەی کەڵەشێر کردەوە کە ئایا تۆ بڵێی مانایەکی هەبێ! ئایا بۆ هەستان بۆ نوێژ کردن ئەم وەزیفەیە بەجێ دەهێنێ یان بۆ ئەوەی بەبیریان بهێنێتەوە کە ئەو کەڵەشێرە؟ بیرکردنەوەم پاڵی پێوەنام بیر لە مەدای زانستی ئەم بانگدانە تیژە بکەمەوە. ئایا بنەمایەکی زانستی هەیە؟ ئەڵێرە بەخۆمم گوت: لەوانەیە ژمارەی بانگدانەکانی پەیوەندییەکی بە کاتژمێری بەیانییەوە هەبێ. ئیتر دەستم کرد بە ژماردنی بانگدانەکانی و وەڵامدانەوەکان، بەڵکو بگەمە ئەنجامێك. لە یەکەمین جاردا شازدەجار بانگی دا و کەڵەشێرەکانی تریش بە ژمارەیەکی وەکو ئەو یان شتێك لەو کەمتر وەڵامیان دایەوە. بەڵام لە بانگدانی دووەمدا، کە کاتژمێر دووی دوای نیوە شەو بوو دوازدەجار بانگی دا و کەڵەشێرەکانی تریش بەهەمان ژمارە بانگدان وەڵامیاندایەوە. بەڵام کاتژمێر چواری بەیانی بانگدانەکەی کەمتر توند بوو لەوانەیە بە هۆی ئەوە بووبێ کە ماندووبوو و خەو چاوەکانی قورس کردبوو

یان بە هۆی هاتنی بەرەبەیان یان بەهۆکاری ئەوەشەوە کە مریشکە داماوەکان لە خەوهەستابوون. بیرم لە رێکوپێکی و درێژی و ماوەی پشودانی نێوان بانگدان و بانگدانێکی تر دەکردەوە. پێم وابوو دەبێ مانای شتێك بەدەستەوە بدات، بەڵام ئەوەی سەلمێنراو بوو لە کوردستان تا ماوەیەکی زۆرنزیك مانای زۆر شتی دەدا چونکە کاتژمێرێکی سروشتی بوو کە هەموان پەیڕەوییان لێدەکرد. ئەو بانگدانە وادەی دیاریکراوی جوتیار و دارکێش و وادەی کەوتنە رێی کاروان و شتی لەمباریەوە بوو لە لادێدا.

بەیانی، زوو لە خەو هەستام و چوومە لای ئوتومبیلەکەم تا بەسەری بکەمەوە، بینیم ئاو لە ژێریدا دەڕوا تەماشام کرد مەکینەی درزی تێبووە چونکە ئاوەکەی ناوی بەستبووی و ئەو شەوە حاجی هۆمەران یەکجار سارد بوو. ئەو شەوە شەوی 20ی ئازار بوو، ئەو شەوەی کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. ئەو ئوتومبیلەش چیرۆکێکی درێژی هەیە هەقی خۆیەتی کە خوێنەری لێ بێبەش نەکەم.

ئەو ئوتومبیلە فاتیکان بە دیاری پێشکەشی مار زیا دەشتۆ مەترانی ورمێی کردبوو، یەکێك لە کاهینەکانی ئەبرەشیە کە لە هەلومەرجێکی تەمومژاویدا کوژرا دەستی بەسەرداگرتبوو. ئەو ئوتومبیلە ماوەیەکی زۆر لە بەردەم مەترانیە مابۆوە تا سەرنجی منی راکێشا. پرسیارم لە مەتران ساموئیل شوریز لە بارەیەوە کرد (ئەو جێنشینی کۆچکردوو مەتران زیا دەشتۆ بوو). ئەو ئاگاداری کردم کە بۆ فرۆشتن دانراوە، منیش بە پارەیەکی زۆر هەرزان کە ئەو داوای دەکرد لێم کڕین. پاشان هێندێك دەستکاریم کرد و هێنامەوە بۆ کوردستان بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری تایبەتی خۆم. رێکەوت وای هێنا کە لەو رۆژگارە سەختەدا بۆ گواستنەوەی کتێبەکان و کاغەز و کەل و پەلەکانی مامۆستا جەرجیس گەورەترین کەڵکی لێ وەربگرم.

جا هەرئەوەندە لە ئێران بنەجێ بووین مەتران داوای لێکردم کە ئوتومبیلەکەی پێ بفرۆشم. ئەوەبوو بە هەمان نرخ پێم فرۆشتەوە. ئەمەش لە دەمێکدا بوو کە ئەوپەڕی پێویستیم بەوە بوو کە رزگارم بێ لە دەستی.



ئێمە کەل و پەلەکەمان لە پشتی ئوتومبیلەکە بارکرد و من و مامۆستا و مولازم ئازاد دزەیی سواری بووین و رێگای غەریبایەتی و نادیاری و لێك جیابوونەوەی هەتاهەتایمان گرتەبەر. لەو رێگا قوڕاویەدا درزی مەکینەکە چەند جارێك ناچاری کردین رابوەستین چونکە مەکینەکە لە تاقەتی خۆی زیاتر گەرم دەبوو، لە میانی رۆیشتنمان بەسەر ئەو بانە کە دەکەوێتە نێوان حاجی هۆمەران و شارۆکەی خانەی ئێران دیمەنی جەرگ تەزێینمان لە هەردوو بەری رێگاکە بینی. هەزاران دەربەدەرمان دەبینی لە جوڵانەوەیەکی بەردەوامدا بوون و هەرکامیان غەمەکانی خۆیان کردبووە سەرباری کۆڵی ئەو کەل و پەلانەی کە لە توانایدا بوو هەڵی بگرێ و رێگای نادیاری گرتبووەبەر، هەروەکو چۆن قەتارەی مێروو شارەکەی خۆی بەجێدەهێڵێ و خۆراکی خۆی هەڵگرتووە و بەدوای شارێکی دیکەدا دەگەڕێ. هێندێکیان رێ کردن لە پەل و پۆی خستبوون و لەسەر رێگاکە بۆ پشوودان دانیشتبوون. هێندێکی تر کۆمەڵەیان بەستبوو چاوەڕێ بوون ئوتومبیلێك بێت و تا ئەو دیوسنور هەڵیان بگرێ. لە دەروبەری خۆیان کەل و پەلەکانیان لە رایەخ و بەتانی و پێخەف و مەنجەڵ و پێداویستی سووك دانابوو. هێندێکی تریان خەریکی ئامادەکردنی خواردنێکی سەفەری بوون لە کاتێکدا کە منداڵەکان دەگریان و هێندێکیان لە نێو بێشکەدا بوون و هێندێکی تریان خۆیان بە داوێنی جلەکانی دایکیان یا باوکیانەوە هەڵدەواسی و هێندێکی تریان هەروا بێ نیاز لە نێو کەل و پەلەکاندا دەسوڕانەوە. هیچ هاتوو هاوار و قیژەیەك نەدەبیسترا. خەڵکانێك بوون هەر خوویان بە سەختی و بێبەشی و دەربەدەریەوە گرتبوو تا مەینەتییەکان و نەگبەتییەکان بێتە پاژێك لە مێژووی شارستانێتی ئەوان. نموونەی ئەوە هەر تەنیا وەکو واقیعێکی داسەپاو دەکەوێتە بەرچاو نەك وەك کارێکی لەناکاوی ناچاوەڕوانکراو. لە کاتی راوەستانەکانماندا دایکانێکمان گوێ لێ بوو کە ساواکان و منداڵەکانیان دەلاواندەوە و بەڵێنیان پێدەدان کە هەر کاتێك گەیشتنە ئێران حەلوایان بۆ بکرن. هەروەها لە کاتی رۆیشتنماندا نوکتە و توانجی ئەوتۆمان گوێ لێدەبوو کە لە رۆژانی دیکەدا هێندەی سەرە واوێکیش

نەدەگەیشتنەوە ئەم توانجانە. خامۆشی بەسەر روخساری گەورەکانەوە بە روونییەوە دیار بوو چونکە رێکردن شەکەتی کردبوون و شۆکی حەپەسان لێیدابوون و هەموو مەزهەبێك بە رووی ئەواندا داخرابوو. ئەوان پاشەڕۆژێکی نادیار چاوەڕێی دەکردن و رێگای غەریبایەتی و جیهانی نادیاریان گرتبووەبەر. گەیشتینە ورمیێ. لە هوتیل کاروان دابەزین و دوای ئەوەی کەل و پەلەکانمان لە ژوورەکان دانا لە هۆڵی چاوەڕێ کۆبووینەوە. لەو دەمەدا دەنگی بوق و لێدانی دەهۆڵ لە جادە (خیابان)ی پەهلەوییەوە هاتە بەرگوێمان. رامان کردە لای پەنجەرەکان تا بزانین سەرچاوەی ئەم ژاوەژاوە چییە. بینیمان تیپی قوتابخانەکان لە شەقامەکانەوە بە جل و بەرگی رەنگاورەنگی دیدەوانییەوە لەسەر ئاوازی مارشی سەربازی، تێدەپەڕن. پرسیارمان لەبارەی بۆنەکەوە لە هێندێك خەڵك کرد. پێیان گوتین: ئێوە خەڵکی کوێن، ئەی نازانن ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزە.

# 13

## ساتمەی نیویورک

من ئارەزوو و بڕیاری خۆم بۆچوونە جیهانی ڕۆژئاوا بە کاك سامی (محەمەد مەحمود عەبدولرەحمان) ڕاگەیاندبوو، پاش ئەوەی کۆبوونەوەی نێو خێوەتی گەورەی نەغەدە کۆتایی هات، بردمیە لای بەڕێزان ئیدریس و مەسعود بۆ ئەوەی دواین ماڵئاواییان لێبکەم. ئیدریس پرسیاری لێکردم کە ئایا ئەوەندەم پارە هەیە کە بەشی کڕینی بلیتی سەفەر بکا. سامی وەڵامیدایەوە «هەڵبەتە، نیەتی!» بە ئاماژەیەکی سووکی ئیدریس، مەسعود چووە پشتەوەی خیوەتەکە و بەشی کڕینی بلیتی سەفەر پارەی دامێ و گوتی: «ئێمە دەزانین تۆ کاری زۆرت لە پێناوی شۆڕشدا کردووە، بەڵام هەل و مەرجەکەش نالەبارە، ئەمە هەروەکو (پێش نەختینەی) وەفایەك بۆ ئەوەی کردووتە وەربگرە!» سوپاسم کرد و بەجێمان هێشتن. شەو پەردەی تاریکی دادابوو تاریکی تەواو هەموو شارەکەی داگرتبوو. دەبوایە یا لە نەغەدە بمێنمەوە یان بڕۆمە ورمێ بەڵام من پێم خۆش بوو سەفەر بکەم و بچم بۆ ورمێ. ئەمە دواین جار بوو کاك ئیدریسم لەسەر خاکی کوردستان دەبینی پێش ئەوەی جارێکی تر بۆ دواین جار بە یەك بگەینەوە لە کاتێکدا کە سەرۆکی شاندی خەڵکی دیترویتم بۆ واشنگتون کرد بۆ بەڕێکردنی تەرمی بارزانی بۆ کوردستان لە سەرەتای ئازاری 1979.

کاك سامی شوفێرەکەی خۆی ڕاسپارد شەو بمگەیەنێتە ورمێ. لە ڕێگا پاش هەر هەنگاوێك کە لە نەغەدە دوور دەکەوتمەوە ترسم زیادی دەکرد چونکە هەستم دەکرد کە ئەمە لە یەکجیابوونەوەی دواییە. عیسا، شوفێرەکەی کاك سامی، لای من کەسێکی نەناسراو نەبوو، ئەو یەکێك بوو لە خزمەکانی من. لە ڕێگا لێی پرسیم چی بەدڵتدا ڕادەبوورێ. لە دەمێکدا فرمێسك بەچاوەکانمدا دەهاتنە خوارەوە پێم گوت: «شەپۆلێك غەم پێکدا دەدەن، دڵم وەکو دەریایەکی شەپول گرتوو کە لێوارێکی ئارام ناناسێ، وایە و وەحشەتی شەویش هەروەکو دیوەزمەیەکی قورس



شانی داداوەتە سەری...» لەگەڵ ئەمەشدا بەیتێکی بەناوبانگی ئیمروئلقەیس بەبیرمدا هات، بەدەستخۆم نەبوو بەدەر لە ئیرادە دەمگوتەوە:

**الا ايها الليل الطويل الا أنجل        يصبح وما الا صباح منک بامثل**

بەڵام خۆتێپەڕبوونی شەو غەمەکانی لە بیرنەدەبردمەوە. هیچ شتێکم پێ نەبوو بەدیاری پێشکەشی عیسای بکەم. بەو چەرخە «رونسون»ەکە وەکو دیاری، بەهۆی بەشداری کردنم لە یاوەریی کردنی شاندە بیانییەکان بە بۆنەی مەراسیمی کردنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی ڕومێلە لە نیسانی 1973، وەرم گرتبوو، جگەرەیەکەم داگیرساند. بە عیسام گوت: «ئەم چەرخە بگرە بۆ ئەوەی هەرگا منت وەبیربێتەوە لەوانەیە جارێکی تر یەکتری نەبینینەوە... لەو کاتەدا عیسا بەگەرمی لە قوڵپی گریانیدا. کاتی نیوەشەو بوو گەیشتینە ورمێ. تەنیا ئەوەندەم لە عیسا وەبیردێتەوە کە وەکو شێتێك بە لاندروڤەرەکەی سوڕایەوە و ئینجا پێی لێناو لە تاریکایی شەودا لەبەرچاوم وون بوو بێ ئەوەی ڕابوەستێ یاخود وشەیەکی ماڵئاوایی بڵێت. لە هوتیل کارون دابەزیم. هەستی لێکدابڕان و تەنیایی و متمانە بەخۆ نەبوون بەسەرمدا زاڵ بوو چونکە من پێشتر هێزی خۆم لە هێزی شۆڕش و هاوڕێیانی ڕێگای خەبات وەردەگرت. بەڵام ئێستا کەسم نییە پشتی پێ ببەستم و ئێستا وا لە وڵاتی غەریبایەتی دام. نەهاوڕێیەك و نەهاوەڵێك و نەخزمێك هەیە غەمی دڵمی لە لابەبادەم. واملێهات هەستم دەکرد کە هەروەکو ئەو کەسە وام کە دەرگای زیندانیان بە ڕوودا داخستووە! هەموو هیواکانم بە هۆی ترسانم لە دوارۆژێکی تاریك کە چاوەڕێم دەکا، هەپروون بە هەپروون بوون. ئەو شەوە هەزار جار ئەم دیو و ئەو دیوم کرد و خەوزڕان هەرگیز بەری نەدەدام، پێڵوەکانم تا کازوکوزی بەیانی پێك نەکەوتن. بەرەبەیان لە گاڵەو ژاوەی میوانان خەبەرم بۆوە. هێندێکیان هوتیلەکەیان بەجێدەهێشت و هێندێکیان تازە دەهاتن. جلەکانم دا بە مەحمودی کرێکاری هوتیلەکە تا بۆم بشوات. پاشان کە بە خاوێنی بۆی هێنامەوە هێندێك شریتی گۆرانیم دایە کە لە ناویاندا شریتی محەمەد جەزراوی بوو کە گۆرانی «غەزال،

غەزال» یەکێکیان بوو. ئەو لە پێشوودا زۆرجار داوای لێکردبووم کە ئەو شریتەی بدەمێ. هەروەها شریتێکی تری کاوێس ئاغام دایە کە گۆرانی «شێخ مەحمود» و گۆرانی «ماکۆیی عەجەم»ی تێدابوو. ئەو ئەوەندە دڵخۆش بوو هەر دەتگوت گەنجییەیەکی بەنرخی دەستکەوتووە.

پاش چەند رۆژێك کە هێشتا هەر لەو هوتیلە بووم. توشی ئاشوورییەکی ئێرانی هاتم کە لەو کاتەدا خەریکی چاککردنی ئوتومبیلەکەم بووم، ئاشنایەتیم لەگەڵیدا پەیداکردبوو. ئەو لەبارەی حاڵ و وەزعم و شوێنی دانیشتنم پرسیاری لێکردم. پێم گوت: «لە هوتیل کارون دابەزیوم و رۆژانە 30 ریال دەدەم...» پاشان وەزعی خۆم بۆ گێڕایەوە و لە بارەی مەبەستی خۆم ئاگادارم کردەوە. غیرەت لە دڵیدا جولاو پێداگری لەگەڵدا کردم کە هەر بمبات بۆماڵی خۆی و گوتی: «ئەمە ماڵی تۆیە ئێمە چیمان خوارد تۆش ئەوە دەخۆی و چیمان خواردەوە تۆش ئەوە دەخۆیەوە تاخوا کارێك دەکا!».

مانگێك زیاتر لای بەرێز بابازادە مامەوە. من هەناوی خۆم دەخواردەوە و لە جیهانی دووەمدا دەژیام کە کتوپڕ تێی کەوتبووم. شەوم دەدایە پاڵ رۆژ و جارێك بیرم لە دوارۆژی نەزانراوی خۆم دەکردەوە و جارێك بیرم لە دوارۆژی ئەم گەلە ئاوارە بووە دەکردەوە کە هەروەکو گەلە گورگ هێرشی بۆ هێنابێ وابوو. بیرم لە چارەنووسی سەدان هەزار ئاوارە دەکردەوە کە جگە لە داماوی و ژیانی سەخت شتێکی دیکە چاوەڕێی ناکا. هێندێکیش گەڕابوونەوە بۆ ژیانی کۆیلەتی و زەلیلی ژێر سایەی رژێمێك کە سەرەڕۆبوو و مرۆڤایەتی نەدەناسی هەروەکو چەند ساڵێکی کەم پێشووتر لە بیافوا روویدا. و هێندێکیان ژیانی تاراوگە و دووریی لە کەس و کار و نیشتیمانی هەڵبژارد.

خێزانی بابازادە بە خۆی و شوشانی خێزانی لە چوار کەس پێکهاتبوو. جولی کچی کچێکی جوان و و کوڕەکەشی جاك لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی بوو ئیتر وەکو دوو خوشك و برای بچووکی خۆمیان لێهاتبوو. بابازادە شوفێری بلدۆزەر بوو، بەیانیان زوو بۆ دابین کردنی ژیانی خێزانەکەی، دەچووە سەرکارەکەی و هەموو رۆژێك بە شەکەتیی لە کار دەگەڕایەوە چونکە قورحەیەکی درێژخایەنی هەبوو.



مانەوەم لە رەزاییە کارێکی بێهوودە بوو. هەر بۆیە جارێك هەوڵمدا بەهۆی پاسەوە و بێ مۆڵەتی ساڤاك سەفەر بۆ تاران بکەم و چوومە نوسینگەی گواستنەوە و ناوێکی خوازراوم بۆ خۆم دانا. پارەی بلیتەکەمدا و جانتاکەم لەسەر رەفەکە دانا. پاش چەند خولەکێك ناوی خوازراوی خۆم گوێ لێبوو لە بڵندگۆیەکەوە دەخوێندرایەوە، داوای دەکردم بچمە نوسینگەکە. لە پاسەکە هاتمە خوارەوە و چوومە ناو نووسینگە. لەوێ یەکێك لە پیاوانی ساڤاك چاوەڕێی دەکردم، فەرمانی پێکردم جانتاکەم دابگرم و لەگەڵیدا بچمە فەرمانگەی ئاسایش. نزیکەی یەك کاتژمێر لەوێ دانیشتم چارەنووسی خۆم نەدەزانی. داوام لە ئەفسەری ئێشك کرد کە رێگام بدات تەلەفۆن بکەم. ئەویش رێگەی دام. قسەم لەگەڵ سەرۆکەکەی ئەو کە ناوی ئاغای مەزهەری بوو، کرد. لە کاتی شۆڕشدا پەیوەندییەکم لەگەڵیدا هەبوو و لە نێوانمدا دۆستایەتییەکی شەخسی پەیدا ببوو، لە بەرامبەر هەڵسوکەوتی پیاوەکانی گلەیم لێکرد. ئینجا فەرمانی بە ئەفسەرەکە کرد کە مۆڵەتم بدات بڕۆم. چەند رۆژێکی پێنەچوو ئاغای مەزهەری ئاگاداری کردم کە دەتوانم سەفەری تاران بکەم. ئەو رۆژەی کە مۆڵەتم وەرگرت سەفەری تاران بکەم، بابازادە لەگەڵ خێزانەکەیدا منی بردە فرۆکەخانەی ورمێ، ئەوان لە رێگا دەگریان و نەیاندەویست لێیان جیاببمەوە. گەیشتمە تاران و بەخۆم و جانتا بچووکەکەمەوە لە هوتیلی لالەزارنو دابەزیم و نزیکەی یەك هەفتە لەوێ مامەوە.

رێکەوت وای هێنا کە لەو دەمەدا لە شەقامێك دەگەڕام تووشی راهیب کاهین دانیال ببم کە لە کاتی سەردانم بۆ کڵێسای مەتران حەنا لە ورمێ پێی ئاشناببوم، هەروەها لەگەڵ راهیب دانیالی فەرەنسی کە بەڕەچەڵەك یەهودی بوو و ببوو بە مەسیحی و پاشان چوو بووە رێبازگەی رەهبانیەتێکی کە بە توند و مەتانەت و سەختی ژیانی ئەندامەکانی ناسرابوو. ئەم رێبازگەیە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا دکتۆر شارل دی فوکو لە جەزائیر دایمەزراندبوو و لە کاری خێرخوازانەی خۆبەخشانەدا پشتی بە یارمەتی خەڵك دەبەست. سەرمەشقی ئەوان لەمەدا

ئەوەبوو کە ببنە نموونەیەکی چاك، و ببنە پێشەنگی خەڵك. کڵێسایەکی بچووکیان لە ورمێ هەبوو و یەکێکی تریش لە تاران. کڵێسایەکی بچووکیشیان لە کوردستان لە ناوچەی ئاکرێ هەبوو. لەبارەی حاڵ و وەزعمەوە پرسیاری لێکردم منیش چیرۆکی خۆم بۆ گێرایەوە و ئەویش بێ ئەوەی شتێك بڵێ گوێی لێگرتم و بێ ئەوەی بەڵێنی شتێك بدات لێکجیابووینەوە تاکو ئێوارە لەگەڵ راهیبێکی دیکەدا هات و ئەوی بەناوی برنارد پێشکەشی من کرد و ئەوان هەردووکیان پێشنیاریان پێکردم کە هوتیل بەجێ بهێڵم و لەگەڵیاندا بچم بۆ کڵێسا. برنارد سەر بە رەهبانیەتی (برایانی واعیزەکان)ی (دومینیکانی) بوو کە قەدیس دومنیك (عەبدولئەحەد) لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئیسپانیا دایمەزراند. ئەوان مێژوویەکی درێژیان لە کوردستان هەیە و کڵێسایەکیان دامەزراند و هەروەها قوتابخانەیەکیشیان لە ساڵی 1750 لە ئامێدی لەسەر داوای میر بەهرام پاشا کە بۆ ئەوان پیاوێکی چاك بوو، دامەزراند. لە ساڵی 1847 ناوەندێك و قوتابخانەیەکیان لە ماریاقو لە چیای دهۆك دامەزراند. هەورەها ناوەندی تریان لە بتلیس و وان و سعرەد و ئاشیتا (هەکاری)[1] هەبوو، لەوێوە توانییان راسپاردەکانی کاسۆلیکی لە نێو نەستورییەکانی ناوچەکە بڵاوبکەنەوە و کۆمەڵێك مامۆستایان لێ هەڵکەوت کە فێری زمانی ئاشوری و کوردی بوون و کۆمەڵە کتێبێکیان لەبارەی زمان و کولتور و بارودۆخی کوردستان بڵاوکردەوە. لە ساڵی 1878 پەیمانگای مار یوحەنا حەبیبی ئەکلیرکیان لە موسڵ بۆ پێگەیاندنی کاهینان دانا و چاپخانەیەکی گەورەیان دامەزراند کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا وێران بوو. هەر لەو پەیمانگایە بەناوبانگ ترین مەتران و کاهین دەرچوون تا خزمەتی مەسیحییەکانی کوردستان بەتایبەتی و عیراق بە گشتی بکەن. هەروەها لە سەدەی هەژدەیەمدا هەردوو ئیتالی باوکە گارزونی و باوکە لانزا ناوبانگیان تێدا دەرکەوت و هەستان بە دانانی قاموسێکی کوردی کە هێشتا چاپ نەکراوە و لە کتێبخانەی باوکانی دومینیکانی لە موسڵ پارێزراوە. هەروەها باوکە لیوپوند و سولدینی کە لە کوردستان بە باوکە پوندو ناوبانگی



دەرکرد بوو، هەڵکەوت کە لە ساڵی 1777 لە زاخۆ کۆچی دوایی کردووە. هەروەها لە هەمان پەیمانگا باوکە توما بوا هەڵکەوت خاوەنی نوسراوی شاکاری (کورد و کوردستان). دواجار زانای رۆژهەڵاتناسی جان فییە هەڵکەوت کە لە مێژووی کۆنی عیراقدا هەڵکەوتەیەکە لە نێو ناوەندە زانستییەکانی ئەوروپادا. حیزبی بەعس لە کۆتایی نەوەدەکاندا هەستا بە دەرکردنی لە عیراق و ئەوەبوو لە لوبنان گیرسایەوە و ساڵی پار کۆچی دوایی کرد. بەمجۆرە نێردەکاری، پاش ئەوەی کە کەسانی تر بەجێیان هێشت و بۆ درێژەپێدانی خزمەتی خۆیان روویان کردە میسر و لوبنان پەرت و بڵاو بوو. ئەوانە هێندێکیان لە کوردستان و عیراق چەند دەیەیەکیان لە ژیانی پڕ لە بەرهەمی خۆیان بە دانان و توێژینەوە و پەروەردە و فێرکردن بەسەربرد و وەکو نیشتیمانی دووەمی خۆیان کە سەوداسەری خزمەت کردنی مرۆڤ بوو لە رۆژهەڵات.

دانیال منی بە سیفەتی ئەوەی کە قوتابیەکی پێشووی پەیمانگای ماریوحەنا حەبیب لە موسڵ، بووم پێشکەشی برنارد کرد. ئەو پەیمانگایە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە لە لایەن باوکانی دومینیکانی فەرەنسییەوە بەڕێوەدەچوو، لەوێدا فەلسەفە و زمان و زانستە ماتماتیکی و سروشتیەکانم لەسەر دەستی ئەوان خوێند. ئەوان منیان برد بۆ کڵێسای کچە راهیبەکانی دومینیکانی لە ناوچەیەکی پێشکەوتووی تاران. کڵێساکە چوار کچی تێدا بوون دوانیان لە کەنەدای فەرەنسا بوون و دوانیان هی ئیرلەندە بوون. لەوێ ژورێکم درایە. ئەوانە لەو پەڕی ناسکی و بە بەزەیی بوون و شا ژنی ئێرانی شابانو فەرەح بەرێوەبردنی نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخی گەورەی پێسپاردبوون و کڵێسایەکیش لە تەنیشتی بنیات نرابوو.

بەڵام من بیرۆکەی ژیان لەگەڵ کچانی راهیبەم خۆش لێ نەدەهات. پاش حەفتەیەك برنارد هات لە سۆراخم بپرسێ و پرسیاری لەبارەی وەزعمەوەکرد و ئەویش پشتیوانی لەو رایەم کرد کە ژیان لەگەڵ کچانی راهیبەدا کارێکی ئاسان نییە هەر بۆیە بڕیاریدا لەگەڵ خۆیدا ممبات بۆ کڵێسای قەدیس ئیبراهیم کە سەر بە باوکی دومینیکانی بوو و لەوێ ژوورێکی بچووکیان دامێ و پێی گوتم کە

ئەمەش وادەکانی نوێژ و تێشت و نێوەڕۆ و ئێوارەیە. لەگەڵ حەوت راهیبە ئیرلەندیەکە ماوەی یەك حەفتە مامەوە. سەرۆکی ئەوان پیاوێکی بەساڵداچوو بوو یەك تاڵەمووی رەش لە سەریدا نەمابوو. لەو سەروبەندە بڕیارم لەسەر ئەوە ساخ بۆوە کە بڕۆم بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیتر رۆژانە دەچوومە قونسولخانەی ئەمریکی بۆ بەدواداچوونی ئەم کارە و پاشان لە وەختێکی درەنگدا دەست لە ئەژنۆ درێژتر بە نائومێدییەکی رۆژبەرۆژ رووبەزیادی دەگەڕامەوە و وایلێهات خەریك بوو نائومێد دەبووم.

رۆژێکیان لە کاتی ئاخاوتن لەگەڵ سەرۆکی پیردا پرسیاری لێکردم کە بە رۆژ چی دەکەم و چی بەبیرمدا تێدەپەڕی و کێشەی من چییە. راشکاوانە پێم گوت کە من بە تەواوی نائومێد بووم و گومان ناکەم بۆ پەنابەرێکی وەکو من جێگایەك لە جیهانی نوێدا هەبێ. پێی گوتم: ((باوەڕ بکە کوڕی خۆم کە خوا داوای هیچ ئاتاجێك نائومێد ناکا کە لەبەر دەرگای خوا راوەستاوە و نزا دەکا، پشت بە دڵاوایی خوا ببەستە و بەیانیش بچۆرەوە!)) لەبارەی ئەو وەڵامەی ئەو هیچ بیرۆکەیەکم لە لانەبوو یان کە مانایەکی تایبەتییان تێدا بێ. بەڵام من رێزم لە بەڵێنەکەی خۆم کە بەوم دابوو تا دووبارە بچمەوە، و ئەمجارەش بخەمەسەر جارەکانی تر، گرت.

چوومە نێو هۆڵێکی گەورە و کورسییەکم لەو هۆڵەداگرت کە چوار ژووری بەسەرەوە بوو و هەر ژوورێکێش قونسولێکی تێدا بوو. لەوێ نزیکەی چوار سەد کەسی تێدابوو کە بەبێدەنگییەوە دانیشتبوون و لە جل و بەرگ و قەڵافەتییانەوە واپێدەچوو کە ئەوانە پیاوانی خاوەنکاری دەوڵەمەندن و پەیوەندی و خزمیان لە ئەمریکا هەیە. وام پێشبینی دەکرد کە تاکو دوو حەفتە یان زیاتر نۆرەم نەیەت. پاش چەند ساتێك قونسولی یەکەم هاتەدەر و پێش هەر ناوێکی تر ناوی منی خوێندەوە. گوێکانم باوەڕیان نەدەهات. چوومە ژوورەکەیەوە. پاسپورتە کۆنەکەمی وەرگرت و پەرداخێك چای بۆ هێنام و پێش ئەوەی چاکەم تەواو بکەم پاسپۆرتەکەی دامەوە و گوتی: ئێستا دەتوانی بچیتە



ئەمریکا. سوپاسیم کرد و هاتمە دەرەوە، لە نێوان باوەڕکردن و نەکردندا دەڕۆیشتم و هەردەتگوت خەون دەبینم و ئەگەر دووباڵم هەبوایە ئەوا دەفڕیم.

گەڕامەوە بۆ کڵێسا و بینیم سەرۆکی پیر لەسەر ئەو باڵکونەی کە بەسەر شەقامەکەیدا دەیڕوانی دانیشتووە، کاتێك چاوی پێم کەوت زەردەخەنە گرتی و گوتی: ((پێم وایە بە مەرامی خۆت گەیشتی)) من نەمدەزانی ئەم راهیبە بە ساڵداچووە مەترانی لاتینی هەموو ئێرانە، ئەو ولیەم باردن بوو کە بە رەگەز ئیرلەندی بوو. پێی گوتم: ((لەو کاتەدا کە تۆ دەچووی بۆ لای قونسولی یەکەم من پەیوەندیم پێوەکرد)). منیش زۆر سوپاسم کرد. ئەوێم بەجێ هێشت و بەرەو نوسینگەی نوێنەرایەتی کوردی چووم کە ئەو کاتە دکتۆر شەفیق قەزاز بەرێوەی دەبرد. لەوێ بینیم وەزیر موحسین دزەیی[2] و میر تەحسین بەگ[3] پێشەوای ئێزیدی لە لای دانیشتبوون. سڵاوم لێکردن و دانیشتم. دکتۆر شەفیق لێ پرسیم:

- هیچی نوێ هەیە کاك یۆنان؟

لەو دەمەدا وەزیر و میر سرتەسرتیان بوو وەڵامیم دایەوە:

- ڤیزای ئەمریکام وەرگرتووە. بەم زوانەش سەفەر دەکەم.

وەزیر مۆڵەتی لە میر خواست و بە سەرسامییەوە رووی تێکردم:

من کە وەزیرم و بالوێزی عێراق بووم لە کەنەدا و نوێنەری پێشووی بەرژەوەندیەکانی عیراق بووم لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ناتوانم ڤیزا بۆ ئەمریکا بەدەستبهێنم تۆ چۆن توانیت ڤیزا وەربگری؟

بەزەردەخەنەیەکی پانەوە وەڵامیمدایەوە:

- بە رێگەیەکی تایبەتی جەنابی وەزیر!

وەڵامەکەم قەناعەتبەخش نەبوو. و ویستی ((رێگا تایبەتییەکەم)) بزانێ و پرسیاری کرد:

- ئاخر چۆن؟ ئەو رێگایەی تۆ چۆنە؟

- ئەوەی هێزی کڵێسای کاسۆلێکی نەناسێ شتێك لەبارەی هێز نازانێ!

وەزیر تێگەیشت چۆن کاری خۆم جێبەجێ کردووە.

میر بە پێکەنینەوە وەڵامیدایەوە:

- جانتایەکی بەتاڵت پێ نییە منی تێدا بشاریتەوە!

میر تەحسین بەگ بەوە ناسراوە کە روحی سوک و قورسایی زۆرە و کێشی لەسەد کیلۆ زیاترە، پێم گوت:

- میری من، ئەو جانتایەی جێگای تۆی تێدا دەبێتەوە هێشتا دروست نەکراوە!

هەموویان پێکەنین و داوای سەرکەوتنیان لە سەفەرەکەمدا بۆ کردم.

هیوای من ئەوەبوو کە پێش ئەوەی سەفەر بۆ ئەو بەری دەریاکان بۆ جیهانی نوێ بکەم، سەردانی پاریس شاری رووناکییەکان بکەم.

ئەوە بوو رۆژنامەوان پول موبیك(4) کە ئەو کاتە لەگەڵ ژنەکەی (ئەدیت) بۆ پەخشکاری هەواڵەکانی نسکۆی جوڵانەوەی کورد لە تاران بوو، لەمەدا هانی دام.

بەیەکەوە چووینە ناو قونسوڵخانەی فەرەنسا، قونسوڵ بێ پەردە و راشکاوانە پێی گوتین کە فەرمانی توند و لێبڕاوانەی وەرگرتووە کە نابێ هیچ کەسێك لە پەنابەرانی کورد بچێتە ناو خاکی فەرەنساوە. پۆل بە تووڕەبوونێکی زۆرەوە تووڕەبوو و گوتی: ((ناهومید مەبە بلیتێکی سەفەر بکڕە و بیر لە مۆری چوونە ژوورەوە مەکەرەوە من لە فرۆکەخانە زەمانەتی ئەوە دەکەم!)) ئەوە بوو بلیتێکی سەفەرم کڕی و لە کاتی وادەی گەیشتنی فرۆکەکە بۆ فرۆکەخانەی ئورلی ئاگادارم کردەوە چونکە ئەو پێش من سەفەری کردبوو. لە رۆژی دیاریکراودا چوومە فرۆکەخانەی میهرئاباد و من دوایین کەس بووم کە ساڤاك حەزی کرد بە هۆی ئەوەی کە بەبێ ڤیزا ئێران بەجێ دەهێڵم، کێشەم بۆ دروست بکا. دواجار بڕیاریاندا، بەهۆی ئەوەی کە جارێکی تر ناگەڕێمەوە بۆ ئێران، لە کۆڵ خۆیانم بکەنەوە چونکە حکومەتی ئێران ئەو ساتە هەوڵیدەدا زۆرترین ژمارە لە پەنابەران کە دەیان هەزاریان رژابوونە نێو ئێرانەوە، لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. خۆم گەیاندە فرۆکەکە کە خەریك بوو بەبێ من هەڵدەستا. ئەوەبوو فریاکەوتم و بەرەو پاریس هەستا و لە فرۆکەخانەی ئورلی نیشتمەوە و بە ئەنقەست لە دوایین کەس راوەستام تاکو پاش هەمووان پاسپۆرتەکەم بدەم بە ئەفسەرەکە. دەسم کرد بە



چاوگێڕان بەلای راست و بە لای چەپدا و بەدوای پۆڵدا دەگەڕام. من چاوم بە دوای پۆڵدا دەگێڕا تا لە ئەفسەری پاسپۆرت رزگارم بکا. بەڵام بەرچاوم نەکەوت، بۆیە دەمارەکانم زیاتر گرژبوون چونکە لەوە دەترسام کە دەستگیرم بکەن و بە زۆرداری بمنێرنەوە بۆ بەغدا. لە نێوان من و ئەفسەری پاسپۆرتدا تەنیا دوو نەفەر مابوون کە لەو کاتەدا پۆڵ بەهەناسەبڕکێوە گەیشتە لای ئەفسەرەکە. ئەو گەیشتە لای من و نۆرەی من هات. ئەفسەرەکەی بردە لاوە و پاش چەند خولەکێك بردمیانە ژوورێکی لاوەکی و ئەفسەرەکە پێی گوتم ((تۆ غرامەیەکت کەوتۆتە سەر کە بڕی 45 فرەنکە لەبەر ئەوەی تۆ بەبێ ڤیزا هاتوویتە ناو وڵاتەوە)). بە سوپاسەوە پارەکەم دا و چووین بۆ ماڵی پۆڵ لە ناوەڕاستی پاریس.

لە دەمێکدا پۆڵ سەرگەرمی ئامادەکردنی ژووری خەوتنم بوو و من لە بەردەرگاکە راوەستا بووم و سەیرم دەکرد، سەرنجمدا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و سنگی دەرپەڕاند و لەو کاتەدا دوو سەرینی رێك دەخست گوتی:

- دەزانی دوێنێ شەو کێ لەسەر ئەم جێگایە دەنوست؟
- ناوەڵا، چۆن بزانم!
- دکتور عەبدولرەحمان قاسملو![5]
- ئەی کوا لە کوێیە؟
- ئەم بەیانییە بەهۆی تۆوە بەجێی هێشتین!
- بەهۆی منەوە؟ بۆچی بەهۆی منەوە.

من ئەو زۆر بەباشی دەناسم.

- لەوە دەترسا کە ساڤاك تۆی ناردبێ تا تیرۆری بکەی، چونکە تۆ لە ئێرانەوە هاتووی.
- چۆن رێگات پێدا ئاوا بیربکاتەوە؟
- ئەی تۆ من ناناسی؟
- نەمتوانی قەناعەتی پێ بکەم، هەر چەندە زۆرم پێداگریی لەگەڵدا کرد. ئەو زۆر هەستیارە ئەمەش هەقی خۆیەتی.

- من زۆر بەو کارە غەمبارم کە دکتۆر کردوویەتی چونکە من لە بەغداوە دەیناسم. من زۆر یارمەتی ئەوانم داوە تا بڵاوکراوەکانی ئەوان لە چاپخانەکانی وەزارەتی راگەیاندن دەربچێت و من دوایین جار لە (کافیە بەغداد) ئەوم دیوە و لەگەڵی دانیشتووم لەوێ من شانازیم بە بەغدا و ئەو کافیەیەوە دەکرد کە لێی دانیشتبووین. ئەو لەوێ لێی پرسیم:
- دەزانی لە تاران چەند کافیەی ئاوای لێیە؟
- پێنج یا دە؟
- لە تاران دەیانی لەمە باشتری لێیە! کاتێک چوومە تاران بۆم دەرکەوت دکتۆر راست دەکا.

یەک حەفتەی تەواو لای پۆڵ مامەوە و لەمیانی ئەو مانەوەیەدا هەستام بە سەردانی میر کامەران بەدرخان بەگ(6) لە شوقە کۆنەکەی خۆی. ئەو خۆی و ژنە پۆلۆنییەکەی لە نزیک منەوە دانیشتن تادواین هەواڵی غەمناک لەبارەی کوردستانەوە ببیستن کاتێک حاڵی منداڵ و خێزانی کوردم لەسەر چەقی ڕێگا لە نێوان حاجی هۆمەران و خانە، و ئینجا چۆن دەیان هەزار کەس لە پەنابەران لە خێوەتەکاندا دەژین، بۆ گێرایەوە، تەماشام کرد فرمێسک لە چاوەکانییەوە هەڵ دەرژا، بینیم چۆن دەستی خۆی بە دەستەکەی تریدا کێشاو گوتی:
- ئاخ و حەسرەتم بۆ کوردستان، دەبینم و دەبیستم لە ژێر قامچی پاپەتی و رووت و قوتانی دڵڕەقدا دەمرێ، پاش ئەوە ناژیم!

باوەشم پێداکرد تا دەروونی ئارام بۆوە.

پاشان سەردانی رۆژنامەوان ئێریک رولومان لە نوسینگەکەی خۆی لە رۆژنامەی لۆمۆند، کرد و هانی دام کە لە فەرەنسا بمێنمەوە و ئەوان خۆیان مامەڵەکەم بۆ جێبەجێ دەکەن. منیش سوپاسم کردن و پێم گوتن:
- من دەچم بۆ ئەمریکا.

ڕۆژێك چوومە سەردانی کاتدرائیەی بەناوبانگی نوتردام. لە کاتێکدا غەم و ترس بیریان سەرقاڵ کردبووم و لە ڕێگای گەڕانەوەم بۆ ماڵی پۆڵ تێبینم کرد



کچێك لە نزیکەوە دوام کەوتووە، پاشان کە هەنگاوەکانی خێرا بوون دڵنیابووم کە دوام کەوتووە. لە پردێك پەڕیمەوە ئەو هێشتا بەدوامەوە بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم گومان نییە دەبێ سەر بە موخابەراتی فەرەنسی یاخود بەکرێگیراوی موخابەراتی عیراقییە. بە ئەنقەست چوومە نێو گۆکایەکی فرۆشتنی شیرینییەوە. لە دەمێکدا خەریك بووم پارچە چۆرەگێك بکڕم کچەکە دەستی خستە سەر شانی چەپم و گوتی:
- تۆ یۆنان نیت؟
- لەو دەمەدا خوێن لە لەشمدا مەیی و بۆ ساتێك لێدانی دڵم راوەستا و لە دڵی خۆمدا گوتم گومانی نییە ئەمە یەکێك لەوانە! من ئاوڕم بۆ دواوەنەدایەوە. بەجۆرێك تەحەداوە پێم گوت:
- بەڵی یۆنانم!

کچەکە بەواق وڕمانەوە هەروەکو پێویست بێ لەسەرم کە بیناسمەوە:
- من کەنیزمورادم نامناسیتەوە؟(7)

ئاوڕم دایەوە بۆ دواوە پاش تاوێك کە ترس و گومانم رەوییەوە دەستمان کردە ملی یەکتری، پاشان گوتی:
- لێرە لە پاریس چ دەکەی؟
- وەزعی خۆم بۆ شرۆڤە کرد و پاش ئەوە لێکجابووینەوە و دەمی ئێوارە هاتەوە تا بە ئوتومبیلەکەی خۆی بماباتە یەکێك لە شانۆگەرییە گاڵتەجاڕییە سیاسییە هاوچەرخەکان کە من بە هۆی ئەوەی کەسایەتییەکانی شانۆگەرییەکەم نەدەناسی هیچی لێ تێنەگەیشتم.

ئەو رۆژانە من لەنێوان مانەوە لە فەرەنسا و بەدووداچوونی سەفەرەکەم بۆ ئەمریکا گیرم خواردبوو. لە میانی ئەو حەفتەیەدا کە لای پۆڵ بووم، پۆڵ پەیوەندی بەهەموو ئەو رۆژنامەوانانەوە کرد کە سەردانی کوردستانیان کردبوو تا توێژینەوەی شێوازەکانی شەڕ و جێبەجێ بوونی لە هەرێمی بەریتانی فەرەنسی بکەن کە ئەو کاتە جوڵانەوەیەکی جیاخوازییانەی تێدا بەڕێوە دەچوو کە مافی بڕیاردانی

چارەنووسی بۆ ئەو هەرێمە داوا دەکرد کە دەکەوتە باکوری فەرەنسا لەسەر ئۆقیانوسی ئەتڵەسی و خاوەنی زمان و داب و نەریتی تایبەتی خۆیان بوون.

ئەو رۆژنامەوانانە ئێواری هاتنە سەردانم و بردیانمە ئاهەنگێکی (شەو تا بەیان) لە مونتیمارتر کە تێیدا بە گۆرانی کچانی قەرەج سەرحاڵ بووین. بەڵام غەمەکان و ئازارەکانی دابڕان و رووبەڕووبوونەوەی دوارۆژی نادیار بیری داگیر کردبووم و هەموو خۆشییەکی لە خۆیدا نقوم دەکرد.

بەر لەوەی بگەمە پاریس وام دەزانی کە پۆڵ لە کۆشکێکی گەورەدا دەژی کە بە باخ و باخچەی فراوان دەورە دراوە. بەڵام کاتێك بینیم کە لە شوقەیەکدا دەژی کە لە دوو ژوور و پاشکۆکانی پێکهاتووە و ژیانێکی هەژارانە لەگەڵ خێزانەکەیدا کە لە خۆی و ئەدیتی ژنی و سوازیك، کچە بچوکەکەی، پێکهاتووە، بەسەر دەبا سەرم سوڕما. بەڵام پۆڵ لە میوانداری مندا دەست و دڵ فراوان بوو و بەرپرسیاریەتی حەواندنەوەی منی خستە سەرشان و ئەمەشی لە ئیمانی خۆیەوە بە عەدالەتی دۆزی کوردەوە و هاوسۆزی ئەو لەگەڵیدا هەڵقوڵابوو. بەڵام ئەدیتی ژنی ئەوەندە زیرەك بوو کە هیچ شتێکی بەسەردا تێنەدەپەڕی. هەر بۆیە ئەو چووە لای یەکێك لە بریکارەکانی سەفەر و یەك بلیتی سەفەری قوتابیانی بۆ کڕیم و بەمەش نیوەی نرخی بلیتی سەفەری نیویورك بۆ من گەڕایەوە.

پاریسم بەجێ هێشت و ناونیشانێکی کۆنی نوێنەری جوڵانەوەی کوردیم لە گیرفاندا بوو. فرۆکەکە منی لە فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی کەنەدی داگرت. چارێکی تری لەوە زیاترم نەبوو کە بەرەو مانهاتن ناو جەرگەی نیویورك سواری پاس ببم چونکە کەس نەبوو پێشوازیم لێبکا. لە تەنیشت منەوە پیاوێك دانیشتبوو گوتی ئیتالیم. من داوام لێکرد کە بۆ گەیشتن بەو ناونیشانە یارمەتیم بدات ئەویش بەڵێنی دا. پاسەکە هەروا ئێمەی دەبرد. جارێك بەلای راست و جارێك بەلای چەپدا، دەچووە نێو تونێڵێك و لەوێ دەهاتەوە دەرەوە تا بچێتە نێو تونیلێکی درێژترەوە و سەدان پرد لەسەر سەرمان و لە ژێرمانەوە هەبوون. هەستم کرد کابرای ئیتالی دەست بۆ گیرفانی پێشەوەم درێژ دەکا کە هەرچی هەمبوو



لەوێدا شاردبوومەوە. یەکسەر مستم بەرزکرەوە و مشتەکۆڵەیەکم بۆ ئامادەکرد، دەسبەجێ بە توندی پۆزشی بۆ هێنامەوە و گوتی:

- تکات لێدەکەم لێم مەگرە چونکە لە رووی سێکسەوە نائاوێزم (شذوذ جنسی).

بەسەریدا قیژاندم:

- هەی سەگ! هەڵسە لێرە و لەسەر کورسیەکی تر دانیشە.

نازانم بانگەشەی ئەوەی کە ئایا نائاوێزی سێکسی هەبوو راست بوو یان تەنیا بۆ شاردنەوەی ئەوە بوو کە دەیویست هەرچی لە گیرفانم دایە بیبات. بەڵام بە هەقیقەت لە یەکەمین کاتژمێرم لە ئەمریکا ساتمەگرتمی! تا کۆتایی هێڵەکە لە نێو پاسەکەدا مامەوە. لەوێ هەمووان دابەزین. من لەوێ دواین کەس بووم کە لە وێستگەی گراند سنترال ستەیشن دابەزیم و ناونیشانەکەشم بە دەستەوە بوو.

من خەیاڵم بۆ بەرفراوانی ئەو ماوە زۆرانەی ئەمریکا نەدەکرد بۆیە هەوڵمدا بە تەلەفون پەیوەندی بە هاوڕێی کۆنم بەختیار مەعروف چیاووك بکەم کە لە سەردەمی پاشایەتیدا باوکی موتەسەریفی هەولێر بووە و دانەری کتێبی (مأساة بارزان المظلومة). من وام گومان دەکرد کە لێمەوە نزیکە. بەڵام پێی گوتم:

((کاکە، من بیست کاتژمێر ئوتومبیل لەتۆوە دوورم!)) و گوتی کە ناتوانم لە شاری سبرنگفیلد لە ویلایەتی (ئەلینوی)ەوە یارمەتیت بدەم. لەو کاتەدا هێڵەکە پچڕا. ئەمە دواین پەیوەندی من بوو لەگەڵیدا. چونکە من بڕێکی پێویستم پارە نەخستە ناو سندوقی تەلەفۆنەکەوە! پاش ئەم ئاخاوتنە تەلەفونییە خۆم وەك گێلێکی هیوابڕاو دەهاتە بەرچاو!

پرسیارم لە هێندێك لە رێبواران لە بارەی ناونیشانەکە کرد، هێندێکیان یارمەتیان دام و هێندێکیان پۆزشی دێنایەوە کە شارەزانییە و خەڵکی ویلایەتێکی ترە! دوای دوو کاتژمێر گەڕان و سوڕان لە مانهاتن لە نێو کۆشکانی سەر بەهەور بە راست و چەپدا دەهاتم و دەچووم و کاتژمێر یازدەی شەو بوو ئەو بینایەم دۆزییەوە کە چالاك فەهمی[8] تێیدا دادەنیشت و پرسیارم لە خزمەتگوزاری بینایەکە کرد پێی گوتم کە ئەو مانگێك پێش تر لەم بینایە

گواستویەتییەوە! چوومە دەرەوە و نەمدەزانی چ بکەم، جانتاکەمم پێیە و ناونیشانەکەشم هەروا بە دەستەوەیە. لە دڵی خۆمدا گوتم ئەگەر هەر نەمدۆزییەوە ئەمشەو لەسەر شەقام دەنووم. ماندوویی و برسێتی هێزیان لەبەردا نەهێشتبووم و گەیشتبوومە رادەیەك کە ببورێمەوە هێشتا هەناوم، بەهۆی ئەو بریانییەوە کە بە بیبەر و شتی تر لە ناواخنی تیژ کە کەمێکی کەمم لە نێو ئەو فرۆکە پاکستانییە کە لە پاریسەوە دەیهێنام، لێی خواردبوو، هەروا دەسووتایەوە. ئیتر واشم لێهاتبوو کە پاش ئەوەی لە نێو پاسەکەدا توشی کابرای نائاوێزی سێکسی ببووم، متمانەم بە کەس نەدەکرد. لە کاتێکدا بە دەست حاڵی خۆمەوە گیرم خواردبوو، بە هۆی ئەو هەموو زنجیبیانەوە کە بە شەقامەکاندا دەهاتن و دەچوون و هەروەکو لە پایتەختێکی ئەفریقی بم، لەدڵەڕاوکێدا بووم و دەترسام. چێشتخانەیەکی مریشکی برژاوم دۆزییەوە، چوومە ژوورەوە چونکە من بڕیارمدابوو کە ئەو شەوە دەبێ لەسەر شەقام بنووم. شەوی 17ی ئایاری 1975 بوو، چوومە ژووری چێشخانەکە و لەوێ بەسەرداکەوتنی لە ناکاوی تەمەن چاوەڕێی دەکردم، چالاك لەوێ دانیشتبوو نانی دەخوارد! لێی نزیك بوومەوە و دەستم لەسەر شانی داناو لێم پرسی:

- تۆ چالاکی؟

لێوی سڕییەوە و بە حەپەساوییەوە وەڵامیدایەوە:

- تۆ یۆنان نیت؟

گوتم: بەڵێ

ماوەیەکی درێژ ئامێزمان بە یەکدا کرد و پێم گوت:

- با جارێ شتێك بخۆم ئینجا بەسەرهاتی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە.



## پەراوێزەکان

1- بڕوانە کتێبی ((خلاصة تأريخية للكنيسة الكلدانية)) تأليف كاردينال اوجين تيران ترجمة المطران سليمان صائغ. طبعة الموصل 1939. اعيد طبعه في ديترويت. الصفحة 179.

2- وەزیری کاروباری باکور بوو لە سەردەمی عارف. زۆر پلەی لە دەوڵەت و لە جوڵانەوەی کوردیدا وەرگرتووە. ئێستا نوێنەری تایبەتی سەرۆکی حیزب بەرێز مەسعود بارزانییە.

3- ئەو کوڕی میر شێخ سەعیدە پێشەوای موتڵەقی روحی و زەمەنی تایفەی ئێزدییەکانی کوردە کە ژمارەیان دەگاتە چارەکە میلونێك کەس کە زۆربەیان لە عیراق و ئەوانی تریش لە سوریا و ئێران و تورکیا و ئازەربایجان و قەوقاز دەژین. وە جالییەکی گەورەیان لە ئەڵمانیا هەیە. نوسەرانی عەرەب بە هەڵە بە ((عبدة الشيطان)) ناساندویانن. بڕوانە (دائرة المعاريف البريطانية و دائرة المعاريف الاسلامية).

4- رۆژنامەوانێکی فەرەنسییە چەند جار لەگەڵ ئەدیتی ژنی سەردانی عیراقی کردوە. هەروەها هەموو پارچەکانی کوردستان گەڕاوە. لە پاریس و لوزان سێ کتێبی لەبارەی دۆزی کوردەوە بڵاوکردۆتەوە:

أ- الحركة القومية الكردية نشر في 1979.

ب- التحدي الكردي نشر 1997.

ت- كردستان. دليل ادبي نشر في 1998.

وتاری زۆری لە رۆژنامە و گۆڤارە فەرەنسیەکان و ئەوانیتردا بە ئیمزای کریس کوچیرا، بڵاوکردۆتەوە.

5- سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی-ئێران دە ساڵ پێشتر لە ڤیەنا تیرۆر کرا. کتێبی کوردستان و کوردی نوسیوە کە (المؤسسة اللبنانية للنشر. لە ساڵی 1970دا بڵاوی کردۆتەوە).

6- دواین تێکۆشەری بنەماڵەی بەناوبانگی بەدرخانییە رۆڵێکی گەورەی لە بڵاوکردنەوەی مەعریفەی کوردستان لە ئەوروپا هەر لە ساڵانی چلەکانەوە گێڕاوە. ئەو کاتی خۆی نوێنەری شۆڕشی کورد بوو لە پاریس و بوە یەکێك لە رەمزەکانی نەتەوەی کورد.

7- ئەو کچی نەوەی سوڵتان موڕادی پێنجەمی عوسمانییە (1840-1904) کە پاش سوڵتان عەبدولعەزیز لە 1876دا هاتە سەر حوکم بەڵام ماوەی حوکمەکەی ئەوەندەی نەخایاند، لەسەر حوکم لادراو سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو بە سوڵتان. ساڵی 1972 کاتێك بە

بانگهێشتێکی ڕەسمی وەزارەتی ڕاگەیاندنی عیراق هاتبووە عیراق، ڕایانسپاردم کە یاوەریی بکەم. ئەو پەیامنێری گۆڤاری نوڤێل ئوبزیرڤاتوری فەرەنسی بوو.

8- کەسایەتیەکی کوردییە. ئێستا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەژی. تا ڕۆژانی نسکۆی شۆڕش ئەو نوێنەرایەتی شۆڕشی کوردی لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرد. ئێستا لە ویلایەتی کالیفورنیا لە بواری فێرکردندا کاردەکا.

14

## کۆتایی

**((احشفا وسوء الكيلة))**

له ڕۆژانی خوێندنی سەرەتایمدا لە کاتی کتێب خوێندنەوەم لە کتێبێکی دەرەوەی بەرنامەی خوێندنمدا ئەم پەندە عەرەبییە باوە ((احشفا وسوء الكيلة))م کەوتە بەرچاو. بەڵام نەمتوانی لێی تێبگەم. گەڕامەوە بۆ لای مامۆستاکەم و پەنام بۆ زانیاری بەرفراوانی ئەو برد. ئەوە بوو لە وەڵامدا پێی گوتم: ((الحشف بریتیە لە خورمای خراپ. و (الكيله) بریتییە لە بڕێکی دیاریکراو لە کێشانە. دەگێڕنەوە کە ڕۆژێك پیاوێك دەچێت خورما بکڕێ، کابرای فرۆشیار هەربەوەندەوە ناوەستێ کە هەرچی خورمای خراپ هەیە بۆی کۆبکاتەوە، بەڵکو لە کێشانەکەشیدا لەو برە کێشەی خورماکە کە هەقی کڕیارەکەیە کەمتری بۆ دەکێشێ.

کڕیارەکە هاواری نارەزایەتی لێ هەڵدەستێ:

- **أحشفا وسوء الكيلة؟**

هەرجارێك کە هەڵوێستی فیکر و قەڵەمی عەرەبیم لەبارەی دۆزی کوردستان و ئازادی کوردستان دێنایە بەرچاوی خۆم، ئەم پەندە دەهاتەوە نێو بیرەوەریم.

ژمارەیەکی گەورە لەو کتێبە عەرەبییە نوێیانەی کە چاپخانەکان بۆ نوسەرانی عەرەبی دەردەکەن لەوانەش کە لە ئەورووپا دەژین و خۆیان بە بەرەی ئۆپۆزیسۆنی فیکری و سیاسی ڕژێمی فەرمانڕەوای بەغدا دەزانن وشەی (کوردستان)ی بەسەر زماندا نایە. بەکارهێنانی ئەم ناوە جوگرافییە لە کاتێکدا کە رەوشەکە ناچاریان دەکا ئاماژە بۆ ئەم پاژەی وڵاتی عیراق بکا، زۆر سەخت دەبێ بە لایانەوە کە بەکاری بهێنن، بەڵکو بۆ ئەم پاژەی جیهان کە بەرژەوەندی دەوڵەتێکی سەرکەوتوو وای پێویست دەکرد کە بیخاتە سەر چەند پاژێکی تری عەرەبی بۆ



ئەوەی دەوڵەتی عیراقی لێ پێك بهێنێ. جا لە جیاتی ئەوە وەسفێکی تەمومژاوی (باکوری عیراق) یان (باکوری نیشتمان) بەکاردەبەن و پەنا بۆ ئەوە دەبەن خۆیان لە هەڵوێستێکی تەنگانە دەرباز بکەن. و کاتێك رەوشێك ناچاریان دەکا گوزارەی ((ئەوەی کە بە کوردستانی گەورە ناوی دەبەن)) یان ((خەونی کوردەکان بە کوردستانی گەورە)) و هێندێك جاریش بە گاڵتەپێکردنێکی زۆرەوە.

کەچی ئەم گاڵتەپێکردنەش لێیان جیادەبێتەوە و هیچ ناڕەحەتییەکیش لەوەدا نابینن کە ناوی تازەی ئیتنۆگرافی دابنێن کە ئەمڕۆ لە میدیاکانی ڕاگەیاندن و کتێبەکانەوە بە دەردەکەوێ و لەسەر نەخشە نوێکانی جیهان دەردەکەوێ وەکو چیچنیا (بلاد الچچن) و بۆسنیا هرزگوڤینا (البوسنه و الهرسك) و کوسوڤا (الالبان اليوغسلافی) ناوی ئەو دەوڵەت و نیشتیمانانەش کە لەم ماوەی چل ساڵەی دوایی ئەم سەدەیەدا لە ئەفریقاوە تا دەگاتە باشوری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا و تا باکوری ئوستراليا, زۆربەشیان لەناوی هۆزێکەوە وەرگیراوە کە لەوێدا سەری هەڵداوە، یاخود لە جێگەیەکی بچوك کە پێی ناسراوە، یان سیفەتێك کە بە خەڵکەکەیەوە نوساوە کە هیچ دێرینییەکی مێژوویی و خەسڵەتێکی ئیتنی بەرزی نییە کە شانازی پێوە بکا.

**بەڵام کوردستان گەورە بێت یان بچوك دەمێنێ هەروەکو کە هەبووە، هیچ زریانگەلێکی سیاسی ناتوانێ زەفەری پێببات، و لە بەرامبەر دەوران دەوری زەمانە و گەردووندا هەروا لوت بەرز دەمێنێتەوە و بەری خۆر بە بێژنگ ناگیرێ!**

ئەو نوسەرانەی کە ئێمە مەبەستمانە، دەیانبینی چ بە پەلە و بە هەڵەداوان پێشبڕکێیانە لە دوور و نزیکەوە داوای مافەکانی گەلانی ئازاردراو و چەوساوە بکەن.

کەچی هاتنە گۆ خیانەتییان لێدەکا و زمانیان بە گەروویانەوە دەنوسێ کە کاتێك ویژدان لێیان دەخوازێ قسە لەبارەی چارەنووسی گەلی کورد و ئازاد بوونی کوردستان بکەن. ئەوە هیچ لەوە، واز لە دۆزی فەلەستین و گەلی فەلەستین هەر بێنە. بە جەرگێکی سوتاوەوە بەرگریی لە مافەکانی ئەفریقییە رەشەکانی ئەمریکا، کۆرییەکانی یابان، تیبتییەکانی چین و ئەلبانەکانی یوگۆسلاڤیا و

باسك لە ئیسپانیا دەکەن و پڕ بە دەنگی خۆیان هاواردەکەن کە دەبێ مافی بڕیاردانی چارەنووسی ئەم گەلانە ڕێزی بگیرێ ئەمەش بۆ بەڵگە لەسەر ((پێشکەوتنخوزییان)) و پابەندبوونی ئەدەبییان بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و دادپەروەری. دەبینین کاتێك بیست کەسی چینی لە گۆڕەپانی (تیان مین) لە پەکین دەکوژرێ یان کە پێنج کەس لە بەرگریکاران لە مافەکانی زۆرینە لە باشوری ئەفریقا دەکوژرێ، دنیا ژێرەوەژوو دەکەن. لە کاتێکدا هەزاران کەس لە قوربانیانی گازی ژەهراوی و کوشتنی بە کۆمەڵی ئۆپەراسیونە سەربازییە بەدناوەکان، یان مەینەتی سەدان هەزار کەس کە هێرشەکانی ساڵی 1991-1992ی سەدام ئاوارەی کردن  و لە وێڵگەکانی چیاکاندا کەوتنە ژێر چینەکانی بەفرەوە، هیچ کامێکیان بە تاکە شێوەنێك یان سەرکۆنەکردنی ئەنجامدەرانیشی[1] دەنگی هەڵنەهاتەوە.

ئەگەر بێتوو ئەوانە وای دابنێن کە کوردستانی عیراق پاژێکە لە نیشتیمانی عەرەبی کە ئەمەش هەروەکو پێشوتر باسم کرد سووربوونێکی گێلانەی خۆبەزل زانانی عروبییەکانە ئایا بێدەنگ بوون لە بەرامبەر ئەو قەسابخانە خیانەت کردن نییە بە هەقی عروبە؟

کوردستان کاتێك پاژێکە لە نیشتیمانی عەرەبی کە گەلەکەی دەنگی بەرز دەکاتەوە و داوای مافە سیاسییەکانی خۆی دەکا، بەڵام کاتێك ئەگەر پێویست بێ داکۆکی لێ بکرێ، یان ئەگەر بە دەستێکی عەرەبی دەست درێژی کرایە سەر و دەربەدەکراو قەڵاچۆکرا، ئەوا پاژێك لەو نییە یان پاژێکی نامۆیە!!

**لە نێو هەموو پەیامنێرانی بیانی و ئەو نوسەرانەدا کە بە هەڵەداوان گەیشتنە پیگەکانی تراژیدیای گەورە و ناوەندی ئەو ڕووداوانەی کە ویژدانی جیهانیان هەژاند، یەك نوسەری عەرەبمان نەدی کە بە بیریدا بێت بچێتە پاڵ شەپۆلی ئەو خاوەن قەڵەمانە تا بۆ ڕۆڵەکانی ((نیشتمانی گەورەی عەرەبی)) راڤە بکا کە ((برایانی ئەوان)) یان ((دراوسێی مێژوویی)) ئەوان چییان بەسەر هاتووە، کەچی ئەوان هەمیشە ئامادەن ئاماژە بە ((برایەتی کورد و عەرەب)) بکەن!**



نایەتەوە بیرم، کە من بەشێوەی جیدی بە دوواداچوونم هەیە، کۆنگرەیەکی سیاسی کوردی حزبێك لە حیزبەکانی یان کۆبوونەوەیەکی کە سیمایەکی نەتەوەیی-سیاسی هەبێ بێ ئاماژەکردن بە مەینەتیی فەلەستین یاخود بێ ئاگابووبێ لە خەباتی گەلی فەلەستین تێپەڕیبێ و هەروەها بەشداریی ویژدانیی کوردی لەو مەینەتییەدا دەربڕیوە. بەڵام من تاکە سەرکردەیەکی فەلەستینی یان پێشەوایەکی فەلەستینیم نەدیوە بەخێر و چاکی باسی خەباتی گەلی کورد بکا و هیوای سەرکەوتن بۆ پێشەوا و سەرکردایەتییەکەی لەم خەباتەدا بخوازێ بەڵکو هێندێکیان هەلەکە دەقۆزێتەوە کە سەرکۆنەکردن و جنێودان ڕابگەیەنێ هەروەکو کە دەمارپەرستانی عروبە دوژمنایەتی دیموکراسی و ئازادی دەیکەن یاخود بۆ ڕەزامەندی دڵی فەرمانڕەوایانی بەغدا و کەسانیتر لە پێشەوایانی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان دابەشکردووە.

هەروەها دەنگی سوکایەتی و قسەی ناشیرینیان بۆ تۆمەتی خیانەت و بەکرێگراویی و شتی لەم جۆرە وەسفانە کە ئەوانە زۆر بەباشی لێی دەزانن، دەگوت کاتێك کە ڕۆژنامەکان یان دەنگوباسەکان وا بڵاودەکرانەوە کە سەرکردایەتی کورد هاوکاری ئیسرائیل دەکا. ئەمە لە کاتێکدا کە پێشەوایانی عەرەب خۆیان، و لەپێش هەموویانەوە پاڵەوانی خەباتی فەلەستینی لەگەڵ یەکەمین ئاماژەی ڕەزامەندیدا پێشبڕکێیانە بەرەو لای ئیسرائیل. و سەرۆکی کۆچکردووی وڵاتێکی عەرەبی لەبەردەم تەرمی داگیرکەری ئورشەلیم و دابەشکەری کەرتی ڕۆژئاوادا، فرمێسك هەڵدەوەڕێنێ و بە جوانترین و لێهاتووترین ڕەوانبێژییەك کە لە گوزارشتی زمانی عەرەبیدا هەیە، ماتەمینی ڕادەگەیەنێ.

* * * * * * * * * *

## احشفا وسوء الكيلة؟

نوسەرانی عەرەب بە خوگێل کردنیان خۆیان دەخەنە نێو کێشەیەکی ئاوێتەوە، جیهانی ئەمڕۆ ئیتر پارچەیەکی دابڕاو نییە کە ئۆقیانوس و بیابانەکان و بەربەستی چیاکان لە یەکتریان جیابکاتەوە. ئەو درێژبوونەوە شارستانێتییەی کە هۆیەکانی گەیاندنی سەر زەوی و هەوایی و ئەتمۆسفێریی فەراهەمی کردووە سەرەرای تێك ئالّقانی ئابوری ئالۆز لە نێوان دەوڵەتان و وڵاتاندا بە تەواوی ئەو بەربەستە سروشتییانەی تواندۆتەوە و بە تەواوی لە ناوی بردووە. هەر لەو حاڵەتەدا ئیتر دەرەتانی ئەوە نەماوە ئەوەی کە لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا ڕوودەدات لەوە دابڕێت کە ئەمڕۆ لە جیهاندا بەرێوەدەچێ.

بەڵێ. تا رابردوویەکی نێزیك خاکی کوردستان کۆمەڵە ناوچەیەك بوو کە زەحمەت بوو پەیوەندی بە یەکترییەوە بکەن و بە سەختی نەبوایە چوونە ناوی دەرەتانی نەبوو. لە سەردەمێکی زۆر دووردا پاژێك بوولە ئیمپراتۆریەتی ئاشوری و پاش ئەویش بووە خاڵی یەکانگیریی نێوان هەردوو شارستانێتی فارسی و یۆنانی و پاشان رۆمانی. لەسەر ئەم خاکە شەڕی گەرم و توندوتیژ لە نێوان ئەم دوو زەبەلاحەدا روویدا. لە ئاکامی ئەمەدا بەشی رۆژئاوای کەوتە ژێر کاریگەری هەردوو شارستانێتی گریگ و رۆمانیای بێزەنتی. لە کاتێکدا بەشی رۆژهەڵاتی پاژێك بوو لە هەردوو ئیمپراتۆریای ئێرانی فارسی و ساسانی. ململانێی ئەم دوو ئمپراتۆریەتە بووە هۆی کارلێك کردنێکی قووڵ و سەرتاپایی لە کوردستان. مەبەستمان ململانێی فیکری و کۆمەڵایەتی شارستانێتی. لەم ململانێیی و ئەم دەست و ئەو دەست کردنەدا یەك رەنگی چارەنووس و نەتەوەیی لێ وەبەرهات.

ئەوەی کە ئەم توانەوەیە و یەك رەنگییەی زیاتر قوڵ کردەوە ئەوەیە کە کوردستان یەکەمین پارچە خاك بوو کە مەسیحییەت جێ پێی خۆی تێدا دۆزییەوە هەروەکو دەریچەی پێشەوەی ئاینی ئیسلام بوو بەرەو رۆژهەڵات. و لە میانی ئەمەدا لەسەر خاکی  کوردستاندا ئەم پێکەوە ژیانی ئایینی و عەقیدەییە ئاشتیانەیە هاتەدی کە لە مێژووی گەلان و ئاینەکاندا وێنەی کەم هەبووە.



پاش ئەوەی مەسیحییەت لەهەر چوار گۆشەی کوردستاندا جێگیر بوو، زۆری نەبرد بوو بە ناوەندی تیشکدانەوەیەکی درەوشەداری فیکری بۆ رۆژهەڵات و رۆژئاوا. بۆ یەکەم جار لە جیهاندا یەکەمین دوو زانکۆی جیهانی لەسەر خاکی کوردستاندا دامەزرا کە زانکۆی رەها (ئورفە) و زانکۆی (نسێبین) بوون کە لە سەدەی چواردەیەم و پازدەیەمدا دامەزران و دەرچووانی خۆیان دەنارده ئەو پەڕی گۆشەی دنیای ئەو سەردەمە. هەڵکەوتووەکانیان (تەعالیمەکان)ی خۆیان تا هیند و چین لە رۆژهەڵات، و ئیسپانیا و وڵاتی بەربەر لە ئەفریقا بڵاوکردەوە، هیچ ئینسکلوپیدیایەکی زانستی نێو دەوڵەتی یان کتێبێکی مێژووی گشتی نییە کە ئاماژەی بۆ ئەو بەرهەمانە نەکردبێ کە زانایان و فەیلەسوفان و ئەدیبانی ئەم سەرزەوینە لە جیهانی فیکر و پێشکەوتنی شارستانێتیدا هێناویانەتە بەرهەم. لەوانە مارئەفرام و مارنرسای و مارئەفراهات کە نازناوی حەکیمی فارسی بوو، و مار ماروسا ئەسقەفی میافارقین[2] و پێش ئەوانیش فەیلەسوف بەردیسان خاوەنی (شرائع البلدان) هەروەها زۆری دیکە لە مەلافنەکانی سریان کە دەستنوسی گرانبەهایان بۆ بەجێ هێشتووین کەرەفەی کتێبخانەکانی فاتیکان و لەندەن و پاریس و بەرلینی پڕکردووە[3]. چیاکانی ئاشور هەزاران هەزار (رەهبان و نەساك)ی تێدا بوون کە ئێستاش پەرستگاکانیان لەگەڵ ئەم زەمانەدا دەستەویەخەن و لە قەدپاڵی چیاکانی کوردستاندا هەڵکەنراون و شایەتی بۆ خواپەرستی و خۆپارێزی و سەرگەرمییان بە زانستەکانی فەلسەفە و لاهوت و تەبیعیات چ لە نووسین و چ لە وەرگێڕاندا، دەدەن. ژمارەیان گەیشتبووە رادەیەکی ئەوتۆ کە فەرمانڕەوایانی خۆجێیی ناچاربوون بۆ ئیمپراتۆری قوستەنتەنیە بنوسن و داوای لێبکەن کە ((رادەیەك بۆ زیادبوونی نەساکەکان لە دەشتی ئاشور دابنێ))[4].

زمانی ئارامی هەستا بە هەموو ئەم ئەرکانە و بەخوێندنەوەی هەموو ئەو نوسراوانەی کە دانەرەکان و توێژەرە نیشتیمانییەکان و بیانییەکان لە پێشوو و لە چاخەکانی دواییدا نوسیویانە و ئیتر کارێکی پەسند نییە کە ئێمە ئیقرار نەکەین

که زۆرینەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەسیحی بوون و لەگەڵ مەجوسانی ئاگرپەرست دا که هەروەکو مار ئیسشوعیابی سێیەمی حەدیابی لەو چیرۆکەدا باسی دەکا که لەبارەی ژیانی ئیشوع سبران[5] ی شەهید لە سەدەی حەوتەمدا دایناوە که ڕووداوەکانی لە حەرای نزیك هەولێر بەڕێوەچووە و لە کەرخ سلوخ (کەرکوك) کۆتایی هاتووە. بەڵام بەشی ڕۆژئاوای کوردستان ئەوا دەتوانین بە هەموو پێداگرییەکەوە تەئکید بکەینەوە که مەسیحی بوون و هەروەها دەتوانین بڵێین که ئەوانەی ئەمڕۆ که لە کوردستانی تورکیا و سوریا و عیراق بە کرمانج ناودەبرێن مەسیحی بوون و ڕەچەڵەك و پاشەواری ئەو قەومە کورد و سریانی و ئەرمەنی و یەهودییانەن و تائەم چاخانەی دوایش، پێش ئەوەی بچنە ناو ئیسلام، لەسەر ئاینی مەسیحی بوون. ئەو گوندە ئاشورییانەش کە هەروەکو دورگەی بچوك بچوك ماون تەنیا پاشماوەی ئەوانن و شارستانێتی و مێژوو و نەریت و کەلەپوری کۆمەڵایەتی خۆیان که لە بیست و سێ سەدە لە مێژووی نوسراوە تێدەپەڕێ، پاراستووە. کاتێك ئیسلام هاتە ناو کوردستانەوە، زۆربەیان وردە وردە بە درێژایی نەوەکان گوند بە دوای گوند و کۆمەڵگا بە دوای کۆمەڵگادا چوونە سەر ئەم ئاینییە نوێیە. جا ئەوە بوو هەروەکو چۆن ئیسلام سریانەکانی لە ناوچە عەرەبییەکانی وەکو سوریا و لوبنان و باشوری عیراق بە عەرەب کرد، هەروەها هەموو ئەوانەی چوونە سەر ئاینی ئیسلام، کرد بە کورد و لەمبارەیەشەوە نموونەی زیندوومان هەیە که لە سەدەیەك یان دوو سەدە بەو لاوەترەوە ناچێ[6]. کۆتایی سەدەی ڕابردوو یەکێك لە گەورەترین ئەم فراوان بوونانە بوو بەرەو ڕۆژئاوا و ئەوە بوو دەیان گوند لە ناوچەکانی هەکاری و سعرەد و شرناخ و بۆتان و ماردین و ئامەد و نسێبین و تورعابدین بوونە کورد. زۆربەی هەرە زۆری مەسحییە ئاشورییەکان و کلدانییەکان و سریانییەکان و ئەرمەن و یەهود کە ئێستا لە شارە گەورەکانی عیراق دەژین بەدرێژایی نەوەکان لە کوردستانەوە بەرەو ئەوێ هەڵکەنراون. ئەم کۆچە بە کۆمەڵیانە لەماوەی کەمتر لە پەنجا ساڵدا چەند بارەبۆتەوە و کۆمەڵی مەسیحی کوردستانی کە لە یەك ملیون کەس کەمترنین لە کوردستانەوە کۆچیان کردووە و زۆربەیان لە بەغدا دەژین و هێندێکیشیان بەرە و



ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا بە دوای ڕزق و ژیانێکی ئازاد و سەرفرازدا کۆچیان کرد و کەس و کار و نیشتمانی خۆیان بەجێهێشتووە. هەروەها کەمێك لە ڕێژەی زۆری سریان و ئەرمەن کە ئێستا لە حەڵەب و دیمەشق و بەیروت دەژین لە کوردستانی ڕۆژئاوا پەرتەوازە و ئاوارە بوون: لە شارەکانی ئامەد و ماردین و نسێبین و بەتایبەتی ئورفەوە، هەڵکەنران. واتە سەرەتای ئەم چەرخە شەپۆلی ئاوارە بوونێکی گەورەی بەرەو باشور بەخۆوە بینی و ئەم ئاوارە بووانە تایبەتمەندێتی کوردستانی خۆیان لە دەستدا و بوونە عەرەب. سەردەمی عوسمانی یارمەتییەکی زۆری بەرفراوان بوونی بەرینایی کوردستانی بەرەو باشور و ڕۆژئاوادا، بەڵام هاتنە ناوەوەی فەرەنسا و بەریتانیا بۆ نێو گۆڕەپانی فراوان بوونی سیاسی و ئابوری ئەم بەرینایییەی تا ڕادەیەکی زۆر کورت کردەوە، ئەمەش لە ڕێگای پێکهێنانی ئەم دەوڵەتانەی ئەمڕۆ و دابەشکردنی خاکی کوردستان لە نێوانیاندا چونکە ئەم دەوڵەتانە دەستیان کرد بەعەرەباندن و فارساندن و تورکاندن و سەپاندنی زمان و کولتوری خۆیان بەسەر ناوچە کوردییەکاندا (و ئەگەر ئەو ئاوارە بوونە بە کۆمەڵە نەبوایە ئێستا دانیشتوانی کوردستان دوو ئەوەندەی ئێستا دەبوو) بەم جۆرە کوردستان لە بەنرخترین شت واڵابوو کە ماوەی چەندین سەدە بوو لێی بەهرەمەند بوو کە ئەویش توخمی بەشەریی و تێکەڵاویی شارستانێتی نێوان ئەم نەتەوانە بوو. با ئەو نوسینە تەماشا بکەین کە مارکو پاولو لە کاتی تێپەڕبوونی لە نیوەی دووەمی سەدەی سێزدەیەم بەو ناوچەیەدا نوسیوویەتی کە وەسفی ویلایەتی موسڵ دەکا کە ئەو کاتە مەغول حوکمی کردووە: ((لە چیاکانی ئەو وڵاتەدا نەتەوەیەك دەژین پێیان دەڵێن کورد کە نەستوری و یەعقوبین و هێندێکیان مسوڵمانن و پەیڕەوی محەمەدن. ئەوان ئازا و تیرهاوێژی تازیارن بەڵام سەر بە گێچەڵن و پەلامار و هێرش دەبەنەسەر کاروانی بازرگانان. و لە پاڵ ئەمەشدا، ویلایەتێکی تر هەیە کە پێی دەگوترێ موش و ماردین کە بڕێکی گەورە لۆکەی لێ دەچێنرێ و سەنعەتی ئاوریشم و کەتان و سەنعەتێگەلی زۆری تری لێیە... هەروەها پیشگەر و بازرگانی زۆری لێیە....))[7]

بەڵام ئەو زمانەی کە لە کوردستاندا باو بووە ئەوا بە روانینی من، و با بڵێین بەپێی تیوری تایبەتی من لە رووی دەربڕینەوە دوو جۆر بووە واقیعی و تەجریدی. زمانی کوردی لە جۆری یەکەمیانە. زمانی کوردی هەتا زەمەنێکی نزیکیش زمانی لادێ بووە. زمانی کوردی زمانێکی واقیعییە مرۆڤ دەتوانێ بەو زمانە گوزارشت لە پێداویستییەکانی رۆژانەی خۆی پێبکا و زیاتر نا، گەلی کورد رۆژێک لە رۆژان گرنگی بە کارێک نەداوە کە لە دەرەوەی کاروبارە پێداویستییەکانی رۆژانەی خۆی بووبێ هەڵبەتە بە ئاوارتەی کە تەریقەتە سۆفییەکان لە کەلەپوری فیکری ئاینی و مەزهەبی بەجێیان هێشتووە و ئەوانەش کە هەڵکەوتوانی کورد و بیرمەندانی دایان ناوە زۆربەی بە زمانی عەرەبی بووە و جاروبارێکیش لەسەر ئاستێکی بەرتەسک بە زمانی تورکی و فارسی بووە. بەهەر حاڵ ئەمە هەرچۆنێك بێ لەسەر ئاستی نەتەوەیی نەبووە. بەڵام ئێستا پاش سەدەیەك لە بڵاوبوونەوەی هۆشیاری و کولتور ئێستا ئیتر ئەمە لە تواناداا نەماوە کە هەر تەنیا زمانێك بەو واقیعییەتە بەرتەسکەیەوە هەبێ و پێداویستی روناکبیری کورد وای دەخوازی کە زاراوەی فیکریی هەڵبهێنجێت و بەم کارەش ئەو تەوقەی بەسەریدا سەپابوو تێکشاو هێشتا تا رۆژگاری ئێستاشمان ئەم بازنەی بەرفراوان بوونە هەروا لە فراوانبووندایە و ئەمڕۆ روناکبیری کوردی دەتوانێ بە زمانی خۆی وەکو هەموو زمانە بەرفراوانەکانی کە خاوەنی وشە و زاراوەی زۆرن، گوزارشت لە هەموو شتێك بکات. فرە زاری زمانی کوردیش نابێ بە بەربەست دابنرێ بەڵکو بە روانینی من سەرچاوەی دەوڵەمەندی زمانی کوردییە و ئاسۆکانی بەرفراوان دەکا ئەگەر بێتوو ئارەزوویەکی راستەقینە هەبێ بۆ هەڵبژاردنی باشەکانی و پاڵاوتنی لە خڵتە و خاڵ.

بەکارهێنانی زاری سۆرانی لە مامەڵەی کولتوری و سیاسیدا تەنیا کارێکی کاتییە چونکە من وای دەبینم کە قوڵایی و دوارۆژی دۆزی کورد لەوانەش زمان و



کولتور لە کوردستانی تورکیایە، جا کە ((زلهێزی خەوتوو)) هەروەکو دەڵێن لە خەو راپەڕی، ئەوا بە جۆرێکی حەتمی کاروبارەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ.

* * * * * * * * * *

بارزانی بۆ ماوەی زیاتر لە چل ساڵ سەرکردەی گەلی کوردستان بوو لە شۆڕشی هاوچەرخدا و کادیرانی ئەوتۆی پێگەیاند کە بتوانن بەرپرسیارێتی درێژەپێدانی خەباتی ئەو هەڵبگرن. کەلەپوری بارزانی لە پلەی یەکەمدا لەسەر بابەتی بوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو شتێکدا، و پێداویستی هەقیقەت و پیادەکردنی دادپەرەوەری و دوورکەوتنەوە لە زوڵم تەنانەت ئەگەر زاڵم لە کەس و کار و لە نزیکەکانی خۆشی بێت، دامەزراوە. ئەو، وای لە کورد کرد کە ریزی ئەو کەلەپورە بگرن و بیوگرافیای ژیانی بارزانی وایلێهات بوو بە سەرمەشق بۆ پەیڕەوی لێکردن. بارزانی دەیان هەزار تێکۆشەری پێگەیاند و وایلێهات هەر یەکێکیان لە رووی پەروەردەوە بارزانییەك بێت. سەرکردایەتی ئێستای هەموو حیزبە کوردستانییەکان لەسەر شانی بەرینی بارزانی راوەستاوە و هیچ کامێکیان ناتوانێ بڵێ رۆژێك لە رۆژان قوتابی بارزانی نەبووم[8].

* * * * * * * * * *

خوێنەری خۆشەویست: ئەمە هەموو ئەو شتانە بوو لە بیروەریمدا یان لە لاپەڕەکانی بیرەوەرییەکانمدا مابوون لە بارەی ئەو رۆژانەی لە کەش و هەوا و ناخی شۆڕشی مەزنی کورد (1961-1975)دا بەسەرم بردووە. من لە وەختێکی درەنگدا لە کاتێکدا لەو پەڕی شکۆمەندی و لوتکەی بەهێزیدا بوو پێڕاگەیشتم و لەگەڵیدا مامەوە تا ئەوەبوو وەکو شێری بریندار بەبرینی غەدر و نکۆڵیکردن و بەرژەوەندی تایبەتی و پێشهاتە لە ناکاوەکانی سیاسەتی نێو دەوڵەتی و ململانێی ناوخۆیی و ترسنۆکی و گەندەڵبوونی ویژدانەکان، بەلاداهات.

ئەم بیرەوەرییانە، هەروەکو دەیبینی، تەنیا تاقیکردنەوەی کەسێتی خۆمە و کۆششێکی بچوك و بەشدارییەکە لە رووداوە ناسەرەکی و لاوەکییەکان و کاریگەرییەکیان لەسەر ریرەوی شۆڕش نەبوو.

هەروەها بەوە ناناسرێ کە کارێکی پاڵەوانبازی لە سنوور بەدەربێ یان داستانێکی وابێ کە شایانی چوونە نێو تۆماری رووداوەکانی شۆڕش بێت. بەڵکو بە واتایەکی تر، هەروەکو پێویستە ئاواش وەربگیرێ، نموونە گەلێکن لە کۆمەڵە کۆششێك کە لە بچوکی و گەورەییدا لە یەکتری جیاوازن، کە نموونەیان لە لای دەیان و بگرە سەدان رووناکبیری لاوکۆبۆتەوە لەوانەی کە بە شۆڕشەوە پەیوەست بوون و چارەنووسی خۆیان لە قۆناغێکی زەمەنیدا بە شۆڕش و بەسەرکردە پێشڕەوەکەی و هەڵگری مەشخەڵەکەی مەلا مستەفا بارزانی و جەنگاوەرە ئازا و دڵسۆزەکانی لەوانەی کە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بەستۆتەوە. ئەگەر لەم بیرەوەرییانەدا شتێکی تێدابێ کە خوێنەر سوپاسم بکا، ئەوا تەنیا بریتییە لەوە کە من بە جۆرێك بە ئەرکی خۆم و بەو راسپاردەیە کە پێم سپێردراوە هەستاوم کە لە سەرکۆنەکردنی ویژدان دوورم بخاتەوە و مایەی رەزامەندی دەروونم بێت.

ئەم بیرەوەرییانە هەروەکو سێبەر لەگەڵمدا بوون، و لەو کاتەشدا کە لە وڵاتی غەریبایەتی بووم بۆ ساتێك چییە لێم جیا نەدەبوونەوە، لە دەمی بنەجێبووندا بوایە یان لە دەمی گواستنەوە و سەفەردا بوایە، لە نێو جەرگەی ئازارەکانی بێبەشی و خۆشگوزەرانیدا، یان لە کاتەکانی خەوتن و خەوبینینمدا یان خەونەکانی هۆشیاریمدا هەرگیز وازیان لێ نەدەهێنام. وایان لێهاتبوو لە هەموو هاتن و چوون و هەستان و دانیشتنێکمدا وەکو گرێیەکی دەروونی هەراسانکەر لە بیرمدا بوون و دەبوایە خۆم لە تەوقەکانی رزگاربکەم، هەروەکو کە زانایانی دەرونزانی بۆ چارەسەرکردن وەسفی دەکەن، و بێتە بەرچاوی خەڵك و کەسانی تریش بەشداری تێدا بکەن. ئەوە بوو هەروەکو کە ئێستا دەیبینی دەستم کرد بەنوسینەوەیان، ئەمەش بەهاندانی کەسانێك بوو کە لەمبارەیەوە چاکەیان لە بیرناکەم و لەوانەی کە خۆپارێزیی لە هێنانی ناوەکەیان لەم بۆنەیەدا دەکەن.



پاش ئەوەی لە نوسینەوەیان تەواو بووم، هێشتا هەر هەستێکی تەمومژاویم لە لامابوو کە شتێکم لە بیرچووە. بیروڕاو بۆچوونی زۆر هەبوون کە لەگەڵ ئەم بیروەریانەدا مێشکیان سەرقاڵ دەکردم کە جێگەیەکی گونجاویان لە نێو بیرەوەرییەکاندا نەدەدیتەوە کە لە میانی ئەو رووداوانەدا پاساوی نوسینەوەی خۆیان بدەنەوە. ئەم هەستە هەروا لەگەڵمدا مایەوە تا بۆ نوسینەوەی ئەم کۆتاییە ئامادەبووم. ئەم بیروبۆچوونانە ئەلێرە لەم بەشەی پێشەوەی کۆتاییەکەدا نوسیومەکە هەر وەکو بەشی کۆتایی وایە. لەو باوەڕەدام بەم کارە رێسایەکی گشتیم لە بنەماکانی کۆتایی پێکهێنانی هەر کتێبێکدا پێشێل کردووە.

خۆزگە ئەم کۆمەڵە بیرەوەرییانە هاندەرێك بن بۆ کەسانی تری لە بابەتی من کە لەگەڵ شۆڕشدا بوون و ئیمانیان بە دادپەرەوەریی خەباتی رۆڵەکانی کوردستان هێنا هەمان رێچکەی من بگرنەبەر بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکان و لەم نەوە نوێنەی تێکۆشەرانی نەشارنەوە کە ئێستا کار بۆ تەواوکردنی ئەو کارە دەکەن کە سەرکردە دەستی پێکرد. ئەو سەرکردەیەی کە جێگەی شانازیم بوو و تا دوایی رژدم لەسەر کەلەپوری و لەسەر رێبازی ئەو دەڕۆم بێ ئەوەی گومانێك —وەکو هێندێك کەس- لە بەرامبەر دڵسۆزیی ئەو بۆ گەلەکەی، بەدڵمدا راببورێ، هیوای گەورەم ئەوەیە کە خوێنەرانی ئەم بیروەرییانە، لە ریزی ئەوانەدا حسابم بۆ بکەن کە قورئانی پیرۆز بەم ئایەتە جوانە باسیان دەکا:

**(من المؤمنين رجال صدقوا ماعاهدوا الله عليه، فمنهم من قضى نحبه و منهم من ينتظر و ما بدلوا تبديلا)**

**یونان هورمز**

**تولیدو. ئوهایو. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

## پەراوێزەکان

1- بڕوانە گۆڤاری (الوسط) هەردوو ژمارەی 350، 351 توێژینـەوەی کـریس کوچـیرا. وتـاری یەکەم بە ناوی (وقائع الحصار المتميز و التهجير) و وتاری دووەمیان (شعب مـشرد ينتهـي في مدن الصفيح).

2- بنەڕەتی وشەکە میافارقین. ئەم وشەیە لە کتێبە مێژووییە عەرەبییەکانیش هـەر ئاوایـە و بە مانای جێـی لێـك جیابوونـەوەی ئاوەکـان. شـارێکی کوردییـە دەکەوێتـە ناوەڕاسـتی سێگۆشەی بتلیس و سعرەد و دیاربەکر لەباکوری باتمان لەسەر رێگای گشتی. ناوەکەی بۆ (سـلیڤان)ی تـورکی تـورکێنراوە. ئـەمڕۆ کوردەکـان پێـی دەڵـێن فـارقین. هـەروەکو لـە ناوەکەیەوە دیارە جێی لێکجیابوونەوەکانی رووبارەکانە کە رووباری دیجلەی لێ پێکـدێت. ناوی لە زۆر لە گۆرانییە کوردییەکاندا دێ.

3- لەمەڕ دانانی ئەو مەلافنانەوە —بڕوانە کتێبـی (أدب اللغـة الارامیـة) طبعـة بـيروت سـنة 1970 نوسینی باوکە ئەلبیرابونا.

4- لەبارەی زیاد بوونی ژمارەی نەساکان لە دەشتی ئاشور، بڕوانـە کتێبـی: تـأريخ الكنيـسە المصور بقلم ادوراد رايس.

5- بڕوانە کتێبی (ادب اللغة الارامية)ی باوکە ئەلبیرابونا. طبعة بيروت سـنة 1970. الـصفحة 282. دەقی سریانی ئەم کتێبە لە لایەن رۆژهەڵاتناس باوکە جان شابو بڵاوکراوەتەوە. من هەستام بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی. کاتێك دەستنوسەکەم دا بە بـەرێز نـاپلیون بشی، ئامادەی چاپ بوو بۆ ئەوەی لە رۆژنامەی المشرق لە دیترویـت لـە ئـەمریکا بـڵاوی بکاتەوە، بەڵام کورژانی بەرێز بشی لـە هەلومـەرجێکی نادیـاردا بـووە هۆکـاری ئـەوەی دەستنووسەکە لە چاپخانەکەی ئەودا وون ببێ. حەیف و مخابن.



6- ناوچەکانی هەکاری، بۆتان، جزیرە، ماردین، ئامەد و تورعابدین تا ساڵی 1915 پڕ لە گونـدی ئاشوری بوو. بەڵام رووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهـانی و چەوسـانەوەی ئـەوان لـە لایـەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بە (فرمانی گەورە) بووە هۆی دەربەدەربوونی زۆربەی ئەم گوندانە بەرەو کوردستانی عیراق، تا ئەو کاتە قورسایی کڵێسای رۆژهەڵات بە هەردوو باڵەکەیەوە لە گونـد و شارەکانی کوردستانی تورکیا بوو. دوایین شەپۆلی دەربەدەربوونی ئاشوری لەو ناوچانەدا لـە کۆتایی هەشتاکاندا لە کاتێکدا کە دوا گوندی ئاشوری کەوتە بـەر هێرشـی راگـوێزانی زۆرە ملێ، بەرێوەچوو. ئەو گوندانەش: هسانا، بێـسین، هربـول لـە ناوچـەی بۆتـان، ئـەرتوان لـە ناوچەی سعرەد، دیران و جنت و برنجی لە ویلایـەتی شـرناخ. لەوانەشـە گونـدی گەزنـەخ لـە ویلایەتی هەکاری دوایین گوند بێت کە بە هۆی شـەڕی نێـوان حکومـەتی تورکیـا و حیزبـی کرێکارانی تورکیاوە لە کۆتایی هەشتاکاندا، راگوێزراوە. و زۆربەی زۆریـشیان بـۆ ئـەورووپای رۆژئاوا کۆچیان کرد. بڕوانە گۆڤاری (نداء کردسـتان) ژمـارە 22 سویـسرا. هـەروەها بڕوانـە گۆڤاری (الدراسات الاكاديمية الاشورية. مقال بقلم برنو بوازات).

7- مارکو پولو: وصف العالم. الفصل 26 أعداد و تقديم لويس همبيس مكتبـة كلناسـك — بـاريس 1956.

8- بگەڕێوە بۆ کتێبی (مـؤتمر الـذكرى التـسعين لمـيلاد البـارزاني —الطبعـة الاولـي- مطبعـة خەبات کردستان. للمؤلفين ممتاز الحيدري و نژاد عزيـز سـورمي. هـەروەها بڕوانـە کتێبـی (البارزاني و الحركة التحررية الكردية بـجزئيه لمؤلفـه الـسيد مـسعود البـارزاني —الطبعـة الثانية 1997- مطبعة كاوا — المانيا).

**بەپشتیوانی خوای گەورە تەواو بوو**

## بەشێك لە كتێبە چاپكراوەكانی دەزگای موكریانی

1- دادگای نێودەوڵەتی تاوانكاری ، ن: د. مورشید احمد و احمد غازی ، و: ئاسۆ كەریم
2- كۆمەڵناسی گشتی ، ن: مەنوچێهر موحسنی و: موسلح ئیروانی
3- خۆ بە كۆیلە كردن ئاتین دولابوتی ، و: رێبوار سیوەیلی – مراد حەكیم
4- مێژووی هزری سیاسی لە رۆژئاوا(بەرگی دووەم)،ن: د.كمال پۆلادی، و: ئازاد وەڵەدبەگی– سیروان زەندی
5- مێژووی هزری سیاسی لەرۆژئاوا(بەرگی سێیەم) ، ن: د.كمال پۆلادی،و:ئازاد وەڵەدبەگی– سیروان زەندی
6- گەشتە دوورەكەم لە پێناوی ئازادیدا ، ن: ماندێلا ، و: شێرزاد هەینی
7- هونەر و ژیانی كۆمەڵایەتی بلیخانۆف ، و: حەمە كەریم عارف
8- ژن ، ن: رێواس جاف
9- ئەدەبی منداڵانی كورد ، ن: ناهیدە احمد
10- بەڵێنەكانی لیبرالیزمی عەرەبی ، ن: تارا كۆفمان ، و: بێوار عەبدولرەحمان
11- بارودۆخی سیاسی كوردستان (1880-1946) ، ن: موجتەبا بورزوویی ، و: نازەنین مەلا محمد
12- دیاردەی گەندەڵی ، ن: د. ناسر عوبێد ، و: سەلاح شاكەلی
13- دنیای راستەقینەی دیموكراسی ، ن: س.ب.مەكفێرسۆن ، و: اسماعیل زادە
14- رۆژێك لە تەمەنی ئیڤان دنیسۆڤیچ ، ن: سۆلژنیستین ، و: سلێمان دڵسۆز
15- كاتژمێری شووم ، ن: گارسیا ماركیز ، و: ئەسكەندەر محمود
16- شۆرش و بزووتنەوە كۆمەڵایەتییەكان ، ن: ئەنتۆنی گیدنز ، و: هیوا حاجی
17- كانت نموونەیەك لە ژیان و كارە فكرییەكانی ، ن: عیماد عەبدولسەلام ، و: پەژارە عەبدولحەمید
18- رووپێوێكی جیۆپۆلەتیكی كوردستان ، ن: یۆرگین لاسۆ- یسپەر ئایدم ، و: ئاسۆس محمد مەلا قادر
19- ژن لە سەر تەختی دەسەلات ، ن: مەحموود تلووعی ، و: ئەبوبەكر مەجیدی
20- فەرهەنگی هەرمان (بەرگی یەكەم) ، ن: عەلی نانەوازادە



21- فەرهەنگی هەرمان (بەرگی دووەم) ، ن: عەلی نانەوازادە
22- بنەماكانی فەلسەفەی شیكردنەوەی مەنتیقی ، ن: د.حەمید عەزیز
23- منداڵی ئاخر زەمان ، ن: عزیز نەسین ، و: غەریب پشدەری
24- كوردەكانی ئەستەمبوڵی كۆن ، ن: رۆهات ئەلاكۆم ،و: ئەحمەد تاقانە
25- سنووری كوردستان ، ن: عەبدوڵلا غەفوور
26- تاگوور و ویژدانی مرۆیی ، ن: رامین جەهانبەگلۆ ، و: یادگار حەمە غەریب
27- فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە جیهانی عەرەبدا ، ن: ریچارد هرایەر دكمەجیان ، و: ئاسۆ كەریم
28- مێژووی فەلسەفە ، ن: هیگڵ ، و: عرفان مستەفا
29- ژیان كورتە(نامەیەك بۆ ئاگۆستینی قەدیس) ، ن: یۆستین گۆردەر ، و: رێبوار سیوەیلی
30- لێكۆڵینەوەكانی پێش مێژوو لە كوردستانی عێراقدا ، ن: رووبەرت جێی برید وود ، و: ئاسۆس محمد مەلا قادر
31- سەرەتایەك بۆ تێگەیشتنی هونەری شێوەكاری ، ن: حسن سلێمان ، و: نەژاد عزیز سورمێ
32- رێگاوبان ، ن: نیكۆلای خاتیۆف ، و: نەژاد عزیز سۆرمێ
33- جوگرافیای كوردستان ، ن: د. عەبدوڵلا غەفور
34- دەروازەكانی كۆمەڵناسی ، ن: مەنوچێهر موحسنی ، و: كۆمەڵێك وەرگێر
35- مێژوویی هزری عەرەبیی ئیسلامی ، ن: محەمەد ئاركۆن ، و: نەریمان تالیب
36- گوڵبژێرێك لە چیرۆكەكانی سادقی هیدایەت سادقی هیدایەت ، و: عەلی نانەوازادە
37- چەند وێستگەیەكی ئەدەبی و فیكری ، و: ئازاد بەرزنجی
38- خواوەند و پاڵەوانەكانی گریكلاند ، ن: ئیریك ئێریكسۆن ، و: تەها ئەمین هەڵەدنی
39- حەكیمانە ، ن: پاولۆ كۆیلیۆ ، و: یوسف محەمەد/كارا فاتیح
40- یەكەمین سەرچاوەكانی هونەری مۆدێرن ، ن: هـ. و. جەنسن ، و: سەیوان سەعیدیان
41- چەند دۆكیۆمێنتێكی نێودەوڵەتی لەبارەی مافەكانی مرۆڤەوە ، و: قادر وریا
42- دیجلەی هزرم ، ن: د. مارف خەزنەدار
43- ئایین و دەوڵەت و پیادەكردنی شەریعەت ، ن: د. محەمەد عابد جابری ، و: فوئاد سدیق

44- فەلسەفەی ئەخلاقی و کۆمەلایەتی ئوگوستین ، ن: د. عەلی زەیعور ، و: سنوور عەبدوللا

45- گۆرستانی غەریبان ، ن: ئیبراهیمی یونسی ، و: غەریب پشدەری

46- فیهی ما فیهی ، ن: مەولەوی ، و: عەلی نانەوازادە

47- گولستان ، ن: سەعدی ، و: عەلی نانەوازادە

48- ئایدیای قانوون ، ن: دنیس لوید ، و: ئاسۆ کەریم و...

49- مرۆڤ و ئایینەکان ، ن: میشێل مالرێب ، و: هیوا مەلا عەلی سوورەدێیی

50- پەروەردەو پێگەیاندنی مندالْ ، ن: ئا. مکارنکۆ ، و: مستەفا غەفور

51- القبائل الکوردیە ، ن: ویلیام ایغلتون ، و: د. احمد محمود خلیل

52- گەڕیان ل دیف بەتەوەرێ ، ن: لورد ئاوویبۆری ، و: جگەرسۆز پێندرۆیی

53- تەنگژەکانی تیرۆریزم ، ن: کۆمەلێك نووسەر ، و: هێمن غەنی و مەروان کاکل

54- دوا وەسوەسەی کریست ، ن: کازانتزاکی ، و: کەریم دەشتی

55- گوتاری تیرۆریزم ، ن: کۆمەلێك نووسەر ، و: کۆمەلێك وەرگێڕ

56- ژان ، ن: مارگارێت دوراس ، و: رەسولْ سولتانی

57- تیرۆریزم وەك تاوانێکی رێکخراو ، ن: گاری پوتەر/ مایکلْ لیمەن ، و: ئەبوبەکر مەجیدی

58- چەند لایەنێکی واتاسازی ، ن: کوروش سەفەوی ، و: دلێر سادق کانەبی

59- هەموو هەڤیانە ، ن: مەنۆچەهری کەریم ، و: زادە غەریب پشدەری

60- کاتێ نیچە گریا ، ن: ئیرڤین دی یالوم ، و: دلشاد هیوا

28- ژانی ژینگە ، ن: سەدرەدین نورەدین

29- عاشقانە ، ن: پاولۆ کۆیلۆ ، و: کارا فاتیح / یوسف محمد

61- کۆمەلگای کراوە و دوژمنەکانی (بەرگی یەکەم) ، ن: کارل پوپەر، و: ئیدریس شێخ شەرەفی

62- کۆمەلگای کراوە و دوژمنەکانی (بەرگی دووەم) ، ن: کارل پوپەر ، و: ئیدریس شێخ شەرەفی

63- میسیۆ برایم و گولەکانی ناو قورعانەکەی ، ن: ئیریك ئیمانوئیل شمیت ، و: سەلاح گادانی

64- خطوة علي الطریق الي البیت الکوردي الکبیر د. حسین بدیوی



65- آلیة العلاقة بین المعارضة والسلطة في الاسلام د. کاوە محمود شاکر

66- جمالیات الطبیعة في کردستان العراق د. محمد عارف

67- کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن، هەژار عزیز سورمێ

68- پرۆدۆن جۆرج گۆرڤیچ، ئارام ئەمین

69- مینۆرسکی و کورد، ئەنوەری سولتانی

70- کورد و سەلجوقییەکان، د. نیشتمان بەشیر ئیدریس عەبدوللا

71- لەدەولەتی دەسەلاتەوە تا دەولەتی عەقلْ، کەمال پولادی، و: سیروان زەندی

72- ئیبن خەلدون وکۆمەلناسی مۆدێرن زیرەك رەحمان و سنور عبداللە

73- ئەو ئایدیایانەی دەستیان بەسەرجیهاندا گرت، و: گۆران سەباح

74- کورد لەئەرشیفی روسیاو سۆڤیەتدا، د. ئەفراسیاو هەورامی

75- قوتابخانە ئەدبییەکان، ن: رەزا سەید حوسێنی، و: حەمەکەریم عارف

76- عاریفانە، ن: پاولۆ کۆیلۆ و: گارا فاتح

77- زمان، هزرو کولتور چەند نووسەرێك، و: رەحیم سورخی

78- توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی، ن: راجێر وێبستەر، و: عەبدولخاق یەعقوبی

79- ماکیاڤیللی و بیری رێنسانس، ن: رامین جەهانبەگلو، و: موسلح ئیروانی

80- راپەڕینی کوردان، ن: پ.م.ا.حەسرەتیان، و: جەلال دەباغ

81- جێگای بەتالی سلووچ، ن: مەحمود دەولەت ئابادی، و: ئەمین گەردی گلانی

82- سەرکەوتنی بێ سنوور بە 20 رۆژ، ن: ئانتونی رابینز، و: هاموون

83- واتاسازی، کلۆد جێرمان، و: د. یوسف شەریف سەعید

84- - رێبازە ئەدەبییەکان، ن: د. هیمددادی حوسێن

85- زمان، وەرگێڕان، پێوەندییە کولتوورییەکان، ن: حسین وثوقی، و: اسماعیل زارعی

86- رابەی رۆژنامەنووس لە جیهانی سێیەمدا، ن: ئەلبێرت ل. هستر و وای لان ج. تو، و: حەسەن عەبولکەریم

87- سیاسەت وحکومەت لەئەوروپا، احمد نقیب زادە، و: علی مێهرپەروەر

88- سەرهەلدان و بەردەوامی حزبەسیاسیەکان لە ئەوروپا، ن: حوجەتوللا ئەیوبی، و: ئازاد وەلەدبەگی

89- پێشەوای رابوون، هاشم سەلیمی، و: رەسوولْ سولتانی

90- نهێنی سەرکەوتن لە بازارەکانی کاردا، ن: کیهان نیا، و: ئەدهەم ئەمی